# چلچرا

بیرەوەری



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چلچرا

## بیرەوەری

نووسینی:

**مەهاباد قەرەداغی**



ناو کتێب: چلچرا - بیرەوەری
نووسینی: مەهاباد قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٥١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقیبیان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد حەمید
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٧٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

بەهای مرۆڤ لەو ڕاستییەدا نییە کە دەیزانێ، یان وا دەزانێ کە دەیزانێ، بەڵکە لەو هەوڵە دڵسۆزانەدایە کە بۆ گەیشتن بەڕاستی دەیدا..

فیساگۆرس

ئەو مرۆڤەی کە پێی وایە ژیانی خۆی و هاوشێوەکانی هیچ مانایەکی نییە، تەنها بێ ئومێد نییە، بەڵکە کەسێکە لە هەمبەر ژیاندا تووشی جۆرێک لە پەککەوتەیی بووە.

ئەلبێرت ئەنیشتاین

کە من لە شەڕدا بم لەگەڵ خۆم، لە کوێ دەتوانم ئاشتی بدۆزمەوە.

ڕاسین

# پێشەکی

بیرەوەریمان پڕە لە هەزاران هەزار کەرتە وێنەی دڕاوی ڕووداو و ساتەژیانی سادە و ئاڵۆز. بڕێکیان بەجۆرێ پەرت و بڵاو بوونەتەوە و ون بوون کە نە بۆ خۆمان و نە بۆ کەسی تر دەدۆزرێنەوە، ئەوانی تریشیان هێند تێکچڕژاو و گەچراون کە پێکەوەنانەوەیان زۆر ئاسان نییە، بەڵام پێویستیشە پێکەوە بنرێنەوە بۆ ئەوەی وێنەیەک لە ناسنامەی خۆمانمان پیشان بدەن، کە جگە لە خۆمان بەنەوەکانی داهاتوومان پێویستن، کە لە سەرەتای بنیاتنانی ناسنامەی خۆیانن و دەتوانن لەم ئەزموونانەی ئێمە وانە وەربگرن.

کە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم نووسییەوە تەنها ساڵێکی ژیانم ڕەچاو کردبوو کە لە نێوان چواردە و پانزە ساڵیم بوو، ناوم نا (ساڵێک لە دۆزەخ) چونکە لەو ساڵەدا دۆزەخم بەچاوەکانی خۆم دی. ئەو ساڵە لە جوگرافیای جیاواز جیاوازدا بووم، بەڵام لە هەر یەکێکیاندا نومایشێکی دیمەنەکانی دۆزەخ هەر هەبوو، چونکە جێگاکان جودابوون لە جێگای ئاسایی و جوگرافیای سروشتی، شوێنەکان زیندان بوون. ئەگەرچی لەو بەشەدا جاروبار سەرێکم بەڕابردووی ژیاندا کردبوو، هەندێ جاریش تیشکێکم خستبووە سەر هەندێ ڕۆژ و ڕووداوی داهاتووی ئەو ساڵە، بەڵام چڕبوونەوەی بیرم لەو کتێبەدا، زیاتر لەسەر ئەو ساڵەی زیندانم بوو، چونکە ئەوەندە ڕووداوئامێز بوو بەقەد چەندان ساڵ قورسایی خستبووە سەر دەروونم.

بەڵام پێش ئەو ساڵە و دوای ئەو ساڵەش هەر تێکۆشاوم. لەو ساڵانەی ژیان و تێکۆشانیشدا دیسانەوە ڕووداوی گرنگ هەن بۆ گێڕانەوە دەست بدەن. خۆشی و ناخۆشی وایان تێدا بووە کە بوونەتە ئەزموون و شایانی بەسەرکردنەوەن، بەتایبەت بۆ پێداچوونەوەی ئەوان و بۆ بەخۆداچوونەوە، سوودیان بۆ خۆم هەیە. بەڵام پێم وایە بۆ کەسانی تریش سوودیان دەبێت، ڕەنگە خۆیانی تێدا ببیننەوە، یان بەراوردێکیان لا دروست بکات لە نێوان ئەزموونەکانی خۆیان و ئەمەی دەیخوێننەوە، یاخود



چاویان بەوردەکاری مێژوویەک ڕوون دەکاتەوە کە ڕەنگە پێشتر تەنها سەردێرەکانیان خوێندبێتەوە، یان جۆری تری سوود وەرگرتن کە خۆیان دەتوانن باشتر لە من پێناسەی بکەن.

پێم وایە ژیانێکی سەخت ژیاوم، بەڵام قەت پێم وا نەبووە کە نەدەبوایە وا بژیم. هەندێ ڕووداو و ڕێکەوت و دیاردە و دەرکەوتەی سەیر لە ژیانمدا هەبوون و بەردەوامن، زۆر جار لە لای خۆم سەیر بووە بۆ ئەمانە لە مندا ڕوو دەدەن، یان لە خۆمم پرسیوە ئاخۆ ئەو شتانەی من ڕێکەوتیان دەکەم کەسانی دیکەش بەهەمان شێوە ڕێکەوتیان دەکەن. زۆر درەنگتر گەیشتمە ئەو باوەڕەی ڕێکەوت و دەرکەوتەکانی ژیانی هەر مرۆڤێ پەیوەستن بەڕۆحی ئەو مرۆڤە و ئەوانن تایبەتمەندی پێ دەبەخشن و ئەو نەخشەی ژیانەی بۆ دەکێشن. منیش دەبوایە هەموو ئەوانەی دیم بدیبایە و دەبوو وا بژیم تا بتوانم لەگەڵ جۆرەکانی تری ژیاندا بەراوردی بکەم، دەبوو بڕێک وەک ئەوانی دی و بڕێکیش جیاواز لەوانی دی بژیم، تا بتوانم لەگەڵیاندا هاوسۆز و هەست بم و هاوکات تایبەتی و جیاوازیش بم. دەبوو وا بژیم و ڕێکەوتی ئەو ڕووداوانەم بکردایە کە کردمن و ئەو دەرکەوتانەم دەرک بکردایە کە کردمن، تا من خۆم بم و ئەو تایبەتمەندییانەم هەبێت کە ئێستا هەمە، کە بێ ئەو تایبەتمەندییانە ڕەنگە کەس نەمناسێتەوە، کەواتە ئەو تایبەتمەندییانە درشترین دێری ناسنامەکەمن و پێکهێنەری منن، بۆیە هەموو ئەزموونەکانی خۆمم خۆش دەوێ و لە هیچ یەکێکیان پەشیمان نیم. شادمانم کە تا ئەم ساتە چل ساڵی ژیاوم و ئەو ژیانەشم پڕ بووە لە تێکۆشان. شادمانم کە یادگاری وام هەیە شایانی باس و پێشکەشکردن بێت بەکچان و کوڕانی نەتەوە و وڵاتەکەم.

من لە چل ساڵی ژیاندا جەژنم بۆ لە دایکبوون نەگرتووە، وەلێ هەموو ساڵێ لەو کاتەدا هەستم کردووە ساڵەکانی ژیان چران ئەگەر توانای هەڵکردنی ئەو چرایانەمان هەبێت بۆ ئەوەی جگە لە خۆمان کەسانی تریش بەڕووناکی ئەوان بەهرەمەند بکەین. ئەم بیرەوەرییانەم ناو ناوە چلچرا تا بەژمارەی (چل) ساڵەکانی تەمەنم دەرببڕم و بە وشەی (چرا)ش پەیوەندی نێوان ناوی خۆم و کۆماری مەهاباد دەرببڕم، کە لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ئاڵای کوردستان هەڵکرا و لە ساڵیادی

دامەزراندنیدا منیش هاتمە نێو ژیانەوە و ناویان نام مەهاباد.

پێش و پاش خستنی ساڵی ڕووداوەکان لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکاندا بەشێکیان پەیوەندییان بەتەکنیکی نووسینی منەوە هەیە و بەشەکەی تریان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە من بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم پێشتر نووسیبوو کە ڕووداوی یەک ساڵی زیندان بوون لە نێوان ١٩٨٠–١٩٨١، چاپیش کران لە کتێبێکی سەربەخۆدا، بەشی دووەمیشیان هی هەموو ساڵەکانی ترە و پێم باش بوو ئەمجارە هەردوو بەشەکەیان پێکەوە بن. لەم کتێبەشدا هەروا پۆلێنیان دەکەم و لە سەرەتادا ساڵەکەی دۆزەخ و ئینجا ساڵەکانی دی. کەواتە ئەم کتێبە لە هەردوو بەشی بیرەوەرییەکانم پێک هاتووە و تا سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥)ە، کە لەوەودواش زۆر شتی دیکەم هەیە بۆ گوتن و ڕووداوی دیکە لە ژیانمدا ڕوویان داوە و هەژان و وروژانی وام دیوە کە نابێت نەینووسمەوە. ڕەنگە تا کۆتایی تەمەنم بەیەک کتێبی دیکە بیرەوەرییەکانی تریشم پێشکەش بکەم، بەڵام زۆر کتێبی دیکە لە بیر و بیرەوەریمەوە هەڵبقوڵێن، ڕەنگە یەک کتێبیان ناو لێ بنێم بیرەوەری و زۆر کۆدی دیکەی ژیانی خۆم لە بەرهەمی دیکەدا پەرش و بڵاو بکەمەوە، بەتایبەت لە چیرۆک و ڕۆمانەکان. لە نێو هەر بەرهەمێکمدا بەشێک لە ڕۆحی خۆم دادەنێم، تا هەموویان بەیەکەوە ببن بە ناسنامەی ژنێکی کورد.

***

**تا زەمانێ کۆت و بەندی و ئەسارەت نەبینین، هەرگیز دەرک بە وشەی ئازادی ناکەین.**

خوزە سیلوا

پەڕتووكی یەكەم

# ساڵێك لە دۆزەخ

١٩٨٠- ١٩٨١

## پێشواژەی کتێبی یەکەم

یادەوەری هەموومان سیخناخە بە ڕووداو، کارەسات، دۆخی شیرین و تاڵ، هەست و خەیاڵ، خۆشەویستی و ڕق، تووڕەیی و میهرەبانی و هەموو دیاردە بەمرۆڤەوە پەیوەندیدار و پەیوەستەکان. ژیانی هەموو کەسێک ساتگەلێکی زۆر گشتی و ساتگەلێکی زۆر تایبەتی تێدایە، ساتگەلێ کە دەکرێ و ئاسانە دەربڕینی، ساتگەلێکی تر کە ناکرێ و دەربڕینی نزیکە لە مەحاڵەوە. کۆی ئەو ساتە ئاسایی و نائاسایی، ئاسان و سەختانەن تەمەن پێک دەهێنن، ئەوان نەبن ژیان نابێتە مەکۆی تێکۆشان. ژیانی هەر مرۆڤێ بەجۆرێ لە جۆرەکان لە داستان دەچێ، ئۆسکار وایڵد واتەنی: "هەر مرۆڤێ دەتوانێ ڕۆمانێکی سێ بەرگی بنووسێت. ئەوەندەی دەوێت کە زانینێکی تەواوی لە بارەی هەردووکیان، وێژەو ژیانەوە هەبێت."

هەندێ ساتەژیانی گوزەراو هەیە نووسینەوەی دەبێتە مەحاڵ، مرۆڤ پێی سەیر دەبێ ئەگەر نووسینەوەی ئەوەندە سەخت بێت، ئەی چۆن لەو ساتەژیانەدا توانراوە تێیدا ژیان بکرێ و بگوزەرێندرێ. بۆ نموونە: چۆن دەتوانی گوزارە لە ساتی حەسرەتی زۆر قووڵ بکەی، ئەو ساتەی هێندە بیری کەسێکی ئازیزت دەکەیت خەریکە شێت دەبیت بۆ دیداری و لەو ساتەدا هێندە دوورە لێتەوە و تۆش دەستبەسەری و ناتوانی ببزوێی و بچیت بۆ لای و ڕێگە نادرێ بێت بۆ لات. تەنها ڕێگەیەک بۆ دیداری ئەو دنیای خەیاڵە، دەشزانی کە خەیاڵیش لە دنیایەکی تراویلکەیی زیاتر، چی دیکە نییە و تەنها ئۆخژنێکی کاتییە و دوای دەرچوون لە دنیای فەنتازیای خۆت دووبارە پڕ دەبیتەوە لە حەسرەت. حەسرەت و ئاخهەڵکێشان وەرناگێڕدرێن بۆ وشە، نانووسرێنەوە.

سەخت نییە قووڵایی دەریایەک، بەرزایی چیایەک، فراوانی فەزایەک بپێوی، وەلێ سەختە، زۆر سەختە کزانەوە و ژان، عەشق و وروژان، تام و چێژی ژوان بپێوی. بەکام پێوەر دەیانپێوی؟ چۆن دەتوانی لە ڕێژەی جوانیی و شیرینی ئەڤین بدوێی، ئەو



مرۆڤەی تۆ خۆشت دەوێ بەچاوی تۆ جوانترینە، لە دڵی تۆ شیرینترینە، سەرچاوەی پاکیی و پەروایی ژینە، وەلێ ڕەنگە هەر ئەو مرۆڤە پێناسەی تری هەبێ لای کەسانی دی، نە ئەوان بەچاوی تۆ دەبینن و نە تۆ بەچاوی ئەوان تەماشا دەکەی. بینایی و سۆمایی چاو پێوەری هەردوو لان، بەڵام بینینەکان جیاوازن.

ڕق، هەروەکو خۆشەویستی وەرناگێڕدرێت بۆ وشە و نانووسرێتەوە. گێڕانەوەی تووڕەیی و بێزاری ڕقەساتەکان پێوانەکردنیان ئەستەمە. چۆن دەتوانی ڕقی جەلادێک بنووسیتەوە کە لە ژووری ئەشکەنجەداندا مانایەک بۆ ژیانی تۆ و مرۆڤایەتی خۆی ناهێڵێتەوە و، پنتێکی جەستە ناهێڵێتەوە داینەپڵۆسێ. ئەی چۆن دەتوانی ڕقی خۆت بەرامبەر بەو بنووسیتەوە، لە کاتێکدا لەو ساتەدا هەست بەهیچێتی بوون و دڕندەیی مرۆڤ دەکەیت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەستەمە گوزارە لە هەمووی بکرێ، بەڵام مرۆڤ هەر هەوڵی خۆی دەدا و دەیەوێ بەشێوەیەک لە شێوازەکان ئەو ئەندێشانە و بیرەوەرییەکانی ساتەژیانە نائاسایییە بەئەزموونبووەکانی بگەیەنێتە دەوروبەری خۆی، تا ئەوانی دیش، چێژ یان ئەزموونی لێ وەربگرن. زۆر کەس، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لە کەشی گشتی کۆمەڵگەدا کار و خەباتیان کردووە، بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە و هەوڵ دەدەن وێنەیەک لەو ساتانەی کە لە یادوەری ئەواندا و بەزوومی کامیرای هەست و نەست، بیر و ژیرییان گیراون، لە شوێنێکی هیچ کەس نەدیدە پارێزراون، کەڵەکبوون و لە ئەنجامدا نەستیان پڕ کردووە لە ساتەژانی چەپاو، لە یادوەری گرژ و خاو، لە بابەتی نەورووژاو، لە شێوەی نووسینی بیرەوەریدا بدەنە دەرەوەی دیوی دەروون و چوون فیلمێکی تراژیدیای پڕ لە گرتەی کۆمیدی پیشانی بدەن و هاوکات خۆیان لەو دیمەنە چەپێنراوانە ڕزگار بکەن. دیمەنەکانی زیندان و ئەشکەنجەخانەکان بەتایبەت، گێڕانەوەیان پێویستن، چ لە ڕووی بایەخی مێژووییەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بتوانن ژیان و خەباتی نەوەکانی پێش خۆیان هەڵسەنگێنن و ببێتە ئەزموون بۆیان، چ لە ڕووی بایەخی دەروونییەوە کە ئەو مرۆڤە ئەندێشە دیوە لەو دیمەنە کاریگەرانەی دەروونی ڕزگاری دەبێت و ئارامتر دەژی. بیرەوەری دەتوانێ بەشێکی گرنگی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەش

بێت، مێژووی ژیانی ئەو کەسەی کە دەینووسێتەوە و مێژووی ئەو قۆناغ و دەوروبەرەش کە تێیدا ژیاوە، ئەگەر بتوانێ وێنەیەکی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی لەو قۆناغانەدا گرتبێت و بەدەستپاکییەوە بیانگەیەنێت. چونکە بیرەوەری باس لە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان دەکات و ئەو ژینگانەشن کە بیرەوەرینووس و کەسانی دەوروبەری تیایدا ژیاون. بۆیە گرنگە و بەرپرسیارێتی مێژووییە کە ڕووداوەکان وەکو خۆیان چۆن ڕوویان داوە وا بنووسرێن. مرۆڤ دەتوانێ هەرچی میتودێ خۆی پێی خۆش بێت هەڵیبژێرێت بۆ نووسینەوەی بیرەوەری، هەرچی واژەگەلێ پێی جوان بێت بۆ دەربڕین بەکاریان بهێنێ، وەلێ ڕاستییەکان وەکو خۆیان بەیان بکات و سڵیش لە گێڕانەوەی هیچ ڕاستییەک نەکاتەوە، هەرچەندە تاڵیش و دژواریش بێت.

من بۆ خۆم کە بیرەوەری کەسانی ترم خوێندووەتەوە بۆ هەندێ وردەکاری، نەرمە هەست و ساتە هەژان گەڕاوم تیایاندا، وردەکاری وا کە دۆخی دەروونی ئەو مرۆڤە دەربخات لە ساتە جیاوازەکانی ژیانیدا، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەروونی، گریانەکانی، پێکەنینەکانی، ئەو ساتانەی دڵتەنگە، دڵشادە، بەهیوایە، بێ ئومێدە، دەترسێ، بێباکە، ساتەکانی ڕق، خۆشەویستی، بەزەیی، فەرامۆشی و هتد. ئەمانە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا ئاسایی ڕوو دەدا، پیاو بێت یان ژن. ئەو بیرەوەرییانەی کە بەزمانی کوردی نووسراون تا ئەم ساتە پیاوان نووسیویانە و من بەدەگمەن بەرچاوم کەوتووە باس لە ساتەکانی لاوازی و گریان و هەنیسک و ترس بکەن. بەپێچەوانەوەشەوە دۆخەکانی قارەمانێتی، جەربەزەیی و بێباکی بەرجەستە پیشان دراون. بۆ من پرسیار بووە ئەم مرۆڤانە بۆچی باس لەو دۆخانە ناکەن، کە بەتایبەت پیاوانی کورد پێیاندا تێپەڕیون، ساتەکانی ترس لە ناو سەنگەردا، ساتەکانی گریان لە کاتی ئەشکەنجەدا، کاتەکانی بێ ئومێدی لە کاتی هەستکردن بەبێ دەسەڵاتی لە بەردەم دوژمناندا. لای من پرسیار بووە بۆچی پیاوان باس لە عەشق ناکەن لە ژیانی خۆیاندا، باسی ئەزموونی خۆشەویستی کە مرۆڤانەترین ئەزموونی ژیانی هەر کەسێکە، کە هیچ کەسێ نییە لە ناو ئەم دۆخانەدا ژیانی لا خۆشەویست نەبووبێ. مرۆڤ چەند ئازاش بێت، ناکرێ کە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە هیچ نەترسێ، گەر بۆ



یەک ساتیش بێ خێوی مەرگ زەفەری پێ دەبات و دەیترسێنێ، زۆر گرنگە کەسێ بیرەوەری دەنووسێتەوە باس لەو یەک چرکەیەش بکات کە ترساوە، کە گریاوە، کە تاساوە، کە بێ ئومێد ژیاوە. ئەمانە دۆخە ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤن و ئەگەر باسیان نەکات، مانای ئەوەیە ئەو دۆخانەی وەک کەموکوڕی بینیوە نەک وەک ئاسایی.

لەم گۆشەنیگایەوە کە بۆ خۆم ڕامانی دروست کردبوو لە بارەی بیرەوەرییەکانی کە خوێندبوومەوە هەستم کرد دەبێت هەوڵ بدەم لە وردەکارییە دەروونییەکانی ئەو دۆخانە بدوێم کە لە ژیانمدا بەگشتی و ئەو ساڵەی کە لە زینداندا بووم بەتایبەتی ڕوویان داوە. بۆیەکە دەستم پێ کرد، هەوڵی ئەوەم دا سات بەساتی دۆخە دەروونییەکانیش بنووسمەوە، بەگریان، ترس، تۆقین، خەم، ئازایەتی، فەرامۆشی، نائومێدی، هیوا و ڕق و خۆشەویستییەکانیشەوە. چاک بن یان خراپ، مایەی شانازی بن یان نەنگی، جوان بن یان ناشیرین، ئیدی ئەوانەن کە کەسایەتی منیان پێک هێناوە و دەبێ وەک خۆیان بیانخەمە ڕوو. هەرچییەک بووبن تەنها خۆم بەرپرسیار نیم لێیان و تەنها خۆم بڕیارم بۆیان نەداوە، من بەشێکم لە خێزانێک، کە ئەویش بەشێکە لە کۆمەڵگەیەک، کە ئەویش بەشێکە لە نەتەوەیەک، کە ئەویش بەشێکە لە جەستە و ڕۆحی گەردوون و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. کەسانی دەوروبەرم و کۆمەڵگەکەم و ژینگەکانی کە تیایدا ژیاوم کاریگەرییان هەبووە لەسەرم و کاریگەریم هەبووە لەسەریان. بۆیە زۆر ئاساییە لە لام کە بێ سڵکردنەوە باس لە دۆخە لاوازییەکانی ژیانیش بکەم، وەک چۆن شانازی بەدۆخە بەهێزەکانییەوە دەکەم.

لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، مەخابن کەسانی دەرکەوتووی نێو کەشی گشتی لە ڕابردوودا تەنها پیاوان بوون و هەموو ئەو بیرەوەرییانەی کە تا ئەمڕۆ بەکوردی نووسراون، تەنها بیرەوەری پیاوانی نووسەر، سیاسەتمەدار و ڕووناکبیر بوون. ژنی کورد، چونکە هەمیشە لە نێو کەشی تایبەتیدا بەژیانێکی داخراوی نێو ماڵ گیرۆدە کراوە، یادەوەریشی بە شتە تایبەتییەکان سیخناخ بووە. بەڵام ژنانێکیش هەن و بەتایبەتی ئێستا، کەسانی گشتین و لە بواری گشتیدا کار و خەبات دەکەن، لە گۆڕەپانی سیاسەت، وێژە، هونەر و ڕووناکبیریدا خەباتیان لە بەرچاوانە، بەڵام

هێشتا بیرەوەری ژن نەکەوتۆتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، تا بڕوانرێتە دیوەکانی ژیانی ئەویش و بزانرێ ئەمیان چلۆن بووە و چۆن دەڕوانێتە بوون، چ ئەزموونێکی هەیە و چۆن ئەزموونەکانی خۆی دەنووسێتەوە. هۆیەکی ئەوەی ژن بەگشتی کەم دەنووسێ ئەوەیە کە زمان بەدرێژایی مێژوو ئامرازێک بووە بەدەستی پیاوەوە و مافی وتن قۆرخ کراوە بۆ ئەو. زمانی کوردیش هەمان شێوە سترکتورێکی لەو جۆرەی هەیە و تەنانەت کە ژن بەکاریشی دەبات بێ ئەوەی پێ بزانێت دەکەوێتە نێو ئەو تەلبەندانەوە کە لە نێو سترکتوری زماندا دانراوە و زمانێکی باوکسالارییە. بەبڕوای من ژن کە دەنووسێت، مەرجە زمان لەو بەرگە داماڵێ کە پۆشاکی ئەو کولتوورەیە. زمانێکی بێ لایەن بەکار ببات، زمانێکی نوێی کوردی، کە خاڵی بێت لەو ئیماژانەی کە ژن وەک کۆیلە نومایش دەکات. ئەم ئامرازە گرنگ و دەگمەنە، کە زمانە و ئاراستەنومای بیرکردنەوەشە، مەرجە ژن بەبایەخەوە بەکاری ببات. ئافرەت شتی بایەخداری هەیە بۆ گوتن، سەرگوزەشتەی سەرنجڕاکێشی هەیە بۆ بیستن، بیر و فەلسەفەی تایبەتی هەیە بۆ تێڕامان و تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ گوزارەکردن لە بیرەکانی، ئیدی بۆ نەنووسێت؟ لە چی و تاکەی بترسێت؟

من وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگەکەم لە تەمەنێکی زۆر سەرەتای ژیانمەوە تێکەڵ بە کەشی گشتی بووم و بەشداری چالاکی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیم دەست پێ کرد، بەو پێیەش کە بەرهەمی فیکری خۆمم لە شێوەی کتێبی ئەدەبی وەک شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و کتێبی کۆمەڵناسی لە شێوەی لێکۆڵینەوە و کتێبی پەروەردەیی و هتد داوەتە دەرەوە، ڕەنگە شێوازی نووسین و هزری من بۆ خوێنەر تا ڕادەیەکی باش ئاشکرا بێت. بەڵام ژیانی تایبەتی من و دروست ئەو ژیانە تایبەتییەم کە بەژیانی گشتی و بەکۆمەڵگەوە پەیوەستە، ئەگەرچی لە هەندێ بەرهەممدا ڕەنگیشیان دابێتەوە، وەلێ بەشێوەیەکی ورد و وەک خۆی نەزانراوە. ڕەنگە ئەم بیرەوەرییانە بۆ ناسینی من یارمەتیدەر بن بۆ ئەو کەسانەی کە مەبەستیانە نووسەرێکی ژن بناسن و بزانن سەرەتاکانی ئەو کەسە چۆن گوزەراوە و پاشخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی چلۆن بووە.

وەک نەریتێک بیرەوەری لە تەمەنێکی هەڵکشاودا دەنووسرێتەوە و زۆربەی خاوەن



بیرەوەرییەکان شەست، حەفتا ساڵێکی ژیانیان گوزەراندووە، بەڵام من هێشتا نەگەیشتوومەتە تەمەنی چلساڵیی، پێم وایە مرۆڤ ئەگەر باسی هەبێت بۆ کردن، ڕووداوی هەبێت بۆ گێڕانەوە و پێویستی هەبێت بەدەربڕین و هەڵڕژاندنی ژانەکان، پێویست ناکات چاوەڕێی ئاخری پیریی بکات بۆ داڕشتنەوەیان. ئەی کێ دەڵێ منی کورد، منی نووسەرێکی ئازاد، منی ژنێکی دەنگدار و بزێو بوار دەدرێم پیر ببم و ئەوسا بیرەوەری بنووسمەوە. یان کێ دەڵێ ئەو ڕووداوانەی کە ئێستا لە بیرمن و زیندوون لە لام تا ئەوسا بەم وردەکارییانەوە لە بیرم دەمێننەوە و، دەتوانم وەک ئێستا دایانبڕێژم. ڕەنگە بەتیری ئەم بیرەوەرییە سێ نیشان بشکێت.

یەکەمیان: شکاندنی ئەو دیوارە ئەستوورەی کە ڕژێمی بەعس بەئەشکەنجەکانی نێو زیندان لە دەروونی مندا دروستیان کرد.

دووەمیان: شکاندنی ئەو نەریتەی کە بیرەوەری لە تافی پیریدا دەنووسرێ.

سێیەمیان: شکاندنی ڕچەی بێ دەنگی ژنان لە ئاست ژیانی تایبەتی و ژیاننامەی خۆیان، دەرگاکردنەوە بۆ ژنانی بواری گشتی کۆمەڵگە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان بێ سڵکردنەوە لە باسکردنی ئەو ساتەژیانانەی کە بەپێی دابونەریت ڕەنگە وەک نەنگ و شەرمئاوەر ژمێردرا بن، کە لە لای من جگە لە ناپاکی کردن لە نیشتیمان، ناپاکی کردن لە مرۆڤ، بێ ویژدانی، درۆ و دزی و ئەم جۆرە ئاکارانە هەموو شتەکانی دیکە ئاساین و هیچ شتێکی ئاسایی مایەی شەرم نین لە ژیانماندا و دەبێت شانازییان پێوە بکەین. بەتایبەتی خۆشەویستی و لایەنی سۆزداریمان لە ژیاندا پێویستە جێگەی شانازیمان بێت، پێچەوانەی ئەو دابونەریتە نالۆژیکییەی کە خۆشەویستی وەک نەنگ دەبینێ.

نووسینی ئەم بیرەوەرییانە دوای گینگڵدانێکی زۆر لەگەڵ ساتەژانەکانی زیندان و چەندان جار هەوڵدان بۆ دەربڕینیان، بەشی یەکەمی بەئازار و ژانێکی زۆرەوە لە دایک بوو، بەڵام ماوەیەک دوای ئەوە بەشەکانی تری بەئاسانتر و خۆڕسکانە هەڵدەڕژان و بەڕێکەوتیش ئەم شێوەیەی ئێستای گرتووە، کە تا ڕادەیەک لە ڕۆمان بچێت. نەمویست میتودێکی دیاریکراو یان قاڵبێکی بەسەردا بسەپێنم، وەک تاقگەیەک خۆی بەو شێوەیە هاژەی کرد و، ڕێچکەی گرت و وای لێ هات. وەلێ

بەهۆشیار لەوەی کە بیرەوەری تەنها لە پێناوی بیرەوەریدا نەبێت و پێویستە پەیامیشی تێدا بێت. من کچێکی لاوی کورد بووم کە لە زیندانیان نام کەواتە دەبێ لاوان، کچان و کوڕانی کورد هەست بکەن لە ناو ئەم بیرەوەرییەدا پەیامێک هەیە بۆ ئەوان. من مرۆڤێکی کوردی خاوەن پرسێکی گرنگم، پرسی کورد و کوردستان، پرسێک کە هەتا چارەسەر نەبێت ئاسوودە نابم. پەیامی من بۆ مرۆڤ بەگشتی و بۆ نەتەوەکەم چییە؟ دەکرێ ئەویش لەم بیرەوەرییانەدا بدۆزرێتەوە. من ژنێکم و خاوەنی پرسێکم بەناوی پرسی ژنەوە، ئەی پەیامی من لەم ڕووەوە بۆ ژنان بەگشتی و بۆ ژنی کورد بەتایبەتی، چییە؟ باوەڕم وابووە نابێ ئەویش فەرامۆش بکەم.

بیرەوەری زیندانم نووسیووەتەوە و مەخابن ئەشکەنجەخانەکانم وەبیر هێناوەتەوە، کە دەزانم وەک چۆن نووسینەوەی ئازار سەختە، ئاواش خوێندنەوەی دژوارە. دەمەوێ ڕاستگۆیانە باس لە ساتی گریانەکان، بێزارییەکان، ترسەکان، تۆقینەکان، ساتە دەروونییە پڕ لە هەژان و وروژانەکانیش بکەم. مرۆڤ بەوە نابێتە قارەمان کە لە بیرەوەرییەکانیدا تەنها باسی ساتە بەهێزەکانی خۆی بکات، چونکە سروشتی مرۆڤ ئاوێتەیەکە لە هەموو دیاردە هاودژەکان. مرۆڤ ئاساییە لە کاتی شەڕ و لە ژووری سێدارە و لە بەردەم جەلاددا بترسێ، ئەو ترسە گوزارە نییە لە ترسنۆکی، بەڵکە ترسێکی ئاسایی و سروشتییە، ئیدی بۆ باسی نەکەین. پێم وا نییە گریان نەنگ بێت، ئاسایی نییە کەسێک ئەشکەنجە بدرێ و نەقیژێنێت، بێزار بێت و دڵتەنگی نەنوێنێت، هەست بەنامۆیی بکات و نەگریەت، پێم وا نییە گریان نیشانەی لاوازی بێت، هێندەی ئەوەی پێویستییەکی دەروونییە، میکانیزمێکی بەرگرییە و دەبێت ڕوو بدات و هەر ڕوو دەدات، بۆ ئەوەی شێت نەبین. زۆر کەڕەت بەگریان گوزارە لەو هەستە یەکجار قووڵەم دەکەم کە زۆر بیری خۆشەویستێکم دەکەم و لەو ساتەدا مەحاڵە بیبینم، یان کە لە تاراوگەوە بیری نیشتیمان دەکەم و هەست بەبورکانێک دەکەم لە ناخەوەم هەڵایساوە. وشەکانیش جۆرێکن لە فرمێسک، من بێ پەروا دەنووسم، بەعەشقەوە دەنووسم، خۆشەویستیم بۆ ئەو پرسانەی کە بوونەتە پرنسیپی من بەم ڕۆژگارە وشەم پێ هەڵدەڕێژن و لە بۆتەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتار و لێکۆڵینەوەدا جێ دەگرن. نووسینیش جۆرێکە لە گریان، گریانێکە لە هێزەوە



هەڵدەقوڵێ و هێز دەبەخشێ. هیچ کام لەو فرمێسکانە، چ تنۆکە ئاوی چاو و چ واژە فرمێسک نیشانەی بێ دەسەڵاتی نین، ئەویان دەروون دەشواتەوە لە خەم و ئازار خاوێنی دەکاتەوە. وشەکان بەرهەڵستی دروست دەکەن و ویژدان بێدار دەکەنەوە و بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن و دەیانەوێ دادسالاری بهێننە ئاراوە.

ساڵێک لە زیندانی بەعسییەکان، کە دۆزەخیترین ساڵی ژیانم بووە کردوومەتە مەڵبەند و سەرچاوەی هەڵقووڵینی ئەم بیرەوەرییانە. ڕاستە بیرەوەری ساڵێکی نێو زیندانەکانی بەعسە، بەڵام جاروبار ژیانی منداڵی و بیرەوەرییەکانی پێش ئەو تەمەنە خۆیان خزاندۆتە نێوانەوە، چونکە پێویست بوون و پەیوەستن بەیەکترەوە. بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواویان پێک هێنابێت لە بارەی ژیانی منەوە. هەندێ جاریش، دیسانەوە پێویستی و بایەخی ئەو دۆخانەی کە لە داهاتووی ساڵی دۆزەخدا ڕوویان داوە و پەیوەندییان بە منەوە هەبووە بخزێنە نێو دێرەکانەوە.

پێم وایە بە نووسینی ئەم بیرەوەرییانە قورساییەکی زۆرم لەسەر دەروونی خۆم لابرد، ساڵانێکی دووروودرێژ لە ناخەوەم هەڵم گرتبوون و ببوونە مایەی زۆر جاری خەوزڕان و خەونەمارانەی سامناک بۆم. بەنووسینی ئەم بیرەوەرییە هەستێکی ترم لا دروست بوو، پێم وایە ئیدی بۆ هەتا هەتایە لە زیندان و کابووسەکانی ڕزگارم بوو.

***

# خەوزڕان

کاتژمێر سێ و پەنجا خولەکی بەیانییە. کاتژمێرێ زیاترە بەئاگا هاتوومەتەوە و ئەمدیو و ئەودیو دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێرە دۆزەخ نییە و ئەم شوێنەی تیا نووستووم ژوورێکی کپە، ئەم وڵاتەی تێیدام دوو سەد ساڵە لە شەڕ بەدوورە و لە بەندەرێکی ئارام دەچێ، ئەم کیشوەرەی تێیدام نیو سەدە زیاترە "لە بەڵای ناگەهان، لە زۆری زاڵمان، لە فیتنەی ئاخرزەمان، لە سەگی هار، لە موسیبەتی پیس" و هتد.. بەدوورە و دەڵێی دۆعا و نزاکانی دایکم و هەموو دایکانی کورد بۆ ئەمان "سوێدییەکان" و بۆ ئێرە "سوێد" گیرا بووە کە هێندە بەندەرێکی ئارام و هێمنە، کەچی من لەم بەندەرە ئارامەدا خەوم زڕاوە. ڕەنگە زۆر کوردی تریش ئەم ئارامییەی پێ نامۆ بێت و خەوی بزڕێت. زۆر کەسی تریش لێرەوە بیری وڵات بکات، وڵاتێ کە کراوە بەدۆزەخ، بەتابووتێکی نابووت، کەچی هەر بیری دەکەین و هەر ڕۆحمان گرێدراوە بە یادگارییە شیرینەکانییەوە.

دەیان جار دەستم داوەتە پێنووس بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دۆزەخ و دوای نووسینی چەند دێرێک، هەندێ جار چەند لاپەڕەیەکم نووسیوە ئیدی گیانم هاتووەتە لەرزین و لەبەر تەپە تەپی دڵم و بیستنی دەنگە نامۆکانی پاسەوان و جەلادەکانی دۆزەخ، نەمتوانیوە بیرەوەرییەکان تەواو بکەم و پێنووسەکەم داناوەتەوە و چووم دوو حەبی سەریەشەم قووت داوە و هەوڵی لە بیربردنەوەی ئەو ساتە سامناکانەم داوە کە لە بیرکردنیان مەحاڵە.

ئەمشەویش بەئاگا هاتووم و لە ناو ئەو ساتانەدا حاڵ گرتوومی و دیسانەوە لە دۆخێکدام حەز دەکەم بیاننووسم، هیچ نەبێت هەندێ سەرەقەڵەم و دواتر تەواویان بکەم. هەر دەبێت بیاننووسمەوە، ئەوە بڕیارە داومە و ئێستاش ئەوە بەڵێنە بەخۆم و خەڵکی دەدەم، چەند سامناکیش بن، چەند دۆزەخییش بن، دەبێت بنووسرێن، بەڵام کەی؟ ئەوەش پێویستە کاتی بێت، دڵنیام کە ساتی لەدایکبوونی هات زۆر ناخایەنێت



و ژانێکی سەخت و خەست و چڕی چەند ڕۆژێک خاڵیم دەکاتەوە لێیان. لەم ڕۆژانەدا ژانێکی سەخت و خەستی وا بوون بەسۆنگەی لە دایکبوونی ڕۆمانێک (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانێکی شیعری کە ئەویش سەرچاوەکەی دۆزەخە و ڕووداوەکانی لە کارەساتەوە هەڵدەقوڵێن، ئەنفال و عەشق و سەحرا و چاڵ. کاتی هاتبوو، ساڵانێک بوو ڕووداوەکانی لە ناو مێشکمدا دەسووڕانەوە و کە دەهاتم بیاننووسمەوە و چەند دێرێک یان چەند لاپەڕەیەکم دەنووسی و ئیدی بەجێم دەهێشت و دڵم دەکەوتە تەپە تەپ و دەچووم دوو حەبی سەرئێشەم قووت دەدا و هەوڵی لە بیربردنەوەی ڕووداوەکانیم دەدا. بەڵام کە کاتی هات ئیدی نەمتوانی خۆم لەبەر ڕێژنەی بارانی وشە و برووسکەی فلاشی گرتە و ڕووداوەکانی بگرم و لادەم. دانیشتم و یەک هەناسە نووسیمەوە. نووسینەوەی ئەو ڕۆمانە، یان ڕاستتر بڵێم ژانی لەدایکبوونی ئەو بەرهەمە دە ڕۆژی خایاند.

کاتژمێر چوار و بیست و شەش خولەکە، کە لە ناو جێگادا گینگڵی سامناکترین ساتی بیرەوەرییەکانم ئارامییان لێ بڕیم، بڕیارم دا کۆمپیوتەرەکەم هەڵکەم و یەکسەر دەست بەنووسینی ئەو دوو ساتە بکەم کە ترسناکترینیان بوون، ئەو دوو ساتە لەیەکچووەی کە کاتی لای من لەسەر پلەی سفردا وەستاند. دوو سات کە ساتەکانی تریان دەکوشت، بەتایبەت ساتە خۆشەکانی ژیانم. دەزانم هەر کە لەم دوو ساتە دەرباز بم، مەیدانی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە دەبنە سارایەکی شینپۆش و بەپیاسەیەکی سادەوە ڕێ بەڕێی ئەو کۆچە دەپێوم.

– مەهاباد قسە بکە! ئەگەر قسە نەکەی زمانت دەبڕین!

– مەهاباد قسە مەکە! ئەگەر قسە بکەی زمانت دەبڕین!

لە ماوەی ساڵێکدا ئەم دوو فەرمانەم بەسەردا درا، یەکەمیان لە ٢٧ی نیسانی ١٩٨٠ و دووەمیان لە ٢٥ی شوباتی ١٩٨١، لە یەکەمیاندا چواردە ساڵ بووم و لە دووەمیاندا پانزە ساڵ. فەرمانی یەکەم لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی شاری کفری و، دووەمیان لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی عامەی بەغدای پایتەختی دۆزەخەوە بوو. یەکەمیان کابرایەکی لاواز و ڕەنگ زەردی ئێسکگرانی نەخوێندەوار و بێ ماریفەت کە پێیان دەگوت (مفەوەز نەجیب) و بەڕێوەبەری ئەمنی شاری کفری بوو پێی گوتم و دووەمیان

کابرایەکی کەتەی ڕەش داگەڕاوی مل ئەستوور کە نەمزانی ناوی چییە و تەنها گوێم لێ بوو دەست و پێوەندەکانی پێی دەڵێن (سەییدی)، کە سەییدی ئەوان بوو، ئەو پێی گوتم. لە هەردوو جارەکەشدا تا ڕادەی ئێشی مەرگ هەستم بەقرتانی زمانی خۆم دەکرد. لە هەردوو جارەکەدا زمانیان دەرهێنام و مقەستێکی تیژیان خستە سەری و منیش هەردوو چاوی خۆم دەنووقاند و بەتەواوی هەستم بەقرتانی زمانی خۆم دەکرد.

جاری یەکەم لە کفری بوو، لە ڕۆژەکانی ئەوەڵی گرتن و زیندانی کردنم، ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردم و دەیانویست بەزۆر و بەتۆقاندن ناوی خەڵکی تر بڵێم.

– پەیوەندیت لەگەڵ خالید گەرمیانی هەیە؟

ئەودەم لە گەرمیاندا ناوی خالید گەرمیانی تۆقاندبوونی. لە ڕۆژژمێرەکەمدا کە کەوتە دەستی پیاوانی ئەمن و بەهۆی ئەو ڕۆژژمێرە و چەند شیعرێکەوە گیرام. لە ڕۆژژمێرەکەمدا ڕۆژ بەڕۆژ چالاکییەکانی پێشمەرگەم دەنووسییەوە، ڕووداوە دڵتەزێنەکان و ڕووداوە هەژێنەرەکانم دەنووسییەوە. کە لەناکاو هاتنە ژوورەوە من خەریکی دەرس خوێندن بووم و بۆ تاقیکردنەوە خۆم ئامادە دەکرد، پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم، دەبوایە دوای نیوەڕۆ ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەم. ئەو ژوورە ژووری قەیس بوو، کە برای گەورەمە. جگە لە مێز و کورسییەک و قەرەوێڵەیەکی نووستن، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی تێدا بوو. برا گەورەکەم، خۆی لە بەغدا دەیخوێند و هەفتەی جارێک بۆ ڕۆژێ یان دووان دەهاتەوە، من زۆربەی کاتم لە ژوورەکەی ئەو و لەگەڵ ئەو هەموو کتێبە بەپێزەی ئەودا بەسەر دەبرد. زۆربەی زۆریانم خوێندبووەوە، هەندێکیانم چەند جارێک خوێندبووەوە و هەندێکیشیانم هەر بەتەواوی ڕەوان کردبوو.

(نەجیب) ڕۆژژمێرەکەمی بەدەستەوە گرت و پەڕەکانی کردەوە، بەکوردی نووسرابوون و نەیدەزانی بیخوێنێتەوە، بەڵام ناوەکانی بۆ خوێندرایەوە. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئازاردا ناوی مەلا مستەفای بارزانی و لە یەکێک لە ڕۆژەکانیدا ناوی خالید گەرمیانی و وشەی قائیمقامی پیشان دام و گوتی:

– تۆ و ئەم ڕۆژژمێرە لەگەڵ خۆمان دەبەین.



دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، کەوتە پاڕانەوە و بەعەرەبییەکی شەق و شڕ کە هەر (خاتر الله) کەی ڕوون بوو، وشەیەک کە هەموو دایکێکی کورد لەبەریان بوو کە دەهاتن کوڕ و کچەکانیان ببەن. بەڵام ئەوان خاتری خوایان نەدەگرت و ئێمەیان ڕادەپێچا بەرەو ناشوێن، بەرەو جوگرافیا ونەکان، بەرەو چینەکانی ژێرەوەی زەوی بۆ ئەشکەنجەدان.

کەوتنەوە پشکنین و چەند شیعرێکیشیان دۆزییەوە، یەکێکیان بۆ شەهید سیروان تاڵەبانی بوو، ئەوانی دی بۆ کوردستان و پێشمەرگە و شۆڕش بوون. سەرەتای شاعیرێتیم بوو، هێشتا تەنها دوو شیعری کورتم بڵاو ببووەوە، هێند شادمان بووم پێیان، کە هەستم بەجۆرێک لە هەڵفڕینی شادی دەکرد. بڕوا ناکەم کچێک هەبووبێ لەو ڕۆژانەدا هێندەی من شادمان بووبێ و هەستی بەشانازی کردبێت. کە شیعرم دەنووسی زۆر بەشانازییەوە ناوی خۆمم لە ژێرەوەی دەنووسی و ئیمزایەکیشم دەکرد و مێژووی دانانی شیعرەکەشم دەنووسی. ئیدی بەڵگە لەوە باشتر چی دەبێت بۆ ئەوان کە بزانن ئەوە شیعری منە و بەو پەنجانەی من نووسراون، کەچی هەر دەشیانپرسی. یەکەمین پۆلە پرسیاریش ئەمانە بوون:

– ئەم شیعرانە هی تۆن؟

– بەڵێ.

– کەس بۆی نەنووسیوی؟

– نەخێر.

– باوکت و براکانت هانیان داوی بیاننووسی؟

– نەخێر، ئەوان هەر ئاگاشیان لێ نییە.

– مامت هانی داوی بینووسی؟

– نەخێر.

– خالید گەرمیانی دەناسی؟

– نەخێر.

– ئەی بۆ لە ناو ڕۆژژمێرەکەدا ناویت نووسیوە؟

– نایناسم، هەر ناویم بیستووە، هەموو کەس ناوی ئەویان بیستووە. من بەتایبەتی نایناسم، وەک ئەو خەڵکە دەیناسم.

– ئەو خەڵکە چۆن دەیناسن؟

– ...

– تۆ چۆن دەیناسی؟

– ...

– بێ دەنگی دادت نادات، تۆ لە شوێنێ نیت بێ دەنگی فایدەیەکی هەبێت بۆت، قسە بکەی باشترە، قسەکانت بکە و بەدەستی خۆمان دەتبەینەوە بۆ ماڵتان.

گیانم دەلەرزی، ئەویش هەر پەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەمی هەڵدەدایەوە و پرسیاری دەکرد و بەتەوسەوە تەماشای دەکرد، کوڕێکی کەتەی زلی بانگ کرد و پێی گوت ئەمانەم بۆ بخوێنەرەوە و تەرجەمەی کە بۆم. (نەجات)ی ناو بوو، ئەو لاپەڕانەی کە بۆی دەستنیشان کردبوو خوێندیەوە و دەیکردە عەرەبی بۆی.

(ئەمڕۆ ساڵڕۆژی یەکەمی کۆچی دوایی پێشەوای کورد مەلا مستەفای بارزانییە...)، (ئەمڕۆ خالید گەرمیانی و پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان چالاکییەکی بێ وێنەیان ئەنجام دا، لە بۆسەیەکدا کوڕی قائیمقام و چەند کەسێکی تری سەر بە حیزبی بەعسی فاشیستیان دەستگیر کردووە.) (ئەمڕۆ لەیلای خوشکم کراسێکی بۆ دووریم)...

بەکارهێنانی ڕۆژژمێر ئەودەم هێندە باو نەبوو، من حەزم لە بەکارهێنانی دەکرد بۆ تۆمارکردنی هەندێ ڕووداو کە ڕەنگبێ لە زەینماندا نەمێننەوە. دووەم ساڵ بوو لە ژیانمدا ڕۆژژمێر بەکار بهێنم، ڕووداوە سیاسییەکان و ڕووداوە تایبەتییەکانی خۆمم تێیاندا دەنووسییەوە. خودی ئەو ڕۆژژمێرەش دیاری هاوڕێیەکم بوو پێشکەشی کردبووم ناوی تاریق بوو، باوکیشی عەزیزی ناو بوو. ئەو هاوڕێیە لە ئاکامدا فریای خۆی کەوت و ناوەکەی خۆی گۆڕی بە خەبات. خەبات عەزیز ئێستا ڕۆژنامەوانە و لە ئیتالیا دەژی و لە ڕۆژنامەیەکی ئیتالیدا کار دەکات.

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٩ کە لە ڕادیۆکانی جیهانەوە هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی



چزایە گوێی کورد، باوکم بەدیار ڕادیۆکەوە گریا و لەگەڵ ئەویشدا هەموومان گریاین. ئەو شەوە لە ماڵەکەماندا دەتگوت پرسەیە، بەڵام بۆ بەیانی بینیم لە ناو بازاڕ و کۆڵان و شەقامەکاندا بەگشتی دەتگوت پرسەیە. بێ ئەوەی تەگبیرێ کرابێت، خەڵک هەموو لە خۆیەوە بەرگی ڕەشیان پۆشیبوو. پۆلی سێی ناوەندی بووم، قوتابییەکان بەکوڕ و کچەوە ڕەشیان پۆشیبوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پۆل بەپۆل دەگەڕا و هەڕەشەی کرد کە سبەینێ هەرکەسێ بەجلی ڕەشەوە بێتە قوتابخانە دەری دەکات. ئەم ڕووداوەم لە ڕۆژژمێرەکەم تۆمار کرد، ساڵی دوای ئەوەش لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانی نەمردا لە ڕۆژژمێرەکەم ئەو یادەم تۆمار کرد و هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕانەشم بۆی نووسی.

ڕەنگە بۆ ئێستا کەسێ پێی سەیر بێت چۆن کەسێ هاوکات سۆزی بۆ بارزانی نەمر دەردەبڕێ و هۆنراوەشی بۆ سیروان تاڵەبانی کە شەهیدێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو دەنووسی! ئەمە ئەوسا سەیر نەبوو، چونکە کوردایەتی ئامانج بوو، پارتایەتی ئامرازێ بوو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. لە ماڵی ئێمەشدا بەو کوردایەتییە گۆش کرابووین و گرنگ ئەو ئامانجە پیرۆزە بوو خەباتی بۆ بکرێت، بۆیە بۆ باوکیشم هەر وا بوو، ئێمەشی وا گۆش کرد. خۆشەویستی منیش بۆ بارزانی لە منداڵییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەودەم کە هێشتا هەر نەمدەزانی سیاسەت چییە، دەمبینی جاروبار شەوانی درەنگ باوکم دەرگاکان تەواو دادەخات و تابلۆیەک، کە دیمەنێکی سروشتی بوو، وەک تابلۆیەکی پیرۆز لە لایەن باوکمەوە ئاماژەی پێ دەدرا، لە ماڵماندا هەڵواسرابوو، جار نا جار، لە نیوەشەودا، کە دنیا خامۆش و بێ دەنگ دەبوو، هەموو دەرگاکانی دەرەوە و ناوەوەی خڕ کلیل دەدا و تابلۆکەی دەهێنایە خوارەوە، هێدی هێدی و وەک ئەوەی دەست بۆ لاپەڕەیەکی پیرۆز ببات چوارچێوەکەی دەکردەوە، لە پشت تابلۆی دیمەنە سروشتییەکەوە وێنەی پیاوێکی دەردەهێنا کە تەمەنی هەر لە نێوان بیست و پێنج تا سیی ساڵێک دەبوو لەو وێنەیەدا، قاتێ جلی سەوزی ئەوروپییانەی پۆشیبوو، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو. زۆر بەتامەزرۆیی و خۆشییەوە تەماشای وێنەکەی دەکرد و پیشانی ئێمەی دەدا و دەیگوت ئەمە مەلا مستەفای بارزانییە. ئێمەش وەک ئەو خۆشییەک دەزایە دڵمانەوە،

پرشنگێکیش دەزایە چاوانمانەوە، کە هەموومان تەماشامان دەکرد، دووبارە دەیخستەوە پشتی دیمەنە سروشتییەکە و قایمی دەکردەوە و هەڵیدەواسی. من نەمدەزانی مەسەلە چییە، توانای هۆشیاریم هەر ئەوەندە دەیتوانی دەرک بکات کە ئەو پیاوەی لە وێنەکەدایە پیاوێکی گرنگە و ڕزگارکاری کوردە، بۆیە باوکم خۆشی دەوێ و مامم خۆشی دەوێ و خەڵکی تریش هەر وا باسی دەکەن و بەوەشدا کە بەچرپە چرپ ناویان دەهێنا و باسیان دەکرد دەمتوانی لێکی بدەمەوە کە ئەو پیاوە گرنگیش و قەدەغەشە.

هێشتا هەر قوتابی سەرەتایی بووم، چواری سەرەتایی بووم، کە برا گەورەکەم لەناکاو دیار نەما، پیاوانی دراوسێمان لەناکاو دیار نەدەمان، هەندێ خزم و دراوسێ هەر بەخێزانی دیار نەدەمان و گوێم لێ دەبوو دایکم و ژنانی گەڕەک بەچرپە قسە دەکەن و دەڵێن فڵان کەس چووەتە "ژوور".

لە کفری ژوور هاوواتای وشەی شۆڕش بوو. برا گەورەکەشم (قەیس) کە ئەودەم تەمەنی هەر سێزدە ساڵ بوو لەگەڵ زۆربەی هاوەڵەکانی قوتابخانەی چووبوونە "ژوور". مامم (عەبدوڵڵا)ش هەر لە ژوور بوو. تا دەهات شار چۆڵتر دەبوو، لادێ پڕتر دەبوو، تا دەهات دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و قوتابی و پیشەکارەکان دەچوونە ڕیزی شۆڕش. شۆڕش تا دەهات گەورە دەبوو، گەورەتر و گەورەتر، بەڵام لەناکاو کارەساتێکی گەورە ڕووی دا، گەورە بەقەد گەورەیی شۆڕشەکە. ئەو دیمەنەش بۆ من دیمەنێکی لە یاد نەچووە. یادێکی زیندوو، تاڵ و پڕ لە جەخارە. خەڵکی کفری لەمبەر و لەوبەری شەقامە گشتییەکە ڕاوەستابوون، نزیک گومرگی کفری، چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسوکارە پێشمەرگەکانیان بوون لە "ژوور"ەوە بێنەوە بۆ خوارەوە. زۆرم پێ سەیر بوو کە خەڵک بەهاتنەوەی کەسوکاریان دڵشاد نەبوون. هەر ئۆتۆمبیل بوو دەگەیشتەوە و چەند کەسێک دادەبەزی، ئەوانەی دادەبەزین چەکیان پێ نەبوو، چەکەکانیان دابووەوە و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە. کە دادەبەزین کەسوکاریان بەگریانەوە بەرەوپیریان دەچوون، هەموو کەسێک دەگریا. دەمزانی کارەساتێکی زۆر گەورە ڕووی داوە، بەڵام بەتەواوی بۆم ڕوون نەبوو چییە. هەر ئەو ئێوارەیە ئۆتۆمبیلێک ڕاوەستا و برا گەورەکەی منیشی تێدا بوو. ڕانک و چۆخەیەکی خاکی



تۆزاوی لەبەر بوو، قژی درێژ بووبووەوە، خەمبار و دڵشکاو دیار بوو، دایکم و ئێمە بەرەوپیری چووین و باوەشمان بەیەکتردا کرد و گەڕاینەوە ماڵەوە.

شەوێ خزم و دۆست و دراوسێکان هاتن بۆ سەردانی و دوای گەڕانەوەی ئەوان تەنها خۆمان ماینەوە. باوکم دەستی بەپرسیارکردن کرد لە کاکم و ئەویش وەڵامی دەدایەوە. من گوێم لەو گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامانەی ئەوان دەگرت. چەند جارێک پێیان گوتم بچم بخەوم، بەڵام من نەڕۆیشتم و چووبوومە نێوان باوکم و کاکمەوە. زۆرم پێ خۆش بوو کاکم گوتی قەیناکە با نەخەوێ و بانگی کردمە لای خۆی و دەستی لە ملم کرد و گوتی: زۆر بیری مەهابادم دەکرد، بەتایبەتی کە لە شاری مەهاباد بووم زۆر بیریم دەکرد.

کە باسی تواندنەوەی شۆڕش، ڕێکەوتنامەی شوومی ئەلجەزائیر و زیندەبەچاڵبوونی خەونەکانی کوردیان دەکرد، هەستم بەخەمێکی یەکجار قووڵ دەکرد لە دەروونیاندا هەڵدەقوڵا. بەڵام یەک پرسیاری باوکم و وەڵامەکەی لە لایەن کاکمەوە هیوایەکی نوێی لە نێوانیاندا ڕسکان. باوکم لە کۆتایی گفتوگۆکەدا پرسی:

– تۆ پێت وایە جارێکی تر دوای ئەم شکستییە گەورەیە، شۆڕش هەڵبگیرسێتەوە؟

– بەدڵنیاییەوە، من پێم وایە ساڵێ دوو ساڵی تر نابات شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە.

وێنەیەکی بچکۆلەی بارزانی کە لە نێو میدالیایەکدا بوو لە گیرفانی دەری هێنا و دای بە من. وێنەی بارزانی لە ساڵانی دوای ئەوە قەدەغەترین ماتریال بوو لە لای بەعسییەکان. من ئەو میدالیایەم هەر مابوو، لە قوتابخانەش پێم بوو، بەڵام جگە لە ڕووناک جەمال، کە هاوڕێیەکی یەکجار زۆر خۆشەویستم بوو، نەمدەهێشت کەسی تر وێنەکە ببینێت. تا ئەو دەمەی زیندان کرام وێنەکە هەر لە لام بوو، بەڵام باش بوو وێنەکەیان پێ نەگرتم و لە ناو گیرفانی کراسێکی ناو دۆڵابەکەمدا دامنابوو. لە زینداندا، لەسەر ئەو چەند دێرەی کە لە ساڵیادی کۆچی بارزانیدا نووسیبووم لێکۆڵینەوەیان دەکرد و "نەجیب" دەیپرسی:

– مەلا مستەفات خۆش دەوێت؟

– ...

– خالید گەرمیانیت خۆش دەوێت؟

– ....

– بێ دەنگی نیشانەی ڕازیبوونە، مانای ئەوەیە خۆشیانت دەوێ.

– ...

– لەیلای خوشکت هانت دەدات ئەم شتانە بنووسیت؟

– نەخێر.

– ئەی ئەوە نییە ناویت نووسیوە.

– ئەو کراسی بۆم دووریوە، ئەو ئاگاشی لێ نییە من ئەم شتەم نووسیوە.

دەرگایان کردەوە و زیندانییەکی ئەشکەنجەدراویان هێنایە ژوورەوە، سەر و گوێلاکی ئاوسا بوو، لەبەر پەڵەی سوور و شین خەریک بوو نەیناسمەوە، هەفتەیەک بوو نەمدیبوو، هەفتەیەک بوو ئەشکەنجەیان دەدا. ئەو تەنها دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، شانزە ساڵ بوو.

– ئەم کوڕە دەناسیت؟

– بەڵێ ئەی چۆن نایناسم ئەمە سەلاحی برامە.

– ئەگەر بێ دەنگ بیت و قسە نەکەی وەک ئەوت لێ دەکەین.

ئەویان لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرم دانیشاند، سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە چاوەکانی بز بز تەماشای دەوروبەری دەکرد و دەتگوت نە بای دیوە و نە باران. (نەجیب) جگەرەیەکی بۆ داگیرساند و دایە دەستی و فەرمانی بەسەردا دا کە بیکێشێت. جگەرەکەی بەدەستەوە گرت و دەستی بەکێشانی کرد. (نەجیب) پێی گوت:

– بە خوشکەکەت بڵێ با قسە بکات.

– قسەی چی بکات؟

– با ددانی پێدا بنێت کە لەگەڵ موخەڕبین هاوکاری دەکات و لە تەنزیمدایە. لەگەڵ خالید گەرمیانی پەیوەندی هەیە.

– باوەڕ ناکەم.



– من تۆم هێناوە ڕازی بکەیت قسە بکات، نەمهێناوی ڕای خۆت دەربڕی. پێی بڵێ با ددانی پێدا بنێت.

سەلاح هیچی نەگوت و تەنها تەماشایەکی کردم. لە بزێوی چاوەکانییەوە هەستم کرد ورەی نەڕووخاوە و لە تەماشاکەشی وا تێگەیشتم کە هانم دەدا ورەم نەڕووخێت. ئەویان بردەوە، بەڵام دیتنی ئەو بۆ من زۆر باش بوو، ئەگەرچی بەسەروچاوی هەڵامساو و پەڵەی شین و مۆرەوە دیم، بەڵام چاوەکانی دڵنیایان کردمەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت کەواتە ئەشکەنجە زۆر گرنگ نییە، ئەوەتا براکەم دوای هەفتەیەک ئەشکەنجەدان، هەر باکیشی نییە. بەڵام جیاوازییەک هەبوو لە نێوان من و ئەودا، ئەو کوڕێکی ئەوەندە بزێو و لاسار بوو بەدار و بەردا هەڵدەگژا و تا ئەو کاتە لەبەر لاسارییەکەی دەیان جار بەدەستی باوکم لێدانی خواردبوو، بەڵام من تا ئەو کاتە باوکم نە لێی دابووم، نەش لە گوڵی کاڵتری پێ گوتبووم. تەنها یەک دوو جار لە قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستا کە لێدانی گشتی دەکرد و هەموومان دەبوایە دار بخۆین، منیش بەردەکەوتم، دەنا بەتایبەتی مامۆستاش نە لەبەر لاساری و نە لەبەر تەمبەڵی لێی نەدابووم، چونکە وا نەبووم، بەڵام جارێکیان هەر لە بەتۆمەتی پێکەنین دارکاری کرام.

ئەمجارە دەرگایان کردەوە و باوکم هاتە ژوورەوە. چووبوون بەدوایدا و لە دووکانەکەیەوە لە بازاڕەوە هێنابوویان. دیمەنی ئەو خەمەی باوکم پەسن نادرێ، ڕەنگی وەک لیمۆ زەرد هەڵگەڕابوو، باوکم منداڵەکانی خۆی زۆر خۆش دەویست، زۆر باوک هەبوون و دیبوومن بەدەگمەن منداڵی خۆیان ماچ دەکرد، بەڵام باوکم وا نەبوو ڕۆژ نەبوو ماچمان نەکات، لە ناو هەر حەوت منداڵەکەشی من نازکێشراوترین بووم، باوکم کە لە کار یان لە سەفەر بەماندوویتی دەگەڕایەوە بانگی دەکردم و ماچی دەکردم، زۆر جاران دەیگوت: هەرچەندێ هیلاک بم، کە دێمەوە و مەهاباد دەبینم هیلاکیم دەردەچێ. لەو ڕووەوە منداڵێکی بەختەوەر بووم، هەر باوکم نا، مامەکانیشم وابوون بۆم. مامی گەورەم زۆر جار دەیگوت هەموو منداڵەکانی خۆم بەلایەک و مەهاباد بەلایەک، هەندێ جار زیادەڕۆیی دەکرد و دەیگوت هەر پێنج کوڕەکەم بەقوربانی مەهاباد بێت. ئەوسا لێکدانەوەیەکم نەبوو بۆ ئەو هەڵوێستانەی ئەوان و

ئەو خۆشەویستییەی کە بەتایبەتی بۆ من لە لووتکەدا بوو، بەڵام هەستم دەکرد من منداڵێکی بەختەوەرم. چی لەوە خۆشترە هەست بکەی تا ئەو ڕادەیە خۆش دەویسترێی. هێشتا تەمەنم دوانزە ساڵ بوو هاوینان کە دەچووم بۆ بەغدا بۆ ماڵی مامم، یەک دوو مانگ دەمامەوە و مامم هەموو ڕۆژێ کە لە کار دەگەڕایەوە و ئێواران لە ناو باخچەکەدا دادەنیشتین بیرەوەرییەکانی خۆی بۆم دەگێڕایەوە. هەندێ بەسەرهاتی ڕاستی بۆ دەگێڕامەوە دەیگوت مەهاباد ئەمانە بکە بەچیرۆک. سەیر ئەوە بوو من ئەو کاتە جارێ هیچیشم نەنووسیبوو تا بزانن بەهرەیەکی لەو جۆرەم هەیە، بۆ خۆم هەندێ شتم نووسیبوو، بەڵام پیشانی کەسم نەدابوو، کەسیان نەیاندەزانی دەنووسم. هەندێ جار کە سەری دەئێشا، دادەنیشتم و مامم سەری دەخستە سەر ڕانم و منیش سەریم دەشێلا. یەکەم جار کە سەریم شێلا زۆر ترسام، چونکە لەبەر قژی دیار نەبوو، بەڵام کە دەستم لێدا هەموو سەری چاڵی بچووک بچووک بوو. لێم پرسی: مامە گیان ئەوە سەرت بۆ وا هەمووی چاڵ چاڵە. گوتی ئەوە لە ئەشکەنجەدان وای لێ هاتووە. لە ساڵی ١٩٦٣ لە زینداندا بووە و هاوڕێکەی، کە ناوی عەبدولڕەحمان بووە بەکوژراوی هێناویانە و لە بەرچاویدا پەلوپۆیان بڕیوە تا دانی پێدا بنێت کە ئەندامی پارتییە. ئەشکەنجەی زۆریان داوە و پێیان گوتووە تەنها جنێو بە مەلا مستەفا بدە وازت لێ دەهێنین و نەیداوە. ئەو شتانەی بۆ من دەگێڕایەوە. کە قسەی بۆ دەکردم و باسی سیاسەتی لەگەڵ دەکردم دەتگوت بۆ کەسێکی گەورەی دەکات، منیش گوێم دەگرت و پرسیارم دەکرد و بەشداری قسەکانیشم دەکرد. زۆرم پێ خۆش بوو هەندێ جار کە باسێکی دەکرد لە منی دەپرسی: ئەی تۆ ڕات چییە؟ کەیفم بەخۆم دەهات کە ڕای منی لا مەبەستە و دەیپرسێت. مامم ئیسماعیل لە دەروونی مندا مرۆڤێکی نەمرە، ئەگەرچی لە ژیانی خۆی و مندا لە ساڵی ١٩٨٤وە نەماوە.

***

دۆخی دەروونی ئەو ڕۆژەی باوکم پەسن ناکرێ، کاتێ هێنایانە ژوورەوە و نەشیان هێشت باوەشم پیادا بکات و ماچم بکات و تەنانەت بەبێ فەرمانی ئەوان نەیتوانی قسەیەکیشم لەگەڵ بکات. پێیان گوت:



– ئیبراهیم بەکچەکەت بڵێ قسە بکات و دانی پێدا بنێت.

باوکم حەپەسا بوو، نەیدەزانی من لەسەر چی گیراوم. ئەو هەفتەیەک بوو داخی گرتنی کوڕەکەی لە دڵیدا پەنگی دەخواردەوە، ئێستا کچەکەشی هاتە سەری، ئەو کچەی کە بەقەد هەموو دنیا خۆشی دەوێت و مایەی حەسانەوەیەتی. باوکم بەحەپەساوییەوە سەیری منی کرد و بەکوردی پرسی:

– حەیاتم چیت کردووە؟ بۆ گرتوویانی؟

من دەستم بەگریان کرد، چی تر نەمتوانی خۆم بگرم. حەزم دەکرد بچمە باوەشییەوە و وەک هەمیشە نازم بکێشێت. گریانەکەی من ئەوەندەی تر حاڵی ئەوی شڕ کرد. هەوڵی دەدا خۆی بگرێت بەڵام نەیدەتوانی و فرمێسک بەچاوانی ئەویشدا هاتە خوارەوە.

(نەجیب) بە تووڕەیییەوە لێی هاتە پێشەوە و گوتی:

– ئیبراهیم کچەکەت لە ڕێکخراوی نهێنی کار دەکات و لەگەڵ موخەڕبین هاوکاری دەکات. پێی بڵێ دانی پێدا بنێت و ئیتر دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیبەیتەوە بۆ ماڵەوە، دەنا ئیعدامی دەکەین.

باوکم تەواو شێوا، زمانی نەدەهاتە گۆ، ئەو هەمیشە بەدەم و دوو بوو، ئاسان و ڕەوان دەدوا، کەچی لەوێ دەمی بەیەکدا دەهات و قسەی بۆ نەدەهات، بەڕەنگی پەڕیو و بەچاوێکی حەپەساوەوە تەماشای منی دەکرد، منیش هەر دەگریام، ئەویش هەر فرمێسک بەچاوانیدا دەهاتە خوارەوە. نەیدەزانی چی بەمن بڵێت و چی بەوان بڵێت. ئێستا دەزانم لە دۆخێکی دۆزەخیدا بووە ئەو کاتە.

ئیزنی ئەویان دا بڕوات، بەڵام پێی ڕێگەی دانەدەگرت، چۆن بڕوات و من بەجێ بهێڵێت لە لای ئەو دڕندانە؟ بەڵام ئەی چۆن نەڕوات ئەگەر ئەو دڕندانە فەرمانیان بەسەردا دابێت کە بڕوات؟

ئەو لە دەرگای ژوورەکە ئاودیو بووەوە و نەجیب کێبڵێکی بزمارڕێژکراوی هێنا و لە بەردەم مندا ڕاوەستا. گوتی:

– دەستەکانتم پیشان بدە!

هەردوو ناولەپم کردەوە و پیشانم دا. گوتی:

– نا، سەرەوەیم پیشان بدە!

بەترسێکی زۆرەوە دەستم هەڵگێڕایەوە. لەناکاو بەهەموو هێزی خۆی کێبڵەکەی پیا کێشا و هاوارم لێ بەرز بووەوە. ئەو گوتی:

– دڵنیا بە ئەمە هەر هیچ نییە. تەنها بۆ تام بوو، ئەگەر قسە نەکەی دۆزەخت دەهێنینە بەرچاو. ئێستا پێم بڵێ کێی ترت لەگەڵدایە؟ کێ هانت دەدا شیعر بنووسی؟

هەر گریان و هەر ترس و هەر تۆقین. زەنگێکی لێدا و نەجات هاتە ژوورەوە.

– نەجات مقەستەکە بێنە!

– بەسەرچاو سەییدی.

زۆر ترسام، قژم درێژ بوو، دەترسام قژم ببڕن. بیستبووم لە زینداندا سەر دەتاشن. بەڵام مقەستی بۆ قژبڕین نەبوو. کە مقەستە تیژەکەی هێنا و نەجیب ئامادەی کرد. بەنەجاتی گوت زمانم بگرێت و ڕایکێشێت. من هەر دەگریام، زمانی ڕاکێشامە دەرەوە و مقەستەکەی لێ نزیک کردەوە. هاوارم کرد و خەریک بوو دڵم بتۆقێ. مردنم بەچاوی خۆم دی، هەستم بەقرتەی زمانم دەکرد کە بڕدرابێت. پەیتا پەیتا دەیگوت:

– مەهاباد ئەگەر بێ دەنگ بیت و قسە نەکەیت زمانت دەبڕین.

زمانیان بەر دەدام و چاوەڕێ بوون قسە بکەم، منیش هەر سوێندم دەخوارد بەخودا و بەقورئان کە تەنزیم نیم و کەسم لەگەڵدا نییە و هەر خۆم بەهەوەسی خۆم ئەو شتانەم نووسیوە. چەند جارێ مقەستەکە ئامادە دەکرا و هەمان دیمەن دووبارە دەکرایەوە. دوای ئەوە بەنەجاتی گوت بمبات، مقەستەکەش لای خۆی مایەوە. لە ژوورێکی قاتی خوارەوەی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی کفری ئەو شەوەم بەسەر برد و یەک چرکەش خەو نەچووە چاوەکانم، بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم کە پێم وابوو جاروبار لە هۆشی خۆم دەچم و دێمەوە هۆشی خۆم.

***



لەم شەوانەدا لە کوردسات بەرنامەیەکی عەرەبییان پیشان دا و، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد کە گوێ و لووتیان لە لایەن بەعسەوە بڕدراوە. بەدیتنی ئەوانە زۆر تێکچووم. لە کەناڵێکی عەرەبییەوە پیاوێکیان پیشان دا زمانی بڕدرابوو، وەرە ئەو دیمەنانە ببینە و شێت مەبە. ئەگەرچی یەکسەر کەناڵەکە دەگۆڕم و تەماشای ناکەم بەڵام بیرەوەرییەکانی دۆزەخم دەورووژێنن. هەندێ ژان هەن لەبەر گەورەییان ناتوانی دەریان ببڕیت، ئەگەر بەهرەمەندترین نووسەری دنیاش بیت. بیرەوەری ئەو ساڵەی دۆزەخ بۆ منیش ژانێکی وایە، بەڵام هۆی ئەوە نەبوو کە باسی ئەشکەنجەکانم نە دەنووسییەوە و نە دەگێڕاوە، بەڵکە لەبەرئەوەی دوای ساڵێک ئازار و لە ڕۆژی ئازادکردنەکەمدا، کە گوایە دادگای ئەلسەورەی بەدناو بە ساڵێک حوکمی داوم و بەبڕێک سزای پارە و بەبڕینەوەی سێ ساڵ چاودێری ئێزن بدرێم بگەڕێمەوە. بەڵام بیریان نەچوو دووبارە مقەستەکەم پیشان بدەنەوە. هەمان دیمەنیان دووبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەوە. ئەمجارەیان فەرمانەکە پێچەوانەی ساڵێ لەوەوبەر بوو. گوتیان:

– ئەگەر باسی ئەوە بکەیت کە ئەشکەنجە دراوی، یان هەر باسی زیندان بکەی، زمانت دەبڕین. مەهاباد ئەگەر قسە بکەی زمانت دەبڕین!

ئێستا کە ئەم دێرانە دەنووسم لە ساڵێ زیاترە زمانبڕەکان لەسەر دەسەڵات نەماون، بیست و چوار ساڵە دۆزەخیترین ئازارەکانی ناسکترین تەمەنی ژیانم لە دەروونمدا پەنگ دەخۆنەوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە دەیان جار بۆ نووسینەوەیان ئامادەکاریم کردووە و نەمتوانیوە، بەڵام دڵنیام کە دەیاننووسم چونکە بڕیارم بۆ داون، مەگەر مەرگی کتوپڕی مەودا نەدا.

کاتژمێر حەوتی بەیانییە، باش بوو توانیم هیچ نەبێت باسی چەند ساتێکی ئەو دۆزەخە بۆ کۆمپیوتەرەکەم بکەم. پێم وایە چاکم کرد لە ناو جێگەکەم نەمامەوە بەخەوی زڕاوەوە بیر لەو بیرەوەرییە بکەمەوە. نووسین چەند خۆشە، هەست دەکەم بارم سووک بووەوە. چەند خۆشە کە بتوانی گوزارە بکەی لەوەی کە ڕووی داوە و ڕوو دەدات، چەند باشە کە زمانمان هەیە! چەند گرنگە زمان بەکار بهێندرێت! بشکێ مقەستی زمانبڕین، مقەستی سانسۆری نووسین، چەند سامناکە هەڕەشەی

زمانبڕینت لێ بکرێت! چەند لەوە سامناکترە کە بترسی و بەقسەیان بکەیت و دوای ئەو هەڕەشانە ئیدی نەیەیتە گۆ! بێ دەنگبوون لە ناهەقی کارەساتە! لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە خۆت ناهەقی بکەی، یان بەشێک بیت لێیان!

***

**چرۆی داناییەکانی مرۆڤ دوو وشەیە: ئارامی و ئومێدەواری.**

ئەلیکساندر دوما

**من قەرزارباری دایکی فریشتەمم، بۆ هەموو ئەوەی کە پێی گەیشتووم و هەموو ئەوانەشی کە هیواخوازم پێیان بگەم..**

لینکۆلن

***



## بەڵای ناگەهان

شەوی یەکەمم لە ژوورێک لە ژوورەکانی زیندان، لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی کفری بەسەر برد. من جلی قوتابخانەم لەبەر بوو، کراسێکی سپی و تەنوورەیەکی شین، ژوورەکەش شێدار و بۆگەن بوو. هیچ شتێکی تێدا نەبوو، چوار دیوار و بنمیچێک و دەرگایەکی داخراو بوو. دەنگێکی نائاسایی دەهات، هات و هاوار و زیرە و گریانی گەورە و منداڵ، هی ژن و هی پیاو. دەمزانی چەندان زیندانی کوڕ لەو شوێنەن، هەروەها ئەوەشم دەزانی جگە لە من هیچ کچێکی تر زیندانی نییە و لەو شارەدا من یەکەم کچ بووم بخرێمە زیندانەوە. ئەی ئەو دەنگانە چین!؟ قیژەکان دەنگی هاوار و ناڵەی ژنیان تێدایە! موچڕکێکی تێکەڵ لە سۆنگەی ترس و شێی ژوورەکە جەستەمیان هێنابووە لەرزین و ددانەکانم کەوتنە چۆقە چۆق. ڕووناکی گڵۆپێکی زۆر کز لە بنمیچی ژوورەکەدا سێبەرەکەی خۆمی وەک تارماییەکی گەورە لەسەر دیوارەکە پیشان دەدایەوە. لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتم و پاڵم دایە دیوارەکەوە و گوێم وەخت بوو بەو دەنگانە کاس بێت و هەردوو دەستم خستە سەر گوێیەکانم، سوودی نەبوو، دەنگەکە ئەو کاتانە بڵندتر دەبووەوە. وردە وردە تێگەیشتم ئەو دەنگە تۆمار کراوە و بۆ ڕووخاندنی ورەی زیندانییەکان و ئازاردانی دەروونیان بەکار دەبرێت. پێ دەچوو خۆیان لە شوێنێکەوە بمبینن، بۆیە کە دەستم بەگوێمەوە دەگرت دەنگەکە بڵندتر دەبووەوە.

ئەگەرچی ئەمانە زۆرن و سەختن بۆ چواردە ساڵییەک، بەڵام دەنگێکی یاخی لە ناخەوە هانی دەدام بۆ بەرەنگاربوونەوە. لەو کاتەدا هەموو ئەو سروود و شیعرانەی کە تا ئەو تەمەنە خوێندبوومەوە هاتنەوە یادم و هانیان دەدام کە ئەو ترسە ببەزێنم. چونکە گومانم کرد ئەوان بمبینن، بۆیە هانی خۆمم دا کە ئاسایی ببمەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر وا بمبینن کە دەترسم دڵشاد دەبن، نابێ دڵیان بەوە خۆش بێت. ئەو بیرە لەو ساتەدا زۆر یارمەتیدەر بوو، بەڕاستیش هێز و وزەیەکی زۆر

خزایە ناو ڕۆحمەوە.

کەوتمە ناو بیرکردنەوەی قووڵ و، خەیاڵم لەو زیندانە ڕزگاری کردم و تاوێ دەیبردمە لای هاوڕێکانی قوتابخانەم، تاوێ بۆ لای دایکم و باوکم و خوشک و براکانم و تاوێ بۆ لای مامم و تاوێ بۆ لای ئەو کوڕەی کە دوو هەفتە پێش ئەو کارەساتە نامەیەکی خۆشەویستیمان لەگەڵ یەکدیدا گۆڕیبووەوە. ئەو تەمەنە نازدارە هی ئەوە بوو بەخۆشەویستی و ئەڤین پڕ ببێتەوە، نەک بەو ئەشکەنجە و ئازارە. بەڵام ڕوانینی من ئەوسا جیاواز بوو بۆ ئەڤین، هەستێکی ئەوەندە تێکەڵ بەنیشتیمانپەروەری و کوردایەتی بوو، کە لە میانەی ئەو هەستەوە عەشقم دەدی و دەخوێندەوە. ئەو کوڕەش وەکو خۆم شیعری دەنووسی و شیعرەکانیشی پڕ بوون لە هەستی جوانی خۆشەویستی نیشتیمان. لە ڕێگەی شیعرەوە یەکترمان ناسی، ئەو لە کەرکووک و من لە کفری دەژیام، ناسیاویشمان بەهۆی خوشکەکەمەوە کە لە کەرکووک دەیخوێند دروست بوو، کاتێ پەڕاوی شیعرەکانمی بردبوو پیشانی بدات و شیعرەکانی ئەویشی هێنا بۆ من. ماوەیەکی زۆر کەم بەسەر ئەو شیعر گۆڕینەوەیەدا تێپەڕی، دوو هەفتە پێش کارەساتی گیرانم بوو، نامەیەکی بۆ ناردم و داوای کردبوو کە پەیوەندی خۆشەویستی ببەستین و منیش قایل بووم. ئەگەرچی ئەو پەیوەندییە هێشتا پێ نەگەیشتبوو، من و ئەو کوڕە تەنها یەکجار ئەویش پێش پەیوەندییەکە یەکتریمان دیتبوو، دیتنەکەش تەنها پێنج خولەکی خایاند، بەڵام گرنگ بوو کە لەو کاتەدا کە لە زیندانم هەست بە هێزێکی دەروونی بکەم کە لە خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتووە. خۆ ئێستاشی لەگەڵدا بێت خۆشەویستی کوڕ و کچی کۆمەڵگەی ئێمە هەروایە، نە یەکتری وەک پێویست دەبینن، نە دەتوانن یەکتری بدوێنن و یەکتری بناسن. باش بوو ئەوسا بەهەرزەکاری لێکدانەوەم نەبوو بۆ دیاردەکان، لای من ئەو ئەچینە هێزبەخش بوو، زۆر جار بەبیرکردنەوە لەو ئەچینە ژووری زیندانم بەجێ دەهێشت و دەگەیشتمە ناو مێرگە سەوزەکانی ژوانگە. کە لەگەڵ ئەو خەیاڵ و هەستانەدا بووم ترسم دەڕەوییەوە و وەک ئەوسا هەستم بەدەنگە دەنگەکەش نەدەکرد، کە جار جار ڕادەچڵەکیم ئینجا دەمزانی هەندێک خەوم لێ کەوتووە. دوای چەند جارێ نووستن بەدانیشتنەوە و ڕاچڵەکان، هەر لەسەر ئەو عەرزە شێدارە ڕاکشام و خۆم گرموڵە کرد. شەوێکی یەکجار درێژی ژیانم بوو، کات لەو جێگایانەدا



زۆر سست و نائاساییە. هەر ڕۆژێ لە زیندان تێدەپەڕێت هەست بەگەورەبوونێکی نائاسایی تەمەنی خۆت دەکەیت. هەست بەچالاکبوونەوەی خەیاڵ و هەستەکانت دەکەیت. هەستی بینینت بەدیتنی دەزگاکانی ئەشکەنجە ئاشنا دەکرێت، هەستی بیستنت جگە لە قیژە و هاواری خۆت، بەدەنگی قیژە و هاواری هاوەڵەکانی زیندانت و دەنگی تۆمارکراوی ئەشکەنجەدراوانی هاوبیرت سیخناخ دەکرێت. هەستی بۆنکردنت بۆگەنی ژوورە تەنگ و تاریک و شێدارەکان، کە بەخوێنی وشکەوەبووی سەر دیوارەکان و میز و پیسایی سەر عەرد پەڵە پەڵەن، هەڵدەمژن. هەستی بەریەککەوتنت یەکە یەکەی جێگەی کێبڵ و قامچییەکان و سووتانی ژێر ئوتوو و دەمی جگەرە، بەسەر دەکاتەوە. هەستی شەشەمیش لە هەمووی چالاکتر دەبێتەوە و لە هەر چرکەیەکدا کە سیمای جەلادەکان دەبینی دەرکت پێت دەڵێت، تەواو دەبی، ئیدی تۆ ژیان بەجێ دەهێڵیت.

دوای ئەو شەوە نائاساییە، ڕۆژێکی نائاسایی دەستی پێ کرد و خرە خڕی کلیلەکە خورپەی خستە دڵمەوە. دیسانەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەمبەن، بەدەم ئەو خورپانەوە هێشتاش هێزێکی شاراوە لە دەروونەوە هانی بەرگەگرتنیان دەدام. هەمان ژووری مفەوەزی ئەمن، لە نهۆمی دووەمی بیناکەدا بوو، خۆی لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، منیشیان لەسەر کورسییەک لە بەرامبەری دانا. پرسیارەکان دەستیان پێ کرد، یەکەمین پرسیاری هەموو کاتێک بەناو دەست پێ دەکات:

– ناوت چییە؟

– مەهاباد.

– ناوی سیانیت و نازناوت.

– مەهاباد ئیبراهیم محەمەد قەرەداغی.

– جوانە! دەتوانی پێمان بڵێی مەهاباد مانای چییە؟

– شارێکە لە کوردستانی ئێران.

– جوانە! کێ ناوی ناوی مەهاباد؟

زۆر ترسام و نەمدەزانی چی بڵێم، دەترسام ئەگەر بڵێم باوکم ناوی ناوم ئەویش بگرن و زیندانی بکەن. زۆر بەخێرایی بیرم دەکردەوە وەڵامێک بدۆزمەوە. بێ

دەنگییەکەم نیو خولەک زیاتری خایاندبوو، گوتی:

– گوێت لێ نەبوو پرسیارم لێ کردی؟ کێ ناوی مەهابادی لێ ناوی.

– نازانم.

– مێژووی لە دایکبوونت بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ چەندە.

– ١٩٦٦/١/٢٢.

– بیست و دووی یەک چ یادێکە لە مێژووی کورددا؟

– نازانم.

– چاک دەزانی، ئەوەندە گێل نیت، لە قوتابخانەش هەموو ساڵێک یەکەمی.

– بەخوا نازانم.

– کەواتە من فێرت دەکەم. ئەوە یادی دامەزراندنی کۆماری مەهابادە. ئەزانی کۆماری مەهاباد کەی دامەزرا؟

– نەخێر.

سەیرم پێ دەهات کوێرا وا زوو ئەم هەموو لێکدانەوەیان کردووە و تەنانەت لە مێژووی لەدایکبوون و ناوەکەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوتبێت کە من بەهۆی پیرۆزی ئەو یادەوە ناونرابێتم مەهاباد.

– ئێوە هەمووتان موخەرِیبن. باوکت تەمەنیای دەوڵەت دامەزراندن دەکات کە ناوی تۆی ناوە مەهاباد. قەت ئەو هیوایەتان نایەتە دی و جارێکی تر کۆمارێک بەچاو نابینن، هەمووتان دەکوژین. پێم بڵێ بزانم:

– ئێوە قەرەداغین، چی دەکەن لە کفری؟

ئەی خوایە گیان لەم پرسیارە جیددی و سەیر و سەمەرانە لە کچێکی چواردە ساڵی دەکرێت. ئەوە جاری یەکەم بوو لێم بپرسن تۆ قەرەداغیت، بۆ لە کفری دەژیت. بەڵام دوای ئەوە زۆر جاری تر ئەم پرسیارەم لێ کرا، لە لایەن هاوڕێیان و خوێنەرانی شیعرەکانم، چۆن لە کفری لە دایک بوویت و قەرەداغیت؟

وەڵامی (نەجیب)م دایەوە:

– بیستوومە باپیرم لە ناوچەی قەرەداغەوە بۆ کارکردن هاتووەتە ئێرە و لێرە



نیشتەجێ بووە؟

– لە کام شوێنی قەرەداغ؟

– دێی باخان.

– خزم و کەسوکارتان هەیە لەوێ؟

– نەخێر.

لە ڕاستیشدا هەر وابوو. باوکم کەسێ بوو قەت گوێی نەدەدایە ئەوەی عەشیرەتی چییە و ڕەنگە کەسوکارمان هەبێت لە ناوچەی قەرەداخ و لێک دابڕا بین. قەت بەدوای ئەو شتانەدا نەدەچوو. قسەیەکی هەبوو زۆر کاریگەری لەسەر من دانا، زۆرجار دوو پاتی دەکردەوە، دەیگوت "ئەوە گرنگ نییە کوڕی کێ، یان کچی کێ بیت، ئەوە گرنگە خۆت کێیت". بەکردەوەش هەوڵی ئەوەی دەدا باوەڕ بەخۆبوونمان تێدا دروست بکات و لە کاروباردا پشت بەخۆمان ببەستین، نەک بەئەو. من حەزم دەکرد هەر بۆ زانیاری خۆم بزانم کە ڕەگوریشەمان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بۆ باپیرم هاتووەتە گەرمیان و لە کفری نیشتەجێ بووە. مامم بەپێچەوانەی باوکمەوە لە ڕەگوریشەی بنەماڵەمانی کۆڵیبۆوە و ئەو بۆی باس کردم کە بەهۆی قات و قڕی و بێ کارییەوە دێی باخانیان بەجێ هێشتووە و لەبەرئەوەی ئەوسا کفری مەڵبەندی کاروانسەرا و شارێی بازرگانی بووە، شارێکی بووژاوە بووە و کاری زۆری تێدا هەبووە، ئەوانیش لەوێ نیشتەجێ بوون. مامم دەشیگوت بەڵام لە بناغەوە باپیرانمان لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون و لە ناوچەی قەرەداخ ماونەتەوە و دێی باخان ئەوان ئاوەدانیان کردووە. مامم دەیگوت لێکۆڵیومەتەوە کە لە کوردستانی تورکیاش کەسوکاری باپیرانمان هەن و ئەگەر بارودۆخی کورد وا نەبوایە دەچووم دەمدۆزینەوە. چۆن و لە کوێ لێکۆڵیوەتەوە، نەماندەزانی، دوای ئەویش کەسی تر لە برا و خوشکەکانی ئەو ئارەزووەی نەبوو لێبکۆڵێتەوە و بەپێویستیان نەدەزانی. لە ڕاستیدا زۆر گرنگیش نییە، من ئێستاش لەگەڵ ئەو ڕایەی باوکمدا کۆکم کە دەیگوت: گرنگ نییە کوڕ و کچی کێی، گرنگ ئەوەیە خۆت کێی.

بەهەرحاڵ، باش بوو ئەم زانیاریانەیان نەزانیبوو، دەنا لەسەر ئەوەش لێیان دەپرسیمەوە. سەیرە لەسەر کردەوەکانی باپیرانت لێت بپرسنەوە و لەسەر ئەوانیش

سزای تۆ بدەن. بەڵام ئەوان چییان کردبوو؟ باپیرم چی کردبوو، لە شوێنێکی کوردستانەوە کۆچی کردبوو بۆ شوێنێکی تری کوردستان و بژێوی خۆی و خێزانەکەی بەدەست هێنابوو. ئەمان زۆر بەگومانەوە تەنانەت لەو کۆچ و کۆچبارییەشیان دەڕوانی.

– باپیرت شاعیر بووە؟

– بەڵێ شیعری نووسیوە.

– کەواتە تۆ چوویتەتە سەر ئەو. باپیرت مەلایەکی حوجرەداریش بووە، وایە؟

– وا دەڵێن، من لە بیرم نایەت، من دوو ساڵ بوومە کە ئەو مردووە.

– ئێمە هەموو شتێک لەسەر تۆ، باوکت، براکانت، مامەکانت و باپیریشت دەزانین. بۆیە پێویست ناکات درۆمان لەگەڵ بکەیت و هەرچییەکمان لێ پرسیت بەبێ سەرپێچی وەڵام بدەرەوە.

– ...

– پەیوەندیت لەگەڵ جەماعەتی موخەڕیبین هەیە، ئەوە دەزانین، ئێمە دەمانەوێ پێمان بڵێیت لەگەڵ کێ لەوان پەیوەندیت هەیە؟

– پەیوەندیم لەگەڵ کەسیان نییە، بەخوا.

– کەی پەیوەندیت پێوەکردن؟

– بەخوا قەت هیچ کەسێکیان ناناسم.

– لە کوێ دەیانبینی؟

– بینینی چی، کەسیانم نەبینیوە.

– کێی تر لە تەنزیمدا لەگەڵتدایە؟

– من لە تەنزیم نیم، باوەڕ بکە، بەخوا.

– خوای چی، چۆن باوەڕ دەکەم. وتم هەموو شتێکت لەسەر دەزانین، تۆ تەنها دەبێت دانی پێدا بنێی.

– لە خۆمەوە دان بەچیدا بنێم. من هیچ نازانم و کەس ناناسم، خۆ لە خۆمەوە ناوی خەڵک ناهێنم ئەگەر نەیانناسم.



– مەهاباد، بنەماڵەکەی ئێوە ناو و ناوبانگی هەیە و لەم شارەدا زۆر ڕێزتان لێ دەگیرێت، ئەگەر دانی پێدا نەنێیت و ناوی ئەو کەسانە نەڵێیت کە لەگەڵتدان دەزانی چیت لێ دەکەین؟

– ...

– ڕووتت دەکەینەوە و وێنەت دەگرین و وێنەکەت بەسەر هەموو ماڵێکی کفریدا بڵاو دەکەینەوە. ئیتر خۆت دەزانیت چی ڕوودەدات و ناوی بنەماڵەکەتان چی لێ دێت.

ئەم هەڕەشەیە زۆر کاریگەر بوو، لە ناخەوە زۆر ترسام، بەڵام هەوڵم دا بەسەری خۆمیدا نەهێنم و ترس پیشان نەدەم، نازانم توانیبووم ترسەکەم بشارمەوە یان نا، لە دەموچاوم ڕەنگی دابووەوە یان نا، بەهێمنییەوە گوتم:

– هەرچییەکم لێ بکەن، کە من هیچ نەزانم نازانم چی بڵێم، لە خۆمەوە هیچ قسەیەکم بۆ نایەت. هەر ئەوەندەیە کە دوێنێش وتوومە، ئەو شیعرانە شیعری خۆمن، خۆم نووسیومن، ئەو قسانەشی کە لە ناو ڕۆژژمێرەکەمە خۆم نووسیومە و هیچ کەسێ نەیدیوە.

ئەم قسانەم بەعەرەبییەکی خەراپ و پڕ لە هەڵە دەگوت، عەرەبیم کەم دەزانی، لە قوتابخانەی کوردی نۆ ساڵم خوێندبوو، ئەو ساڵەی کە تێیدا گیرام قوتابخانەی کوردی داخرا و ناچار بووین عەرەبی بخوێنین. ئەو تۆزە عەرەبییەش کە فێری بووبووم لە سەردانەکانی هاوینان بۆ ماڵی مامم فێری بووبووم.

– هەر سووری لەسەر ئەوەی قسە نەکەی؟

– هیچم زانیبا دەمگوت، هیچ نازانم.

– هەموو کەسێ کە دەیهێنین بۆ ئێرە دەڵێ هیچ نازانم، بەڵام ئێمە فێریان دەکەین کە تێبگەن و بزانن. ئەمڕۆ هیچی ترت لێ ناپرسم، باش بیر لە قسەکانم بکەرەوە و سبەینێ دەتبینمەوە. لەبەرئەوەی لێرە جێگەمان نییە دەتبەین بۆ ماڵی موختار، لەوێ زیندانیت، نابێت لەگەڵ هیچ کەسێک قسە بکەیت، باشە؟

– باشە.

ئەگەرچی نێوان زیندانەکە و ماڵی موختار هەر دوو سەد مەترێک بوو، بەڵام دەستیان بەستمەوە و بەدوو کەسەوە بەئۆتۆمبیل بۆ ماڵی موختاریان بردم. حیکمەت

ئەفەندییان پێ دەگوت و پیاوێکی تورکمان بوو. لەوێدا بەجێیان هێشتم و بەوانیان گوت نابێت کەس بزانێت لێرەیە، سبەینێ دەیبەینەوە. دەتگوت خەو دەبینم، لە ماڵی موختاردا لە زیندانم. کە ئەوان ڕۆیشتن، موختارەکە لێی پرسیم کچی کێیت؟ لەو کاتەدا قسەکەی باوکم بیر کەوتەوە کە دەیگوت گرنگ نییە کچی کێیت، ناوی باوکمم پێ گوت، موختار هەناسەیەکی هەڵکێشا و تەماشایەکی کردم. بەتورکمانی لەگەڵ ژنەکەی بەچرپە چرپ قسەیان دەکرد و منیش ترسم لێ نیشتبوو. ژنەکە لێی پرسیم جلوبەرگت پێیە؟ بەنەخێر وەڵامم دایەوە. هەندێک تورکمانیم دەزانی. چونکە لە ماڵی ئێمەدا بەمنداڵی کە نەنکم و دایک و باوکم بیانویستایە قسەیەکی نێوان خۆیان بکەن و ئێمەی منداڵەکان تێی نەگەین بەتورکمانی دەیانگوت، ئێمەش هەموومان تێدەگەیشتین. تومەز ئەو چرپە چرپەی حیکمەت ئەفەندی و ژنەکەی ئەوە بووە کە بچێت باوکم دڵنیا بکاتەوە کە من لە ماڵی ئەوانم و بەدایکم بڵێن بەدزییەوە بێت بۆ لام و جلوبەرگم بۆ بێنێت و چاوی پێم بکەوێت.

درەنگانێکی شەو دایکم هات و جلوبەرگی بۆ هێنابووم. کە باوەشم بەدایکمدا کرد پڕ بوومەوە لە دڵنیایی. موختار و ژنەکەیم وەک فریشتە هاتە بەرچاو. هێشتا پێنج خولەک دانەنیشتبوو لە لام، لە دەرگا درا. موختار و ژنەکەی ڕەنگیان هەڵبزرکا، گوتیان دیارە ماڵەکەمانیان چاودێری کردووە و زانیویانە تۆ هاتووی، خێرا دایکمیان بردە سەربان بۆ ئەوەی ئەگەر ماڵیان پشکنی دەربازی سەربانی دراوسێکان بێت. دەرگایان کردەوە دوو ئەمنی کەتە و زل بوو، پرسیاریان کرد کەسێکیان دیوە هاتووەتە ماڵەوە، کێ بووە؟ ئەوان نکۆڵییان لێ کرد و گوتیان کەس نەهاتووەتە ئێرە. ئەوان دوای پشکنین ڕۆشتنە دەرەوە، دایکم دوای تاوێ هاتە خوارەوە و لە ترسا ماوەی کاتژمێرێک لای من مایەوە و هەر ئایەتولکورسی دەخوێندەوە. دایکم لەوساوە هەتا ئێستاش هەموو ڕۆژێک پێنج فەرزە ئایەتولکورسی دەخوێنێت و بەفوو بۆ منی دەنێرێت بۆ ئەوەی خۆی واتەنی من لە "بەڵای ناگەهان، لە فیتنەی ئاخر زەمان، لە سەگی هار، لە موسیبەتی پیس، لە زۆری زاڵم" بپارێزێت. تۆ بڵێی نزاکانی ئەو پەپوولە ژنە نەبێت، کە لە دۆزەخەکان دەرباز بووم و تا ئێستاش ماوم؟!

***



## ژووری سێدارە

پێش ئەوەی بڕوات جارێکی تریش بەهەموو هێزی خۆیەوە فووی لێ کردم. فووەکانی دەتگوت لە هەناوییەوە، لە ناخی دڵییەوە، لە ناو لۆچەکانی دەروونییەوە دێنە دەرەوە. ئەو دیدارەی نێوان من و دایکم، ئەگەرچی پڕ لە دڵەڕاوکێ و گۆڕینەوەی سەرنجی پڕ لە ئازاری من و نیگای پڕ لە خەمی ئەو بوو، بەڵام هێشتاش لە شەوی پێشوو ئارامتر بووم. شەوی پێشوو پێم وایە زیاتر لە چل جار ڕاچڵەکیم، ئەو شەوەی ماڵی موختار تەنها سێ چوار جار ڕاچڵەکیم. ئەو هەڕەشەیەم بیر دەکەوتەوە و فلاشی کامیرام دەهاتە بەرچاو و بەدەنگی هاوارێکی خۆم بەدڵەڕاوکێوە بەئاگا دەهاتمەوە. بەڵام هەر خۆم خۆمم هێمن دەکردەوە و بەخۆمم دەگوت ئەوە تەنها هەڕەشەیە و شتی وا ناکەن. ئەوان دەیانزانی کام هەڕەشە زۆر کاریگەرە و دەروونی مرۆڤ وێران دەکات، ئەوەیان دەکرد. لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا و بەتایبەتی لە شارێکی بچکۆلەدا کە دابونەریتی باوکسالارانەی زۆر تێدا زاڵە، لەو دابونەریتەشدا بەهای ڕەوشت دەبەسترێتەوە بەجەستەی ژنانی بنەماڵەوە، هەڕەشەیەکی وا زۆر کاریگەر دەبێت، ئێمەش بەو دابونەریتە گۆش دەکرێین و بیرکردنەوەمان بەرهەمی ئەو پەروەردەیەیە، منیش لە سەرەتای ژیان و تێکۆشانمدا بووم و تەمەنم تەنها چواردە زستان بوو، هێشتا فریا نەکەوتبووم ئەو کۆت و پێوەندانەی نەریتە بێ فەڕەکانی کولتووری باوکسالاری بشکێنم، هێشتا لە سەرەتای ئەو جەنگەدا بووم.

خانمی موختار بەرچایی دانا و منیشیان بانگ کرد کە لەگەڵیاندا نان بخۆم. چووم لەبەر دەستشۆرییەکە دەست و دەموچاوم بشۆم، پەنجەکانم لەبەر ئازاری ئەو کێبڵەی کە دوێنێ بەهەموو هێزی خۆیەوە مفەوەز نەجیب پێیدا کێشابوو، بەئاستەم بۆم دەجووڵێنرایەوە. خەریک بووم دانیشم نانیان لەگەڵ بخۆم لە دەرگا درا و دوو ئەمنی بەعسی ئێسک گران بەدوای مندا هاتبوون.

من جلەکانی مەکتەبم گۆڕیبوو، پانتۆڵ و کراسێکم لەبەر بوو کە دایکم شەوی

پێشوو بۆی هێنابووم. وا ڕێککەوتبووین ئەگەر پرسییان من بڵێم ئەو جلانەم لە ماڵی موختار وەرگرتووە. بەڵام ئەو پرسیارەیان هەر نەکرد و زانیبوویان دایکم هاتووە بۆ لام و چاوی پێم کەوتووە. سەیر ئەوە بوو ئەو ڕۆژە هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵ نەکردم، دوای چەند کاتژمێرێ مانەوە لە هەمان ژووری یەکەم شەو، سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و بردیانم بۆ ماڵی موختارێکی تر، کەریم بەگ. ئەویش هەر تورکمان بوو، بەڵام ماڵی ئەمان دوور بوو لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنەوە، لە گەڕەکێک بوو نزیک چەمی کفری، کە لە پشت چەمەکەوە ئیدی باوە شاسوار و زنجیرە شاخەکانی کفری دەبینران و لە پشتی ئەوانیشەوە ناوچەی ئازادکراو بوو. لەو شاخانەوە پێشمەرگە شەوان دەهاتنە ناو کفری و چالاکییان دەکرد.

نزیکبوونی ئەو گەڕەکە لە شاخەکانەوە لە خۆیەوە هەستێکی خۆشی و ئارامییان دەدامێ و دڵدەرەوە بوون بۆم. بەڵام ئەو موختارە وەک ئەوی دی نەبوو، خۆی و کوڕەکانی زۆر دڵسۆزی بەعسی بوون و بەوردی چاوەدێرییان دەکردم. نەیاندەهێشت بێمە ناو حەوشە، نەوەک دراوسێکان بزانن من لەوێم. بەڵام لەبەرئەوەی کفری شارێکی بچووکە و هەموو یەکتریان دەناسی، ئەو کۆڵانەش تەنگ بوو، ماڵەکانی نزیک لە یەکتر بوون، لە کاتی هێنانی من بۆ ئەوێ چەند کەسێک لە دراوسێکان بینیبوویانم، ئەوەندەش بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو شارەکە بزانن من لەوێم. ئەم هەواڵە گەیشتبووە ناوچە ئازادکراوەکانیش و پێشمەرگەش شوێنی منیان پێ زانیبوو.

دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژە لە دەرگا درا و کەریم بەگ چوو دەرگای کردەوە، کە هاتە ژوورەوە لەیلای خوشکمی لەگەڵ بوو، هێنایە ژوورەوە بۆ لای من و گوتی مەیەنە دەرەوە و هەر لەم ژوورەدا بن. من پێم وابوو خوشکەکەم کە زانیویەتی من لەوێم بۆ سەردانی من هاتووە، بەڵام ئەو بەتووڕەیییەوە وتی منیشیان گرتووە. چووبوون لە کەرکووکەوە لە قوتابخانە گرتبوویان و هێنابوویانەوە بۆ کفری. لەیلا قوتابی ئامادەیی پیشەسازی بوو لە کەرکووک. ئەویان تەنها لەبەرئەوە گرتبوو کە ناوی لە ناو ڕۆژژمێرەکەی من نووسرابوو. ئەو خوشکی گەورەی من بوو، پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام لەبەرئەوەی من بالام لەو بەرزتر بوو، بەقەوارەش لەو گەورەتر



بووم، زۆر کەس وایان دەزانی من لەو گەورەترم. من و ئەو حەز و ئارەزووەکانمان زۆر جیاواز بوون لە یەکترەوە. ئەو هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی دروومان و چنین و کاری دەستی هەبوو، منیش هەر لە منداڵییەوە خولیای نووسین و وێنەکێشان و خۆشنووسی. لەیلا، لە سەرەتاوە بردبوویان بۆ هەیئەی کەرکووک و لەوێشەوە هێنابوویان بۆ دەزگای ئەمنی کفری. لە کفری لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبوو، یەکێک لەو پرسیار و وەڵامانەی کە سەرنجڕاکێش بوون، مفەوەزی ئەمن لێی پرسیبوو:

– کەس دەناسی شیوعی بێت؟

– بەڵێ.

ئەویش بەخۆشییەوە خۆی ئامادە کردبوو کە ئێستا نێچیری تری دەست دەکەوێت. خێرا بەهاندانەوە پێی گوتبوو:

– ئافەرین، دەمزانی تۆ وەک مەهاباد بێ عەقڵ نیت و هاوکاریمان لەگەڵ دەکەی. ئەو بەرژەوەندی خۆی نازانێت. دیارە تۆ کچێکی باشی، ئادەی کێ دەناسی شیوعی بێت؟

لەیلاش زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ گوتبووی:

– بیستوومە خەڵکی وڵاتی چین هەموویان شیوعین.

کابرا دەستی کردبووە قاقای پێکەنین و ئیدی لێکۆڵینەوەکەی لەگەڵدا درێژ نەکردبووەوە، ناردبووی بۆ ماڵی موختار، بۆ لای من. لە ڕاستیدا لەیلا لە گێلییەوە ئەو وەڵامەی نەدابووەوە، هەر بۆ گاڵتەپێکردن وای گوتبوو، بەڵام ئەوان بەگێلێتی بۆیان لە قەڵەم دابوو، ئەوەش یارمەتیدەر بوو.

بەگێرانی ئەو، ئەوەندەی تر ئازاری دایکم و باوکم قووڵ بووەوە، لە حەوت منداڵیان، سێ دانەی لە زینداندا بوو. دوو کچ و کوڕێکیان. کە بیری ئەوانم دەکەوتەوە کە دەبێ حاڵیان چۆن بێت و چی بکەن، نەک ئازار بەڵکە هەستم بەئەشکەنجەیەکی ڕۆحی دەکرد، لەملاشەوە خوشکەکەم کە بەهۆی چەند وشەیەکی منەوە زیندانی کراوە و ناهەقیشی نەبوو ئەوەندە بۆڵە بۆڵم بەسەردا بکات، کە دەیکرد. باش بوو دوای یەک دوو ڕۆژ ئەویان بەکەفالەتی باوکم ئازاد کرد.

چەند ڕۆژێک لەوێ هێشتیانمەوە و نەیاندەبردم بۆ لێکۆڵینەوەش، وام لێکدایەوە کە منیش بەکەفالەت ئازاد دەکرێم و هێدی هێدی ترسم کەم دەبووەوە. بەڵام هۆیەکەی ئەوە نەبوو کە من لێکم دابووەوە، بەڵکە لەو ماوەیەدا چەندان کەسیان بانگ کردبوو، لە بارەی منەوە پرسیاریان لێ کردبوو، بەتایبەتی لە قوتابخانەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەو بەڵگانەی کە لە ماڵەکەی خۆمان گرتیان و ڕۆژژمێرەکەم و شیعرەکانم، هیچی دیکەیان لەسەرم نەکردبوو بەماڵ.

لەو چەند ڕۆژەدا کە لە ماڵی کەریم بەگی موختار زیندانیی بووم، هەوڵێک بۆ دەربازکردنم لە لایەن پێشمەرگەوە درا کە من دواتر بەمەم زانی. هاوڕێیەکی قوتابخانەم کە سێ ساڵی قوتابخانەی ناوەندی لە پۆلێک بووین و لە کورسییەکەی پێش منەوە دادەنیشت، ناوی جمهور ڕۆستەم بوو، چەند مانگێک بوو قوتابخانەی بەجێهێشتبوو، بووبوو بەپێشمەرگە، نەخشەیەکی وای کێشابوو کە بێن و من ڕزگار کەن، بەڵام نەخشەکەی سەری نەگرتبوو.

دایکم بۆ بینینی سەلاحی برام چووبوو بۆ زیندان سەردانی بکات، چونکە بڕیار وابوو ئەو پۆلە زیندانییە، کە براکەشمی لەگەڵدا بوو بنێردرێن بۆ بەغدا، بۆ دادگای ئەلسەورەی بەدناو. دایکم جانتایەکی بچکۆلەی جلوبەرگ و هەندێ پارە و خواردنی بۆ بردبوو، نەیانهێشتبوو لە نزیکەوە بیبینێت، جل و پارەکانیان لێ وەرگرتبوو کە خۆیان بۆی بەرن، تەنها ئەوەندەیان بوار دابوو کە براکەم لە سەربانەوە و دایکم لەبەر دەرگای دەزگای ئەمنەوە یەکتر ببینن، بەبراکەمیان گوتبوو بۆت هەیە تەنها یەک ڕستە قسەی لەگەڵدا بکەی، براکەشم تەنها پرسیبووی:

– دایە مەهاباد بەردراوە؟

دایکم بەدەم ئەو هەموو ئازارەوە، کە وا کوڕەکەی دەبرێت بۆ بەغدا و خودا دەزانێ ئیتر دەیبینێتەوە یان نا، چی وەڵام بداتەوە. بەتاسە و تەوسێکەوە وەڵامی دابووەوە:

– ئا، ئا لە سایەی خوا و تۆوە بەر بوو.

براکەم پێی وا نەبووبوو کە دایکم بەتەوسەوە ئەمەی گوتبێت، وای زانیبوو بەڕاستی من ئازادبووم. بۆیە بەدڵنیاییەوە نەخشەکەی کە لە مێشکی خۆیدا کێشابووی، هەر ئەو شەوە جێبەجێی کرد.



سەلاحی برام لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا سەباح و عادل، لە یەک ژووردا بوون و هەرسێکیان ئاگادار کرابوون کە سبەینێ دەبرێن بۆ بەغدا. ئەوانیش دەیانزانی ئەگەر ببرێن چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕێیانە. نەیانویستبوو خۆ بەدەستی ئەو چارەنووسەوە بدەن.

ئەو برایەم بەمنداڵیش زۆر لاسار و وریا بوو. لەبەر لاساری لێدانی دەخوارد، هەندێ جار بۆ سزادان باوکم لە ژوورێک دایدەنا و دەرگاکەی لێ کلیل دەدا، کەچی هەر هێندەمان دەزانی خۆی دەرباز کردووە، یان لە پەنجەرەوە هاتووەتە دەرەوە، یان دەرگاکەی بەکەوچک و تەل کردۆتەوە. لە زیندانی ئەمنی کفریشدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕێککەوتبوون کە دەرگاکە بشکێنێت و هەرسێکیان هەڵبێن. شوێنی منیشی دەستنیشان کردبوو کە لە ماڵی موختارم، دابنابوو دوای ئەوەی هەڵدێت، بێت لەوێ منیش لەگەڵ خۆیدا دەرباز بکات و پێکەوە بچینە ناوچە ئازادکراوەکان و ببین بەپێشمەرگە. بەڵام کە لە دایکمی بیستبوو من ئازادکراوم، ئیدی خەمی منی نەمابوو.

بەیانی زوو زوو، کە هێشتا دنیا لێڵ بوو، هاتن و منیان لە ماڵی موختارەوە برد. مفەوەز نەجیب زۆر شڵەژاو دیار بوو، ئاگر لە چاوەکانییەوە دەباری. کێبڵەکەی دەستی وا بەئامادەیی بۆ وەشاندن گرتبوو، کە زراوی مرۆڤی دەبرد. لێی پرسیم:

– کوا سەلاحەددین؟

من ئاگام لەو کەین و بەینە نەبوو کە ڕووی دابوو، لەو شڵەژان و تووڕەییەی ئەویش ترسا بووم، سەرسامانە وەڵامم دایەوە.

– کام سەلاحەددین؟

براکەم لە ناسنامەدا ناوی سەلاحەددینە، باوکم هەر بەناوی سەلاحەددینی ئەیوبییەوە ناوی نابوو، ئێمە هەر بەکورتی بانگمان دەکرد سەلاح و جگە لە باوکم، ئەویش جار جار، کەسمان بەو ناوە دووردرێژە بانگمان نەدەکرد و دینەکەیمان قووت دەدا. من لەو کاتەدا لەبەر شڵەژاویی و ترس هەر بیرم نەبوو کە مەبەستی لە براکەمە. بەدەم وەشاندنی کێبڵەکەی دەستییەوە کە بەر شانی چەپم کەوت و ئێشی مەرگی پێ گەیاندم، بەتووڕەبوونێکی هیستریاییەوە گوتی:

– یانی نازانی کام سەلاحەددین؟ قابیلە سەلاحەددینی ئەیوبی بڵێم. نازانی کە ئەمشەو برا سەرسەرییەکەت و دوو سەرسەری تر زیندانیان شکاندووە و هەڵهاتوون؟ یەک کەستان لە کفری ناهێڵمەوە، هەمووتان دەنێرم بۆ ئیعدام. کورد هەمووی گەواد و قەحپەن، یەک شەریفتان تێدا نییە و هەمووتان بۆ مردن باشن. پیاو و ژنتان وەک حەشەرە وان دەبێت قەلاچۆ بکرێن.

چاوەکانی سوور سوور بووبوون، ئەوەندەی گوت و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. یەکێکی دی هات و منی بردە دەرەوە و لە ئۆتۆمبیلێکی کە پێیان دەگوت لاندکرۆزەر، داینیشاندم، لە ئۆتۆمبیلەکەدا چوار کوڕی کەلەبچە بەدەستیش کز کز لە پشتەوە دانیشێنرابوون. دیار بوو ئەوانیش کێبڵیان لێ درابوو، پێیان گوترابوو بۆ مردن دەیانبەن، ڕەنگی هەموومان زەرد، زەرد هەڵگەڕابوو.

لە دواوە ئەو کوڕانە و دوو ئەمنیش پاسەوانیان بوو، لە پێشەوەش من لە نێوان شۆفێرەکە و پاسەوانێک دانرام. هێشتا هەر بوولێڵی بەیانی بوو، شار دەتگوت لە ناو تارماییدا حەشار دراوە. ئۆتۆمبیلەکە بەخێرایی لێی خوڕی و لە زێدی خۆمان دوور و دوورتری دەخستینەوە. نازانم ئەو کوڕە هاوزیندانییانەم بیریان لە چی دەکردەوە، وەلێ لە کاتی وادا مرۆڤ هەموو یادگارییە شیرینەکانی خۆی لەو شارەدا بیر دەکەوێتەوە. من هەستێکی پڕ لە نامۆیی لە دەروونمدا گەورە دەبوو، تا زیاتر لە زێدی ئازیزمان دوور دەخراینەوە، هەستی تاڵیی نامۆیی لە دەروونمدا گەورەتر و گەورەتر دەبوو. کە ئۆتۆمبیلەکە لە سنووری حەمرین تێپەڕی، ئیدی هەستم کرد پێم لە زەوی بڕا و لە بۆشاییدا هەڵواسرام. هەموو جارێک کە لەگەڵ باوکم، یان مامم دەچووم بۆ بەغدا، کە دەگەیشتینە ئەو شوێنە دەیانگوت ئەمە سنووری کوردستانە، حەمرین. ئەو شوێنە دروشمێکی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانیان وەبیر هێنامەوە کە لە بابم و مامەوە زۆر جار دەمبیستەوە "یان حەمرین، یان ئەمرین". لە حەمرین تێپەڕین، بەڵام تەنها جەستەم لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا مابوو، ڕۆحم دەگەڕایەوە دواوە، بۆ ئەوێ، ئەو شارەی کە خۆشم دەوێ و خۆشیم تیا نەدی. هەموو یادگارییەکانی ئەو سالانەم هاتەوە بەرچاو. ماڵ و کۆڵان و شەقام و چەم و چیاکانی کفری، هەر هەمووی دەهاتنەوە ناو خەیاڵە چڕ و پڕەکانم و یەک بەیەکی ڕووداو و دیاردەکان پێشبڕکێیان بوو بۆ ئەوەی بێنەوە سەر شانۆی خەیاڵم. نەمدەویست هیچ یەکێکیان





لە بیر بکەم، بیرم لە هەموویان کردەوە. هەر لەو ساتانەی منداڵییەوە کە ئیدی شتەکانم لە بیر دەما، تا ئەو ساتەی خرامە نێو ئەو ماشینەوە و لە زێدەکەم دوور خرامەوە، یەک بەیەکیان بوونەوە بەمیوانم. ئەو شتانەشی کە هێشتا من لە دایک نەبووبووم و پەیوەندییان بەمنەوە هەبوو، دایکم یان باوکم بۆیان باس کردبووم، ئەوانیشم دەهاتنەوە یاد و بەدەم ئەو یادانەوە هەندێ جار فرمێسکیش بەهێمنییەوە گلێنەمیان بەجێ دەهێشت و دەڕژان.

دایکم دەیگوت، کە زگم بەمنداڵەکانی تر پڕ بوو، لە هەموویاندا بێزووم بە شتی ترشەوە دەکرد، بەڵام کە مەهاباد لە زگمدا بوو بێزووم بەپەڕە کاغەزی کتێب و ڕۆژنامەوە دەکرد. پارچە کاغەزم لە ناو دەممدا دەجوو، تێر دەمجوو، دواییش قووتم دەدا. هەندێ جار دەیانگوت بۆیە ئەم کچەمان ئەوەندە حەزی لە کتێب و کاغەزە، ڕەنگە هۆی ئەو بێزووە سەیر و سەمەرەیە بێت. لە ڕاستیشدا من نائاسایی عاشقی دنیای کتێب بووم، زۆر زوو ئەم عەشقە لە تەمەنمدا سەری هەڵدا. بیرمە هێندە حەزم لە چوونە قوتابخانە بوو، هێندە تینووی فێربوون بووم، داوام دەکرد بمنێنە قوتابخانە. هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە پێنج ساڵ باوکم بەدایکمی گوت مادەم ئەوەندە حەزی لێیە بیبە لە قوتابخانە تۆماری بکە. لەبەرئەوەی تەمەنی وەرگرتنی قوتابخانە شەش ساڵ بوو، فێڵێکیان لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کرد و ناسنامەکەمیان پیشان نەدا و گوتیان ناسنامەکەی لە ماڵی مامیەتی لە بەغدا و ماوەیەکی تر دەیهێنین بۆتان. مامۆستا حەربییە، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو قایل بوو بەوە و منیان تۆمار کرد و بووم بەقوتابی پۆلی یەکەم. لە سەرەتای پۆلی سێیەم بووم، ناسنامەکەمیان بۆی هێنا و بووبووم بە شەش ساڵ. بیرمە ست حەربییە گوتی، چۆن شتی وا دەبێت پۆلی سێیەمە و تازە بووەتە شەش ساڵ. سەیر ئەوەیە ئەم دوو ساڵەش بەیەکەم دەرچووە، خۆ تازە ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ پۆلی یەکەم. ساڵی یەکەم تا نیوەی ساڵ فێری هەموو پیتەکان بووم و دەیان سروودیشمان لەبەر کرد. بۆ ڕاهێنان و بەشداریکردن لە ئۆپەرێتێکی منداڵاندا کە مامۆستا پەخشان ڕایدەهێنایین، بەشداریم کرد و لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠دا لە ئۆپەرێتی گوڵی ئازادیدا بووم بەگوڵی سوور. لەو ئۆپەرێتەدا هەندێک لە کچۆڵەکان گوڵی سوور بوون و هەندێکیان گوڵی زەرد، گوڵە سوورەکان جلی کوردی سووریان

لەبەر کردبوو، سەبەتەیەک گوڵی سووریان بەدەستەوە بوو، گوڵە زەردەکانیش جلی کوردی زەردیان لەبەر بوو، سەبەتەیەکیش گوڵی زەردیان بەدەستەوە بوو. ئەوە یەکەمین بەشداریم بوو لەسەر شانۆ و سەرەتایەکی زۆر هاندەریش بوو بۆ هەنگاوەکانی دواترم.

لە ناو ماشێنی زیندانندا یەکەم دیمەن کە هاتەوە بەر خەیاڵم ئەو ساتە بوو کە گوڵێکی سوور بووم و لەگەڵ سوور گوڵەکانی تردا دەمانگوت: گوڵی سوورم، گوڵە باخە، بۆ گەلی کورد زۆر بەداخە. دواییش بەدەم پرژاندنی گوڵە سوورەکان بەسەر شانۆکەوە دەمانگوت: گوڵ پەخشانە، گوڵ پەخشانە، بۆ لاوانی کوردستانە.

خەیاڵم دەیبردمە ناو بازاڕی کفری، بۆ لای دوکانە خنجیلانەکەی باوکم، کە بەشێکی کتێبخانە بوو، بەشێکیشی دوکانێکی ئاسایی وردەواڵەفرۆشی و ساردەمەنیشی تێدا دەفرۆشرا. لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم کە دەچووم بۆ یارمەتیدانی باوکم بۆ دوکانەکەی و لە بەشی کتێبفرۆشییەکەدا دادەنیشتم و ڕۆژنامەی برایەتیم بەدەستەوە دەگرت و بەحونجە هەموو بابەتەکانیم دەخوێندەوە. بەتایبەتیش شیعر و چیرۆکەکان سەرنجیان ڕادەکێشام. باوکم کە دەیبینی بەو تەمەنە بچووکەوە، کە هێشتا شەش ساڵم پڕ نەکردبووەوە و بەحونجە ڕۆژنامە و کتێبەکان دەخوێنمەوە، زۆر هانی دەدام و کتێبی دەدامێ بۆ خۆم، تا بیبەم لە ماڵەوەش بیانخوێنمەوە. لە ماڵەوەش کتێبخانەکەی برا گەورەکەم، قەیس، لە بەردەستمدا ئاوەڵا بوو، کە لە ناو ئەو کتێبخانەیەدا بێجگە لە ئەدەب، کتێبی فەلسەفە و مێژوو زۆر بوو، دەستنووسەکانی باپیریشم کە بەهەر چوار زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی بوون دانرابوون و زۆر جار بەو دەستوخەتە زۆر جوانەی باپیرم سەرسام دەبووم و ئەو نووسینانەی ئەو بوو ئارەزووی خۆشنووسییان تیا دروست کردم. ئیدی وەک شەیدایەک کتێبم دەخوێندەوە و لێیان تێر نەدەبووم. ئەم خولیایەی من بۆ خوێندنەوە و خێرا فێربوونم لە قوتابخانە و سەرکەوتنم لە وانەکانمدا وایان کردبوو لە ماڵەوە گرنگی و بایەخێکی زۆر و تایبەتیم پێ بدرێت. هانی زۆر بدرێم و منیش تا دەهات زیاتر هۆگری پەڕتووک و پەڕاو و ڕۆژنامە و گۆڤار دەبووم. ئەگەرچی ئەو خولیایە هۆکاری ئەو هەموو ئازارەم بوو و تا



بەر دەروازەی ئەو چارەنووسە نادیارەی بردبووم، کەچی نەمدەتوانی بۆ چرکەیەکیش پەشیمان ببمەوە لەوەی عاشقی کتێب بووم و شیعرم نووسیوە و بەهۆیەوە گیرۆدە بووم.

لە ناو ئەو ئۆتۆمبیلەدا کە دەیبردین و نەماندەزانی بەرەو کوێ، نەشماندەوێرا بپرسین بۆ کوێ، من بەخەیاڵ هەڵفڕیبوومەوە بۆ کفری و لەوێ پیاسەم دەکرد. چەند خۆش بوو ئەو کاتەی کیژۆڵەیەک بووم و جلی قوتابخانەم لەبەر دەکرد و بەیانیان زوو لەیلای خوشکم قژی بۆ دادەهێنام و قردێلەیەکی سپی پێوە دەبەست. دایکیشم لەولاوە چای بۆ تێ دەکردین و نان و ماستی بۆ دانابووین بیخۆین. خێرا خێرا نانەکەم دەخوارد، پێنج فلس ڕۆژانەکەم بوو، وەرم دەگرت و دەچووم بەشوێن هاوڕێکەمدا و من و ڕووناک، دێرینترین هاوڕێم، دەستی یەکترمان دەگرت و دەچووین بۆ قوتابخانەی هەتاو.

نیوەڕوان زۆر خۆشتر بوو کە لە قوتابخانە بەر دەبووین، پاش تۆزێ قوتابخانەکەی تەنیشتمان، قوتابخانەی ڕووناکی کوڕان، ئەوانیش بەردەبوون، هەموو تێکەڵ دەبوون و وەک خۆپیشاندانێکی بچووکی لێ دەهات. یەکێک دەستی پێ دەکرد و هەموو بەدوایدا دەمانگوتەوە، زۆربەی جاریش ئێمەی کچان دەستمان پێ دەکرد، دروشمەکانمان دەگوتەوە، دروشمی کوردایەتی، لەسەر پێشمەرگە و شۆڕش. یەکێک دەبوو بەپێشڕەو و دەیگوتەوە، ئەوانی دیش بۆیان تەواو دەکرد:

«یەکێتی قوتابیانین/ پێشمەرگەی کوردستانین»

«کورد و کورد و کوردستان/ مەلا مستەفای بارزان»

«چیتان ئەوێ ئەی کوردان/ سەربەخۆیی کوردستان»

«کێتان دەوێ بۆ رەئیس/باوکی لوقمان و ئیدریس»

ئەم دروشمانە نیوەی یەکەمی سالانی حەفتاکان، لە ناو ماڵ، لە قوتابخانە، لە کۆڵان، لە بازاڕ، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا لەگەڵماندا بوون. گوزارەبوون لە کوردبوونمان و شانازییەکانمان. نەک هەر گەورەکان، ئێمەی منداڵانیش، منداڵانێکی بەسیاسەت و بەکوردایەتی گۆشکراو بووین. لەگەڵ شیری دایکدا پێمان دەدرا و فریشکمان پێ دەگرت.

دەیان دیاردە و ڕووداوم هاتنەوە بەر دیدەی خەیاڵ، تا ئۆتۆمبیلەکە دوورتر دەکەوتەوە دنیا گەرمتر دەبوو، کەمتر سەوزاییمان دەبینی، زۆرتر دەشتایی بوو، چیا و دۆڵ و شاخ دوور، یەکجار دوور کەوتبوونەوە و لە پشتمانەوە بوون. گەیشتینە شارێک، شارێکی یەکجار ناشیرین بوو، ئۆتۆمبیلەکە چووە ژوورەوە بۆ ناو حەوشەی بینایەکی ترسناک. دایانبەزاندین، کوڕەکانیان بۆ شوێنێک و منیان بۆ شوێنێک لە هەمان خانوودا برد. ئیدی کوڕەکانی کفری، هاوزیندانییەکانم قەت نەدییەوە.

منیان بردە ژوورێکەوە کورسی و مێزی تێدا بوو. کابرایەکی لەوانی دی ناشیرینتر لە پشت مێزەکە دانیشتبوو. تەماشای فایلەکەمی کرد و بەغەزەبێکەوە تەماشای کردم و گوتی:

– هێشتا بەقەدەر کێرمی سیاسەت دەکەی؟ نەعلەت لە خۆت و لە بابت کە تۆی لێ بووە. هی ئەوەیت یەکسەر ئیعدام بکرێیت.

ئەو قسەیەی ئەوەندە ناشیرین بوو، ئەوەندەم پێ ناخۆش بوو، ڕەنگە لەو ساتەدا بیانکوشتبام هێندەم پێ ناخۆش نەبایە. لە ڕاستیدا لەو چرکە ساتەدا کە ئەو جنێو و سووکایەتییە دەبیستیت، مردنت زۆر پێ خۆشتر دەبێت. چەند جارێکی تریش گوتیان و ئەویش دووپاتی کردەوە کە ئیعدامت دەکەین، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر لەو بڕوایەدا بووم کە مەرگم نزیک بووەتەوە. بەتایبەت ئەمیان بەشێوەیەکی زۆر جیدیتر گوتی و منی لە چاوەڕوانی ئەو مەرگەدا هێشتەوە. بەپاسەوانێکی گوت بمبات، قۆڵی گرتم و بردمی. لەبەر دەرگای ژوورەکەوە پەڕۆیەکی ڕەشی چڵکنی بەستە چاوەکانم، لە دڵی خۆمدا گوتم تەواو خۆیەتی، بەرەو مەرگ دەبرێم. بەچاوی بەستراوەوە هەنگاوم دەنا و قۆڵی گرتبووم، دیاربوو ڕێگاکە هەندێک پێچاوپێچی وەک کۆڵانی تێدایە. دەنگی کردنەوەی دەرگایەکم بیست و پاڵنرامە نێو ئەو ژوورەوە. دەرگاکە داخرایەوە. ئەو شوێنە کوێیە و من لە کوێم و چیم لێ دەکەن؟ نازانم! پەڕۆیەکی ڕەش بەتوندی چاوەکانی دەگلۆفی و هەستی بینینم بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرابوو. بەهەستەکانی تر وێنای شوێنەکەم دەکرد. بۆنی خوێنی تەڕ و خوێنی وشک تێکەڵ بووبوون.

بەوەدا هەستم دەکرد ئەو جێگایە پرسگەیەکی مردنە. ماوەیەکی پێ چوو، چەند



کاتژمێر بوو، نازانم، بەمەزەندە سێ تا چوار کاتژمێری خایاندبوو، سیرڕەی دەرگاکە هات و پێ دەچوو کەسێک هاتبێتە ژوورەوە. خولەکێک دوای ئەوە پەڕۆ ڕەشەکەی لە چاوم کردەوە و تا یەک دوو خولەکیش هێشتا هەر بەرچاوم تاریک بوو، کە بەرچاوم ڕوون بووەوە لە ژوورەکەدا چی ببینم؟! دیمەنێک کە مەحاڵە لە بیر بکرێت، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. جەلادێکی زەبەلاحی دەموچاو هەڵپێکراو بەدەمامکی ڕەش لە بەرامبەرمدا ڕاوەستابوو. پڕ بەمانای وشەی تۆقین تۆقیم. لە ژوورەکەدا هیچی دیکە نەبوو، جگە لە گوریسێک کە لە بنمیچەکەوە بەقولابێکەوە هەڵواسرابوو. ڕێک وەک پەتی سێدارە شۆڕ ببووەوە. جگە لە پەتی سێدارە و جەلاد، هیچی دیکەم لە نزیکەوە نەبوو. لەرزێکی ترس و تۆقینم لە ناوەوەی جەستەی خۆمدا هەست پێ کرد، کە لەرز نەبوو، بەڵکە بوومەلەرزەیەکی دەروونی بوو. لە نێوان من و مەرگدا گوریسی سێدارەیەک و جەلادێک وەستابوو، خەریک بوو لە حەژمەتان ئاگاییم لێ ون بێت. دڵم دوای تاوێک کوتانی خێرا خێرا، هێدی هێدی خاو دەبووەوە و پێش ئەوەی ببووریمەوە، وەک زیندەخەوێک دایکمم بینی دەمی دەجووڵێنێ و خێرا خێرا فوم لێ دەکات. دوای چەند فوویەک ئیدی ئاگام لە سێدارە و جەلاد و زیندانی سامناکی ئەمنی بەعقووبە بڕا.

***

## پرسگەی مردن

ئارامترین دۆخی ژووری ئەشکەنجەدان کە پرسگەیەکی مەرگە، ساتەکانی لە هۆشی خۆ چوونە. ئەو ساتانەی کە ئاگایی ماڵئاواییت لێ دەکات و ئازارەکانت لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەو ساتانەی کە کۆچت کردووە و نەکردووە، دەژیت و ناژیت، ماویت و نەماویت. گرنگ ئەوەیە بێ ئەندێشەیت و ئاگات لە ئەشکەنجە بڕاوە و گوێت جنێوەکان نابیستێت و دەروونت وەک دەریا شەپۆل نادا و ئۆقیانووسێکی لە ئارام ئارامترە. ئەوانیش دەزانن ئەم دۆخی لە هۆش خۆچوونە چەند خۆشە بۆ زیندانییەک، بۆیە ناهێڵن ئەو دۆخە هێندە درێژە بخایەنێ و بەجامێ ئاوی تەزیو، یان کوڵاوکوڵ پێشوازی لە هۆشی دەکەن و هۆشیش بەپرتاو دێتەوە و کوڵی ئازارەکانت لە بن هەنگڵیدایە و بۆت دەهێنێتەوە.

هێشتا هۆشم فریا نەکەوتبوو چەند هەنگاوێ دوورتر بچێت، بەهاڵاوی ئاوێکی گەرم، کە بەسەر شان و ملمدا ڕژێنرابوو، هاتمەوە هۆش و ئازارەکانیشم لە چاوترووکانێکدا هاتنەوە و ئەمجارە سوێ و کزانەوەی شان و ملی بەرئاوی کوڵاوکوڵ کەوتووشم سەربار بوو، چەند ئێشیان دەهات! ڕەنگە ئەو جۆرە بێت کە پێی دەگوترێ ئێشی مەرگ. دەگریام، بەڵام بەبێ فرمێسک. بەدرێژایی ئەو ڕێگایە و بەدەم یادگاری و زیندەخەونە شیرینەکانەوە هێندە فرمێسک بەربووبوونەوە، هەستم بە وشکبوونەوەی سەرچاوەی ئەشکەکانم دەکرد. هەندێ جاریش ڕقی ناخم بەرامبەر بەجەلادەکەم هێند ئەستوور دەبووەوە کە نە گریان و نە کڕووزانەوە بکەم بەهەڵوێست و بەرگری پێ لە خۆم و ئەو کێشەیەی کە لەسەری زیندانی کراوم، بکەم. مرۆڤ لە زینداندا زوو گەورە دەبێ، ڕۆژەکان ساڵئاسا تێدەپەڕن و دۆخە تاڵەکانی ئەشکەنجەخانەکان دەبن بە وانە و ئەزموونی ژیان. کیژێکی چواردە ساڵی نازکێشراو، کەسێ لە بنەماڵەدا لە گوڵێ کاڵتری پێ نەگوتبێ و بکەوێتە ناو دۆخێکی هێندە دژوار و پڕ مەترسییەوە و ئەو هەموو جنێوەی پێ بدرێت و سووکایەتییەی پێ



بکرێت، دەبێ چی لێ بێت؟ سوپاس بۆ ئەو مرۆڤە گەورەیەی کە چواردە ساڵ بوو هانی دەدام بەهێز بم، پشت بەخۆ بەستوو بم و خۆم بم. ئەو هێزە بوو لە ناخەوەم هێدی هێدی ترس و تەنیاییان دەبەزاند. ئەو هێزە بوو لە ناو زینداندا پەروەردەی دەکردم و پەروەردەم دەکرد. هێزێک بوو بابم و مامم پێیان بەخشیبووم و خۆیشم بەردەوام لە ناو خۆمدا پەرەم پێ دەدا.

من کێم؟

بۆ لێرەم لەم ژوورە؟

چیم کردووە و بۆ وام لێ دەکەن؟

من خاوەنی چیم و بۆ ئەو هۆنراوانەم نووسی؟

ئەوان کێن و بۆ ناهێڵن خاکی خۆمان خۆش بوێ و مرۆڤی خۆمان خۆش بوێ و داوای مافی خۆمان بکەین؟

پرسیار و پرسیار و پرسیار، ڕامانێکی بێ دەنگ لە بوون و لە کوردبوون و لە کۆیلەبوون، لە خۆم و لە دەوروبەرم، دەوروبەریشم بریتی بوو لە ژینگەیەکی تاریک و بۆگەن، جەلادی سامناک و ئامرازی داپڵۆسینەر. بیرکردنەوە لەوانە ببوونە تاقە پیشەم و سات بەسات ئەزموونداریان دەکردم و گۆڕانیان بەسەرمدا دەهێنا، لە مەهابادێکی ناسک و نازکێشراو، مەهابادێکی یاخی و سەرکێشیان دروست دەکرد. بناغەی یاخیبوونی من بەرامبەر بەنادادپەروەری و زۆرداری ئەوسا و لەو زیندانەدا دانرا. سوپاس بۆ قانیعی شاعیریش کە لەوێ زوو زوو دەهاتە ناو ژووری بیرم و بەدێرە تەزوو بەخشەکانی شیعرەکەی هانی دەدام ئەشکەنجە بکەم بەئەزموون، ئازارەکان بکەم بە وانە و زیندان بەقوتابخانە. قانیع دەیگوت:

(گەرچی دوژمن وا دەزانێ من بەدیلی لاڵ دەبم
چاک بزانێ کونجی زیندانم قوتابخانەیە
قانیعم ئەمڕۆ لە زیندانا بەئازادی بژیم
سەد هەزار نەعلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە).

ئەم شیعرەی قانیع کە سەرتاپایم لەبەر بوو، بەدەنگە بەسۆزەکەی حەمە جەزا

هێندە بیستبووم و بۆ خۆم گوتبوومەوە، لە زیندانیشدا بەهانامەوە هاتن و ڕووبەڕووی جەلادەکان دەنگی حەمە جەزا و بیری قانیع لەگەڵمدا بوون و لە سەنگەرەکەی منەوە بەهەرسێکمانەوە دژی ئەوان دەجەنگاین. ددانی پێدا دەنێم کە ئەم شاعیرە مەزنە بەو چەند دێرەی زیندانی بۆ من کرد بەزانکۆی ژیان، ئەو هونەرمەندە هێژایەش ئازارەکانمی دەلاواندمەوە و بەدەم لایە لایەکانی ئەو خەو دەیبردمەوە و کە لە خەو هەڵدەستام پڕ بووبووم لە وزەی بەرگری. ئەو میکانیزمی بەرگرییەی کە لە زینداندا بۆ مانەوەی خۆم بەکارم دەبردن بریتی بوو لەو شیعرەی قانیع و چەندان شیعری شۆڕشگێڕانەی تری شاعیرەکانمان و سروودی نەبەردانەی گۆرانیبێژانمان و ئەو سیمبولە سیاسیانەی کە خوومان پێوە گرتبوون و ببون بەبەشێکی ڕۆحمان.

قۆڵێکی گرتم و هەڵیساندم و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕایوەستاندم. ڕێک لە ژێر ئەو گوریسەی کە بەقولابی بنمیچەکەدا چوون پەتی سێدارە شۆڕ ببووەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم تەواو. لەو ساتەدا شەپۆلێک خەم و تامەزرۆیی بەخێرایییەکی تیژ بەناو گیان و دڵ و دەروونمدا تێپەڕین، بینینەوەی کەسوکارم، هاوڕێیانم، خۆشەویستەکەم، بینینەوەی کفری. بەڵام ئەم شەپۆلە خەمبارییە زوو گوزەرا و سرودی ئەی شەهیدان بەدەنگە گڕ و کاریگەرەکەی ناسری ڕەزازی ژوورەکەی پڕ کردەوە و پڕ بووم لە شانازی. ئەو خەریکی ئامادەکردنی پەتەکە بوو، دامنابوو بیخاتە ملمەوە، بەڵام وای نەکرد. هەردوو دەستمی بەرز کردەوە و توند بەگوریسەکە شەتەکی دا، بەشێوەیەک کە ڕێگەی هاتوچۆی خوێن بۆ ناولەپم تەواو سست ببێتەوە. تێگەیشتم ئەمە ژووری ئەشکەنجەدانە نەک ژووری سێدارە. خودایە دەبێ چیم لێ بکەن؟!

یەکەمین ڕۆژم بوو لە ئەشکەنجەخانەی ئەمنی بەعقووبە، بەڵام هەفتەیەک بوو لە زینداندا بووم. لەو هەفتەیەدا جگە لە ترس و تۆقاندن و ئازار و خەم، خەو و خۆراکیشم هێندە کەم بوو کە تەواو بێ هێزیان کردبووم. گیانم بەو هێزە دەروونییە بوو کە لە ناخەوەمدا بەردەوام کاری دەکرد و وزەی بەرگریی دروست دەکرد. بەعقوبە، ئەو ناوەیە لەگەڵ بیستنیدا ئێڵنجم دێ، پرسگەی مردنم بیر دەخاتەوە و وێنەی جەلاد و دەمامک دەهێنێتەوە بەر دیدەم.



کابرای جەلاد دوای توند بەستنەوەی دەستم بە پەتەکە، کە لە شێوەی نیمچە هەڵواسین دەچوو، خۆی چووە دەرەوە. مەزەندەم دەکرد کات ئێوارە بێت، لەوێ لەو ژوورە بێ پەنجەرانە، پێوەرێک نەبوو کاتی پێ بپێوی و بزانی چ ڕۆژێکی هەفتەیە، چ هەفتەیەکی مانگە، چ ساتێکی ڕۆژ یا شەوە، تەنها بەهەست و بەمەزەندە لێکت دەدایەوە شەوە یان ڕۆژ. ئەشکەنجەدان بەجۆرێ بوو هەر بەڕاستیش شەوی لێ دەکردی بەڕۆژ و ڕۆژی لێ دەکردی بەشەو.

هێندە زۆری پێ نەچوو کە ئەو کابرا ناشیرینەی کە یەکەم کەس بینیم و جنێوەکانی دابوو، هاتە ژوورەوە. تەنها جگەرەیەکی پێ بوو. بەتەوسێکەوە دووکەڵەکەی بە با دەدا و سەیری دیمەنی هەڵواسرای منی دەکرد. گوتی:

– فایلەکەتم خوێندەوە، دەبوایە ئەم ئەرکە هاوڕێیانمان لە کفری ئەنجامی بدەن، بەڵام لەبەرئەوەی برا چەپەڵەکەت و هاوڕێیانی زیندانیان شکاندووە و ڕایان کردۆتە ناو موخەڕبین، ئێوەیان بۆ ئێمە ناردووە لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ تەواو بکەین. لە ناو فایلەکەتدا نووسراوە تۆ کچێکی لە قوتابخانە زۆر سەرکەوتوویت، مامۆستاکانت شایەتییان بۆ داویت کە زۆر بەئەدەب و عاقڵ و زیرەکیت. هەمووشیان پێیان سەیر بووە کچێکی وەک تۆ کارێکی وا نابەجێ بکات و پەیوەندی لەگەڵ موخەڕبین هەبێت. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەت و مامۆستاکانیشت پێیان وایە تۆ باشترین نمرە دەهێنی و دەتوانی بچیتە کۆلێژێکی زۆر باش. تۆ کە کچێکی ئەوەندە زیرەکیت، بۆچی دواڕۆژت بسووتێت و لە زینداندا دابڕزێیت. دایکت و باوکیشت بەخەفەتەوە بمرن. سەرپێچی مەکە لە وەڵامدانەوە، چی دەپرسین بەڕاستی وەڵام بدەرەوە.

ئەم قسانەی زۆر بەهێمنییەوە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەو هێمنییەشدا دەموچاوی هەر زۆر ترسناک بوو. تا ئەو کاتە مرۆڤی ئەوەندە ناشیرینم نەدیبوو. دوو برۆی زۆر پڕ و تێکەڵاوی یەکتر بەسەر دوو چاوی ڕەشی سامناکەوە، لووتێکی خڕ و گەورە، سمێڵێک لە شێوەی ئەو جۆرە گسکەی کە پێیان دەگوت گسکی بەغدا، لێوێکی ئەستوور لە ژێر ئەو سمێڵەوە شۆڕ ببووەوە. دانەکانی گەورە و شاش بوون و بەجگەرەش زەرد هەڵگەڕابوون، لە ژێر چەناگەی کورتییەوە غەبغەبەیەکی چەڵق شۆڕ ببووەوە. ئیدی ئەوەی ناوی جوانی بوو لەو پیاوەدا قاتی بوو. من نازانم هۆیەکی

دەروونی بوو یان هەر بەڕاستیش وا بوو کە هەر هەموو ئەوانەی کە لە دەزگای ئەمنی بەعس کاریان دەکرد ناشیرین بوون، بەڵام لە هەموویان ناشیرینتر کە دیبووم ئەو پیاوە بوو.

منیش بە دەنگێکی کز و ئاسپایی وەڵامم دایەوە:

– من هەرچییەکیان لێ پرسیم و هەرچییەکم دەزانی لە کفری وەڵامم دایەوە، لەو وەڵامانە زیاترم نییە. بشمکوژن هیچی تر شک نابەم بیڵێم.

هێمنییەکەی درێژەی نەکێشا و تووڕە بوو، ئەبرۆکانی ئەوەندەی تر تێکچرژان و غەزەب لە چاوەکانییەوە دەباری:

– ناتکوژین، بەڵام وات لێدەکەین ئاواتی مردن بخوازیت. قەت نەتبیستووە ئێمە کێین؟ نەتبیستووە کە بەبێ دانپێدانان هیچ زیندانییەک بە سەلامەت دەرناچێت لای ئێمەوە؟ ئێستا مەهاباد تۆ دەبێت دانی پێدا بنێی چەند جار موخەڕبینت دیوە؟ خالد گەرمیانیت لە کوێ دیوە؟ چیتان باس کردووە؟ کێی ترت لەگەڵدایە؟ هەموو ئەم پرسیارانە وەڵام بدەرەوە.

– بەخوا هیچ کەسێکم نەدیوە و هیچ کەسێکم لەگەڵ نەبووە. ئەگەر هیچ شتێک نەزانم چی بڵێم، بەخوا نازانم چی بڵێم.

– ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستیت هەیە لەگەڵ خالد گەرمیانی، ئەوە ئێمە هەقمان بەسەرتەوە نییە و ئازادت دەکەین. تەنها دەمانەوێ دڵنیابین کە کاری سیاسی ناکەیت، ئێمە هەقمان بەسەر کاری عاتیفییەوە نییە.

– من ئەو کوڕە هەر ناناسم، خۆشەویستی چی و پەیوەندی چی.

– خۆشت دەوێ.

– من دەڵێم نایناسم.

لەو کاتەدا جگەرەی دووەمی تازە پێ کردبوو، مژێکی قووڵی لێ دا و، دووکەڵەکەی کرد بە سەروچاومدا. هەستم بە خنکان دەکرد. گوتی:

– چاوەڕێم وەڵامی ڕاستم بدەیتەوە، ئەو وەڵامەت لە کفرییش چەند جار وا داوەتەوە و باوەڕمان وایە کە درۆ دەکەیت. بۆیە چاوەڕێم ڕاستیم پێ بڵێیت.



– ڕاستیم پێ گوتوون.

– نەخێر درۆ دەکەی.

– درۆ ناکەم.

ئاگری جگەرەکەی هێنایە نزیک سنگمەوە و دیسانەوە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و منیش بێدەنگ و ترساو و هەڵواسراو خۆم وەک جوجکێکی ئاوەڕووتکراو دەهاتە بەرچاو، بێدەنگ مامەوە. یەکەمین چزەی سووتاندن بە جگەرەکەی دەستی لەسەر سنگم بوو، لەسەر کراسەکەشمەوە، بەڵام نەک هەر کراسەکەم بەڵکە پێستەکەشی سووتاند. بەوەیدا کە جگەرەکەی خامۆش بوو، پێ دەچوو ئاگرەکەی لەسەر سنگی مندا جێمابێ. کزەی سووتان ڕەنگە هەموو کەس بزانێ چۆنە، بەڵام کە هەردوو دەستیشت بەسترابێتەوە بۆ سەرەوە و لە تاو ئێشدا گینگڵ بدەیت و خۆت گرمۆڵە بکەیت چیت لێ دێت؟ کە لە تاوا پێم هەڵبڕی هەستم بە ئێشێکی لەوە سەختتر کرد لە هەردوو شانمەوە بەرز بوونەوە، گوێم لە قرتەی ئێسکەکانی شانم بوو. دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، ئێستاش کاریگەری ئەو شاندەرچوونە، زۆرجار هەو دەکاتەوە و ئازارم دەدات و خەوم دەزڕێنێ. ئەوەیە باجی کوردبوون.

خۆی چووە دەرەوە و منی لەگەڵ سەختترین ئێشدا بەجێهێشت، زۆری پێنەچوو جەلادە دەمامکدارەکە هات و پاکەتێ جگەرە بەدەستیەوە بوو. جگەرەیەکی پێ کرد و پاکەتەکەشی پیشاندام و گوتی:

– کارم ئەوەیە، ئەم پاکەتە جگەرەیە لەسەر جەستەی تۆ خامۆش کەم.

قۆپچەی کراسەکەمی کردەوە و ئەمجارە جگەرەکان بەبێ بەربەستی کراس و ڕاستەوخۆ لەسەر گۆشتدا دەکوژێندرانەوە. ئا ئەم دیمەنە و ئێش و ئازارەکانێتی کە بەنووسین دەرنابڕدرێ، بە تابلۆ ناکێشرێ، بە مۆسیقاش ناژەنرێ و بەهیچ ناپێورێ.

جگەرەی دووەمیش بەهەمان شێوە لە سەر سنگم خامۆش کرا. بە خامۆشبوونی ئەو من دەبووم بە کوورەیەکی ئاگر و دەسووتام، بەڵام چ سووتانێک! ئای لە وشە کە دەرەقەتی دەربڕینی ئەم دۆخە نایەت. کە جگەرەکە خامۆش دەبوو پێی نەدەکردەوە و فڕێی دەدا، دانەیەکی تری لە ناو پاکەتەکە دەردەهێنا و پێی دەکرد. ئەو ڕۆژە سنگی

من، بەتایبەت مەمکەکانم بوون بە تەپڵەکی جگەرە و ئاگر و خۆڵەمێشی جگەرەکانی ئەو جەلادەی تێدەکرا. لە ڕاستیدا هاواری من و بێباکی و لەسەرەخۆ جگەرەکوژاندنەوەی ئەو لەسەر جەستەی چوارده ساڵانەی من لەوە دەچوو لەززەتی زۆری پێ ببەخشێت، چونکە لەو کاتەدا قا قا پێدەکەنی. پێکەنینێک کە دەروونی خاپوور دەکرد. بەو پێکەنینە لە ناخەوەی خۆمدا زۆر تووڕە دەبووم، بەجۆرێ ڕقم هەڵدەستا دەگەیشتە ئەوپەڕی سنووری تووڕەبوون، بەجۆرێ کە هەوڵ بدەم دەربەستی ئازار نەیەم، بەڵام ئازاری ئەو سووتاندن بەو جگەرەیە گاڵتە نەبوو، مەحاڵە وشە و گوزارەکان بتوانن دەرەقەتی وەک خۆی باسکردنی بێن. مەحاڵە هیچ دڕندەیەکی کێوی ئەوەندە بێدەربەستانە نێچیرەکەی بەردەستی داپڵۆسێت. هێندە دەتوانم بڵێم لە ماوەی نزیکەی کاتژمێرێکدا پاکەتێ جگەرە لەسەر سنگم و ملم خامۆش کرا. هێندە دەزانم دیسانەوە لەهۆشخۆچوون بەهانامەوە هات.

کە چاوم کردەوە لە ژوورێکی تر بووم، هەر تەنیا خۆم و زامەکانی جەستەم و سوێ و کزانەوەکانی. ئەو تەنیاییـیەم زۆر پێ خۆش بوو، بۆ ئەوەی کەس نەمبینێت کە دەگریم. پێویست بوو بگریم، نەگریابام دەمردم، بەڵام نەشمدەویست لە بەرچاوی ئەوان بگریم و ئەوان پێبکەنن و چێژ لە ئازار و گریانەکانم ببینن. سوودم لەو تەنیاییە دەبینی بۆ گریان و خۆ خاڵی کردنەوە. دەگریام تا خەوم لێدەکەوت، بەڵام خەوێکی پڕ لە ڕاچڵەکان، بە دەم خەوبینین بە ئەشکەنجەکانەوە و بەدەم کزانەوە و سوێ و ئێشەکانی جێسووتانەکانی سنگ و شان و ملم و ئازاری دەفەی شانم کە پێ دەچوو ماسوولکەکانی لەبەریەک ترازابن. لەو هەفتەیەدا هەستم دەکرد چەند ساڵێک گەورەتر بوومەوە. گەورەبوونەکە لە تەمەن و لە ڕامان و لە بیرکردنەوە، بەپێچەوانەشەوە بچووکبوونەوە بە قەبارە، ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز و بێ هێز دەبوومەوە.

ئەو ژوورەی منی تێدا بووم، نە ئاو و نە ئاودەستی تێدا بوو. ڕۆژی سێ جار دەرگایان دەکردەوە و دەیانبردم بۆ خانەی دەستشۆری کە دە مەترێک لە ژوورەکەوە دوور بوو. لە بەردەم دەرگای ئاودەستەکەدا قالدرمەیەک هەبوو، لە ژێر قالدرمەکەدا پیاوێک کە بە جلە کوردییەکەیەوە دەمزانی دەبێ خەڵکی گەرمیان بێت، چاوەکانی بەسترابووەوە، دەست و پێی کەلەبچە کرابوو، لەوێ فڕێ درابوو. ئەو پاسەوانەی



منی دەبردە دەستشۆرییەکە و خۆی لەبەر دەرگا دەوەستا، هەموو جارێک شەقێکی لەو پیاوە کوردە هەڵدەدا. وەخت بوو لە داخاندا شەقم دەبرد، ئێستاش ئەو دیمەنانە و ئەو هەموو سووکایەتییەی بە کورد دەکرا دێنەوە وێزەم و ئازارم دەدەن. هەر سێ جارەکەش دوای بینینی ئەو دیمەنی بەرشەقدانەی ئەو پیاوە کوردە، کە دەیانبردمە ژووره تەنیاکە خواردنیان دەهێنا، خواردنێکی بێ تام و قێزئاوەر. جگە لە ئازارەکانی خۆم ئازارەکانی ئەو پیاوە کوردەی کە لەبەر ئەو ئاودەستانە تێیان هەڵدەدا بە تەواوی ئیشتیامی کوێر کردبۆوە و خواردنم پێ نەدەخورا، برسیشم نەدەبوو، هەستم دەکرد لە ناو جەستەمدا جگە لە دڵێک کە بە سستی و پەستی لێدەدات و جووتێ سیی کە بە ئاستەم بای بۆگەنی ئەو زیندانە هەڵدەمژێت و دەیکاتە هەناسەم، چی دیکەم تێدا نەماوە. هەستم بە بەتاڵبونەوەی کلێشەم دەکرد، چونکە ڕۆحم لەوێ گیری نەدەخوارد و خەیاڵم دەیبردەوە بۆ زێدەکەم. هەر لەو ساتانەوە هەستم دەکرد خەیاڵ و ئەندێشەم فێری سنووربەزاندن و کۆت و پێوەند شکاندن بوون و ڕۆحمیان فێری بزێوی و گەڕان کرد. چاوەکانمیان دەبردەوە بۆ بینینەوەی ساتەکانی منداڵیی، بۆ خوێندنەوەی یەکەمین نامەی دڵداری. گوێیەکانمیان دەبردەوە بۆ بیستنی لایلایەکانی دایکم، حیکایەتەکانی باپیرم "باوکی دایکم" کە شەوانی منداڵیم لەگەڵ خوشک و براکانمدا لەدەوری کۆدەبووینەوە و گوێمان بۆ شل دەکرد. بیرمە کە زۆر منداڵ بووم وام دەزانی باپیرم فریشتەیە. نازانم بۆ وا تێگەیشتبووم، بەڵام میهرەبانی ئەو هێندە بێ سنوور بوو کە لای من ئەو کەسێکی بێ وێنە و تایبەتی بوو. هاوتەمەنەکانی بە سۆفی، کەسانی تریش بە مام سۆفی بانگیان دەکرد، ئێمەش لە ماڵەوە "بابا" مان پێ دەگوت. ئەو جگە لە میهرەبانی و شادمانی و خۆشەویستی هیچی تری بە سامان نەدەزانی. ئەوەی گرنگ نەبوو بە لایەوە پووڵ و پارە بوو. لە مزگەوتێکی نزیکی ماڵی خۆمان پێشنوێژی دەکرد و بانگی دەدا، ئەو مەلا نەبوو، بەپووڵ خواپەرستی نەدەکرد و بە پارە بانگی نەدەدا. ئەو مزگەوتەشی کە ئەو دەیبرد بەڕێوە سادە و ساکار بوو، بڵندگۆی تێدا نەبوو، بابام دەچووە سەربانی مزگەوتەکە و دەستی دەخستە پەناگوێی و بانگی دەدا. زۆر جار لە کاتی بانگداندا منیش دەچوومە سەربانی ماڵی خۆمان تا بابام ببینم کە بانگ دەدات، دوای ئەوەی

بانگەکەی تەواو دەکرد دەستی هەڵدەبڕی و پێی دەگوتم وا دێمەوە، هەموو کاتێکیش کە دەهاتەوە بنێشت و نوقڵ و شیرینی بۆ دەهێنایەنەوە. ئەو دەچۆکەی باپیرم قسەی پێ دەکرد، وەک هی خەڵکی گەرمیان نەبوو، کوردییەکی خۆشتر و پاراوتر بوو، کوردییەکی پەتی. ئەم باپیرەشم لە سەردەمی قات و قڕی و گرانی لە شارەزوورەوە لەگەڵ دوو برای لە خۆی بچووکتری و "پیرۆز"ی دایکی هاتبوونە ناوچەی گەرمیان بۆ کار و لەوساوە لە کفری نیشتەجێ بووبوون. دایکم کچی تاقانەی ئەوە، جوانییەکەشی و میهرەبانییەکەشی لەو سۆفییە خوێنشیرینە دەچێت، کە من هێندە خۆشم دەویست کە یەکەمین شیعرم لە پرسەکەی ئەودا نووسی، ساڵی ۱۹۷۸، ئەو دەم تەمەنم دوانزە ساڵ بوو. لاوێنەرەوەیەکی بەردەوامی من لە زینداندا ئەو بوو، کە لێیەوە یەکەمین وانەکانی خۆشەویستی و ویژدان و دڵسۆزی فێربووم. لەو ژوورە ئینفیرادیانەی زینداندا ئەو مرۆڤە نموونەییانەم نەبوایە، مەحاڵ بوو بمێنم. باپیرەم و شاعیرەکان و هونەرمەندان و سەرکردەکان، ئەوان نەیاندەهێشت تەنیا بم، یادی ئەوان وەک هەتووان زامەکانیان سارێژ دەکردمەوە.

دوای سووتاندن بە جگەرە و فڕێدانم لەو ژوورەدا، سیستەرێک هەموو ڕۆژێ دەهات و تیماری جێ سووتاوەکانی دەکرد. سیستەرەکە جاری یەکەم بەدەم تیمارکردنەوە لێی پرسیم:

– تۆ زۆر منداڵی، چ تاوانێکت کردووە؟

– هیچ.

– نابێت هیچت نەکردبێت و وات لێ بکەن.

– شیعرم نووسیوە.

– شیعری سیاسی؟

– ...

– تۆ هەقت بەسەر سیاسەتەوە چ بوو، بۆ خۆت دڵداریت بکردایە، شیعری دڵداریت بنووسیایە.

– ...



ئەو دەرمانەی بەکاری دەهێنا دەرمانێکی کاریگەر بوو، لە چەند ڕۆژێکدا جێسووتانەکانی تا ڕادەیەکی زۆر خۆش کردەوە و ئازارەکانیشی کز دەکردەوە. لەو چەند ڕۆژەدا دیمەنی کاریگەر و ئازاردەری من ئەو پیاوە کوردە بوو کە سێ ژەمە شەقیان تێهەڵدەدا . هێی پیاوی کورد چ حەشرێکت پێ دەکرێت و چ بەکۆیلەکراوێکی. هێی ژنی کورد، تۆیش دیلی دەستی چ پیاوگەلێکی دیل و داماوی!

هەفتەیەک بوو لەو ژوورە بووم و بەتەنها بووم، شەوێک پێ دەچوو نزیکی نیوەشەو بێت، دەرگاکەیان کردەوە و کیژۆڵەیەکی تریان فڕێ دایە ژوورەوە. بە شێوەیدا دیار بوو کورد نییە، دیار بوو ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، بەڵام ئەو نەسووتێندرابوو. ماوەیەک بەبێدەنگی هەر سەیری یەکترمان دەکرد و نە من و نە ئەو نەهاتینە گۆ. من بیستبووم کە لە زینداندا بۆ فێڵ و بۆ دەرکێشانی قسە لە زیندانییان هەندێ جار کەسێکی سەر بە خۆیان دێنن و لە ژوورەکەدا دایدەنێن و دەیکەن بە هاوڕێت، تا وردە وردە متمانەی پێ بکەیت و قسەی لا بدرکێنیت. لەو ساتەدا یەکەمین شت کە بە خەیاڵمدا هات ئەوە بوو، بۆیە بە ئاگادارییەوە دەجووڵامەوە. دوای ماوەیەک ئەو بێدەنگییەکەی شکاند و بە عەرەبی پرسیاری کرد:

– دەمێکە لێرەی؟

– هەفتەیەکە لەم زیندانەم، بەڵام دوو هەفتەیە گیراوم.

– تۆ عەرەب نیت؟

– نەخێر، کوردم.

– خەڵکی شیمالی.

لە جیاتی وەڵام، بە هێمای ئەرێ سەرم ڕاوەشاند. چەند ئازار دەچێژم کە ناوێکی تر لە وڵاتەکەم دەنرێت، کە ناوی ئەو نییە. بەهەرحاڵ، ئەو کیژە شیعە بوو، لە کاتی بڵاوکردنەوەی نووسراوەی حیزبی دەعوەی ئیسلامی گرتبوویان. کچێکی ئەسمەری خوێنشیرین بوو، پرچێکی درێژی ڕەش و دوو چاوی قەترانی پێوە بوو، جینان تەمەنی شانزە ساڵ بوو. من هەر بە ئاگادارییەوە لەگەڵی دەپەیڤیم و هیچی زیاتر لەوەی کە لای خۆیان گوتبووم، نەدرکاند. لە چەند ڕۆژی دوای ئەوە وردە وردە جینان لە بارەی خۆی و باوک و کەسوکارییەوە شتی دەگێڕایەوە و ترسی گەورەی ئەوەبوو

کە ئەگەر بەربدرێ باوکی سزای سەختی دەدات کە بە دزی ئەوەوە پەیوەندی بە حیزبی دەعوەوە کردووە، چونکە باوکی ئەندامی شوعبەی ناوچەی باقوبەی حیزبی بەعس بوو.

***

**هەموو زێڕی سەرزەوی و ژێرزەوی، شایانی ئەوە نییە لەگەڵ چاکەدا بخرێتە تای تەرازووەوە.**

ئەفلاتوون

***



## زیندووبوونەوە

من جەستەی خۆمم خۆش دەوێ. وەک ژنێک جەستەی خۆمم لا پیرۆزە، وەک کوردێک جەستەی خۆمم لا پیرۆزە و وەک مرۆڤێکیش بەهەمان شێوە. مەخابن ئێمە وەک مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی بەگشتی و وەک کورد بەتایبەتی و وەک ژن بەتایبەتیتر بەرامبەر بە پیرۆزیی جەستە هۆشیارییەکی ئەوتۆمان نییە و بایەخی جەستەی خۆمان لە دروستبوونی ناسنامەی خۆمان نازانین. هەندێ جار ڕووداوێک، کارەساتێک یان قەیرانێکی تایبەتی یان گشتی ڕێژەی هۆشیاریمان بەرامبەر بە جەستە و بایەخی جەستەمان بۆ ئێمە زیاد دەکاتەوە. زیندان و ئەشکەنجەکانی ناو زیندان بۆ من ئەو کارەساتە بوو جەستەی خۆمی پێ ناساندم و لا پیرۆز کردم و وای کرد هەست بە شانازی بکەم کە خاوەنی ئەم جەستەیەم.

جەلادەکان ناتوانن پەی بە نهێنییەکانی ناو بیری مرۆڤەکان ببەن، بیر دەستەمۆ ناکرێت، چونکە نەبینراو و نەگیراوە، وەکو گیانی مرۆڤ، وەکو باوەڕ و هەڵوێست و هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤ، تەنها دەتوانی هەستیان پێ بکەیت و هەرگیز ناتوانی پابەستیان بکەیت. جەستە ئەو بەڵگەیەی بوونی مرۆڤە کە بەرهەستە و هاسانە بە ئامرازی داپڵۆسێنەر لەکار بخرێت، وەلێ هەر ئەم جەستە پیرۆزەیە کە دەتوانێ بە بەرگەگرتن و بەرگری، بوون و بیر و هەڵوێست و هیواکان بپارێزێ و، مرۆڤ بکاتە خاوەنی شایستەیی و شانازی. سوپاس بۆ جەستەم کە هەر لەوساوە لە زیندانی فاشیستەکاندا، بوون و بیرمی پاراست و ناسنامەیەکی پێ بەخشیم تا ماوم شانازی پێوە بکەم.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٩ دا کە "شاکار"ی کچم لە دایک بوو، کاتێ مرۆڤێک لە جەستەی من جیابووەوە و دنیای ئاوەدانتر کردەوە، یەکەم سات کە ئەوم لەباوەش گرت، هەستم دەکرد شتێک نییە لە جەستەی ژن پیرۆزتر بێت، هەر ئەودەم و لەو دۆخە پڕ لە شانازییەدا زیندان و ئەشکەنجەکانی ساڵی ١٩٨٠ ی سەر ئەو

جەستەیەی خۆمم وەبیرهاتەوە و هەستم کرد شتێک نییە لە مرۆڤ پیرۆزتر بێت، جەستەی مرۆڤ هی ئەوەیە ئەوپەڕی ڕێزی لێ بنرێ، چۆن دەبێت ئەشکەنجە بدرێ. من دژی ئەشکەنجەدانم، تەنانەت دوژمنیش نابێت ئەشکەنجە بدرێت. دژی سزای سێدارەم، تەنانەت بکوژێکیش نابێت بکوژرێتەوە. ئەمە باوەڕی منە و پێم وایە سزادانی جەستە بە ئەشکەنجەدان ئیدی ئەشکەنجەکە لەسەر جەستەی پیاو بێت یان ژن، تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە ژیان دەکرێت. ئەو ژیانەی کە لە جەستەی دایکەوە هەڵقوڵاوە. ئەشکەنجەدانی مرۆڤ، ژاراویکردنی ئەو سەرچاوە سازگارەیە و، کوشتنی مرۆڤ کوێرکردنەوەی ئەو کانییەی ژیانە. لە ١٠ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕزگارکردنی کفری، هەندێک لەو ئەمنانەی بەعس کوژران و هەندێکی تریان دەرباز بوون. برادەرێ کە ئاگاداری ژیان و بەشێ لە ئەشکەنجەکانی زیندانی من بوو، چەند ڕۆژێ دوای ئەوە هاتە لام و گوتی:

– ئەو "نەجات" ەی کە لە زینداندا ئەشکەنجەی داوی، کوژراوە و چەند ڕۆژێکە لاشەکەی لای سەرقەڵا فڕێدراوە و بۆگەنی کردووە. حەز دەکەی بچی تەماشای بکەیت؟

– نەخێر، نامەوێت. قەت نامەوێت کوژراو ببینم.

ئەو پێی سەیر بوو ئەو وەڵامەی لە من بیست، ئەو وای دەزانی ئەو ئەشکەنجانەی زیندان ئەو تۆوەی لە مندا چاندووە کە تینووی تۆڵەکردنەوە بم. لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە سزا بدرێن، بەڵام بە کوشتن نا. باوەڕم وا نییە کوشتن و زەبروزەنگ کێشەیەک چارەسەر بکەن. باوەڕم وا نییە ئەشکەنجە بتوانێ مەبەست بپێکێت. مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا خراپ نییە، خراپ دەکرێت. ئیدی ئەو مرۆڤە خراپکراوانە خراپی و کولتووری خراپ بەرهەم دەهێننەوە، قەت بە خراپی کردن لەگەڵ خراپدا ژیان چاک نابێتەوە. یەکەم جار کە لە کتێبێکی مێژوودا باسی کولتوورەکانی کۆن و شارستانی کۆنی دەڤەری خۆمانم خوێندەوە و یاساکانی حامورابیم بەرچاوکەوت، هێشتا لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم، زۆر بیرم لەو سزایە دەکردەوە کە بۆ تاوانبار و خراپەکاری داناوە. "العین بالعین و السن بالسن"، ئەوەی چاوی کەسێ هەڵدەکۆڵێت پێویستە چاوی هەڵکۆڵدرێت، ئەوەی دانی کەسێ



دەردێنێت پێویستە دانی دەربهێنیتەوە. یان لە هەندێ سزای ئاینیدا کە بەتایبەت لە کۆندا پەیڕەوی کراوە، دەستی دزیان بڕیوە، یان ژنیان بەردباران کردووە، ئەمەی دواییان هەتا ئەم ساتەش پەیڕەوی دەکرێت، بەتایبەت لە ئێران، ژن بەردباران دەکرێت. چ کولتوورێکی توندوتیژییە لەسەر ئەم بنەما هەڵەیە دانراوە و تا ئەمڕۆش مرۆڤگەلی ئەم دەڤەرەی لە دەروونەوە وێران کردووە. دەروونێکی نەخۆش کە بە ئازاردانی ئەویدی ئاسوودە دەبێت. چ ئاوێکی ڕەش بوو حامورابی ناموبارەک لەم دەڤەرەدا ڕشتی و پاشا لە دوای پاشا و فەرمانڕەوا لە دوای فەرمانڕەوا ڕەشتر و بۆگەنتری دەکرد. تا لە ئاکامدا سەدام هات و کردی بە ئۆقیانووسێ لە خوێن. خۆی و نەهەنگەکانی تر مەلەیان تێدا دەکرد.

من وەک کوردێک ئەشکەنجە دەدرام و لەبەر کوردبوون جەستەمیان کردبووە مایەی سزادانم، جەستەمیان کردبووە خومخانە، سزای تاوانی کوردبوون بوو دەمچێشت. خودایە، بۆ دەبێت کوردبوون تاوان بێت و سزاکەی هێندە سەخت بێت.

لە ناو ئەو زیندانەدا قووڵ دەبوومەوە و تێدەفکریم، پرسیارم لە خۆم دەکرد:

بەڕاست من لە پای چی سزا دەدرێم؟

کاممان تاوانبارین ئێمە یان ئێوە؟

کاممان وڵاتی ئەوی ترمانمان داگیر کردووە؟

کاممان مافی ئەوی تری خواردووە؟ ئێمە یان ئێوە؟

کێ تاوانبارە و کێ سزادەر؟

بۆ دەبێ خودی بوون بۆ ئێمە ببێت بە تاوان و جەستەمان ببێت بە جێگەی سزادان؟

جەستەی من، لەوێدا جەستەی کوردێک بوو، لە پای بیر و خۆشەویستی بۆ مرۆڤی کورد و سۆزی بەرین بۆ نیشتیمانی خۆم، ئەشکەنجە دەدرا و ئازاری دەچێشت، هەر وەک ئەو پیاوە کوردەی کە لەژێر قاڵدرمەی لای ئاودەستەکانەوە ڕۆژی دەیان جار لە پای کوردبوون بەر شەق دەدرا و لە پای کوردبوون سووکایەتی پێ دەکرا.

چەند گرنگە لەو ئەزموونە ئاگراوییەدا جەستە بیباتەوە و جەلاد بیدۆڕێنێ. بۆیە

منیش و هەزاران هەزاری تریش کە لە ئەشکەنجەخانەکانی بەعسدا لەو ئەزموونە دڕکاوییە دەربازبوون و لەو گرەوەدا براوە بووین، هەقمانە وەک کوردیش جەستەی خۆمانمان خۆش بوێ، ئێمە چمان پێ نەکرا! چەند جاران کوژراین و دۆزەخ پێشوازی لە گیان و جەستەمان کرد و، لە ڕۆژی حەشرەوە گەڕاینەوە و، هەر ماوین، مانەوەمان چ موعجیزەیەکە.

هەفتەیەک تێپەڕی و بە حاڵ ئازارەکانم کەم ببووەوە، بە حاڵ جێی جگەرەکان لەسەر سنگ و بەرۆک و شان و ملم سارێژ ببوونەوە. کە دەستی خۆم بەری جێسووتانەکان دەکەوت کزەی کولانەوەیان خەریک بوو گیانم دەرکێشێ. بە خرپەی کلیل ڕادەچڵەکام کە بۆ کردنەوە دەخرایە کونی دەرگاکەوە، چونکە یان بۆ ئەشکەنجەدان دەبرام یان بۆ ئەو ئاودەستەی کە لە بەردەمیدا ئەشکەنجەی ئەو پیاوە کوردە دەدرا و ئازارم پێی دەچێشت.

دەرگایان کردەوە و منیان بانگ کرد. هەر لەبەر دەرگاکەوە چاویلکەیەکی ڕەشیان کردە چاوم. چاویلکەکە لە پلاستیک دروست کرابوو، وا نەبوو کە دەرەوەی پێ ببینی، بە شێوەیەک دروست کرابوو کە لەملاو لەولاشەوە داخراو بوو، تا بە لاچاویش هیچ نەبیندرێت. کە چاویلکەکەم کرایە چاو زانیم دیسان بۆ ئەشکەنجە دەمبەن، گشت گیانم دای لە ئێش و جێسووتانەکانم لە خۆیانەوە کەوتنە کزەکز و ژانیان لێ هەڵسا. قۆڵی گرتم و بردمی، هەنگاوی کوێرانەم دەنا بەرەو نادیار. ئەو شوێنەی کە بۆم نەبوو بشزانم کام ڕێگەیە دەمباتە ئەوێ، چونکە بە چاوی بەستراوەوە دەیانبردم. کات و شوێن، ئەو دوو ڕەهەندە گرنگەن لە ژیانماندا هەمیشە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. یادگاریی و بیرەوەرییەکانی ئەو کات و شوێنانەی کە لە قۆناغەکانی ڕابردووی ژیانماندا تیایاندا دەژین، لە کەسایەتیماندا ڕەنگ دەدەنەوە. من پێم وایە ئەوەی زیندانی دیبێ و ئەشکەنجەی دەروونی و فیزیکی درابێت، لە کەسانی دی زیاتر ئازادی خۆش دەوێ و ژیرانەتر مامەڵە لەگەڵ ئازادی خۆی و جەستەی خۆی دا دەکات.

کە چاویلکەکەیان لە چاوم کردەوە، لە ژوورێکی تری ئەشکەنجەدانەدا خۆم بینییەوە، بەڵام وەک جاری یەکەم سەرسام نەبووم. جگە لە کورسییەکی ژەنگنی



ئاسن، چیدیکە لە ژوورەکەدا نەبوو تا سەرسامم بکات. جەلادی دەمامکپۆشیش وەک جاری یەکەم سەرسامی نەکردم، چونکە بەو دیمەنە ترسناکەی ئاشنا بووبووم. سەرسام نەبووم، بەڵام دەترسام و زۆریش دەترسام. چی تر چاوەڕوانم دەکات، چ جۆرێکی تری ئەشکەنجە، چ جۆرێکی تری سووکایەتی پێکردن و لە هەمووشی ئازاردەرتر، بۆ ئەشکەنجەم دەدەن؟ ئەو پرسیارەی کە وەڵامەکەی دەزانم و هەمووشمان دەیزانین، چونکە کوردی! کوردیش کۆیلەی داگیرکەرە. مافی قسەکردنی ئازادی نییە، مافی سەرفرازی و شانازی نییە! چونکە کوردستانی تۆیان کردووە بە هی خۆیان و بۆت نییە ناوی ببەیت، بۆت نییە خۆشت بوێ و مافی ئەوەت نییە داوای بکەیتەوە! وەڵامێ کە نەمانتوانیوە و ناتوانین پێی قایل بین و هەزارانمان و بگرە ملیۆنیشمان گیانی خۆیان بەخشی تا ببینەوە بە خاوەنی ئەو شانازییە، ئەو خۆشەویستییە، ئەو خاک و ناسنامەیە.

کابرای ناشیرین و تۆقێنەر، ئەوەی یەکەم سات بە جنێو ڕووبەڕووم بووەوە، لە بەردەممدا وەستا و پێی گوتم دانیشە. لەسەر کورسییە ژەنگنەکە دانیشتم. کە جگەرەکەم بەدەستییەوە بینی، هەموو دەمارەکانی لەشم دایان لە ئێش و لە چاوەڕوانی چزاندنی ئەو ئاگرەدا پەریشان بووبووم، ئێڵنجم دەهات، بەرچاوم تاریک دەبوو، سەرم دەسووڕایەوە، دڵیشم توند لێی دەدا و گوێم لە گرمەگرمی بوو نەک لە ترپەترپی. ئەو ساتە لە پەسنەهاتووە ناکرێ، سەختە بێتە سەر کاغەز. ساتەژیانی وا لە ساتەمردن دەچێت و ناچێت. ژان و ژیان هەست پێدەکرێن، نانووسرێنەوە.

لەتاو ترسی جگەرەکە ئەو کێبڵەم نەدیبوو کە بەدەستەکەی تریەوە بوو. کاغەزێکی پێ بوو، بەو دەستەوەی گرتبوو کە جگەرەکە لە توێی پەنجەی دۆشاومژە و هەڵمەقووتەیدا بوو، قووڵ هەڵیمژی و دووکەڵەکەی بڵاوبووەوە. دیسانەوە هەستم بە خنکان کرد. ئێستاش بە دوکەڵی جگەرە ئێڵنجم دێ و سەرم دەدا لە ئێش. تەماشای دەکرد و دوای ماوەیەکی کەم ڕووی لە من کرد و گوتی:

– بەڵگەی تەواومان بەدەستەوەیە کە لەگەڵ موخەڕبیندا پەیوەندیت هەیە.

دڵم کەوتە خورپە و نازانم تا چەند ئەو ترسەم لە دەموچاومدا ڕەنگی دەدایەوە، بێ گومان دەبێت ڕەنگی دابێتەوە. هیچم نەگوت و لە چاوەڕوانی ئەشکەنجەدا بووم. لە

ناخی دڵەوە هەستم بە پەلەکردنێک کرد، حەزم دەکرد زوو زوو ئەو بپرسێ و من وەڵام بدەمەوە و نەدەمەوە، ئەشکەنجە دەست پێ بکەن، ببوورێمەوە و ڕزگارم بێت. چونکە ئەو دۆخی چاوەڕوانی ئەشکەنجەیە، لە خودی ئەشکەنجەکە ئازاری زیاتر بوو، ئازارێکی تیژ و تەورئاسا.

– چونکە بەڵگەکە بەدەستمانەوەیە، ئیتر هیچ پێویست ناکات نکۆڵی لێ بکەیت. بۆ خۆشت دانی پێدا بنێ با ڕزگارت بێت. هیچ چارێکی ترت نییە جگە لە دانپێدانان.

– دان بەچیدا بنێم ئەگەر من پەیوەندیم نەبێت.

– تۆ لەگەڵ خودی خالد گەرمیانی پەیوەندیت هەیە و بەڵگەمان هەیە.

– ئەگەر بەڵگەشتان هەبێت بەڵگەیەکی ساختەیە، چونکە من خۆم دەزانم کە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە.

– کچی قەحپە، وا دەزانی دەتوانی تا سەر نکۆڵی بکەیت؟ هەڵماندەخەڵەتێنی؟

بەدەم ئەو ڕستە و پرسیارە جنێوبارەوە و بە خێراییەکی برووسکەئاسا کێبڵەکەی بەرەو دەموچاوم وەشاند و بەرچاوم تەواو تاریک داهات. خۆم پێم وابوو کێبڵەکە بەرچاوانم کەوتووە و کوێری کردووم، بەڵام نازانم چەند چرکە یان خولەکی پێ چوو بەرچاوم ڕووناک بووەوە، ڕووناکییەکی لێڵ. هەستم بە تەڕی و گەرمییەک کرد لەسەر چەناگەمەوە بەرەو ملم ڕێچکەی بەستبوو. خوێن لە لووت و دەممەوە پژابوو. دەستم بۆ لووتم برد و هەندێ سەرم بەرز کردەوە بۆ ئەوەی خوێنەکە بوەستێ، لە ناو دەممدا شتێکی ڕەقم هەست پێ کرد. دەرمهێنا و بەو بەرچاو لێڵییەوە تەماشام کرد، پارچە ددان بوو. دەستم بۆ ناو دەمم برد بینیم ددانەکانی پێشەوەم دوولەت بوون و لەتیان لێ کەوتووە.

بێدەنگ و خەمبار لە بەردەمیدا گرمۆڵە بووبووم. لە چاوەکانمەوە فرمێسک، لە دەم و لووتمەوە خوێن، لە هەناویشمەوە ئازار و ژان قوڵپیان دەدا. هیچی تری نەگوت و بە چاوێکی پڕ لە بوغز و قینەوە، ئەو چاوە زەق و ترسناکانەی، مۆڕەیەکی لێ کردم و بەخێرایی چووە دەرەوە. پێ دەچوو جەلادەکە لەبەردەرگا وەستا بێت، چونکە یەکسەر ئەو هاتە ژوورەوە و قۆڵی گرتم و هەڵیستاندم و دووبارە لەسەر کورسییەکە، بەڵام بەشێوەیەک کە سنگم بەرەو پشتی کورسییەکە بێت و هەردوو پێم بەملا و بەولایدا



بڵاوبێتەوە، داینیشاندم.

کەلەبچەی خستە هەردوو دەستم بەجۆرێک کە لەگەڵ کورسییەکەشدا بەسترانەوە و توانای جوڵاندنیانم نەما. هەردوو پێیەکانیشم بە هەردوو قاچەکانی پشتەوەی کورسییە ئاسنینەکەوە بەسترانەوە. سنگم بە توندی بە پشتی کورسییەکەوە نووسابوو، جێبرینی سووتاوەکان دەکولانەوە و زۆر دەکزانەوە. شانەکانم ئێشی دەرچوون پەرێشانی کردبوون، دەم و دان و لووت و گوێ، تۆ بڵێ کوێت نەدەئێشا! ئەی باری دەروونم چۆن بوو؟ هەستم دەکرد لە دارستانێکم و دڕندەی کێوی بە گاز گۆشتەکانم ونجڕونجڕ دەکەن و ئێسکەکانم دەقرتێنن. هەستم بەبێبایەخی بوون دەکرد و دروست لەو ساتەدا گومانم دەکرد کە مابم. بە تەواوی هەستم بە مردوێتی دەکرد، چۆن هەست بە مردوویەتی دەکرێت؟ مردوو هەموو هەستەکانی دەکوژێنەوە، بەڵام من هەستم بە مردنی جەستەم کرد، بە کوژران، مردوویەکی کوژراو، بە شەهیدبوون دەکرد.

ئێستاش هەستێکی وام هەیە کە من لە ژیانمدا جارێک شەهید بووم و دووبارە زیندوو بوومەوە. دەشێ زۆر مرۆڤی کورد، ئەوانەی لەو ئەشکەنجەخانانەوە دەربازبوون و جارێکی تر هاتنەوە ناو کۆڕی ژیان، هەستێکی وەک منیان هەبێت کە مردن و زیندووبوونەوە. ژیانی دوای مەرگ تامێکی تری هەیە، هەست دەکەی پێویستە بەفیڕۆ نەڕوات. هەست دەکەی سات بەساتی گرنگە و پێویستە بۆ خۆشەویستی بەکاری بهێنی و خۆشەویستی ژیان بچێژی. ئەوەی لە سەفەری مەرگ گەڕابێتەوە، چالاکتر ژیانی خۆش دەوێ. ئەوەی زیندانی دیبێ، دووئەوەندەی کەسێکی تر هەست بە شادمانی ساتەکانی ئازادی دەکات. لە ساڵی ڕاپەڕیندا، ١٩٩١ کە شادمانیم گەیشتبووە لووتکەی خۆی، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا شەهیدەکانیش وەک من شادمانن.

هێشتا بوڵێڵی بەیانی بوو، ڕۆژی ئازادبوونی کفری، لە ١٠ی ئازاری ئەو ساڵە پیرۆزە، بە ناو شاری کفریدا و لە ناو ئەمبولانسی نەخۆشخانەی کفری، کۆڵان بە کۆڵان و جادە بە جادە بە بڵندگۆ وتاری شۆڕشگێڕانەم دەدا و شیعری شۆڕشگێڕانەم دەگوتەوە. هەستێکی سەیرم هەبوو، مەست و سەرخۆشی ئەو ساتە

لە پەسن نەهاتووانەی ئازادی بووم. لە ناو ئاپۆڕەی خەڵکی ئەو شارەدا کە بۆ سووتاندنی وێنەکەی دیکتاتۆر کۆ بووبوونەوە و منیش بێ پەروا وتارم دەدا و شیعرم دەخوێندەوە، هاوڕێ پێشمەرگەکانم هاتنە لام، ساڵانێکی زۆر بوو یەکترمان نەدیبوو، جگە لە چوکلێتەنامە کە بە تەتەرەکاندا بۆ یەکتریمان ناردبوو. دوانامەی چوکلێتی چەند ڕۆژێ پێش ڕاپەڕین بە مام ڕەشیددا گەیشتە دەستی من، ئاماژەی ڕاپەڕینی گرتبووە خۆ. هاوڕێی دێرین و شیرینم عوسمانی حاجی مەحموود، ئەو هاوڕێیەی کە تا ئەم ساتەی ئەم دێرانەی تێدا دەنووسم شانازی بە پاکی و دڵسۆزی ئەوەوە دەکەم و شادمانم کە مرۆڤێکی وا هاوڕێمە، لەو ڕۆژەدا لە ناو ئاپۆڕەی خەڵکدا خۆی و حەمەڕەش و پێشمەرگە ئێسک سووکەکانی تر، بە سیمای پڕ لە موژدەیانەوە هاتن بۆ لام و بە دیداریان شادیان کردم.

لەو ساتە مێژووییەی ئازادیدا ، هەموو شتێ بۆنی گوڵی لێ دەهات، بەرامەی گوڵەمێخەکی ئازادی هەموومانی مەست و شاد کردبوو. هەموومان لە پەپوولە دەچووین، لەسەر گوڵەبەڕۆژەی ئاسوودەیی دەنیشتینەوە و هەڵدەفڕینەوە. خەندە لێوی هەموومانی جوان کردبووەوە، خۆشی دڵی هەموومانی داپۆشیبوو. چەند دەگمەن بوون ئەو ساتانە! چەند ستەمە شادمانییەکی لەوجۆرە زوو بکوژێتەوە، ئاهەنگ ببێت بە پرسە. مەخابن هەر ئەو ڕۆژە، دوای چوونەوەم بۆماڵەوە لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێ خۆشەویستە، عوسمانی حاجی مەحموود و حەمەڕەش مەسۆیی و دوای نانخواردنێک پێکەوە، ئەوان خواحافیزیان کرد و بەرەو ئازادکردنی شاری دووز بەڕێکەوتن، لەوێدا شەڕ درێژەی کێشاو دوژمنان لە دووز وەک شارەکانی تر نەبوون، زوو خۆیان نەدا بەدەستەوە، بۆ سبەینێ هەواڵی شەهیدبوونی حەمەڕەش چزا بە گوێمدا ، چەند ئەشکەنجەدەرن ئەو هەواڵانە. هەر ئەو ڕۆژە باوک و برایەکی کاک عوسمان هەر لە شارۆچکەی دووز شەهید بوون. کە لە شەڕی دووز گەڕایەوە ئێوارەی دوای ڕۆژی نەورۆز بوو، ئەو دەم دژەهێرشەکان دەستیان پێ کردبوو و موجاهیدینی خەڵق بست بە بست شار و دەڤەرە ئازادکراوەکانیان بۆ ڕژێم داگیر دەکردەوە، خەڵک کفرییان چۆڵ کردبوو، ئێمەش لە ژووری قوتابخانەیەک لە سەرقەڵا بووین.کە کاک عوسمان هاتە لامان دوای گەڕانەوەی لە شەڕی دووز، دوو سێ ڕۆژ



بوو براکەی و باوکی و نزیکترین هاوڕێی لەدەست دابوو. پێم وابوو بە ورە ڕووخاوییەوە دەیبینم، بەڵام سەرەڕای قووڵترین و مەنگترین خەم کە نەدەبوو لە چاوانیدا هەستی پێ نەکرێت، مرۆڤێکی ورە بڵندم بینی. مرۆڤ لە هاوڕێی واوە فێری کۆڵنەدان دەبێت.

لە ژووری ئەشکەنجەدا و لەسەر کورسییەکە بەسترابوومەوە و توانای جووڵەم لێ بڕێندرابوو. گوێم لە شیرڕەی دڕاندنی کراسەکەم بوو، بۆم نەبوو تەماشای ئەملاو ئەولا بکەم و بزانم ئاخۆ جۆری ئەشکەنجەی ئەمجارەم چییە. لە ساتێکی کورتدا چەندان چززە چززی تر لەسەر پشتم دووبارە و سێبارە و دەبارە ئێشی مەرگیان پێ گەیاندمەوە. لام ڕوون نەبوو کە زۆری ئێشەکە سڕی کردووم یان بووراومەتەوە. هەستم دەکرد ئێشەکەی یەکجار زۆرە، ئەوەندە زۆر کە نە بە گریان و نە بە هاوار و نە بەهیچی تر گوزارەی لێ نەدەکرا ، ئیدی نازانم بورابوومەوە یان نەبوورابوومەوە، ئەوەندە دەزانم کە لەو ڕۆژەدا بە دەنگەوە نەگریام و هاوارێکیشم نەکرد، بەڵام فرمێسکەکان بێدەنگانە خۆیان لە خۆیانەوە هەڵدەوەرین و تێکەڵ بە خوێنەکە دەبوون.

جینان بە ژوور سەرمەوە بوو، چاوەکانی پڕ بوو بوو لە فرمێسک، من بە سەر دەمدا کەوتبووم و کراسێکی ترم لەبەردا بوو. ئەوەندە ئێشم زۆر بوو کە ئیدی هەست بە ئێش نەکەم و وەک ئاسایی بێت بۆم. هەستام، ویستم پاڵ بدەمەوە بە دیوارەکەوە، نەمتوانی. بیرم کەوتەوە پشتم سووتێندراوە. سنگیش و ملیشم بەهەمان شێوە، بەڵام جێسووتانی ئەوان کەمێک سارێژ بووبوو. بۆیە ماوەیەکی زۆر لەسەر دەم دەخەوتم و پاڵم بە دیوارەوە نەدەدا . سیستەرەکە دەهات تیماری دەکردم. دەمزانی چاکم دەکەنەوە بۆ ئەوەی دووبارە ئەشکەنجەم بدەنەوە. ناچار بووم باکم نەبێت. حەپەسابووم، بێدەنگ بووم، لەگەڵ جینانیش زۆر کەم قسەم دەکرد، تاقەتی قسەکردنم نەبوو، بەڵام بیرم دەکردەوە، بیرکردنەوەی بەردەوام. خەم دایدەگرتم کاتێ بیرم دەکردەوە ئێستا دەبێت حاڵی باوکم، دایکم، برا و خوشکەکانم، مامەکانم چی بێت، کە بەهیچ جۆرێک سۆراخی من نازانن و هەر ناشزانن لە کوێم. تاقانە نەبووم، بەڵام هێندە تایبەت بووم بۆ هەموویان، وەک ئەوەی تاقانە بم، خۆشەویستی

هەمووان، ئەو کچەی کە ماندووبوونی باوکی بە دیتنێکی دەردەچوو، ئەو کیژەی مامەکانی بێ ئەندازە خۆشیان دەویست و کە دایکی و هەموو کەسوکاری نازێکی زۆریان دەکێشا. ئێستا لە کوێن ئەو دۆخە پڕ لە ئەشکەنجەیەی ببینن، دەبێ چییان لێ بێت ئەگەر بزانن ئاواهی جەستەی کراوە بە تەپڵەکی جگەرە و جەلادەکان دایدەپڵۆسن؟! بیرم لە خۆشەویستەکەم دەکردەوە، ئەو کوڕەی کە تازە پەیوەندیمان پێکەوە دانا و هێشتا فریا نەکەوتبووین دوو وشەی خۆشەویستی ڕووبەڕوو بگۆڕینەوە. ئاخۆ ئێستا ئەو چی بکات و چەند ئازار بکێشێت؟ دەمزانی هەموو لایەک خەمبارن، دەمزانی دۆخێکی پرسەئاسا لە ماڵی خۆمان و کەسوکارەکانم هەیە، دەمزانی دڵی هەموویان پەرۆشی دیدارێکی منە و چاوەڕوانی سۆراخێکی منن.

هەرواش بوو. براگەورەکەم، قەیس قەرەداغی، ئەو برایەم کە بە کتێبخانەکەی دنیایەکی لەبەردەستم دانابوو، ئەودەم لە پەیمانگای نەوت لە بەغدا دەیخوێند. قەیس مۆڵەتی وەرگرتبوو، نەدەچووەوە بۆ دەوام و لەو ماوەیەدا هەر هەموو دەزگاکانی ئەمن و پۆلیسی هەموو شارەکانی عیراق گەڕابوو بۆ دۆزینەوەی من، لە هەر شوێنێ بەدرۆ جێگەیەکی تریان پێ گوتبوو، تا بەسرەش چووبوو، منی نەدۆزیبۆوە. من بۆ ئەوان بێ سەر و شوێن بووم. ئەم وشەیە چەند پڕ بەپێستی ئەو دۆخە بوو کە منی تێدا بووم. بێ سەر و بێ شوێن، لە ڕاستیشدا ئەوە سەر نەبوو کە بە منەوە مابوو، ئەوە شوێن نەبوو کە منی تێدا بووم، بۆیە دەستەواژەی بێ سەروشوێن پڕ بەپێستی ئەو دۆخەیە.

باوکم، هەرچییەکی کار کردبوو، کردبوویە مەسرەفی هاتوچۆ و گەڕانەکانیان بە دوای مندا. دایکم، پەنای بۆ شێخ برایم بردبوو کە ئەودەم لە قادرکەرەم تەکیەی هەبوو، بیستبوویان کە عیزەت دووری دەروێشی ئەو شێخەیە، ئەمیش چووبوو لێی بپاڕێتەوە کە تەنها شوێنی منیان پێ بڵێن. مامم قەڵێکی بردبوو بە دیاری و چوو بوو بۆ ماڵی حەمە سەعید جاف لە بەغدا بۆ ئەوەی واستە بکات و من ڕزگار بکرێم، ئیدی هەرکێیان دەناسی و ناوی هەر کەسێکیان بیستبوو کە ڕەنگە شتێکی لەدەست بێت بۆ ئازادکردنم، یان هیچ نەبێت بۆ زانینی شوێنەکەم، چووبوونە لای و دیارییان بۆ بردبوو، بەڵام هیچ.

دایکم لە سەردانی دووەمیدا بۆ ماڵی شێخ، تا بزانێ چ واستەیەکی لای عیززەت



دووری بۆ کردووە، شێخ پێی گوتبوو بینیویەتی و پێی گوتووە:

– کچێکی منداڵە، تەمەنی چواردە ساڵە و ئەوا دوو مانگە بێ سەروشوێن کراوە و کەسوکاری بەدوایدا دەگەڕێن. ئاخر ئەم منداڵە ئەگەر ببێت بە ئاگریش کوێ دەسووتێنێ؟ بەڵکو ئازادی بکەن.

دەروێشی خواناس بێباکانە و لەسەرەخۆ پێی گوتبوو.

– لەیلا قاسمیش کچ بوو، منداڵیش بوو، کەچی خەریک بوو بەغدا بتەقێنێتەوە. ئەمانە ئاگرن و دەتوانن زۆر شوێن بسووتێنن.

دەرویش هیچ بەڵێنێکی بە شێخ نەدابوو. شێخیش تەنها ئەم وەڵامەی بە دایکم گەیاندبوو. کەچی دایکم پێی گوتبوو.

– یا شێخ گیان، کەواتە خۆت دۆعای خێر بۆ ئەو توڵفە بکە"مەبەستی منداڵ بوو". شەرت بێت ئەگەر ئازاد بوو بیهێنم بۆ تەکیەکەت بۆ زیارەت.

ئامۆژنیشم، خۆی دەروێشی شێخ کاکە حەمەی هەزار کانی بوو، ئەویش بە شێخی گوتبوو دۆعام بۆ بکات و ئەگەر ئازاد بووم دەمبا بۆ تەکیە. ئیدی من لە ژێر ئەو ئەشکەنجانە بووم و ئەمانیش هەر بەڵێن بوو بەم تەکیە و بەو خانەقایان دەدا کە ئەگەر ئازادبووم بمبەن بۆ زیارەتیان. بۆ قادر کەرەم و تەکیەکەی شێخی ئەوێ حەزم نەدەکرد بچم، وەلێ دایکم دەیگوت عەهدم کردووە و هەر دەبێت بتبەم. بەڵام بۆ تەکیەی شێخ حوسێنی هەزارکانی پێم خۆش بوو بچم و لەخوام دەویست ئامۆژنم بەڵێنەکەی بۆ شێخ بەدی بهێنێت. هەزارکانی دێیەک بوو لە ناوچە ئازادکراوەکان، دەمزانی ئەگەر بچم پێشمەرگە دەبینم. بینینی پێشمەرگە بۆ من بەدیهاتنی خەونێکی پیرۆز بوو. کە ئامۆژنم ئەم داخوازییەی دەربڕی باوکم نەیدەهێشت بمبات و دەیگوت دەترسم پێی بزانن و پێشمەرگە ببینێت و دووبارە بیگرنەوە. برێکی زۆریش هۆی ئەوە بوو باوکم قەت لە ژیانیدا باوەڕی بە شێخ و دەرویش و سەیید و مەلا و ئەفسانەکانیان نەبوو. ئامۆژنم هەر سووربوو لەسەر بردنی من و دەیگوت ئەگەر نەیبەم و عەهدەکەم بەجێ نەگەیەنم شتی خراپ ڕوو دەدا، لە ئاکامدا لەگەڵیدا چووم بۆ ماڵی شێخ. چۆنم وێناکرد وابوو، ئێوارەی لێ هات پێشمەرگە هاتنە ناو دێ و تەکیەش بەهۆی ئەوانەوە لای من بوو بەچراخان. هەرکەسێک دەهاتە تەکیە دەچوو

شانەکانی شێخی ماچ دەکرد، بەڵام من کە چووم تەوقەیەکی گەرمم لەگەڵ شێخدا کرد و دەستنوێژەکەیم شکاند. کە دەیانگوت شێخ پێم وابوو دەبێ چ پیاوێکی سەروڕیش سپی نوورانی ببینم، ئەوەی من بینیم گەنجێکی زۆر قۆز بوو، بەو تەمەنەوە دوو ژن و بڕێ منداڵی هەبوو.

ئێوارە لە داڵان و بەرماڵانی شێخدا بوو بە کۆڕی زیکر. ژنانی دەروێش لە داڵان، پیاوانی دەروێش لە بەرماڵان حاڵ گرتبوونی و سەریان ڕادەوەشاند. بۆ من کە لە شارەوە چووبووم ئەو دیمەنانە سەرنجڕاکێش بوون. دەروێشە ژنەکان تەنها سەریان ڕادەوەشاند و حی الله یان دەکرد، وەلێ دەروێشە پیاوەکان شمشێریان دەکرد بە ورگی خۆیاندا و سوژنیان دەکرد بە گۆنای خۆیاندا و بلۆکی چیمەنتۆیان هەڵدەگرت و دەیاندا بەسەر زگی خۆیاندا و شتی سەیر و سەمەرەیان دەکرد. من چووبوومە دەرەوەو سەیری ئەوانم دەکرد، ئامۆژنم بانگی کردم و دەیگوت نابێت ژن بچێتە نزیکیانەوە، ئەگەر ژن ببینن زیکرەکەیان بەتاڵ دەبێت. شێخ خۆی زۆر ئاسایی دانیشتبوو، نە زیکری دەکرد و نە فیکر، جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو دەیکێشا و دووکەڵەکەی بە با دەدا، لە سیمایدا وا دەهاتە بەرچاوم لە ناخی خۆیەوە گاڵتەی پێیان بێت. شێخ حوسێن و هەموو خەڵکی دێیەکە. مەخابن ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال کران. ئەوەی لەسەر هەڵوێستی ئەم شێخە دەگێڕنەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. هەندێ لە خزمەکانی کە دەستڕۆیشتوو بوون ویستبوویان خۆی و ژنەکانی و منداڵەکانی ئازادکەن، وەلێ ئەو گوتبووی نامەوێ چارەنووسی من جیا بێتەوە لە هی خەڵکی گوندەکەم، یان هەموومان ئازاد ببین، یان هەموومان تیابچین. ئێسک و پرووسکی ئەوانیش تێکەڵ بە هی ئەوانی دی بوون و کێ دەزانێ ئێستا لە کام گۆڕی بەکۆمەڵدان!

هەفتەیەکی تریش تێپەڕی، بەعقووبە زۆر گەرم بوو، هێشتا ناوەڕاستی مانگی حوزەیران بوو، ئەوێ دەکولا. برینەکان بەو گەرمایە ئاوێکی زەردیان دەردەدا. تیمار دەکرام و لەو ماوەیەدا تەنها من و جینان لەو ژوورە بووین. جینان هەفتەیەک بوو لەوێ بوو، دەرگایان کردەوە و کچێکی تریان هێنا. جینان یەکسەر هەڵسا و باوەشی بە کچەکەدا کرد، تێر تێر یەکتریان ماچ کرد، ئەو کچە کە تەنها دوو ساڵ لە خۆی



گەورەتر بوو، پووری بوو. سەلوە، لەگەڵ خوشکەزاکەیدا پێکەوە لە مەکتەب هەندێ بڵاوکراوەی حیزبی دەعوەیان بڵاو کردبووەوە. جینان لەژێر ئەشکەنجەدا دانی پێدا نابوو کە پووریشی لەگەڵدایە و، ئەویشیان هێنابوو. بەڵام سەلوە هیچ ئەشکەنجەیەک نەدرابوو، کاتێک هێنایان بۆ ژوورەکە. ئەوان کەوتنە یەک و زۆر خۆشحاڵ بوون بە دیداری یەکتری، خۆیان خەڵکی دەوروبەری بەعقووبە بوون، هەستیان بە غەریبی نەدەکرد. کە سەلوە هات، جینان باری دەروونی زۆر گۆڕا و بووژایەوە. بەڵام من تەنیا بووم و هەستێکی قووڵی نامۆیی و دوورەوڵاتی ناخەوەمی کەندڕیبوو.

سەلوە هەفتەیەک دوای جینان گیرابوو، هەواڵی دەرەوەی بۆ جینان هێنا و دڵنیای کردەوە کە باوکی هەوڵی زۆری بۆ داوە و تەنانەت چووەتە لای سەدامیش و بەڵێنیان وەرگرتووە کە لەو ماوەیەدا بەریان دەدەن. کە ئەم قسانەی دەگێڕایەوە، ترسام، گومانم کرد کە هەر لە بناغەوە بۆ نواندنی ڕۆڵ هێنرابن. دواییش دەمگوت جا چییە؟ خۆ من هیچم لە لایان نەگوتووە. جینان جارێک ئەشکەنجە درابوو، بەڵام سەلوە تەنها لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابوو، سەلوە جینانی لە هەڕەشەکانی باوکیشی ئاگادار کردەوە کە سوێندنی خواردووە مانگێک لە ماڵەوە لە ناو ژوورێکدا بەندی بکات و نەشهێڵێ بچێت بۆ مەکتەب. بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان هاوڕێ و خزمی یەکتر بوون و زیاتر پێکەوە قسەیان دەکرد و هەندێک جاریش لەگەڵ من دەدوان، بەڵام هەر بوونیان لە نەبوونیان باشتر بوو لەو ژوورە تەنگ و تاریکەی زیندان.

***

# وێنە و ئاوێنە

دوو مانگ تێپەڕی و من بێ سەروشوێن بووم، نە کەسوکار و دۆست و ئازیزان دەیانزانی لە کوێم و نە خۆشم دەمزانی لە کوێم. هێندە بە چاوبەستراوی ڕاپێچی ژوورەکانی ئەشکەنجەیان دەکردم، کە شوێنەکان نەدەکرا بۆ من بکرێنە ئەدرەس و نەمدەزانی ئەدرەسی من لەم جیهانەدا دەبێ کوێ بێت، تا هیچ نەبێت لە خەوندا ئەو ئەدرەسە بە خۆشەویستانم بڵێم کە دەمبینین چەند وێڵن بەدوامدا و نامدۆزنەوە. ناونیشانی من بریتی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ کۆماری مەرگ/ شاری ترس/ گەڕەکی تاریکی/ خانووی ئاسنینی زیندان/ ژووری ئەشکەنجە. تەنها دەمتوانی ئەم ناونیشانە بە کەسوکارم بدەم کاتێ دەهاتنە خەونم، کورتە خەوی نێوان ڕاچڵەکینەکان.

سەلوە و جینان، ئازاد کران. من دیسانەوە تەنیا مامەوە. خۆم و هەندێ مێروولە و سیسرک کە بە دیواری زیندانەکەمدا تەراتێنیان دەکرد. دوو مانگ بوو زام تاقە زمانی جەستەم بوو، بە دەنگی بەرز سۆزی گەرمیان و ئای ئای پێدەگوتم. دوو مانگ بوو جەستەم ئاوی بەرنەکەوتبوو، چەور و چڵکن، خوێن و فرمێسک پەڵە پەڵە بە سەر جل و جەستەمدا وشک ببوونەوە و نەخشەی سەیر سەیریان پێک هێنابوو. سووتانەکان سارێژ دەبوون و هەویان دەکردەوە و دووبارە سارێژ دەبوونەوە. گەرمای هاوینی بەعقووبە خۆی ئەشکەنجەیەکی سروشتی بوو بۆ زیندانییەکان. ئەگەر مرۆڤ هیچ ئەشکەنجەش نەدرابا، بەو گەرمایەی ئەو شارە هەناسەی تەنگ دەبوو، دڵی خێرا لێی دەدا، پاڵەپەستۆی خوێنی بەرز دەبووەوە، ئەی ئەگەر ئەشکەنجەدراوێک ئەو ئەشکەنجەیە بچێژێ چی لێ دێت!؟

بەیانییەک دەرگایان کردەوە و گوتیان ئامادەبە دەتبەین بۆ شوێنێکی تر. دەمزانی بۆم نییە بپرسم بۆ کوێ، بشپرسم وەڵام نادرێمەوە، نەمپرسی و ئامادەبووم. چیم هەبوو ئامادەی بکەم؟ هیچی وام پێ نەبوو بیپێچمەوە، چاک بوو ئاوێنەیەکیشم پێ



نەبوو، دەمزانی ئەگەر لە ئاوێنەدا خۆمم دیبا ئەوەندەی تر پەریشان دەبووم. دوو مانگ بوو نە قژم داهێنابوو، نە خۆمم شوشتبوو، نە خۆراکێکی وەک هی مرۆڤم خواردبوو، نەش وەک مرۆڤێک نووستبووم، سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و سووتانانە. وێنام دەکرد دیمەنم چەند ترسناک بێت.

ئەمجارەیان چاویان نەبەستمەوە، لە پشتەوەی ئۆتۆمبیلێکی داخراودا دایان نام و جگە لە دیواری ئاسنینی ئۆتۆمبیلەکە هیچم نەدەبینی، زۆری نەبرد دایان گرتم و بردیانم بۆ شوێنێکی تر، ئەوێ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی بەعقووبە بوو. کە لە ئۆتۆمبیلە داخراوەکە دایانبەزاندم و خۆری گەرمی مانگی حوزەیرانم بەرکەوت، چاوم وەخت بوو کوێر بێت، سەرم گێژی دەخوارد و خەریک بوو بکەوم. دوو مانگ بوو ڕووناکی گزی گڵۆپێک نەبێ، ڕووناکی وام نەدیبوو، دوو مانگ بوو تیشکی خۆرم بەرنەکەوتبوو. کە بینی سەرم گێژ بووە و ناتوانم باش بڕۆم، قۆڵی گرتم، گەیشتینە ناوەوەی بینایەکی گەورە، سەرەتا بردیانمە ژوورێک، مفەوەزێکی پۆلیس دانیشتبوو، پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بوو، لە نێوان چل و پەنجا دا، دیمەنی ترسناک نەبوو، ئاسایی هاتە بەرچاوم، بەڵام پێ دەچوو من ئاسایی نەهاتبێتمە بەر چاوی ئەو، چونکە کە تەماشای کردم هەستم کرد چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، پێ دەچوو بەزەیی پێمدا بێتەوە. لە دڵی خۆمدا سەیرم پێ هات، هەموو ئەوانەی تا ئەوسا دیبووم بە سووکایەتی و گاڵتەپێکردنەوە پێشوازییان لە زیندانییەکان دەکرد، کەچی ئەم پیاوە وانەبوو. ئەو ئەمنەی کە منی بردبوو، دۆسیەیەکی دایە دەستی و پێی گوت:

– ئەمە فایلەکەیەتی، دەبێت لە ژوورێکی ئینفیرادیدا دابنرێت و سەردانی نەکرێت هەتا فەرمان لە خۆمانەوە دێت.

مفەوەز جاسم و ئەمنەکە منیان بەناو ڕاڕەوێکی دوور و درێژدا برد، ئەملا و ئەولای ڕاڕاوەکە هەمووی هۆڵی گەورەگەورەی بەندیخانە بوو، دەرگای بەندیخانەکان شیش بوون و هەندێ لە بەندییەکان لەبەر دەرگادا لە پشتی شیشەکانەوە تەماشایان دەکرد. ئەو بەندییانەی کە دیمن هەموویان پیاو بوون، هیچ ژنێکم لە هیچ کوێیەکەوە نەدی، لە کۆتایی ڕاڕاوەکەدا دوو دەرگای ئاسن هەبوون، یەکێکیان لە سەرووی دەرگاکەوە نیومەترێک پەنجەرەی هەبوو، دەرگاکەی تر تەواو داخرابوو، جگە لە کونی

کلیلەکەی هیچ شوێنێکی هەناسەی تێدا نەبوو، بۆیەیەکی خۆڵەمێشی کرابوو، کردیانەوە و منیان بردە ئەوێ. ژوورەکە بچکۆلە بوو، دوو مەتر و نیوی چوارگۆشە دەبوو، پەنجەرەیەکی بچووکی نیومەتری لە سەری سەرەوە، نزیک بە بنمیچەکە لە یەک دیوی دیوارەکەدا، کە دەیڕوانییە دەرەوە، هەبوو. لەو کلاوڕۆژنە بچووکەوە دەکرا بزانی شەوە یان ڕۆژ.

لەوێ دایاننام، ئیدی ئەمنەکە خۆی ڕۆیشت و مفەوەز جاسم دوای بەڕێکردنی ئەو تا بەر دەرگای ژوورەکە، هاتەوە ژوورەوە و گوتی:

– ئێستا پەتوویەک و سەرینێک و دۆشەکێکت بۆ دەهێنن. هیچی ترت دەوێت؟

– بەڵێ، دەمەوێ ڕادیۆیەکم هەبێت.

– ڕادیۆ قەدەغەیە. بەداخەوە تۆ زیندانێکی سیاسیت و سەر بە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی، بۆ زیندانی سیاسی هەموو شتێک قەدەغەیە، سەردانی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ئەم شتانە.

– تا کەی لێرە دەبم؟

– نازانم، ئێمە هیچ بڕیارێکمان بەدەست نییە، تەنها ئامانەتی لە لامان تا کاتێ کە دەدرێیتە دادگا. بەڕێوەبەرێتی ئەمن بڕیاربەدەستە، بەڵام خوا کەریمە! هیچی ترت ناوێ؟

– نەخێر، سوپاس.

– ئەگەر ویستت دەتوانی پارە بدەیتە گسکدەرەکە لە بازاڕ میوەت بۆ بکڕێت. هەموو بەیانییەک دێت خۆڵەکە بڕێژێت، دەتوانی پێی بڵێیت و بۆ سبەینێ بۆت دەهێنێت. پارەت هەیە؟

– بەڵێ، پانزە دینارم پێیە.

ئەو پیاوە نەرم قسەی دەکرد، هەرچەندە جلی پۆلیسی لەبەر بوو، ئەستێرەی لەسەر شان بوو، بەڵام یەکسەر هەست بە جیاوازی ئەم و ئەوان دەکرا. زۆری نەبرد دۆشەکێکی ئیسفەنجی تەنک و پەتوویەک و سەرینێکیان بۆ هێنام. بەو گەرمایە نە پەتوو بەکەڵک دەهات و ئیسفەنجیش وەک ئاگر وا بوو، بەڵام چار چی بوو، دەبوو



لەسەری ڕاکشابام و نووستبام. جێگاکەم لە سووچێک دانا و سووچەکەی تریش تەنەکەیەکی خۆڵی لێ بوو، هەموو بەیانییەک پیاوێکی پیر کە گسکدەر بوو لەوێ، دەهات و خۆڵەکەی دەڕشتە نێو گوونیەیەکی گەورە و سەتڵی خۆڵەکەی دادەنایەوە. ئەو ژوورە دەستشۆری لێ نەبوو، دەبوایە ڕۆژی سێ جار بمبەن بۆ ژوورەکەی ئەودیو، کە دیوارێکی لەگەڵ ژوورەکەی مندا نێوان بوو، لەوێ دەستشۆری و توالێت و حەمامی لێ بوو. یەکەم جار کە دەرگایان کردەوە و گوتیان بۆ دەستشۆری، خورپەیەک کەوتە دڵمەوە، دەستشۆرییەکەی ئەولام بیر کەوتەوە کە هەموو جارێک بە شەق لە پیاوە کوردە چاو بەستراوەکەیان دەدا و بەوە ئازاری دەروونییان دەدام و ئازاری فیزیکی و دەروونی ئەویش. دەترسام دیسانەوە بە دیمەنێکی وا ئازارم بدەن.

دەرگای ژوورەکەی ئەودیویان کردەوە، ئەودیو ژوورێک بوو چوار بەقەد ژوورەکەی من دەبوو، لە ناوەڕاستەوە دەرگایەک هەبوو دەچووە نێو ژوورێکی تر، کە لەوێ توالێت و حەمام و دەستشۆرییەکان هەبوون. لەو ژوورەدا سێ ژن هەبوو، من نەمدەزانی ئەوان کێن و بۆچی لەوێن، چونکە بوار نەدەدرام لەگەڵ کەس قسە بکەم، تەنها دە خولەکم هەبوو، دەبوایە بمگەڕێننەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. ڕۆژێکیان زوو لێبوومەوە و لە لایان وەستام، یەکێکیان کە ژنێکی عەرەبی تەمەن چل ساڵ بوو، لووتەوانەیەکی شۆڕی لە لووت بوو، چەناگە و ژێرمل و سنگی هەموو خاڵی شینی کوتراو بوو، هاتە نزیکمەوە و لە منی پرسی:

– لەسەر چی گیراوی؟

– من زیندانی سیاسیم.

– ناوت چییە؟

– مەهاباد. ئەی تۆ؟

– ناوم فەهیمەیە، پێم دەڵێن ئوم سەدام.

– کوڕەکەت ناوی سەدامە؟

– بەڵێ.

– لەسەر چی گیراوی.

– قەتڵ.

– "ڕاچڵەکیم و باوەڕم نەدەهات" بەڕاست؟

– ئەی خۆ گاڵتەش ناکەم.

– کێت کوشتووە؟

– هەوێکەی خۆم. زگیشی پڕ بوو. بە دوو قەتڵ بۆم حسابە.

فریای هیچ پرسیارێکی تر نەکەوتم و، پاسەوانەکە دەرگاکەی کردەوە و گوتی: یاڵڵا، تەواو بووی؟ چوومەوە ژووری خۆم، هەر بیرم لەو ئوم سەدامە دەکردەوە. بشێ بەڕاستی بێت، چۆن ؟ دەبێت چۆن ئەو ژنەی کوشتبێت؟ لە چەند جاری داهاتوودا وردە وردە بۆم دەردەکەوت. فەهیمەی دایکی سەدام خۆیشی حەوت منداڵی هەبوو، بچووکترینیان ئەو کوڕەی بوو کە ناوی نابوو سەدام و بەناوی ئەوەوە بانگ دەکرا، ئەوانیتری کچ بوون، شەش کچ بەسەر یەکەوە، هەر ساڵە و کچێک، مێردەکەی لێی تووڕە دەبێت کە ئەم هەر کچی دەبێت و کوڕی نابێت، ژنێکی بەسەر دەهێنێت و هەوێداری و کێشەکانی دەست پێ دەکەن، پێش ئەوەی هەوێکەی منداڵی ببێت، فەهیمە کوڕێکی دەبێت، بەناوی سەدامەوە ناوی دەنێن. دایکی سەدام بەرامبەر بە مێردەکەی هیچی لەدەست نایەت، قین لە هەوێکەی هەڵدەگرێت، قەست دەکا سەری پان بکاتەوە، هەر لە کەمیندا دەبێت بۆی. هەموویان لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، هەوێ زگی پڕ دەبێت، دەگاتە نزیک مانگی خۆی، لەو ڕۆژانەدا لە دێیەکەیان کە نزیک بەعقوبەیە زەماوەند دەکرێت و ئەمانیش بانگ دەکرێن. کابرای دوو ژنە داوا لە ژنە گەورەکەی دەکات تفەنگەکەش حازر بکات، لە زەماوەندی عارەباندا لە کاتی چوونە پەردەی بووکێ و زاوابوونی زاوادا تەقە دەکرێت. زاوابوون واتە پیاوەتی، کە زاوا دەبێ و بەڵگەی پیاوبوون دەدا خزم و عەشیرەت، تەقەی پیاوەتی دەست پێدەکات، زۆر جاریش کەسانێ بەر تەقەی وێڵی پیاوەتی دەکەون و شایی دەبێت بە شین. خۆی دەچێتە دەرەوە و دایکی سەدام تفەنگەکە دێنێ، هەوێکەشی لە ناو حەوشەدا خەریکی جل هەڵخستنە، فرسەتێکی باشە، فەهیمە تفەنگ پاک دەکاتەوە، فیشەکدان پڕ دەکات و تفەنگ بۆ زەماوەند ئامادە دەکات، لە ناکاو تاق، فیشەکێک و دووان و سیان دەردەپەڕێت و هەوێ دەمودەست گیان دەداتە دەستەوە و خۆی و زارۆکی



ناوزگی دەکوژرێن. فەهیمە لە لێکۆڵینەوەکان و دادگادا هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە لە کاتی پاککردنەوەی تفەنگدا فیشەکی لەدەست دەرچووە و هەوێکەی کوشتووە، بەڵام کێ باوەڕی پێ دەکات؟ دایکی سەدام لە ئاکامدا ١٥ ساڵی بۆ دەبڕێتەوە.

من تەنیا بووم و ئەو دیدارە کورتانەی کە بۆ دەستشۆری دەیانبردم چیرۆکی ئەو ژنانەم دەستدەکەوت و بە هەندێکیان خەمبار و بە هەندێکیان سەرسام دەبووم. بۆ منی تەمەن چواردە ساڵە هەموو ئەو شتانە نوێ بوون، من هێشتا لە جیهانی شیعر و خۆشەویستی و فەنتازیادا بووم و لە ناو ئەو جیهانەدا مەلئاسا هەڵدەفڕیم. هێشتا حەزم لە یاری بوو بە بووکەشووشە و بە متوومووروو، هێشتا هیچ ئەزموونێکی گەورەییم نەبوو، ئەو زیندانە یەکەمین ئەزموونی گەورەیی بوو، کە بە لاوی ڕووبەڕووی بوومەوە. پڕ بووم لە هەست و نەست و خەریک بوو شێت دەبووم بۆ پێنووسێک و بۆ دەربڕینی ئەو هەست و نەستانە. لەوەتی فێری پیتەکان بووبووم هەمیشە پێنووسم بەدەستەوە بوو، نەشم نووسیبا وێنەم دەکێشا، وێنەی دەموچاوی کچان بە گوزارەی جیا جیاوە، وێنەی سروشت و شاخ و داخ، وێنەی شتەکانی دەوروبەرم. دوو مانگ بوو بێ پێنووسی ماندووی کردبووم، زۆر سەخت بۆم دەگوزەرا. دیواری ژوورەکەم پڕ بوو لە ناو، لە یادگاری و لە مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی زیندانییانی پێش من، کە لەو ژوورەدا بوون.

ڕۆژی دووەمم بوو لەوێ، بەیانی زوو گسکدەرە پیرەکە هات و بە سەرسامییەوە سڵاوی لە من کرد. وەڵامم دایەوە. ئەو پرسی:

– تۆ تازە هاتووی؟

– بەڵێ. بۆ پێت سەیرە؟

– کوڕەکەیان ئیعدام کرد؟

– کام کوڕ؟

– ئەوەی لەم ژوورە بوو. دوێنێ داوای لێ کردم پرتەقاڵی بۆ بکڕم. ئەوەتا بۆیم هێناوە. فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە. منیش فرمێسکەکانم لە خۆیانەوە ڕژان. بە گریانەوە پرسیم:

– حوکمی ئیعدام درابوو؟

– بەڵێ. کوڕێکی زۆر گەنج و جوان بوو.

کیسەیەکی لە ژوورەکەی مندا بەجێهێشت و خۆڵەکەی ڕشت و ڕۆشت. تەماشای ناو کیسەکەم کرد، چوار پرتەقاڵی تێدا بوو. هەتا توانیم بە دەنگەوە بەسەر ئەو پرتەقاڵانەدا گریام. تۆ بڵێی ئێستا لە سێدارە درابێت؟ دوێنێ حەزی لە پرتەقاڵ بووە و ئاخۆ ئەمڕۆ و لە دوا ساتەکانی نێوان مەرگ و ژیاندا حەزی لە چی تر بێت و نەهێڵن وەک ئەم پرتەقاڵانە پێی بگات. دەبێ کێ بووبێ ئەو گەنجە جوانەی کە ڕەنگ بێ لاشە بێ گیانەکەشی نەدرێتەوە بە دایکی! ئەو فرمێسکە سوێرانە دەموچاوی منیان تەواو خوساند، دیار بوو چاوەکانم سوور هەڵگەڕابوون. لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوە و مفەوەز جاسم هاتە ژوورەوە. کە منی بینی بەو جۆرە زانیبووی زۆر گریاوم، پرتەقاڵەکانیش لە تەنیشتمدا بوون. بەهێمنییەوە پرسی:

– ئەوە گریاوی وا چاوەکانت سوور سوور بوونەتەوە؟

لە جیاتی ئەوەی وەڵام بدەمەوە، دیسانەوە فرمێسک بە چاوەکانمدا بە خوڕ ڕژان. بەدەستی خۆم نەبوو، لە خۆیانەوە و بێ ویستی من لە چاومەوە ڕێچکەیان دەبەست. کە پرتەقاڵەکەی بینی لە تەنیشتمدا دانراون. گوتی:

– کچم بەس بگری، باشە گسکدەرەکە پرتەقاڵی بۆ هێناوی. دە پرتەقاڵەکانت بخۆ، خوا کەریمە. ئەوە من دەڕۆم و کەسێکی تر لێرە دەبێت لە جێگای من دوو سبەی دیسانەوە من دێمەوە. هەرچییەکت پێویستە پێم بڵێ. من کچێکم هەیە لە تەمەنی تۆدایە. دوو سبەی کە دێمەوە هەندێ جلی ئەوت بۆ دەهێنم.

من نەمدەتوانی وەڵام بدەمەوە و قورگم فرمێسک و تاسە گرتبووی. ئەو خوا حافیزی کرد. ئەو پیاوە میهرەبان بوو. خوا حافیزی کرد و ڕۆیشت. دەرگاکەم لەسەر داخرایەوە و ئەو ڕۆژە هەتا هێزم تێدا بوو بەسەر پرتەقاڵەکاندا بۆ هاوزیندانییە نەناسراوەکەم گریام. نیوەڕۆ بردیانمەوە بۆ دەستشۆرییەکە و کە هاتمەوە خواردنی نیوەڕۆیان دابەش دەکرد، سەموونێکی بۆڕ، قاپێکی بچووک برنج کە شلەیەکی کرابوو بەسەردا و تێکەڵ کرابوو. من حەزم لە هیچ نەبوو، سەموونەکەم لەت کرد، لە ناوەڕاستیدا پێی سیسرکێکم بینی، یێع، ئێڵنجم هاتێ، سەموونەکەم لەسەر خواردنەکە دانا و دوورم خستەوە لە خۆم. لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتم و پێم وایە



هەندێک خەو بردمییەوە. دیسان دەرگا کرایەوە و مفەوەزێکی تر بۆ پشکنین هاتبوو، ئەم لە جێگەی مفەوەز جاسم بوو، حەسەنی ناو بوو. تەماشای کردم و ناوی پرسیم و، ڕۆیشت. ئەم وەک جاسم نەبوو، هیچ هاوسۆزییەکی نەنواند. بەڵام کە خواردنەکەی بینی نەخوراوە و لە تەنیشتمەوە دانراوە. پرسی:

– بۆ خواردنەکەت نەخواردووە؟

– دڵم نایبات، برسیم نییە.

– چۆن برسیت نییە؟ شتێکی ترت خواردووە؟

– نەخێر، بەڵام دڵم نایبات، ناتوانم هیچ بخۆم.

– مانت گرتووە لە خواردن؟

– نەخێر مانم نەگرتووە، پێم ناخورێ.

ئەو ڕۆیشت، خواردنەکەیان لابرد، ئێوارەش بەهەمان شێوە خواردنێکی لەو جۆرەیان هێنا و دەست و دەمم بۆ نەبرد، پاسەوانەکە هات و وتی ئەگەر خواردنەکەت نەخۆی دەبێت بە مفەوەز حەسەن بڵێم، نابێت زیندانیی خواردن نەخوات، دەمریت و بەسەر ئێمەدا ساغ دەبیتەوە، تۆ ئەمانەتی لای ئێمە.

لە دڵی خۆمدا گوتم، های لەو ئەمانەتە. چەند ئەمانەتێکی گرنگ و خۆشەویستم لاتان دانراوم. ئەگەر من بمرم، چیتان لێ دەکەن؟ ئەوەندە باکیان هەیە لە ژیان و مردنی ئێمە؟ ئەو قسانەم لا سەیر بوو! ئەوەندەی پێ نەچوو مفەوەز حەسەن هات و خواردنەکەی بینی و گوتی:

– ئەگەر خواردنەکەت نەخۆی، تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمن دەکەم و دەڵێم مانی گرتووە لە خواردن. ڕەنگە بتبەنەوە بۆ لای خۆیان و بەزۆر خواردنت بدەنێ.

زۆر ترسام، بە زۆر خواردنم دەدەنێ، بە ئەشکەنجە، بە سووتاندن، بە دار و کێبڵ. دووبارە جەستەم دەکەنەوە بە خومخانە. ئەو قسەیەی ترساندمی، پێم گوت:

– نا، مانم نەگرتووە لە خواردن، تەنها ئەوەیە ئیشتیام نییە، هەوڵ دەدەم بە زۆریش بێت پاروویەک بخۆم.

ئەو چووە دەرەوە، بیرم کردەوە خواردنەکە بڕێژمە نێو کیسە ڕەشەکەی کە

پرتەقاڵەکانی تێدا بوو، بیخەمە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە و ئیتر پێ نازانن و وا دەزانن خواردوومە. کە کیسەکەم قلْپ کردەوە و پرتەقاڵەکان کەوتنە سەر جێگاکەم، پەنجا فلسیشی تێدا بوو، دیار بوو لە پارەکەی مابووەوە و بۆی گەڕێندرابووەوە. خواردنەکەم ڕشتە نێو کیسە ڕەشەکەوە و لە بنی تەنەکەی خۆڵەکە دامنا. ئیدی کە هاتن و قاپەکەیان برد، پێیان وابوو خواردنەکەم خواردووە.

ئەو ئێوارەیە پەنجا فلسەکە هەر لە نێو لەپما بوو، ڕاکشابووم و تەماشای دیوارەکانم دەکرد. هەستام و لەسەر دیوارەکە بەو پارەیە وێنەی کچێکم کێشا، بە پەنجا فلسەکە گەچی دیوارەکەم هەڵدەکۆڵی و وێنەکەم دەکێشا. وێنەکە زۆر جوان دەرچوو، گەورە بوو، کچەکە بە قەد خۆم دەبوو، دەموچاوێکی خەمبار، بەڵام چاوەکانی گەش و پڕ لە هیوا بوون. تا درەنگانێکی شەو، لە بەر ڕووناکی کزی گڵۆپە سفرەکەی نێو ژوورەکە، خەریکی وێنەی ئەو کچە بووم، کە تەواو ماندوو بووم، پاڵ کەوتم و هەر تەماشای وێنەکەم دەکرد، تا خەوم لێ کەوت.

بەیانی زوو، سەموونێک و پەنیرێکی سێگۆشەیان هێنا و دایانمێ، لە ناو شووشەیەکی دۆشاوی تەماتەشدا چایان دامێ. چایەکەم خواردەوە، بەڵام سەموون و پەنیرەکەم تووڕ دایە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە. ئێستاش، دوای ئەو هەموو ساڵە، پەنیری سێگۆشە ناخۆم. پەنجا فلسەکە لە نێو لەپما بوو، پرتەقاڵەکانیش هەر لەوێدا بوون لە نزیکمەوە، گسکدەرەکە هات، سڵاوی کرد و خەریکی بەتاڵکردنەوەی تەنەکەی خۆڵەکە بوو، بینی خواردنەکانی تێدایە، تەماشای کردم و گوتی:

– کچم بۆ خواردنەکانت نەخواردووە؟

– تووخوا مامە گیان پێیان مەڵێ خواردنەکەم نەخواردووە. ئیشتیام نییە و پێم ناخورێ.

– ئەگەر ئەتەوێ سبەینێ لە دەرەوە خواردنت بۆ دەکڕم.

– زۆر سوپاس مامە گیان. خواردنم ناوێ، بەڵام ئەگەر بتوانی پارەت دەدەمێ شانەیەک و ئاوێنەیەک و پاکەتێک کلینکسم بۆ بکڕیت. سەرم زۆر دەخورێت و حەز دەکەم خۆم لە ئاوێنەدا ببینم بزانم چیم لێ هاتووە.

– ئەو شتانە قەدەغەیە، بەڵام قەینا بە دزییەوە بۆت دەکڕم و بۆت دەهێنم.



پارەم دایە مامەی گسکدەر. ئەو چووە دەرەوە و دەبوایە سبەی هەمان کات بێتەوە و شتەکانم بۆ بهێنێت. ئەو نیوەڕۆ و ئێوارەیەش خۆراکم پێ نەخورا و فڕێم دا، مەفەوەز حەسەن دەوامی تەواو بوو، پێش ڕۆشتنەوەی هات بۆ پشکنینی زیندانییەکان، کە دەرگای ژوورەکەی من کرایەوە و لە دیوارەکە ئەو وێنەیەی بینی، بە شێوەیەکی سەرسامی تەماشای وێنەکەی کرد و تەماشای منی کرد:

– ئەو وێنەیە تۆ کێشاوتە؟

– بەڵێ.

– بە چی کێشاوتە؟ شتێکی تیژت پێیە؟

– نەخێر بەم پەنجا فلسییە کێشاومە.

– بەڵام نەتزانیوە شتی وا قەدەغەیە؟

– وێنەکێشانیش قەدەغەیە؟ نەمزانیبوو.

– دەبێت بیسڕیتەوە.

– بەڵام چۆن بیسڕمەوە، من دیوارەکەم هەڵکۆڵیوە، ناسڕدرێتەوە.

– جارێکی تر وێنە نەکێشیت!

– باشە.

– من دەڕۆم و، مەفەوەز جاسم دێت، ئەو ئێشکچییە، بۆم نووسیوە کە مانت لە خواردن گرتووە و هیچت نەخواردووە. ئەوە کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە. دەبێ خۆراک بخۆی!

مەفەوەز جاسم وەک بەڵێنی دابوو، هەندێ جلی کچەکەی خۆی بۆ هێنام. ئەو ئێوارەیە کە خواردنیان دابەش کرد بۆ من هیچیان نەهێنا، دوای ماوەیەکی کورت، مەفەوەز جاسم خۆی هاتە ژوورەوە و پاسەوانەکەی بەر دەرگاش کیسەیەکی پێ بوو دایە دەستمەوە. مەفەوەز جاسم گوتی:

– کچم، ئەوە کەبابە. دەزانم ئیشتیای خواردنی زیندانت نییە، ئەو کەبابە بخۆ، پێویستە نان بخۆی، دەنا ئەگەر بەڕێوەبەرێتی ئەمن پێ بزانێت خواردن ناخۆی دەتبەنەوە لای خۆیان، ئێرە بۆ تۆ باشترە و بە قسەی من بکە. من وەک کچەکەی

خۆم تەماشات دەکەم.

– زۆر سوپاس. باشە، دڵنیا بە خواردنەکە دەخۆم.

ئەو بەجێی هێشتم و، دەستم بە خواردن کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشتر زۆر حەزم لە کەباب بوو، بەڵام نیوەیم پێ خورا و نیوەی مایەوە. هەستم بە بووژانەوەیەکی جەستەشم کرد، کە لەو ماوەیەدا زۆر زۆر لاواز بوو بووم. بۆ سبەینێ، مامەپیرەی گسکدەر شانە و ئاوێنە و کلینکسی بۆ هێنام و بە دزییەوە دایە دەستم. لە ڕاستیدا بە سڵکردنەوەیەکی زۆرەوە ئاوێنەکەم لە کیسەکە دەرهێنا و دڵم کەوتە لێدانێکی خێرا . تەماشای خۆم کرد، خۆم بووم یان نا؟ سەیر بووم لەبەر چاوی خۆم، ڕەنگ و ڕوخسارم تەواو گۆڕابوو. دانەکانی پێشەوەم کەل بوون، قژم بژ و درێژ، ڕەنگم سپیەکی مەیلە و زەرد بوو. من کەی وابووم! هەمیشە ڕەنگم پەمەیی و ڕووم گەش بوو، هەمیشە خەندە بەسەر لێوەکانمەوە بوو. کچێکی ژیاندۆست بووم و هەمیشە بەدەم ڕێ و بەدەم کارەوە گۆرانیم دەگوت. وێنەیەکم هەبوو، تەنها چەند ڕۆژێک پێش گیرانەکەم گرتبووم، تاقە یادگاری تەمەنی پێش زیندانم بوو، قژم درێژ و خاو بوو، ئەو وێنەیەی کە هەر بە دیواری ژوورەکەمدا هەڵواسرابوو، تا کاتی ڕاپەڕین، کاتێ ئێمە لەگەڵ کاروانی کۆڕەودا کۆچمان کرد و بەعسییەکانماڵەکەیان تاڵان کرد و ئەو وێنەیەشیان دڕاند. ئەو وێنە تەنها پارچەیەکی دڕاوی مایەوە، کە هەر بۆ یادگاری هەڵم گرتووە. تاقە یادگاری ئەو تەمەنەمە، ئەویش بەعس دڕاندنی. لەو پارچە وێنەیەدا خۆمی ئەوسا دەبینم، چەند شادمان و چاو پڕ لە هیوابووم.

شانەکەم لە ناو قژم گیر کرد و ویستم دایبهێنم، قژم ئاڵۆزکا بوو. بەزۆر شانەکەم هێنایە خوارەوە، ئەسپێیەکی ڕەشی قەڵەو کەوتە کۆشمەوە. موچوڕکێکی سارد بە سەرتاپای گیانمدا ڕەت بوو. ئەسپێ لێی داوم، بۆیە وا سەرم دەخورێت. زۆر ناخۆش بوو، وەک کارەساتێکی گەورە وا بوو بۆ من. زیاتر و زیاتر قژم داهێنا، چەندانی تری قەڵەو و بزێو کەوتنە خوارەوە. زۆر ترسام. چی بکەم و، چۆن لەم لەشکرە ڕزگارم بێت؟

بوو بە سێ مانگ و هەر وا لەو ژوورە ئینفیرادییەدا بووم. کەسوکاریش لە دەرەوە کون بە کونی ئەو وڵاتە دەگەڕان بۆ دۆزینەوەم. نیوەڕۆیەکی مانگی تەمووز بوو، وەک



هەمیشە بێزار و بە ئازار دانیشتبووم و تەماشای دیوارەکانم دەکرد، بەڵام بە خەیاڵ گەڕابوومەوە بۆ کفری. کە کلیل دەخرایە کونی دەرگاکەوە، ڕادەچڵەکام و چاوەڕێی شتی سەیر و سەمەرە دەبووم. ئەمجارەیان کە دەرگا کرایەوە، لەگەڵ مفەوەز جاسم برا گەورەکەم، قەیس هاتە ژوورەوە، باوەشمان بەیەکدا کرد، توند توند، ئەو دەگریا و من دەگریام، نە ئەو دەیتوانی هیچ بڵێ و نە من، پێنج دەقیقە زیاتر ئەو دیمەنە بەردەوام بوو، مفەوەز جاسم گوتی، ماوەتان کەمە باشترە قسە بکەن و نەگرین. خۆیشی بە دیمەنی ئێمە زۆر کاریگەر بووبوو، فرمێسک زابووە چاوەکانییەوە. لەو ماوە کەمەدا تەنها ئەوەندەم پێ کرا بزانم کە ئەو برایەم شوێن نەماوە بە دوامدا نەگەڕێ و دەیان داخوازی نووسیوە و تا مۆڵەتی بینین و سەردانیم بدرێت، دوا جار بڕیاریان دابوو کە هەفتەی یەک جار و ڕۆژانی سێ شەممە هەر جارە و کەسێک لە کەسوکارم دەتوانێ بمبینێت.

***

**ژیانت چەندە درێژ بێت، مادەم تینێکت تێدایە، ئەوا قەت خۆت بەدەستی کەسەوە مەدە. ڕێباز هەر ڕێبازە، ئەگەر خوێنیش شەقامەکان پڕ بکاتەوە.**

کیپ لینگ

***

## قۆناغی دۆزینەوە

قۆناغی بێ سەروشوێنیم دوای سێ مانگ و بەو دیدارە دە خولەکییەی نێوان من و براگەورەکەم "قەیس"، کۆتایی هات. لە دوای ئەو دیدارەوە ئیدی چرکەم دەژمارد بۆ کاتی دیدارەکان و دیتنی دایکم و باوکم و خوشک و برا و زۆر تامەزرۆی دیداری مامەکانیشم بووم و بەتایبەت مامی گەورەم ئیسماعیل و مامی بچووکم، عەبدوڵڵا. ئەم دووانە هەردووکیان بۆ من گرنگ و تایبەت بوون، هەردووکیان زۆریان خۆشدەویستم و زۆرم خۆش دەویستن. مامی بچووکم تەنها مامم نەبوو، هاوڕێیەکی خۆشەویستیشم بوو، هاندەری یەکەمم بوو بۆ نووسین، ئەو یەکەم هۆنراوەمی برد بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری و لە ژمارە ١٥٣ دا بڵاوکرایەوە.

مامی گەورەشم، کە دەساڵیش لە باوکم گەورەتر بوو، مرۆڤێکی میهرەبان، لەخۆبووردوو، نیشتیمانپەروەر بوو. ماڵی ئەوان لە بەغدا بوو، ئەو کاتەی من لەدایک بووم، مامم لە زیندان بووە. باوکم سەربازی هەڵاتوو بووە، ماڵیشیان لە بەغدا بووە و لە مەیدانێکی بەغدادا سەوزەفرۆشی کردووە و بەو کارە دوو خێزانی بەڕێوە بردووە، هی خۆی و هی مامم. دایکم بۆ لەدایکبوونی من دێتەوە کفری و تا چلەم دەچێت لە ماڵی دایکی دەبێت، دووبارە دەگەڕێتەوە بەغدا و لە ماڵێکی ساکاردا لە گەڕەکی بەیاع لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی ماممدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەو دەم کە من لەدایک بووم دوو برا و خوشکێکیشم هەبوون، قەیس، لەیلا و سەلاحەدین. من لە خێزانەکەماندا منداڵی ناوەنجیم، دوای منیش دوو برا و خوشکێک دروست بوون، فەرەیدوون، دڵشاد و نەورۆز. دەوترێ منداڵی ناوەنجی کەمتر نازی دەکێشرێت و کەمتر فریای دەکەون، وەلێ ئەم ڕێسایە تەواو پێچەوانە بوو لە دۆخی مندا، تیشکی خۆشەویستیم لە هەموویان زیاتر و لە هەمولایەکەوە بەردەکەوت. کە مامم لە زیندان ئازاد دەبێت و منیش تەمەنم دەگاتە دوو ساڵ، باوکم و دایکم دووبارە ماڵ دەگوێزنەوە بۆ کفری.



هەفتەیەک تێپەڕی و ڕۆژی دیدار بوو، ئەو ڕۆژە زۆر زوو بە خەبەر هاتم، ئەو ڕۆژە دڵم خۆش بوو، هەستم بە بارسووکی دەکرد، هەستم دەکرد من ون بووبووم و دۆزرامەوە. هەستم بە نوێبوونەوە و لەدایکبوونەوەیەک دەکرد، ئەو ڕۆژە دوو جار دەموچاوم شووشت، بۆ ئەوەی دایکم و باوکم کە دێن زۆر پەرێشان نەبن کە بەو شێوەیە دەمبینن. نەمدەویست بزانن کە ئێش و ئازارم هەیە، نەمدەویست هەست بکەن ئەشکەنجە دراوم. دەمزانی ئەوان هەر دەزانن ئەو شوێنە هی ئەوە نییە مرۆڤ بە سەلامەتی دەربچێت، بەڵام هەر نەمدەویست زیاتر لەوەی کە لە ناخیاندا هەڵیانگرتووە دڵگرانیان بکەم. من بەرامبەر بەوان هەستم بە ئازاری ویژدان دەکرد، دەمزانی کە من لە زیندانم چەند ئازار بۆ من دەچێژن و هەرچییان هەیە و نییە بۆ ڕزگاربوونم لەو دۆزەخە خەرجی دەکەن. بەڵام خۆم دڵی خۆمم دەدایەوە و دەمگوت خۆ من خەتایەکم نەکردووە، کارێکی نائاساییم نەکردووە کە خەبات دەکەم. خۆ باوکیشم ناڕاستەوخۆ دەیزانی من خەبات دەکەم. ئەو نەک ڕێگەی لێ نەدەگرتم، بەڵکە هانیشی داوم.

بیرمە نیوەڕۆیەکیان کە لە کار هاتەوە پێش ئەوەی نان بخوات بانگی کردم و چووینە ژوورێکەوە کە پێمان دەگوت ژووری بنەوە. بە دایکمی گوت با کەس نەیەتە ژوورەوە. لە باخەڵی کیسەیەکی بچووکی دەرهێنا و لە ناویدا ژمارەی یەکی گۆڤاری "کۆمەڵە" ی دایە دەستم و گوتی دانیشە بۆم بخوێنەرەوە. باوکم خۆی بە عەرەبی خوێندبووی و کوردیشی دەزانی بخوێنێتەوە، بەڵام بە تەواوی بەسەر خوێندنەوەی کوردیدا زاڵ نەبوو. لە لاپەڕەی بەرگەوە بۆ بەرگ گۆڤاری کۆمەڵەم بۆ خوێندەوە. من وام زانی باوکم لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کار دەکات، بەڵام ئەو ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوانەوە هەبوو، هاوکاری دەکردن، باوکم تەنها مەبەستی کوردایەتی بوو، نەک حیزبایەتی، هاوکاری دەکرد، بەڵام لە ڕێکخراودا نەبوو. شەهید سەید محەمەد، کە بەرپرسی ڕێکخراوی نهێنی ناو شاری کفری بوو، ئەو دەم نانەواش بوو لە کفری، هاوڕێی نزیکی باوکم بوو، هەموو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بۆ باوکم دەهێنا و کوردییەکان من بۆم دەخوێندەوە. هەر لە ڕێگەی سەید محەمەدیشەوە، کە بە باوکمی گەیاندبوو، پەیامێکی جوانی شەهید خالد گەرمیانیم

پێ گەیشت کاتێ لە زینداندا بووم. بەو چەند وشەیەی خالد گەرمیانی زیندان لەبەرچاومدا بوو بە چراخان. گرنگ بوو لە ناو زیندانەوە بزانم کە شانازی بە منەوە دەکرێت و ئەو ئازارانەم بەفیڕۆ ناچێت، گرنگ بوو بزانم بە ڕێز و بایەخەوە لە ناو پێشمەرگەکانی گەرمیاندا باس دەکرێم و وەک نموونە دەمهێننەوە. بۆ من لەو تەمەنەدا ئەوە گەورەترین هاندان بوو، زۆر لە ئازارەکانمی سووک دەکردەوە. هەر ئەو دەم و لە دووەمین سەردانی باوکمدا بۆم دەرکەوت ئەو شەهیدە نەمرە ویستبووی لە زیندان ئازادم کا، وەلێ فریا نەکەوتبوون و من زوو لە کفرییەوە گوێزرابوومەوە بۆ زیندانی تر.

ئەوەی چاوەڕێی بووم ڕووی دا، دایکم و باوکم هاتن. ئاسان نییە بتوانم پەسنی ئەو دیدارە بکەم کە لە نێوانماندا ڕووی دا. ماوەیەک وەکو ساوا توند لەباوەشیان گرتم و گریاین، هەتا بەشێکی باشی دەروونمان بەو فرمێسکانە شۆرانەوە و توانیمان چەند قسەیەکیش بکەین. پۆلیسەکە لە ژوورەکە لەسەریان ڕاوەستابوو پەلەی دەکرد دیدارەکە تەواو بکەین، ئێمەش هەستمان دەکرد هێشتا هیچمان نەگوتووە و هێشتا یەکتریمان نەدیوە. من لە خۆمەوە هەستم دەکرد ڕەنگبێ دایکم و باوکم دڵگران بووبن لێم کە ئەوەندە بەهۆی منەوە ئازاریان چێشتووە، بەڵام باوکم دەستی لە ملمدا بوو، زۆر بە چاوێکی گەش و دەنگێکی زوڵاڵەوە گوتی:

– حەیاتم هیچ خەفەت نەخۆی، دڵنیابە ڕزگارت دەبێت، تۆ مایەی شانازی ئێمەی. هەموو خەڵکی شارەکە باست دەکەن و شانازیت پێوە دەکەن. تۆ لەسەر شتێکی خراپ نەگیراوی و خۆت دڵتەنگ نەکەی.

دایکم بۆی تەواو کرد و بە شێوازی تایبەتی خۆی دڵی منی دایەوە.

– دایکەکەم شەو و ڕۆژ دوعای خێرت بۆ دەکەم و ئایەتلکورسی دەخوێنمەوە و فووی لێ ئەکەم تا خوا مەحفووزت بکا. هیچ خەفەت نەخۆی باوانم. ئیشەڵڵا دەرئەچی و عەهدم کردووە بتبەم بۆ ماڵی شێخ برایم.

لە کاتی دانیشتنەکەمدا ویستم پاڵ بە دیوارەکەوە بدەم ئێشم هەبوو، خێرا پشتم ڕاست کردەوە. دایکم هەستی کرد ئازارم هەیە، یەکسەر پرسی:

– ئەوە پشتت چییەتی؟



– هیچ نییە، ئەوە هی چڵکنییە سێ مانگە خۆم نەشۆریوە و پشتم و سنگم و ملم دوومەڵیان دەرکردووە.

– وەخ، دایکت بمرێ، کوا با سەیری کەم.

دایکم سەیرێکی کرد، شوێنی سووتانەکان وەک دومەڵیان لێ هاتبوو، خوێن و چڵکیان دەردەدا. ئەوان هەر وایانزانی دومەڵن و منیش حەزم نەدەکرد دڵیان ئەوەندەی تر بئێشێنم و جگە لەوەش لە ئەمن جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی نابێت بە کەسوکارم و بەهیچ کەسێک بڵێم ئەشکەنجەدراوم، دەیانگوت ئەگەر لە دادگاش لێیان پرسیم دەبێت بڵێم ئەشکەنجە نەدراوم. دایکم زۆر بەو دیمەنە تێکچوو، من دڵنیام کردەوەکە ئەوەندە کێشەیەکی گەورە نییە و تەنها بۆم بلوێ و خۆم بشۆم چاک دەبمەوە. باوکم گوتی قسەیان لەگەڵ دەکەم بەڵکە ڕێگەت بدەن خۆت بشۆی. دایکم گوتی جاری داهاتوو مەڵحەمی ڕەشت بۆ دەهێنم، مەڵهەمێکی زۆر باشە و بە یەک دوو جار چاکی دەکاتەوە. دایکم سەریشمی ڕوانی و ئەوەندەی تر نارەحەت بوو کە بینی ئەسپێ لێی داوم.

چەندان جۆر خواردنیان بۆ هێنابووم، جلوبەرگی پاک و جوان، هەموو ئەو جلانەی هێنابوویان نوێ بوون. هەر لەوێ دایکم داوای لێ کردم جلەکانم بگۆڕم و جلە پیسەکان بباتەوە بۆ شۆرین. ئیدی هەموو هەفتەیەک جلی پاکیان دەهێنا و چڵکنەکانم لەگەڵیاندا بۆ شۆردن دەناردەوە. دوای چوونەوەی ئەوان و هەر ئەو ئێوارەیە، مفەوەز جاسم هاتە ژوورەوە و پێی گوتم:

– دەتوانی سبەینێ بچیتە حەمامەکەی ئەو دیو، یەک سەعات مۆڵەتت هەیە خۆت بشۆی.

سبەینێ لە نێوان کاتژمێر دە و یانزە سابوون و لفکە و خاولی و جلی پاک کە دایکم هەموویانی هێنابوو، لەگەڵ خۆم بردم و چووم بۆ ئەو دیو بۆ خۆ شووشتن، بەڵام کێشەی ترم بۆ هاتە پێشەوە، لە نیوەی سەرشووشتنندا بووم ئاو بڕا، بانگی ژنەکانم کرد یارمەتیم بدەن، بەڵام ئاوی یەدەکیان نەبوو، بەهەرحاڵ لە ناو مەسینەکاندا هەندێک ئاو هەبوو، ئوم سەدام ئەو ئاوەی کرد بە سەرمدا و کەفی سابوونەکەی لێ بووەوە، خۆم وشک کردەوە و نیوەی کاتەکەم تەواو بوو بوو، دیسان

ئاو هاتەوە و بڕیارم دا هەرچۆنێک بوو دەستێ لە خۆم بدەم. زۆر بە خێرایی بە لفکەیەکی زبر، هەندێ چڵکم لە خۆم کردەوە و ئاوم بە خۆمدا کرد. ئەوە هەر ناوی خۆشۆردن بوو، بەڵام هەندێک هەستم بە بارسووکی کرد. کە گەڕامەوە ژوورە ئینفیرادییەکەی خۆم و تەماشایەکی ئاوێنەم کرد، ڕەنگ و ڕوخسارێکی جیاوازم بینی، هەستم کرد هەندێک لە شێوەی خۆم نزیک بوومەتەوە و خەریکە لە مرۆڤ بچمەوە. ئیشتیهام کرایەوە و لەو خواردنە خۆشانەی دایکم، کە سێ مانگ بوو نەمخواردبوو و تامەزرۆی بووم، تێر تێرم خوارد.

هەموو ئەو هەست و سۆزانەی کە لە لام کەڵەک بووبوون دەیانخواست لە قەفەزی دەروونم ئازاد بن، تامەزرۆی نووسین و دەربڕین بووم، دەیان کۆپلەی شیعرم بۆ دەهات و لەبەرخۆمەوە دەمگوتن، بەڵام پێنووسم نەبوو بیاننووسمەوە و دواتر لە بیرم دەچوونەوە. خەریک بوو شێت ببم بۆ پێنووسێک و لاپەڕەیەکی سپی.

گەرمای تەمووزی بەعقووبە وزەی لە مرۆڤ دەبڕی، دوای ئەو خۆشوشتنە ئیدی هەمیشە عارەقەم دەردەدا و جلەکانم تەواو تەڕ دەبوون، چاک بوو دایکم ئەوەندە جلی بۆ هێنابووم کە بتوانم هەموو ڕۆژێ جلەکانم بگۆڕم و کەمتر بۆنی ئارەقە و چڵک و پڵکم لێ بێت.

من ڕۆژی سێ جار لە ژوورەکەی خۆمەوە دەبرامە ژوورەکەی ئەو دیو بۆ دەستشۆری، سەرم هەڵنەدەبڕی و نەمدەزانی کێن ئەوانەی لە زیندانەکەی بەرامبەرمدا لەبەر دەرگا وەستاون و تەماشام دەکەن، تەنها ئەوەندەم دەزانی زیندانی پیاوانە. دیقەتی کەسم نەدابوو. لە یەکێک لەو نیوەڕۆ گەرمانەی مانگی تەمووزدا بوو، کە من بەبێزارییەوە لە جێگەکەی خۆمدا ڕاکشابووم و بیرم لە دەرەوەی زیندان دەکردەوە، لە ناو ئەو بیرانەمدا زۆر جاریش لەگەڵ "مستەفا"، ئەو کوڕەی کە دوو هەفتە پێش گیرانم پەیوەندیمان دانا، دەبووم و بیرم لێ دەکردەوە.

ئەگەرچی فریای یەکبینینێک نەکەوتبووین. ئەو کوڕەش بەو گیرانەی من زۆر تلابووەوە و ئازاری چێشتبوو. خۆی دەڵێ هەر ئەوسا لەبەر ئەو خەمە گەورەیە فێری جگەرەکێشان بوو، ئێستاش هەرچی دەکا ناتوانێ واز لە جگەرە بێنێ. لە ناو ئەو



بیرکردنەوە چڕ و پڕانەی خۆمدا بووم و سرووشی شیعرم لەگەڵدا بوو، لە ژێر دەرگاکەوە، کە تەنها چەند سانتیمەترێک بۆشایی هەبوو، شتێک خلۆر بووەوە و گەیشتە ناوەڕاستی ژوورەکەم. خێرا هەستام و تەماشام کرد، جگەرەیەک بوو، تووتنەکەی بەتاڵ کرابووەوە و لە شوێنی تووتنەکەی کاغەزێک لوولدرابوو، دەرم هێنا و کردمەوە، بە عەرەبی نووسرابوو:

"من ناوم ئیسماعیلە، ئەندازیارم و زیندانی سیاسیم، لەم زیندانەی بەرامبەرتم و شەو و ڕۆژ لەبەردەرگا وەستاوم و چرکە دەژمێرم و چاوەڕێی ئەو کاتانە دەکەم کە دەرگاکەی تۆ دەکەنەوە تا تۆزێک بتبینم، من زۆر تۆم خۆش دەوێ و عاشقی تۆم. تکایە وەڵامم بدەرەوە، تکایە، چاوەڕوانم".

هەر لە ناو فلتەرەکەدا قەڵەمێکی زۆر بچووکی ڕەساسی کە تەنها نووکەکەی و دوو سانتیمەترێک داری پێوە بوو دانرابوو. من کە قەڵەمەکەم بینی لە خۆشییاندا خەریک بوو باڵ بگرم، دەمویست شیعر بنووسم، خەریک بوو بۆ نووسینی شیعرێک و بۆ دەربڕینی ئەو ئەندێشە چڕ و کەڵەکبووانەم سوێم بێتەوە. بەڵام کاغەزم نەبوو، خێرا پاکەتی کلینیکسەکەم هێنا و کلینیکسەکانم لێ دەرکرد و پاکەتەکەم دڕاند و لە پشتەکەی بە بچووکی شیعرم نووسی، شیعرێک و دووان و سییان، تا ئێوارە و تا پێنووسەکە نووکی تێدا مابوو، هەر دەمنووسی و دەمنووسی و پاکەتەکانم هەمووی پڕ کردەوە و شیعرەکانم لە توێی کلینیکسەکاندا شاردەوە و ئەوانیشم لە ناو جلە چڵکنەکان، کە بۆ ناردنەوە ئامادەم کردبوو، دامنان. دوای نووسینی شیعرەکان، هەستم بە فەرامۆشییەکی زۆر کرد و لە سەر جێگاکەمدا پاڵ کەوتم و خەوێکی خۆش بردمییەوە، هەموو جارێک، نەشخەوتبام بە دەنگی خڕەی کلیلەکە ڕادەچڵەکام کە دەرگاکەیان پێ دەکردەوە. وەختی چوونە ئەودیو بوو، بۆ دەستشۆرییەکە. یەکەم جار بوو تەماشای زیندانەکەی بەرامبەر بکەم، دەمویست بزانم ئەو کەسە چۆنە کە عاشقی من بووە، لە بەر دەرگاکەدا کوڕێک، کە بە شێوەی و دشداشە سپییەکەیدا دیار بوو عەرەبە ڕاوەستابوو تەماشای منی دەکرد، بەوەیدا کە زەردەخەنەیەکی لەسەر لێو بوو زانیم ئەو بووە کە نیوەڕۆ نامەکەی لە ناو جگەرەکەدا بۆ ناردووم. کوڕێکی ئێسک سووک بوو، بەڵام بۆ من هیچی نەدەگەیاند. جگە لەوەی من کەسێکی

ترم خۆش دەویست و خۆشەویستی لای من پێناسەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەگەر کەسیش لە ژیانمدا نەبوایە هەر هۆشیاری ئەوەندەم هەبوو کە بزانم لە ناو زینداندا ئەوەی لە نێوان دوو کەسدا ڕوو دەدا عەشق نییە، تەنها تامەزرۆیی ئەو مرۆڤانەیە کە لە خۆشەویستی کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانیان دابڕاون و پێویستییەکی ڕۆحییان بە کەسێک هەیە لە نزیکیانەوە بێت و خۆشیان بوێ و خۆشی بوێن. خۆشەویستی بۆ من ئەو دەم ئاوێتەیەک بوو لە خۆشەویستی کوردستان و پرسی کورد، ئەو کەسەی من خۆشم دەویست دەبوایە پڕ بێت لە ئەڤینی کوردستان. من کە پەیمانی خۆشەویستیشم لەگەڵ مستەفادا دانا بێ ئەوەی هێشتا ڕووبەڕوو ناسیبێتم و لەگەڵیدا پڕ بە دڵ دوابم، هۆی ئەوەبوو من شیعرەکانیم دیبوو، لە ناو ئەو شیعرانەدا خۆشەویستی قووڵی وڵاتم بەدی کردبوو، هەستێکی مرۆڤانەی ناسک لە ناو هۆنراوەکانیدا هەبوو، کە بۆ ماوەیەکی کورتی پێنج دەقیقەیش یەکترمان دی و لە ڕووی دیمەنیشەوە کوڕێکی زۆر قۆز بوو، ئیدی ئەو خۆشەویستییە دروست بوو. بۆ من ئەوسا عەشق بریتی بوو لە شیعر و لە کوردستان و لە پێشمەرگە و خەبات. لە ناخی دڵمەوە بەزەییم بەو کوڕەدا هاتەوە کە بەر دەرگای زیندانی گرتووە و چاوەڕوانی خەندەیەکی منە، هیچ هەستێک لای من بەرامبەر بە ئەو دروست نەدەبوو، بۆیە نەمتوانی بە زەردەخەنەیەکیش وەڵامی بدەمەوە و وەکو جاران دەهاتم و دەچوومەوە بۆ ئەو دیوو و ئەمدیوو و تەماشای کەسم نەدەکرد. ئیدی ئەویش لەو وەڵامە تێگەیشت و وازی هێنا.

ئەگەرچی تەمەنم کەم بوو، تەمەنێک کە بە هەرزەکاریی ناودەبرێت، بەڵام هەستێکی وام هەبوو کە من لەوێدا نوێنەرایەتی کێشەیەک دەکەم کە کێشەی نەتەوەکەمەوە و نابێ کارێکی هەرزە بکەم. بە خۆمم دەگوت من تەنها خۆم نیم و هەرچییەک بکەم تەنها بۆ خۆم تۆمار نابێت، من نموونەیەکم لە کچانی کورد، من دەبێت ئاوێنەیەک بم و وێنەیەکی شایستە لە کچانی کوردستان پیشان بدەم. لە منەوە لای ئەوان لەسەر ژنی کورد وێنە دروست دەبێت و پێویستە جوڵەیەک نەکەم زیان بە ناوی ژنی کورد و نەتەوەی کورد بگەیەنێت. بەو تەمەنەوە ئەو هەستی بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە کێشەکەم لە ناو ویژدانمدا وای کردبوو وەک چواردەساڵییەک، وەک هەرزەکارێک



ڕەفتار نەکەم، بەڵکە وەک بەساڵاچوویەک. توانیشم تا ڕادەیەکی زۆر باش ئەو ئامانجە بپێکم. هەموو ئەو مفەوەز و پۆلیسانە و هەر یەکە و بەجۆرێک لە کاتی دیدارەکاندا بە باوکم و دایکمیان دەگوت. مفەوەز حەسەن، کە زۆریش میهرەبان نەبوو لە گەڵمدا، جارێکیان لە بەردەمی خۆم بە باوکمی گوت: بەڕاستی ئافەرین بۆ خۆتان، کچەکەتان زۆر بەڕێز و موئەدەبە. کە ئەم دەبینین دەڵێین بەڕاستی کورد بەڕێز و سەربەرزن. ئەوەتا لەو دیو حەوت هەشت ژنی عەرەبی لێیە و کە دەیانبینین شەرم دەمانگرێ.

لە ڕاستیدا ئەودیو ژنان و کچانێکی تێکەڵیان تێدابوو، هەبوو لەسەر دزی گیرابوو، هەبوو بەسەرخۆشی گیرابوو، هەبوو لەسەر کوشتن و دوو خوشکیش لەوێ بوون لە ماڵی بابیان هەڵاتبوون و لەگەڵ دوو کوڕدا لە هۆتێلدا دەستگیر کرابوون. ئەو ژنانە هەر یەکەیان قوربانی دەستی بارێکی ناهەموار بوون و هەر یەکەیان بەجۆرێک گیرۆدە و ئالوودە بووبوون. دیارە لە زیندانی پیاوانیشدا لەو جۆرە تۆمەتبارانە هەبوون بەڵام بۆ ژنان زۆر نائاسایی دەبینران و تەنانەت لە ناو تاوانبارانی پیاو و ژندا هەڵاواردنی زۆر دەکرا و تاوانبارێکی پیاو لە تاوانبارێکی ژن بەڕێزتر بوو لە لای پاسەوانان. تاقە زیندانی سیاسی ئافرەت لەو شوێنەدا تا ئەو کاتە من بووم، هەر بۆیەشە ماوەیەکی زۆر لە ژووری ئینفیرادی مامەوە.

سێشەممە هاتەوە و کاتی دیدار بوو. ئەگەر چی فەرمانەکە وا بوو کە هەرجارە و کەسێک بمبینێت، بەڵام کە مفەوەز جاسم لەوێ بوایە پەیڕەوی ئەوەی نەدەکرد و ڕێگەی دەدا بە چەند جارێک هەموو ئەو کەسانەی کە دەهاتن بۆ دیدارم بمبینن. یەکەمجار ڕێگەیان دابوو تەنها باوکم و خوشک و براکانم کە لە من بچووکتر بوون بێنە ژوورەوە. فەرەیدوون و دڵشاد و نەورۆزم تێر ماچ کرد و ئینجا باوکم. لە کاتێکدا کە باوەشم بە باوکمدا کرد لە گیرفانی باوکم قەڵەمێکی جاف سەرنجی ڕاکێشام و لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا لە کاتی خواحافیزی قەڵەمەکەی لێ داوا بکەم، بەڵام دەترسام باوکم قەڵەمەکەم نەداتێ و لەوە بترسێ کە شتێکی قەدەغەی پێ بنووسم و ئەوەندەی تر تیا بچم. بەڵام هەر دەبوو ئەو قەڵەمە بەدەست بهێنم، چونکە ئەو قەڵەمە بچووکەی کە لە ناو جگەرەکەدا بوو، هێندەم پێ نووسیبوو نووکی نەمابوو. ئیدی هەر

بیرم لای قەڵەمەکەی گیرفانی باوکم بوو. ماوەیەک بە یەکەوە دانیشتین و قسەمان کرد و خواردن و جلوبەرگە پاکەکانیان بۆ دانام و منیش جلە چڵکنەکانم بۆ ئامادە کردبوون و شیعرەکانیشیان لە تویدا دانرابوو. کە دەهاتنە ژوورەوە پشکنینی زۆ دەکرا، بەڵام لەو سەرەوە پشکنین نەبوو، بۆیە دەمزانی شیعرەکانم لە زیندان ڕزگاریان دەبێت و ڕووناکی دەبینن. کە ئەوانیش ڕزگاریان بێت، وەک ئەوە وایە بەشێک لە خۆم ئازاد بووبێت و ڕووناکی دیبێت. گرنگ بوو بە لامەوە شیعرەکانم دەرباز ببن. لە کاتی خواحافیزیدا، کە باوەشمان بەیەکدا کرد، لە گیرفانی باوکم بە ئاسپایی قەڵەمەکەم دەرهێنا و بێ ئەوەی هەستی پێ بکات دانەویمەوە و لەژێر سەرینەکەمدا دامنا. ئەوان ڕۆشتن و چەند کەسێکی تر ڕێگەیان پێ درا بێنە ژوورەوە، خوشکە گەورەکەم، دایکم و مستەفا. ئەوە یەکەمین ژوانم بوو لەگەڵ مستەفا دوای پەیمانبەستنمان، بەڵام بە تەنیا نەبووین و هەموومان پێکەوە دانیشتین و قسەیەکی تایبەتیمان نەکرد. مستەفا کاتژمێرێکی ملوانکەی بە دیاری بۆ هێنابووم. بە بینینی ئەو هەستێکی زۆر سەیرم لا دروست بوو، مرۆڤێک کە پەیمانی خۆشەویستیمان پێکەوە گرێ دابوو هێشتا ژوانێکیش لە نێوانماندا ڕووی نەدابوو، وا ئێستا و لە دوای ئەو پەیمانە لە ناو زینداندا و دوای سێ مانگ و نیو یەکتری دەبینین، چاوەکانی هەردووکمان گەش و پڕ لە خۆشەویستی بوون، ئەو هەڵوێستە جوانەی و ئەو بەتەنگەوەهاتن و دیدارەی بە تەواوی ئەوی لە دڵمدا جێگیر کرد. مستەفا و لەیلای خوشکم پێکەوە لە کەرکووکەوە هاتبوون و دایکم و ئەوانیش لە کفرییەوە و لەبەر دەرگای زیندانەکەی بەعقووبەدا یەکتریان دیبوو. دیارە بۆ دایکم و باوکیشم زۆر ئاسایی نەدەبوو کە بزانن ئەو و من پەیوەندیمان هەیە، بەڵام لای ئەوان زۆر ئاسایی بوو کە وەک هاوڕێیەک ئەو سەردانیم بکات و ئەویش هەر وەک هاوڕێیەک خۆی بەوان ناساندبوو. بەهەرحاڵ پێکەوە دانیشتین و قسە و باسی گشتیمان کرد و من هەمیشە هەواڵی دەرەوەم دەپرسی و دەمویست بزانم چی ڕوو دەدا و چاوەڕوان بووم حیزبی بەعس بڕووخێ. پێم وایە هەموو کەسێک لە زینداندا ئەو هەستەی لا دروست دەبێت و پێی وایە هەر لەو ڕۆژانەدا ڕژێم دەڕووخێ و ئازاد دەبێت. لە ناو ئەو قسانەدا بە چرپە بە لەیلام گوت کە ئەو شیعرانەی لە ناو جلەکانمدایە بیدات بە مستەفا بۆم هەڵبگرێت.



ئەو هەفتەیە، هەفتەیەکی نوێتر بوو، ڕووداوی سەرنجڕاکێش ڕووی دابوو. ببووم بە خاوەنی پێنووسێکی جاف. دەفتەرم نەبوو، تاقیم کردەوە بە قەڵەمی جاف زۆر بە جوانی لەسەر کلینکس"دەستماڵی کاغەزین" دەنووسرێت. ئیدی شاگەشکە بووم. ئیدی دەستماڵی کاغەزینم تەنها و تەنها بۆ نووسین بەکار دەهێنا، شیعر و پەخشان و نامە بۆ مستەفا و بۆ هاوڕێیانم. قۆناغێکی نوێ و ناوازە بوو بۆ من لە ناو زینداندا بتوانم بنووسم و نووسینەکانیشم ئازاد بکەم و بیانگەیەنمە کفری و کەرکووک. ئەو نامە و هۆنراوانەی کە لەسەر دەسماڵی کاغەزین لە زیندانەوە دەمناردەوە بۆ کفری و کەرکووک، تا ماوەیەک لە لای مستەفا مابوونەوە، کە مستەفا ناچاری هەڵاتن بوو و ساڵی ١٩٨٢ بەرەو هەندەران کوردستانی بەجێهێشت، هۆنراوەکانی لای نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دانابوو، کە هاوڕێیەکی خۆشەویستمان بوو، نامەکانیش لای فاتمە ئەحمەد کە خوشکەزای بوو. ئەو نامە و هۆنراوانە تا ساڵی ١٩٨٦ لای ئەو خۆشەویستانە مابوون، دواتر بارودۆخی نائارامی کەرکووک وای کرد کە لە ناوی بدەن، بەڵام نەوزاد ئەحمەد بەدەستوخەتی جوانی خۆی هەموو هۆنراوەکانی کە لەسەر دەستماڵی کاغەزین نووسرابوون لە ناو دەفتەرێکدا نووسیبۆوە و ئێستاش ماون.

***

**من لە هیچ شتێک پەشیمان نیم لەوە نەبێت کە تەنها یەک ژیانم هەیە تا لە پێناوی نیشتیماندا بەختی بکەم.**

ناسان هایل

***

## من و ئەنفال

سەرەتای مانگی ئاب بوو، ئابی ساڵی ١٩٨٠، لە ناو ژوورێکی دۆزەخدا هاڵاوم لێ هەڵدەستا، ئیدی بە تەواوی لە گیانی خۆم بێزار بووبووم. ئەو هەفتەیە، مامی گەورەم هات بۆ دیدارم، وەخت بوو شێت بێت کە منی بەو جۆرە بینی. ئەو بێئەندازە منی خۆشدەویست، دەیان جار گوتی بە قوربانت بم حەیاتم، تۆ مایەی شانازیمانی، تۆ سەری ئێمەت بەرز کردۆتەوە. زۆر قسەی هاندانی لەم جۆرەی بۆ کردم. مامم گوتی ژوورەکەت دەکوڵێ ئێستا دەچم بزانم ڕێگە دەدەن پەنکەیەکت بۆ بکڕم و بیهێنم. مامم خێرا چووە لای مفەوەز جاسم و پێکەوە گەڕانەوە بۆ ژوورەکەی من. مفەوەز جاسم گوتی:

– لە ڕاستیدا قەدەغەیە، بەڵام من لەسەر بەرپرسیارێتی خۆم ڕێگە دەدەم بۆی بێنی، بەڵام یەک موشکیلەی تر هەیە.

– کێشەی چی هەیە؟

– ئەم ژوورە پلاکی کارەبای تێدا نییە، تەنها ئەو گڵۆپەیە ئەویش سویچەکەی لە دەرەوەیە.

– قەیناکە، تۆ ڕێگەم بدەی خۆم ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەم.

– چۆن؟

– من خۆم ئەندازیاری کارەبام و لەو وایەری کارەباوە پانکەکە دەبەستمەوە.

– باشە، ئەگەر دەتوانی بیکەی، بیکە.

مامم ڕۆیشت و یەک کاتژمێری پێ چوو، کە هاتەوە پەنکەیەکی سەرعەرزی هێنابوو، مفەوەز جاسمیشی لەگەڵدا هاتبووە ژوورەوە. تەنها چەقۆیەکی بچووکی پێبوو، پلەکی پانکەکەی بڕی و هەردوو تەلەکەی دەرهێنا، گوتی:

– ئێستا دەبێ ئەم تەلی کارەبایەی ژوورەکەش ئاوا ببڕم.



– بەڵام چۆن، ئێمە ناتوانین کارەبای ئەم دایەرەیە هەمووی بکوژێنینەوە.

– پێویست ناکات بیکوژێننەوە. هەر وا دەیکەم.

– بۆ خاتری خوا کارەبا دەتگرێت.

– نا من هەر لە سروشتەوە بەرگریم هەیە بۆ کارەبا و کارەبا نامگرێ.

– چۆن شتی وا دەبێت؟ چۆن کارەبا ناتگرێ.

جاسم باوەڕی بە مامم نەکرد و زۆر ترسا کارەبا بیگرێت و لەسەر ئەو ساغ بێتەوە. مامم بە چەقۆ کارەباکەی بڕی و هەر بەدەستی خۆی تەلەکانی دەرهێنا. لە ڕاستیدا نەک هەر جاسم، منیش زۆر ترسام مامم کارەبا بیگرێت و بەهۆی منەوە ئەویش تیا بچێت. جاسم بە منی وت هەتا ئەو کارەکەی تەواو دەکات وەرە من و تۆ لە دەرەوە بوەستین. زیندانییەکانی بەرامبەریش بەم مەسەلەیەیان زانی و لای دەرگاکە وەستابوون و چاوەڕێی ڕوودانی کارەساتێکی دڵتەزێنیان دەکرد. بەڵام مامم زۆر بێباکانە و باوەڕبەخۆیانە وایەرەکانی گرتبوو بەدەستیەوە و بەیەکیانییەوەی پێچایەوە و بە تێپ دایپۆشین و پەنکەکەی خستە کار. هەموو سەیریان پێ هات کە ئەم کارە وا بە ئاسانی بۆ مامم ئەنجام درا. بەهەرحاڵ، مامی خۆشەویستم بەو پانکەیە گەورەترین خزمەتی بە من گەیاند و هەناسەیەکی نوێی بەخشی بە ژوورەکەی دۆزەخم. ڕاستە بای پانکەکەش هەر گەرم بوو، بەڵام لەو ئارەقە زۆرە ڕزگاری دەکردم و وشکی دەکردمەوە.

مامم لەو جۆرە کەسانە بوو کە بۆیان ئەستەمە داوای شتێ لە کەسێک بکەن، کەسێک بوو دژ بە نەریتی بەرتیل و واسیتە، بەڵام خۆشەویستی من ناچاری کردبوو پەنا بۆ چەندان کەس ببات بۆ ئەوەی لەو دۆزەخە ڕزگارم بێت. شێخ ستار لە کەرکووک، شێخ عەتا لە کفری، حەمەسەعید جاف لە بەغدا، دیداری کەسانی تریشی کردبوو بۆ هەوڵدان بۆ من. وەنەبێ ئەمانە هەوڵی خۆیان نەدابێت، وەلێ لای ڕژێمی بەعس تەنانەت ئەوانەشی کە وا دەهاتنە بەر چاو کە دەسەڵاتیان هەبێ، بێدەسەڵات بوون و قسەیان نەدەڕۆیشت. چەند ساڵ دوای ئازادبوونم لە زیندان، ڕۆژێکیان پیاوێک هاتەماڵمان و پرسیاری منی کرد.

– ئەمە ماڵی مەهاباد قەرەداغییە؟

– بەڵێ فەرموو.

– ئەم نامەیە لە کاک حەمەسەعید بەگی جافەوەیە بۆ مەهاباد.

نامەکەم کردەوە و خوێندەوە. دوای سڵاو و ڕێز و بڕێک ستایشکردنی نووسینەکانم کە ئەو دەم لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری بەیان، ڕۆژی کوردستان، کاروان بڵاو دەبوونەوە، گلەییشی لێ کردبووم و نووسیبووی:

"کاتی خۆی کە تۆ لە زیندان بووی و چەند لاوێکی تری کفری لە زیندان بوون، مامت هات بۆ لام و داوای لێ کردم کە هەوڵی ئازادکردنت بدەم. من بۆ تۆیش و بۆ لاوەکانی تری کفری هەوڵی زۆرم دا. دوای ئازادبوونیان ئەوانی تر هەموویان بە سەردانی یان بە نامە سوپاسیان کردم بۆ هەوڵەکانیان، بەڵام تۆ کە لە ناو لاوەکاندا جیاوازییەکیشت هەیە و ئەوەتا بەرهەمت دەبینم بڵاودەبێتەوە و گەلێ پێشکەوتووی، کەچی لە تۆوە هیچ هەواڵێک یان نامەیەکی سوپاسم پێ نەگەیشت. من خەیاڵم بۆ ئەوە چووە و پرسیاری ئەوەم لا دروست بووە ئایا تۆ لە هەوڵەکانی من ئاگادار نەبووی کە بۆ ئازادکردنت دابووم، یان تۆ من بە نەیار دەزانی بەو پێیەی کە لە دەسەڵاتەوە نزیکم."

لە ڕاستیدا من ئاگادار بووم کە کەسوکارم بۆ ئازادکردنی من پەنایان بۆ ئەو کەسانە بردووە کە پێیان وابووە دەتوانن کاریگەرییەکیان هەبێت و هەوڵ بدەن ئازاد بکرێم، ئەو کەسانەش بەپێی توانای خۆیان قسەیەکیان لەو پرسەدا کردبوو، بەڵام هەوڵی کەسیان سەری نەگرتبوو. شێخ ستار ڕێک و ڕەوان گوتبووی:"من هەوڵی خۆم دەدەم، بەڵام بەڕاستی قسەی ئێمە لای بەعس هیچ ڕەواجی نییە. دەتوانین ڕۆژی سەد کەس بدەین بە گرت، بەڵام ناتوانین یەک کەس ئازاد بکەین." ئەو ڕاستگۆیانە ئەم ڕاستییەی بۆ مامم دەربڕیبوو، بۆ ئەوەی بە تەمای ئەو هەوڵانە نەبن کە کوردەکانی نزیک لە دەسەڵاتی بەعس دەیاندا. هەرواش بوو. من لە وەڵامی نامەکەدا سوپاسم کرد و بۆم نووسی کە ئاگاداری هەوڵەکانی هەبووم، بەڵام بە داخەوە کە بەهۆی هەوڵەکانی ئەوانەوە نەبوو کە ئازاد کرام.

ئەگەرچی بەو دیدارانە خۆشحاڵ بووم و بەو خۆراکانە بووژابوومەوە کە لە کفرییەوە دایکم دەیهێنا و لە بەغداوە مامم و ئامۆژنم دەیانهێنا و جلوبەرگم پاک و



خاوێن ببۆوە و مەڵهەمێکی ڕەش کە دایکم لە دیداری دووەمیدا هێنابووی، زۆر کاریگەر بوو برینەکانی لەشمی تا ڕادەیەکی زۆر باش چاک کردبووەوە، بەڵام هێشتاش هەستم بە لاوازییەکی جەستەیی زۆر دەکرد. زۆر بچکۆلەتر ببوومەوە لە قەبارەی جارانی خۆم. بەیانیانێک گوێم لە تەق و تۆقی سڵاوکردنی پاسەوانەکان بوو، دیار بوو کەسێکی گەورە هاتووە. چونکە کە کەسێکی پلەبەرز دەهات هەر پۆلیس و پاسەوان بوو پێی دەکوتا بە عەرزا و چەکەکەی دادەگرت و چەپۆکی دەدا بەسەر چەکەکەی خۆیدا. گوێم لێ بوو گوترا پارێزگارە و بۆ پشکنین هاتووە. نیو کاتژمێرێکی پێچوو تا بەندیخانەکانی تری پشکنی و نۆرە گەیشتبووە زیندانەکەی من. لەبەردەرگای ژوورەکەمدا پێش ئەوەی هێشتا دەرگا بکەنەوە و گوێم لە قسەکانیان بوو، پارێزگاری دیالە پرسی:

– ئەی ئەم ژوورە کێی تێدایە؟

– کچێکی سیاسی تێدایە.

– سیاسی؟! مەسەلەکەی چییە؟

– گەورەم ئەم کچە شاعیرە، لە ڕێکخراوی نهێنیدا کاری کردووە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ فەرماندەیەکی موخەربین هەبووە.

دوای ئەم قسانە دەرگایان کردەوە و منی بچکۆلانەی بینی لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتووم بە سەرنجێکی پڕ لە سەرسامی و تەوسەوە بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەمە کچە سیاسییەکەیە؟! ئەمە منداڵە، ئەمە سیاسەت چووزانێت چییە؟ ئەمە شاعیرە؟

ئەو بەرپرسە پۆلیسەی کە لەگەڵی هاتبووە ژوورەوە و دیار بوو لە مفەوەزەکانی تر پلەدارترە، جەختی لەسەر سیاسیبوون و شاعیر بوونی من دەکردەوە و گوتی:

– بەڵێ گەورەم، جنێویشی بە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی داوە و نووسیویەتی کە فاشیستن.

پارێزگاری دیالە دیسان بە شێوازێک کە هەم تەوس و هەمیش سەرسامی دەنواند

و بە بزەیەکەوە دووپاتی کردەوە کە منی منداڵ سیاسەت چووزانم، ڕووی لە من کرد و پرسی:

– ناوت چییە؟

– مەهاباد.

– جمهورية مهاباد! تۆ شاعیری؟

بۆ یەکەم جار لەو زیندانەدا پێم گوترا شاعیر و سیاسی، لە ڕاستیدا من تا ئەو کاتە تەنها چەند شیعرێکم نووسیبوو، لەوانەش تەنها دوو دانەیان بڵاو ببووەوە و هێشتا نەدەکرا ناوی شاعیر لە خۆم بنێم، بەڵام لەوێدا ئەوان جەختیان دەکردەوە لەسەری و کە لە خۆمیشی پرسی، هەستم کرد پێویستە زۆر بە شانازییەوە بە ئەرێ وەڵامی بدەمەوە.

– بەڵێ شاعیرم.

– تۆ بە ئێمەت گوتووە فاشیست؟

بە هێمای بەڵێ سەرم ڕاوەشاند. ئەو پێکەنینی دەهات و گاڵتەی پێدەهات من شاعیر یان سیاسی بم، دیار بوو بە منداڵێکم دەزانێ و برەو بۆ قسەکانم دانانێت و منیش لەو کاتەدا وەک منداڵێک بێباکانە وەڵامم دەدایەوە و بە فرسەتم زانی کە بە منداڵم دەزانێت. ئەو بەپێکەنینەوە پرسی:

– ئێمە فاشیستین یان ئێوەی کورد؟

– ئێوە.

– فاشیست مانای چییە؟

– نازانم.

– ماوەی چەندە لە بەندیخانەی؟

– چوار مانگ.

– کەی ئازاد دەکرێی؟

– ئێوە دەزانن.

– ئەگەر ئازاد بکرێی جارێکی تر وا دەکەی؟



– چیم کردووە؟

– تۆبەت نەکردووە؟

– چیم کردووە تا تۆبە بکەم؟

پارێزگاری دیالە چووە دەرەوە و دەرگا لەسەر کیژۆڵە سیاسییەکە خڕ داخرایەوە. دیار بوو لە کاتی پشکنیندا فەرمانی دابوو کە زیندانییەکان هەندێ لە ناو داڵانی بەندیخانەکەدا لەبەر هەتاو دابنرێن. دوای ڕۆیشتنی ئەو و خواردنی نیوەڕۆ یەکسەر هاتن و گوتیان هەمووتان بۆ بەر خۆر. لەگەڵ ئەوەشدا کە دیوارەکانی حەوشەی زیندان زۆر بەرز بوون و مەترسی هەڵهاتن نەدەکرا، بەڵام چەندان پۆلیسیش لە دەوروبەری حەوشەکەدا بوون و چاودێرییان دەکرد. پیاوەکان لە لایەک و ئەو چەند ژنەی ئەودیو و منیش لە لایەکەوە دانیشتین و خۆری کۆتایی مانگی ئاب بۆ ماوەی یەک کاتژمێر داخی کردین. چوار مانگ بوو هەتاوم نەدیتبوو، ئێسکەکانی لەشم داهێزرابوون، کە ئەو هەتاوە لێی دام بە تەواوی گێژ بووم و بەرگەیم نەگرت، یەک دوانێک لەو ژنانە دەستیان گرتم و هێنایانمە ژوورەوە و خۆیان ڕۆشتنەوە ژووری ئەودیو. لەسەر جێگاکەم ڕاکشام و دەزانم نەخەوتبووم و نەش بووراببوومەوە. داهێزرانێکی تەواو، وەک نیوەمردوویەکم لێ هات، هەستم دەکرد ئەوەندە قورسم توانای هەڵسانەوەم نییە. هەرچی کاتێ کلیلیان بخستایەتە نێو کونی دەرگاکەوە ئەگەر لە شیرینترین خەویشدا بام هەڵدەستام و قنج دادەنیشتم، یەک جاریش منیان بە خەوتوویی یان ڕاکشاوی نەدیبوو، تەنانەت ئەو جارانەشی کە بۆ پشکنین لە نیوەشەودا دەهاتن و دەیانبینی قنج دانیشتووم سەیریان پێ دەهات و پێیان وابوو قەت ناخەوم. بەڵام ئەو ئێوارەیە دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی بچمە ئەودیو بۆ دەستشۆری، نەمتوانی هەڵبستم و کە خواردنیشیان هێنا من هەر وەک نیوەمردوو بووم و نەمتوانی هەستم، دەمبینی دەرگا دەکرێتەوە و کەسێک قسەیەک دەکات، بەڵام نەمدەزانی چی دەڵێت و نەمدەتوانی شتێک بڵێم. دەرگا داخرایەوە و منیش هەر لە جێگەی خۆم ڕاکشابووم و توانای جووڵانەوەم نەبوو، لە ناکاو هەستم بە خنکان کرد، شتێک قورگی گرتم، لەتاوا نەمزانی چۆن هێزم هاتەوە بەر و هەستام، بینیم بە خوڕ خوێن لە لووتمەوە دەپژێ، جلەکانم خەڵتانی خوێن بوون، خاولییەکی گەورەم پێ

بوو ئەویش یەکپارچە بوو بە خوێن. نەمدەزانی چی ڕوودەدا و بۆ وام لێ هات. هی ئەو خۆرە بەهێزەی نیوەڕۆ بوو کە دەیدا بە تەوقی سەرمدا یان شتێکی تر، نەمدەزانی چی بکەم؟ سەرم هەڵدەبڕی بۆ ئەوەی خوێنەکەی بوەستێت، بەڵام ئەو کات قورگم دەگیرا و خوێنەکە دەچووە خوارەوە بۆ ناو قورگم و هەستم بە خنکان دەکرد. پێ دەچوو درەنگ بێت، نیوەشەو بێت. لە دەرگاکەم دا، جارێک و دوو جار و سێ جار کەس نەیدەکردەوە. لە کونی کلیلەکەوە تەماشام کرد، پۆلیسە ئێشکگرەکە زەق زەق تەماشا دەکات و گوێ ناداتێ کە من لە دەرگا دەدەم. لە داخان ئەوەندە تووڕەبووم کە خوێنی لووتیشم فوارەی دەکرد و نەدەوەستا، بەهەموو هێزی خۆم لە دەرگام دا و لە دەرگام دا. پۆلیسەکە بەبێزارییەکەوە پرسی: چیت دەوێ بەم نیوەشەوە؟ منیش بە تووڕەییەوە گوتم خوێنی لووتم بەر بووە و دەرگام لێ بکەرەوە، دەبێ بمگەیەننە نەخۆشخانە، دەنا دەمرم و بەسەر ئێوەدا ساغ دەبمەوە. کە ئەم قسەیەم کرد دەرگاکەی کردەوە و بینی بەڕاستمە و هەموو ژوورەکە خەڵتانی خوێنە، جلەکانم، جێگاکەم، خاولییەکەم. گوتی هەر ئێستا دێمەوە. دەرگاکەی داخستەوە و دوای پێنج خولەک هاتەوە و بەرپرسە ئێشکگرەکەی لەگەڵدا بوو، یەک پارچە سەهۆڵیشی بەدەستەوە بوو. پارچە سەهۆڵەکەی خستە سەر تەوێڵم و وردە وردە خوێنەکە کەم بووەوە، بەڵام ئەوەندەم خوێن لەبەر ڕۆشتبوو پێ دەچوو ئەوەندەم خوێن تێدا نەمابێت بۆیە وردە وردە خوێنەکە وەستا. گوتیان بە داخەوە ناتوانین بتبەین بۆ نەخۆشخانە، تۆ زیندانی سیاسیت.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و بەیانیانێک دەرگایان کردەوە و ژنێک و منداڵێکی ساوایان هێنایە ژوورەوە و دەرگایان داخستەوە. ژنەکە بە عەبایەکی ڕەشەوە خۆی پێچابووەوە و تەنها دەموچاوی دیار بوو. سڵاوی لە من کرد و منیش فەرمووم لێ کرد لەسەر جێگاکەم دابنیشێت. منداڵە ساواکە تەمەنی تەنها سێ مانگ بوو، کچێکی ئەوەندە جوان بوو تا ئەو دەم منداڵی ئەوەندە جوانم نەدیبوو، هەر دەتگوت فریشتەیە. دایکیشی ژنێکی زۆر شۆخ و شەنگ بوو، تەمەنی تەنها بیست و سێ ساڵ بوو، ژنێکی خوێن گەرم و ڕووخۆش بوو. پێش ئەوەی هیچی ئەوتۆش پێکەوە بدوێین لەخۆمەوە هەستم کرد ژنێکی باشە و ئەویش هەمان هەستی هەبوو بەرامبەر بە من. لێم پرسی:



– ئەمڕۆ گیراوی؟

– نا، مانگێکە. ماڵمان لە بەسرەیە بەڵام خۆمان خەڵکی دێیەکین لە بەعقوبە، لە بەسرە گیرام و مانگێک بوو لەوێ بووم، ئەمڕۆ هێنایانم بۆ ئێرە. ئەی تۆ؟

– من چوار مانگ و نیوە گیراوم، پێشتر لە ئەمن بووم و ماوەیەکیشە لێرەم.

– کەواتە زیندانی سیاسیت؟

– بەڵێ. ئەی تۆ؟

– منیش و ئەم ساوایەش زیندانی سیاسین. کچێکی دوو ساڵیشم هەیە، لە ماڵی باوکمە.

– چیت کردووە؟

– مێردەکەم هەڵاتووە بۆ ئێران. خەریک بوو بیگرن لەسەر حزبی دەعوە، بەڵام فریا کەوت هەڵبێت بۆ ئێران و من لەسەر ئەو گیراوم.

– ئەو دەزانێت تۆ گیراوی؟

– نەخێر. مێردەکەم ناوی "قاسم"ە، دکتۆر بوو لە بەعقوبە، لێرە پێیان زانی کە لەگەڵ حزبی دەعوەیە و بەدوایەوە بوون و ناچار ڕامان کرد بۆ بەسرە و لەوێ لەسەر عەرەبانە لەفەفەی دەفرۆشت، لەوێش پێیان زانی و باش بوو خۆی دەرباز کرد، دەنا ئێعدامیان دەکرد. ئەو ژنە زۆر ئازا بوو، بێباکانە دەدوا و ورەی بڵند بوو. ناوەکەی لەگەڵ کەسایەتیدا زۆر گونجاو بوو، هیوای بە ژیان و بە دوارۆژ هەبوو، ناوی "ئەمەل" بوو. ساواکەی باوەشی، ئەوەندە شیرین بوو، لە ماوەیەکی کورتدا هۆگری بووم و هۆگرم بوو، ڕۆژی سەدان ماچم دەکرد. ئەو منداڵە لەدایکی زیاتر هۆگری من بوو، دەهاتە باوەشمەوە و یاری بە قژم دەکرد، منیش زۆر زۆرم خۆشدەویست. ئێستاش کە سیما و خەندە و چاوە جوانەکانیم بیر دەکەوێتەوە پێم خۆشە بیبینم و تێر ماچی بکەم، ئێستا ئەو ئەگەر بەعس نەیکوشتبێ تەمەنی بیست و چوارساڵە. ئەو ئێستا من هەر ناناسێت، چونکە تەنها تەمەنی شەش مانگ بوو، شەش مانگیش پێکەوە بووین و ئیدی نەمدیتەوە، بەڵام دایکی دڵنیام ئەگەر مابێ ئەویش منی هەر لە بیر ماوە. تاقە شتێک کە قەت حەز ناکەم بیرم بکەوێتەوە لەو ساوا شیرینەی ناو زیندان،

ناوەکەیەتی، کە ناکرێ و ناشتوانم بیرم بچێتەوە، ئەفسووس ئەو کچە شیرینە ناوی "ئەنفال" بوو.

ئەوە یەکەم جار بوو ئەو ناوە ببیستم، کە یەکەمجار ناوی کۆرپەکەم پرسی و دایکی گوتی ناوی ئەنفالە، هەستیار نەبووم بەرامبەر بەو واژەیە، تەنها لێم پرسی:

– ئەنفال مانای چییە؟

– ناوی سوورەتێکە لە قورئان.

ئێستا بەرامبەر بەو وشەیە زۆر هەستیارم، کە دەیبیستم ڕۆحم دێشێ، ئەو ڕۆژانەم دێتەوە یاد کە هەموو کوردستان دەتگوت لە پرسەدایە هێند مات و خامۆش بوو. ڕۆژانی شوومی ساڵی ١٩٨٨، کە ئێمە لە کفری بووین و زۆربەمان بە دزییەوە دەچووینە سەربان و بە دڵێکی شکاو و پڕ لە جەخارەوە دەمانڕوانییە جادەی نێوان کفری و کەلار، کە زنجیری ئەستووری زرێپۆشەکان هەڵیان دەدڕی و بەرەو دێهاتەکان بۆ هێرشبردن و ئەنفالکردنی لادێنشینە دڵپاک و ساکارەکانی گەرمیان ملیان دەنا. چ سامناک بوون ئەو ڕۆژانە، لە واژەی ئەنفالدا ئەو یادەش ڕۆحم دەشڵەژێنێ کە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ دا ڕووی دا. باوکم ماوەیەکی کەم بوو لە زیندان ئازاد کرابوو، جاری یەکەمی نەبوو کە زیندان بکرێ، لە کفری هەر تەقەیەک دەبوو، هەر چالاکییەکی پێشمەرگە ڕووی دەدا، ئەمنەکان دەهاتن و ماڵی ئێمەیان دەپشکنی. کێڵگە و باخێکمان هەبوو لە دەربەندتاڵەی کفری، لەو کێڵگەیەدا کارگەیەکی مریشکمان هەبوو، پێشمەرگە زۆر جار دەهاتن و شەوان لەوێ نانیان دەخوارد. مەخابن ئەو هەواڵە دەگەیشتەوە بەعس، چۆن دەگەیشت؟ مەخابن ناپاک لە ناو شۆڕشدا هەبوون. کە هەواڵ دەگەیشتە ئەمنی بەعس، دەهاتن و باوکمیان دەگرت. ئەو جارەیان هەرسێکیان، باوکم و فەرەیدوون و سەلاحی برامیان گرت و لە زیندانی ئەمنی کفری دا ئەشکەنجەی زۆر دران. سەرەتای مانگی نیسان بوو، کە باوکم لە زیندان ئازاد کرا، مرۆڤێکی تر بوو، زۆر گۆڕابوو، کە پێشوازیم کرد و ئەو خەمە قووڵەم لە چاوی دی و ئەو گۆڕانکارییە زۆرەم لە جەستە و سیمای دی، هەستم دەکرد شتێکی سەیر و نائاسایی ڕووی داوە. نەخۆش بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز و لاوازتر دەبوو. هێشتاش هەر دەچووە سەر کار. لەو ماوەیەدا لە دەفتەرێکدا لە ناو



دوکانەکەی هەندێک وەسیەتی نووسیبوو بۆ هەر یەک لە ئێمە، لە دوای کۆچکردنی دەفتەرەکەمان دیتەوە، بۆ هەر یەکەمان شتێکی نووسیبوو. بۆ من نووسیبووی: "مەهاباد تۆ بۆ نووسین خوڵقاوی، لەم کارەتدا بەردەوام بە و دڵنیام سەردەکەوی. زۆرت شانازیت پێوە دەکەم چونکە کچێکی تێکۆشەری، داوات لێ دەکەم هەمیشە قەڵەمەکەت لە پێناوی گەل و نیشتیمانەکەتدا بێت و لە هیچ شتێ سڵ نەکەیتەوە." کۆتایی مانگی نیسان بوو، نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێنا، من ئێستاش گومان دەکەم کە لە زینداندا بەعس دەرمانخواردی کردبێت، دەنا ئەو مرۆڤە زۆر و هەمیشە چالاکە بۆ لە ماوەی مانگێکدا وا دەپووکایەوە. دایکم و براگەورەکەم بردیان بۆ نەخۆشخانەی کەرکووک، لە ڕێگا تووشی کاروانی ئەنفالبەر بوو بوون، باوکم بەو دیمەنە زۆر ئازاری دی، زۆر گریابوو، کە هاتەوە و باسی دەکرد دیسان دەگریا، لە ناو هەموو ڕستەکانیدا ئەوەی سەرنجڕاکێشترین بوو کە دەیگوت:

– زیڕەی منداڵ و قیژەی ژن دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک. کافریان پێ موسوڵمان دەبوو. ٢٧ ی نیسان دووبارە نەخۆشی زۆری بۆ هێنا. بردیانەوە بۆ کەرکووک. لەوێ دکتۆریش نەبوو فریای بکەوێ، بە چاوی کراوەوە ڕۆحی سپارد. ئەوڕۆژە ساڵیادی هەشتەمی گیران و زیندانیکردنەکەی منیش بوو، هاوکات ڕۆژی لەدایکبوونی سەدامی دیکتاتۆر بوو. باوکم لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا ڕۆحی سپارد.

***

## هێماکانی شەڕ

لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠ دا، ئیدی من ئینفیرادی نەبووم و کۆرپەیەک و دایکێک لە ژوورەکەمدا بوون. ئەمەل ئەشکەنجە نەدرابوو، ئەو دەستبەسەر بوو، دەیانگوت ئەگەر مێردەکەی بێتەوە و خۆ بدات بەدەستەوە، ئەم ئازاد دەکەن. خەڵکی دێیەک بوون ناوی جدیدە بوو. ئەمەل بیست و چوارسەعات عەبای بەخۆیەوە پێچابووەوە، تەنانەت کاتی خەوتنیش. پێم سەیر بوو کە تەنها من و ئەوین لەو ژوورە و هیچ پیاوێکیش نایبینێ کەچی هەر عەبای بەخۆیدا داوە. ئەو خۆپێچانەوەیە ئەوەندەی لەبەر دابونەریت بوو، لەبەر ئاین نەبوو. چونکە هەموو ئەوانەشی کە دەهاتن بۆ لای وەک ئەو بوون و پیاو دیار بوایە یان نا هەر عەبایان لەخۆوە پێچابووەوە.

یەکەمجار بوو ببینم بەو شێوەیەی ئەو دەستنوێژ بگیردرێ، لە ماڵی ئێمەدا باپیرم کە دەستنوێژی هەڵدەگرت نیو بەرمیل ئاوی دەڕشت، کەچی ئەمەل تەنها دەستی تەڕ دەکرد و دەیهێنا بە دەموچاویدا و بەدەستی تا ئانیشکی و بە سەر هەردوو قاچیدا. پێم وابوو لەبەرئەوەی لە زینداندایە و ئاو کەمە بۆیە وا دەکات، کەچی ئەو دەیگوت دەستنوێژی ئێمە هەر وایە. کە نوێژی دەکرد دەستەکانی نەدەخستە سەر سکی و ڕێک دەوەستا، بەردێکیشی بەرامبەر بە خۆی دادەنا لە کاتی کڕنۆشبردندا تەوێڵی دەچەقاند بە سەر ئەو بەردەدا. لە هۆی ئەوەم پرسی و گوتی چونکە ئیمامی عەلی لەسەر نوێژ شەهیدکراوە و لەتاوا دەستی بە سکییەوە گرتووە، بۆیە ئێمە دەستمان ڕێک دەگرین و نایکەینە سەر سکمان وەک ئەوەی سوونییەکان دەیکەن. ئەو بەردەش کە تەوێڵیان پێ دەچەقاند لە خۆڵی کەربەلا و نەجەف دروست کرابوو بۆیە پیرۆز بوو لە لایان و کڕنۆشیان بۆ دەبرد. ئەوان پێیان وابوو ئیمامی زەمان کە بە مەهدی ناوی دەبەن دێتەوە و ڕزگاریان دەکات و مرۆڤایەتی لەو ناهەقی و زۆردارییەی کە هەیە ڕزگار دەکات. مەراقم بوو بزانم کەی دێتەوە ئەو کاک مەهدییەی کە باسی دەکەن، ئەوان پێیان وابوو کە نیشانەکانی هاتنی دەرکەوتووە و



ئەوەتا سەدام و دارودەستەکەی زۆردارییان گەیاندۆتە لووتکە چونکە کەسێکی وەکو ئایەتوڵڵا سەدر و ئامینە سەدری گرتووە و ئەشکەنجەیان دەدا. هەر ئەو ساڵە بوو محەمەد باقر ئەلسەدر کە پێشەوایەکی ئاینی شیعەکان و ئامینە سەدری خوشکی گیرابوون. ئەمەل دەیگوت ئامینە سەدریان جۆرێ ئەشکەنجە داوە کە کەسیان تا ئێستا وا ئەشکەنجە نەداوە، کە لێم پرسی چییان لێ کردووە، بۆی باس کردم کە هەموو گیانیان بە جگەرە سووتاندووە. دڵنیام کردەوەکە هەر ئەوە نییە کە ئەو ئەشکەنجەیە درابێت، جێزامەکانم هێشتا دیار بوون و پیشانم دا، بەڵام تکام لێ کرد کە لە نێوانی خۆماندا بێت و باسی نەکات، چونکە هەڕەشەی زۆریان کردبوو کە نابێت بۆ هیچ کەسێک باسی ئەشکەنجەکان بکەم. بەهۆی ئەمەلەوە وردە وردە ئاشنای کولتوور و دابونەریتەکانی شیعە بووم، بۆ من نوێ بوو خەڵکی وا بناسم و بەڕاستیش کولتووری ئێمە و ئەوان زۆر جیاواز بوو، ئەویش لە بارەی کوردەوە وای دەگوت و پێی سەیر بوو هەردووکمان خەڵکی وڵاتێ بین و ئەوەندە دابونەریتمان لەیەکەوە دوور بێت. زۆر پرسیارم لێ دەکرد و ئەمەل بەئارەزووەوە وەڵامی دەدامەوە، ئەو حەزی دەکرد کاریگەرییەکم لەسەر دابنێت و هەستم دەکرد دەیەوێ بمکات بە ئەندامێکی حیزبی دەعوە، من ناوی حیزبی دەعوەم بیستبوو، بەڵام لە زیندان زۆر وردەکاریم لەسەریان زانی بەهۆی دەیان ژنەوە کە لەسەر ئەوە گیرابوون. ئەمەل ڕۆژێکیان زۆر بە جیدییەوە قسەی لەگەڵ دەکردم و گوتی:

– مەهاباد تۆ کچێکی زۆر باشی، بەڕاستی هەر لە یەکەم چرکەوە کە بینیتم هەستم کرد تۆ مرۆڤێکی زۆر باشی، ڕەنگە تۆ تەنها یەک نوقسانیت هەبێت.

– ئادەی لە چیم کەمە؟

– نوێژ ناکەی. نوێژ فەرزە لەسەر هەموو ژن و پیاوێکی موسوڵمان.

– ڕاست دەکەی نوێژ فەرزکراوە، بەڵام من پێم وایە دەبوایە بەکارهێنانی ویژدان فەرز بێت، زۆر کەس نوێژ دەکەن چونکە فەرزە، بەڵام بێ ویژدانیشن. زۆری وام دیوە.

– ئەوانە نوێژەکەشیان قبووڵ نییە. مرۆڤی باش نوێژ و خواپەرستیش بکات زۆر باشترە بۆ خۆی.

– ئەمەل گیان دەزانی من تۆم زۆر خۆش دەوێ، چونکە منیش هەستم کرد تۆ مرۆڤێکی باشی. دابونەریتی تۆ هەرچی بێت، زمانت، نەتەوەت هەرچی بێت بۆ من گرنگ نییە و لەبەرئەوەی مرۆڤێکی باشیت خۆشم دەوێی، نوێژیشت نەکردایە هەر خۆشم دەویستی. دەزانی من باپیرێکم مەلایە و باپیرێکم سۆفییە و نەریتی نوێژ و خواپەرستی شتێکی نامۆ نییە بە من، لە ماڵی ئێمەدا باپیرم، داپیرم و دایکم نوێژ دەکەن. باوکیشم نوێژ ناکات بەڵام پیاوێکی ڕاستگۆیە، حەزی لە دادپەروەرییە، لەسەر هەق دێتە وەڵام، ویژدانی زیندووە، ئەو شتانەشی فێری ئێمە کردووە، وا بزانم ئەوانە فەرزترن.

– ئەوانە شتی زۆر باشن، دینیش هەر ئەوانە دەڵێت.

– کەواتە من بێ دین نیم، تەنها ئەوەیە نوێژ ناکەم.

– نا تۆ بێ دین نیت، بەڵام بێ ئیمانیت.

– چۆن بێ ئیمانم، خۆم پێم وا نییە، بەپێچەوانەوە من باوەڕم بە دادپەروەری هەیە.

– ئەگەر فەرزەکانت جێبەجێ بکەیت ئەوسا دەبیتە خاوەن ئیمان. بۆ تاقی ناکەیتەوە؟

– چی تاقی بکەمەوە؟

– نوێژکردن.

– لەم شوێنە پیسە؟ بەم هەموو چڵکنییەوە، بەم هەموو ئەسپێیانەوە ڕوو لە خوا بکەم؟

– قەیناکە، هەر لێت قبوڵ دەکات؟ دە تۆ تاقی کەرەوە.

– بۆ نا، تاقیکردنەوە شتێکی باشە، هەر بۆ ئەوەی بزانی دەمارگیر نیم تاقی دەکەمەوە و وەک تۆش نوێژ دەکەم، وەک شیعە.

لەو کاتەدا قسەیەکی مامی گەورەم بیر کەوتەوە کە لە یەکێک لەو دیدارانەدا بەپێکەنینەوە باسی کرد، باسی نوێژ و نزاکانی دایکمی دەگێڕایەوە و دەیگوت:

– دەزانی مەهاباد دایکت بە تەواوەتی خوای خستۆتە تەنگانەوە.

– چۆن؟



– کە نوێژ دەکات، دوای نوێژەکەی ئیدی دەستی پێ دەکات، ئەوەندە بە قایمی و بە دەنگی بەرز و بە حەسرەتەوە لەخوا دەپاڕێتەوە و درێژی دەکاتەوە هەندێ جار لەسەر بەرماڵەکە دەمێنێتەوە تا کاتی نوێژێکی تر دێت و دەیدا بە دەم یەکەوە. منیش گاڵتەی لەگەڵ دەکەم و دەڵێم ئەرێ قەدریە ئەگەر مەهابادیش ئازاد بێت هەروا نوێژ دەکەیت؟ من ناوی نوێژەکانیم ناوە "نوێژی مەهابادی".

چەند ڕۆژێ نوێژم تاقی کردەوە و وەک ئەو جۆرەی ئەمەل دەیکرد. لە شایەتمانی شیعەکاندا دێڕێکی زیاتر هەبوو کە لە هی سووننەدا نییە، دەیانگوت: واشهد ان علي ولي الله. بەکوردی دەبێتە "گەواهی دەدەم کە عەلی وەلی خودایە". ئەمەل داوای لێ کردم تاقی بکەمەوە و ببم بە موحەجەبە. ئای لەوە، هەر ئەمە مابوو، وا دیارە تاقیکردنەوە تاقیکردنەوە ڕادەکێشێ. گوتم تاقیکردنەوە خراپ نییە، بەڵام نەک هەموو تاقیکردنەوەیەکیش. بۆ دەبێ خۆم لە عەبا بئاڵێنم؟ من زۆر هەستم بە بارقورسی دەکرد کە دەمبینی ئەو شەو و ڕۆژی خۆی ئاڵکاندۆتە عەبایەکی ڕەشەوە و سەرەڕای ئەوەش سەرپۆشێکی توند بەستووە بە سەریەوە. بەتایبەتیش بەو گەرمایە ئەو هەموو خۆپێچانەوەیە نەدەچوو بە عەقڵەوە. ئەو ئەندامە بەستەزمانانەی ژێر عەبا چۆن ئۆکسجینێکیان بەرکەوێ، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە خۆی قەیرانی هەناسەی پاک هەبوو. بەهەرحاڵ تاقیکردنەوەی یەکەمیشم کۆتایی پێ هێنا. ئەوەش ئەزموونێک بوو لە ژیانمدا، چەند ڕۆژێک لە ژیانمدا دابونەریتی شیعەم پەیڕەوی کرد، بەڵام هیچ هەستێکی تایبەتیم لا دروست نەبوو، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەو خاڵە بووم و هەر لە پێناوی تاقیکردنەوەدا ئەوەم کرد.

سەبارەت بە عەبا و پەچە یادگاری منداڵییم هەیە. لە شاری کفری تا نیوەی ساڵانی حەفتاکانیش هێشتا ژنانی کفری بەگشتی عەبایان دەپۆشی تەنانەت کارمەند و مامۆستا ژنەکانیش و ئەو قوتابییە کچانەش کە لە قۆناخی ئامادەیی بوون. ئەو ژنانەی عەبایان نەدەپۆشی پێیان دەگوتن سفوورە، یەکەم ژنی مامۆستا لە کفری کە عەبای فڕێ دا مامۆستایەک بوو بە ناوی ئەدیبە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی پیاوی پێشکەوتنخوازی ئەو شارە لە بیر نەکەم و ئەم دێرە پرشنگدارە لە مێژووی کفریدا بۆ ئەو پیاوە تۆمار بکرێت دەبێ بڵێم کە مامۆستای هێژام کە وانەی ئینگلیزی پێ

دەگوتینەوە، مامۆستا عەبدوڵڵا سابیر هۆکار و هاندەری ئەو عەبافڕێدانە بوو. کە لەگەڵ ئامۆستا ئەدیبەدا زەماوەندی کرد، یەکەم شت کە کردی عەباکەی خستبووە ناو تەنوور و سووتاندبووی و ئیدی ئەدیبە بوو بە یەکەم ژنی مامۆستا کە عەبای فڕێ دا و دوای ئەویش وردە وردە عەبا فڕێ دەدرا و ئەوە بوو بە باو.

سەرەتای سالانی حەفتاکان، کە من دەچووم لە بازاڕ یارمەتی باوکم بدەم، دەمبینی تاک و تەرایەکی ژنان دێنە ناو بازاڕ بۆ شت کڕین، ئەوانیش عەباش و پەچەشیان پۆشیبوو، تاقە شوێنێکیان کە بەدەرەوە بوو پاژنەی پێیان بوو، هەندێ لە پاژنەشیان دیار نەبوو، گۆرەوی ڕەشیان لە پێ دەکرد. بەڵام من دیقەتم دەدا هەندێ لە پیاوانی ناو بازاڕ زۆر بە تامەزرۆییەوە تەماشای پاژنەی پێی ژنە بێ گۆرەوییەکانیان دەکرد.

ڕۆژی هەینی کەسوکاری ئەمەل هاتن بۆ سەردانی، ئەو لە ڕۆژانی هەینیدا بۆی هەبوو سەردانی بکرێت، کچە دوو ساڵییەکەشی کە زەینەبی ناو بوو، دەیانهێنا بۆ لای. سێ هەفتە بوو پێکەوە بووین، بەڵام وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆربێت یەکتری بناسین وابوو، باوەڕمان بە یەکتری هەبوو، هەموو قسەیەکمان لای یەکدی دەکرد، هەمیشە قسەمان دەکرد و دەتوانم بڵێم عەرەبی بە تەواوەتی لەوەوە فێر بووم. بەتایبەتیش چونکە ماوەیەکی زۆر ئینفیرادی بووم و کەس نەبوو قسەی لەگەڵدا بکەم بۆیە زۆر تامەزرۆی قسەکردن بووم.

ڕۆژێکی هەینی شووبراکەی کە هاوکات ئامۆزاشی بوو هاتبوو بۆ سەردانی و چپەچپێکیان کرد، دوای ڕۆشتنەوەی ئەو، ئەمەل زۆر پەسنی شووبراکەی بۆ کردم، ناوی مەهدی بوو، تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو، لە کۆلێج دەیخوێند بۆ پزیشکی ددان. وەک ئەمەل پەسنی دەکرد، زۆر خوداپەرست و بەئیمانیش بوو. لە دوای تەواوکردنی پەسنەکانی گوتی:

– زۆر حەز دەکەم ببیت بە بووکمان.

– من؟ یانی چی ببم بە بووکتان؟

– شوو بکەی بە شووبراکەم.

– بەڕاستیتە یان گاڵتەم لەگەڵ دەکەی؟



– بەڕاستیمە.

– یانی تۆ ئێستا خوازبێنیم دەکەیت؟

– بەڵێ، بۆ مەهدی. خۆت بینیت و ئەویش تۆی بینی.

– خۆی پێی گوتی؟

– بەڵێ، بەڵام دایکم و ئەوان کە تۆیان بینیبوو باسی تۆیان بۆ کردبوو.

– بەڵام تۆ پێت وایە ئەوەندە بینین بەس بێت بۆ ئەوەی ئەو من بناسێت و تۆ ڕاسپێرێت داوام بکەیت.

– من بۆم باس کردووە کە تۆ کچێکی باشیت. تۆش دڵنیا دەکەمەوە کە ئەو کوڕێکی زۆر زۆر باشە. مەهاباد ئەوەندە خۆشم دەوێی حەز دەکەم پەیوەندیمان نەبچڕێ و ببین بە خزم.

– سوپاسی تۆ دەکەم، خۆت دەزانی منیش چەند تۆم خۆش دەوێت، بەڵام شتی وا نابێت.

– بۆچی؟ کەسێکی ترت خۆش دەوێ؟

– بەڵێ. بەڵام ئەگەر واش نەبێت، مرۆڤ لە زینداندا کوا چارەنووسی خۆی دەزانێت. کێ دەڵێ حوکمی مردنم بەسەردا نادرێ. دەزانی شتی سەیر ڕوو دەدا، زۆر پێکەنینم دێ من لەم زیندانەدا ئەوە دووەم جارە خوازبێنی دەکرێم، بەم ڕەنگە زەردەوە، بەم دانە شکاوانەوە و بەم هەموو ئەسپێیانەی سەرمەوە وا دیارە هێشتاش ڕەواجێکم هەیە، دیارە بەختەکەم جوانە و ئەو خۆی پیشانیان دەدات. کوڕێکیش لە کەرکووک چاوەڕێم دەکات و بەڵێنمان بە یەک داوە.

– ئەترسم لەبەر ئەوە بێت کە ئێمە عەرەبین!

– نا مەترسە، لەبەر ئەوە نییە، من خۆیشم ڕەگێکی عەرەبم تێدایە.

– بەڕاستی؟ چۆن!

– نەنکێکم عەرەبە.

دایکی باوکم "قەدریە خەڵەف"ی ناو بووە و بە ڕەگەز عەرەب بووە، بەڵام هەر عەرەبیشی نەزانیوە، خەڵکی دێی عەلی خەڵەف بووە کە دێیەکە لە دێهاتەکانی

دەوروبەری کفری کە عەشیرەتێکن بە ناوی "دەهلەگی" باپیرم دوای مردنی ژنی یەکەمی ئەوی کردۆتە هاوسەری، دوای مردنی ئەویش لە دێی بنەکە ژنی سێیەمی هێناوە "ئاسکە" کە تا ئێستاش لە ژیاندایە. ئەگەر چی نەنکە بە نەژاد عەرەبەکەم زوو کۆچی دوایی کردووە، بەڵام زۆر جار خاڵوانی باوکم هاتوچۆیان دەکردین و جلی عەرەبییان دەپۆشی و بە کوردی قسەیان دەکرد.

کە ئەم ڕاستییە لەسەر خۆم دەگێڕمەوە کە نەنکم عەرەب بووە، قسەیەکی خۆشم بیر دەکەوێتەوە کە ساڵی ١٩٩٨ ئیبراهیم ئەحمەد "نووسەری ژانی گەل" یادی بەخێر لە بەلجیکا لە یادی سێ ساڵەی دامەزراندنی مەد تیڤی بینیم، باسی ڕەفتارە سەیر و قسە خۆشەکانی بەشیر موشیری دەکرد و دەیگوت دوای بیست و پێنج ساڵ پێکەوە ژیان لەگەڵ ژنەکەیدا تەڵاقی دا، لێمان پرسی بەشیر بۆ تەڵاقت دا، گوتی: سەگبابە عەرەب دەرچوو. دوای بیست و پێنج ساڵ پێکەوە ژیان ئینجا بۆی دەرکەوتبوو عەرەبە.

بەهەرحاڵ لەبەر عەرەب بوون نەبوو کە داواکەی ئەمەلم ڕەت کردەوە، نەک لەبەر خاتری نەنکم، چونکە من نەنکمم هەر نەدیوە و باوکم خۆیشی زۆر منداڵ بووە کە دایکی مردووە و شێوەی ئەوی هەر بیر نەدەهاتەوە، تەنها مامم ئەوی لەبیر مابوو بە منی دەگوت شێوەت لە دایکم دەچێت، بەڵکە لەبەرئەوەی مرۆڤی باش و خراپ لە هەموو گەل و نەتەوەیەکدا هەیە و ئەگەرچی ڕژێمی بەعس عەرەب بوو ئێمەی کوردی دەچەوساندەوە، بەڵام نەدەبوو دڵمان بەرامبەر هەموو عەرەبێ ڕەش بێت و ڕقمان لێیان بێت، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە ناکرێ فەرامۆشی بکەین، دابونەریتی کورد و عەرەب لە شتە بنەڕەتییەکاندا ئەوەندە دوورن لە یەکترەوە بە دەگمەن خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا دەدۆزرێتەوە، بەتایبەت عەرەبی شیعە. من لە زینداندا دەیان عەرەبیشم بینی کە نەیاری بەعس بوون و ئازار و ئەشکەنجە دەدران، هەموو ئەوانەشی کە بینیمن شیعە بوون. ئەوان تێڕوانینێکی زۆر سەختگیرانەی ئاینیان هەبوو، هەموو لێکدانەوەکانیان لەو گۆشەنیگایەوە بوو، هەموو شتێکیان بەو چاوە دەبینی و دەنرخاند. کە ئێستا ئەم قسەیە دەگێڕمەوە لەسەر شیعەکانی کە لە زیندان بینیمن، شتێکم بیر دەکەوێتەوە کە زۆر نوێیە و ژنێکی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە. نازەنین لە



بەریتانیاوە لەگەڵ ڕێکخراوێکدا هەر لە ڕۆژەکانی هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆری بەغدا بۆ کاری مرۆیی و خێرخوازی دەچن بۆ بەسرە و لەوێ ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی دیبوو. ئەویش وای دەگێڕایەوە کە ئەو خەڵکە هەموو شتێک بە چاویلکەی دین دەبینن. دەیگوت نەک خەڵکی نەخوێندەوار، بەڵکە مامۆستای زانکۆش هەمان بۆچوونی نەخوێندەوارەکەی هەیە لە بارەی هەندێ پرسی گرنگەوە. داوام لێ کرد بە نموونەیەک بۆچوونەکەی بسەلمێنێت. نازەنین گوتی:

– بۆ نموونە سەبارەت بە هاتنی ئەمەریکا و ڕزگارکردنی عیراق و ڕووخاندنی سەدام پرسیارم لێ دەکردن و پرۆفیسۆرێکی زانکۆ ڕای چی بێت باشە، دەیگوت خۆ ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی سەدام نەهاتووە؟ ئەزانی پێی وابوو بۆچی هاتوون؟

– چی؟

– هەڵی بێنە؟

– دەیانگوت بۆ نەوت هاتوون؟

– نا.

– بۆ داگیرکردنی عیراق و بردنی سامانەکەی؟

– نا ئەویش نییە.

– ئەی قابیلە پێیان وابێت بۆچی هاتوون؟ دە پێم بڵێ چییان دەگوت؟

– هەتا بەیانی بیر بکەیتەوە ناتوانی هەڵی بێنی.

– دەی باشە دڵم تۆقی بۆم باس بکە.

– دەیانگوت ئەمریکا هاتووە مەهدی بکوژێت!

– کام مەهدی؟! مەهدی ساحیبی زەمان؟

– بەڵێ.

ئەوەی من نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە بارەی ئەوانەوە بۆم دەرکەوتبوو کە زیادەڕۆیی دەکەن لە پرسی ئایندا، هەتا ئەمڕۆش بچووکترین گۆڕانی بەسەر نەهاتووە.

بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا کە داواکەی ئەمەلم ڕەت کردەوە، بەڵام کارێکی لە

پەیوەندیمان نەکرد و وەک پێشوو هەر باوەڕمان بە یەکتری هەبوو، ئەو بەڕاستی مرۆڤێکی باش بوو، باوەڕی پێ دەکرا، ئەنفالی کوڕەکەش ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر هۆگرم دەبوو.

لەو ڕۆژانەدا ژاوەژاوێکی زۆر کەوتە نێو ئەو بەندیخانەوە، ژوورەکەی ئەودیو بەیانی پڕ دەکرا لە خەڵک و ئێوارە کەس نەدەما. بەهەمان شێوە ژوورەکانی پیاوان. منداڵ و گەورە، پیر و گەنج، ژن و پیاو، لە هەموو تەمەنێک. من و ئەمەل ڕۆژی سێ جار دەبراین بۆ ئەودیو بۆ دەستشۆرییەکە و لەوێ ئەو هەموو خێزانەمان دەدی. من پرسیارم لێ کردن بۆ ئەوەی بزانم لەو ڕۆژانەدا چی دەگوزەرێ و ئەمانە کێن و بۆچی دەیانهێنن و بۆ کوێ دەیانبەن. ژنێک کە تەمەنی چل ساڵێک دەبوو، دوو کچیشی لەگەڵدابوو، بینیم بە کوردی لەگەڵ کچەکانیدا قسەی کرد، بەڵام کوردییەکەیان هەندێ جیاواز بوو. بە کوردی لەو ژنەم پرسی:

– ئێوە بۆ گیراون، لەکوێوە هێنراون؟

– وەڵڵا عەزیزم قوڕ کریاسە سەرمان، ئێمە لە بەغاوە هاوردینە، ئێمە کوردگەل فەیلین، هەرچی حاڵ و ماڵمانە لە لێمان سەنینە و نەهێشتن کراسێ لێل خۆمان بێرین.

– بۆچی دەتانگرن، چیتان کردووە.

– ئێژن ئێوە ئێرانین، تەسفیری ئێرانمان کەن. بێ ماڵ و حاڵ فرەماندەنە حدود ئێران و ئێژن برۆن.

ئەو ماوەیە لە زانکۆی مستەنسرییە تەقینەوەیەک ڕووی دابوو، کوڕێک بەناوی سەمیر کە بە ناوی کوردی فەیلی و ئێرانییەوە ناساندیان، بە تەقاندنەوەی بۆمبەکە تاوانبار کرا و لەسێدارە درا. سەدام سوێندی خوارد ئەو خوێنانەی لە مستەنسرییە ڕژان بە فیرۆ نەچن. دوا بەدوای ئەو سوێندەی جموجووڵی نائاسایی دەستی پێ کرد و لە یەکەم هەنگاویشدا کوردە فەیلییەکان کران بە ئامانجی تیری پەلاماری بەعس. بڕیاری دەرکردنی هەموویانی دا و ڕەشبگیر دەستی پێ کرد. زۆربەی ئەو کوردانە نیشتەجێی بەغدا بوون و بڕێکی زۆریان بازرگان و سەرمایەداری گەورە بوون. بازاڕی زەڕەنگەران زۆربەی بەدەستی کوردی فەیلییەوە بوو، هی وایان هەبوو بە



دەیان کیلۆ زێڕ لە دووکانەکەیدا دەستی بەسەردا گیرابوو. ژنێکم بینی قاپ قورئانێکی زێڕی لە ژێری کراسەکانییەوە لە مل کردبوو، نیو کیلۆ دەبوو، پێی وابوو دەتوانێ تەنها ئەوە لەگەڵ خۆی دەرکا، ئەو دەیگوت مێردەکەی دوکانێکی زێڕی هەبووە و زیاتر لە پەنجا کیلۆ زێڕیان لە دووکان و ماڵەکەیاندا گرتووە و بردوویانە. لە دوا پشکنیندا ئەو قاب قورئانەشیان لێ وەرگرت و بەتەنها بە جلەکانی بەریانەوە دەیانناردن. لە ڕاستیدا بەعس ئەو بۆمبایەی کردە بیانووکە گومان دەکرا خۆی تەقاندبێتیەوە بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی هەبێ بۆ دەرکردنی کوردە فەیلییەکان و بیانووگرتنیش بە ئێران. چونکە هەرە دەوڵەمەندەکانی بەغدا لەو سەردەمەدا ئەوان بوون، بۆیە بەو تیرە دوو نیشانی پێکا، لە لایەکەوە دەستی گرت بەسەر پارە و سامان و ماڵ و موڵکی کوردە فەیلییەکان و لە لایەکی ترەوە دەریانی کرد بۆ ئێران و بەوەش هێمایەکی شەڕانگێزی بۆ ئێران دەنارد. سەدام جارێ تەنها ساڵێک بوو لەسەر حوکم بوو، هەر لەو سەرەتایەوە بناغەیەکی دۆزەخیی بۆ حوکمە دیکتاتۆرییە درێژخایەنەکەی دانا.

لە ماوەی سێ هەفتەدا زیاتر لە هەزار کەسیان هێنایە ئەو بەندیخانەیە و یان شەوێک دەمانەوە و بۆ سبەینێ دەبرانە مەیدان کە لە نزیک خانەقین بوو، لەوێشەوە بەرەڵا دەکران بە پێ ئاودیوی ئێران ببنەوە، یانیش هەر ئەو ڕۆژە دەیانبردن و تەنها چەند کاتژمێرێ لەوێ دەمانەوە. ئەوەی سەیر و ناخۆش بوو، ئەو خێزانانە کوڕەکانیان لەگەڵدا نەبوون، چونکە بەعس کوڕەکانیان کە لە تەمەنی نێوان چواردە تا چل ساڵ بوو گرتبوونی و ئەو خێزانانە نیگەرانی چارەنووسی گەنجەکانیان بوون. مەخابن وەک چۆن ساڵی ١٩٨٨، سەد و هەشتا و دوو هەزار ژن و پیاو و منداڵی کورد کە ناویان نرا ئەنفالەکان لە لایەن بەعسەوە بران و نەگەڕانەوە، ساڵی ١٩٨٣، هەشت هەزار پیاوی بارزانییەکان بران و نەگەڕانەوە، بەهەمان شێواز گەنجەکانی کوردە فەیلییەکان ساڵی ١٩٨٠ بران و ئێستا و ئەوساش هەر نەگەڕانەوە.

لەو ماوەیەدا لەبەر شلۆقی ناو بەندیخانە بەهۆی کوردە فەیلییەکانەوە دیدار و سەردانییەکانی ئێمەشیان قەدەغە کردبوو. هەستمان دەکرد بارودۆخەکە ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەبێت. دوای ئەو سێ هەفتەیە بەندیخانەکە یەک دوو ڕۆژ بێدەنگ بوو، بەڵام

دیسانەوە کاتی دیدار هات و کەس نەهات بۆ لام. زۆر نیگەران بووم، هەستم دەکرد شتێک ڕووی داوە، دەنا بۆ کەس نایەت بۆ سەردانم. لە ڕۆژی دیداردا پرسیارم دەکرد لە پاسەوانەکان و تکام لێ دەکردن بچن لەدەرەوە تەماشا بکەن و بزانن کەس نەهاتووە بۆ لای من، دەیانگوت نەخێر کەسی لێ نییە بۆ لای تۆ هاتبێت. دڵم شتی سەیری دەگوت و خەیاڵم شتی خراپی دەهێنایەوە بەرچاوم، جارێکیشیان خەیاڵم بۆ ئەوە چوو کەسوکارم بێزار بووبن و تاقەتیان نەمابێت هەموو هەفتەیەک بێن بۆ لام. ئەمەل زۆر دڵی دەدامەوە، بەڵام من دڵم ختوورەی زۆری بۆ دەهات. بەیانیانێک کە ڕۆژی دیداریش نەبوو، من چاوەڕوانی کەس نەبووم، بەڵام گوێم لە هەرا و هوریایەک بوو، تێکەڵێک بوو لە دەنگی ژن و پیاو و گەورە و منداڵ. من و ئەمەل گومانی ئەوەمان کرد دیسانەوە کوردی فەیلییان هێنابێت، بەڵام کە دەنگەکان نزیک بوونەوە و باش گوێم شل کرد، بە کوردی لای گەرمیان قسەیان دەکرد، لە ناو ئەو دەنگانەدا یەک دوو جار ناوی منیشیان هێنا. گوێم لێ بوو دەنگی ژنێک گوتی:

– ئێژن مەهابادیش لەم سجنەیە.

***



## لە مەیدانەوە بۆ زیندان

خەریک بوو دڵم بتۆقێت، دڵم گرمەگرمی بوو، پڕ بە گوێم گوێم لە لێدانی خێرای بوو کە لە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو هەرا و هوریایە چییە لە دەرەوەی ژوورەکە و لە ناو داڵانەکەدا دەبیسترێت! وردە وردە دەنگەکانم دەناسییەوە و پێم سەیر بوو، ئەمانە چی دەکەن لێرە؟! ئەوە دەنگی میم زەکییەیە، دەنگی هەدیەی کچی، دەنگی میم جانە، فەوزیە، هەموویم ناسییەوە و دەنگی ژنانی دراوسێ و ناسیاوم گوێ لێ بوو. لەناکاو گوێم لە دەنگی باوکم بوو مامم مەحموودی بانگ کرد، سەرسامتر و شپرزەتر بووم، نەمدەزانی لە ناو ئەو ژوورەوە و لە پشت ئەو دەرگا داخراوەوە چی بکەم بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوو دەدا و بۆ باوکم و مامم و دراوسێ و ئەو هەموو خەڵکە لەوێن؟ قابیلە شاری کفری هەمووی پێکەوە بۆ سەردانی من هاتبێتن! لە کونی دەرگاکەوە تەماشام دەکرد، دوو سێ ژن و منداڵم دەبینی و دڵنیا بووم ئەمانە خەڵکی کفرین. کات نزیک نیوەڕۆ بوو، کاتی بردنی من و ئەمەل بۆ ئەودیو هاتبوو، کە من دەتگوت لەسەر ئاگر چاوەڕێی هاتنی ئەو کاتەم دەکرد. کە دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی ئێمە بچینە ئەودیو، بینیم ئەو ڕاڕەوە پڕە لە خەڵکی شارەکەم، ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیر. باوکم منی دی و من ئەوم دی، پێش ئەوەی من و باوکم باوەش بەیەکدا بکەین، هەر هەموو ئەو ژنانەی کفری هاتن و ماچی منیان کرد و پیاوەکان هاتن و تەوقەیان لەگەڵ کردم و سڵاویان لێ کردم و هەموویان زۆر بە ڕێزێکی زۆرەوە لەگەڵ سڵاوەکانیاندا ستایشیان کردم. مام ڕەشید کە لە کفری بە ڕەشە بەلەگە دەناسرێ بە بینینی من ئەوەندە خۆشحاڵ بوو دەستی کرد بە گۆرانی گوتن. ئەم مام ڕەشیدە، کە ئێستاش لە کفرییە و دوای شەهیدبوونی سێ کوڕی بەهەمان هەناسەوە کوردایەتی دەکات و زۆر زۆرم خۆش دەوێ، دواتر تەتەری نێوان ئێمە و پێشمەرگە بوو کە لە ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کارم دەکرد.

ئیدی باسیان کرد کە هەموویان هەفتەیەک زیاترە گیراون و لە پێشدا بردوویانن بۆ ئۆردوگایەکی سەربازی لە مەیدان کە نزیک شاری خانەقینە لەسەر سنووری کوردستانی ئێران، دواییش هێناویانن بۆ بەعقووبە. ئەو بەندیخانەیە ئەوەندە شڵەژا، نەیاندەزانی ئەو هەموو خەڵکە چی لێ بکەن و چۆن جێگەیان بکەنەوە. ژوورەکەی ئەودیو کە جێگەی بیست کەسیشی تێدا نەدەبووەوە شەست کەسیان تێ ئاخنی و من و ئەمەلیشیان برد بۆ ئەو ژوورە، چونکە لە ژوورەکەی ئێمەدا بیست کەسیان دانا . شەست کەس لە ناو ئەو ژوورەدابووین و هەموویان خەڵکی کفری بووین. ئەمانە هەموویان لەبەرئەوەی کوڕیان، برایان یان مێردیان پێشمەرگە بوو، هەموو خێزانەکەیان دەگرت و دەستبەسەریان دەکردن، مەرجی بەردانیان بەند بوو بە هاتنەوە و خۆبەدەستەوەدانی کوڕەکانیان. یان کە هەواڵی شەهیدبوونی کەسەکانیان دەگەیشت بەریان دەدان. ئەو سیاسەتەش هەنگاوێکی تر لە داهێنانێکی تری ڕژێمی بەعس بوو بۆ کۆیلەکردن و دەستەمۆکردنی کورد. لە ڕاستیدا ئەگەرچی زۆر زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئەو خەڵکە بێگوناهەیان بەو دەردە بردووە و بەتایبەتی منداڵی بچووک و پیری زۆر بەساڵاچوویان تێدابوو، بەڵام هاتنی ئەوان بۆ من قەرەبووی هەموو کات و ساتەکانی ئەو هەشت نۆ مانگەی کردەوە کە تەنیا بووم و ئەشکەنجە دەدرام. خەڵکی کفری بەگشتی سروشتێکی تایبەتییان هەیە و دڵ و دەروونپاکن، فیداکارن و یەکتریشیان زۆر خۆش دەوێت. ئەو ژنانە یەک یەک ماچیان دەکردم و وەک دایکی خۆم نازیان دەکێشام. دایکم و خوشک و برا بچووکەکانم بە ڕێکەوت بەرنەکەوتبوون. کە زیلی عەسکەری لەبەردەرگا وەستابوو و ئەمنەکان چووبوونە ژوورەوە، تەنها باوکم و مامم لەماڵەوە بوون و دایکم و فەرەیدوون و دڵشاد و نەورۆز لە دووری بیست مەترێکەوە و لە ماڵی پوورمەوە بەرەو ماڵی خۆمان هاتوون، کە بینیویانە زیلەکە لەبەر دەرگا وەستاوە، خێرا گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی پوورم. ئیدی باوکم و مامم سواری زیل کراون و بۆسبەینێش دایکم و منداڵەکانی دی بە تەکسییەک خۆیان دەگەیەننە بەغدا بۆ ماڵی مامی گەورەم. بەڵام لەوێ من دەیان دایک و دەیان خوشک و دەیان برا و دەیان باوکم بۆ پەیدا بوو. هەموومان دەتگوت ئەندامی یەک خێزانین، من ئەوسا هەستی ئەوەم هەبوو ئیدی بشمرم گرنگ نییە،



چونکە لە پێناوی کەسانێکدا خەباتم کردووە پێزانینیان هەیە بۆ خەباتەکەم و ڕێز لەو تێکۆشانەم دەگرن. لە ناخی دڵمەوە سوپاسی ئەو خەڵکە دڵسۆزەی شارەکەم دەکەم، کە ئەوسا و دواتریش و هەردەم ڕێزیان لە خەباتی من گرتووە. ناهەقم نییە کە ئەوەندە خۆشم دەوێن و کفریم ئەوەندە خۆش دەوێ.

زیندانەکەی من و باوکم لە تەنیشت یەکتر بوو، تەنها دیوارێکمان نێوان بوو. ئەو جێگاکەشی لە لای دیوارەوە بوو، پێشتر و زیندانیانی پێش ئێمە کونێکی بچووکیان لەو دیوارە کردبوو بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن، من و باوکم لەو کونی دیوارەوە لەگەڵ یەکتری دەدواین. ڕۆژێکیان لە خۆمەوە زۆر دڵم تەنگ بوو، هۆیەکی تایبەتی نەبوو بۆ ئەو دڵتەنگییەم، لەو شێوەیە بوو کە جاروبار مرۆڤ دەیگرێت و دڵی دەگوشرێت و نازانێ چی بکات. من دەگریام و باوکم لەو کونەوە قسەی بۆ دەکردم و دڵی دەدامەوە و هانی دەدام کە خۆڕاگر بم.

ئیدی لە کاتی دیدارەکاندا پیاوەکان لەو دیوەوە دەهاتنە ئەمدیو بۆ لای ژن و کچ و منداڵەکانیان، باوکم و مامیشم دەهاتنە لای من. مامم هەر بۆڵەبۆڵی بوو بەسەر باوکمدا ، دەیگوت کوڕی تۆ پێشمەرگەیە و من دەگرن. سەلاحی برام کە لە زیندانەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەڵات، بوو بەپێشمەرگە لە تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان، لەبەر ئەو باوکم و مامم گیرابوون. ئەو مامەیەم تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەر لە منداڵییەوە تووشی کەمێ دواکەوتنی عەقڵی هاتبوو، حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بوو لە سەرەتاوە، جۆرێ کە لە هەر وڵاتێکی تر بوایە سەرپەرشتی دەکرا و چارەسەرکردنی زۆر ئاسان بوو، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی بچووکترین کەموکوڕیت هەبێت، ئەوەندە بەسە کە ئیدی بە شێت ناوت ببەن، تا بە کردەوەش شێتت نەکەن وازت لێ ناهێنن. مەخابن کە ئەمە کەموکوڕییەکی کولتووری ئێمەی کوردە و دەبێت دانی پێدا بنێین کە خراپە و دەبێت کار بۆ نەهێشتنی بکەین. ئەو مامەیەشم لەو جۆرە قوربانییە بوو، وای لێ کرا ئیدی زیاتر لە دنیای خەیاڵی خۆیدا نوقم ببێت. لە کفری ئێستاش بە ملازم مەحموود بانگ دەکرێت، هەندێ جاریش بە دکتۆر بانگی دەکەن، ئەو لە خەیاڵەکانی خۆیدا دەمێک ملازم بوو، دەمێکیش دکتۆر. ئەو پیاوە کە بە شێت ناو دەبرا ڕۆژ نەبوو ڕۆژنامە نەخوێنێتەوە. بەبەردەوامی لە

ڕادیۆوە گوێی لە هەواڵەکانی دنیا دەگرت و دەیزانی لە دنیادا چی ڕوو دەدا. هەمیشە جلەکانی پاک و ئوتووکراو بوو. ئەو عاقڵانەی کە بەویان دەگوت شێت نیوەی ئەو ئاگایان لە دنیا نەبوو، چارەکی ئەو پاک و تەمیز نەبوون، بەڵام بەدرێژایی ساڵان هەندێ کەس ئەوەندە سەریان نایە سەری تا بەڕاستی شێتیان کرد. دوای دوو هەفتە ئیدی دایکم و مامم و برا و خوشکەکانم فەرەیدوون و دڵشاد و نەورۆز لە بەغداوە دەهاتن بۆ دیداری منیش و باوک و مامیشم. براگەورەکەشم هەر لە بەغدا دەیخوێند و لەوێوە دەهاتە لامان، لەیلای خوشکم لە کەرکووکەوە دەهات و جاروبار مستەفاش لە گەڵیدا دەهات. ئیدی هەموو ئامۆزا و پوورزا و مامی بچووک و هاوڕێم، مامی لەو گەورەترم قاسم کە لەگەڵ براگەورەکەمدا زۆر گەڕابوون بە دوامدا لە سەرەتاوە هەتا کاتی دۆزینەوەم. کەس نەما لە کەسوکارم نەیەت بۆ لام، جگە لە خاڵم. تاقە خاڵۆیەکم هەبوو، بەڵام ئەو زۆر ترسنۆک بوو، نەیدەوێرا خۆی لە قەرەی کەسانی قەدەغەی وەک ئێمە بدات. کە من گیرابووم تەنانەت نەیوێرابوو بە لایماڵیشماندا تێپەڕێت و ئەو ڕێگایەی بە جارێ تەرک کردبوو. لەو جۆرە بوو هەمیشە بە هەردوو دەستی کڵاوەکەی خۆی توند گرتبوو با نەیبات، کڵاوی ئێمەش هەردەم بەدەم گەردەلوولی بەعسەوە بوو. دەترسان بەهۆی ئێمەوە تووش ببن. هەندێ جار دەمگوت خۆ ناهەقیشی نەبوو، حوکمی قەرەقووشانەی بەعس ئەو ترسەی لە دڵی خەڵکدا پەروەردە دەکرد، لەو ساتەدا کە هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە ئەگەر خاڵیشم لەوێ بوایە دەیانگرت. دەیانگرت و کڵاوەکەی ڕەشەبا دەیبرد.

بیرم چوو ئەوە بگێڕمەوە کە هەر ئەو کاتەی کە تەنیا بووم و لە ژوورێکدا زیندانی ئینفیرادی بووم تکام لە مفەوەز جاسم کرد کە ڕێگە بدات ڕادیۆیەک بکڕم و ڕێگە بدەن لە کاتی دیدارەکاندا کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریشم بۆ بهێنن. بۆ ڕادیۆکە ڕێگەی دا و پارەم دا بە مامەی گسکدەری میهرەبان ڕادیۆیەکی چکۆڵەی بۆ کڕیم و دەیانهێشت کتێبی ڕۆمان و چیرۆکم بۆ بهێنن و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش، هاوکاری، پاشکۆی عیراق، بەیان و ڕۆشنبیری نوێ، لە کاتی پشکنیندا دەیانبینی لاپەڕەی یەکەمی وێنەی دیکتاتۆرەکەی بەغدای پێوەیە ئیدی دڵنیا دەبوون و ڕێگەیان دەدا بگاتە دەستم. ماوەیەک دوای ئەوەی ئەو شیعرانەی کە لەسەر دەستماڵی



کاغەزین دەمنووسی و دەمناردەوە بۆ کەرکووک بۆ مستەفا، لە یەکێک لە ژمارەکانی پاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق دا شیعرێکی خۆمم بینی و بەناوی خوازراوی "هەتاو گەرمیانی" بڵاوکرابووەوە، زانیم مستەفا ئەو کارەی کردووە و هۆنراوەکەمی بۆ بڵاوکردنەوە ناردووە. هەر لەو ڕۆژنامانەوە چەند شیعرێکی خۆیشیم خوێندەوە کە هەر بەناوی خۆی مستەفا گەرمیانییەوە بڵاو ببوونەوە و گوزارەیان لە خۆشەویستی ئەو دەکرد بۆ من، بەوانە زۆر دڵم خۆش بوو. دواتریش و بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان بە ناوی خوازراوەوە لە گۆڤارەکانی شاخیشدا "گزنگ" و "نووسەری کوردستان" و "تەوار" بە چەندان ناوی خوازراوی وەک ژاڵە، ئاڵا، هەتاو و هتد بڵاو دەبوونەوە.

ئێوارەیەکیان دەرگای ئەو زیندانەی کە ئێمەی تێدابووین و جمەی دەهات، کردەوە و کچێکیان هێنابوو، شازاد لە دێی دوانزەئیمامەوە کە نزیک کفرییە لەگەڵ باوکیدا گیرابوو هێنرابوونە ئەوێ. ئەویش برایەکی پێشمەرگە بوو. من پێشتر شازادم نەدیبوو، بەڵام ئەو ناوی منی بیستبوو. کە زانی من لەوێم یەکسەر هاتە لای منەوە و زۆری ماچ کردم. جێگاکەشی هەر لای منەوە دانا. شازاد چونکە تازە گیرابوو هەواڵی نوێی دەرەوەی پێ بوو. کچێکی زۆر تێکۆشەر و چاونەترس بوو، هاوکاری پێشمەرگەشی دەکرد. یەکەم پرسیار کە لە شازادم کرد هەواڵی پێشمەرگە بوو، هەواڵی خالد گەرمیانیم پرسی. نازانم بڵێم لە دەروونی مندا چ بوومەلەرزەیەک ڕووی دا کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی خالد گەرمیانیم لە شازادەوە بیست. نەک هەر من هەموو ئەو ژنانەی تریش بەو هەواڵە کزانەوە. ئیدی بێ ئەوەی پێشتر بڕیاری بۆ درا بێت پرسەیەکی گەرم لەو زیندانەدا بۆ خالد گەرمیانی دانرا. شازاد خۆی دەنگێکی بەسۆزی هەبوو، بەو دەنگە شەهیدی دەلاواندەوە و هەموومان دەگریاین، هێشتا شازاد تەواو نەبووبوو، ژنێکی تر دەستی پێ دەکرد و دەیلاواندەوە. ژنانی گەرمیان ئەوەندە کۆستیان کەوتووە و ئازیزیان شەهید بووە، هەموویان بۆ لاواندنەوەی ئازیزانی لەدەستچوویان بوونەتە شایەر. لەوێدا بۆم دەرکەوت هەر من نیم شیعر دەنووسم، ئەوەتا ژنانی وڵاتەکەم هەموویان شاعیرن، جیاوازی نێوان من و ئەوان ئەوە بوو من بەپێنووس دەمنووسی و لەسەر کاغەز تۆمارم دەکردن، ئەوان لەسەر زار دەیانگوت و لە سنگیان تۆماریان دەکرد.

که پاسەوان و پۆلیسەکان گوێیان لەو لاواندنە بەسۆزانەی ژنەکانی گەرمیان بوو، دەرگایان کردەوە و یەکەم جار وایانزانی گۆرانی دەڵێن و گوتیان گۆرانیگوتن قەدەغەیە، پاشتر زانییان ئەوە گریانە و چاوی هەموومان بووەتە گۆمی خوێن، حاڵی بوون کە پرسەمان داناوە و ئەویشیان قەدەغە کرد.

چونکە ژمارەی زیندانییەکان زۆر بووبوو، تا دەهات خواردنەکەشیان کەمتر و خراپتر دەبوو. ئەو هەموو منداڵە بەتایبەت کە دەمدی بەو شێوەیە بە برسێتی دەمێننەوە زۆر پەست بووبووم لەو دۆخە سەخت و ناشایستەیە. بیرم کردەوە کە ڕەنگە ئەگەر مانگرتن لە خواردن دەست پێ بکەین، خۆراکەکە هەندێ چاکتر بکەنەوە. یەک یەک چوومە لای ژنەکان و پێم گوتن با ئیدی خواردن وەرنەگرین و داوا بکەین کە یان خواردنەکە باشتر و زۆرتر بکرێت یان ئێمە نان ناخۆین و تا مردن مان دەگرین. ژنەکان هەندێکیان قبوڵیان کرد و هەندێکیان لە سەرەتاوە دوودڵ بوون و پاشان هاتنە سەر قسەکەی من. بەڵام ئەوانەی کە منداڵی بچووکیان هەبوو خەمی ئەوەیان بوو کە منداڵەکان لە برسا دەمرن.

بە هەرحاڵ دەسمان پێ کرد، نیوەڕۆ دەرگایان کردەوە و گوتیان یاڵڵا قاپەکانتان. کەس قاپی نەبرد و کەس لە جێی خۆی نەبزووا. جارێکی تریش گوتی و کەس نەجوولا، پرسی مانتان گرتووە لە خواردن، ژنێک کە غەزالی ناو بوو. عەرەبییەکی باشی دەزانی و پێی گوت بەڵێ ئەوە کەی خواردنە ئێوە دەماندەنێ، ئەگەر خواردنەکە باش نەکەن، نامانەوێت، قیروسیا با بمرین. ئیدی زانییان مانگرتن دەستی پێ کردووە مقۆ مقۆ کەوتە ناو زیندان و پۆلیسەکە بەدوای مفەوەزەکەدا چوو، ئەویش هات و پرسیاری کرد کە مەسەلە چییە و بۆ مان گیراوە لە خواردن، من وەڵامیم دایەوە و داواکەم پێ گەیاند. ئەو خۆی هیچی نەگوت و ڕۆیشت، پاش تۆزێ هاتن بە دوای مندا و منیان بردە ژووری مفەوەزێک کە عەدنانی ناو بوو. لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنەوە دوو کەس هاتبوون بۆ لێکۆڵینەوە لەو مانگرتنە. هەواڵەکەیان وا پێگەیشتبوو کە من بیری ئەو مانگرتنەم ورووژاندووە و زیندانییەکانم ڕێکخستووە بۆ ئەو مانگرتنە. ئیدی لێکۆڵینەوە لەگەڵ مندا دەستی پێ کردەوە.

***



## کورسی مەترسی

سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و بردیانم بۆ دەزگای ئەمن، دەزگایەک بە کردەوە پێچەوانەی ناوەکەی تێیدا پیادە دەکرا. ئەمن وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای ئاسایشی کوردی دێت، بەڵام بە کردەوە و لەو دەزگایەدا ئاسایشی مرۆڤ دەکەوتە خەتەرەوە و بە مۆدێرنترین داهێنان و ئامرازی ئەشکەنجە دایاندەپلۆسی.

بەدرێژایی ڕێگای نێوان ئەو دوو دەزگایە لە پۆلیسەوە تا ئەمن، ئەگەرچی بە کات ماوەیەکی کەمی خایاند، بەڵام لەو ماوە کەمەدا هەموو ئەو ئەشکەنجە و ئازار و سووکایەتی و جنێوانەی پێشووم هاتنەوە یاد و ئەوەندەی نەمابوو لە تاودا ڕۆحم لە قەفەزی جەستەمەوە هەڵبفڕێ. بۆیە دەڵێم قەفەزی جەستە، چونکە بەڕاستی لە ساتی وادا جەستە وەک قەفەزێکی ئاسنین هەست پێ دەکرێت و ڕۆحیش وەک پەلەوەرێکی ئاگرین وایە و هەست دەکەی تاو دەدات بۆ دەربازبوون لەو قەفەزە لە تاو سووتان و سووکایەتی.

خودایە ئەمجارە چیم لێ دەکەن؟ پرسیارێک بوو دەیان جاری تر کردبووم و وەڵامەکەیم بە کردەوە وەرگرتبووەوە. سووتاندن بە جگەرە! ئاییششششششششش، چەند ئێشی دێ! تەنانەت باسکردنیشی دەمئێشێنێ. تۆ بڵێی ئەمجارەش بە جگەرە بمسوتێنن؟

بڵێ بمبەن بۆ لای کێ باشە؟ پیاوە دەمامکدارەکە، ئەو کەسەی کە بە دیمەنی دەتۆقیم، جەلادەکە، کە لە چاو منی بچکۆلەی چواردەساڵیدا، ئەو وەک کەرتە شاخێک دەبینرا. تەنها ئەوەندەم خۆش بوو قۆڵی گرتم و لەسەر کورسییەک دایناm و کورسییەکە ڕایتەکاندم، چۆن ڕاتەکاندنێک! ڕاتەکاندنێکی بەهێز و سەیر! مەگەر بوومەلەرزە مرۆڤ وا ڕابتەکێنێ. میتودێکی تازەی ئەشکەنجە بوو، پێشتر بە خزمەتی کورسی کارەبایی نەگەیشتبووم. ئەوەندەم زانی لەسەر کورسی دەرپەڕیوم و لەسەر زەوی کەوتووم، دڵم تەپەتەپ لێ دەدات، دەڵێی لە ماراسۆنێک گەڕاومەتەوە.

هەناسەم سواربووە، سەرم گێژ دەخوات و دڵم تێکهەڵدێت و دەڕشێمەوە.

ماوەیەک بەتەنها بەجێهێڵدرام، ماوەکەی نە زۆر کورت بوو نە زۆر درێژ، بەڵام بەدرێژایی ئەو کاتە داهێزرابووم و بەرچاویشم لێڵ بوو. زۆر دەترسام، ترسی هیچ کاتێکی پێشووی زیندانم وەک ئەو کاتە نەبوو. مەترسی کوێربوونم دەکرد چونکە هەستم دەکرد لە ناو ژوورەکەدا دوکەڵ هەیە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت تازە چاوەکانم لەدەست دا. نەدەهاتەوە بیرم هیچیان لەچاوم کردبێت، بۆیە پێم سەیر بوو دانیشتن لەسەر ئەو کورسییە بێ لە هەموو شوێنێکی تر، کاریگەری لەسەر چاوم هەبێت.

جییر.. دەرگا کرایەوە، بە لێڵی ژنێکم دەدی کراسێکی سپی لەبەردا بوو، ڕوخساریم بۆ نەدەخوێندرایەوە و نەمدەزانی ژنێکی جوانە یان ناشیرین. دانیشت لە لام و قۆڵی منیان بۆی گرت و ئەویش شیرینقەکەی ئامادە دەکرد. لە ناو ئەو دیمەنە لێڵەی ژوورەکەدا تارمایی مردنم دەدی و هەمیشەش لە پشتی ئەو تارماییە ترسناکانەوە وێنەی دەموچاوی خەمبار و نوورانی و پەپوولەییانەی دایکمم دەدی دەمی دەجوولاند و دۆعای بۆ من دەکرد.

دڵم دەیگوت شرینقەی مەرگت لێ دەدەن! هەستم هیچی نەدەگوت و سڕبوونێکم لە لەشم هەست پێ دەکرد، بۆیە کە دەرزییەکەی پێدا دەکرد ئەوەندە نەدەئێشا، بەڵام کە سرنجی شرینقەکە خوێنەکەی دەمژی، لە هەناومەوە هەستم بە بۆشاییەک دەکرد و وردە وردە بۆشاییەکە گەورەتر دەبووەوە. لاواز و لاوازتر دەبووم. تا ئەو کاتەی کە لەئاگادا بووم چوار بوتڵ خوێنیان لێ دەرهێنام و دوای ئەوە ئیدی من ئاگام لە هیچ نەبوو، نازانم چەندی تریان لە خوێنم مژیبوو.

باوکم لەبەر دەرگای شیشی زیندانەکە دانیشتبوو، مات و مەلوول چاوەڕوانی هێنانەوەی منی دەکرد. کە ئێوارەیەکی درەنگ هێنایانمەوە و بە بەردەم زیندانەکەی ئەودا بردیانم بۆ ژووری ژنان، باوکم فرمێسک زابووە چاوەکانی و دوای ئەوە لە کونی دیووارەکەی کە لە نێوان ژوورەکەمانەوە بوو دڵی دەدامەوە و ئامۆژگاری کردم. من هیچم لە لای باوکم سەبارەت بە کورسییەکە نەگێڕایەوە، بەڵام گوتم کە دەرزییان لێ داوم و خوێنیان دەرهێناوم بۆ پشکنین. باوکم تێگەیشت چ لە ئارادابووە، پێی گوتم: باش بوو ئەمجارەش هێنایانیەوە، کچم ڕەحەت دانیشە، ئەم زاڵمانە دەتکوژن.





شوێنەواری هیچ ئەشکەنجەیەک بە جەستەمەوە نەبوو، بەڵام لاواز لاواز گەڕامەوە ناو ژنەکان و ڕۆیشتمە جێگاکەی خۆم. نەموێرا هیچ بدرکێنم و یەک وشەش لەسەر کورسی و شرینقەکە باس بکەم. لە تەنیشت شازاد دانیشتبووم، وردە وردە بێتاقەت دەبووم، سەرم خستە سەر ڕانی شازاد و ئەویش زۆر بە میهرەبانییەوە بە پەنجەکانی قژی دادەهێنام و سەری دەڕوانیم. کاتێ بە ئاگاهاتمەوە سێ کاتژمێری پێ چووبوو. لەو سێ کاتژمێرەدا شازاد پێیەکانی سڕبووبوو، بەڵام دڵی نەهاتبوو ببزوێ نەوەک خەوم بزڕێنێ. شازادم لەو زیندانە ناسی، زۆر نازی دەکێشام و وەک کەسێکی تایبەت ڕێزی لێ دەگرتم. منیش هەروابووم بۆ ئەو، ئێستاش خۆشم دەوێ. ئا ئەم هاوینە چووم بۆ ماڵیان لە سموود، وەک ئەوسا میهرەبان بوو. هەندێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو ساتانەمان وەبیر یەکتری هێنایەوە.

لە ناو ئەو زیندانەدا لە ژن و کچەکانی کفری پەیوەندیم لەگەڵ هەموویاندا باش بوو، بەڵام هەندێک لەوان نزیکتر بوون لە منەوە، هەدیە یەکێک بوو لەو کچانەی کە نێوانم لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو. هەدیە یەک دوو ساڵێک لە من منداڵتر بوو، بەڵام خوشکەکەی فەوزیەی ناو بوو ساڵێک لە منیش گەورەتر بوو، ئەم دوو خوشکە لە دوو دایکی جیاواز بوون. مام ڕەشید دوو ژنی هێنابوو، زەکیە و جانە. هەردوو ژنەکەی و هەردوو کچەکەی و یەک دووانێ لە کوڕەکانی کە هێشتا منداڵ بوون ئازاد و فاروق و تاریق لەو زیندانە بوون، ئەوانی تر هاشم و سەلاح لەو دیو لەگەڵ باوکیان بوون، هەموو ئەمانە بەهۆی کوڕێکیانەوە گیرابوون کە پێشمەرگە بوو، نازمە بچکۆل، کە کوڕێکی قژ زەرد و چاوکاڵ بوو. بە منداڵی کە دەچوومە ماڵیان زۆر جار نازمم دەبینی. من و فەوزیە بە منداڵی زۆرمان پێکەوە یاری کردبوو، چونکە دراوسێ بووین و دیوارێکمان لە نێواندا بوو. ئەوان کرێچی ماڵی باپیرم بوون. فەوزیە لە ماڵەوە بە فەزە بانگیان دەکرد، تا ماوەیەکی زۆر نەمدەزانی ناوی فەوزیەیە و پێم وابووهەر فەزە ناوی خۆیەتی. لە کوردەواریدا ناوەکان کورت دەکرێنەوە و جاری وا هەیە ناوەڕەسەنەکە تەواو ون دەبێت. باوکم قەت ناوی منی کورت نەدەکردەوە و زۆر جوان بانگی دەکردم، دایکیشم تەنها جاروبارێ بە مەهە بانگی دەکردم ئەویش لە کاتی تووڕەبووندا و لەو کاتانەدا کە یەکدووجار بانگی بکردمایە و بەدەنگیەوە نەچووبام

سێیەم جار بە مەهە بانگی دەکردم. هەندێ جاریش لە خۆشەویستییا بە مەهە بانگی دەکردم.

من بە منداڵی زۆر هاروهاج نەبووم و کەمێکیش شەرمن بووم. کە لە مەکتەب دەگەڕامەوە لەگەڵ فەوزیە لە کۆڵان یاریمان دەکرد. ئەو خۆی لە مەکتەب نەبوو، هەر قەت نەیاننایە بەر خوێندن. لە خوێندنگە ڕووناک جەمال زۆر هاوڕێم بوو، لە پۆلدا لەسەر یەک کورسی لە پێشی پێشەوە دادەنیشتین، هەردووکمان زیرەکی پۆل بووین، بەڵام ئەو لە من جوانتر بوو، هەستم دەکرد مامۆستاکان هەڵاواردن دەکەن و ئەوانەی زۆر جوان بوون زۆرتر بایەخیان دەدەنێ. من و ڕووناک زۆر یەکتریمان خۆش دەویست، زوو زوویش لەیەکتر زیز دەبووین، بەبێ یەکتریش هەڵمان نەدەکرد و زوو ئاشت دەبووینەوە. کە زیز دەبووین نەدەبوو ناوی یەکتر بهێنین، قسەشمان لەگەڵ یەکتر دەکرد بەڵام لە جیاتی ناوی یەکتر بهێنین بە یەکترمان دەگوت"کچەکە" . ئەوە نەریتی زیزبوونی نێوان ئێمە و کچۆڵەکانی دیکەی مەکتەب بوو. کە لێک دەتۆراین هێندەی نەدەبرد دڵمان بۆ یەکتر لێی دەدا و خوا خوامان بوو کەسێک بێت و ئاشتمان بکاتەوە لەگەڵ یەکتر. هەندێ جار نەسرین کامیل کە ئەویش هاوپۆلمان بوو، خزمی ڕووناکیش بوو، دەهاتە نێوانمانەوە و ئاشتی دەکردینەوە. کە ئاشت دەبووینەوە، لە سەرەتاوە ئەوەندە گەرم و گوڕ بووین لەگەڵ یەکتر ئاوڕمان لە کەسی تر نەدەدایەوە.

فەوزیە کە هاوڕێی گەڕەکم بوو، هانی دەدام لە ڕووناک بدەم. ماڵی پووری ڕووناک دراوسێمان بوو، کە ڕووناک دەهاتە ئەوێ و بە بەردەم ماڵماندا تێدەپەڕی فەوزیە خۆی لێی دەدا و هانی منیشی دەدا لێی بدەم. جارێکیان یەک تۆپەڵ قژی لەسەری ڕووناک کردەوە و کە پووری ڕووناک بۆ سکاڵاکردن هاتە لای دایکی، گوتی من نەبووم و مەهاباد بووە. ڕووناک ئێستاش هاوڕێیەکی شیرینمە، ئەگەرچی زۆر دەمێکە لێک دوور کەوتووینەتەوە. کاک مەحموود زامدار خاڵی ڕووناک بوو، کە پۆلی دووی ناوەندی بووم و هەندێک هۆنراوەم نووسیبوو، ڕووناک بردی و پیشانی خاڵی دا. کاک مەحموود زامدار لە چەند لاپەڕەیەکی سپی کە لە کۆتایی دەفتەرەکەدا بوو زۆر وشە و دێری جوانی هاندانی بۆ نووسیبووم، نووسیبووی: زۆر بە دیقەتەوە



شیعرەکانتم خوێندەوە، زۆر بە دڵنیاییيەوە نوقڵانەی ئەوە لێ دەدەم کە تۆ دەبیت بە شاعیر و نووسەرێکی باشی دواڕۆژ.

ئەو وشانە لەو سەرەتایەدا کە هێشتا هیچ شتێکیشم بڵاونەکردبووەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە سەرم و دوای ئەوەش کاک مەحموود بایەخی هەر بۆ من هەبوو. چەند ساڵ دوای ئەوە ئیدی من شیعرم بڵاوببووەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، جارێکیشیان کۆڕێکی بۆ سێ لاوی شاعیری کفری لە هەولێر ساز کرد، کە عومەر فارس و فاتیح سەلام و من بووین، بایەخی زۆری بە من دا.

لە ناو زینداندا کارەکتەری هەندێ لەو ژنانەی کفری سەرنجی ڕادەکێشام. میم خەجێ ژنی گەورەی فەقێ عەلی کە خێزانێکی ناودار بوون لە کفری، چوار کوڕی پێشمەرگە بوو. خۆی و غەزالی هەوێی و چەند کچ و کوڕێکی غەزال لە ناو ئەو ژووری زیندانە بوون لەگەڵ ئێمە. فەقێ عەلی و دوو کوڕیشی نەوزاد و وریا لەودیو لە ژووری پیاوان بوون. ئەوەی سەرنجی منی ڕادەکێشا لە میم خەجێ ئازایەتی و بێباکییەکەی بوو. کەسایەتییەکی زۆر باوەڕبەخۆی هەبوو، لە جموجووڵ و هەڵسوکەوتیدا دەردەکەوت. دەنگێکی گڕی هەبوو، جگەرەی دەکێشا و دووکەڵەکەی بە با دەدا. یەکجاریش نەمدی ئەو ژنە وەرەی بڕووخێت و زۆر بە ڕاشکاویشەوە دەیگوت: باکم چییە چوار کەڵەکێویم بەو شاخانەی کوردستانەوەیە. قاسمی فەقێ عەلی پێشمەرگەیەکی ناسراوی ئەو دەڤەرەی گەرمیان بوو ئەودەم، مەخابن هەر لە ناو ئەو ساڵەدا ئەویش شەهید کرا.

میم خەجێ بۆی دەگێڕامەوە چۆن تەتەرێتی لە نێوان شاخ و شاردا کردووە و دەمانچە و تەقەمەنی و نامەی بۆ بردوون و هێناون. ئەو کار و فەرمانانەی ئەو جێبەجێی کردبوون هیچی لە هی پێشمەرگەیەک کەمتر نەبوو، بگرە ئەوەی ئەم کردبووی مەترسی لەسەر ژیانی زۆر زیاتر بوو لە هی پێشمەرگەیەک. ژنی کورد ئازا و لەخۆبووردوون، لەو زیندانەدا بۆم دەرکەوت کە چەند گرنگ و پێویست بوون بۆ شۆڕش و چەند بەشدارییەکی کاریگەریان هەبووە.

ژنێکی تر لەو ژنە میهرەبانانە میم تاوس بوو، ئەویش کوڕێکی پێشمەرگە بوو ناوی ئەسکەندەر بوو. ئەسکەندەر کوڕێکی لاوی جوانکیلە بوو لە قوتابخانەی ئێمە

دەیخوێند، وازی لە خوێندن هێنا و بوو بەپێشمەرگە. مەخابن هێشتا دایکی لە زیندانا بوو، ئەسکەندەر لە شەڕێکدا دەستگیر کرا و بردبوویان بۆ زیندانی موسڵ و لەوێ لەسێدارە درا. بەهۆی سەردانییەکانەوە هەواڵ گەیشتبووە ئێمە و جگە لە دایکی هەموومان دەمانزانی ئەسکەندەر شەهید کراوە، کەس دڵی نەدەهات هەواڵێکی ئەوەندە ناخۆش بە دایکی بگەیەنێت. میم تاوس نەیزانی بەهۆی شەهیدبوونی کوڕەکەیەوە لە زیندان ئازاد دەکرێت، کە گەیشتەوە ماڵی خۆی ئەوسا ئەو کارەساتەی زانی. ئەسکەندەر شیعریشی دەنووسی، کە دەچوومە ماڵیان دایکی دەفتەرەکەی دەهێنا و دەیگوت بۆم بخوێنەوە. شیعرەکانی ئەسکەندەر سادە و جوان و شۆڕشگێڕانە بوون.

لە ناو زینداندا چوار ژن هەبوو هەوێی یەکتر بوون، جاروبار دژی یەک قسەیان دەکرد و لێیان دەبوو بە شەڕ. جگە لەوان هەندێ جار ژنانی تریش لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دەهاتن لەسەر جێگە و خۆراک و شتی سادەی وا. بەهۆی ئەوەی ژوورەکە بچووک بوو، ئەو هەموو خەڵکەشی تێ ترێنجێنرابوو، بۆیە زوو زوو لەسەر جێگە دەبوو بە شەڕ.

من چونکە کۆنترین زیندانی بووم، جێگەکەم لە سەرووی سەرەوە بوو، ئەمەل و ئەنفال تا ئەو کاتەی کە لە زیندان ئازاد کران لە تەنیشت منەوە بوو جێگاکەیان، کە ئەوان ئازادکران و شازادیش تازە هاتبوو، جێگەکەی ئەوم دا بەو، شازاد و هەدیەش لە تەنیشت منەوە دەنووستن و بەو شێوەیە ڕیز بووبووین و تا لای دەرگاکە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەرگایان دەکردەوە بە ئاستەم بۆیان دەکرایەوە.

میم سەبری ژنێکی تری سەرنجڕاکێش بوو. شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو لە شێلانی کۆڵنج و سەرگرتنەوە و ناوکگرتنەوە و قوڕگ هەڵدان. بەو ڕۆژگارە هەر کەسێکمان شوێنێکی بئێشایە دەچووە لای ئەو و ئەویش دڵسۆزانە دەکەوتە شێلانی. ژنێکی خەڵکی مەندەلی لەوێ بوو لە گەڵمان، کوڕەکەی لە ژووری بەرامبەردا زیندانی بوو، تەمەنی کوڕە ٢٥ ساڵ بوو، جارێکیان یەکجار زۆر نەخۆش بوو، دایکی بە تەمای نەما، هێنایان بۆ ئەمدیو بۆ لای دایکی تا ماڵئاوایی لێ بکات، چونکە هەموو وایان دەزانی گیان دەدات. کە هێنایانە ئەمدیو، میم سەبری چووە سەری و



پشکنینێکی تەواوی بۆی کرد و گوتی: دڵی کەوتووە و ئێستا چاکی دەکەمەوە. بەڕاستی دۆخی تەندروستی ئەو کوڕە هی ئەوە نەبوو کەس باوەڕ بکات بە شێلانی میم سەبری چاک ببێتەوە، بە چواردەستە هێنابوویان بۆ لای دایکی.

ماوەی یەک کاتژمێر میم سەبری خەریکی ئەم کوڕە بوو، دڵی بۆ گرتەوە، سەری بۆ گرتەوە، کۆڵنجی شێلا و چەوری کرد. کوڕە هەستایە سەر پێ و بەپێی خۆی چووەوە زیندانی پیاوان. ئەم ڕووداوە وای کرد زیاتر دان بە توانا و پسپۆڕێتی میم سەبری بنرێت. میم سەبریش ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو. ئەو گوێی هەندێک گران بوو، کە قسەمان لەگەڵ دەکرد دەبوای دەنگ هەڵبڕین.

میم ئامین یەکێکی تر بوو لەو ژنانەی کە تایبەتمەندی هەبوو. ژنێکی باریکی باڵابەرز بوو. ئەو لەبەر کوڕێکی گیرابوو ناوی مستەفا بوو. مستەفا هاوپۆلی من بوو لە قوتابخانەی ناوەندی. بەڵام کوڕە گەورەکەی مامۆستا بوو، لە یەکەم دیداریدا بۆ لای دایکی خواحافیزی لە دایکی کرد و پێی گوتبوو ئەوا منیش دەڕۆم دەبم بەپێشمەرگە. عەلی عەبدوڵڵا دەستی نووسینیشی هەبوو، کادیرێکی چالاکی کۆمەڵە بوو.

کەسایەتی میم ئامین جۆرێ بوو کە قسەی نارەوای قبوڵ نەدەکرد و زوو تووڕە دەبوو و وەڵامی دەدایەوە. ئەمەش وای لێ کردبوو ئەوانی تر پێی بڵێن ئامەشێت. کوڕێکی چوارساڵەی لەگەڵ بوو ناوی هەورام بوو. کوڕی بچووکی بوو، زۆر نازی دەکێشا و خۆشی دەویست. هەرکەسێ قسەیەکی بە هەورام گوتبا میم ئامین تووڕە دەبوو نەیدەبرییەوە. جارێکیان لەگەڵ میم ئامین دانیشتبووم و هەورام هەر تەماشای دەکردم. من نیشانەیەک کە بە قەد خاڵێکی ڕەشە بە ملمەوەیە، هەورام هەر تەماشای خاڵەکەی ملی دەکردم. ئەوەندەم زانی بە نینۆکی خاڵەکەی گرتم و دەیویست لێی بکاتەوە. ئەوەندە ئێشا نەمزانی چۆن و چەند خێرا هاوارم کرد و تا توانیم یەک زللەم پێدا کێشا. هەرکەسێکی تر زللەیەکی وای لە هەورام دابایە لە دەستی میم ئامین ڕزگاری نەدەبوو، بەڵام لەگەڵ من هیچی نەوت و زۆری پێ ناخۆش بوو هەورام ئازاری منی داوە. لە ڕاستیدا من هەورامم زۆر خۆش دەویست و دوای تۆزێ زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی زللەم پیاکێشا، بەڵام کاردانەوەیەکی سروشتی و

خێرا بوو لە منەوە، بەبێ بڕیاری پێشوەخت ڕووی دا و کار لە کار ترازا. هەورامم ماچ کرد و ئاشت کردەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر خاڵەکەم دەئێشا و بە نینۆکی بریندارببووبوو. منداڵ بوونەوەرێکی جوان و پاکە، ئەوەی دەیکات ئەگەر ئازاردەریش بێت بەهۆی بڕیارەوە نییە، چەند باشە بتوانین سروشتی وەربیگرین و توندوتیژی بەکار نەهێنین. بەڵام ئێمە ئەوەندە توندوتیژیمان لەگەڵ کراوە، کاردانەوەی لەو جۆرەمان دەبێت و خۆزگە بتوانین بە ئاگاییەوە ئەم کاریگەییانە لە خۆمان بسڕینەوە.

ژنێکی تریش هەبوو خەڵکی مەندەلی بوو، ژنێکی زۆر فەقیر بوو، کەم قسەی دەکرد. دوو کچی لەگەڵدا بوو بە تەمەن یەک دوو ساڵێ لەمن گەورەتر بوون. زۆرم پێ سەیر بوو کچەکان لە دایکیان تووڕە دەبوون، لەوەش سەیرتر لە لام ئەوەبوو کە جنێویان دەدا و کە تووڕە دەبوون دەیانگوت: داڵک خیز، پدەر سەگ.

نەریتی لای ئێمە لە کفری وا نەبوو بتوانین لە ڕووی دایکمان بوەستینەوە. هەموو کچەکانی تری کفری کە لە ناو زینداندا بوون نێوانیان لەگەڵ دایکیاندا ئاسایی بوو. بۆیە پێم سەیر بوو ئەو دوو کچە زۆر لە دایکیان تووڕەدەبوون، کە دایکێکی میهرەبانیش بوو.

بۆ ئەوەی کەس لێمان تێ نەگات کە هەندێ باسمان پێکەوە دەکرد، شازاد گوتی وەرە فێری زمانی کزیبزیت بکەم. کە هەندێ قسەی بەو زمانە کرد، گوتم مەحاڵە فێری بم. شازاد وتی: زۆر ئاسانە، هەر کوردییەکەی خۆمانە، تەنها لە نێوان هەر حەرفێک و حەرفێکی تردا پیتی ز دابنێ. بۆ نموونە تەون دەبێتە تزەوزن.

تەنها ئەو نموونەی پێ گوتم و ئیدی وەک بولبول بە زمانی کزیبزی قسەمان دەکرد و ئەوانیتر هیچ تێنەدەگەیشتن لێمان. شازاد کەسی تری فێری ئەو زمانە نەکرد و زمانی نهێنی نێوان خۆمان مایەوە. بۆ نموونە: ئزەڵزێن شزەڕزێ بزووزە. واتە: ئەڵێن شەڕێ بووە.

بەو شفرانە زیاتر باسی ئەو هەواڵانەمان دەکرد کە لە ڕێگەی سەردانییەکانەوە لە دێهاتەوە و لە ناو پێشمەرگەوە دەگەیشتنە ئێمە. ئەو دەم سەردانییەکانی شازاد لە دێیەکانەوە بوو، ئەوانەی من دایکم و خوشک و براکانی دیکەم لە ماڵی مامم لە بەغدا بوون و لەوێوە دەهاتنە سەردانیم.



ئەو کاتانەی کە ئینفیرادی بووم کات زۆر درەنگ تێدەپەڕی و ناخۆش دەگوزەرا، بەڵام ئەو کاتەی کە لەگەڵ هاوشارییەکانی خۆمدا بووم زۆر هەستم بە کات نەدەکرد و ئەگەرچی ئەو قەرەباڵغییە سەختی دروستکردبوو، بەڵام زۆر ناخۆش نەدەگوزەرا.

هەندێک لەو هاوشارییە زیندانییانەم کە کوڕە پێشمەرگەکانیان شەهید دەبوو، بەردەبوون. هەندێکی تریان کە کوڕەکانیان دەهاتنەوە و چەکیان دادەنا و تەسلیم دەبوونەوە، بەردەدران. شازاد لەوانە بوو بە شەهیدبوونی ئەحمەدی برای ئازاد کرا.

سەید محێدین پیرەمێردێک بوو خۆی دەیگوت تەمەنی ١٢٠ ساڵە. بەو پێیەی ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی دەگێڕایەوە و باسی تەمەنی خۆی دەکرد لەو کاتەدا، دەردەکەوت کە ڕاستە تەمەنی لەو دەوروبەرەیە. ئەم پیرەمێردەیان لە بەر سەید محەمەدی کوڕی گرتبوو کە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی کفری بوو. لە دواییدا ئەو بەرپرسی من بوو لە ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. شاخەوان کوڕەزای بوو، واتە کوڕی سەید محەمەد بوو. کە گرتبوویان تەنها شاخەوان لە ماڵەوە بووە لەگەڵیان و ئەو منداڵەشیان گرتبوو. شاخەوان تەمەنی نێوان چوار و پێنج ساڵ بوو. ئەم منداڵە چەند ساڵ بەر لەوە لە زیندان لە دایک ببووبوو.

شاخەوان چونکە دایکی لەگەڵدا نەبوو، تەنها باپیرێکی زۆر پیری لەوێ بوو، زۆر بێناز و کەم خزمەت بوو. لە ژووری پیاوان لەگەڵ باپیریدا بوو، بەڵام باوکم هەوڵی دەدا قەرەبووی باوکی بۆ بکاتەوە و خزمەتی دەکرد. سەید محەمەد زۆر برادەری باوکم بوو، وەک باسم کرد یەکەمین گۆڤاری کۆمەڵە ئەو بۆ باوکمی هێنا و من بۆیم خوێندەوە. هەفتەی جارێک و لە کاتی دیداردا پیاوەکانیان دەهێنا ژن و منداڵەکانیان ببینن. باوکیشم کە دەهات بۆ لای من شاخەوان و سەید محێدینیشی لەگەڵ خۆی دەهێنا و هەندێ جار بۆ چەند ڕۆژێک شاخەوانیان لای من بەجێدەهێشت، منیش وەک برایەکی بچووکی خۆم ئاگام لێدەبوو، هەوڵم دەدا قەرەبوویەک بم بۆ ئەو نازە لەدەستچووەی دایکی. دایکی شاخەوان، لە یەکێک لەو دێهاتانەی گەرمیان نیشتەجێ بوو بوو، بە شاخەوانەوە هەشت منداڵی کوڕ و کچی تری هەبوو. ئاخ، ئەنفال هەر هەموویانی بە شاخەوانیشەوە ڕاماڵی وسەید محەمەدیش دەستگیر کرا

و له سێداره درا. ئێستا له شاری کفری پەیکەرێک بۆ سەید محەمەد کراوە.

له زیندان خۆشوشتن بە دەگمەن ڕووی دەدا، سەرمان هەمیشە چەور و چڵکن بوو، دەخورا. من دوای چەند مانگێک ئەسپێ تێی دابووم. زیندانییەکانی تریش هەر وابوون. زۆر جار سەرمان دەنایە سەر ڕانی یەکتر و سەری یەکترمان دەڕوانی و ئەسپێکانی یەکترمان دەردەکرد. شازاد و هەدیە لە سەرڕوانینی مندا بوون بە بکوژی دەیان ئەسپێی قەڵەو و خواپێداو. زۆر جار بەدەم سەرڕوانینەوە لەسەر ڕانیاندا خێپ، خەوم لێدەکەوت.

شێوازێکمان دۆزیبووەوە بۆ ئاو گەرمکردن. پارەمان دەدا بە گسکدەرەکە مۆممان بۆ بکڕێت. چەند مۆمێکمان بە یەکتروە دەبەست و بە پەڕۆیەکدا دەمانپێچایەوە و داماندەگیرسان. سێپایەکمان لە سێ بەرد دروست دەکرد و مەنجەڵێک ئاومان دەنایە سەری. مەنجەڵەکانیش هی ئەو خواردنانە بوون کە کەسوکارمان لە سەردانەکاندا بۆیان دەهێناین. بەهەرحاڵ بەو مەنجەڵە ئاوە، کە دەهاتە کوڵ و لەگەڵ ئاوی سارددا تێکەڵمان دەکرد دەمانتوانێ سەرمان لە ملەوە بشۆین، یان ئەوپەڕی دەستێک لە لەشمان بدەین.

لە زینداندا شتێک کە زۆربەمان خۆمان پێوە خەریک دەکرد چنین بوو. من پێش ئەوەی بچمە زیندان هیچ جۆرێکی چنینم نەدەزانی. زیندانییەکان هەر شتێ بزانن فێری یەکتر دەکەن و خۆ خەریککردنێکی گشتی بەو شتانەوە ئۆخژنێک دەبەخشێت. منیش لە هەر یەکێک لەوانەوە شتێک لە چنین فێر بووم. پارەمان دەدایە گسکدەرەکە خوری و شیشی چنینمان بۆ بکڕێت. من چەندان بلووز و چاکەت و کراس و کڵاوم چنی. هەر لەوێ لەگەڵ هەدیە ڕێککەوتین هەندێک شت بۆ پێشمەرگە بچنین و ئەو بینێرێتەوە بۆ نازمی برای. ساڵی ١٩٨٨ کە نازم و فاروقی برای لەگەڵ هەژدە پێشمەرگەی تر لە شەڕێکدا گەمارۆدران و هەموویان شەهید کران، لە کۆگۆڕێکدا حەشاریان دابوون. ساڵی پار، سەرەتای ٢٠٠٤، لە نزیک ئاوەسپی لە دووز گۆڕەبەکۆمەڵەکە دۆزرایەوە و ئێسک و پرووسک و کەللە سەرەکانیان ناسرانەوە کە ئەوانن. من لە کوردساتەوە کەللە سەری شەهید نازمم لە ناو لەپی دەستەکانی مام ڕەشیددا بینی، لەگەڵ ئەودا زۆر فرمێسکم ڕشت. هەدیە دەیگوت بە بلووزەکەیدا



ناسیمەوە، ڕێک ئەو بلووزە بوو کە بەدەستەکانی خۆم بۆم چنیبوو. هەدیە کە باسی شەهید نازم دەکات، ئاگرێک لە هەناومەوە هەست پێ دەکەم. دیمەنی ئەو ساتانەم دێتەوە بەرچاو کە سەردەمی مفاوەزاتی یەکێتی نیشتیمانی بوو لەگەڵ حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٨٤، نازمیش هاتبۆوە و منیش بۆ سەردانی چوومە ماڵیان. من لە منداڵییەوە ئەوم دەناسی و کوڕێکی ڕەوشت بەرز و میهرەبان بوو. ئەو خوێندەواری نەبوو، بەڵام هەوڵی هەبوو بۆ تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی، ئەو زیاتر لە بواری پێشمەرگایەتیدا کاری دەکرد و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو.

من لە ناو زینداندا ڕادیۆیەکی بچکۆلەشم هەبوو، پێیان گوتبووم کە بۆم هەیە تەنها گوێ لە گۆرانی بگرم، بەڵام من بە دزییەوە دەچوومە نێو حەمامەکەوە و گوێم لە دەنگوباسی جیهانیش دەگرت. ڕادیۆی عەرەبی لەندەن و دەنگی ئەمریکا و دەنگی ئیسرائیل. ئەم ئێستگانەم دەناسی، چونکە باوکم لە ماڵەوە شەوان بەبەردەوامی ڕادیۆیەکەی لە پاڵ خۆیدا دادەنا و گوێی لە دەنگوباس دەگرت، کە دەچوو بۆ نووستنیش ڕادیۆکە هەر لە ژوور سەرییەوە بوو، بەدەم گوێگرتن لە دەنگوباسەکان خەوی لێدەکەوت. هەندێ جار کە دەمبینی نووستووە دەچووم ڕادیۆکەم دەکوژاندەوە، کەچی زوو بەخەبەر دەهاتەوە و هەڵی دەکردەوە. گوێگرتن لە دەنگوباس بوو بە نەریتێک لە لای منیش، لە زینداندا بە دزییەوە ئەو نەریتەم پەیڕەوی دەکرد. لە دەنگوباسەکانەوە ئاگاداری ئەو ئاڵۆزییانە دەبووم کە خەریک بوو لە نێوانی عیراق و ئێراندا ڕووی دەدا.

هەر لەو ماوەیەدا لە دەنگوباسی ڕادیۆی عیراقدا هەواڵی مردنی خومەینی بڵاوکرایەوە. ئەمەل هەر دەگریا و ژیر نەدەبووەوە، منیش چووم لە حەمامەکە و بە دزییەوە ڕادیۆی ئێرانم دۆزییەوە، ئەوان هەواڵەکەیان بەدرۆ خستەوە، ڕۆژی هەینی بوو، باسی وتاری هەینی ئیمامیان دەکرد. ئەمەل ژیر بۆوە و زۆر خۆشحاڵ بوو. پاش ماوەیەکی تر دیسان عیراق هەواڵی مردنی خومەینی بڵاوکردەوە، ئیدی ئەمەل نەگریا و زانی پڕوپاگەندە و درۆیە.

ئەوەی کە بە ئەستەم پێمان دەگەیشت، هەواڵی کوردستان بوو، هەواڵی پێشمەرگە و شۆڕش بوو، تەنها لە ڕێگەی سەردانییەکانی کەسوکارمانەوە تۆزێ هەواڵمان

پێدەگەیشت، هەواڵی ئەوەی چالاکی چی کراوە و دەستکەوتی پێشمەرگە چی بووە و زیانی دوژمن چی بووە و لە هێزی پێشمەرگە چ زیانێ کەوتووە و کێ شەهید کراوە. هەمیشە وامان هەست دەکرد، ها ئێستا، ها ساتێکی تر سەدام دەڕووخێت.

***



## کلاورۆژنەیەک

سەرەتای مانگی سێپتەمبەری ئەو ساڵە، ساڵی ١٩٨٠، هەستم کرد لە کلاورۆژنەیەکەوە هەندێک ڕووناکیم بەرکەوت. ئەگەرچی ئومێدمان بەوە بوو ڕژێمی سەدام بڕووخێت، ئەو ئومێدەش بەهۆی تامەزرۆییمانەوە بوو بۆ ئازادی، بەڵام زۆر جاریش بێ ئومێد دەبووین لەوەی ڕزگارمان ببێ. چونکە ڕۆژ دەهات و شەو دەڕۆیشت، هەر دەهات و دەڕۆیشت و شتێکی نوێ ڕووی نەدەدا. بەهەرحاڵ دەرگایان کردەوە و ئەو ڕۆژە شتێکی نوێ ڕووی دا. مفەوەز جاسم کاغەزێکی پێ بوو، لە ناو کاغەزەکەدا ئاگادارکردنەوەی تێدا بوو بۆ من، کە لە ماوەی هەفتەیەکدا خۆم بۆ دادگا ئامادە بکەم و دەبوایە ببرێم بۆ بەغدا، لە دادگای ئەلسەورە دادگایی بکرێم. ئەو دادگایە باڵاترین دادگای بەعس بوو بۆ سزادانی نەیارانی سیاسی. نەیارانی سیاسی ڕژێم تەنها سەرکردەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەبوون، بەڵکە هەر کەسێک بوو کە کەمترین بەرهەڵستیشی دەکرد، تەمەن گرنگ نەبوو بە لایانەوە. منداڵی دەساڵیش لەو دادگایەدا سزای بەسەردا دەسەپێندرا.

من کە لە زیندانی بەعقووبە بووم، دوو منداڵیان هێنا تەمەنیان لە نێوان دە و دوانزە ساڵ بوو، لە کاتی یاریکردندا بوو بووە بەشەڕیان و وێنەیەکی سەدام بەدەستیانەوە دڕابوو، ئیدی هەردووکیان وەک تاوانبار لە زینداندا ماوەیەک ئەشکەنجە درابوون و پێیان وابوو کە کەسانێک هانیان داون بۆ دڕاندنی ئەو وێنەیە.

تەنها یەک ڕستە بەس بوو بۆ ئەوەی ببیت بە تاوانبار. پیاوێکی خەڵکی کفری، کە لە داڵانی دادگای سەورە بینیم یەک ساڵ زیاتر بوو لە بەندیخانەکانی بەغدا قاییم کرابوو، کەسوکاریشی سۆراخیان نەدەزانی، تاوانەکەی هەر ئەوەندە بوو کە ڕۆژێک لە ڕێپێوانێکدا کە بەعس بە زۆر بە قوتابیانی دەکرد و دروشمی پێ دەگوتنەوە بۆ پشتگیری لە فەلەستین و دژ بە ئیسرائیل، ئەم پیاوە کە گوێی لە دروشمەکان بوو بوو، لەبەر خۆیەوە گوتبووی: های ئێستا بەم دروشمانە فەڵەستین ئازاد دەبێت! ئەو

ڕستەیە هەموو تاوانەکەی بوو. من ئەگەرچی تەمەنم کەم بوو، ئەودەم تەنها چواردە ساڵ بووم و تاوانەکەشم تەنها نووسینی چەند هۆنراوەیەک و چەند بیرەوەرییەک بوو لە ناو ڕۆژمێرەکەم، بەڵام تاوانەکەی من لە چاو ئەو دوو نموونەیەی تر زۆر گەورە بوو لە لای بەعس.

کە گوتیان مەحکەمە دەکرێی دڵم خۆش بوو، هەرچۆنێک بێت مرۆڤ لێی ئاشکرادەبێت چ چارەنووسێکی هەیە، دوای دادگاییکردن. دەمگوت لە ئێستا باشتر دەبێت یان چەند ساڵێک حوکم دەدرێم، یان لە سێدارە دەدرێم، یان بەردەدرێم. سێ ئەڵتەرناتیڤ هەبوو، بۆ هەرسێکیان خۆمم ڕاهێنا لە ماوەی ئەو هەفتەی چاوەڕوانییەدا، کە لە لایەکەوە حەزم دەکرد زوو بڕوا و چارەنووسم دیاربکەوێت، لە لایەکی تریشەوە نیگەرانییەکی زۆرم هەبوو و لەگەڵ ئەو هەموو خۆڕاهێنانەشدا هەر پێم سەخت بوو کە بیرم دەکردەوە لە نەمانی خۆم و دەهاتەوە بەرچاوم دایکم چ جۆرێ پێشوازی لە تەرمەکەم دەکات! یان ئاخۆ دەهێڵن هیچ نەبێت لاشەکەم ببینێت و بینێژێت و هەموو پێنج شەمووانێک بێتە سەر گۆڕەکەم؟! چونکە زۆر کەسیان لە سێدارە دەدا و تەنانەت تەرمەکەشیان نەدەدایەوە بە کەسوکاری و ڕێگەشیان نەدەدا پرسەی بۆ دابنرێت.

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای گیرانی من، کوڕێکی مام ڕەشید بەلەگە، کە ئەودەم چوار پێنج ساڵێک تەمەنی بوو، بە ڕاکردن چووبوو بۆ ماڵی ئێمە و بە دایکمی گوتبوو، مەهاباد ئیعدام کراوە و ئەوەتا جەنازەکەیان هێنایەوە. دایکم دەستی کردبووە شیوەن و سنگکوتان، وای زانیبوو ڕاستە. باش بوو زوو پێی گوترابوو وا نییە و ئەو منداڵە لە خۆیەوە ئەو قسەیەی کردووە.

دایکم ژنێکی زۆر سادە و دڵسافە، وەک زۆربەی ژنانی لە تەمەنی خۆی، نەخوێندەوارە. دایکم زۆر حەزی لەوەبوو فێری خوێندن و نووسین ببێت. ئەو ساڵە هەڵمەتێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێ کرد و دایکیشم بوو بە فێرخواز. ئەوەندە بە عەشقەوە دەچوو بۆ خوێندنگە و کتێبەکانی دەخوێندەوە و ئەرکەکانی لە ماڵەوە دەنووسییەوە، دەتگوت منداڵێکی شەش ساڵییە و تازە دەستی بە قوتابخانەی سەرەتایی کردووە. ئێمەش لە ماڵەوە یارمەتیمان دەدا بۆ فێربوون. فێری حەرفەکان



بوو بوو، بە حونجە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. کە ئەوم دەدی بەو عەشقەوە دەخوێنێتەوە، منداڵی خۆمم بیر دەکەوتەوە، ئەو دەمەی کە فێری حەرفەکان بووم و بە حونجە ڕۆژنامەم دەخوێندەوە. دایکم کە منداڵ بووە نراوەتە بەر خوێندن، ئەوساش زۆر حەزی لە فێربوون بووە، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی خوێندنیدا، بەپێنووس لەسەر دیواری پۆلەکە دەنووسێ و دیوارەکە ڕەش دەکات، منداڵەکانی هاوڕێی پێی دەڵێن: ئێستا مامۆستا دێت و زمانت دەردەهێنێت و بیبەری تیژی بەسەردا دەکات و بە دەرزی دەیکووتێ. ئەمیش ئەوەندە دەترسێ لەو سزایە، دەڕوات بۆ ماڵەوە و ئیدی ناوێرێ بچێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە. دایکم زۆر جار بەحەسرەتەوە ئەم یادگارییە تاڵەی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەو ئاواتی ئەوە بوو بە گەورەییش بێت فێری خوێندەواری ببێت، بەڵام کە براکەم گیرا و من گیرام و باوکم گیرا و ئەوانی دیش پەرتەوازە بوون، نەیتوانی ئەو ئاواتەی بێتە دی و قوتابخانەی بەجێهێشت.

دایکم نەک هەر خۆی، باوکیشی عاشقی خوێندن و فێربوون بوو. باپیرم "باوکی دایکم" گوێی گران بوو، هەر لە منداڵییەوە بەهۆی نەخۆشییەوە هەستی بیستنی لەدەست دابوو. باپیرەکەی ترم مەلا بوو، حوجرەی هەبوو بۆ فێرکردنی منداڵانی تر. لەو جۆرە حوجرانە منداڵ دوای فێربوونی ئەلف و بێ، دەرسی قورئانی دەخوێند. باوکی دایکم چوو بوو بۆ لای و داوای لێ کردبوو فێری خوێندەواری بکات، باوکم ئەودەم تەمەنی هەژدە ساڵێک بووە و زۆربەی کوڕان لەو دەمەدا لە کوردەواری ژنیان بۆ دەهێنرا . باپیرم گوتبووی "باشە سۆفی ئەگەر فێری خوێندەواریت بکەم، کچەکەت دەدەی بە کوڕەکەم؟"، ئەمیش زۆری پێ خۆش بوو بوو، چونکە مەلای باپیرم هەم پایەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی باشی هەبوو لە ناو خەڵکدا و، هەمیش لە ڕووی ئابوورییەوە دەست ڕۆیشتوو بووە. بەو جۆرە ڕێکدەکەون و لە بەرامبەر فێربوونی ئەلف و بێ، باوکم دەبێت بە هاوسەری دایکم. ئەم دووانە ئەگەرچی کەسانی تر بڕیاریان بۆ چارەنووسیان دابوو، بەڵام پێکەوە زۆر گونجاو بوون، بە دەگمەن دەمانبینی شەڕێ بکەن. حیکمەتی ئەو شەڕنەکردنەش لە دایکمەوە بوو، نازانم ئەو هێمنییە لە کوێوە دەهێنێت!

هەفتەی چاوەڕوانی و نیگەرانی هەرچۆنێک بێت کۆتایی پێهات و هاتن بە دوامدا .

خواحافیزیم لە هاوڕێکانم و لە باوکم کرد و بردیانم. سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم لە سندوقێکی چوارگۆشەی داخراو دەچوو. هەموو زیندانیانیان بەم جۆرە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگواستەوە. نێوانی بەعقووبە و بەغدا تەنها یەک کاتژمێرە بە ئوتومبێل، بەڵام چونکە مرۆ لە ناو ئوتۆمبیلێکی نائاساییە و هیچ کوێ نابینێ و نیگەرانە، ئەو کاتژمێرە وەک دە کاتژمێر بەسەر دەچێت.

ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا، دەرگاکەیان کردەوە و دایانبەزاندم. کەلەبچەیان لە دەستەکانم نا و وەپێش خۆیانیان دام. خانوویەکی بڵند بوو، منیان برد بۆ ژوورێک، لە ژوورەکەدا کە دیار بوو ژووری بەڕێوەبەرە، مێزێکی زۆر جوان دەبریسکایەوە و لە پشتی مێزەکەشەوە پیاوێک دانیشتبوو زۆر زۆر قەڵەو بوو، ڕێک بەقەد چوار پیاوی ئاسایی دەبوو. لەم لاو لەولاش قەنەفەی نەرم دانرابوو. منیان لەسەر قەنەفەیەک دانیشاند. ماوەیەک هیچ قسەیەکیان لەگەڵ من نەکرد، دوو پیاوی تریش لە بەرامبەر من دانیشتبوون و قسەیان لەگەڵ بەڕێوەبەردا دەکرد. قسەیان دەکرد و قا قا پێدەکەنین. ئاوڕیشیان لە من نەدەدایەوە، وەک ئەوەی هەر لە ناو ئەو ژوورەشدا نەبم. باسەکانیان زۆر ناخۆش بوو، باسی هەندێ زیندانیان دەکرد کە چۆن ئەشکەنجەیان داون و چۆن ناچاریان کردوون میز و پیسایی خۆیان بخۆن و بوتڵیان تێ بڕیون و ئەوانیش گریاون. ئەمانەیان باس دەکرد و پێدەکەنین. دوای ئەوەی ئەم شتانەیان باس دەکرد و منیش وەخت بوو زراوم بتۆقێت، بەڕێوەبەر سەیرێکی لای منی کرد و ناوی پرسیم و هەندێ پرسیاری ڕۆتینی تر کە لە هەموو جێیەکی تازە لێیان دەکردم. مەلەفەکەمی بەدەستەوە بوو تەماشای دەکرد. تەماشایەکی کردم و لێی پرسیم:

– ئەوە بۆ ددانەکانت شکاون؟ ئەوە ئێمە شکاندوومانە؟ چەند ناشیرین و بەدفەساڵیت، خۆتت لە ئاوێنە دیوە؟"

کە ئەمەی گوت هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، پێکەنینێکی وا کە دڵی کون دەکرد، دەرروونی خاپوور دەکرد. هێزەکەی ناخەوەم کەوتەوە بەربەرەکانێ لەگەڵیان، ئەگەرچی ئەو قسە و سووکایەتییانە زۆر ئەشکەنجەئامێز بوون، بەڵام هیچم نەگوت و هیچم نەکرد و هەولم دا نەگریەم. ئەو قسە و سووکایەتییانە هەر لە دڵم مابوو، دوای چەندان ساڵ لە هۆنراوەیەکدا وەڵامێکم بەوان دایەوە. من ئەگەرچی نەموێرا



ڕاستەوخۆ باسی ئازار و ئەشکەنجەکانی زیندانم بکەم چونکە هەڕەشەی گەورەیان بە زمانبڕین لێ کردم، بەڵام بە هۆی کۆد و سیمبوولەکانی زمانەوە لە زۆر لە هۆنراوەکانم، هەر جارە و هەندێکیانم هەڵدەڕێژا. لە هۆنراوەیەکدا، کە دە ساڵ دوای ئەوە لە ژێر ناوی"سیمای تەڵخی ئاوێنەکان" نووسیم، گوتوومە:

**ناشیرین نیم، ئاوێنەکان درۆ دەکەن، خۆیان تەڵخن!**
**لەو ڕۆژەوەی گوێزانەکان سەریان تاشیم**
**کەزی منیان کرد بە گووریس**
**ملی خۆمیان پێ بڕییەوە**
**هەسانەکان کەژی سنگمیان ئوتوو دەکرد**
**لقی تەڕی داری لەشمیان دەبڕییەوە**
**ژیلەمۆکان دەچزانە پەنجەکانم**
**ماچەکان لێم یاخی بوون و لێوەکانیان دەقرتانم**
**ڕەوە قەلی سیا لەسەر ئەژنۆکانم دەنیشتنەوە**
**دەنووکیان دەدا لە مۆخی ناو ئێسقانم**
**لەو ڕۆژەوە..**
**ئاوێنەکان کرم لێی دان**
**ئاوێنەکان شەنگی سیما و.. شەوقی چاوی خۆیان دۆڕاند**
**چاوەکانم بێ باک بوون و پەنجە تووتەیان بۆ گرەو لەگەڵ خۆرا تێکەڵ دەکرد**
**بۆ گەورەیی، بۆ قەشەنگی!**
**قژم لەگەڵ دارستانی چڕوپڕی نیوەشەوێکی تەزیودا بوون بە هاوڕێ**
**لە پەنجەرەی چاوەکانما شەویان ڕوواند!**
**ئەی گلێنە ڕووخاوەکەم.. تۆ چیت لێ هات؟**
**بڵێ.. لە کوێی؟**
**تا گەواهی بدەی بۆ شەنگی ڕوخسارم**
**لە جەنگەڵی قژەکەمدا، ئاگریان چاند**

**ئەی قژە ڕەگسووتاوەکەم لە کوێی؟ لە کوێی؟!**
**تا دزێوی چەقۆکردی سەری نوقرچ نوقرچاویم بشارییەوە و**
**گەواهی دەی بۆ قەشەنگی سەری قورسی پڕ ئازارم.**
**بیلبیلە دزراوەکانم**
**کەزییە دەرهێنراوەکانم**
**گەر بێنەوە، ئاوێنەکان لە شەرمانا درز دەیانبا**
**گومان دڵی ژەنگگرتوویان دەسووتێنێ**
**گەر بێنەوە، پارچەکانی لەشی سرکم لە خۆشییا تێر تێر دەگرین**
**قەڵبەزەکانی دەروونم سەما دەکەن**
**ئاهەنگی سوور کەژاوەکانی گەردوونی تینووی گیانم دەبووژێنێ!**
**گلێنەکەم،**
**من ئێستاکەش هەر بە تۆ دنیا دەبینم**
**ئاوێنەکان درۆ دەکەن خۆیان تەڵخن**
**چاڵی چاوەکانم ئێستاش**
**جووتێ خۆری سیاپۆشیان لە ئامێزە و دەیلاوێنن**
**سەرم ئێستاش دارستانی پڕ لە بێشە و لە درەختە و**
**باڵندەکان تیا دەخوێنن**
**دڵم ئێستاش گەردوونێکی چراخانی پڕ لە عەشقە و،**
**شانۆی گەورەی دڵدارانی خۆرنەدیوە**
**ناخم ئێستاش پڕە لە ئاواتی سپی**
**گەرچی ملیۆنەها ڕمی ژەهرداری نائومێدی پیا چەقیوە.**
**ناشیرین نیم!**
**پەنجەکانم لە مۆم جوانتر**
**لە دڵی تاریکستانا دادەگیرسێن**





**لێوەکانم لە گوڵ جوانتر**
**بۆ پەپوولەی باڵنەخشینی هیوای وێڵبوو دەشنێنەوە و ستران دەڵێن**
**دەپەنجە هەڵوەریوەکان..**
**بێنەوە لام، پێنووسەکان بکەنەوە بە هاودەمم**
**دە لێوە پێکەنین تیا قەتیسماوەکان**
**وەرنەوە لای دانی چیربووی ئێشکی ژانگرتووی دەمم**
**تا ئاوێنەکان لە شەرما درز بیانبا، کرمەڕێز بن**
**بکەونە نێو چاڵی ڕەشی گومانەوە و..**
**تارماییەکان لە ڕۆحم دوورەپەرێز بن**

زۆر جار ئەو دیمەنەم دەهاتە بەرچاو و ئەو وتانەی ئەوان و سووکایەتییەکانیان نارەحەتی دەکردم. لە ٢ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠ بەو هۆنراوەیە ویستم خەمێک لە خۆم بتەکێنم. هەر جارێ لە هۆنراوەیەکدا بڕێکم لەو خەمانە بە با دەدا، هەستم بە فەرامۆشییەکی دەروونی دەکرد.

لەدوای ئەو گاڵتەجاڕییەی ئەوێ، چاویان بەستمەوە و کەلەپچەیان کردە دەستم. یەکێک کەلەپچەکەی گرت و بردمی، نەمدەزانی کوێیە، بەڵام بە جۆری ڕۆیشتنەکەدا دیار بوو کە شەقامێکی ئاساییە. هیچ دەنگەدەنگ و قەرەباڵغییەک هەست پێ نەدەکرا، سەیر بوو لەسەر شەقامێکی ئاسایی بەغدا دەنگەدەنگێک نەبێت، چونکە بەغدا بە شلۆقی ناسرابوو. بەوەدا بۆم دەرکەوت ئەگەر شەقامیش بێت، شەقامێکی ئاسایی نییە.

چاویلکەکەمی داکەند، کەلەبچەکەمی کردەوە، دەرگای خانوویەکی کردەوە و بردمییە ژوورەوە. چەند ژنێک لەوێ بوون، دوو منداڵیش، یەک لە منداڵەکان شەش ساڵ دەبوو، ئەویدی کۆرپەی شیرەخۆرە بوو. منی لە ناو ئەوان بەجێهێشت و خۆی ڕۆیشت. ژنەکان دەوریان دام و هەریەکە و پرسیارێکی لێ دەکردم. دەیانویست بزانن من کێم، لە کوێوە هاتووم، چیم کردووە، کەی و بۆ گیراوم، ئایا هەواڵی دەرەوەم پێیە و لەدەرەوە چ باسە؟

ئەو ژنانە هەموویان عەرەب بوون، دوو ژن خەڵکی بەسره بوون، یەکێکیان ئەندازیار و ئەویتریان دوکتۆر بوو. کچێکی قوتابی زانکۆی بەغدا، بەشی مێژوو بوو، ئەو کچە خەڵکی نەجەف بوو. ژنێکی تر کە منداڵێکی کۆرپەی پێبوو خەڵکی بەغدا بوو، ئەوی تریان منداڵێکی شەش ساڵی لەگەڵدابوو ئەویش هەر خەڵکی بەغدا بوو. هەموو ئەو ژنانە شیعە بوون و بە تۆمەتی ئەندامبوونیان لە حیزبی دەعوە گیرابوون.

ئەو ژنانە لە ناوخۆیاندا باسیان لە جۆری ئەشکەنجەکان دەکرد کە لە قۆناغی یەکەمی زیندانیکردنیان لە لایەن جەلادەکانەوە ئەنجام درابوو. یوسرا ئەو کچە قوتابییەی کە لە زانکۆوە ڕاپێچ کرابوو باسی دەکرد کە چەند بە شێوەیەکی دڕندانە لاقە کراوە. ئەو ئومێدێکی نەبوو کە بژی، دەیگوت ئەو کەسانەی کە لاقە دەکرێن ئیعدام دەکرێن. چونکە پێی وابوو ماوەیەکی کەم لە ژیانیدا ماوە، هەوڵی دەدا قسەی خۆش بۆ ئەوانی دی بگێڕێتەوە و بیانهێنێتە پێکەنین. بەڵام خۆی کەم پێدەکەنی.

ئەو منداڵەی کە تەمەنی شەش ساڵ بوو کوڕێک بوو ناوی موهەنەد بوو، سەدامیشیان پێ دەگوت. کاتێ ئەمنەکان دەرگایان دەکردەوە بۆ ئەوەی خواردن بهێنن، ژنەکان ناوەکەی تریان بەکاردەهێنا و دەیانویست بەهۆی سەدامی منداڵەوە داخی دڵیان بە سەدامی دیکتاتۆر بڕێژن. لە سەدامی منداڵ تووڕە دەبوون و دەیانگوت: سەدامی تڕن وەرە ئەملاوە. سەدامی سەگباب وا مەکە، سەدامی خوێڕی عاقڵ دانیشە. ئەمنەکان دیار بوو زۆریان پێناخۆشە، بەڵام کە دایکی خۆی بوو قسەی پێدەگوت نەیاندەزانی چی بکەن. کە ئەمنەکان دەڕۆیشتن ئەو منداڵە دەبووەوە بە موهەنەد و زۆر بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد. بەو جۆرە ئەو منداڵە بەستەزمانە بووبوو بە قوربانی و چەکێکی لاواز بەدەست دایکی و ژنەکانی ترەوە بۆ بەرهەڵستیکردن و جنێودان بە دوژمن. دایکی موهەنەد ناوی سوعاد بوو. ئەم ژنە پزیشکی ژنان بوو، مێردەکەی شەش مانگ لەوەوبەر گیرابوو، حوکمی سێدارەی بۆ بڕابووەوە، ئەمیش بە خۆی و کوڕەکەیەوە گیرابوون و تا ئەوسا دادگایی نەکرابوون.

نوور ناوی ئەو کچە کۆرپەیە بوو کە لەگەڵ دایکیدا گیرابوو، ئەویش باوکی هەر لەو ماوەیەدا کوژرابوو. دایکی نور ویستبووی خۆی دەرباز بکات و لە عێراق بڕواتە دەرەوە لەسەر سنووری سوریا گیرابوو هێنرابووە ئەوێ. هەر یەک لەو ژنانەش



داستانێکی پڕ لە ئەندێشەیان هەبوو.

من تەنها سێ ڕۆژ لەگەڵیاندا بووم و هێشتا هەر هەستی نامۆییم تێدابوو بەرامبەریان، بەتایبەتیش کە هەموویان لە تەمەن زۆر لە من گەورەتر بوون. ئەوان هەوڵیان دەدا قسەم لەگەڵ بکەن، من خەمبار و بێدەنگ بووم. نەمدەزانی نیگەرانیمە بەرامبەر بە دادگاییکردنم، یان هەستی نامۆییە کە ئەوەندە هەستم بە چڕبوونەوەی خەم دەکرد. لەو زیندانەدا گەرماوێک هەبوو، لەوەتی لە زیندان بووم دەرفەتێکی وا نەڕەخسابوو بە تەواوەتی خۆم بشۆم. لەوێدا پاک خۆم شوشت، یەکێک لەو ژنانەی کە خەڵکی بەسرە بوو هاتە گەرماوەکە لەگەڵمدا و باش پشتی شوشتم. ئەو ژنە لە تەمەنی دایکم دەبوو، ژنێکی زۆر میهرەبان بوو، هەستێکی دایکانەی بەرامبەر بەمن دەنواند. هەندێ جار جنێوی بە بەعس دەدا وەک خۆی دەیگوت کە منداڵێکی وەک منی گرتووە. بەهەرحاڵ دوای ئەو سێ ڕۆژە، سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارەم هاتن و دیسانەوە سواری ئۆتۆمبیلە سندوقەکە کرامەوە و بردیانم.

***

**ئەوانەی کە خۆیان دەناسن نابنە شێت، ئەوانە لەبەر دەرگای دانایی ڕاوەستاون**

سینیکا

***

# زیندانی زەعفەرانیە

کە لە سندووقەکە دایانگرتم و لەبەر دەرگاکەدا بینیم نووسراوە محکمەی سەورە، ترسێک دڵی سمیم و موچوڕکێکم بە لەشدا هات. بردمیانە هۆڵێکی گەورەوە، کە جگە لە خۆم کەسێکی تری تێدا نەبوو، سەیر بوو لە لام دادگایەک ئەوەندە چۆڵ بێت. پۆلیسێک لەبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو، ئەو ئەمنەی منی هێنابووە ئەوێ خۆی چووە ژوورێک کە دەرگاکەی لە ناو هۆڵەکەوە بوو. پاش دە خولەک هاتەوە و گوتی دەبێ بتبەمەوە، دادگاییەکەت دواخراوە. کە پرسیم بۆ کەی دواخراوە هیچی نەگوت و بردمییە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەوە و لێیخوڕی. ماوەیەکی پێچوو دیسانەوە دایبەزاندم و بردمییەوە هەمان ژووری ئەو پیاوەی کە بۆ ددانە شکاوەکانم گاڵتەی پێ کردم. زۆر ڕقم لێی دەبووەوە، ئەوەندە ناشیرین بوو لە بەرچاوم حەزم دەکرد عیزرائیل ببینم و ئەو نەبینم. بەڵام ئەمجارە قسەی ناشیرینی نەگوت و گاڵتەی پێ نەکردم، هەر ئاوڕیشی لێ نەدەدامەوە. دیار بوو کێشەیەک لە ئارادایە و نەمدەزانی چییە، بەڵام هەموویان شێوەیەکی نائاساییان دەدایە بەر چاو دەتگوت شتێ ڕووی داوە، بەڵام ئەو شتە چییە، نەمدەزانی.

هەمان ئەو ئەمنە فایلێکی بەدەستەوەبوو منی لەگەڵ خۆیدا برد و دیسانەوە بۆ ناو سندووقەکە، پرسیم ئەمجارە بۆ کوێم دەبەن، گوتیان پەلەت نەبێت کەی گەیشتی دەزانی ئەو شوێنە کوێیە. هەرچی جارێ قسەیەکی وایان کردبایە دڵم خەتەرەی دەکرد و دەمزانی ئاکامی باش نییە. هیچ چارێکم نەبوو جگە لەوەی چاوەڕێ بکەم و بزانم چارەنووسم دەگاتە کوێ.

دوای زیاتر لە کاتژمێرێ، لە بەردەم بەندیخانەیەکی گەورەدا ڕایانگرت و دایانبەزاندم. لە بەردەمی نووسرابوو بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی زەعفەرانیە. بردمیە ژووری مفەوەزێکی پۆلیس، دیار بوو بەرپرسی یەکەمی ئەو شوێنەیە. فایلەکەمی دایە دەستی و ئەویش لاپەڕەیەکی تری هێنا و هەندێ زانیاری ڕۆتینی لەسەرم تۆمار



کرد. ناو، نازناو، پیشە کە ئەمانەیان لەهەموو شوێنێ دەپرسی و دەنووسی. بەڵام لێرە هەندێ زانیاری تایبەتیتریشیان نووسی وەکو ڕەنگی پێست: ئەسمەر، ڕەنگی قژ: قاوەیی، ڕەنگی چاو: ڕەش، نیشانەگەلی جیاکەرەوە: خاڵێک لەسەر ملی لای چەپەوە و ددانەکانی پێشەوەی شکاون. ئەم زانیارییانە بۆ ئەوەبوون ئەگەر زیندانییەک هەڵهات بتوانن بەو نیشانانە بیدۆزنەوە. ئەم مفەوەزە خۆی چۆن بوو؟ پێست و چاو و سمێڵی ڕەش بوون، چەند تاڵە قژێکیشی پێوەبوون ئەوانیش هەر ڕەش بوون، کابرایەکی سەیر بوو، بەبێ هیچ هۆیەک یەک زللەی ئەمەندە قایم و لەناکاوی پێداکێشام هەر لە جێگەی خۆمدا سڕ بووم. ئەو نەدەبوو لێم بدات، لێدان و ئەشکەنجە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەکاندا لە زیندانەکانی ئەمندا دەکران، من هێنرابووم بۆ ئەوێ تا کاتی دادگایی لە بەندیخانەکەی ئەوێ بم، کەچی یەک زللەی لێدام و خۆیشی گوتی: من تەنها یەک زللە لە هەر بەندییەک دەدەم کە دەیهێنن بۆ ئێرە، هەر بۆ خۆشی وا دەکەم، دەنا من هەقم نییە لێتان بدەم. زۆر پەست بووم، لە ناخەوە دەکولام و دەمگوت ئەمانە چ جۆرە مرۆڤێکن و بۆ ئەوەندە سووکایەتی بە مرۆڤ دەکەن؟ بشێ کەسێ سیفەتەکانی مرۆڤێکی ئاسایی تێدابێت و بتوانێت ئاوا سووکایەتی بە مرۆڤ بکات؟ زللەیەک دێشێ، بەڵام ئێشی ئەو زللەیە هیچ نییە لە چاو ئێشە سەختەکەی کە بە دەروونتەوە دەچزێ، هەر کاتێ هەست دەکەی کە ئیدی تۆ مرۆڤێکی و بایەخی خۆت لەدەست داوە و ئاوا سووکایەتیت پێ دەکرێت.

دوای ئەو زللەیە، گوتی دوام کەوە و بردمی، قەدەرێ بەناو داڵانێکدا ڕۆیشتین، ئەو لە پێشەوە و من بەدوایدا تا دەرگایەکی گەورەی تەلبەندی کردەوە و منی بردە زیندانی ژنان. ئەو زیندانە زۆر زۆر گەورەبوو، سێ سەد کەسی تێدابوو، لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە تا تەمەنی حەفتا ساڵیشی تێدابوو. من کە ئەو زیندانە و ئەو هەموو ژنەم بینی تەواو حەپەسام، قەت وێنای ئەوەم نەدەکرد لە زیندانێکدا ئەو هەموو ژنە جۆراوجۆرەی لێ بێت. ئەوانە کێن و بۆ گیراون و چەندە لەوێن و زۆر پرسیاری ترم لا گەڵاڵە بوو، بەڵام هەر بە حەپەساوییەوە ڕاوەستام، مفەوەزەکە گوتی بڕۆ شوێنێک بۆ خۆت بدۆزەرەوە و جێگەکەتی لێ ڕابخە. دوو پەتوو و سەرینێکم پێ بوو بەپێچراوەیی لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان لەگەڵ خۆمدا دەمبرد. هیچ جێگەیەک

نەبوو، ئەوەندە پڕ بوو ئەو هۆڵە کە جێگەی یەک نەفەریشم تێدا بەدی نەدەکرد بەتاڵ بێت و بیکەم بە جێگەی خۆم. کچێک کە بینی من نامۆم بەو شوێنە و حەپەساوم و هەستی کردبوو کە کوردم بانگی کردم. وتی : ئاوەرە دەزانم لە شوێن دەگەڕێی، تۆ ناوت چییە؟ گوتم مەهاباد، یەکسەر بە کوردی گوتی تۆ کوردی؟ ئەمەندە خۆش بوو کە لەو جێگەیەدا کەسێک بە کوردی قسەی لەگەڵ کردم، لە خۆشییاندا دەستم لە ملی کرد و هەردووکمان دەستمان کرد بە گریان. ناوی پەیمان بوو، خەڵکی شاری موسڵ بوو، بە تەمەن چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو، نەیدەگوت لەسەر چی گیراوە، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک گوتی کە لەسەر تەزویرکردنی ناسنامە گیراوە و ئەویش نەک خۆی براکەی تەزویری کردووە. بەهەرحاڵ کێشەکەی ئەو وەک سیاسی پێناسە نەکرابوو. کە زانی من زیندانی سیاسیم زۆر زۆر ڕێزی لێگرتم و لە تەنیشت خۆی جێگەی کردمەوە و ئیدی هەر پێکەوە قسەمان دەکرد. یەک ژنی تری کوردیان هێنا ناوی کوبرا بوو، لەسەر کێشەی خێزانی و شەڕ و داوا لەگەڵ مێردەکەی هێنرابووە ئەوێ، لە ڕاستیدا کێشەکەی ئەویش بۆ من زەحمەت بوو تێی بگەم. دەیگوت مێردەکەم لێی داوم و سووکایەتی پێ کردووم. نەمدەزانی بۆ دەبێ لێشدرابێت و زیندانیش بکرێت. دەبوایە دوو هەفتە لەوێ بم و دوای ئەوە دادگایی بکرێم. لەو ماوەیەدا ئەو سێ سەد ژنە هەر یەکە و چیرۆکێکیان هەبوو، بەردەوام گوێم لە چیرۆکی نوێی ژیانی ئەوان دەبوو. ژیانی هەر یەکەیان سەرچاوەیەکی لێڵی هەبوو، هەر یەکەیان بەدەستی پیاوێک، یان چەند پیاوێکی بنەماڵەوە گیرۆدە بوون. کچێک لە سووچێکەوە جێگەی ڕاخستبوو، بەردەوام پاڵکەوتبوو، دەتگوت نیوە مردووە، پەیمان گوتی لە ناو ئەو زیندانەدا تەنها تۆ و ئەو زیندانی سیاسین، ئەوانی تر هەمووی بە کێشەی دیکە تاوانبارن، وەک دزی، قۆڵبڕین، سەرخۆشی و تۆمەتی ڕەوشت و پیاوکوشتن. زۆر ترسام کە گوتی ژنی وای تیایە دوو پیاوی کوشتووە. ژنێکی پیشان دام، ناوی ڕەحمە بوو، یەکەمین کەس بوو کە خرابووە نێو ئەو زیندانەوە، خۆی کردبوو بە سەرۆکی زیندان و هێندەش بە جەور و ستەم بوو، هەموو ئەوانی تر لێی دەترسان. ڕەحمە پیاوێکی قەسابی کوشتبوو. ژنێکی زۆر شۆخ و شەنگ بوو، لە ناو ئەو زیندانەش هەر وەکو خۆر دەدرەوشایەوە. پێستێکی پەمەیی ناسکی هەبوو، قژ و



چاوی کاڵ بوو، بەژنێکی زراڤیشی هەبوو. چیرۆکی ڕەحمە لەوێوە دەستی پێ کردبوو کە بەیانیانێکی زوو دەچێت بۆ بازاڕ بۆ کڕینی سەوزە و گۆشت بۆ ئەوەی چێشتی ئەو ڕۆژەی پێ لێ بنێت بۆ مێردەکەی و دوو منداڵەکەی و خۆی. دوای ئەوەی سەوزەکانی دەکڕێ دەچێتە قەسابخانەیەک بۆ کڕینی گۆشت. قەسابەکە پێی دەڵێ فەرموو تەماشای ئەم گۆشتانەی ژوورەوە بکە باشترن، بزانە لە کامیانت دەوێت، کە ڕەحمە دەچێتە ژوورەوە، پیاوەکە پەلاماری دەدات لە باوەشی بگرێت و ماچی بکات و لاقەی بکات، ڕەحمە دەیەوێت خۆی ڕاپسکێنێ و ڕابکات، ناتوانێت. لە تەنیشتەوە چەقۆی قەسابەکەی لێ دەبێت، لە کەمەری قەسابەکەی دەکاتەوە و سووک دەیکات بە ورگیدا و دەستبەجێ لەوێ ڕۆحی کابرا دەردەکات. دێن بەسەریدا و دەیبیەن و پۆلیس دەیگرێ و حوکمی هەمیشەیی بەسەردا دەدات، چوار ساڵ بوو لەو زیندانەدا بوو. ڕەحمە بۆ بەرگری لە خۆی ئەو تاوانەی ئەنجامدابوو، ئەمە لە لێکۆڵینەوەکانیشدا هەر وا تۆمارکرابوو و بەڵگەدار کرابوو، کەچی حوکمێکی درێژی بەسەردا درابوو.

پیاو لە کۆمەڵگەی عەرەبدا ئەگەر ژنیان زینا بکات دەیکوژن. واتە ئەگەر ئەو ژنە قبوڵی کردبا قەسابەکە لەگەڵی ڕابیوێرێ و سێکسی لەگەڵدا بکات و مێردەکەی ئەوەی لا ئاشکرا بووبا دەیکوشت. پێچەوانەی ئەمە ڕوو بدات و پیاو سێکس بکات لەگەڵ ژنی دیکەدا بە زیناش بژمێردرێت، بەڵام پیاوی لەسەر سزا نادرێت. لە دۆخی ئەم ژنەدا، پیاوێک ویستبووی سێکسی لەگەڵ بکات و نەیهێشتبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە لە بەر پاراستنی "شەرەف"ی پیاوەکەی، پیاوێکی تری کوشتبوو، بەڵام مێردەکەی نەک لەباتی ئەوەی هاوکاری بکات و باری سووک بکات، بەپێچەوانەوە، تەنها چەند مانگێکی هەوەڵ سەردانی کردبوو، منداڵانەکانی هێنابوو بۆ سەردانی، بەڵام پاش ئەو چەند مانگە پێی گوتبوو دەبێت تۆ تەڵاق بدەم و ژنێکی تر بهێنم و ئیدی منداڵەکانیش ناهێنم بۆ لات. ڕەحمە خوای نەمابوو، باوەڕی بەهیچ پیاوێک نەمابوو، دەیگوت خۆزگە زینام بکردایە نەک قەتڵ. گوایە شەرەفیم پاراست، کەچی ئەو بێ شەرەفە چوو ژنێکی دیکەی هێنا و منی بەڕەڵا کرد. ڕەحمە چەندێ ژنێکی بەسام و هەیبەت بوو، کە هەموو زیندانیانی تر لێی دەترسان، ئەوەندەش بە هەست و سۆز بوو. خودی ناوەکەی مانای میهرەبانییە، پێم سەیر بوو ژنێکی ئەوەندە میهرەبان بە

کوشتنی مرۆڤێک تاوانبار بێت. ژنێکی زۆر دادپەروەر بوو، لە ناو ئەو زیندانەدا ببوو بە دادوەر و هەر زیندانییەک لە لایەن یەکێکی ترەوە غەدری لێ کرابایە، یەکسەر دەچوونە لای ڕەحمە و ئەویش هەردووکیانی بانگ دەکرد و خەتای هەر کامیان بوایە سزای دەدا. سزاکەشی ئەوە بوو کە ئاودەستەکانی پێ پاک دەکردنەوە.

هەر ڕۆژی یەکەمم بوو، پێکەوە لەگەڵ پەیمان و کوبرا لە ڕیزێکدا ویستمان بنووین، پەیمان پێی گوتم ئاگادار بە پارە و شتی بەنرخت باش هەڵگرە لێرە دزی دەکرێت. منیش چل دینارێکم پێ بوو، لە جانتایەکی زۆر بچووکدا دامنابوو، لە ژێر سەری خۆم دامنا. کاتژمێرێکم لە دەستدا بوو، موستیلەیەکی زێڕیشم لە پەنجەدا بوو. بەدەم قسەکردن و گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ژنانەوە وردە وردە خەومان لێ کەوت. بەیانی زوو کە هەستام و ویستم بزانم کات چەندە، بینیم کاتژمێرەکەم لە دەستمدا نەماوە. خێرا پەیمانم هەڵساند و پێم گوت کە دزیم لێ کراوە. پارەکەم نەدزرابوو. دەوروبەری خۆمان گەڕاین، گوتمان ڕەنگە لێم کەوتبێ و بەڵکە بیدۆزینەوە. بەڵام من دڵنیا بووم شەوێ پێش نووستن کاتژمێرەکە لە دەستمدا بووە و تەماشام کردووە. پەیمان گوتی با بچین بۆ لای ڕەحمە بەڵکە بۆمان بدۆزێتەوە. چووین بۆ لای و پێمان گوت کاتژمێرەکەم شەوێ لە دەستم دەرهێنراوە و دزراوە. ڕەحمە هەستایە سەر پێ و تەماشایەکی ناو زیندانەکەی کرد، لە زیاتر لە سێ سەد کەس سێ کچی گەنجی دەستنیشان کرد و بانگی کردن، ئێستا ناوی ئەوانم بیر نەماوە، بەڵام ڕەحمە ناوی هەر هەموویانی دەزانی و بە ناوی خۆیانەوە بانگی دەکردن. هەرسێکیان بە ترس و لەرزەوە هاتنە نزیکمان و بە هێواشییەوە بە ڕەحمەیان گوت، دیسان چی دزراوە کە ئێمەت بانگ کرد. ڕەحمە تێی خوڕین و گوتی: سەعاتی ئەم کچە لە لای کامتانە، زوو بیدەنەوە. سوێندیان خوارد کە ئەوان نەیاندزیوە و هەرسێکیان دەستیان کرد بە گریان. گوتی: خۆتان ڕووت کەنەوە بزانم، هەرسێکیان جلوبەرگیان لەبەر خۆیان داکەند و تەنها جلی ژێرەوەیان لەبەردا مایەوە. فەرمانی پێکردن ئەوانەش داکەنن. ئەوانەشیان داکەند و هیچیان لا نەدۆزرایەوە. ئەمجارە تووڕەتر پێی گوتن و هەڕەشەشی لێ کردن: دەڵێم زوو سەعاتەکەی بدەنەوە، دەنا ئێستا قژ بە سەرتانەوە ناهێڵم. یەکێکیان خێرا گوتی: بەخوا من نەمدزیوە، بەڵام سەعاتێکم دیوە بەسەر دیواری تەوالێتەکەوەیە، ڕەنگە ئەوەبێت کەسێ دزیویەتی و لەوێ دایناوە. ڕەحمە



گوتی: بچۆ بیهێنە. کاتژمێرەکەی هێنا و ئەوەی من بوو. کاتژمێرەکەی لێی وەرگرتەوە و دایە دەستی من. تا توانای تێدابوو شەقازللەیەکی لە کچەکە دا.

ئێوارەی دووەم بوو بە پەیمانم گوت با بچین بۆ لای ئەو کچەی کە سیاسییە، حەز دەکەم بزانم خەڵکی کوێیە و بۆچی گیراوە. ئەو دەیگوت قسەکردن لەگەڵ ئەودا ڕەنگە کێشەمان بۆ دروست بکات، چونکە ئەو کۆمۆنیستە. ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بوو. گوتم ماوەیەکی کەم لە لای دەبین، چونکە لەدوورەوە سەیری دەکەم و دەبینم حاڵی زۆر پەریشانە. ژنە سیاسییەکەی تر ناوی ئیفتیخار بوو. چووین بۆ لای و زۆری پێ خۆش بوو کە زانی منیش لەسەر پرسی سیاسی گیراوم و کوردم. خۆی عەرەب بوو، خەڵکی بەغدابوو، کاتێ گیرابوو لە قۆناغی کۆتایی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا دەیخوێند. ئیفتیخار باسی کوڕێکی کوردی دەکرد کە پەیوەندی خۆشەویستییان پێکەوە هەبوو لە زانکۆ و دەیگوت کوردم زۆر خۆش دەوێ.

شوێنەواری ئەشکەنجەیەکی زۆر بە جەستەی ئیفتیخارەوە دیار بوو، پیشانی داین کە بە ئوتوو زۆر شوێنی جەستەی داخ کراوە. ئەوەندە ئەشکەنجەی جەستەیی درابوو کە دوای چوار مانگیش لەو ئەشکەنجانە هێشتا بە ئاستەم دەیتوانی بجووڵێتەوە. بەڵام لە هەموو ئەو ئەشکەنجە جەستەییانە خراپتر ئەو ئازارە ڕووحییانە بوو کە لە ئەنجامی ئیغتیساب کردن و بەزۆر سێکس لەگەڵ کردنیدا تووشی هاتبوو. ڕژێمی بەعس ئەو زیندانییە ژنانەی کە بە ئیعدام حوکمی دەدان ئیغتیسابی دەکردن. ئیفتیخار زۆر بە ژانێکی بێ پەرواوە ئەوەی دەگێڕایەوە کە چەند دڕندانە جەلادەکەی لاقەی کردووە.

ئەم کردەوەیەیان لەگەڵ کچێکی تریشدا کردبوو، کچێکی شیعەی خەڵکی نەجەف، ئەویش حوکمی ئیعدام درابوو، ئەویانم لە زیندانی ئەمنی عامەی بەغدا بینی. کە ئازار و ئەشکەنجەکانی ئیفتیخارم بیست، لە دڵی خۆمدا گوتم من چەند لەم کچە بەختەوەرترم، چەند کەمتر ئەشکەنجە دراوم، بەس نییە ئیغتیسابیان نەکردووم. بەڵام کە ئەوانەم بیست لەوانەوە، ترسێکی زۆریش زایە نێو دڵمەوە و دەمگوت خۆ من هێشتا ئازاد نەکراوم، کێ ناڵێ منیش وا لێ ناکەن، کێ ناڵێ حوکمی لەسێدارەدانم بۆ دەرناکەن و بەو دەردەم نابەن. ئیدی نائارامییەکی دەروونیم تووش بوو، لە خەوتندا کابووسم دەدی و ئەشکەنجەیان دەدام، ڕادەچڵەکیم و هاوارم دەکرد.

دەوروبەری دەمم چەندان تامیسکەی لێ هات و هێندەش شپرزە و نائارام بووم بەبێ ئاگایی هەر یاریم بەو تامیسکانە دەکرد و خوێنیان لێ دەهات و زیادیان کرد. گیرۆدەی تارمایی ئەو ئەشکەنجانە بووبووم. ماوەیەکیش بوو دیسانەوە لە کەسوکارم دابڕابووم و ئەوان بەدوومدا دەگەڕان بزانن لە کوێم. لە کاتی سەردانیدا، کە هەینی بوو باوکی پەیمان هاتبوو بۆ لای، بە جلوبەرگێکی کوردی جوانەوە هاتبوو. شەلک و شاپکی خەتخەتی لەبەربوو. پەیمان دەیگوت ئێمە لە هۆزی گۆرانین. بینینی باوکی ئەو دڵنیاییەکی بە منیش دا، باوکی ئاگاداری کردەوە کە لەو ڕۆژانەدا بە کەفالەت بەردەدرێت. درەنگانێکی ئەو ڕۆژی هەینییە ناوی منیان بانگ کرد، کە چوومە دەرەوە بینیم کچەکەی مامم و کچەکەی پوورم، هاتبوون بۆ لام. ئەوان گوتیان کە بۆ دادگای سەورەش چەندان جار ڕۆیشتوون و پرسیویانە و ئەنجامێکیان پێ نەگوتراوە. ئەوان ماڵیان لە بەغدا بوو، زەعفەرانیە لە دەرەوەی شار بوو، گوتیان کە مامیشم بەڕێوەیە بێت بۆ لام. کچەکانی مامم باسی باوکیان دەکرد کە چەند بۆ من پەریشانە و هەر هەوڵ دەدات و کە ئەو هەوڵانەی ئەنجامی نییە خەم دەخوات. چ مامێکی مەزنم هەبوو، چەند گەورەبوو لە لام، چەند خۆشی دەویستم و چەند خۆشم دەویست!

وەک هەر خێزانێکی کوردەواری باوکم و مامیشم هەر لە منداڵییەوە بەپێی ئارەزووی خۆیان هەر کچێکیان بۆ کوڕێکیان دەستنیشان دەکرد. کوردەواری دەڵێ ئامۆزا بۆ ئامۆزا فەرزە، لەم بارەیەوە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش درێخی نەکردووە و گۆرانی ئامۆزاگیان لەم بارەیەوە دەڵێ: ئامۆزا تۆ باڵا بەرزی، ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی." لەو دابەشکردنە سەرزارییەدا ئێمە کە سێ خوشک بووین، لەیلا بۆ محەمەد، من بۆ فەرهاد و نەورۆز بۆ سیروان دانرابووین. ماجیدەی کچی مامیشم دانرابوو بۆ براگەورەکەم، قەیس. بە منداڵی ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو کە دەمبیست و دەیانگوت. من لەگەڵ هەموو منداڵەکانی تری مامم نێوانمان خۆش بوو، تەنها لە فەرهاد شەرمم دەکرد، ئەوەندە گوتبوویان مەهاباد بۆ فەرهادە، بابەتەکە زۆر هەستیار بوو بوو لە لام و حەزم نەدەکرد فەرهاد ببینم. کە وردە وردە گەورە دەبووین و کە مامم دەیبینی من لە قوتابخانە زۆر سەرکەوتووم و بەهرەی جۆراوجۆرم تێدایە، بەڵام فەرهاد حەزی لە خوێندن نییە و بایەخ بەهیچ بەهرەیەک نادات، دەیگوت: بەخوا حەیفە مەهاباد بۆ فەرهاد بێت، مەهاباد دەبێت شوو بە کەسێک بکات وەک خۆی



زیرەک بێت. ئەو قسەیەم پێ خۆش بوو، چونکە لە لایەکەوە هاندان بوو بۆ من کە زیرەکتر ببمەوە، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوە بوو کە نەدەبوا ئەوان ئەو مافە بەخۆیان بدەن بەگاڵتەش بێت ئەو دابەشکردنە بکەن و هەر یەک لە کچەکان بۆ هەر یەک لە کوڕەکانی بنەماڵە ناوزەد بکەن. ئەگەرچی من منداڵەکانی مامم زۆر خۆش دەوێت و پەیوەندی ماڵی ئێمە و مامم زۆر پەیوەندییەکی بەهێز و جوان و خۆش بوو، بەڵام شادمانم کە هیچ یەکێک لەو کچ و کوڕانە بۆ یەکتری نەبوون و هەر کەس لە ئێمە بەئارەزووی خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری کرد. هیچ کەسێکی بنەماڵەش هیچ بەربەستێکیان بۆ دروست نەکردین. ئەم نەریتە لە کوردەواریدا، بەتایبەت ئەو دەم کە من منداڵ بووم بەگشتی باو بوو کە بەڕاستی بێت یان بۆ گاڵتە کچان و کوڕانی بنەماڵە بە تیۆری و لە لایەن دایک و باوکانەوە و هەر بۆ قسە و خۆشی خۆیان، لە یەکتر ناوزەد دەکران.

با بگەڕێمەوە بۆ دۆزەخ و باسی زیندانە سەیروسەمەرەکەی زەعفەرانیە، کە لە هەموو چەشنە ژنێکی تێدا بوو. ئێوارەیەک کە هەست بە نائاساییبوونی بارودۆخەکە دەکرا لە قسە و مقۆمقۆی پۆلیس و مفەوەز و پاسەوانەکان، هەموو ئێمەی زیندانییان هێنایە حەوشە و تەلەفیزیۆنێکی گەورەشیان هێنابوو گوتیان شتێکی گرنگ باس دەکرێت و پێویستە ئێوەش ئاگادار بن. زیاتر لە کاتژمێرێک هەر سروود بە باڵای سەدام حوسێن پیشان دەدرا و وێنەی شمشێری سەرکردەکانی ئیسلام، قەعقاع و خالیدی کوڕی وەلید لێ دەدرا. لە ناکاو هەموو ئەمانە تەواو بوون و مارشی شەڕ دەستی پێ کرد و پیاوێک بە دەنگێکی زۆر گڕ و هەڕەشەئامێزانە، یەکەمین بەیانی شەڕی ڕاگەیاند. ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ شەڕی نێوان عیراق و ئێران، بەو بەیانە ڕاگەیەندرا.

***

**تەنها لەگەڵ دایکمدا هونەری هاوڕێگرتنم بەکار نەهێنا، بەڵام ئەو لە هەمووان زیاتر خۆشەویستی پێ بەخشیم.**

دیل کانگی

***

## عەشقێکی هەمیشەیی

تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەو زیندانە مامەوە. ئەو دوو کچە کوردەی کە من زۆر دڵم پێیان خۆش بوو، چونکە هیچ نەبێت لەگەڵ ئەواندا بەندیوارییەکی نەتەوەییم هەبوو، هاوزمانم بوون و پێکەوە بە کوردی قسەمان دەکرد و گاڵتەمان دەکرد و پێدەکەنین، تەنها دە ڕۆژێک پێکەوە بووین و ئەوان ئازاد کران. ڕۆژانە دەیان کەس بەردەبوون و دەیان کەسی تر دەهێنرانە ئەو زیندانانەوە، بەڵام ئەوانەی بە تاوانی قورسی وەکو مرۆڤ کوشتن و سیاسەت بەند دەبوون هەر دەمانەوە. لەوێدا، دوای ئەوەی کە ئەو دوو ژنە کوردە ئازاد بوون، نەبووم بە هاوڕێی هیچ کەس و هیچ کەسێک نەبوو بە هاوڕێم، ئەوانەی کە لەوێ بوون سروشت و کەسایەتی و ئارەزووەکانیان زۆر دوور بوو لە منەوە. تاقە کەسێک کە جاروبار دەچووم و لەگەڵیدا دەپەیڤیم ئیفتیخار بوو. ئەویش چونکە ئەشکەنجەی فیزیکی و دەروونی زۆر درابوو، هەمیشە وەک جەستە داهێزراو و وەک دەروون خەمبار و پەژموورده بوو. ئەو چونکە حوکمی مردنیشی بەسەردا درابوو لە من زۆر پەریشانتر بوو، منیش کە ئەوم دەدی پەریشان دەبووم و دڵم دەکەوتە ناو دۆخی مەترسییەوە و گومانی ئەوەم دەکرد کە منیش حوکمی مردنم بەسەردا ببڕێت.

سەرەتای ساڵی ١٩٨١ بوو، شەڕی عیراق و ئێران لە گەرمەیدا بوو، لەو ماوەیەدا سەدام لێبووردنی گشتی بۆ زیندانییەکان دەردەکرد بۆ سەرنجڕاکێشان و پشتیوانی پەیدا کردن. لەوکاتەدا لێبووردنێک بەناوی ئیفراج شورتە دەرچوو، بەڵام تەنها ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە تۆمەتی دزی و ساختە و قۆڵبڕین و لەم جۆرە تاوانانەیان لەسەر بوو. ئەو لێبووردنە گشتییە زیندانی سیاسی نەگرتەوە و ئاڵوگۆڕ بە شوێنەکانی ئێمەش کرا. منیان دیسانەوە بردەوە بۆ زیندانی ئەمنی عامە. کە بردیانمەوە بۆ هەمان شوێن، هەندێ لەو ژنانە لەوێ نەمابوون و هەندێکی تریان هێنابوو. دیسانەوە زۆربەی ئەوانە شیعە بوون و لەسەر ئەندامبوونیان لە حیزبی



دەعوە گیرابوون. ئەو ژنە دکتۆرەی کە ناوی سوعاد بوو، کە بە دایکی نوور بانگیان دەکرد، جلی ڕەشی لەبەردا بوو، هەواڵی لەسێدارەدانی مێردەکەیان بۆ هێنابوو. نوور، ئەو کچە ساوایەی کە لە نێو ئەو تاریکستانی زیندانانە بەبێ خۆر و ئازادی گەورە دەبوو، باوکی لێ سەندرابووەوە و ئەو ساوا چاوگەشە بە تریقەی پێکەنینی ئێمەی پەژموورده‌شی دەگەشاندەوە. نازانم ئەو کەسانەی من لەو زیندانانە دیمن چەندیان ماون و چەندیان لە بەندیخانەدا ژیانیان بەسەر برد و چەندیان ئێسک و پروسکەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە، دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە.

جاری پێشوو لەو زیندانەدا، سەرەڕای هەموو ناخۆشی و ئازارەکانی، ژنەکان بە دەم گێڕانەوەی خەمەکانیان جاروبار قسەیەکی خۆشیشیان دەکرد. بەڵام ئەو جارە بەهۆی ئەو هەواڵە تازەیەی کە بە سوعاد درابوو، کەشێکی زۆر نالەبارتر و خەمناکتر ئەو ژوورەی گرتبووەوە. ساڵی ١٩٨١، ساڵی شەڕ بوو. تەلەفیزیۆنێکیان هێنابووە ژووری زیندانەوە شەو و ڕۆژ گۆرانی و سروودی جەنگی دەگوت و وێنەی بەرەکانی جەنگی پیشان دەدا. وێنەی مرۆڤی کوژراوی لێرەو لەوێ کەوتوو دڵی تەنگی ئێمەی تەنگتر دەکرد. باس هەر باسی سەرکەوتنەکانی ئەمان و شکستەکانی ئێران بوو لەو شەڕەدا. ئێمە نەماندەزانی ڕاستییەکان لە کوێن. ئەوەی دەماندی و گوێمان لێ دەبوو درۆکانی ئەمان بوو کە وەک سەرکەوتن باسیان دەکرد. ئێمە کە ئەمانەمان دەدی نائومێد دەبووین و دەمانگوت ناڕووخێ، ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرە ناڕووخێ. تەنانەت بە شەڕی وڵاتێکی گەورەی وەک ئێرانیش ناڕووخێ.

مانگی یەکەمی ئەو ساڵە هەر لەو جێگەیەدا بووم. لەو شوێنەدا سەردانی کەسوکار قەدەغە بوو. دیسانەوە لە هەموو هەواڵێکی کەسوکار دابڕابووم و ئەوانیش لەمن دەگەڕان. ئەو جێگەیە نەک تەنها کەسوکاری زیندانیان بۆیان نەبوو سەردانی بکەن، بەڵکە بەو کۆڵان و شەقامانەدا کە ئەمنی عامەی لێبوو هیچ هاوڵاتییەکی ئاساییش بۆی نەبوو پێیدا تێپەڕێت. ئێواران زیاتر سامناک بوو ئەو شوێنە، چونکە دنیا کپتر بوو، لە ناو ئەو کپییەدا دەنگی هاواری زیندانیان لە کاتی ئەشکەنجەدا دەبیسترا. بە بیستنی ئەو دەنگانە جێزامەکانی ئێمەش دەکولانەوە.

تەمەنم ساڵێکی دیکەی چووە سەر، لە ڕۆژی لەدایکبوونیشمدا هەر لە زیندان بووم، مێژووی لەدایکبوونم کە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. هەموو

٢٢ی یەنیوەرییەک کە بەساڵڕۆژی کوردی دەکاتە ٢ی ڕێبەندان. هێشتا کولتووری جەژنگرتن بە یادی لەدایکبوون لە لای ئێمە زۆر گەشەی نەکردبوو. ڕەنگە ماڵە هەرە دەوڵەمەندەکان بۆ منداڵیان جەژنیان گرتبا. بەڵام من هەستم دەکرد، ئەگەرچی خۆمان و بەتایبەت جەژنی لەدایکبوون ناگرین، ئەو ڕۆژەی منی تێدا لە دایک بووم گرنگ و بایەخدارە لە لای نەتەوەکەم. پێم خۆش بوو لەو ڕۆژەدا لە دایک بووم و زۆریشم پێ خۆش بوو کە ناوم مەهابادە. هەندێ ڕێکەوت زۆر سەیرن لە ژیاندا، ڕێکەوتی لەدایکبوونی خوشکێکیشم کەوتۆتە ڕۆژی نەورۆزەوە، جەژنی نەتەوەیی کورد و سەری ساڵی کوردی. نەورۆزی خوشکم بۆیە ئەو ناوەی پێ برا. برایەکیشم لە ڕۆژی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا لە دایک بووە، ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عیراقدا دان بە مافی نەتەوەی کورددا نرا و بەیانی ئۆتۆنۆمی ئاشکرا کرا. لەو ڕۆژەدا کورد زۆر شادومان بوو، دڵشادی برام بۆیە ئەو ناوەی پێ برا.

لە پانزەمین ڕۆژیادی لەدایکبوونمدا لە کونجی زیندان هەڵکورمابووم و نەمدەزانی چارەنووسم دەگاتە کوێ و چ ڕووداوێکی تر چاوەڕێم دەکات. نەمدەزانی چەند ساڵیادی تر لەو زیندانەدا تەمەنم دەسووتێ، هەموو شتێ نادیار بوو، هەموو شتێ. هەمیشە چاوەڕوانییەک لە ناخەوەمدا وێنەی بۆشاییەکی گەورە، کەلێنێکی لە ڕۆحمدا پێکهێنابوو. نەمدەزانی چاوەڕوانی دیداری کەسوکار و ئازیزانمە یان بینینەوەی زێدەکەم. شتێک هەیە لە ناخمدا، لە بوونمدا جێگەیەکی یەکجار زۆر گەورەی گرتووە، جێیەک گومان دەکەم بەقەد هەموو بوونم بێت، خۆشەویستییەکە پێناسەیم پێ نەکراوە و ناکرێت، عەشقێکە لە سەرچاوەیەکی هەمیشەییەوە هەڵدەقوڵێت، عەشقی زێدەکەم، ئەڤینی کوردستان. ژووانم لەگەڵ ئەم چیایانەدا لە زینداندا چاوەڕوانییەکی پڕ لە هیوای لە مندا دەچاند. دەمگوت گرنگ نییە چەند لە زینداندا دەبم، گرنگ ئەوەیە لێرە نەمرم و لەسەر خاکی خۆم دڵم لە لێدان بکەوێ و لە ناو ئەو خاکەدا جەستەم بشاردرێتەوە.

بیرم لەو کوردانە دەکردەوە کە لە زیندانەکانی بەغدا و بەعقوبە و شوێنەکانی دیکە دەکوژران و لەسێدارە دەدران و لاشە بێ گیانەکەشیان نەدەدرایەوە بە کەسوکاری و هەر لەو نامۆییە دەیانناشتن. دەبێ چەند حەسرەتی گەورە لە سنگیاندا پەنگی



خواردبێتەوە و دەبێ ئەوانیش چەند عاشق بووبێتن. ئاخر ئەوانەی کە بێباکانە لە پێناوی خاکی شیرین ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە، تەنها دەکرێ پێیان بڵێی عاشق. زۆربەمان دەرکمان بەوە کردووە کە ئەو دۆخانەی ئێمەی تێدا دەژین ساتەکانی عەشقن. ئەوەتا هێمن، شاعیرێک تا تافی پیریشی هەر لەگەڵ ئەو عەشقەدا دەژی و بڕوانە چی دەڵێ:

*عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم*
*عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن*

بۆ دەبوو کورد نەبین، یان بۆ دەبوو ئەگەر کوردیش دەبین نیشتیمانی خۆمانمان خۆش نەوێت؟! بۆ دەبوو لەسەر عەشقی خاک لە زیندان بنرێین، بکوژرێین و سووکایەتیمان پێ بکرێت؟! ئەوان زۆریان دەکرد ئەڤینمان لە بیر بەرنەوە، بۆیان نەکرا. لە پێش ئێمەوە کاروانێک عاشقی تر هەبوون و پێشڕەوانە دەڕۆیشتن و بەدەم ڕێوە گۆرانییەکانی خۆیانیان فێر دەکردین و ئێمەش فێری ئەوانی تریان دەکەین. هەر ئەو شاعیرە سەرمەستەمان فێری کردبووین بڵێین:

*من لە زنجیر و تەناف و دار و بەرد باکم نییە*
*لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن*

تەنها بە هەبوونی عەشقێکی ئەوەندە بەهێز دەمانتوانی لە شەوەزەنگەکانی زینداندا دڵمان ڕووناک بێت و هەمیشە چرایەکی ئومێد لە دڵماندا بۆ داهاتوو هەڵکەین. تەنها بە هەڵقوڵینی بەردەوامی ئاوێکی سازگار لە کانی نەمریی ئەڤینێکی وا پێشمەرگەکانمان دەیانتوانی سەرما و برسێتی و ماندووبوون لە فەرهەنگیاندا جێگەی نەبێتەوە و کۆڵ نەدەن. ساڵ هاتبوو، ساڵ چووبوو، ژیان وەک خۆی وەستابوو، کوردبوون تاوان بوو، بە تاوانی کوردبوون لە زیندان دەنراین و ئەشکەنجە دەدراین، بەڵام هەر دەماین.

***

**هیوادارم هەمیشە ئەوەندە بەتوانابم کە بتوانم ئەو نازناوە بپارێزم کە خەڵک ئێرەیی پێ دەبا و هی مرۆڤێکی شەریفە.**

جۆرج واشنتن

***

# دادگای دۆزەخ

ئەو شەوە یەک چرکەش خەوم لێ نەکەوت، سبەینێیەکی سەیر چاوەڕێی دەکردم. دەبێت چلۆن دادگایی بکرێم؟ چ سزایەک بدرێم و لە پای چ تاوانێک؟ کێن ئەوانەی ڕەوا و ناڕەوا جیا دەکەنەوە، سزا و پاداشت دەدەن؟ ترس لە سبەینێ ئەو شەوەی کردبوو بە شەوی یەڵدا و هەر کۆتایی نەدەهات. ئەوانی تر، ئەگەرچی نیگەرانی بە سیمایاندا دەدرەوشایەوە و خەمێکی قووڵ تەنانەت بە نووستووییش لۆچی خستبووە نێوچەوانیان، بەڵام خەویان لێکەوتبوو. بەڵام من دڵێک بە تۆنێ ترس لە سینەمدا لێی دەدا و گوێم لە گرمەگرمی نائاسایی لێدانی بوو. هەرچۆنێک بوو ئەو شەوەش گوزەرا و سبەینێ هات.

نانی بەیانی هێنرا، پەنیری سێگۆشە، چا لە شووشەی ئاو تەماتەدا، سەموونێکی وشک و ناخۆش، وەک هەموو ڕۆژێک هەمان شتیان هێنا، بەڵام هیچم پێ نەخورا. ژنەکانی دی تەماشایان دەکردم و دەیانزانی زۆر نیگەرانم، دڵیان دەدامەوە و دەیانگوت چونکە تەمەنت منداڵە و تەنها ١٥ ساڵی، حوکمی قورس نادرێیت، مەترسە. بەڵام خۆشیان کە وایان دەگوت دەیانزانی ئێمە بەدەستی ڕژێمێکەوە بەندین کە نە ساڵ و نە تەمەن و نە زەمەن ناناسێت و هەرچی خۆی حەز بکات هیتلەرئاسا دەیکات.

هێندەی نەبرد هاتن و ناوی منیان بانگ کرد، چوومە پێشەوە، گوتیان ئامادەبە وا دەتبەین بۆ دادگای ئەلسەورە. ناوی دادگاکە ترسناک بوو، بڵندترین دادگای وڵات بووکە زیندانییە سیاسییەکانی تێدا حوکم دەدران. بە ناوهێنانی ئەو دادگایە مرۆڤ زراوی دەچوو. دیسانەوە سواری پشتی ئەو ئۆتۆمبێلە کرام کە وەک سندوقێکی ئاسنینی دەم داخراو وایە. جگە لە من پیاوێکی تێدابوو، کەلەبچەی لەدەست نرابوو، ئەمنێکی پاسەوانیش لە گەڵماندا دانیشتبوو بۆ ئەوەی ئێمە پێکەوە قسە نەکەین. تەماشای پیاوەکەم کرد، سیمای غەریب نەبوو لە لام. دەرکەوت دیومە بەڵام زەینی





ئەوەم نەبوو بزانم لە کوێ دیومە. بە سەیرکردنەکەی ئەویشدا وام بۆ دەرکەوت کە من بناسێت و غەریب نەبم بە لایەوە. تەماشای یەکمان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێین هاوهەستیمان بەرامبەر بە یەکتر پیشان دا. ماوەیەک ئۆتۆمبیلەکە دەڕۆیی و ئێمەش بێدەنگ دانیشتبووین و کابرای ئەمنیش هەر تەماشای دەکردین و بێدەنگ دانیشتبوو.

ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا. پاسەوانەکە دابەزی و هێشتا ئێمە هەر لە ناو ئۆتۆمبیلەکە بووین. لەو چەند چرکەیەدا هاوزیندانییەکەم فریاکەوت یەک پرسیارم لێ بکات: تۆ مەهاباد نیت؟ منیش هەر ئەوەندە فریاکەوتم بە بەڵێ وەڵامی بدەمەوە. هاتن هەردووکمانیان دابەزاند. بردیانین بۆ ناو هۆڵی چاوەڕوانی دادگا. هۆڵەکە هەندێک کورسی داری تێدا بوو بەرامبەر بە یەکتر دانرابوون و بە زەمینەکەوە نووسابوون. جگە لە من و ئەو پیاوە زیندانیی تری لێ نەبوو، هیچ کەسێکی تریشی لێ نەبوو. لە ناو هۆڵەکەوە چەند دەرگایەکی تر بۆ ناو ژووری تر هەبوون. لە بەردەم یەکێ لەو ژوورانە پۆلیسێک ڕاوەستابوو.

ماوەی چارەکێک هەر لەوێ دانرابووین و قسەیەکیان لەگەڵ نەکردین و نەیاندەهێشت پێکەوەش قسە بکەین. لە فرسەتێکی تردا پرسیارم لەو هاوزیندانییە کرد و بۆم دەرکەوت ئەویش خەڵکی کفری یە و ساڵێکە بێ سەروشوێن کراوە و کەسوکاری لەوانەیە پرسەشیان بۆی دانابێت. لەو ماوەیەدا کەس بۆی نەبووە سەردانی بکات.

لەو ماوەیەدا تەماشایەکی وردی ناو هۆڵەکەم کرد و لە ورد و درشتی ناو ئەو هۆڵە ڕامام. لە بەردەم دەرگای ئەو ژوورەدا کە پۆلیسەکە لە بەردەمی ڕاوەستابوو وێنەی تەرازوویەکی هاوسەنگکراو دانرابوو. ئەو تەرازووە سەرنجی ڕاکێشام. هەمان تەرازوو لەبەر دەرگای دادگاکەیشدا بە گەورەتر هەڵواسرابوو. ئەو تەرازووە بە هێمای دادپەروەریی دانرابوو. مرۆ سەری لەو کارە سووڕدەما و دەیپرسی ئاخۆ دادپەروەریی لە کوێیە کاتێک منداڵێک دەگرن و لەسەر چەند دێرێک یان چەند لاپەڕەیەک نووسین، وەک ئەوەی گەورەترین تاوانی کردبێت، دەیهێنن بۆ دادگایەکی ئەوەندە ترسناک؟ کام دادپەروەرییە کە لە ژوورەکانی ئەشکەنجەدا مرۆڤ ئەوەندە بێ

نرخ دەکەن و لە ژیان بێزاری دەکەن کە خۆی لێ ببێتە تەوق و ئاواتی مردن بخوازێت؟ کام داد و دادپەروەرییە کە لە ژوورەکانی ئەشکەنجە و زینداندا مرۆڤ وەک بێکەڵکترین شت دەدرێتە بەر شەلاق و دار و کێبڵ، دەسووتێندرێت، لە کارەبا دەدرێت، خوێنی دەمژرێت، ددان، دەست، پێ، ئێسکوپروسکی دەشکێندرێت؟ چ شتێک ئەوەندە پیرۆزە کە مرۆڤ لەسەری هێندە دڕندانە سزا بدرێت؟ ئەوە وڵاتە یان دارستان؟ بۆ دەبوو ئێمە بەکۆیلەیی لە دایک ببین و وڵاتمان داگیرکرابێت؟ بۆ دەبوو لە ناو ئەم جەنگەڵە ترسناکەدا کە یاسای دارستان بەڕێوەدەچێت و ئێمەش وەک نێچیری بچووک هەمیشە گیرۆدەی داوەکانی سزا ببین؟ کوا ئەو کوردستانەی کە نەخشەکەی لەسەری هەمووماندایە؟ کەی دەبین بە خاوەنی؟

لە بینینی ئەو تەرازووەدا ڕامانێکی قووڵ قووڵم لا دروست بوو کە سەرەتایەک بوو بۆ بیرکردنەوەی من لە دادپەروەری و خەباتکردن بۆ دادپەروەریی. دەبوو تەرازووی دادپەروەری تەنها لە وێنەدا هاوسەنگ نەبێت، بەڵکە لە خودی ژیان و لەسەر زەمینی واقیعیشدا دادپەروەری پیادە بکرێت. کە خزێنرامە زیندانەکانەوە کچێکی سادە و ساکار، سۆزناک و هەستیار بووم، حەز و خۆشەویستییەکی خاوێن پاڵیان پێوە دەنام شیعر بنووسم، بەڵام دوای ساڵێکی دۆزەخ ئاسا، ئیدی منداڵەکەی جاران نەمامەوە و فێری بیرکردنەوەی قووڵ و سەرنجدانی تیژ ببووم. تەنیاییە ترسناکەکان، نیگەرانییە پڕ لە هەژانەکان، ئازارە توندوتیژەکان و هاوڕێ و هاوزیندانییە دڵسۆزەکان، لە هەموویانەوە فێری ژیان و پێکەوەژیان و بیرکردنەوە بووم. لە حەپەسانەکانەوە فێری ڕامان بووم، بەڵام لە هەنیسک و گریانەکانی کاتی ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییەکانەوە تووشی نائارامی و تووڕەبوون بووم.

دەنگێکی تیژ ڕایچڵەکاندم. پۆلیسەکەی بەردەرگای ژووری دادگا بەهەموو هێزی خۆی هاواری کرد: مەحکەمە!

دوا بەدوای ئەو هاوارە لەناکاوە، چەندان کەس یەک لە دوای یەک دەهاتن و دەچوونە ناو ژووری مەحکەمەوە. هەریەکە و عەبایەکی ڕەشی بەسەر شانیدا دابوو، بە قەبارە هەریەکە و بە قەد دوو زەلامی ئاسایی دەبوو. من بە حەپەساوی تەماشام دەکردن و هەموو شتێک زۆر سەیر، نامۆ و عەنتیکە دەهاتە بەرچاوم. شتێک لە



ناخەوەمدا دەتگوت ختووکەم دەدات، نازانم دڵم خۆش بوو یان نا، بەڵام هەستم دەکرد پێکەنینم دێ. هیچ شتێک لە پانزە ساڵی ڕابردوودا، هێندەی ئەو ساتانە سەیر و سەمەرە نەبوون لە لام. هێشتا هەر لەو دۆخەدا نوقمی حەپەسان و سەرسامی بووم کە دەنگێکی نامۆی لەناکاو و بڵند ناوی خوێندمەوە و بانگی کردم، بەڵام لە جێگەی خۆم نەبزوام، وەک شتێک ئەگەر نەهاتبان دەستم بگرن و بمبەن نەمدەزانی ئەوە ناوی منە و مەبەست لە منە کە دەبێت بچمە ژوورەوەی هۆڵی دادگا، دەتگوت ناوی خۆمم لەبیر چۆتەوە!

بردیانم، کە بە لای پۆلیسەکەی بەر دەرگا تێپەڕین، ژوورێکی چوارگۆشەی گەورە کە بە لای دەستە چەپیدا قەفەزێکی تاوانباری هەبوو، منی پەلکێشی ئەوێ کرد و لە نێو قەفەسەکەدا ڕاوەستام. قەفەسەکە لە دارێکی جوان کە پێم وایە داری گوێز یان داری ساج بێت، دروستکرابوو. کە بەپێوە وەستابووم قەفەزەکە تا نێوقەدم بڵندبوو. کورسییەکیش لە ناوەڕاستیدا دانرابوو، پێیان گوتم لەسەری دابنیشم، بەڵام من پاش تۆزێک ڕامان لە شتەکانی دەوروبەرم و هۆڵی دادگاکە و کەسەکانی نێو هۆڵەکە ئینجا دانیشتم.

لە بەرامبەرمدا مێزێکی بەرز و لاکێشەیی سێ پیاو لە پشتییەوە دانیشتبوون، گوایە دادوەر بوون. پیاوەکان ملکورت و قەڵەو بوون، عەباکانیان هێندەی تر زەلام و فشۆڵەی کردبوون. سەریان بەسەر کاغەزەکانی بەردەمیاندا شۆڕکردبووەو جارجاریش فسکەفسکێکیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد وەک ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن. لە تەنیشتی دەستەڕاستی ئەوانەوە پیاوێکی باریکەڵەی ڕەشتاڵەی چاویلکەدار کە بە کاتب عەدل ناویان دەبرد، لە پشت مێزێکی نزمی چوارگۆشە دانیشتبوو، بەردەوام دەینووسی و بە ئاستەمیش سەری هەڵنەدەبڕیی. هەر لە لای دەستەڕاستی تەنیشتییەوە مێزێکی تری هاوشێوە پیاوێکی لە پشتەوە بوو، خەریکی نووسین بوو. لە تەنیشتی دەستەچەپی دادوەرەکانەوە سەکۆیەکی بڵند، کە لە دارێکی قاوەیی جوان دروستکرابوو، پیاوێکی تووڕە و ناشیرین کە بە دادوەری گشتی ناویان دەبرد و ئەویش عەبایەکی ڕەشی بەشانەوە بوو، ڕاوەستابوو. ئەم پیاوە تەماشایەکی نائاسایی منی دەکرد و بەمۆڕەوە لێم ڕامابوو. مۆبیلیاتی ناو هۆڵی دادگا لە

جوانترین و گرانبەهاترین جۆری دار دروستکرابوو. قەفەزەکە هێندە جوان بوو، مرۆ ئاواتی دەخواست بە منداڵی لە لانکێکدا ڕاژەندرابایە کە لە هەمان جۆری دار دروست کرابا. لە پشتی منی ناو قەفەسەکەوە دوو پۆلیس ئامادە و تەیار ڕاوەستابوون و چاوەدێری منیان دەکرد.

ختووکەکەی ناخم تا دەهات زیادی دەکرد، هەستێکی زۆر سەیر کە نەمدەزانی ناوی خۆشی، بەختیاری یان چی لێ بنێم هەناومی بارگاوی کردبوو. هێشتا هیچ نەگوترابوو، نەمدەزانی سزا دەدرێم یان ئازاد دەکرێم، کەچی ختووکەکەی هەناوم هەستێکی پڕ لە تریقەیان لە لا چێ کردبووم.

دادوەرەکەی ناوەڕاست دەمێ لەگەڵ دادوەرەکەی دەستەچەپی و دەمێکیش لەگەڵ ئەوەی دەستەڕاستی چپەچپی دەکرد. هەرگیز لە ڕابردووی ژیانمدا وێنای ئەوەم نەکردبوو، ئەو دیمەنەی کە تەنها لە فیلمدا دیتبووم لە ژیانی خۆمدا ببینم و خۆم تاوانباری ناو قەفەزی دادگا بم. هەموو ئەو فیلمانەی کە دیمەنی دادگا و تاوانبار و قەفەزیان تێدابوو دەهاتنە بەر زەینم و لەگەڵ ئەو دادگایەدا لێم تێکەڵ بووبوو. ختووکەکە تا دەهات زیاتر بەرەو دۆخی هەژانی دەبردم.

دادوەرەکەی ناوەڕاست دەستی بە پرسیار کرد و لە سەرەتاوە پرسیارە ڕۆتینییەکان بوون وەک: ناو، تەمەن، پیشە، شوێنی لەدایکبوون و شتی لەم جۆرە. منیش وەڵامیانم دایەوە. ئینجا پرسی ئایا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەشکەنجەدراوم، منیش دوای ڕاوەستانێک و بیرکەوتنەوەی ئەو هەڕەشەی زمانبڕینەیان کە لێیان کردبووم گوتم: نەخێر.

دادوەری ناوەڕاست ڕاوەستابوو، بەدەنگی بەرز دەستی بە قسەکردن کرد و ئەویش زنجیرەی تاوانەکانم کە خۆیان بۆیان ڕستبووم، دەخوێندەوە. دادوەر دەستی کرد بە باسکردنی تاوانەکانم وەک خۆیان دەیانگوت: نووسینی هەڵبەستی شۆڕشگێڕانە لەسەر پێشمەرگە و لەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی موخەڕبین مستەفا بارزانی و تۆمارکردنی چالاکی موخەڕبین لە نێو ڕۆژژمێر و هەبوونی پەیوەندی بە ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵە و هتد. دوا بەدوای ئەو پارێزەری گشتی کە لە لای دەستەچەپی دادوەرەکان و دەستەڕاستی منەوە بوو، لە پشت سەکۆیەکی بەرز



خۆم و باوباپیرانمی باس کرد: "ئەم شاعیرە ناپاکێکی نیشتیمانی عیراقە و بە هۆنراوە پەسنی دوژمنانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی کردووە و موخەڕیبینی وەک شێر و پڵنگ و کوژراوەکانیانی وەک شەهیدی نەمر لە قەڵەم داوە. ئەم تاوانبارە لە خێزانێکی ناپاکی نیشتیمان گۆش کراوە و باوکی و مامێکی ئێستا لە زیندانی پۆلیسخانەی بەعقووبەن و برایەکی لە ناو موخەڕیبینی جەلال تاڵەبانیدایە و دژی ئێمە شەڕ دەکات. ناپاکی وا تەنها هەقی لەسێدارەدان و کوشتنە و داوا دەکەم حوکمی ڕەوای شۆڕشی بەسەردا بدرێت."

دادوەری بەرامبەر، ئەوەی ناوەڕاست لە منی پرسی: ئایا پەشیمانی لەو تاوانانەی کە کردووتن؟ من هیچم نەگوت و هەر حەپەسابووم. پرسیارێکی تری کرد: ئەگەر ئازادت بکەین عاقڵ دەبیت و بەڵێن دەدەی کە جارێکی تر هیچ نەنووسیت؟

لەو ساتەدا بوو ئیدی خۆمم پێ ڕانەگیرا و ختووکەکەی ناخم تەقینەوەیەکیان لە ناخمدا دروست کرد و بە دەنگێکی زۆر بەرز دامە قاقای پێکەنین. پێکەنینێکی سەیر، وەک ئەوەی کەسێک بەردەوام ختووکەم بدات. دادوەر چەکوشەکەی دەکوتایە سەر مێزەکە تا من بێدەنگ ببم. بەڵام بەدەستی خۆم نەبوو پێکەنینەکەم نەدەوەستا! بەڵام دوای تۆزێک وەک چۆن هەر لە خۆیەوە هات، ئاواش لە خۆیەوە پێکەنینەکەم وەستا.

دادوەرەکە دەستی بە چپەچپ کرد لەگەڵ دادوەرەکەی دەستەڕاستی و ئینجا دەستەچەپی و ڕایگەیاند کە دەڕۆن و پاش تۆزێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوەی ماددەی حوکمەکە. یەک لە دوای یەک لە دەرگاکەی پشتی خۆیانەوە چوونە دەرەوەی ژوورەکە و ئێمە لە ناو ژوورەکەدا ماینەوە. من هەر لە ناو قەفەسەکەدا مامەوە و کاتبی عەدلیش بەردەوام بوو لە نووسین و سەری هەڵنەدەبڕی. پارێزەری گشتی لە جێگەکەی خۆی ڕاوەستابوو مۆڕەی لە من دەکرد و منیش بە بزەیەکەوە تەماشای دەوروبەری خۆم دەکرد و جاروباریش چاوم دەچووە سەری و مۆڕەکەیم دەدی. پۆلیسەکەی بەردەرگا پەیکەر ئاسا لە جێگەی خۆی ڕاوەستابوو، دووانەکەی تریش لە پشتی منەوە تەیار و ئامادە ڕاوەستابوون. تەماشام لەسەر تەرازووە هاوسەنگەکە ڕوابوو، دۆخەکە سەیروسەمەرە بوو. نەمدەزانی فیلمە یان ژیانی ڕاستی ئەوەی من

تێیدا دەژیم و لە قەفەزدام. دە خولەکی پێچوو، کە هەموو هەستانە سەر پێ و سێ دادوەرەکە هاتنەوە ناو هۆڵی دادگا و هەر یەکە و جێگەی خۆی گرتەوە.

دادوەرەکەی ناوەڕاست حوکمەکەی خوێندەوە کە بە عەرەبییەکی قورس نووسرابوو بە ئاستەم دەمتوانی لێی تێبگەم. بەڵام ئەوەندەی لێ تێگەیشتم کە دەیگوت ئەو سزایە بەپێی بڕگەی ئەوەندەی یاسای سزادانی ساڵی ئەوەندەی میلادی دەرچووە. تێنەگەیشتم ئایا حوکم دراوم یان ئازاد دەبم. ناوی ساڵێک زیندان هاتبوو، پێم وابوو دەبێ ساڵێکی دیکەش لە ناو کونی زینداندا بەسەربەرم. بەڵام کە دادوەر چووە دەرەوە دوو پۆلیسەکەی پشتەوەم گوتیان: مەبرووک. بەو پیرۆزباییە تێگەیشتم من بە هەڵە لە عەرەبییەکە تێگەیشتووم و ڕەنگە ئازاد بم. کە بردیانمە هۆڵی چاوەڕوانی پیاوە کوردەکە لێی پرسیم: چی بوو؟ ئازادبووی؟ منیش بە گومانەوە وەڵامم دایەوە و گوتم: نازانم، وابزانم، بەخوا باش تێنەگەیشتم چییان گوت، پۆلیسەکان گوتیان مەبرووک، ئیتر نازانم.

ئینجا بردیانمە ژوورێک و هەر دە پەنجەی دەستم و هەر دە پەنجەی پێیان مۆر کردم و خستیانە سەر چەندان کاغەز. لەوێدا بە سەرسوڕماوییەوە لەو پیاوەم پرسی کە حوکمەکەم چییە و ئایا سزادراوم یان ئازادکراوم؟ ئەویش بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: نازانی؟ چەند گوناحی! نازانی حوکمەکەت چییە؟ ساڵێک حوکم دراوی، هەروەها سیی دینار جەزا و سێ ساڵیش لەژێر چاوەدێریت. منیش زۆر بە دڵێکی شکاوەوە گوتم: یانی ساڵێکی تریش لێرە لە زیندان دەبم؟ ئەو گوتی: نا نا مەترسە حوکمەکەت تەواو بووە، چونکە تەوقیفەکەش حساب دەکرێت. باوەڕم نەکرد بەو قسەیە، بۆیە دووبارە پرسیمەوە:

– یەعنی ئێستا لەم دادگایە بچمە دەرەوە من ئازادم؟

ئەو بەهێمنییەوە گوتی:

– لە پێشدا دەبێت پارەی سزاکە بدەی، پارەت پێیە؟

باش بوو سیی و چەند دینارێکم پێ بوو، سیی دینارەکەم دا بە ئەوان، چاوەڕێ بووم یەکسەر ئازاد ببم، بەڵام ئەمنەکە هاتەوە و منی بردەوە بۆ ئەمنی عامە. زۆر ترسام و لە دڵی خۆمدا گوتم فێڵ و درۆیان لەگەڵ کردم و پارەکەشیان هەمووی لێ



ستاندم. لەو جێگەیە هەڕەشەیەکی باشیان لێ کردم کە ئەگەر بیدرکێنم ئەشکەنجە دراوم خراپم بەسەر دەهێنن. مەقەستێکیان هێنا و زمانیان دەرکێشامە دەرەوە و گوتیان ئەگەر یەک وشە لەسەر ئەشکەنجەکان بڵێیت ئاواهی زمانت دەبڕین. دوای ئەو هەڕەشەیە ئینجا گوتیان: دە بڕۆ ملت بشکێنە، ئێستا تۆ ئازادی. بەڵام من هیچ کوێم نەدەناسی لە بەغداد، سەرەڕای ئەوەش ببووە ئێوارەیەکی درەنگ و دەترسام. بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن بردیانمەوە بۆ بەعقووبە، ئەمجارە سواری ئۆتۆمبیلێکی ئاساییان کردم. کە گەیاندمیانە ئەوێ زۆر درەنگ بوو، نەیاندەزانی چیم لێ بکەن و چۆن بمدەنەوە بە کەسوکارم، باوکم خۆی لە زیندان بوو. بەڵام ئەویش و هەموو هاوشارییەکانی زیندان یەکجار زۆر دڵشاد بوون بە هەواڵی ئازادبوونی من. لە ناو زیندانەکەدا بوو بە گۆرانی و ئای ئای و سۆزی گەرمیان.

دەیانویست ئەو شەوە ڕێگەم بدرێت لە زیندان بمێنمەوە و سبەی زوو خەبەر بە کفری بدەن تا کەسێک بێت بمباتەوە، کەچی پۆلیسەکان دەیانگوت ڕێگە نادەین، ئەگەر ئەمشەو بمرێ لە ملی ئێمە دەمێنێتەوە. بە هەزار حاڵ و تکای باوکم ڕازی بوون شەوێک لەوێدا بمێنمەوە. بۆ سبەینێ مامم قاسم هات منی لێ وەرگرتن. خۆشییەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەو، بۆ منیش خۆش بوو بەڵام هەستم بە نامۆیی دەکرد و ماندوویش و شپرزەیش بووم. هەستی بێ باوەڕی بەو دۆخە دایگرتبووم، پێم وانەبوو ڕاست بێت و ئازادکرابم. مامم دەیگوت: مەهاباد تۆ ئێستا ئازادی، وەرە بۆ خۆمان پیاسە بکەین و خۆشی دەربېڕە. کەچی من هەستم بە خەمباری دەکرد و ڕاهاتنی ژوورەکانی زیندان کەشی دەرەوەی زیندانیان لە لا نامۆ کردبووم. هێدی هێدی بەری دەدام و دەمزانی ئەوە ڕاستییە و من ئازادم. مامم یەکسەر بردمی بۆ گەراج و لەوێوە سواری تەکسی بووین بۆ بەغدا . نەچووینەوە بۆ کفری، چونکە دایکم و برا و خوشکەکانم پەرش و بڵاو بووبوونەوە. دایکم لەگەڵ نەنکم ئاسکە بەرەو دێهاتەکانی گەرمیان ڕۆیشتبوون، بە مەبەستی ئەوەی سەڵاحی برام ڕازی بکەن بێتەوە و باوکم ئازاد بێت. باوکم نەخۆشی شەکری هەبوو، تەندروستی خراپ بوو لە نێو زیندان. لەیلای خوشکم لە کەرکووک دەیخوێند و لە ماڵی پوورم ئافتاو دەمایەوە. براگەورەکەم لە بەغدا دەیخوێند و تا ئەو کاتە هەموو هەفتەیەک بۆ سەردان دەهاتە

لای من و باوکم بۆ بەعقووبە. منداڵەکانی تر لەگەڵ نەنکم سەلمە لە ماڵەوە بوون لە کفری.

کە گەیشتینە بەغدا نیوەڕۆ بوو. لە تەکسی دابەزین و سواری پاس بووین بۆ لای ماڵی مامم لە حەی جەمیلە. کە ئێمە دابەزین و چەند هەنگاوێکمان نا، پاسێکی تر ڕاوەستا و کەسێک دابەزی. بینیمان ئەوە مامم عەبدوڵڵایە. بانگم کرد و کە بینی ئەوە منم باوەشی پێمدا کرد و چەند جارێک لە ناو ئەو شەقامەدا سووڕاندمیەوە و لە خۆشیدا نەیدەزانی چۆن گوزارە لە هەستی خۆی بکات. خەڵک تەماشایان دەکرد و پێیان سەیر بوو ئەو دیمەنە. ئەو دەم مامم بیست و دوو ساڵ و من پانزە ساڵ بووم، پێیان سەیر بوو کوڕێکی گەنج بەو شێوەیە کچێک دەسووڕێنێتەوە. ئەگەرچی ئەوێ پایتەختی وڵاتی عیراق بوو، گوایە لە هەموو شارەکانی تر پێشکەوتووتر بوو، بەڵام لە ڕووی دابونەریت و پەیوەندییەکانەوە هەر دواکەوتوو بوو. مامم هێندە دڵشاد بوو، چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک. دە دەقیقەیەکی پیاسەکردنی دەویست تا بگەینە ماڵی مامی گەورەم. لەگەڵ دوو مامەکەی تردا خۆمان کرد بە ژووردا. لە دەرگامان نەدا و کردمان بە ناکاو. ڕێک لە ناو هۆڵی دانیشتنەکەدا ڕاوەستاین و کە ئێمەیان دی خۆشی و سەرسوڕمانیان لێ دەباری. مامی گەورەم نەیدەزانی لە خۆشیدا چی بکات و فرمێسکی شادی خوڕ خوڕ بە نیگایدا داباری. ساڵێک بوو ژیانی ئاسایی لە هەموو بنەماڵەمان تێکچووبوو، بەتایبەتی مامم بۆ من زۆر پەریشان بوو. تا لە بەغدا بووم چوومە ماڵی خزمانی تریشم لە بەغدا. ماڵی پوورم و ماڵی کچی پوورم. دوای چەند ڕۆژێ گەڕاینەوە بۆ کفری و ماڵێکی ساردوسڕ، کە ئەندامەکانی ئاوارە بووبوون و تەنها نەنکم و سێ منداڵ لەوێ مابوون. هەستم دەکرد خێزانی ئێمە هەڵوەشاوەتەوە و هیچ تامێکی تێدا نەماوەتەوە. جارانم بیر دەکەوتەوە کە هەمیشە ماڵەکە پڕ بوو، ئەندامانی ماڵ یانزە کەس بوون و هەمیشەش لە میوان جمەی دەهات. نەنکم جگە لەسەرپەرشتی منداڵەکان دووکانیشی بەڕێوە دەبرد بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزان تێدەکۆشا. مەسرەفی ئەو کاتەشمان یەکجار زۆر زیادی کردبوو. دەبوایە بۆ سەردانی زیندانییەکان هەفتەی جارێک چووبانە بەعقووبە و هەر جارەش بەشی چەند ڕۆژێک خواردنیان بردبا. مەسرەفی سەفەر و هاتوچۆی دێهاتەکانیش زیادی کردبوو بە هۆی برا پێشمەرگەکەمەوە.



هەر لەو چەند ڕۆژەی هەوەڵدا بوو، مستەفا لەگەڵ پوورێکی بۆ دیدار و بەهۆی ئازادبوونی منەوە هاتبوون بۆ کفری. ملوانکەیەکی بۆ هێنابووم، زریزەیەک میدالیایەکی پێوە بوو کە پەیکەری نیڤەر تیتی بوو، کە یەکێکە لە شاژنەکانی فیرعەونەکانی میسری کۆن. مێژوو وا دەگێڕێتەوە کە ئەم شاژنە بە نەژاد کورد بووە و خاوەنی کەسایەتی و دەسەڵاتێکی بەرفراوان بووە لە سەردەمی یەکێک لە فیرعەونەکاندا.

مستەفا هەر لەو سەردانەیدا خواستی خۆی بۆ سەفەری هەندەران گێڕایەوە، چونکە ناوی هاتبوو بۆ سەربازی و نەیدەویست سەربازی بکات. ئەو جارە پێم وایە چوارەم جار بوو بیبینم ئەو باسی سەفەرەی کرد و منیش ئەگەرچی لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو دەڕوات، بەڵام پێم نەگوت نەڕوات، چونکە لە خۆی زیاتر پێم ناخۆش بوو سەربازی بکات بۆ ڕژێمی بەعس. مستەفا ئەو سەفەرەی کردی ئیدی تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ یەکترمان نەبینییەوە. دە ساڵی ڕێک، تەنها لە ڕێگەی خوشکەزاکانییەوە کە هاوڕێم بوون هەواڵیم دەزانی. دوای ساڵێکی سەفەرەکەی لە نامەیەکدا داوای ئەوەی کردبوو کە چونکە چارەنووسمان دیار نییە و نازانین کەی یەکتر دەبینینەوە با پەیوەندی خۆشەویستیمان بپچڕێنین و هەر لە سەرەتای سەفەرەکەیەوە ئیدی ئێمە پەیوەندیمان نەما. لەو ماوەیەدا کە دە ساڵی خایاند زۆر ڕووداو ڕووی دا و، هەر یەکەمان چیرۆکی تری ژیان و هاوڕێیەتی تر و پەیوەندی ترمان هەبوو، بەڵام کە دوای ڕاپەڕین گەڕایەوە و یەکترمان بینییەوە سەرلەنوێ و پێکەوە درێژەمان بە کاروانی ژیان دا و زەماوەنمان کرد و بووین بە هاوسەر. ئەمجارە منیش بووم بە هاوسەفەری و لە وڵاتی غەریبیدا کاروانی ژیانمان پێکەوە لە وڵاتی سوێد دەستی پێ کرد.

سوێد وڵاتێکی تا بڵێی ساردە، وەلێ هێندە ڕێزی مرۆڤی تێدا دەگیرێت، ئەو هەستی گەرمی مرۆڤایەتییە گەرمت دەکاتەوە. لە سوێد و هەر لە سەرەتای سەرەتاوە لە خۆمم پرسی من کێم و دەبێت چی بکەم و چۆن کات و دەرفەتەکان بەکاربهێنم. سێزدە ساڵ و نیو لەوێ بووم و چرکەیەکیم بەفیرۆ نەدا. وەک تینوویەک لە کانیاوی فێربوونم دەخواردەوە، دەمخوێند و دەمخوێندەوە. سەفەرم دەکرد بۆ وڵاتان و

کاروانی ئەدەبی و ئەمجارە بەهێز و گوڕەوە خەباتم بۆ داکۆکیکردن لە کورد بەگشتی و ژنانی وڵاتەکەم بەتایبەتی درێژە پێدەدا.

***

**پاش کتێبی ئاسمانی شەریفترین و بەسوودترین کتێبەکان بیوگرافی و شەرحی حاڵە.**

ئاندریە مۆرا

**تەنیا ڕێیەکی مرۆڤ ویژدانیەتی، تاکە قەڵغانی یادەوەریشی ڕاستی کارەکانی و دڵسۆزییەتی تێیاندا.**

وینستۆن چەرچڵ

***

پەرتووکی دووەم

# چلچرا

هیچ شتێک وەک سەرکەوتن سەرکەوتوو نابێت.

ئەمەرسۆن

بوون بریتییە لە گۆڕان و گۆڕانیش بریتییە لە پێکگەیشتن.

هێنری بێرگسۆن

## بەردەوامی و گۆڕان

هەتا ژیان مابێ ڕووداو دەمێنێ و کارەسات هەر بەردەوامە. هەتا مرۆڤ مابێ ململانێ دەمێنێ و مەیلی کۆیلەکردن لای بڕێک و ئارەزووی تێکۆشان بۆ ئازادکردن لای بڕێکی دی هەر دەمێنێ. مێژووی مرۆڤایەتی گەواهی ئەم بۆچوونەیە و سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەک، مەخابن چەوساندنەوەی بڕێک مرۆڤ لە لایەن بڕێکی ترەوە مێژوو بە پەڵەی ڕەش و بۆر تەڵخ دەکات و خۆشبەختانە بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی بەرەی ئاشتی و ئازادیخوازانی مرۆڤ دژ بە بەرەی شەڕ و کۆیلەخوازی، دیرۆک بە دێرەکانی شانازی دەڕازێنێتەوە. مرۆڤ دەشێ بگاتە لێوارەکانی مەرگ و نەمان و هەر نەمرێ و بشمێنێتەوە، بەڵام تەنها مانەوە بەس نییە بۆ ژیان، چونکە دەشێ مرۆڤ بمێنێتەوە و وەک نەماو بێت، بژی بەڵام وەک مردوو بێت.

من خۆشبەختانە یەکێک بووم لە مرۆڤەکانی بەرەی ئاشتی و ئازادیخوازی، بۆیە دوای دەربازبوون لە دیوارەکانی زیندان و دەستپێکردنەوەی قۆناغی ژیانەوەم، بەردەوامیم دا بەڕێڕەوی تێکۆشان. ڕەوڕەوەی ژیان ڕاناوەستێ و دەسووڕێتەوە، سووڕی ژیانی منیش دەبوو بەردەوام بێت. بەڵام ئەم سووڕی ژیانە نەدەبوو هاوتەریبی سووڕی تێکۆشان نەبێت، چونکە تێکۆشان ئۆتۆماتیک بوو بە بەشێک لە بوون و بونیادی ڕۆحم. بەرخۆدان وەک هەناسەدان بووە هەوێنی ژیانم. ویستێکی بەهێزی ناخەوەم پاڵنەربوون بۆ ئەو هەنگاوانەی دەمنان، کە لەو دەمەدا و پاش دەربازبوون لەو دیوارە ئاگرانە، تەنها دەبوو ناوی لێبنرێت سەرکێشی، سەرکێشییەک کە سەرچاوەکەی لە ڕۆحمەوە بوو، لە پەیامێکەوە کە باوەڕم وایە سروشت هەر لە ساتی دروستبوونمەوە پێمی سپاردبوو.

قەرەبووکردنەوە وەک دەستەواژە هەیە و سەبوورییەکە بۆ دەروون، بەڵام وەک ساتەژیان و دۆخە پڕ لە حەسرەتەکانی، ژیانە لەدەستچووەکان هەرگیز قەرەبوو



ناکرێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە باری گیانییەوە هەیە و زیان بە دەروون دەگەیەنن نەک تەنها جەستەمان. ئەزموونەکانی ژیان پێمان دەڵێن برین خۆش دەبێتەوە و شوێنی تێلا و قامچی و تەنانەت سوتان و چەقۆکانیش دەشێ وا سارێژ ببنەوە جێگەیان دیار نەمێنێ، وەلێ کێ قەرەبووی ساڵە لەدەستچووەکانی تەمەن دەکاتەوە، کێ قەرەبووی قرچەی ئازارەکانی دەروون و قیژەکانی ڕۆح دەکاتەوە! منیش ساڵێک ژیان، کە ناسکترین ساڵی تەمەنم بوو، نەک هەر لە دەستم چوو، بەڵکە بوو بە برینێکی قووڵ و شوێنەواری ژانێکی فراوانی لە ناخم بەجێهێشت، بەڵام باش بوو من لەوانە نەبووم ئازار و سەختییەکانی ژیان بمڕوخێنن و کۆڵم پێ بدەن، بەڵکە زیاتر و زیاتر هانیان دەدام. هەر لە سەرەتاکانی ژیانەوە هەستم بە هەبوونی هێزێک دەکرد گەورە و مەزنە و بەردەوام لەگەڵمدایە، ئەو هێزە هەم پشتیوان و هەمیش ڕێنوما و پەنام بوو. هێزی ناوەوەی مرۆڤ زۆر لە هێزەکانی دەرەوە کاریگەرترن بۆ پشتیوانیکردن و بۆ پاراستن و مانەوەی. هێزەکانی ناوەوەم لە پەیامی ئەو فەیلەسووف و شاعیر و سەرکردانەوە وەردەگرت کە ئەم جیهانەیان بە جێ هێشتبوو، بەڵام هەمیشە لێرەن لە لامان. بارزانی نەمر ئەو سیمبولە بوو لە زینداندا زۆر جار لەگەڵی دەدوام، کەسە خاوەن پەیامەکانی تریشم دەدوان، ئەوان ببوونە هەوێنی هەڵقوڵینی وزەی گەش و بەردەوامی ژیانم، کە لە دوای زیندانیش لەگەڵمدا مانەوە و بوونە هەموێنی دەربازکردنی ساتەسەختەکانی دیکەی ژیانم.

کورد چونکە ژیانیان پڕ بووە لە کارەسات پێویستیش بووە بێباک بن و فێری ڕابوونەوەی دوای کارەساتەکان ببن. منیش بێ ئەوەی وانەیەکی تایبەتی لە قوتابخانەیەکەوە و لە مامۆستایەکەوە سەبارەت بەبێباکی و ئومێد وەربگرم، ژیان فێری کردم لە سەرەتای کۆتاییەکانەوە دووبارە و بەهێزەوە دەست پێ بکەمەوە. پێشینان گوتوویانە: لە کوێ پسا لەوێی گرێ بدەرەوە. گرێدانی پساویش ئاسان نییە، ئەویش هونەرێکە و تەنها ئەزموونی ژیان فێرت دەکات.

پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم و نیوەی ساڵی خوێندنم گوزەراندبوو کاتێ پەلکێشی زیندان کرام. ئەو ساڵی خوێندنەم بەفیڕۆ چوو. کە لە ١٩٨١/٢/٢٥یش ئازاد بووم، دیسانەوە نیوەی ساڵێکی تری خوێندن گوزەرابوو، بۆیە مەخابن ئەو

ساڵەشم لە کیس چوو. من هێندە حەزم لە خوێندن و قوتابخانە بوو، ئەگەر چی زووتر لە تەمەنی دیاریکراوی قوتابخانە نایابوویانمە بەر خوێندن، خۆشبەختانە سەرکەوتوو بووم لە وانەکانی قوتابخانە، بۆیە دوو ساڵی لەدەستچوو لە قوتابخانە زۆریان ئازار دەدام، بەڵام دڵی خۆمم بەوە دەدایەوە کە ئەو دوو ساڵە لەدەستچووەم قەرەبووی ئەو دوو ساڵەیە کە زووتر لە تەمەنی خۆم چوومەتە قوتابخانە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: پاکمان لە پاک. جگە لەو دواکەوتنە لەو دوو ساڵەدا گۆڕانکاری زۆر ڕوویان دابوو، دەبوایە ئاگاداریان بم و خۆمیان لەگەڵدا بگونجێنمەوە. دەبوایە بارودۆخێکی دژواری قوتابخانەیەکی تر قبوڵ بکەم، کە بەسەرمدا سەپێندرابوو، ناچار بووم تیایدا بخوێنم. ساڵی خوێندنی ١٩٨٢، کە بۆ گرێدانی خوێندنی پسێندراوم دەستم پێ کردەوە، دەبوایە قوتابخانەکەم و، زمانی خوێندن و چۆنێتی هەڵسوکەوتم بگۆڕم. هەموو ئەمانەش بە نابەدڵی و بە سەپاندن بوو. دەبوایە بیکەم، بەڵام چۆنم کردن!

بۆ دەبوو قوتابخانەکەم و زمانەکەم بگۆڕم؟!

من لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە لە قوتابخانەیەک بووم کە کوڕان و کچان پێکەوە دەمانخوێند، ناوی "قوتابخانەی ئامادەیی کفری" بوو کە دواتر بەعس ناوەکەی تەعریب کرد و کردی بە "ئامادەیی ئەلەکاسب". ئەلەکاسب بەمانای دەستکەوت بوو، مەبەستیان لەو دەستکەوتانە بوو کە گوایە حیزبی بەعس بۆ خەڵکی بەدەست هێنابوو. ئەوان ڕۆژانە دەیاندا بە چاوی خەڵکدا کە بەعس نەوتی خۆماڵی کردووە، دروشمی (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب) کاسی کردبووین، خۆ دروشمەکانی (وحدة، حرية، اشتراكية) ببووە سەر وێردی زمانیان و لەسەر هەموو دار و بەرد و دەرگا و دەزگایەک نووسرابوو. گەڕەکەکانی کفری هەمووی ناویان گۆڕابوو بە ناوی ئەو دروشمانە، قوتابخانەکان ناویان گۆڕابوو، هیچ شوێنەوارێکی کوردەواری وەک خۆی نەمابوو. ئەو دەستکەوتانەی کە ئەوان شانازییان پێوە دەکرد، بۆ ئێمە ببوو بە کێشە و مایەی ئازار و چەوساندنەوە. نەوتی کەرکووک کە لە نێو جەرگەی خاکی خۆمانەوە هەڵدەقولا، دەردەهێنرا و دەفرۆشرا و بە پارەکەشی تانک و تۆپ و تەیارە بۆ لێدانی ئێمە و کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزاییمان بەکار دەبرا. ئەوە بوو ڕژێمی بەعس و





ناسنامە خوێناوییەکەی.

ئەو ساڵەی من لەو شارە دوور بووم، بە قەد دە ساڵ گۆڕانی ناحەز ڕوویان دابوو، لە ناو و لە ناوەڕۆکدا. چۆن مرۆڤ بتوانێ ئەو هەموو گۆڕانانە هەرس بکات، نەک بۆ من بۆ هەمووان وابوو، کەسمان نەمانتوانی لە ناخەوە ئەو دۆخە قبوڵ بکەین، بەڵام کەسیش لەبەر ئابلۆقەی ئاگر و ئاسن نەیدەتوانی بە ئاشکرا بەرهەڵستی بکات. بەرهەڵستی ناوەوە و بەرەنگاربوونەوەی نهێنی هەر هەبوو، هێدی هێدیش تەشەنەی دەسەند.

هاوپۆلەکانی من گەیشتبوونە پۆلی شەش و من هەر دەبوایە لە چوارەمەوە دەست پێبکەمەوە، بەڵام دەبوو بگوێزمەوە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی کچان، چونکە لەو ماوەیەدا کە من لە قوتابخانە بزر بووم بەهۆی زیندانەوە، قوتابخانەی کوردی قەدەغە کرابوو، دەبوایە بە عەرەبی بخوێنین، قوتابخانەی کوردی تەنها چەند پۆلێکی مابوو لە ناوەندی کە هەر ساڵە و پۆلێکیان لا دەبرد تا بە تەواوی تەعریبی بکەن.

بە هەردوو شێوەکە کارەسات بوو بۆ من، یەکەمیان چونکە قوتابخانەی کوردی نەمابوو، دەبوایە بە زمانێکی نامۆی بەسەردا سەپێندراو بخوێنم و دووەمیان دەبوو بگوێزمەوە بۆ قوتابخانەیەکی کچان، کە هەموو شتێکی بە من نامۆ بوو، قوتابییەکانی و مامۆستاکانی و شێوازی مامەڵەکردن و هتد.

***

سەبارەت بە تەعریبکردنی قوتابخانە، ئەودەم کە پۆلی یەکی ناوەندیش بووم و ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ بوو، چوار ساڵ پێش زیندانیکردنەکەم، دیسانەوە هەوڵی بۆ درا، بەڵام ئێمەی قوتابی نەمانهێشت ئەو هەوڵە سەربگرێت. نزیکی نیوەی ساڵ بوو هاتن کتێبە کوردییەکانیان لێ سەندینەوە و کتێبی عەرەبییان بەسەرماندا دابەش کرد. بەڵام ئێمە بە تێکڕای دەنگ گوتمان نامانەوێ و بەرهەڵستیمان کردن. نەدەچووینە پۆل و مامۆستا و بەڕێوەبەر زوو زوو قوتابییەکانیان لە هۆڵی کۆبوونەوەکان کۆدەکردەوە و قسەیان بۆ دەکردین، بەتایبەت بەڕێوەبەرەکەمان کە ناوی "ستار" بوو، خۆی عەرەب بوو، بەڵام کوردیشی باش دەزانی، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە کفری مامۆستا بوو. بەڵام ئێمە کەسمان قبوڵمان نەدەکرد و هەر سوور

بووین لەسەر ئەوەی کە دەبێت بە زمانی کوردی بخوێنین. دەیانویست سازشیان لەگەڵدا بکەین و قبوڵی بکەین کە نیوەی مەنهەجەکە بکرێت بە عەرەبی و نیوەکەی تری بە کوردی بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە سازشمان نەکرد و هەر سوور بووین لەسەر بە کوردی خوێندن. هەفتەیەک بەسەر ئەم مقۆ مقۆ و بگرە و بەردەیەی نێوان بەڕێوەبەر و قوتابیان بەسەرچوو، ئینجا بەرپرسە بەعسییەکان و پیاوانی حکومەتی بەعس دەهاتن و قسەیان دەکرد تا قایلمان بکەن و ئێمەی قوتابی هەر قایل نەبووین. قایمقامی کفری هات و دوای ئەویش لە بەعقووبەوە پارێزگاری دیالە هات و سازشمان لەگەڵ ئەویشدا نەکرد.

قوتابیان لە نێو خۆماندا تۆڕێکی پەیوەندیمان دروست کرد و گەیشتینە بڕیارێک، لە ڕۆژی شەممە، کە سەرەتای ڕۆژی خوێندنی هەفتەی دوای تەعریبکردنی وانەکانمان بوو، لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە تا پۆلی شەشی ئامادەیی، هەر هەموومان کتێبە عەرەبییەکانمان هێنا و فرێمان دایە سەر یەکتری لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی قوتابخانەدا، کە کەڵەکەی کتێبەکان تەواو بەرز بووەوە و وەک شاخۆچکەیەکی لێ هات، بە یەک تاڵەشقارتەی بچووک ئاگرمان تێ بەردا و کتێبە عەرەبییەکان بوون بە خۆڵەمێش و خۆڵەمێشەکەش با بەناو هەموو شاردا بڵاوی کردەوە.

ویستی ئێمەی قوتابی لە دوای ئەو بەرهەڵستییەوە سەری گرت و ناچار بوون کتێبە کوردییەکانمان بدەنەوە و بڕیاری خۆیان هەڵوەشێننەوە. ئەم تەعریبکردنە قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی نەگرتبووەوە، گوایە ئەوێ ناوچەی بە"حوکمی زاتی" ناوزەد کراو بوو. بەعس لە ساڵی ١٩٧٠ و دروست لە یانزەی ئازاردا، گوایە ئۆتۆنۆمی بە کورد دابوو، بڕیارەکەی بەفەرمی و لە تیڤییەکانی دەوڵەتدا خوێندەوە. سەدام حوسێن خۆی ڕێککەوتننامەکەی خوێندەوە و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد بوو، کە هەردوو کوڕی بارزانی کاک مەسعوود و کاک ئیدریس ئامادەی بوون. بەڵام دواتر کورد خۆی ناوی ئەو ئۆتۆنۆمییەی نا حوکمی زاتی کارتۆنی، چونکە بەعس فێڵی لە کورد کرد و بەپێچەوانەی بەندەکانی بڕیاری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دەستی بە تەعریبکردنێکی تەواو و بەرنامە بۆداڕێژراو کرد.



تەعریبکردن بەتایبەت پارێزگای کەرکووک و شارۆچکەکانی سەر بە کەرکووکی گرتەوە. شارەوانی کفری کە قەزایەکی سەر بە کەرکووک بوو، لێی دابڕی و کردی بە قەزایەکی سەر بە پارێزگای دیالە. بەهەمان شێوەش دووزی لێی دابڕی و دای بە تکریت، تکریتیشی ناولێنا پارێزگای سەلاحەدین، چەمچەماڵی لە کەرکووک کردەوە و دای بە سلێمانی، خانەقین و مەندەلی دا بە دیالە و بەهەمان شێوەش هەندێ لە قەزا و ناحیەکانی سەر بە دهۆک و هەولێری لێیان دابڕی وەکو شێخان و بەدرە و جەسان و تەلەعفەر و مەخموور و پردێ و هتد.

جیاکردنەوەی ئەم شارۆچکانە لە پارێزگاکانی خۆیان، تەواو لە جیاکردنەوەی کۆرپە لە مەمکی دایک دەچوو. جگە لەوەش شاڵاوی تەعریبی دەست پێ کرد و بە پۆل عەرەبی دەهێنا و دەیرژاندنە نێو ئەو بەشە کوردستانەی کە لە بڕیاری ئۆتۆنۆمی دەرکرا بوو. کوردستان ئیدی نەدەبوو ناوی خۆی بهێندرێت، دەبوو یان پێی بگوترێت "ناوچەی حوکمی زاتی" یانیش بە "شیمال عیراق" ناوزەد بکرێت. ئەو ناتۆرانە هێندە دەگوتران و دەگوترانەوە تا گوێی خەڵکی کوردیان پێ ڕاهێنا و بە پرۆسەیەکی زەمەنی و بە کارکردەیەکی ستەمئامێزی دەروونی وایان کرد کورد خۆیشی ناوی کوردستان نەهێنێت و بە دەگمەن ناوەکە بێتە سەر زاران. لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە و دوای دەرچوونی بەیانی ئۆتۆنۆمی کە ڕژێمی عیراق کە ئەودەم ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری بوو، لەگەڵ پێشەوای شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی ڕێککەوتننامەیان مۆر کردبوو، بەپێی بڕگەکانی ئەو بەیانە خوێندن لە کوردستاندا کرابوو بە کوردی و ئەوساڵەی من دەستم بە خوێندن کرد، یەکەمین ساڵی بەکوردی خوێندن بوو لە شاری کفری. هەموو قوتابخانەکان ناویان کوردی بوو، من لە قوتابخانەی (هەتاو)ی سەرەتایی کچان پۆلی یەکەمم دەست پێ کرد و، چاوم بە حەرفەجوانەکانی زمانی پاراو و شیرینی کوردی ڕاهات.

هێندەی نەبرد ڕژێمی بەعس لە کورد هەڵگەڕایەوە و لە ڕێککەوتننامەکە پاشگەز بووەوە و ئەو مافە سەرەتاییانەی کە دابووی، یەک یەک و بە هێدی هێدی لێی دەستاندەوە. ئەمەش وای کرد دووبارە شۆڕشی کورد دەست پێ بکاتەوە و ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٤ دیسانەوە مەشخەڵی شۆڕش بەرزکرایەوە.

ئێمە بەو کتێب سووتاندنە، ئەو جارە توانیمان دووبارە بە کوردی دەست بەخوێندن بکەینەوە، بەڵام فێڵێکی تریان دۆزییەوە و قوتابخانەی سەرەتاییان کرد بە عەرەبی، چونکە قوتابیانی سەرەتایی بەپێی تەمەنیان هێشتا لەو ئاستەدا نەبوون هەڵوێست وەربگرن و بەرهەڵستی سیاسەتی تەعریب بکەن. لە قوتابخانەی ناوەندیش هەر ساڵە و پۆلێکیان کرد بە عەرەبی و بە خشکەیی هەموویان کرد و پیلانەکەیان سەری گرت.

***

کە باسی چوونە قوتابخانەم کرد، پێویستە لەم وێستگە گرنگەدا ئێستێک بکەم و باس لە قوتابخانەی سەرەتایی بکەم، بەتایبەت هەندێ هەڵوێست و هەست و نەستی قوتابی و مامۆستا و پەیوەندییەکانیان کە کاریگەری لەسەر ژیان دادەنێن. بۆیە گرنگە بە لامەوە باسیان بکەم چونکە دوای تێپەڕبوونی سی و پێنج ساڵ بەسەر پۆلی یەکەمی سەرەتایی من، هێشتاش پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی لە قوتابخانەکانی وڵاتەکەم هەروەکو ئەوسایە و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە.

ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا، دایکم منی لەگەڵ خۆی برد و ناومی لە قوتابخانە تۆمار کرد و بووم بە قوتابی. مامۆستایەک کە دەرسی پێ دەگوتینەوە ناوی قەدریە بوو. (ست) وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای خانم دێت، کە لەباتی وشەی مامۆستا بۆ مامۆستا ژنەکان بەکاردەبرا. مامۆستای یەکەمی من لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی ست قەدریە بوو. ئەو ئافرەتە خۆی خەڵکی شاری سلێمانی بوو، بەهۆی شووکردنی بە مامۆستایەکی خەڵکی کفری مامۆستا عەلی حەمەخان، هاتبووە کفری و لە قوتابخانەی هەتاوی سەرەتایی کچان دەرسی دەگوتەوە. قوتابخانە پێویستە شوێنێک بێت بۆ پەروەردە و فێرکردن، بە گەورەیی بیرم لە سەردەمی منداڵی دەکردەوە کە ئێمە لەوێ تەنها فێر دەکراین و پەروەردە نەدەکراین. ڕەنگە چاکتر وابێت بڵێم خراپ پەروەردە دەکراین.

ست قەدریە بۆ فێرکردنمان مامۆستایەکی زۆر باش بوو، من لە ماوەیەکی کورتدا وا فێری خوێندن بووم کە دەست بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بکەم و هەر لەو



دەمەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد. بەڵام بۆ پەروەردە وا نەبوو، چونکە ئەوەی لە زەینی مندا ماوەتەوە سەبارەت بە وتەکانی ست قەدریە زۆر ئازاردەرە. کە یەکێک شتێکی نەزانیبایە پێی دەگوت:

– هەی بە ملی شکاوت، بە ملی وردت، داوەشێی یاخوا.

ئەم جنێوانەم پێ سەیر بوو، چونکە خەڵکی کفری جنێوەکانیان جۆرێکی تر بوو، بەڵام خۆ لەوانەی ئەویش باشتر نەبوو. مامۆستاکانی تریش جنێویان دەدا، مامۆستاکانی تر کە خەڵکی شارەکە بوون، بۆ نموونە ست بەدیعە کە ئاغازادەیەکی خەڵکی کفری بوو کە جنێوی دەدا، دەیگوت:

– عەمرتان نەمێنێ، حەیوان، ناشیرین، دایکتان ئێوەی دوانە بهاوردایە، سەروسەکوتتان خواتەوە.

ئەمە بێجگە لە لێدان کە بەڕاستە دەیاندا لە هەر کەسێ کە دەرسێکی نەزانیبایە یان لە پۆلدا تۆزێ جموجۆڵی بکردایە. جگە لە مامۆستاکان لە هەر پۆلێکدا موراقیب دانرابوو، کاری ئەوە بوو هەتا مامۆستا دەگاتە پۆل ئەو سەرپەرشتی قوتابیەکان بکات، کە لە ڕاستیدا سەرپەرشتی نەبوو، سەرکوتکردن بوو. ئەویش لە مامۆستا زۆردارانەتر دەکەوتە وێزەی هەر کەسێک کە جووڵابایەوە، ستەمی موراقیب هی ئەوە نییە لەبیر بچێتەوە. جموجووڵ کە هێمای زیندوویێتی و چالاکبوونی جەستەیە و پێویستە هان بدرێت، لە قوتابخانەکانی ئێمە و بگرە لە هەموو قوتابخانەکانی شاری ئێمە و وڵاتی ئێمە شتێکی قەدەغە بوو. بزووتنەوە کە ئاساییترین چالاکی منداڵە و هێمای گەشەی فیزیکی ئەوە، بە نائاسایی دەزانرا. دەبوایە لە پۆلدا کە دادەنیشین هەردوو دەستمان ڕاست و چەپ بخەینە سەر یەکتری و لە جێگەی خۆمان نەبزوێین. بەم جۆرە دانیشتەیان دەگوت (عاقڵ دانیشتن).

مرۆڤ کە لەم تێڕوانینە باو و سەپاوەی کۆمەڵگە ڕادەمێنێ سەبارەت بە عەقڵ و جەستە و پەیوەندی نێوان ئەمانە، پرسیاری ئەوەی بۆ دێتە ئاراوە ئاخۆ لە لای ئەو کەسانە پێناسەی عەقڵ و جەستە چییە و پێکهاتەی ئەمانە تا چ ڕادەیەک ناسراو و زانراوە.

جارێکیان هەر لە پۆلی یەک بووم، موراقیب کە کچێک بوو ناوی نازەنین ئیبراهیم

بوو لە پۆلی شەشەم بوو، کردبوویان بە موراقیبی پۆلی یەکەم. نازەنین زیادەڕۆییەکەی لە چەوساندنەوەمان گەیشتە ڕادەیەک، کە ناتوانم لە بیرم بچێتەوە. ئەو گوتی دانیشن و دەستتان بەسەر یەکدا بدەن و نابێت بەهیچ شێوەیەک گلێنەی چاوتان ببزوێن. یەک دووانێکمان گلێنەی بزوواند، نازەنین دەستی هەر هەموومانی بەڕاستە تۆزاندەوە. ناتوانم ئازاری ئەو ڕاستەیە لە بیر بکەم، چونکە تا ئەو دەم کە تەمەنم پێنج ساڵ بوو، بۆ جاری یەکەم بوو لە ژیانمدا لێدان بخۆم. ئیدی موراقیب و مامۆستا دریغییان نەدەکرد هەم لە لێدان و هەم لە جنێودان و سووکایەتی پێکردنمان. کە چوومەوە بۆ ماڵەوە و بۆ دایکمم باس کرد، پرسی کێ بوو کچەکە، کە ناویم پێ گوت، گوتی:

– ئەها ئەوە کچی بلە هەلکە.

پێم وابوو دایکم بەرگریم لێ دەکات و دەچێتە قوتابخانە و سکاڵا دەکات لای بەڕێوەبەر، بەڵام دایکم هەڵوێستێکی ئەوتۆی پیشان نەدا و وا دیار بوو دایکان و باوکان زۆر بە ئاسایی دەیبینن لە قوتابخانە لە منداڵەکانیان بدرێت و پێی ڕاهاتبوون. باوکم وا نەبوو، کە بۆم باس کرد، بە دایکمی وت بچێت بۆ قوتابخانە و ئاگاداریان بکاتەوە کە نابێت لە قوتابی بدرێت، بەڵام دایکم ئەوەی نەکرد و گوتی:

– دوایی مامۆستا و ئەو موراقیبە ڕق لە منداڵەکان هەڵدەگرن و زیاتر لێیان دەدەن.

ئاخر وابوو، پەروەردەکە هەڵە بوو، ئەوەی بەرهەڵستی بکردایە زیاتر ڕقیان لێ هەڵدەگرت و زیاتریان دەکوتا. (ست نەسرین)ێکمان هەبوو ئەویش ئاغازادە بوو، ئەو منی خۆش دەویست چونکە یەکەمی پۆل بووم و لە پۆلی شەشی سەرەتایی زانیاری پێدەگوتینەوە، کە دەهاتە پۆلەوە لە کورسی دواوە دادەنیشت و منی هەڵدەستاند وانەکە بڵێمەوە و خۆی هیچی نەدەکرد. بەڵام ناتوانم لە بیرم بچێت کە جارێکیان لە ناو پۆلدا لە کچێک توورە بوو ئەوەندەی لێدا کە هەموومان دڵمان وەک ئاگر بۆی دەقرچا و نەشمان دەوێرا هیچ بڵێین. لە پۆلێکی تر تێر لە کچێکی دابوو، دوای ئەوەش گازێکی توندی لە دەستی کچەکە گرتبوو، وەک سەعات شوێنی ددانەکانی ماوەیەک بەسەر دەستییەوە بوو. ڕۆژێکیشیان هێندەی لە لەیلای خوشکم دابوو کە



پێمان وابوو دەستی شکاندووە، بەڵام کە دایکم بردی بۆ لای پیاوێکی جەڕاح، دەرکەوت دەستی نەشکاوە و تەنها لە جێ چووە.

ڕەنگە هیچ مامۆستایەک بۆ ئەوە نەچووبێت ڕۆژێک یەکێک لەو قوتابیانەی دەبێت بە نووسەرێک و بیرەوەری و ئەزموونەکانی خۆی دەنووسێتەوە و ئەو لێدان و ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردنەی ئەوانیش دەهێنێتە سەر کاغەز، بەتایبەتی کە هەموو ئەوانەی باس دەکرێن ئێستا ماون و لە کفری یان لە شوێنێکی دیکەی کوردستان یان هەندەران ژیان دەگوزەرێنن. ئاخۆ ئەوان قەت ڕۆژێک لە خۆیان پرسیوەتەوە بۆ وا ڕەفتاریان لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا کردووە؟ ئاخۆ زەڕڕەیەک نەک زیاتر لە دەروونناسی منداڵیان زانیوە تا بزانن ئەو ڕەفتارانەی ئەوان، ئەو وتانەی ئەوان لە بیری ئەو منداڵانە ناچنەوە و کاریگەریشیان لەسەر دادەنێن. چەند مامۆستایەک هەبوون میهرەبان بوون و جنێویان نەدەدا، نموونەی ست لەمیعە و ست ڕووناک.

لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم مامۆستایەک کە ناوی (ست سەبریە) بوو، بەڕاستەیەکی ئەستوور و بە ژمارە دە داری لێدام و ئەوەندە لە پڕ پەلاماری دا و گوتی:

– دەستت بکەرەوە.

هەر ئەوەندە فریاکەوتم بپرسم:

– بۆ مامۆستا چیم کردووە؟

بە دەم لێدانەوە گوتی:

– بۆ پێدەکەنیت؟

ئەو لێدانەشم قەت لە بیر ناچێتەوە، چونکە یەکەم لەسەر شتێ لێی دام کە نەمکردبوو، دووەم لەبەر شتێک لێی دام کە ئەگەر کردباشم نەدەبوو لێدانی لەسەر بخۆم.

من خۆم ڕووم خۆش بوو، بە منداڵی کە هێشتا ژان و ژوورەکانی ژیانم نەدیبوو شێوەم ساکار و ڕووخۆش بووم، خەندەیەکی سروشتیم هەبوو، کە ئێستاش ڕەنگە هەندێکی لە سیمامدا مابێت و لە کاتە ئاساییەکانی ژیانمدا لە ڕوخسارمدا

ببینرێت. هەر کەسێ دیبامی پێی وابوو پێدەکەنم، ڕووخۆشییەک بوو سروشت پێی بەخشیبووم، بەهرەیەک بوو دەبوو هان بدرێ، نەک لەسەری لێبدرێم. ئەو ساتەی کە مامۆستا لەسەر پێکەنین لێی دام پێنەکەنیبووم و تەنها دەرکەوتەی ئەو بەهرەی ڕووخۆشییە بوو کە هەمبوو، کە وردە وردە بەو ڕەفتارەی مامۆستاکان و ستەمی موراقیبەکان و دواتریش ستەمی دەوڵەت، هێدی هێدی بەهرەکانمان دەپووکێندرایەوە و ڕووخۆشییەکانمانیان دەکردە ڕووگرژی و تۆران لە خود و لە مامۆستا و لە قوتابخانە و لە هەموو شتێک.

باشە گریمان پێکەنیم، چی ڕووی دەدا؟ بۆچی پێکەنین لە منداڵێک قەدەغە بکرێت؟ بۆچی پێویستە منداڵێک مۆن و تووڕە بێت و ئەگەر واش نەبێ لێی بدەن تا مۆن و تووڕە بێت؟ ئاخر منداڵ وەک پەپوولە و گوڵ جوان و سادە و پاک و بێ خەل و خەشە، بۆ ناهێڵن ڕوویان خۆش بێت و گوزارە لەو پاکی و جوانییەی خۆیان بکات؟ بۆچی ئەوەندە حەز لە لێدان و بەکۆیلەکردن بکرێت، و هەر لە منداڵییەوە هەوڵ بدرێ مرۆڤ گیرۆدەی ڕق و قین و تۆڵە بکرێت؟ ئاخۆ ئەگەر بە گەورەیی خۆمان خۆمانمان پەروەردە نەکردبایەتەوە و خۆمان فریای خۆمان نەکەوتباین، ئێمەی پەروەردەی ئەو ستەمەی مامۆستای لەو جۆرە، چیمان لێ دەردەچوو؟ من خۆم دەزانم چەند تێکۆشام تا هەموو ئەو پەروەردە هەڵەیەی ئەوان ئاوەژوو بکەمەوە و فێری خۆشەویستی و ئازادی و سەرفرازی ببم و بەرگری لە ماف و ئازادی خۆم و ئەوانی تریش بکەم.

بەهەرحاڵ هەموو منداڵێ وایە کە مامۆستایەک لێی بدات لە ماڵەوەو لە کۆڵان و لە دالانی قوتابخانە، لەبەر خۆیەوە نزا لە مامۆستاکەی دەکات و لە دڵی خۆیشی هەزار جنێوی پێدەدا . منیش لە ماڵەوە بەدەم هەنیسکەوە زۆر نزام لە ست سەبریە کرد. لە دڵم دەرنەدەچوو کە بەخۆڕایی و لەسەر ڕووخۆشی و بەهرەی خوداییم دارکاری کردم. ئەو شەوە بە دەم هەنیسکەوە و فرمێسکەکانیشم سەرینەکەمی خوساندبوو، نزام دەکرد و لە ناخی دڵەوە نزاکەم هەڵدەقولا و گوتم:

– خوایە گیان، چونکە بەخۆڕایی وای لێم کرد، خودایە هەقی منی لێ بکەیتەوە و بمرێت.



ڕێکەوت سەیرە، زۆر بە داخەوە هەفتەیەکی نەبرد ئەو مامۆستایە لە کاتی منداڵبووندا کۆچی دوایی کرد و کە خەبەرەکەم بیست لە خۆمەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو. لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو کە لەو ماوەیەدا نزام لێ کردووە و ئەوەتا نزاکەم گیرابووە و ئەو مامۆستایە مرد. پێم سەیر بوو نزای من هێندە کاریگەر بێت و ئەوەندە زوو ئەنجام بدات بەدەستەوە. تا ماوەیەکی زۆریش هەر هەستی گوناهم تێدا بوو، پێم وابوو تەنها بەهۆی نزاکەی من مردووە، تا گەورەبووم و تێگەیشتم تەنها نزاکەی من هۆکار نەبووە و زۆر دایکی زەیستان لە کوردەواریدا دەمرن بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتی تەندروستی و نەبوونی زانیاری پێویست لای دایکانی دووگیان، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ژیانیان. تەنانەت ئێستاش کە سیی ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕیوە، لە نەخۆشخانەکانی ئێمەدا کتێبۆچکەیەک بڵاونەکراوەتەوە لەسەر ژنی زەیستان و چۆنێتی سەرپەرشتی تەندروستی ئافرەتی دووگیان. سەد مەخابن.

بەڵام ئەو هەستە هەر لە لام مابوو، حەزم دەکرد تاقی بکەمەوە و بزانم نزای من لە شتی دیکەشدا وا کاریگەرە، بەڵام ئیدی دۆعای مردنم لە کەس نەکرد، چەند دۆعایەکی دیکەم لە چەند مامۆستایەکی ستەمکار کرد و لە هەندێ لەو موراقیبانەی کە ئازاریان دەداین. نزاکانم بە شەو دەکرد و بەتایبەت هاوینان کە لە دالان یان سەربان دەنووستین و ملیۆنەها ئەستێرە بە ئاسمانەوە بوون و منیش زۆربەی شەوان پێش نووستن خەیاڵی وام دەکردەوە هەڵدەفڕمە لایان و دەبمە یەکێک لەو ئەستێرانە.

خەیاڵم زۆر فراوان بوو، تا خەوم لێدەکەوت دەیان سیناریۆی هەڵفڕین و نیشتنەوەم لە فەنتازیای خۆم دەهۆنییەوە و دەبوومە هاوڕێی ئەو ئەستێرانە و مانگ و تەنە ئاسمانییەکانی دیکە. شەوێک لەو جۆرە شەوانە نزایەکم لە مامۆستایەک کرد کە هەستم دەکرد جوداکاریی دەکات لە نێوان من و هاوپۆلێکی ترمدا، تەنها لەبەرئەوەی ئەو کچی مامۆستایەکە و ئەودەمیش مامۆستا پلە و پایەیەکی بەرزی هەبوو لە نێو کۆمەڵگەدا . مامۆستاکان جوداکارییەکی ئاشکرایان دەکرد لە نێوان قوتابیان و منیش ئەو هەڵاواردنە ئازاری دەدام، چونکە بۆ خۆم زۆر زۆر ڕوون بوو کە بۆ زیرەکی

لە وانەکان و وریایی لە پێش ئەوانەوەم، چونکە من جگە لە خوێندنی قوتابخانە ڕۆژنامەم دەخوێندەوە و هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە سەدان کتێبی ترم خوێندبۆوە و لە زیرەکیمدا ڕەنگیان دەدایەوە، بەڵام ڕەفتاری هەندێک مامۆستام دەبینی کە بایەخ بەوان زیاتر دەدەن و هانی ئەوان زیاتر دەدەن تەنها لەبەرئەوەی ئەوان دەوڵەمەندتر بوون لە ئێمە، هەستم دەکرد نادادییە و ناتوانم پێی قایل بم، بەڵام منداڵ بووم و شتێکی ئەوتۆم لەدەست نەدەهات و بە شێوازی بیرکردنەوەی ساکاری خۆم نزام لێ دەکردن. ئایا ڕێکەوت بوون یان نزاکانی من، هەرچی کاتێ خواستێکم هەبوایە و لە پای ئەو نادادییەی دەکرا نزام بکردایە بە ئەنجام دەگەیشت و ئەو کەسانە یان دەستیان دەشکا، یان نەخۆش دەکەوتن و یان بەڵایەکی دیکەیان بەسەردا دەهات کە قوتابییەکانیان لەبیر بچێتەوە. من ئەوسا وام لێکدایەوە کە ئەوانەی منن دێنە دی، بۆیە قەت دۆعای مردنم لە کەس نەدەکرد و تەنها دۆعای ئەوەم دەکرد خودا هەندێ تەمبێیان بکات لەسەر ئەو ناهەقییانەی کە دەیاننواند.

فەنتازیای منداڵ پڕە لە داهێنان و جوانی ئەگەر چالاک بکرێتەوە، ئێمە بە منداڵی ناچار بووین بەکاری بهێنین بۆ خۆپاراستن و بەرگری لەخۆکردن لە لێدانی گەورەکان و مامۆستایانی فێرکار و پەروەردەکار. ئەوە من لای خۆی کچێکی زیرەکی پۆل بووم و یەکەم بووم کە ئەو هەموو یادگارییە تاڵەم لەگەڵ مامۆستا و موراقیب هەیە، داخۆ بیرەوەری ئەو کچانە چی تێدا کەڵەک بێت کە زۆر زیرەک نەبوون و ڕۆژ نەبوو جنێو نەخۆن و لێدان نەخۆن. من لە هەموو ساڵەکانی سەرەتاییدا سێ چوار جار لێدانی خۆڕاییم خوارد و ئەگەرچی ئەو مامۆستایانەی لێیان دام ئۆخەیان لە خۆیان نەکرد، بەڵام هەر لە نەستمدا ماونەتەوە و یەکێکن لەو هۆکارانەی کە تا سەر ئێسقان دژ بەو میتودەی پەروەردە و فێرکردنی ئەم وڵاتەی خۆمانم و باوەڕم وایە دەبێت سەرلەبەری بە هی نوێ و هاوچەرخ بگۆڕدرێت.

***

با بێمەوە سەر ئەو خاڵەی کە لێی پچڕام. باسی ئەوەم کرد کە دوای ئازادبوونم لە زیندان دەبوایە بچمە قوتابخانەیەکی دی و بە زمانێکی نامۆ بخوێنم. لە قوتابخانەی دواناوەندی کەفری، کە بە کوردی دەمانخوێند کوڕ و کچ تێکەڵاو بووین. بەڵام



قوتابخانەی عەرەبی کچان بە جیا و کوڕان بە جیا بوون. ئێمە کە تێکەڵاویش بووین، جۆرە جیاکردنەوەیەکی تری کچان و کوڕان هەبوو، لە کاتی پشووەکاندا کوڕان دەچوونە گۆڕەپانێکی پانوبەرینی قوتابخانەکە و کچان دەبوایە بچنە نێو هۆڵێکی گەورە کە هۆڵی کۆبوونەوەکان بوو، لە ناو پۆلیشدا کوڕان لە کورسییەکانی پێشەوە دادەنیشتن و کچانیش لە دواوە دادەنیشتن. ئەگەرچی بەناو قوتابخانەی تێکەڵاو بوون، بەڵام بە دەگمەن کچ و کوڕێ پێکەوە قسەیەکیان دەکرد، چونکە تەنها چەند ڕستەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی دەهۆڵی ئەوەیان بۆ لێ بدرێ کە ئەو کوڕ و کچە حەزیان لەیەک کردووە و حەزلێککردنیش لە کولتووری ئێمەدا و بەتایبەت ئەوسا و لە دەڤەری گەرمیان عەیب و شوورەیی و حەرام بوو. کوڕان کە لە کورسییەکانی پێشەوە دادەنیشتن بۆیان نەبوو ئاوڕێک لە دواوە بدەنەوە و تەماشای کچێک بکەن، کچانیش کە زەنگی وانە لێی دەدا و مامۆستا دەچووە پۆل، ئەوانیش لە هۆڵەکەوە دەکەوتنە ڕێ و بەشوێن مامۆستادا دەچوونە ژوورەوە. لە کاتی چوونە ژوورەوەش و تا گەیشتنە سەر کورسییەکان دەبوایە سەریان داخەن و چاویان ببڕنە زەوی و تەماشای هیچ کوڕێک نەکەن، نەوەک تەپڵیان بۆ لێبدرێت. من ئەودەم تەمەنم نێوان یانزە و دوانزە ساڵ بوو، زۆر بیرم لەو پەیوەندییەی نێوان کچان و کوڕان دەکردەوە و زۆرم بەلاوە ناخۆش بوو کە ئێمە و کوڕان لە پۆلێکدا دەخوێنین و یەکتری ناناسین و یەکتری نادوێنین و بەیەکتر نامۆین.

هەر ئەو دەم هەستم کرد من یاخیبوونێکم تێدایە بەرامبەر بەو دابونەریتانەو پێم قبوڵ ناکرێن. هەستم دەکرد شتێکی نائاسایی ڕوودەدات و ئەو جیاکردنەوە و هەڵاواردنە زیانی زۆر بە ئێمە دەگەیەنێت و نابێت بەردەوام بێت. لە دڵی خۆمدا دەمگوت چی ڕوودەدات ئەگەر لەگەڵ کوڕەکاندا پێکەوە قسە بکەین خۆ دنیا ناڕووخێ و خۆ یەکتری ناخۆین. کوڕێک کە ناوی سیروان ستار بوو لە کورسییەکەی پێش منەوە دادەنیشت و پێکەوە قسەمان دەکرد و دەفتەر و کتێبی یەکتریمان پێویست بوایە لە یەکترمان وەردەگرت و هەندێ جار لە ڕێگای قوتابخانەش لەگەڵ یەکتری قسەمان دەکرد. سیروان ستار لە پۆلدا قوتابیەکی زیرەک بوو، ڕەفتاریشی زۆر جوان بوو، لەبەر ئەوەشی کە براگەورەکەی برایم ستار ساڵانێکی زۆر بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، مامم و براکەم و باوکمی دەناسی، بۆیە ئەوانمان

وەک مـاڵبـاتێکی شـۆڕشگێـڕ دەناسی و جـێی باوەڕ بوون. زۆر بە ئاسـایی لەگـەڵ سیروان لـە ڕێگەی قـوتابخـانە قسـەمان دەکـرد و هەندێ جار تا لای مـاڵی خـۆمـان پێکەوە دەهاتین. مـاڵی ئەوان لە گەڕەکـی ئیمـام محـەمەد بوو، لە بەردەم مـاڵی ئێمـەوە بەردەوامی دەدا بە ڕێگەی ماڵی خۆیان و بەرەو ئیمام محەمەد دەڕۆیشت.

باوکم پیاوێکی مێشک کراوە بوو، وای پەروەردە کردبووم کە باوەڕم بە خـۆم هـەبێت و بەدرێژایی سـالانی قـوتابخـانەی سـەرەتاییش دەچووم بۆ بازاڕ و لە دووکـانەکـەیدا یارمـەتیم دەدا، بۆیە من ئاسایی بوو بە لامـەوە قسـە لەگەڵ کوڕاندا بکەم و جیاوازیم نەدەکـرد لە نێـوان ئەوان و کـچـەکـان. ئـەو سـالانەی کـە هـاتوچۆی دووکـانی باوکـمم دەکـرد و بەتایبـەتیش دووکـانەکـەی باوکم نیـوەی بریتـی بوو لە کـتـێـبفـرۆشی و ڕۆژنامـەکـان ئەو دەم تەنـهـا لای باوکم دەست دەکـەوتن، بۆیە ڕۆشنبیـران و بەتایبـەت قوتابیانی شاری کفری ڕوویان تێ دەکرد بۆ کڕینی ڕۆژنامـە و کتێب و گۆڤارەکانی ئەودەمـە. وا باویش بـوو کـە دەهاتـن بۆ ئەوێ و چەند کـەسـێک یەکـیـان دەگـرتەوە دەستیان دەکـرد بە گفتوگۆ و باسـی سیاسـی و ڕۆشنبیری و منیش ئەودەم هـەر گوێم دەگرت و ئەو گـفـتوگـۆیانە لە لای من دەمـانەوە و ڕامـانی منیـان دەوروژاند. "برایم ستار" یەکێک بوو لەو قوتابیانەی کـە هـەموو ڕۆژێ بۆ کڕینی ڕۆژنامـە و گۆڤار دەهات و زۆر جاریش منی دەدواند و هەموو جارێکیش پێی دەگوتم:

– مەهاباد ناوەکەی تۆ زۆر خۆشە. دەزانی ناوەکەت مانای چییە؟

بۆی باس دەکردم و دەشیپرسی ئایا حەز دەکـەم بێم بۆ بەشداری چالاکییـەکان لە بارەگـای یەکـێتی قـوتابیـان. براگـەورەکـەم قـەیس، مـامم عـەبدوڵلا، مـامم قـاسـم، لەو دەمــەدا هـەمــوویان قــوتابی دوانـاوەندی بوون و ئـەندامـی کـارا بـوون لە یەکــێــتی قوتابیانی کوردسـتان و یەکێتی لاوانی کوردستان. عـومەر فارس ئەودەم تازە دەستی بە شـیـعـر نووسـین کـردبوو، ئەویش دەهات بۆ دوکـان و ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـانی لای باوکم دەکـڕی و لەگـەڵ من دەکـەوتە پرسـیـار و وەڵام و گاڵـتە و سـوعبەت. زۆر کـەسـی تری خـەڵکی کـفری هـاتوچۆی دوکـانەکـەی باوکـمیـان دەکـرد و کـردبوویان بە نیـوە بارەگایەک بۆ خـۆیان. منیش لە نێو ئەو بارەگا نافـەرمییـەدا گوێم لە دەیان گفتـوگـۆی سـیـاسـی و ئـەدەبی دەبوو، جگـە لەوەش هـەر لـە پۆلی یەکـی سـەرەتـاییـیـەوە و دوای فێربوونی حەرفەکـان، بە حـونجە ڕۆژنامـەکانم دەخـوێندەوە. کە هـاوڕێ و دۆسـتـەکـانی



باوکم و ڕۆشنبیر و نووسـەرانی ئەودەمی شار دەهاتنە دووکانی باوکم، منیشیان زۆر خـۆش دەویسـت و هـەمـوویان هـانیـان دەدام، بەتایبـەت کـە باوکم زۆر پەسنـی منی بۆ دەکـردن و باسـی بۆ دەکـردن کـە لە قـوتابخـانە سـەرکـەوتووم و ڕۆژنـامـە و کـتـێب دەخوێنمەوە. ئەو پەسنانەی باوکم کە لە منی دەکرد بۆ هـەرکـەسێ کە دەهاتـە دوکان و تەنانـەت مـیـوانانی مـاڵیش، هـاندانێکی ئـەوەندە کـاریگـەر بوو کـە ڕۆژبـەڕۆژ زیاتر هۆگری وانەکانی قوتابخـانەشم و شـیعر و ئەدەبیاتی کوردیش ببم. بە پرۆسـەیەکی هێمن و بە شێوازێکی ساکار و کاریگەری پەروەردەیی کردمی بە عاشقی ئەدەبیات و ناڕاسـتـەوخـۆ قـەڵەمی بۆ نووسین دایە دەستم. ئەو ڕۆژگـارانە بوو، کـە دەکـرا ناوی ڕۆژگاری زێڕینی لێ بنێم لە تەمەنـی خـۆم و تەمەنی گەلەکەشمدا . منداڵێکی شادمان کە حەزی لە خوێندنی وانەکانێتی و تینووی فێربوونە و هانیش دەدرێ.

ناوبانگ ئەو ئاوەڵناوەیە کە بەقـەد سوود زیانیش دەگـەیەنێت. هـەندێ جار ئازادیت سنووردار دەکـاتەوە و هـەمیشـە چاوەکان دەکاتە چاودێرت، بەڵام هـاوکـات بەهـۆیەوە کـەسێکی دیار و پڕ بایـەخیت و قسـەت دەڕوا و ڕێزت لێ دەگـیرێت. بۆ منیش هـەر وا بووە و لە سوود و زیانەکانی بێبەش نەبووم.

ناوبانگ چۆن دروست دەبێت؟ بڕواناکەم مرۆڤ کە دەست بە کارێک، پیشەیەک یان چالاکییەک دەکات بۆ ئەوەی بێت ناوبانگ دەربکات، بەڵام خۆبەخۆ هەندێ جار ئەوانە دەبنە هـۆی ناوبانگ بۆی. ڕەنگە بۆ هـەندێ کـەس تـەنـهـا ڕێکەوت و بـۆ هـەندێ کـەس بەخت ڕۆڵ ببینێت لە دەرکـەوتنیـان و ناوبانـگ پەیداکـردنیـان. هـەندێ کـەسـیش بە پشـتـیـوانیـیـەکی بێ وێنەی لایەن یان حـیـزب یان بنەمـاڵـەوە ناوبانگی بۆ دروست دەکـرێت و بە مـاوەیەکی کـورت لە دالانـەوە بازێکـی پێ لێـدەدەن بۆ سـەربان. ئەم جۆرانە هـەمـووی لە کـۆمـەڵگەی ئێمـەدا هـەیە و بۆ هـەر جـۆرێکیـان دەیان نموونـەمـان هـەن.

ئەی بۆ مـن چۆن بوو؟ من پلە بـەپلەی پەیژەکـانیم لـە بیـرە و زۆر شـادمـانیـشم کـە ناوبانگم لـە پڕێ دروست نەبوو، هێدی هێدی و پلە پلـە بە پەیژەکـەدا سـەرکـەوتووم و بە هـەوڵ و هیـمـەتی خـۆم بووە و جگـە لە هاندانەکانی ئـەندامـانی بنەمـاڵە، قـەرزاری هیـچ لایەن و حیزبێک نیم کە دروستی کردبم.

ناوبانگی من لە شـارەکـەی خـۆمـەوە دەستی پێ کـرد، بەڵام سـەرەتا بەهـۆی نووسین

و بڵاوکردنەوەی شیعرەوە نەبوو، دواتر و لە چواردە ساڵی بەدواوە شیعر و نووسین بوونە هەوێنی ناوبانگ، پێش ئەوەش لە سنووری شارەکەی خۆمدا و لە تەمەنی یانزە ساڵییەوە و هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە ناوبانگی من دەستی پێ کرد.

لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بۆ هاندانی قوتابیانی سەرکەوتوو وێنەی بەیەکەم دەرچووەکانیان لە تابلۆی شەرەف لە قوتابخانە هەڵدەواسی. منیش کە نیوەی ساڵ بە یەکەم دەرچوو بووم وێنەکەمیان لەو تابلۆیە هەڵواسی. چونکە شارەکەشمان بچووک بوو، هەواڵەکان چاک بوویان یان خراپ بە ماوەیەکی کورت بڵاو دەبوونەوە. ئەوەندەی نەبرد، لەسەر شەقام و ناو کۆڵاندا کە منیان دەبینی ئاماژەیان بۆ دەکردم و دەیانگوت ها ئەوە مەهابادە، ئەو کچە زیرەکە، ئەو کچە بەیەکەم دەرچووە. منیش ئەو ناوبانگەی کە بە زیرەکی دەرچوو زیاتر هانی دەدام کە هەوڵ بدەم زیرەکتریش بم. هیچ شتێک هێندەی هاندان کاریگەر نییە لە ژیانی منداڵدا، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەگەر منداڵ هەر سەرکۆنە بکرێ و دەمکوت بکرێ و بە خراپ و ناکارا پێناسەی خۆی ببیستێتەوە خراپ و خراپتر دەبێتەوە. هەر لە پۆلی یەکەمەوە لە ماڵەوە هەموویان دەیانگوت مەهاباد زیرەکە و مەهاباد دەبێتە دکتۆر و مەهاباد خەتی جوانە و وێنەی جوان دەکێشێ و چی و چی، ئەمە باوک و مام و دایک و بابەگەورە و قسەی هەموویان بوو. هەر لەوساوە منیش جگە لە زیرەکی و جگە لە یەکەم بوون بیرم لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە و ئیدی ئەو پەسنانە ببوونە سیفەت و کەسایەتی منداڵییم و سەرکەوتنیان بۆ مسۆگەر دەکردم.

پێم وایە منیش ئەگەر یەکەمجار پێم گوترابا تەمبەڵ و تەوەزەل، ڕەنگە لە قوتابخانەش و لە کۆمەڵگەش و لە هەموو ژیانمدا ڕەنگی داباوە و دواکەوتبام و هیچم بەهیچ نەکردبا. بەڕاستی لە ژیانی گەورەشدا هەر وایە و مرۆڤ تا دەمرێ پێویستی بە هاندانە. کولتووری هاندان لە نێو کوردەواریدا مەخابن کەمە، کولتووری شکاندنەوە زاڵە و هۆکەیشی ئەوەیە وەک نەتەوە هەمیشە هەوڵی شکاندنەوەمان دراوە و داگیرکەران بە نەخشەوە بۆ ئەم مەبەستە کاریان کردووە.

بەهەرحاڵ، بنۆڕە چۆن قسە قسەی ڕاکێشا و گەڕاندمییەوە بۆ ئەو سەرەتایانەی کە نەدەبوو باس نەکرێت. سەرەتاکان گرنگن و بناغەن، بۆیە دەبێ زوو زوو بچمەوە



سەر سەرچاوە و لەوێوە زمانی قەڵەمەکەم تەڕ بکەم، تا گەرووی وشەکانم وشک نەبێت.

***

ئا، کە ئازادکرام و دوای دوو ساڵی لەکیسچوو، دەبوو لە قوتابخانە بە عارەبی بخوێنم و بشچم بۆ قوتابخانەی کچان، دوو ناخۆشی تێکەڵ بووبوون. من کە ڕاهاتبووم لە قوتابخانەی تێکەڵاو بخوێنم، ئاسان نەبوو بۆم بچم تەنها لە نێو کچاندا بخوێنم، چونکە لە قوتابخانەی کچاندا هەڵسوکەوتی مامۆستاکان لەگەڵ قوتابیدا وەک هی قوتابخانەی تێکەڵاو نەبوو. لە هی تێکەڵاودا مامۆستاکان بە دەگمەن لە قوتابی تووڕە دەبوون، بەتایبەت کچانی ناو پۆلی کوڕان بەهیچ جۆرێک لە لایەن مامۆستاوە قسەی تاڵ و ترشیان لەگەڵ نەدەکرا و نازیان دەکێشرا و بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرا. ڕۆژی یەکەم کە چووم بۆ قوتابخانە و لە وانەی یەکەمدا مامۆستای ئاین کە ناوی ست سەبیحە بوو، تەماشای کرد قوتابییەکی تازەیان بۆ هاتووە، هەموو ئەوانی تری دەناسی من نەبێت، بە عەرەبی لێی پرسیم :

– ناوت چییە و تۆ لە کوێوە هاتووی؟

منیش هەر بە دانیشتن و لە جێگەی خۆمەوە و بە کوردی وەڵامم دایەوە، چونکە دەمزانی کوردی دەزانێ:

– ناوم مەهابادە و لە قوتابخانەی (مەکاسب)ەوە نەقڵ بووم.

مامۆستا تۆزێ توندتر قسەی کرد و گوتی کە قسە دەکەی دەبێت هەستیتە سەر پێ و جوان و قیت بوەستی و ئینجا بە عەرەبیش قسە بکەیت، ئێرە قوتابخانەی کوڕان نییە و لێرە نیزام هەیە. برێکی تری قسە کرد و باسی زەبت و ڕەبتی قوتابخانەکەی کرد، کە زیاتر لە نیزامی سەربازی دەچوو نەک هی قوتابخانە، دووبارە لێی پرسیمەوە:

– ناوت چییە و لە کوێوە هاتووی.

بەهەمان شێوەی پێشوو لە جێگەی خۆمەوە و بە دانیشتنەوەو بە کوردی وەڵامم دایەوە. ست سەبیحە ئەمجارە تووڕە بوو، قیژاندی و قسەکانی دووبارەکردەوە و بە زریکەزریکەوە، قوتابیەکانیش پێکەنین، منیش لە دڵی خۆمەوە زۆرم پێناخۆش بوو،

بەڵام خۆم تێک نەدا و لەگەڵیاندا پێکەنیم. قوتابییەک لە پێشی پێشەوە دانیشتبوو، بە چرپە شتێکی بە مامۆستا وت، ئەویش بە سەرسوڕماوییەکەوە تەماشایەکی منی کرد و گوتی:

– ها ! بەڕاست؟!

دیار بوو کچەکە پێی گوتبوو " ئەمە ئەو کچەیە کە لە زیندان بووە". تەماشایەکی کردمەوە، بەڵام کۆڵی نەدا و بۆ سێیەم جار دیسانەوە پرسیارەکەی کردەوە و منیش کۆڵم نەدا و هەر بە دانیشتنەوە و بە کوردی وەڵامم دایەوە و زانی لەگەڵ مندا توندی فایدەی نییە، ئەو وازی هێنا.

بەڵام ڕقی لێ هەڵگرتم و هەر دەیویست بە شتێک تۆڵەم لێ بکاتەوە. مامۆستای موعەقەد وایە و لەم جۆرە مامۆستایانەش زۆر بوون و ئێستاش هەر هەن و مەخابن زۆرن. بۆ ئەوەی تۆڵە لە قوتابی بکەنەوە بە خۆڕایی نمرەی لێ دادەشکێنن، یان بیانووی پێ دەگرن و لە ناو پۆلدا لەناکاو بۆ دەرس هەڵیدەستێنن و پرسیاری لێ دەکەن بۆ ئەوەی نەزانێ و قسەی سووکی پێ بڵێن، ئەو مامۆستایەش ویستی لەگەڵ مندا وا بکات.

ست ڕەمزیە مامۆستای کیمیا بوو، ئەویش وەک ست سەبیحە تورکمان بوو، ئەویش بەخۆڕا ڕقی لێم بوو. دیار بوو ست سەبیحە لە ئیدارەی قوتابخانە بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی دی باسی منی کردبوو، ئەمەش وای کردبوو دوو سێ مامۆستای عەرەب و تورکمان ڕقیان لێم بێ و مامۆستا کوردەکانیش خۆشیان بوێم. ست ڕەمزیە، یەک لە مامۆستا تورکمانەکان بوو کە هەستم دەکرد لەناخەوە ڕقێکی هەیە بەرامبەرم و دەیەوێت هۆیەکی بۆ هەڵکەوێت بۆ شکاندنەوەم. بەڵام خوایان نەمابوو، چونکە هەرچی کاتێک و لەناکاودا بۆ دەرس لێیان دەپرسیم وەک بولبول بۆیانم دەخوێند و یەک جاریش ئاواتیانم نەهێنایە دی.

سەیر ئەوە بوو بە لایانەوە، کە من لە قوتابخانەی کوردییەوە چوومەتە ئەوێ و یەکەم ساڵم بوو بە عەرەبی بخوێنم و چاوەڕێ بوون لە دوای هەموو قوتابیەکانەوە بم، بەڵام هەر لە پێشەوە بووم. لە ناو پۆلدا چەند عەرەبێکیش هەبوو، بەڵام تورکمان زۆر بوون و قوتابی کوردیش زۆرترین بوو. کچێکی تری کورد ناوی عەزیزە سلێمان



بوو، زۆر زیرەک بوو، بەڵام ئەو هەر لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بە عەرەبی خوێندبووی. لە تەنیشت مندا کچێک دادەنیشت کە دواتر زۆر بوو بە هاوڕێم و زۆرم خۆش دەویست، ناوی نەرمین ئیسماعیل بوو. شیرین و جوان هیدایەت دوو خوشکی هاوپۆلی من بوون، کە جوان لە نووسینی کورتەچیرۆکدا دواتر کارامە بوو، جوان تا ئەمڕۆش هاوڕێیەکی شیرینمە. مامۆستایە و تا ئێستاش هەر نیشتەجێی کفری یە، مەخابن قورسی ژیان و دوورەپەرێزی کفری وای کرد لە نووسین دوور بکەوێتەوە.

لەو ساڵەدا ململانێی زۆر هەبوو لە نێوان مامۆستاکان و من، قوتابییە تورکمان و عەرەبەکان و من. ئەوان زۆریان پێ ناخۆش بوو کە من کوردم و لە زیندانی سیاسیشەوە تازە ئازاد بووم و لە قوتابخانەی کوردییەوە هاتووم و کەچی لەوان باشترم لە وانەکاندا، هەرچییان دەکرد بۆیان قووت نەدەچوو، نەخوازەڵا هەرسکردن، چاویان بە من هەڵنەدەهات. مامۆستاکان هەرچییان دەکرد نەیاندەتوانی نمرەم لێ دابشکێنن و ناچار بوون مافی خۆمم بدەنێ، چونکە لە تاقیکردنەوەکان وەڵامی ڕاست و دروستم دەدانەوە و بوارم نەدەهێشتەوە بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکەیان. لەو ساڵەشدا بڕیارێکی وا هەبوو ئەگەر قوتابی ناوەندی کۆی نمرەکان (معدل)ی لە ٨٥ ٪ کەمتر نەبێت، لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵی لێی دەبوورن و پێویست ناکات بچێتە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ. منیش دوای ئەو هەموو ململانێیە، جگە لە زمانی عەرەبی کە نمرەکەم ٨٥ بوو، وانەکانی دیم لە سەرووی ٩٠ بوون. لەو پۆلەدا تەنها عەزیزە و من ئەو پلەیەمان هەبوو کە بڕیارەکە بمانگرێتەوە و لە کۆتایی ساڵدا نەچووینە تاقیکردنەوە و "مەعفوی عام" یان پێ دەگوت.

ئەو ساڵە ساڵێکی نائاسایی خوێندن بوو بۆ من لە هەموو ڕوویەکەوە، نامۆ بە زۆربەی قوتابییەکان و مامۆستاکان، جگە لەوەش مامۆستاکان بڕێکی زۆریان بەعسی بوون و لەگەڵیاندا هەستم بە نائارامی دەکرد. بەڵام لە نێو قوتابییە کوردەکاندا زۆر خۆشەویست بووم و لە دەرەوەی قوتابخانەش، لە نێو خەڵکی شاردا بە چاوێکی پڕ ڕێز و خۆشەویستییەوە تەماشا دەکرام. ماڵ و کۆمەڵگە قەرەبووی ئەو بێزارییەی قوتابخانەیان بۆ دەکردمەوە. شیعرم دەنووسی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەبوونەوە. ناوبانگم تا دەهات دەگەیشتە بازنەی دوورتر و بە هۆی ئەو

ناوبانگەشەوە وەک شاعیر و وەک لە زیندان ئازادبوویەکی سیاسیش پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیم پەیدا کردبوو، کە جێگەی بایەخی ڕۆشنبیران، سیاسی و نیشتیمانپەروەرانی شار بووم.

ڕۆژێکیان ست سەبیحە لە دەرسی پەروەردەی ئاینیدا شتێکی باس دەکرد و ئەوەندە بەعسی بوو، ئەوەندە ڕاهاتبوو بە سەدامدا هەڵبڵێ، لە جیاتی ئەوەی بڵێت: پێغەمبەری موسڵمانان موحەمەد دروودی خوای لەسەر بێ، گوتی: سەدام حوسێن دروودی خوای لەسەر بێت. منیش یەکسەر بە دەنگی بەرز و قاقا پێکەنیم. هەموو قوتابییەکان هەستیان بە هەڵەکەی کرد، بەڵام کەس نەیوێرا پێبکەنێ، پێکەنینەکەی منیش هەروا و لەخۆیەوە هات و وەک کاردانەوەیەکی ئاسایی هەڵەیەکی وا کە دەکرێت. بەڵام ست سەبیحە بەو پێکەنینەی من شێت و هار بوو، جنێوی پێدام و بە عەرەبی قسەی دەکرد گوتی:

– دەماغ سز، بە چی پێدەکەنی؟

منیش تووڕە بووم و هەستامە سەر پێ و بە کوردی گوتم:

– تۆ بۆت نییە جنێوم پێ بدەیت، پێدەکەنم و زیاتریش!

– دانیشە لە جێی خۆت و زماندرێژی مەکە! بۆت نییە بە کوردی قسە بکەی، دەماغ سز!

ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر جنێودان، بەڵام من هەستام و پۆلەکەم بەجێهێشت و چوومە گۆڕەپانی قوتابخانە، بۆ ئەوەی لە وانەی دوای ئەوە بێمەوە ناو پۆل، بەڵام لە وانەی دووەم بەڕێوەبەری قوتابخانە ناردی بە دوامدا و گوتی بچۆرەوە بۆ ماڵەوە و با سبەینێ دایکت بێت بۆ ئێرە قسەی لەگەڵ بکەین. ناردیان بە دوای دایکم و دەیانویست لەسەر ئەو پێکەنینە لە قوتابخانە دەرم بکەن. هەر لە کۆبوونەوە و گفتوگۆدا بوون بۆ ئەوەی سزایەکم بدەن. هێشتا بڕیاری سزاکەم بۆ دەرنەچووبوو. بیرم دەکردەوە شتێک بکەم ئەو بڕیارە دەرنەچێت.

هەندێ جار مرۆڤ خۆیشی نازانێت چۆن لە پڕ فکرەیەکی بۆ دێ و لە قەیرانێکی وا ڕزگاری دەکات. هەندێ جاریش هەیە فیکرەی خەتەر وا دەکات سەری مرۆڤی تیابچێت. منیش دوای بیرکردنەوە بڕیاڕی خۆمم دا شتێک بکەم، بەپێی ئیلهامی ئەو



فیکرەی کە بۆم هاتبوو، ئەو جۆرە ئیلهامانەم بەدرێژایی ئەم ساڵانەی کە لە ژیانمدا گوزەران بەردەوام هەر بۆم هاتووە و پەیڕەوی زۆربەیانم کردووە و لە زۆربەشیاندا سەرکەوتوو بووم و هەندێ جار لە مەرگیش ڕزگاریان کردووم.

بە تەواوی نهێنییەوە نامەیەکی هەڕەشەئامێزم بە ناوی پێشمەرگەوە نووسی و چووم خستمە پۆستەوە بە ئەدرەسی ست سەبیحە. بەڵام کە نامەکەم نووسی، دەستکێشم لەدەست کردبوو، تا جێپەنجەم لەسەر لاپەڕەکە دەرنەچێت، دەستوخەتی خۆشم تەواو گۆڕیبوو. مەسەلەی دەستکێش لەدەستکردن لە کاتی نووسینی وادا لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەدا باسمان دەکرد و ئەو جۆرە ئەزموونانەمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. نامەکەم بە ناوی تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان نووسیبوو، کە ئەودەم کاک (سامان گەرمیانی) فەرماندەی تیپەکە بوو. کاک سامان پێشمەرگەیەکی ئازای دەڤەری گەرمیان بوو، کەسێکی خۆشەویست بوو لای هەموومان.

کە نامەکەی بەدەست گەیشتبوو، ئیدی مامۆستای ناوبراو بوو بە مرۆڤێکی تر، هێندە نەرم و نیان بووەوە، هەموو کچەکان جگە لە خۆم سەیریان لێ دەهات بۆ و چۆن وا گۆڕاوە. لە هەمووشی خۆشتر ئەوەبوو، بەتایبەت هات و لەبەرچاوی هەموو کچەکان داوای لێبووردنی لە من کرد لەسەر ئەو تووڕەبوون و جنێوانەی هەفتەی پێشووی کە بە منی دابوو. ئەو گومانی ئەوەی کردبوو کە ئەو هەڕەشەیەی کە لە تیپی پەنجا و یەکی گەرمیانەوە بۆی هاتووە پەیوەندی بە منەوە هەبێت و من سکاڵام گەیاندبێت بەپێشمەرگە، بۆیە لە گیانی خۆی دەترسا و دەیویست من ئاشت بکاتەوە و ڕازیم بکات و سکاڵاکەم بکێشمەوە. لە ناو پۆلدا گوتی:

– من وەکو دایکتان وام، خۆ دایکیشتان جاروبار لێتان تووڕە دەبێت، بەڵام من هیچ لە دڵمدا نامێنێ و خۆشم دەوێن. بۆ نموونە ئەو ڕۆژە لە مەهاباد هەندێ تووڕە بووم، داوای لێبووردنی لێ دەکەم، هیچ مەبەستم نەبوو، من مەهاباد و ئێوە هەمووتانم خۆش دەوێت. هەمووتان وەک کچی من وان.

ست سەبیحە لە گەڕەکیش دراوسێمان بوو، نێوان ماڵی ئێمە و ئەوان تەنها سێ ماڵ بوو، بۆیە ئاگاداری ئەوە بووم کە لەو ماوەیەدا ناوێرێ لە ماڵی خۆیان بخەوێت و خۆی و مێردەکەی هەر ئێوارەی لێ دەهات دەچوونە ماڵی خەزووری. جاری وا هەبوو

لە بەر دەرگا بووم و دەمبینی بەرەو ماڵی باوانیان بەڕێوەن و پێکەنین دەیگرتم و لە دڵی خۆمەوە دەمگوت:

– ئاواتان لێ دەکەم! سامان گەرمیانیمان هەیە و ئێوە هەڕەشەمان لێ دەکەن!

ساڵی خوێندنی ١٩٨٣، دەبوایە لە نێوان بەشی وێژەیی و بەشی زانستی هەڵبژێرین. من بەشی زانستیم هەڵبژارد. ئەگەرچی لەگەڵ ئەدەبیاتدا سەرقاڵ بووم و سەروکارم هەبوو. بەردەوام هۆنراوەم دەنووسی و ئەدەبیاتم دەخوێندەوە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە لە بنەماڵەدا هەموویان پێیان دەگوتم مەهاباد دەبێتە پزیشک و ئەوەندەیان دکتۆر پێ گوتبووم، کە حەزم بۆ بەشی زانستی بچێت و بچمە بەشی زانستی. هۆیەکی تریشی ئەوە بوو کە چووبامەیەتە بەشی زانستی لەو قوتابخانەیە ڕزگار دەبووم کە حەزم لێی نەدەکرد. ئەوانەی کە لە بەشی وێژەیی بوون دەبوایە لە هەمان قوتابخانەی کچان بمێننەوە کە ناوی لەبەر تەعریبکردن گۆڕدرابوو بۆ "ئامادەیی ئومولقورا" کە پێشتر ئامادەیی کفری کچان بوو. ئەوانەی کە چوونە بەشی زانستی، دەبوایە بچنە قوتابخانەی کوڕان، ئیدی منیش بەو هەڵبژاردنە لە نیزامی سەربازییانەی قوتابخانەی کچان ڕزگارم بوو.

لە قوتابخانەی کوڕانیشدا لەو ساڵانەدا گۆڕانی سەیر ڕووی دابوو، زیاتر لە نیوەی مامۆستاکان عەرەب بوون و لە شارەکانی فەلوجە و ڕەمادی و تکریتەوە هێنرابوون. بەڕێوەبەری قوتابخانە ناوی حوسێن ئەلخەفاجی بوو، جێگرەکەی ناوی ئیبراهیم ئەلزەیدی بوو، ئەم دووانە هەر یەکەیان بەعسییەکی یەک لە یەک پیستر بوون. جگە لەوان مامۆستای فەلەستینی و میسریشمان هەبوو. مامۆستا فەلەستینییەکە هەندێ جار دەیگوت من کوردم، بەڵام ئێمە باوەڕمان پێی نەدەکرد و دەمانزانی بۆ ئەوەیەتی قوتابییەکان باوەڕی پێ بکەن و نهێنییان لێ دەرکات.

***

**جگە لە ساتی ئێستا، هەموو شتێکی تر، یان بیرەوەرییە یان ئومێدە.**

لالئوو بوکالیا

***



## ڕاپەڕینی قوتابیان

ساڵی خوێندنی ١٩٨٣– ١٩٨٤ ساڵی مانگرتنی قوتابیان بوو، زانکۆکانی کوردستان و قوتابیە کوردەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی بەغدا و کەرکووکیش بەهەمان شێوە دەستیان بەمانگرتن کرد. ئامادەیییەکانیش ئامادەیی خۆیان بۆ ڕاپەڕینێک دەربڕیبوو، ئێمەش لە کفری لە جموجۆڵدا بووین بۆ ڕاپەڕین. من چونکە تازە دەرچووی زیندان بووم چاودێریشم لەسەر بوو، لەو ماوەیەدا زیاتر چاویان تێ بڕیبووم و لە قوتابخانە و لە ڕێگەی قوتابخانەش ئاگام لێبوو بەدوامەوەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی نامەوە لەگەڵ هەندێ قوتابی تر پەیوەندیمان گرت و خەریکی خۆسازدان بووین بۆ خۆپیشاندان لە کفری. من کە پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەبوو، پەیوەندییەکەشم ساڵێک زیاتر بوو لە ڕێگەی شەهید (سەید محەمەد) دروست کردبوو، کە ئەودەم بەرپرسی ڕێکخراوی گەرمیانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. هەفتەی جارێک کۆبوونەوەمان دەکرد و لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەکانمان لەسەر خۆپیشاندان چڕکردبۆوە و گفتوگۆمان لەسەر دەکرد.

دەزگای ئەمنی بەعس بەهۆی ئەوەی کە لە شارە گەورەکان خۆپیشاندان سازکرابوو، ئامادەیی تەواویان بۆ سەرکوتکردنی هەر خۆپیشاندانێک کردبوو کە لە کفری و شارۆچکەکانی دیکە ڕوویدات. ئێمەش ئامادەیی تەواومان کردبوو، تەنها چاوەڕوانی هێمایەک بووین لە سەید محەمەد بەرپرسی ڕێکخستنی کفرییەوە سەرپەرشتی ئێمەشی دەکرد. بەڵام ئەو هێمایەی نەدا و چاودێری تەواوی بارودۆخەکەی کردبوو، دەیزانی ئەگەر خۆپیشاندان بکرێت هەر هەموومان تیادەچین و دەستکەوتێکیشمان نابێت. ئەمن و پۆلیس تەیار کرابوون بۆ ئەو مەبەستە و هەموو شوێنێکیان تەنیبوو. لە کەرکووک خۆپیشاندانی قوتابیان ببووە هۆی گرتن و کوشتنی دەیان قوتابی، بەهەمان شێوە لە موسڵ و بەغدا، لە سلێمانی و هەولێر

خۆپیشاندان بەرفراوانتر بوو، لەوێش دەیان قوتابی گیران و کوژران، ژمارەیەکی زۆریشیان لە کۆلێژەکانیان دەرکرد و لە خوێندن بێبەشیان کردن. دوای چەند ساڵێک بەبڕیارێک وەریانگرتنەوە و دەستیان بەخوێندنەکەیان کرد.

لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم و دەمبینی ئەو بەڕێوەبەرە و جێگرەکەی و مامۆستا عەرەبەکان چەند سووکایەتی و گاڵتە بەکورد دەکەن و جار جار لە ناو پۆلدا شتی وایان بەکورد دەگوت کە ئێمە خەریک بوو دڵمان بتۆقێت. بیرم کردەوە ئەوانیش بەدەردی (ست سەبیحە) ببەم. هەمان شێوازی هەڕەشە بەکاربهێنم بۆ تۆقاندنیان. بۆ ئەم جارەیان (شادیە و ڕووناک)ی هاوڕێمم ئاگادار کردەوە و ئەوانیش هاوڕام بوون کە کارێکی وا ئەنجامی دەبێت. بڕیارمان دا پێکەوە نامەیەکی هەڕەشەئامێز بنووسین. من و ڕووناک چووین بۆ ماڵی شادیە. کەسوکاری ئەم دوو هاوڕێ هەرە نزیکەم حەزیان نەدەکرد هاتوچۆیان بکەم، چونکە زۆر دەترسان. چونکە من دەرچووی زیندان بووم و گومانیشیان دەکرد من کچەکانیان لە ڕێکخراوی کۆمەڵەدا ڕێک دەخەم. بەهەرحاڵ ناهەقیشیان نەبوو لەوە بترسن، چونکە من ئەو دوو هاوڕێیەم پێش هەموو ئەوانی تر ڕێک خست و لە شانەیەکدا کارمان دەکرد. ئەم دوو هاوڕێیەم زۆر جێگەی باوەڕم بوون. لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا تەنها ئەڵقەی سێ کەسی دەبوایە هەبێت و لەسێ کەس زیاتر نەدەبوو یەکتری بناسن.

لە ژوورێک لە ماڵی شادیە دانیشتین و دەستکێشم لە دەست کرد و بەعەرەبی دوو نامەمان نووسی، یەکێکیان بۆ (حوسێن خەفاجی) بەڕێوەبەر و دووەمیان بۆ (ئیبراهیم زەیدی) جێگری بەڕێوەبەر. لە نامەکەدا کە بەناوی تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان نووسیبوومان هەڕەشەی ئەوەمان لێ کردبوون کە ئەگەر جارێکی تر لە ناو پۆلەکاندا، یان لە ئیدارەدا یان لە هەر شوێنێکی تردا قسەیەک، سووکایەتییەک بەکورد و بەقوتابی کورد بکەن، لە ناو دەبرێن. بۆمان نووسیبوون کە دەستگیرکردنی ئێوە بۆ ئێمە وەک ئاوخواردنەوەیە، جا ئاگاداربن! هەتا ئەم چەند ڕستەیەمان بەعەرەبی پێکەوە نا هەر پێدەکەنین و نوکتە و قسەی خۆشمان دەکرد پێکەوە (بەداوای لێبووردنەوە لە کاک سامان گەرمیانی کە ئەو ئاگای لەو نامانە نەبوو کە ئێمە بەناوی تیپەکەیەوە بۆ بەعسییەکانمان دەنارد و هەڕەشەمان لێ دەکردن، چونکە



چەند جارێک ڕاپۆرتم بۆ ڕێکخستن دەنووسی سەبارەت بەڕەفتاری ئەو بەعسییانە و هیچ دەنگیان نەبوو، ناچار خۆمان بەو ئەرکە هەڵسایین) بەڵام ئەو نامانە کاریگەری یەکجار باشیان هەبوو، کاردانەوەی یەکجار خێراشیان هەبوو، ترسێکی زۆریشیان لە لایان دروست بوو لە سامان گەرمیانی و تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان. دەبوو بیانترسێنین، ئەوان ئەگەر لە پێشمەرگە نەترسابان دەیانخواردین.

خانوویەک هەبوو بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە شارەکانی ترەوە هاتبوون و لەوێ دەژیان. بەشی ناوخۆیی مامۆستایانی دەرەوە بوو. هەردوو ناوبراوی هەڕەشەلێکراو کە لەو بەشە دەمانەوە، دوای ئەو نامەیە ئیدی نەچوونەوە بۆ ئەو خانووە و شەوان لە بارەگای حیزبەکەیان دەمانەوە کە بەرامبەر بەنکی ڕافیدێن بوو. بارەگای حیزبی بەعسیش ئەو ماوەیە پاسەوانی باشتری لێدەکرا و لە ئامادەباشیدا بوون. لە قوتابخانەش دوای گەیشتنی نامەکە هەردوو هەڕەشە لێکراو هاتنە پۆلەکەی ئێمە و گوتیان: هەر یەکەتان کاغەز و قەڵەمێ دەرکەن. ئینجا گوتیان بنووسن، خۆیان پێیان دەگوتین و ئێمە دەماننووسی، هەندێک لەو وشانەشیان خستبووە ڕستەوە کە لە نامەکەدا بەکار هاتبوو، تا خەتەکەی بناسنەوە، بەڵام من دەمزانی ئەوان کوێیان دێشێ و بەجۆرێ بۆم دەنووسین کە قەت خەتەکەمان نەدۆزنەوە. ئیدی ئەوان لە ترسی گیانی خۆیان دەستیان لە سووکایەتی و جنێودان بەکورد هەڵگرت.

لە سیاسەتی ڕژێمی دیکتاتۆری عیراقدا بەرامبەر بە کورد، سێکوچکەیەک هەبوو بۆ هەموو کەس ناسراو بوو، تەعریب، تەبعیس و تەرحیل، واتە بەعەرەبکردن، بە بەعسی کردن و ڕاگواستنەوە. ئەم سیاسەتە ڕۆژانە و لە هەموو بستێکی کوردستاندا پیادە دەکرا.

بەعەرەبکردن تەنها ئەوە نەبوو کە زمانی کوردییان قەدەغە کرد و قوتابخانەکانیان کرد بە عەرەبی، بەڵکە هەوڵیان دەدا خێزانە کوردەکان لە کاتی سەرژمێریدا نکۆڵی لە بنەچەی خۆیان بکەن و خۆیان بە عەرەب ناونووس بکەن. بە بەعسیکردنیش پایەیەکی تری ئەو سیاسەتە بوو کە بەزۆر کارمەند و مامۆستا و قوتابی و پیشەوەرەکانیان دەکرد بە بەعسی و بەوەش بەڵێنیان لێ وەردەگرت ئەگەر هاوکات لە هەر حزبێکی نهێنیدا کار بکات و پێ بزانن لە سێدارەی دەدەن.

ڕاگواستنەوەی خەڵکی کورد بۆ خوارووی عیراق کە تەواو لە عەرەب پێکهاتوون، هەروەها گواستنەوەی خەڵکی خوارووی عیراق بۆ کوردستان و بەتایبەتی بۆ کەرکووک و دەوروبەری ئەو سیاسەتە بوو کە کاریگەری لەسەر کولتوور و کەسایەتی و عەقڵیەتی هەموو کەسێک کرد.

ئەو سێ ساڵەی لە قوتابخانەی ئامادەیی بووم، هەر ساڵەی زیاتر لە دە جار ئەو قوتابیانەیان بانگ دەکرد کە بەعسی نەبوون و داوایان لێ دەکردین ببین بە بەعسی. جارێکیان ژمارەمان پانزە کەس زیاتر بوو، من لە یەکەم کورسی دانیشتبووم و ئەوانی دی بەڕیز لە تەنیشتمەوە بوون تا ئەوسەری ژووری بەڕێوەبەر. ستار ئەفەندی بەڕێوەبەر و شاکر ئەفەندی مامۆستای عەرەبی و کابرایەکی تر کە لە بارەگای حیزبی بەعسەوە هاتبوو زیاتر لە کاتژمێرێ باسی نیشتیمانپەروەریتی و دڵسۆزی بۆ عیراقیان بۆ کردین و باسی دەستکەوتەکانی شۆڕشی تەمووز و پیاوەتیەکانی سەدامی دیکتاتۆریان بۆ کردین، دوای ئەوە گوتیان ئێستا دەمانەوێت بزانین ڕاتان چییە و دەتانەوێت بێنە ڕیزی حیزبی بەعسەوە؟ چونکە من لە یەکەم کورسی دانیشتبووم، لە منەوە دەستی پێ کرد. منیش گوتم:

– نەخێر نابم، ئارەزووم لەحیزبایەتی نییە.

– ئاخر تۆ قوتابیەکی زیرەکی و نموونەییت و پێویستە تۆ پێش هەر قوتابیەکی تر بێیت و ببیت، چونکە ئێمە قوتابی نموونەییمان دەوێت و.. هتد.

– سوپاس مامۆستا، بەڵام نابم، چونکە هیچ ئارەزووم لە حیزبایەتی نییە.

هەموو ئەوانی دیش لە دوای منەوە کە نۆرەیان هاتە سەر هەر هەمان قسەیان دووپات کردەوە و ئەو جارە هیچ دەستکەوتیان نەبوو. بەڕێوەبەر تەماشای منی کرد و بە بوغزەوە بەڵام گوایە گاڵتەمان لەگەڵ دەکات، گوتی:

– هەمووی خەتای مەهابادە، ئەگەر ئەو ببوایە هەموو ئەوانی تریش چاویان لێ دەکرد و دەبوون، چونکە ئەو قوتابیەکی نموونەیییە، کە نەشیکرد بزانە هەموویان ڕێک قسەکەی ئەویان کردەوە و کەسیان نەبوون.

داخوازی بوون بە بەعسی قوتابیانی هەراسان کردبوو، هەندێک لە قوتابیەکان هەر بۆ ئەوەی وازیان لێ بهێنن خۆیان ناونووس کردبوو ببوون بە ئەندام، دەچوونە



کۆبوونەوەکانەوە. لە دواییدا ژمارەیەکی زۆرکەم ماینەوە.

لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، سەرەتای ساڵی خوێندن بوو، بە گوڕ و تینێکی باشەوە خەریکی دەرسەکانم بووم و وەک پێشتر و بڕێک زیاتر لە ساڵانی دی دەمخوێند و بەتەمای ئەوە بووم نمرەیەکی باش بهێنم و بچمە کۆلێژێکی بە دڵی خۆم. لە لایەکی تریشەوە بە کاری ڕێکخستنەوە خەریک بووم و بە نهێنییەوە ڕاپۆرت و گۆڤاری کۆمەڵە و نووسراوەکانی پێشمەرگەمان پێدەگەیشت و بڵاومان دەکردەوە و لەبەرمان دەنووسییەوە و دابەشمان دەکرد بەسەر ئەندامانی تردا. بۆ خۆشم هەندێ لە شیعرەکانم دەنارد بۆ گۆڤارەکانی یەکێتی نووسەرانی شاخ و لەوێدا بە ناوی نهێنی ژاڵە، ئالا، هەتاو گەرمیانی و چەند ناوێکی تر بڵاو دەبوونەوە. لەو ماوەیەدا هەندێ شیعر کە بە ناوی جوامێر بڵاودەبوونەوە زۆر سەرنجمیان ڕادەکێشا و هەندێک کەس دەیانگوت ئەوە شیعری شێرکۆ بێکەسە. کەشکۆڵی پێشمەرگە و داستانی هەڵۆی سوور هەر لەو ماوەیەدا گەیشتنە من. ئەدەبیاتی شاخ چونکە لە کەش و هەوایەکی ئازادانە نووسرابوون تام و چێژێکی زۆریان هەبوو بۆ ئێمە کە لەژێردەستی ڕژێمی داگیرکەر دەژیاین، کاریگەرییەکی زۆریشیان بەتایبەتی لەسەر ئێمەی لاو و تازەنووسەر دادەنا.

من لە گۆڤارەکانی تریشدا، بەتایبەتی بەیان، ڕۆشنبیری نوێ و کاروان شیعرم بڵاو دەکردەوە. ڕۆژێ بە ڕێکەوت گۆڤاری کاروانم دی و ناونیشانەکەی لەسەر بوو، شیعرێکم بەو ناونیشانە بە پۆستدا بۆ ناردن. لە کفری دوای داخستنی کتێبخانەکەی باوکم ئیدی کتێبخانەیەکی تر نەبوو، من باوکم کە سەفەری شارانی تری دەکرد گۆڤارەکان و ڕۆژنامەی بۆ دەهێنام. کە گۆڤاری کاروانی بۆ هێنام بینیم ئەو شیعرەی کە بۆم ناردبوون بڵاویان کردۆتەوە. لەو بەشەی کە ناویان نابوو ئەدەبی لاوان. جگە لە یەکەمین هۆنراوەم کە مامم هاوکاری کردم و بۆی بڵاوکردمەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ئیدی ئەوانی ترم هەر خۆم و لە ڕێگەی پۆستەوە دەمنارد و بڵاودەبوونەوە.

مامم (عەبدوڵڵا قەرەداغی)، کە هاوڕێیەکی باشیشم بوو، هەر لە ساڵی ١٩٨١ەوە ئیدی چووە شاخ و بوو بەپێشمەرگەی حیزبی شیوعی. بە دەرچوونی مامم بۆ نێو

پێشمەرگە هەستی تەنیاییم زۆر لە لا دروست بوو، چونکە ئەوم بە پشتیوانێکی تەواوی خۆم دەزانی. ئیدی جگە لە نامەکانی کە ساڵی جارێک پێم دەگەیشت، هەواڵی دیکەیم نەدەزانی. بەڵام ئەو نامانەشی بۆ من دڵدەرەوە بوون، چونکە لە نامەکانیشدا هەر هانی دەدام و دەینووسی کە شیعرەکانم دەبینێ و شانازیم پێوەدەکات.

نزیکی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بوو، سەرگەرمی خوێندنی قوتابخانە، نووسینی شیعر، کاری ڕێکخستن بووم و لە هەرسێ بوارەکەشدا سەرکەوتوو بووم. تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، لە لووتکەی وزە و چالاکیدا بووم و بزێوانە هەرسێ ئەرکەکەم ڕادەپەڕاند. خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆری، کە تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز بوو بۆ چوونە زانکۆمان، لەو ماوەیەدا نامەیەکم بە هەواڵێکی ناخۆشەوە بۆ هات. نامەکە لە مستەفاوە بوو، ئەو کوڕەی کە پەیوەندی خۆشەویستیمان پێکەوە هەبوو، ئەو دوو ساڵ بوو بە نیازی دەرەوەی وڵات سەفەری کردبوو، ئاگامان لە یەکتری بڕابوو، بەڵام من ئەوم هەر لە بیردا بوو، هەر وەک خۆشەویستێکی دوور لە خەیاڵ و هۆشمدا بوو. لە نامەکەدا باسی ئەوەی کردبوو کە پەیوەندی خۆشەویستیمان کۆتایی پێ بهێنین چونکە نازانین چارەنووسمان بە چی دەگات و با بەم شێوەیە گیرۆدەی ئەڤینێک نەبین کە نازانین ئاکامەکەی چییە. ئەگەرچی ئەو داخوازییە لۆژیکی تێدا بوو، بەڵام من لەو تەمەنەدا هەستیار بووم و لەگەڵ هەستەکاندا زیاتر سەروکارم هەبوو وەک لە عەقڵ و لۆژیک. ئەو نامەیە زۆر ناڕەحەتی کردم و تووشی خەمبارییەکی زۆری کردم. ئەگەرچی ئەو خۆشەویستییەی ئێمە ئەگەر بەپێوەری ئێستای خۆم بێت ناوی خۆشەویستی لێ نانرێت، کەمترین ماوە یەکتریمان دیبوو، کەمترین قسەمان پێکەوە کردبوو، بەڵام نامەی زۆرمان بۆ یەکتری نووسیبوو. دوای ئەو نامەیە کە وانەکانم دەخوێند خەیاڵم دەپەڕی و نامەکەم بیرم دەکەوتەوە، نامەکە لە کاتێکی زۆر ناسکدا بەدەستی من گەیشت.

من تەکنیکی خوێندنی وانەکانم وەک هاوڕێیانی ترم نەبوو، قەت کتێبەکان و بابەتەکانم لەبەر نەدەکرد و پێویستم بە ماوەیەکی زۆر نەبوو بۆ ئەوەی فێریان ببم. هەبوون کە دەیانخوێند سەرلەبەری وانەکانیان لەبەردەکرد. من ئەو سیفەتەم نەبوو،



یەک جارم بمخوێندایەتەوە بەسم بوو. زۆر ئاسایی بوو بە لامەوە لە نێو قەرەباڵغی و ئاپۆڕەی خەڵکدا بخوێنم. بەڵام ئەو نامەیە بڕێک کاری لێ کردم و لەو ماوەیەدا تووشی بێتاقەتییەک هاتم لە خوێندنی قوتابخانە و گوێم پێی نەدەدا. لەو ماوەیەدا بە تەواوی لە خوێندنی قوتانخانە سست بوومەوە و بەپێچەوانەشەوە لە نووسینی شیعر و خوێندنەوەی ئەدەبیات چالاکتر بوومەوە و لە کاری ڕێکخراوەییش چالاکتر و سەرەڕۆتر بوومەوە. لەو ساڵەدا چەند جارێک خەریک بوو لە کاتی دابەشکردنی بڵاوکراوەی نهێنیدا ئاشکرا بم و ئەگەر بۆ جاری دووەم بیانگرتبام مردنم مسۆگەر بوو، چونکە لە کاتی ئازادبوونم لە زیندان پەنجەکانی دەست و پێیان مۆر کردبووم و نووسیبوویان ئەگەر لە هەر ڕێکخراوێکی موخەڕبین کار بکەی یەکسەر لەسێدارەت دەدەین.

لەو ماوەیەدا دوو هەفتە جارێک کۆبوونەوەمان دەکرد لە ماڵێک لە گەڕەکێکی کفری کە گەڕەکێکی نوێ بوو بۆ فەرمانبەران دروست کرابوو. ئەو گەڕەکەیان ناونابوو "حی اشتراکی". کوڕێکی گەنج کە ئەودەم چەند ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو کرابوو بە بەرپرسمان و ناوە نهێنییەکەی (پشتیوان) بوو. ئەم برادەرە کۆمەڵێ تیۆری مارکس و لینینی لەبەرکردبوو لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا دووبارەی دەکردەوە. من بۆخۆم زۆر لەو زیاترم لە بارەی مەسەلەکانی سۆسیالیزم و مارکسیزم و ئیمپریالیزم و ئیزمەکانی تر خوێندبووەوە، بۆیە بەو هەموو دووبارەکردنەوەیەی ئەو برادەرە بێزار دەبووم. بەڵام چارمان نەبوو، شۆڕش ئەوی کردبوو بە بەرپرس و دەمڕاستی ئێمە و دەبوو قبوڵی بکەین. لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ پشتیوان ئێمە سێ کەس بووین و بە جیا دەچووین بۆ ماڵەکە لەبەرئەوەی هەست بەوە نەکرێت بۆ کۆبوونەوە دەچین، شادیە و ڕووناک و من. بەندە سەرشانەی ژنان بووم و هەر یەک لەوانیش سەرپەرشتی چەند کەسێکی تریان دەکرد. لە دیسپیلینی کۆمەڵەدا نەدەبوو کەسێ لە دوو کەسی تر زیاتر بناسێت و سێ کەس ئەوپەڕی بوو. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە پشتیوان داخوازییەکی هەبوو، بە ئێمەی گوت:

– پێویستە هەر هەفتە و یەک کەستان بێت بۆ کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی تۆڕەکەمان کەشف نەبێت و هەست دەکەین چاودێری لەسەر ماڵەکە هەیە.

– باشە، چۆنت پێ باشە وا دەکەین.

هەفتەی یەکەمی من بە تەنیا چووم و لە هەمان ماڵ کە نازانم ماڵی پوری یان خوشکی بوو دانیشتین و دەستی بە سەدپاتکردنەوەی تیۆرییەکانی مارکس و لینین کرد، چونکە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بوو. ئەو ماوەیە ناوی نهێنی من "بەردەوام" بوو، زوو زووش ناوە نهێنییەکەمیان دەگۆڕی. ناوی (بەردەوام) هەر خۆیان بۆ منیان دانابوو، دەیانگوت چونکە تۆ دوای زیندانبوونیش هەر کۆڵت نەداوە و بەردەوام بووی لەسەر خەبات، ناوت دەنێین بەردەوام. من ئەوکاتەی کە لە زیندان بووم ئەندامی هیچ ڕێکخراوێک نەبووم و تەنها هەست و نەستی خۆم بۆ کوردایەتی دەردەبڕی، بۆیەش جیاوازیم نەدەکرد لە نێوان پارتی و یەکێتی و ڕێکخراو و حیزبەکانی دی. بۆیە لەسەر هۆنراوە بۆ بارزانی نەمر و هۆنراوە بۆ شەهیدێکی کۆمەڵە گیرام. ئەو جیاوازییە تەنها حیزبەکان فێرت دەکەن بیکەی. من دوای ئازادبوونم لە زیندان ئینجا پەیوەندیم کرد بە ڕێکخراوی کۆمەڵەوە. هەروەها دەیانگوت چونکە تۆ لە زیندان بووی و چاوەدێریت لەسەرە پێویستە ناوەکەت ماوەی جارێک بگۆڕین و هەر چەند مانگێک و پشتیوان ناوێکی نهێنی نوێی بۆ دادەنام بە کەیفی خۆی، ناوەکان ئەوەندە زۆرن کە هەموویانم لەبیر نەماوە و هەر ئەو کاتەش لێم تێک دەچوو کە کام لە ناوەکان بۆ ئەو کاتە برەویان هەیە.

پشتیوان ئەمجارەیان بە پەلە پەل قسەکانی دەکرد و هەستم دەکرد دەیەوێ زوو تەواوی بکات و دیار بوو قسەی تری پێیە. ئەوەم بە تەواوی هەست پێ کرد. منیش هێندە ئەو قسانەم بیستبووەوە باکم نەبوو لەوەی تێی دەگەم یان نا، زۆربەی کات لە کاتی قسەکانی ئەودا خەیاڵم دەیبردمە جێگەی دیکە. پشتیوان لە تیۆرییەکانی مارکس بووەوە و ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد و تفێکی قووت دا و بە شێوازێک کە شەرمی پێوە دیار بوو، ئاوازی دەنگی گۆڕا و گوتی:

– هاوڕێ بەردەوام دەمەوێ شتێکی تایبەتیت پێ بڵێم؟

– فەرموو هاوڕێ.

هەرچی خوێنی هەبوو لە دەموچاویدا کۆببووبۆوە و ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو. هەر بە هەست و بە بەهرە لە خوێندنەوەی مرۆڤدا شارەزاییەکم هەبوو، تێدەگەیشتم



مرۆڤێک کە قسەم لەگەڵ دەکات بە چ نیازێکەوە دەیکات. بەو شێواوییەی پشتیوان هەستم کرد دەیەوێت چی بڵێت، بە شێوازی سووڕهەڵگەڕانەوە و شێواوییەکەشی پێکەنین گرتبوومی و لە دڵی خۆمەوە دەمگوت چەند گوناهیشن ئەم کوڕە کوردانە کە ناتوانن دوو قسەی ڕێکوپێک لەگەڵ کچاندا بکەن. ئەو دەستی پێ کردەوە:

– لە ڕاستیدا تۆ کچێکی زۆر تێکۆشەری و زۆر موعجەبم بەو ڕاپۆرتانەی کە دەیاننووسی. شێوازێکی ئەدەبی زۆر سەرنجڕاکێشت هەیە لە نووسیندا.

– زۆر سوپاس.

– من زۆر موعجیبی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەتم و حەز دەکەم بزانم ڕای تۆ چییە لەسەر من؟

– ڕای من لەسەر چی تۆ؟

– زۆر بە سەراحەت حەز ئەکەم پێت بڵێم من ماوەیەکە موعجیبی تۆم و تۆم خۆش دەوێ، ڕای تۆ چییە لەسەر من.

– من تەنها تۆ وەک بەرپرسێک دەبینم و هیچ هەستێکم نییە بەرامبەرت جگە لە هەستی بەرپرسیارێتیم بەرامبەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

– ئاخر قەی چێکا خۆ ئەمە ڕێگر نییە..

– کاکە کۆمەڵە تۆی داناوە کۆبوونەوەمان لەگەڵ بکەی نەک دڵداری.

– ئاخر،

– ئاخر چی؟ ئەوە من دەڕۆم و حەز دەکەم بزانی جارێکی تر نایەمەوە بۆ هیچ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ تۆ، تێگەیشتی؟!

من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و ئیدی نەچوومەوە بۆ کۆبوونەوە، بەڵام گومانم دەکرد کە ئەگەر شادیە و ڕووناکیش بۆ کۆبوونەوە بچن هەمان شتیان پێ بڵێت، بۆیە لای ئەوان هیچم باس نەکرد و پێم گوتن ئێوەش بچن بۆ کۆبوونەوەکان، بزانین چۆن دەبێت.

هەفتەی دوای من ڕووناک چووبوو بۆ کۆبوونەوە، لە هەفتەی سێیەمیش شادیە، دوای ئەوە من داوام کرد لەگەڵ شادیە و ڕووناک کۆببینەوە و باسی ئەو ڕەوشە

بکەین. لە ماڵی ڕووناک کۆبووینەوە و من دەستم بە قسەکردن کرد:

– هاوڕێیان حەز دەکەم شتێکتان بۆ باس بکەم، من زۆر بێزارم لەم کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ هاوڕێ پشتیوان دەیکەین، هەموو ئەوانەی کە دەیڵێ دووبارەیە و هیچی لێوە فێر نابین. دەمەوێ ئەوەش بزانن لە دوایین جاردا داوای پەیوەندی لێ کردووم و منیش بڕیارم دا ئەوە دواجار بێت. دەمەوێ ڕاپۆرتێک بۆ هاوڕێ سەید محەمەد بنووسم و داوا بکەم کە ئیتر ئەو بەرپرسەمان بگۆڕێت. ئەوەی ئەو دەیڵێ ئێمە خۆمان دەیزانین و هیچ زانیارییەکی تازەی نەداوینەتێ.

کە من ئەوەم گوت هەردووکیان دەستیان بەپێکەنین کرد، منیش تێگەیشتم و بەردەوامیم بە قسەکانم دا:

– دەزانم بە ئێوەشی گوتووە کە خۆشی دەوێن، من گومانم دەکرد وا بکات، بۆیە حەزم کرد خۆشتان بچن و ببیستن.

شادیە و ڕووناک باسی کۆبوونەوەکەی خۆیان گێڕایەوە و ئەو ڕۆژە هەرسێکمان هەر بەو چیرۆکە سەیر و سەمەرەیەی خۆشەویستی مەسئولەکەمان پێدەکەنین. ئەو تا دوا دانەمان کۆڵی نەدابوو، داوی ئەوینی هەرکاممان بیگرتایە فەرقی نەبوو بۆی. تا ماوەیەکی باش نوکتەمان ببوو بە باسی ئەو و خۆشەویستییە سێ سەرییەکەی ئەو بەرپرسە. ڕووناک و شادیە ڕازی بوون لەسەر ئەوەی من گوتم و ڕاپۆرتمان بۆ بەرپرسی ڕێکخستن نووسی و ڕەوشەکەمان بۆ باس کرد.

ئەگەرچی زامێکی گەورەیە و بە ناوهێنان و باسکردنی دەکولێتەوە، بەڵام ناتوانم باسی نەکەم. ئەم ڕووناکە کە هاوڕێی تەمەنم بوو، کە هەزاران یادگاریم لەگەڵیدا هەیە و کە زۆرزۆرم خۆش دەویست و خۆش دەوێ، سەرەتای ئەمساڵ ٢٠٠٦، بە نەخۆشییەک گیانی لە دەست دا و ئازارێکی قووڵی لە لای من بەجێهێشت کە تا دەمرم لەگەڵمدایە. ڕووناک هێندە منی خۆش دەویست، ئەو دەمەی لە زیندان بووم دەیویست شتێک بکات و بیگرن تا بیهێنن بۆ لای من، چونکە دەیگوت ئێستا مەهاباد لە زیندان تەنیایە. ڕووناک هی ئەوە نییە بتوانم لەبیری بکەم. ڕووناک، هاوڕێیەک بوو کە وەفا و خۆشەویستی و میهرەبانییەکەی بێ وێنە بوو. هەرچەند دوور دەکەوتینەوە لە یەکتر، هەر هەمان شێوە یادی یەکترمان دەکردەوە و یەکتریمان بەسەر دەکردەوە.



ڕووناک حەیف بوو کوژایەوە. حەیف بوو سێ منداڵەکەی و هاوسەرەکەی و منی هاوڕێی بەجێهێشت. دەزانم گەر بەدەستی خۆی بوایە قەت ئەوەی نەدەکرد. قەت بە جێی نەدەهێشتم، بەڵام ئێستاش جاروبار کە تەنیام و کە یادگارییەکانی دێنەوە، ڕۆحی ڕووناک دێتەوە لام و تێر یەکتری دەدوێنین.

***

**ئەبێ ئازادی بەشێوەیەکی کاتی لەدەست بدەین تا بتوانین بۆ هەمیشە پارێزگاری لێ بکەین.**

مۆنتسکیۆ

***

# هەنارستانی هەزارکانی

من دوا بەدوای ئەو کۆبوونەوەی خۆمان و بڕیاردانمان کە پەیوەندی ڕێکخراوەییمان بە پشتیوانەوە ببڕین، ڕاپۆرتێکم بۆ شاخ بۆ دەستی بەرپرسی ڕێکخستنی گەرمیان "سەید محەمەد" نووسی. کردبووم بە باو لە سەرەتای ڕاپۆرتەکانمدا هەموو جارێک بە شێوازێکی ئەدەبی و سیاسی باسی بارودۆخی گشتی کوردستانم دەنووسی و بەتایبەت ڕەوشی ئەو دەڤەرەی خۆمان و ڕەفتاری بەعسییەکان لەگەڵ خەڵک، دوای ئەوەش باسی ڕەوشی ڕێکخراوەیی خۆمانم دەنووسی و هەر داخوازییەکیش تایبەت بە هەر ئەندامێکیش بوایە لە تێبینییەکانی کۆتاییدا دەمنووسی.

لە ڕاپۆرتی ئەو جارەدا باسی پشتیوان و عەشقەکەی بۆ هەرسێکمان لە بەشی کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا باس کرد و داواشم لە سەید محەمەد کردبوو کە ئیدی ئەومان ناوێت بەرپرسمان بێت. جاران کە ڕاپۆرتەکانم دەنووسی بە خودی پشتیواندا دەمنارد، بەڵام ئەمجارەیان داوام لە مام ڕەشید کرد بیگەیەنێت. مام ڕەشید زوو زوو هاتوچۆی لادێکانی دەکرد و نازمی کوڕی پێشمەرگە بوو، هەروەها کەسوکاریشی لە دێی بەلەگە بوون، منیش لە ڕێگەی هەدیەی کچییەوە کە لە شانەی ژناندا بوو لەگەڵمان دەمزانی مام ڕەشید، کە لە کفری هەر بە "ڕەشەبەلەگە" ناسرابوو، تەتەری نێوان شار و شاخە و ئێمەش دەتوانین سوودی لێ وەرگرین و بیکەین بە تەتەری خۆمان.

هەر بە مام ڕەشیددا وەڵامێکی سەید محەمەدم بۆ هاتەوە و لەوەدا کۆمەڵێ شتی دیکەم بۆ دەرکەوت. لە نامەکەیدا داوای لێبووردنی کردبوو کە ئەو بەرپرسە وای کردووە لەگەڵ ئێمە، هەروەها نووسیبووی بە شێوازی ڕاپۆرتەکەمدا بۆی دەرکەوتووە هەموو جارەکانی تر کە من ڕاپۆرتم نووسیوە، پشتیوان نەیگەیاندووە و لەبەری نووسیووەتەوە و بەناوی خۆیەوە ناردوویەتی. سەید محەمەد داوای کردبوو کە هەرسێکمان ڕووناک و شادیە و من بچین بۆ دێی هەزار کانی و لەوێ لەگەڵ خۆیدا





کۆببینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش مام ڕەشیدی ڕاسپاردبوو ڕۆژی (هەینی) بمانگەیەنێتە جێگەی مەبەست.

بینینی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بۆ ئێمە بەدیهاتنی خەونێکی خۆش بوو، بەڵام چۆن بچم کە نابێت کەسوکارم بزانن و بە تەواوی نهێنییەوە ئەوە ڕووبدات. دەبوایە دوو ڕۆژی تر بچین بۆ کۆبوونەوەکە. بە خێرایی شادیە و ڕووناکم ئاگادار کردەوە کە خۆیان ئامادە بکەن. ئەوانیش ئەم هەواڵەیان زۆر پێ خۆش بوو، بەڵام ئەوانیش و منیش نەماندەزانی چۆن ئەو سەردانییە بکەین بەبێ ئەوەی کەسوکارمان پێ بزانێت.

فەرەیدوونی برام دوو ساڵ لە من منداڵترە، ئەودەم من هەژدە ساڵ و ئەو شازدە بوو. دەمزانی پەیوەندی بە ڕێکخستنی کۆمەڵەوە هەیە و دەمزانی ئەویش ئاگاداری پەیوەندییەکانی منە لەگەڵ ڕێکخستندا. بانگم کرد و پێم گوت:

– دەزانم لە کۆمەڵەیت و کاریان لەگەڵ دەکەی، بۆیە ئەم نهێنییەت لا باس دەکەم.

– نهێنی چی؟

– دەبێ بچم بۆ کۆبوونەوەیەک لە ناوچە ئازادکراوەکان. دەمەوێ تۆ ڕۆژی هەینی بە پیکابەکەی باوە بمانبەیت و بۆ ئێوارە بگەڕێینەوە.

فەرەیدوون کە ئەم قسەیەی بیست خەریک بوو لە خۆشیدا هەڵفڕێت. ئیدی بیری لەوە نەکردەوە چۆن ئۆتۆمبیلەکە ببات، ئەی باوکم ئەگەر بزانێ چیمان پێ دەڵێت، ئەی ئەگەر بە دواماندا بگەڕێن و نەماندۆزنەوە چی ڕوو دەدات؟!

من لە ماڵەوە گوتم لە ماڵی شادیە داوەتم، شادیە گوتبووی لە ماڵی ڕووناکم، ڕووناکیش گوتبووی لە ماڵی مەهاباد داوەتم. ئەوەندە کەمئەزموون بووین بیرمان لەوە نەکردەوە هەرسێکمان ماڵەکانمان نزیکە لە یەکەوە و ئەگەر منداڵێک بنێرن بە دواماندا و بزانن لەوێ نین ئاشکرا دەبین. چونکە ئەوەندە حەزمان لەو چوونە بوو، گوێمان بەهیچ نەدا. پێش کاتژمێر نۆی بەیانی من و ڕووناک و شادیە چووینە ماڵی مام ڕەشید، فەرەیدوونیش تویتاکەی باوکمی هێنا و سوار بووین. من و ڕووناک جلی ئاسایی ناوشارمان لەبەر بوو، بەڵام شادیە دەستێ جلی کوردی لەبەر کرد و سەرپۆشێکی لەسەرنا، گوتمان ئەگەر لە سەیتەرەکان پرسییان دەڵێین خزمێکمانە و

نەخۆشە و دەیبەین بۆ لای شێخ!

فەرەیدوون کە تازەش فێری لێخوڕین بوو بوو، ئۆتۆمبیلەکەی ئاژووت بەرەو ڕێگەی کەلار. دوای ئەوەی سەرقەلامان تێپەڕاند، بە جادەیەکی خۆڵدا لایدا و دوای نزیکەی بیست دەقیقە گەیشتینە دێی سەیدجەژنی لەوێ نەوەستاین و بەردەوام بوو، ئینجا گەیشتینە دێی فەتاح ئۆمەر، لەوێ وەستاین و لە کانییەک تۆزێ ئاومان خواردەوە، دیسان سواربووین و بەلای یەک دوو دێی تر تێپەڕین و گەیشتینە دێی هەزار کانی.

لەو دێیە سەید محەمەد چاوەڕێمان بوو، ئێمەش دەتگوت لەسەر ئاگر چاوەڕێی دیداری ئەو و پێشمەرگەکان دەکەین. خۆشەویستی پێشمەرگە نهێنی و لوغزێکی وا بوو نەدەکرا بزانرێ لە کوێدا ئەم نهێنییە هەیە و بۆ ئەوەندە ڕۆحمان بە بوونیانەوە گرێدراوە. لەبەر دەرگای ماڵێک ڕاوەستاین و سەید محەمەد و دوو پێشمەرگەی تر هاتنە پێشوازیمان. یەک لەو پێشمەرگانە ناوی فاتیح بوو، کوڕی پووری ڕووناک بوو، یەکتریان خۆش دەویست. ئەو دیمەنەش بۆ ئێمە سەیر و سەرنجڕاکێش بوو هەر کە گەیشتینە ئەو ماڵە خێرا بەرخێکیان لەبەرپێمان سەربڕی و دەستیان کرد بە دروستکردنی پلاو و برژاندنی گۆشت، دەتگوت شاییە. ئێمەش لە خۆشی بینینی پێشمەرگە ئاگامان لە خۆمان نەمابوو، نە برسیمان بوو، نە تینوو، هەر دەمانویست لەگەڵیاندا دابنیشین و قسە بکەین.

ئێمە دانیشتین لە ژوورەوە و ژنەکانی ئەو ماڵەش خەریک بوون چێشتیان لێ دەنا، بۆ ئەوان زۆر خۆش بوو کە میوانیان لە شارەوە هاتووە و بە جلی مۆدەوە هاتوون، پێشیان گوترابوو ئەمانە مامۆستان، بۆیە ئەوەندەی تر هەستیان بە شانازی دەکرد. بەڕاستی خەڵکێکی ڕۆح سووک و بەڕێز و خۆشەویست بوون. ئاخ و ئاخ و ئاخ کە هیچ یەکێک لەوان نەماون، هەموویان، بەڵێ هەر هەموویان شالاوی ئاگرینی ئەنفال لووشیدان. تەنانەت سەید محەمەدیش و هەموو بنەماڵەکەی بوون بە خۆراکی ئەنفالی شووم. چۆن بتوانین ئەو هەموو سیما پەری ئاسایانە لەبیر بکەین کە سالانێکی زۆر لەخۆبووردوانە و ساکار و سادە و بەبێ بەرامبەر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد و لەبەر ئەو پاکی و ساکاری و خزمەتگوزارییەشیان سزای زیندەبەچاڵکردن دران. ئا ئەوانە بوون کە ئەنفال کران؟! ئیدی ئەنفال چۆن نابێتە



گەورەترین کۆست و کارەساتی مێژووی ئێمە؟!

دوای یەک دوو کاتژمێر کۆبوونەوە، سفرەی خواردن ڕاخرا و خواردنی تەڕ و تازە ئەمسەر تا ئەوسەری گرتبووەوە، پلاوی برنج، گۆشت بە چەند شێوازێک برژاو، سوورەوەکراو، سی و جگەر، سەوزە و دۆی سارد، بەڵام ئێمە لە خۆشییا کەممان پێ خورا و بە شادمانی دیداری پێشمەرگە تێر بووبووین. دوای ئەوەش پێکەوە چووینە دەرەوە و لە نێو باخێکی هەناردا دانیشتین و کۆبوونەوەمان درێژە پێدا، چێژی ئەو دانیشتنی نێو هەنارستانەم لە بیر ناچێتەوە، بەتایبەت چونکە لەگەڵ پێشمەرگەدا پێکەوە بووین. پێشمەرگەش بیلبیلەی چاومان بوو. ئێستاش کە تیپی کامکاران گۆرانی (لە ناو باخچەی هەناران) دەڵێن، من بە خەیاڵ دەگەڕێمە نێو ئەو هەنارستانە و چێژی ئەو هەنارانەم پێدەگات و ئاخێکی قووڵیش بۆ هاوڕێ شەهیدەکانم و ئەو لادێییە دەروونپاکانە هەڵدەکێشم کە ئەنفال کران.

شادمانیمان زۆری نەخایاند و خەم و نیگەرانییەکی زۆر لە کفری چاوەڕوانی دەکردین. لە هەرسێ ماڵەکەدا، ماڵی ئێمە و ماڵی ڕووناک و ماڵی شادیە بەهۆی دیارنەبوونی ئێمەوە ببوو بە هەلا. کە لە ماڵی ئێمە هەستیان کردبوو درەنگ کەوتووم گومانیان لا دروست بوو بوو، گومانەکەشیان ئەوە بوو بۆ کۆبوونەوە چووبێتمە ناوچە ئازادکراوەکان. چووبوون و لە ماڵی شادیەیان پرسیبوو، ئەوان گوتبوویان لە ماڵی ڕووناکن، کە چووبوونە ماڵی ڕووناک، ئەوان گوتبوویان لە ماڵی مەهابادە، بەو جۆرە لایان ئاشکرابوو کە ئێمە بەو بارودۆخە خەتەرە لە کفرییەوە بەرەو دێکان چووین بۆ لای پێشمەرگە. لە ماڵی ئێمە چونکە فەرەیدوونی برام و ئۆتۆمبیلەکەش دیار نەمابوو، ئیدی گومانەکەیان لا ببوو بە یەقین. دەمەوئێوارە کە گەڕاینەوە، لای ماڵی مام ڕەشید دابەزین، تاریقی کوڕی بچووکی مام ڕەشید، تەمەنی هەر دە دوانزە ساڵێک بوو، منداڵێکی سەرەڕۆ بوو ئەودەم، زۆر بە خێرایی و شپرزەییەوە بەرەوڕووم هات و پێی گوتم:

– مەهاباد بەخوا بڕۆیتەوە بۆ ماڵ سەرت دەبڕن.

– کێ سەرم دەبڕێ؟

– باوکت.

پێم سەیر بوو ئەم قسەیەی کرد، دەمزانی باوکم ئەگەر بەوەش بزانێ کە کارێکی وام کردووە لێم توورە دەبێت، بەڵام لێم نادات. ئەو قەت لێی نەداوم و زۆریشی خۆش دەوێم، چۆن شتی وا دەکات! لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسەیەی تاریق خورپەیەکی خستە دڵمەوە و خێرا بەرەو ماڵی خۆمان کە چەند دەقیقەیەک دەبوو بەڕێ کەوتم. من ئاگاداری ئەوە نەبووم سەروسەکوتمان هەموو بەخۆڵەوەیە چونکە لە ڕێگایەکی خۆڵەوە چووین بۆ لادێ. گەیشتمە ماڵەوە دایکم بە تووڕەییەوە گوتی:

– مەهاباد لە کوێ بوویت؟

– لە ماڵی بێخاڵ بووم.

بێخاڵ خەڵکی دێبنە بوو بەڵام لە کفری دەیخوێند و لە ماڵی نەسرینی خوشکی دەمایەوە. نەسرین و ئەحمەد شاکەلی ژن و مێرد بوون و ماڵیان لە کفری بوو، لە گەڕەکی حەی ئیشتراکی. دایکم پرسی:

– ئەی تۆ نەتوت بۆ ماڵی شادیە دەچم و لەوێ دەعوەتم.

– هەرسێکمان من و شادیە و ڕووناک لە ماڵی بێخاڵ داوەت بووین.

– لە کوێ لە ئاوایی یان هەر لە کفری؟

– ئاوایی چی، هەر لە کفری بووین لە ماڵی مامۆستا ئەحمەد، براکەی بێخاڵ.

– ئەی سەروچاوت بۆ وا بە خۆڵەوەیە؟

دەستێکم بەسەروچاوی خۆمدا هێنا و بینیم ڕاست دەکات هەمووی خۆڵ و تۆزی ڕێگایە. زۆر شڵەژام و نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە. دایکم گوتی:

– تۆ عارناکەی، تۆبە ناکەی، ساڵێ لە سجن بووی تۆبەت نەکرد؟ کچم داڕزاین بەدەستەوە ئەو ساڵە، بۆ وامان لێ دەکەی بۆ دانانیشی بە ڕەحەتی؟ باوکت وەختە لە خەفەتا بمرێ؟

– باوکم زانیویەتی؟

– ئەی چۆن نازانێ، ئەم شارە گەڕاین بە دواتدا. تۆ فەرەیدوونیشت بردبوو؟ سەری کوڕەکەش دەکەیت بە قوڕا؟

– من دەڵێم لە ماڵی بێخاڵ بووم و نازانم فەرەیدوون بۆ کوێ چووە.



لەو قسانەدا بووین فەرەیدوون هاتە ماڵەوە و سەروپۆتەڵاکی ئەویش تۆزاوی بوو، دایکم سەیری کرد و بە تەوسەوە پێی گوت:

– ماندوو نەبی؟

فەرەیدون بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای کرد و وەڵامی دایەوە:

– خۆش بی.

– پێشمەرگەکان چۆن بوون؟

– پێشمەرگەی چی؟

– خۆت و مەهە لە کوێ بوون لە بەیانییەوە؟

– مەهەی چی، من نازانم مەهە بۆ کوێ چووە، خۆم چووبووم بۆ برایم سەمین لەگەڵ هاوڕێکانم.

برایم سەمین مەزاری ئیمامێک بوو لە نزیک کفری، ڕۆژانی هەینی خەڵکی کفری بۆ ئەوێ دەچوون گوایە بۆ سەیران و بەسەربردنی کاتێکی خۆش دەچن. ئەم شوێنە جگە لەو قەبرە هیچی لێ نەبوو، نە دارێ، نە سەوزاییەک و نە ئاوێ. ئەم جێگەیە تاقە سەیرانگەی خەڵکی فەقیری کفری بوو. ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم شارە بێنازە و ئەو خەڵکە ستەمدیتووەی شوێنێ شک نابەن پشووی هەفتەی تیا بەسەر بەرن.

ئێوارە کە باوکم هاتەوە بانگی کردم و برێک لێم تووڕە بوو، بەڵام لێی نەدام. بۆ یەکەم جار بوو باوکم بەو شێوە جیدییە لێم تووڕە بێت. چونکە زۆر نازداری باوکم بووم، ئەو قسانەیم زۆر پێ ناخۆش بوو، ئەگەرچی تووڕەبوونێکی زۆر ئاسایی بوو بە بەراورد لەگەڵ تووڕەبوونی باوکانی تر، کە ئەمیان وەک کاردانەوەی ڕەفتارەکەم بوو. ئێوارە چوومە سەربان و نانی ئێوارەم نەخوارد و مانم لە خواردن گرت. بۆ بەیانیش هەر لەسەر چرپایەکەی خۆم ڕاکشام و نەهاتمە خوارەوە، بۆ نیوەڕۆش کە باوکم لە بازاڕ هاتبووەوە و پرسیاری منی کردبوو، دایکم پێی گوتبوو کە لە دوێنێ ئێوارەوە لەسەربانم و نەهاتوومەتە خوارەوە. باوکم نیوەڕۆش هیچی نەگوتبوو بەڵام کە ئێوارێ هاتەوە و زانی من هێشتا لە مانگرتن بەردەوامم، ئیتر خۆی پێ نەگیرا و هاتە سەربان و ماچی کردم و دانیشت بە نەرمییەوە هەندێک سەرزەنیشتی کردم:

– کچم تۆ لەژێر چاودێری ئەو کافرانەی، ئەمجارە بتگرن ئیعدامت دەکەن. دەزانم چوویتەتە لای پێشمەرگە، بەڵام جارێکی تر ئەوە نەکەیت، ڕۆڵە ماڵمان وێران دەکەن.

باوکم دەستی گرتم و هێنامیە خوارەوە و لە تەنیشت خۆی داینیشاندم و دایکم خواردنی بۆمان هێنا . دوای نان خواردن دەستم بە خوێندنەوەی کتێب کرد وەک هەموو کاتێکی تر کە بەردەوام کتێبم بەدەستەوە بوو. من هەموو کاتێکی خۆمم بە خوێندنەوەی کتێب بەسەر دەبرد، شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و کتێبی مێژوویی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی. تەنانەت لە قرچەقرچی نیوەڕوانی گەرمیان کە کەس نەیدەتوانی چەند کاتژمێرێک نەنوێ و ئەگەر مەبەستیشی نەبوایە گەرما دەیبووراندەوە، بەڵام من بە نیوەڕوانیش کە هەمووان دەنووستن، من بە ڕاکشانەوە کتێبم بەدەستەوە دەگرت و دەمخوێندەوە. ئەو ڕۆژەی کەمم بخوێندایەتەوە پەنجا لاپەڕەم دەخوێندەوە و بەردەوامیش قەڵەمێکم بەدەستەوە بوو.

ماوەیەکی کەم دوای ئەو ڕووداوە، ئێوارەیەک کتێبێکم بەدەستەوە بوو دەمخوێندەوە، لەناکاو براگەورەکەم هاتە ماڵەوە و قەت ئەو کارەی نەکردبوو، بەڵام ئەوجارە هات و تەماشای کرد بزانێ چی دەخوێنمەوە، دیار بوو قسەیەکی لەسەر من بیستبووەوە. من بەرگی کتێبەکەم گرتبوو تا کەس نەزانێ چ جۆرە کتێبێک دەخوێنمەوە، کە بینی کتێبێکی مارکسییە، یەک زللەی پێداکێشام. بۆ یەکەم جار بوو لە ماڵەوە لێدان بخۆم، بۆیە ئەو زللەیە بۆ من ئەوەندە زۆر بوو، ئەوەندە ئێشاندمی کە هەتا ئەم ساتەش هەرچی دەکەم ناتوانم لەبیری بکەم. قەیس براگەورەمە و زۆر میهرەبانە، زۆریش منی خۆش دەوێ. بەڵام ئەو زللەیەشی لە من دا . من چوومە ژوورێکەوە و دەرگام لەسەر خۆم داخست و ئەوەندە گریام ئەوەندە هەنیسکم دەدا دەتگوت هەزاران زللەم لێدراوە. هەر نیوسەعاتی نەبرد قەیس هات و ئاشتی کردمەوە، ماچی کردم و دە دیناریشی دامێ و وتی بۆ خۆت کتێبی پێ بکڕە. دە دینار ئەوسا زۆر زۆر بوو، خوشک و براکانی دیکەم ئێرەییيان پێ بردم و دەیانگوت خۆزگە ئەو زللەیەی لە ئێمە بدایە. کردیان بەگاڵتە و دەیانگوت یەک زللەی تۆ بە دە دینارە، زللەی تۆ زۆر گرانە . بەو گاڵتانە هاتمەوە سەر خۆم و هێدی هێدی هەنیسکەکانم سووک بوونەوە و گریانەکەم وەستا . قەیس زۆر پەشیمان بووەوە لەوەی لێی داوم،



بەڵام چونکە لە کاتی زیندانییەکەم ئەوەندە ماندوو بووبوو بەدەستمەوەو ئەوەندە شار بە شار بۆ دۆزینەوەی من گەڕابوو، ناهەقی نەبوو بترسێ دووبارە بگیرێمەوە. بۆیە دانیشت و بە ئەسپایییەوە پێی گوتم:

– حەیاتم کتێبی وا سوودی چییە بۆت دەیخوێنیتەوە، بۆخۆت شیعر بخوێنەرەوە، چیرۆک، ڕۆمان، گوو بکە ناو سیاسەت و واز بێنە لەم سەرئێشەیە. ئەزانی ئێمە ئەو ساڵە چیمان لێ هات؟ خۆ هێشتا تۆ لەژێر چاودێریت، ئەمجارە بتگرن نەک هەر خۆت هەموومان ڕەمی ئەکەن.

بەدەستی خۆم نەبوو، نەمدەتوانی واز بێنم، دەتگوت سیاسەت و کوردایەتی لە خوێنمدایە و بێ چالاکی و خەبات دڵم دەوەستێ. بەڵام دەبوو شێوازێکی تر بەکار ببەم بۆ خەبات و نەهێڵم ئاشکرا بێت بۆ کەسوکارم کە من لە ڕێکخراوی نهێنی ناوشارم.

کاتی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشمان بوو، ئیدی مانگێک دەبوو لە ماڵەوە بین و بخوێنین بۆ تاقیکردنەوەکان، من ئەوسا زانیم لەو ماوەیەدا چەند بێدەربەست بووم و گوێم نەداوەتە دەرسەکانم. دوو هۆی زەق منیان لە دەرسەکانم دوور خستبووەوە، کارکردنی چڕوپڕ لەگەڵ کۆمەڵە و ئەو نامەیەی کۆتایی بە خۆشەویستییەک هێنابوو کە بۆ من مانایەکی گەورەی هەبوو. بۆ من لە ڕۆژانی زینداندا ئەو ئەڤینە وەک چرا دڵی گەشاندبوومەوە و وورەی بڵند کردبوومەوە، بۆیە پەژموردەی ئەو دابڕانە بووم و بۆ ئەو تەمەنە بەرگەگرتنی خەمێکی وا ئاسان نەبوو.

***

# خۆشی و نەخۆشی

لە ناو ئەو مانگەدا کە بۆ خوێندنی بەکالۆری لە ماڵەوە بووین نەخۆش کەوتم، نەخۆشییەکی سەخت، هەموو ئەندامەکانی لەشم و ئێسکەکانم دەئێشان، سەرم بەردەوام دەئێشا و نەمدەتوانی چاوەکانم هەڵبرم. دایکم هەرچی دۆعای دەزانی بەسەرمدا دەیخوێند، بەڵام هەر بە دۆعاش نەوەستا و زۆر بە میهرەبانییەوە سەرتاپامی دەشێلا و چەوری دەکردم و دوای ئەوەی چاک ئارەقەم دەکرد ئینجا دەیبردمە حەمام و بە سابوونی ڕەقی و ئاوی شلەتێن پاک دەیشووشتم. ئەم کارەی چەند جارێک دووبارە کردەوە و لە ماوەی هەفتەیەکدا ساخ و سەلامەت بوومەوە و دەستم کردەوە بە خوێندن. لە ماڵەوە پێیان گوتم ئەگەر دەزانی ناتوانی ئەمساڵ نمرەی باش بهێنی ئیمتیحان مەدە و بیهێڵەرەوە بۆ ساڵی داهاتوو. بەڵام من لەو ساڵەدا هەر بەو دوو هۆیەی کە پەژمووردەیان کردبووم، دەمویست هەرچۆنێک بێت پۆلی شەش تەواو بکەم و لە شارێکی تر بخوێنم و کفری بەجێبهێڵم. هەروا سەرپێیی کتێبەکانم دەخوێند و تەنانەت شەوانی تاقیکردنەوەش لە کاتژمێر نۆوە دەنووستم. هاوڕێکانم شەویان بەسەر کتێبەکانەوە ڕۆژ دەکردەوە.

تاقیکردنەوە دەستی پێ کرد، مانگی شەشی ساڵی هەشتا و سێ، گڕەی گەرمیان مرۆڤی دەپڕووکان و لەو چلەی هاوینەدا تاقیکردنەوەمان دەکرد. عەرەبی و ئاین ڕۆژی یەکەم بوو، ڕۆژ نا ڕۆژێک تاقیکردنەوەکان دانرابوون، ئینجا ئینگلیزی و ئینجا جەبر و ئەندازە، ئینجا کوردی و ئینجا زیندەوەرزانی و دوای ئەوە کیمیا و دوایەمین تاقیکردنەوەش فیزیک بوو. دەمزانی لەوانی دی هەمووی دەردەچم بەڵام دەشمزانی نمرەکانم ئەوەندە زۆر نابن شایانی من بن، چونکە دەمزانی ئەگەر من نمرەیەکی باش نەهێنم دەوروبەرم سەرسام دەبن. بۆیە لە تاقیکردنەوەی فیزیک لە ڕۆژی ئەخیردا تەنها پرسیارێکم وەڵام دایەوە و هاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەگەر نمرەم باش نەبوو بواری ئەوەم هەبێت ئەو ساڵە خۆم بهێڵمەوە.



تاقیکردنەوەکان تەواو بوون و دوای مانگێک ئەنجامەکان دەرچوون. جگە لە فیزیک لەوانی تر دەرچووبووم، بەڵام وەک پێشبینیم کردبوو نمرەکانم کەم بوون و ناوەندی نمرەکانم ٦٢٪ بوو. لە مەکتەب زۆر حەپەسان بەو نمرەیەم، لە ماڵەوەش خراپتر حەپەسان و کەس باوەڕی نەدەکرد ئەوە نمرەی من بێت، بەڵام خۆم دوودڵ بووم لە بڕیار ئایا بۆ دەوری دووەم ئیمتیحانی فیزیک بدەمەوە یان ئەو ساڵە خۆم بهێڵمەوە؟ ئەو سیفەتەم هەیە کە ئەگەر خۆم قەناعەت بە شتێ نەکەم، بە قسەی کەسی تر ناکەم ئەگەر بابیشم بێت، ڕەنگە بابیشم ڕۆڵی هەبێت لەوەی کە سروشتێکی وام هەبێت، چونکە ئەو هەمیشە حەزی دەکرد پشت بەخۆ بەستوو بین. ئیدی ئەوە سروشتی من بوو، ئەو دەمە و هەتا ئێستاش برێکی زۆری ئەو سروشتەم تێدا ماوە و حەز ناکەم کەس شتێکم بەسەردا بسەپێنێت، تەنانەت ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆشمدا بێت. بە قسەی کەسم نەکرد و لە دەوری دووەمدا چووم تاقیکردنەوەی فیزیکم دا و لە ئاکامدا نمرەکەم بوو بە ٦٠٪. ئیدی دەبوایە چاوەڕوانی ئەنجامی وەرگرتن لە زانکۆ بکەین و بزانین لە چ شارێک و زانکۆ یان پەیمانگایەک وەردەگیرێین. من لە کفری هەستم بە خنکان دەکرد و حەزم دەکرد لەبەرچاوی ئەمن ون بم و دووربکەومەوە، نەمدەزانی بۆ هەرکوێ بچم چاوە بزەکانی ئەوان هەر بەشوێنمەوەیە. ئەنجامی وەرگرتنیش هاتەوە و ناوم لە پەیمانگای کەرکووک دەرچوو، لە بەشی ژمێریاری. ئەو بەشەم پێ خۆش نەبوو، بەڵام ناچاریش بووم بڕۆم. ئەو کچانەی کە ناویان لە شاران دەرچووبوو بۆ خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان، باوکیان یان پیاوێکی بنەماڵەیان لەگەڵیان دەچوو، منیش بە باوکم گوت:

– سبەینێ دەبێت بچین بۆ کەرکووک، بۆ ئەوەی خۆم تۆمار بکەم لەوێ.

– خۆت بچۆ، پێویست ناکات من لەگەڵت بێم.

پێم سەیر بوو، وام دەزانی باوکم لێم تووڕەیە بۆیە نایەوێت لەگەڵم بێت بۆ کەرکووک، چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بوون و هێندەش خەمبار بووم زۆر دڵم ناسک ببووەوە، بەباوکمم گوت:

– بۆ نایەی لەگەڵم، تووڕەی لێم کە نمرەی کەمم هێناوە و لە پەیمانگا وەرگیراوم؟

– پێم ناخۆشە نمرەی کەمت هێنا، چونکە دەزانم تۆ زیرەکیت و ئەو ئەنجامە

شایانی تۆ نییە، خەتای خۆشت بوو، هەر خەریکی سیاسەت و تەنزیم بووی، با ئەمساڵت بۆ خوێندنەکەت دانابایە، بەڵام من هۆی تووڕەبوون نییە کە نایەم لەگەڵت بۆ کەرکووک.

– ئەی هۆی چییە؟

– لەبەرئەوەی خۆت کچێکی هەژدە ساڵیت و دەتوانی خۆت پشت بە خۆت ببەستیت. بزانە ئەو کوڕانەی لە تەمەنی تۆن کەس لەگەڵیان دەڕوات بۆ شاران؟

– بەڵام کچەکان باوکیان لەگەڵیان دەچن.

– فەرقی تۆ و کوڕێک چییە؟ خۆت بچۆ کچم، دەزانم دەتوانی. ئەوە دە دینار، کچم خۆت سبەینێ بچۆ کارەکانی خۆت جێبەجێ بکە.

ئەو قسانەی باوکم زۆر کاریگەر بوون، سبەینێ لە خەو هەستام، خۆم گۆڕی و بە باوەڕ بەخۆبوونێکی زۆرەوە لە ماڵ هاتمە دەرەوە و بە تەنیا چووم بۆ گەراج و سواری پاسێک بووم کە بۆ کەرکووک دەچوو. لە ناو پاسەکەدا چەند قوتابییەکی کوڕ و چەند دانەیەکی کچیش هەبوون، کوڕەکان هەر خۆیان بوون بەڵام کچەکان برا یان باوکیان لەگەڵ بوو.

من چونکە لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە لە قوتابخانەی تێکەڵاو خوێندبووم لە پەیمانگاش هەستێکی تایبەتی و جیاوازم نەبوو، زۆر ئاسایی بوو بە لامەوە، دەمبینی ئەو کچانەی کە لە شارەکانی قەڵادزێ و ڕانیە و کۆیەوە هاتبوون هەروا بوون. لە شارۆچکەکانی کوردستاندا قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی تێکەڵاو بوون و کچان و کوڕانی ئەو شارانە برێک ئاسایی تر بوون و ڕاهاتبوون و دۆخێکی تازە نەبوو بۆیان، بەڵام هی شارە گەورەکان ڕەفتاریان نائازاد بوو، برێکی زۆر شەرم لە سیمایاندا هەبوو. تا ئەو کاتە پێم وابوو کچی شارە گەورەکان لە هی شارۆچکەکان چاوکراوەترن، لەوێ بۆم دەرکەوت وا نییە و ئەوان بە ڕواڵەت ئازادن، بەڵام بە ناوەڕۆک ئێمە ئازادترین.

لە پەیمانگای کەرکووک لە بەشی ژمێریاری وەرگیرابووم و هیچ حەزم بە وانە و کتێبەکان نەدەکرد. ئەگەرچی لە ماتماتیک و جەبر و ئەندازە هەمیشە باش بووم، بەڵام قەت ئاواتی ئەوەم نەخواستبوو لە ژیانمدا ژمارە و پێوان ببێتە بابەتی



پسپۆڕیم، بۆیە زۆر بە نابەدڵی دەوامم دەکرد. کەشی نوێی پەیمانگا ئەوەی خۆش بوو ژمارەیەکی زۆر کچ و کوڕی شارەکانی تری کوردستانم ناسی و بۆ یەکەم جار بوو ئەو تێکەڵاوییەمان لەگەڵ یەکتردا هەبێت.

من لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ڕادیۆی کوردی بەغداوە کە ناوی "ڕۆژێ لە ڕۆژان" بوو، بەشداریم دەکرد. هۆنراوەم بۆ دەناردن و ئەدرەسی خۆمیشم بڵاوکردەوە بۆ نامەگۆڕینەوە و لەوەوە نامەی زیاتر لە سەد کەسم بۆ هات لە کوڕان و کچانی شارەکانی کوردستان، لە ناویاندا قەڵادزێ، ڕانیە، ڕەواندوز، هەولێر. سلێمانی، کەرکووک هەبوون. لە ناو ئەو نامانەدا باسی خۆمان بۆ یەکتری دەکرد و بیروبۆچوونمان دەگۆڕییەوە و باسی شارەکانی خۆمانمان بۆ یەکتری دەکرد. بەڵام نامە شتێکە و بینین و تێکەڵاوبوونی ڕاستەوخۆ شتێکی ترە. لە پەیمانگا ئەو تێکەڵاوبوونە هەستێکی نزیکبوونەوە و خۆشەویستی کوردی شارەکانی کوردستانی دروست کرد و تا دەهات ئەو هەستە پتەوتر دەبوو.

من لە پەیمانگا سەرەتا لای کەس باسم نەکرد کە شیعر دەنووسم و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لە بەشی ناوخۆیی لەگەڵ چەند کچێکدا پێکەوە بووین، چنوور و تانیا خەڵکی سلێمانی بوون، کوردستان کوردی بەغدا بوو، سەمارە عەرەبی بەغدا بوو، لەگەڵ مندا پێنج کەس بووین. لە هەمان شوقەدا کە لە نهۆمی دووی باڵەخانەی بەشی ناوخۆیی بوو دوو ژووری تر هەبوو، لە هەر ژوورێکیاندا چوار کچ هەبوون و ئەوان هەموو خەڵکی سلێمانی بوون.

هاوژوورەکانم، چنوور و تانیا زانییان من "مەهاباد قەرەداغی"م و شیعرم لە گۆڤارەکاندا بڵاودەبێتەوە بە هۆی ئەوەی من لە ژوورەکەی خۆمدا بەردەوام دەمخوێندەوە و دەمنووسی، ئیدی کە ئەوانیش زانییان هێدی هێدی هەواڵ بڵاوبووەوە. دوای ئەوە زۆر لە ئەدەبدۆستانی لاو کە قوتابی بەشەکەی خۆمان و هەموو بەشەکانی تریش بوون دەهاتن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بمناسن و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بە ناسینم. منیش بەو هەڵوێست و ڕێز و خۆشەویستییەی ئەوان زۆر دڵشاد بووم و زۆربەی کات دوای ئەوەی دەرسەکان تەواو دەبوو دەچووینە یانەی پەیمانگا و دادەنیشتین و گفتوگۆی ئەدەبیمان دەکرد.

لە ناو ئەوانەدا هەندێک کوڕی باشی هەولێری هەبوون. چەند کوڕێکی هەولێری ناویان عەرەبی بوو، هەر یەک لەوان ناوێکی کوردی بۆخۆی هەڵبژاردبوو، ئێمە بە ناوە کوردییەکان بانگمان دەکردن. موحسین ناوی "ئارام"ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، ڕەفیق ناوی خۆی بە "هەڤاڵ" گۆڕیبوو، شۆڕش هەر خۆی ناوی کوردی بوو، چەند موحسینێکی تری هەولێریم لەوێ دەناسی، پێ دەچوو لە شاری هەولێر زۆر کەس ناویان موحسین بێت. دانای کاکە حەمە کوڕێکی خەڵکی دێی شەدەڵە بوو، شێخزادە و شیعر دۆست بوو، کە زانیبووی من لە پەیمانگام هات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بمناسێت، ئەو لە بەشی هەندەسەی مەدەنی دەیخوێند. دانا کوڕێکی سەیر و سەرنجڕاکێش بوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر شیعری لەبەربوو، بەهەمان شێوە کورتەچیرۆکی لەبەر کردبوو. جاری وا هەبوو کە پیاسەمان دەکرد چیرۆکەکانی لەبەر بۆ دەگوتم، بەتایبەتی ئەوانەی محەمەد موکری. سەلاح حەسەن پاڵەوان کوڕێکی کەرکووکی بوو، ئەویش بەهۆی ئەدەبیاتەوە بوو بە ئاشنام و کە لەگەڵ هاوڕێیانی تردا هاتوچۆی ماڵی ئەوانمان کرد لە گەڕەکی شۆریجە، لەگەڵ هەموویاندا بووین بە ئاشنا و ماڵێکی ڕووخۆش و میواندۆست بوون. هیوا کوڕێکی تری کەرکووکی بوو، ماڵی ئەوانیش لە شۆریجەی کەرکووک بوو، هاتوچۆی زۆرمان دەکردن و ئەو ماڵانە وەک ماڵی خۆمانی لێ هاتبوو، کەسوکارەکانیشیانمان خۆش دەویست و بووبوون بە هاوڕێمان.

ساڵی یەکەم و ئەم پەیوەندییە تازانە بۆ من دنیایەکی ڕەنگینیان پێک هێنابوو، بەڵام بەعس نەیدەهێشت بەهیچ شادمان بین و دەستێکی وەردەدایە ژیانمان و زووخاوێکی هەر پێدەنۆشین. لە دوای نیوەی ساڵەوە بڕیارێک دەرچوو کە هەموو قوتابیەک، کوڕ بێت یان کچ پێویستە ڕاهێنانی چەک بکات و ببێت بە "جیش شعبی". قوتابیە کوردەکان زۆربەمان بڕیارمان دا سەرپێچی بکەین و ئەو ڕاهێنانە نەکەین و ئامادەنەبووین جلی سەربازی وەربگرین، بەڵام لە ئاکامدا بەهۆی ئەو فشار و ترساندن و هەراسانکردنەوە بڕێک لە قوتابیەکان ملیان دا و چوونە خولی ڕاهێنانی چەکەوە، بەڵام ئێمە بڕێکی تر بووین کە نەچووین. سەرۆکی بەش بانگی کردین و هەڕەشەی لێ کردین کە ئەوساڵە دەرماننناچێنێت، ئێمەش گوتمان قەینا



دەرمان مەچێنە و پێمان وابوو هەر هەڕەشەیە، بەڵام بەکردەوەش قسەکەی خۆی بەدی هێنا و ئەوانەی کە نەچووین بۆ جەیشی شەعبی لە پۆلی یەکدا ماینەوە.

***

**بەبێ زانینی هێزی وشەکان، زانینی مرۆڤ ئەستەمە.**

کۆنفۆشیۆس

**ئەو کاریگەرییە چەند بەهێزە کە وشەکان دروستی دەکەن، لە جێی دروستی خۆیاندا.**

جۆرج چاپمان

***

# دەروازەیەکی تر

ساڵی دووەم، ساڵی١٩٨٤، چەند شتێکی گرنگ لە ژیانی مندا ڕوویان دا. زۆر کەسی نوێم ناسی و بەهۆیانەوە دەروازەی نوێ و دنیای نوێی ترم دۆزییەوە. ڕۆژێک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، کە هاوڕێیەک بوو چەند ساڵێک بوو دەمناسی، هات بۆ لام بۆ پەیمانگا و گوتی: برادەرێکی ڕەخنەگر هەیە زۆر حەز دەکات بتناسێ و کە زانیویەتی لە کەرکووک دەخوێنیت گوتوویەتی داوەتی کە بۆ ماڵمان. من ئەو دەم چوار ساڵ بوو بەرهەمم بڵاوکردبۆوە و کە بیستم ڕەخنەگرێ دەیەوێت بمناسێ پێم خۆش بوو، ئەوە بۆ من هێمایەک بوو کە توانیومە بە شیعرەکانم دەنگێک پەیدا بکەم کە کەسانێک هەیە بایەخیان بۆ ئەو دەنگە هەیە و دەیانەوێت بمناسن. بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە ڕەخنەگر بێت و حەز بکات بمناسێت بۆ من مانایەکی تایبەتی هەبوو.

حەزم دەکرد کەسێکی وا بە من ڕابگەیەنێت نووسینەکانم چۆنن و لە دوای چوارساڵ نووسین و بڵاوکردنەوە، لەکوێی دنیای ئەدەبیاتدا خۆم گرتۆتەوە، ئایا توانیومە دەنگێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت؟ چونکە هەوڵی زۆرم دەدا و مەبەستیشم بوو کە ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆمم هەبێت لە نووسیندا و خۆم بم نەک لاساییکەرەوە و سێبەری ئەم و ئەو.

کاک زاهیر ڕۆژبەیانی ئەو مرۆڤە نایابە بوو کە بە ناسینی دنیایەکی نوێم دۆزییەوە و ماڵی ئەوان بوو بەو شوێنەی کە ڕۆحم لێی دەحەسایەوە و هەستی دڵنیاییەکی تەواوی دەدامێ. فەوزیە خانی هاوسەریشی ئەو ژنە دڵسۆز و ڕووخۆشە بوو کە بە سۆز و خۆشەویستییەکی زۆرەوە پێشوازی لێ دەکردم و خوشکێکی گەورەی میهرەبان بوو بۆم. فەوزیە خان ئەودەم ناوە ناوە کورتە چیرۆکی دەنووسی، کاک زاهیر زیاتر سەرقاڵی نووسینی بابەتی ڕەخنەیی بوو، بەڵام تا ئەودەم کەسی ترم نەدیبوو هەست بکەم هێندەی کاک زاهیر کتێبی خوێندۆتەوە و هێندەی ئەو دەستبڵاوە لە زانیارییبەخشین و لە ڕاستگۆیی لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە من لە ماڵی



ئەواندا ناسیمن. کاک زاهیر لە بارەی ئەو شیعرانەی کە بڵاوم کردبوونەوە و ئەوانەشی کە هێشتا بڵاونەبوونەوە و پیشانم دەدا ڕای خۆی بەڕاستگۆییەوە دەردەبڕی و بۆ من سوودێکی بێ ئەندازەی هەبوو.

پێش ئەوەی ماڵی کاک زاهیر بناسم هەموو پێنجشەممەکان دەگەڕامەوە بۆ کفری و ڕۆژانی شەممە بەیانی زوو دەگەڕامەوە بۆ کەرکووک بۆ خوێندن، بەڵام دوای ناسینی ئەو ماڵە و دروستبوونی ئەو هەستی خۆماڵێتییە لە لام سەردانەکانم دابەش دەکرد، هەفتەیەک بۆ ماڵی خۆمان لە کفری و هەفتەیەک بۆ ماڵی کاک زاهیر لە گەڕەکی شۆریجە لە کەرکووک. بەڵام وێڕای ئەوانەش هەر کاتێکی تر حەزم بکردایە بۆم هەبوو چ خۆم بەتەنها و چ لەگەڵ هەر کەسێکی تری هاوڕێم دەچووم بۆ ماڵیان. ئەوان دەیانگوت هەر کەسێک لەگەڵ تۆ بێتە ماڵمان دەیخەینە سەر چاومان. ئەم وتەیە بە کردەوەش پیادە دەکرا و هەتا ئێستاش هەر وان بۆ من. منیش لە ئاست ئەواندا هەمان هەست و دڵسۆزی و وەفام هەیە.

ماڵی ئەوان دەتگوت یانەی نووسەرانە، زۆر لە نووسەران هاتوچۆی ئەوێیان دەکرد و لەوێ دەمبینین. ئیدی گفتوگۆ گەرم دەبوو، زۆر جاریش باسی بەسەرهات و ڕابردووی خۆیان دەگێڕایەوە. کاک عەبدوڵڵا سەراج و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، عەباس عەسکەر، غەفوور ساڵح، ئازاد ئەحمەد و زۆری نووسەری دیکەشم لە ماڵە پڕ لە سۆزەکەی ئەوان ناسی.

کاک زاهیر هەرچی ڕۆمانێک کە دەیخوێندەوە، بۆ منی دەگێڕایەوە، بەڵام نەک گێڕانەوەیەکی ئاسایی، بەڵکە سەرنجمی بۆ لای وردەکارییەکانی نێو ڕۆمانەکە و نووسەرەکەشی ڕادەکێشا. هەر جارێک دەچووم بۆ لای کۆمەڵێ کتێبی دەدامێ و لەگەڵ خۆم دەمبرد بۆ بەشی ناوخۆیی بۆ خوێندنەوە. کە دەمهێنایەوە گفتوگۆمان لەسەر دەکرد و بە شێوازێکی پەروەردەیی ناڕاستەوخۆ ڕێنومایی دەکردم کە چۆن بتوانم لە بەهرەی نووسینی خۆمدا سوود لەو کتێبانە وەربگرم کە دەیانخوێنمەوە. ئەو قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بە منی نەگوت وا بکە و وا مەکە، وا بنووسە و وا مەنووسە، بەڵام بەو شێوازە تایبەتی و دەگمەنەی خۆی چلچرایەکی هەڵکردبوو، چاوساخی بۆ دەکردم لەو سەرەتای ڕێگایەی کە من بە تەمەنێکی بچووکەوە هەنگاوەکانی خۆمم

لێوەی دەست پێ کردبوو، دەتگوت خودا فریشتەیەکی ڕێنومای هێناوەتە ڕێم بۆ ڕێپێشاندانم.

ئەو دەم لە ناو نووسەرانی کوردا مەخابن بە شێوەیەکی زۆر خراپ باس لە ئافرەتێکی نووسەر دەکرا. ئەگەرچی مەخابن ئێستاش لە نێو پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا جیاوازییەکی ئەوەندەی نییە و ڕوانینی زۆرێک لە پیاوانی ڕۆشنبیر بۆ ژن زۆر نەریتییە. سەیر ئەوە بوو ئەو پیاوە نووسەرانەی کە خۆیان بە خراپ باسیان لە نووسەرێکی ئافرەت دەکرد، گیرۆدەی داوی عەشقی ئەو ئافرەتە بوون و نامەیان بۆ دەنووسی و شیعر و چیرۆکیان پێشکەشی دەکرد و خواخوایان بوو ئاوڕێکیان لێ بداتەوە. ئیدی باسکردنی ئەو ئافرەتە بوو بوو بە وێردی سەرزمانیان و لەو کۆمەڵگە دواکەوتووەی ئێمەشدا قسە بکەوێتە زارێ دەکەوێتە شارێ. کورت و کرمانجی ئافرەتم دەویست ببێتە نووسەر و لە نێو ئەو پیاوە نووسەرانەدا بێت و بە دەردی ئەوی نەبەن. من لە ڕێگەی ڕێنومایییە ناڕاستەوخۆکانی کاک زاهیرەوە تێدەگەیشتم کە پێویستە بنووسم و چالاکی بڵاوکردنەوەشم هەبێت و بخوێنمەوە و خۆم پێش بخەم بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە نووسەرانەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم هەبێت. منیش وام کرد، بۆیە لە نێو گۆڕەپانەکەدا تەنها بە ناوەکەم دەناسرام و شێوە و ڕوخسارم ئاشنا نەبوو بە کەس. لە ڕێگەی پۆستەوە بەرهەمەکانم دەنارد بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوسا کە لە بەغدا و لە هەولێر دەردەچوون. هەندێ کەس وایان دەزانی ناوی مەهاباد قەرەداغی ناوێکی خوازراوە و بوونی نییە، یان دەیانگوت ڕەنگە پیاوێک بێت بە ناوی ژنەوە بنووسێت. دوای یەک دوو ساڵێک و بە بەشداریکردنم لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا ئینجا شێوەشم ناسرا.

چەند بەرتەسکە دنیای ئافرەت تەنانەت لە پانتایی ڕووناکبیریشدا. ئەو دنیایەی کە دەبێت پڕ بێت لە کەسی ڕووناکبیر و لە لای ئەوان نرخ و بەهای مرۆڤانەی ئافرەت ئاسایی بێت و وەک تێڕوانینی باوی کۆمەڵگە تێی نەڕوانن. بەڵام ئەوە واقیعێکە دەبێت بۆ مێژوو بنووسرێت و بزانرێت ئەندێشە و ئازاری ئافرەتێک کە بۆ گوزارەکردن لە ئازادی و بیری خۆی دێتە نێو دنیای نووسینەوە، چلۆن لە لایەن هاوپیشەکانەوە گەمارۆ دەدرێت و لەوێش هەر وەک جەستەی تێی دەڕوانرێت. ئەو



قەڵەم و مەشخەڵ بەدەستانەی کە دەبوایە دژ بە نەریتی باوی کۆمەڵگەو تێڕوانینی سەپاوی باوکسالاری بووەستن، خۆیان ئاگرەکەیان خۆشتر و بەجۆشتر دەکرد و ناو و ناونیشانی ژنی نووسەریان تیا دەسووتان. کە دێن و لاف لێدەدەن، دەپرسن کوا ئافرەتی نووسەرمان هەیە؟ کوا ئەوان دەتوانن داهێنان بکەن؟ چییان کردووە؟ لە باشترین حاڵەتیشدا دێن پەسنی ئافرەتە هەڵکەوتووەکانی گەل و نەتەوە دراوسێکانمان دەکەن و فەرووخی فەروخزاد بە تاقە ئەستێرە دەزانن لە ئاسمانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ژنێکی ئازاد بووە و گوێی بە دابونەریت نەداوە. بەڵام ئەو ژنە نووسەرە کوردەی کە گوێی بە دابونەریت نەدەدا و ئازاد دەپەیڤی و ئازاد ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن، ناوزڕاویان کرد و کردیان بە قوربانی کورتبینی و کەمبینی خۆیان. هەستی خوودبەکەم بینی وای کردووە، هەمیشە پەسنی ژنانی شاعیر و نووسەری دەرودراوسێ بدەن و هی کورد بشکێننەوە، ئەمەش تەنها لە پێناوی ئەوەدایە ناڕاستەوخۆ بڵێن ژنی کورد نە نووسەر و نە شاعیری تێدا هەڵکەوتووە و قەت کەس نەیتوانیوە و ناتوانێ بگاتە ئەو ئاستە.

فەروخی فەرووخزاد ژنە شاعیرێکی بلیمەتی ئێرانی بوو، بە تەمەنێکی کورت داهێنانێکی زۆری کرد، چالاک بوو لە زۆر بواردا، مرۆڤ نکۆڵی لە توانای ئەم ژنە ناکات، بەڵام کە پیاوانی نووسەری کورد بەو مەبەستە نێرسالارییە دەری دەبڕن، هی ئەوەیە لێکدانەوەی بۆ بکەیت. هەر ئەو پیاوە نووسەرانەی پەسنی فەروخی فەرووخزادیان دەکرد لەبەرئەوەی ژنێکی ئازاد و کراوە بووە و بە ڕەهایی و ڕاشکاوی هەست و نەستەکانی خۆی دەربڕیوە و لەگەڵ پیاواندا پەیوەندی هاوڕێیانەی هەبووە و ڕچەشکێن و نەریتشکێن بووە، وەلێ هەر ئەوانە ئەو ئافرەتە کوردە نووسەرە کراوە و بوێر و ڕچەشکێن و نەریت شکێنەیان بەبێ ئەخلاق ناو دەبرد. دووفاقی دەبێ لە چ ڕادەیەکدا بێت! کەنگێ ئەمانە بە خۆیاندا دەچنەوە؟!

بەهەرحاڵ، ناساندنی کەسایەتی و هەست و دەروونی ئەو کەسانەی کە ئەودەم لە پانتایی دنیای ڕۆشنبیری کوردیدا بوون بە من لە ڕێگەی کاک زاهیرەوە و بە ناڕاستەوخۆیی نەک ڕاستەوخۆ، لەزۆر کێشەی نێو دنیای نووسەران، پاراستمی، چونکە ئەودەم من هێشتا گەنج بووم و کەمئەزموون بووم، لە ئەزموونی ئەوانی دی کەڵکم وەردەگرت.

من بە جۆری پەیوەندی نێوان کاک زاهیر و فەوزیە خان، هەردووکیان و منداڵەکانیان زۆر سەرسام بووم، تا ئەو دەمە هیچ جووتە کەسێکم نەدیبوو هێند بە یەکەوە سازاو بن و ئەوەندەش پەروەردەیەکی زانستییانەی منداڵەکانیان بکەن. کاک زاهیر قەت بە منداڵەکانی خۆیشی نەدەگوت ئەوە بکەن و ئەوە مەکەن، ژیلە تەمەنی دە ساڵ و هۆزاک هەشت و کوردۆنیاش یەک دوو ساڵ بوو، کە من ناسیمن. کاتێ قسە و باسی دەکرد وەک چۆن تەماشای ئێمەی دەکرد، ئاواهیش سەیری هۆزاک و ژیلەی دەکرد و ئەوانیش جاروبار ڕای خۆیان لەسەر بابەتەکە دەردەبڕی و کاک زاهیر ڕێزی بۆ ڕایەکەیان دادەنا. منداڵەکانی زۆر زیرەک بوون و ئەوەتا هەرسێکیان دکتۆرن، بەڵام نەک هەر دکتۆرێک، بەڵکە دوکتۆری ڕۆشنبیر.

***



## ناسینی هەڵۆیەک

لە پەیمانگای کەرکووک لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکان هەندێ جار باسی چالاکییەکانی پێشمەرگە و ئەو گەشەسەندنانەمان دەکرد کە پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستان و چارەنووسی گەلەکەمانەوە هەبوو. هەندێ کەس کە دەیانزانی من لەوێ دەخوێنم لە شارەکانی تریشەوە دەهاتن بۆ لام. ئاسان نەبوو باوەڕ بە هەر کەسێک بکرێت بۆ ئەم باس و خواسانە، چونکە ڕژێم بەجۆرێک چاوەدێری هەڵسوکەوتی دەکردین کە مرۆڤ لە سێبەری خۆیشی بترسێ و پێی وابێت سێبەرەکەی جاسوسە بەسەریەوە. برادەرێک ناوی کاک محەمەد قەرەداغی بوو، نازناوی (هاوڕێ سوارە) بوو لە ڕێگەی کاک عەبدوڵڵا کەریم مەحموودەوە ناسیبووم چەند جارێک هات بۆ لام و پیاسەی دوورودرێژمان دەکرد پێکەوە. جارێکیان پیاسەیەکمان کرد لە پەیمانگاوە تا ڕەحیماوا و هەر قسەی بۆ دەکردم. ئەو دەیویست من ڕێک بخات لەگەڵ کۆمەڵەدا کار بکەم، منیش بەدرێژایی کات گوێم لێ دەگرت و قسەمان کرد و لە ئاکامدا هەر پێم نەگوت کە من خۆم لەو ڕێکخراوەدا کار دەکەم و دەمێکە ئەندامم تێیدا.

لەو ماوەیەدا مقۆ مقۆی شەڕی براکوژی و دەنگوباسەکانی شاخ هەموومانی نیگەران کردبوو. بەڕاستی ئەو بارودۆخە لە ناو شارەکاندا بەجۆرێک ڕەنگی دابووەوە کە هەتا شەڕی براکوژی لە شاخدا گەرمتر دەبوو، گەمارۆی بەعس بۆ سەر تێکۆشەرانی شار توندتر دەبوو. هەموو هەستمان بە شکست و خەم و ئازارێکی زۆر دەکرد لەپای ئەو شەڕەی کە حیزب و پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە شاخدا دژ بە یەک هەڵیانگیرساندبوو. نزیکەی هەموو حیزبەکانی گۆڕەپانی سیاسی تێوەگلابوون، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عیراق، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، پارتی گەل و هتد. لە ڕاستیدا هەموو کوردێکی دڵسۆز نەفرەتی لەم جۆرە شەڕە دەکرد.

لە کۆڕێکی شیعریدا کە من بەشدار بووم تێیدا و لە هەولێر بەسترا لە نێو چەند

شیعرێکدا، کورتە شیعرێکیشم دانابوو کە گوزارەی لەو شەڕە نەگریسە دەکرد، کە خوێندمەوە، ئامادەبووانی ناو هۆڵەکە هەمووی دایانە خرمەی چەپڵەیەکی قایم. شیعرەکە بە ناوی (چەرخ)ەوە بوو، کە هەر ئەوەندە بوو:

**چەرخێ داهات**

**پێیان دەگوت چەرخی زانست**

**خۆڵی دەگۆڕی بە زێڕ و**

**بەرد بە بۆمبا**

**لە کوردستانی ئێمەشدا**

**زانستێکی تازە داهات**

**چۆنێتی کوشتنی برا**

دوای ماوەیەک مقۆ مقۆی ئەوە هەبوو کە مفاوەزات لە نێوان ڕژێم و کورد دەست پێدەکات. ئەم هەواڵەش بەڕاست کەوتەوە و پشتڕاست کرایەوە. لە ساڵی ١٩٨٤ دا گفتوگۆ لە نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕژێمی بەغدا دەستی پێ کرد و چەند مانگێک ئاسایی بووەوە کە پێشمەرگە بێتە ناو شارەکانەوە. ئێمەش هێندە تامەزرۆی دیداری پێشمەرگە بووین، پێمان خۆشبوو لە دووریشەوە بێت بیانبینین. ڕۆژێک هەدیەی مام ڕەشید هات بۆ ماڵمان و زۆر دڵی خۆش بوو، گوتی: نازمی برام هاتووەتەوە و برادەرێکیشی لەگەڵە ناوی عوسمانی حاجی مەحموودە، حەز دەکەن بتبینن. منیش یەکسەر خۆم گۆڕی و ماڵەکەیان نزیک بوو، بەپێنج دەقیقە خۆم گەیاندە ماڵیان.

بە دیداری ئەو دوو پێشمەرگەیە زۆر شاد بووم، نازم چونکە هەر لە منداڵیمەوە دەمناسی و دراوسێمان بوو، زۆرم پێ خۆش بوو بینیمەوە. عوسمانی حاجی مەحموود، ناویم بیستبوو بەڵام یەکەم جار بوو بیبینم. ئەودەم هەردووکیان هەر تەمەنیان بیست و یەک ساڵێک دەبوو. عوسمان چاوێکی بەسترابووەوە، چونکە لە کەرکووک نەشتەرگەرییان بۆی کردبوو، چاوەکەی تری هەندێ قووڵ و کەمێک خێلی تێدا بوو، بەڵام سەرنجەکانی سەقامگیر بوون. مرۆڤ هەستی دەکرد کە خاوەنی ئەو



سەرنجە کەسێکی باوەڕبەخۆ و دانا بێت. لەو دانیشتنەدا زیاتر گفتوگۆکان لە نێوان من و ئەودا بوو، ئەگەرچی ئەو لە پۆلی سێی ناوەندییەوە قوتابخانەی بەجێهێشتبوو تا ببێت بەپێشمەرگە، بەڵام بە گفتوگۆکەماندا بۆم دەرکەوت ڕۆشنبیرە و زۆر کتێب دەخوێنێتەوە و ئاگاداری بارودۆخی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانیش هەیە. جگە لە سیاسەت بەدواداچوونی هەبوو بۆ ئەدەبیاتیش و بەتایبەتی شیعر. دوای ئەو ماوەیە چاپکراوەکانی شاخیشی بۆ دەناردم و کەشکۆڵی پێشمەرگە و گۆڤاری گزنگ و هەندێ بڵاوکراوەی دیکەی شاخ ئەو بۆی دەناردم و لە ڕێگەی ماڵی هەدیەوە پێم دەگەیشت.

لەو ماوەیەدا کە بە مفاوەزات ناودەبرا چەند جارێکی تریش یەکتریمان بینی و ئاشنایەتیمان پەرەی دەسەند و بووین بە هاوڕێی نزیک. کە مفاوەزاتیش کۆتایی پێ هات و دیسانەوە پێشمەرگە چوونەوە شاخ و دیداریان قەدەغە بووەوە، لەگەڵ ئەم هاوڕێیەدا پەیوەندیمان بەردەوام بوو. نامەمان لە ڕێگەی مام ڕەشیدەوە بۆ یەکتری دەنارد و شیعری نوێشم بنووسیایە بۆم دەنارد. هەندێکیانی بە ناوی نهێنییەوە لە گۆڤارەکان شاخ بڵاو دەکردەوە. مێژووی ژیانی ئەو پێشمەرگەیە و هەڵوێستەکانی و ڕەفتارەکانی جێگەی ڕێز و شانازی بوون، هاوڕێیەکی ڕۆحسووک و بەئەمەکیش بوو، لەوساوە هەتا ئەم ساتەی تیا دەنووسم ئەم هاوڕێیە بە یەکێک لە هاوڕێ دڵسۆزەکانی خۆم دەزانم. عوسمانی حاجی مەحموود کە ئێستا وەزیری ناوخۆیە لە حکومەتی کوردستان، پێشمەرگەیەکی ئازای سەردەمی شاخ بوو، لە دەیان داستانی نەبەردانەدا بەشدار بوو، هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بوو.

لە قۆناغی دووەمی خوێندنم بوو لە پەیمانگای کەرکووک، ڕۆژێک لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کوڕێک هاتبوو بۆ سەردانیم، هەردووکیان خوێندکاری کۆلێجی ئاداب بوون. ئەویدی کاک محەمەد خدر مەولوود بوو. کاک محەمەد کەسێکی ترە لەوانەی زۆر هانی دەدام و یەکەمین کۆڕی شیعری کە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین سازی کردبوو، کاک محەمەد منی تێدا بەشدار کرد. لە دوای ئەو کۆڕە شیعرییەش کاک محەمەد سەردانی دەکردم و منیش کە دەچووم بۆ هەولێر سەردانیم دەکرد و گفتوگۆی زۆرمان لە بارەی ئەدەبیاتەوە دەکرد.

له ڕۆژی کۆڕە شیعرییەکەدا کە لە بەهاری ١٩٨٤ بوو هەموو هاوڕێکانی پەیمانگا تەگبیریان کرد بە پاسێکی کۆستەر بچین بۆ هەولێر. بیست و یەک نەفەر بووین و هەندێکیان خۆیان خەڵکی هەولێر بوون، بەڵام هاوڕێیانی سلێمانی و کەرکووک و شارۆچکەکانی تریشی تێدابوو. لە هەولێر هەر هەمووومان لە ماڵی کاک ئارام"موحسن" دابەزین. ماڵێکی هەژار بوون، تا بڵێی ڕووخۆش و خزمەتگوزار و میهرەبان بوون، خواردنێکی زۆریان بۆ ئەو هەموو قوتابییە دروست کردبوو. دوای نانخواردن بەرەو هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر چووین. کە گەیشتینە ئەوێ بینیم هۆڵەکە کە دوو نهۆم بوو سەروخواری پڕ پڕە لە خەڵک و هەندێکیش خەڵک بەپێوەن. ئەو دەم شیعر ئەو تاقە ژانرە بوو کە زمانحاڵی شۆڕش و مەینەتییەکان و ئازارەکانی خەڵک بوو، شاعیر ئەو مرۆڤە بوو کە مەشخەڵی شۆڕشی بەدەستەوە بوو، بۆیە کاریزمای هەبوو لە لای خەڵک و وەک پێشڕەو تەماشا دەکرا.

بۆ یەکەم جار بوو لە ژیانمدا بەشداری کۆڕی شیعر بکەم و کە ئەو هەموو خەڵکەم بینی لە ناخەوەی خۆمدا هەستم بەترسێکی زۆر دەکرد. چۆن منی هەژدە ساڵ لە بەرچاوی زیاتر لە هەزار کەس شیعر بخوێنمەوە. لەو کۆڕەدا شەش شاعیر بەشدار بوون و هەموو ئەوانی دی قوتابی کۆلێجی ئاداب بوون و تەنها من لە کەرکووکەوە چووبووم. ئەو ناوانەی کە لە بیرمن و بەشداری ئەو کۆڕەبوون نەوزاد عەلی، زاهیر حەمەغەریب، پەخشان سابیر، هیمداد حوسێن بوون. دڵەڕاوکێیەکی زۆرم تووش بوو، جگە لە خۆم کەس هەستی پێ نەدەکرد. هەتا نۆرەی من نزیکتر دەکەوتەوە ترسم زیاتر دەبوو، هاوڕێیانیشم کە لە کەرکووکەوە لەگەڵم هاتبوون بە سەرنجێکی هاندەرانە و بە هەستێکی پڕ لە شانازییەوە تەماشایان دەکردم و منیش هەوڵم دەدا ترس و دڵەڕاوکێکەم بشارمەوە. نۆرە گەیشتە من و بانگیان کردم. کە ناوی منیان هێنا و هەستام و بەرەو شانۆ، کە هەنگاوم نا، ترس و شەرم بەسەرمدا زاڵ بوون. کە گەیشتمە بەردەم بڵندگۆکە و ناونیشانی یەکێ لە شیعرەکانم خوێندەوە، خۆم هەستم دەکرد دەنگم دەلەرزێ، دڵم خێرا لێی دەدا و کە ئەو هەموو دەموچاوەم دەبینی تەماشام دەکات، خوێن بەرەو دەموچاوم هوروژمی دەهێنا و سوور هەڵگەڕابووم و هەموو گیانم گەرم بووبووەوە.



یەکەمین کۆپلەم تەواوکرد، کۆتایی ئەو کۆپلەیە بە وشەی کوردستان بوو، بۆیە جەماوەر دەستی بە چەپڵەلێدان کرد. ئەو چەپڵەیە لە دوو لاوە بۆ من سوودی هەبوو، لە لایەکەوە فرسەتێکی بۆ من دروست کرد هەناسەیەک هەڵکێشم و پشوویەک بدەم و دڵەڕاوکێکەم کەم بێتەوە، لە لایەکی تریشەوە هەستم کرد شیعرەکەم لە لایەن جەماوەرەوە قبوڵ کراوە و بەو چەپڵەیە ڕازیبوونی ئەوانم هەست پێ کرد بۆیە لەو ناوبڕە کورتەدا من بووم بە کەسێکی تر. کۆپلەی دووەمم ئەوەندە بە دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوونەوە خوێندەوە وەک کەسێک کە دەیان جار لە بەردەم جەماوەر ڕاوەستابێت. زۆر بە سەرکەوتوویی ئەو ڕۆڵەم لە بەردەم جەماوەردا نواند و کە هاتمە خوارەوە لەسەر شانۆ چەپڵەیەکی دووروودرێژی هاندەرانەی جەماوەر بەگشتی و هاوڕێکانی خۆم بەتایبەتی شادمانیان کردم.

لەوساوە قسەکردن بۆ جەماوەر و لەسەر شانۆ زۆر ئاسایی بووەوە لە لام، ئەگەر ئەو هەزارە دە هەزاریش بوایە بۆ من وەک یەک بوو. بەڵام لە بەردەم کامیرا و بۆ تەلەفیزیۆن یەکەمین جار لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦ و بۆ بەرنامەیەکی ئەدەبی بوو کە لە ئامادەکردنی شەهید دڵشاد مەریوانی و پێشکەشکردنی شەهاب عوسمان بوو کە لە تەلەفیزیۆنی کوردی کەرکووک پەخش دەکرایەوە. تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو، پێنج ساڵ بوو سەروکارم لەگەڵ شیعردا هەبوو، تا ئە دەم زیاتر لە پەنجا هەڵبەستم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی شار و نیو ئەوەندەشم لە بڵاوکراوەکانی شاخ بڵاو کردبووەوە.

کە داوەت کرام بۆ ئەو بەرنامەیە، بۆ سەردانی هاوڕێیەکم چووبوومە سلێمانی، کەژاڵی هاوڕێم خۆی خەڵکی قەڵادزێ بوو، بەڵام بەهۆی ڕووخاندنی شاری قەڵادزێ لە لایەن ڕژێمەوە ماڵیان هاتبووە سلێمانی، بەهۆی کەژاڵەوە جەوهەری برایشیم ناسی و دوو هاوڕێی زۆر خۆشەویستمن ئەمانە. لە ماڵی ئەمان بووم، کە بە ئۆتۆمبیلی برادەرێکمان کە ناوی کاک ئەمیر بوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەژاڵدا هەبوو، لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک چووین. کەژاڵ و شەهاب عوسمان و دڵشاد مەریوانیش لەگەڵ ئێمەدا پێکەوە بووین و کاک ئەمیر بردینی بۆ تەلەفیزیۆنی کەرکووک. لە نهۆمی سەرەوەدا بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی تەلەفیزیۆن هەبوون و، ستۆدیۆکە لە ژێرخانێکدا بوو، فەرشێکی سووری جوانی تێدا ڕاخرابوو، دوو کامێرا

و مـێـزێـک و دوو کـورسـی تێـدا بـوو. چونکـە تا ئەودەم لە بـەردەم کـامـێـرا قـسـەم نەکردبوو، دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەبوو، دەترسام لەبەر ئەو هەستەی ناوەوەم نەتوانم باش قسە بکەم و ئەو شتانەی کە دەمزانی لەبیرم بچنەوە. شەهید دڵشاد و شەهاب عوسمان هەستیان بەوە کرد و پێیان گوتم ئاساییە ئەو هەستەت هەیە چونکە یەکەمجارە لە بەردەم کامێرا قسەدەکەی، بەڵام هەر کە دەست بەقسەکردن کرا وردە وردە ئەو هەستە دەڕەوێتەوە. قسەکەی ئەوان کاریگەری هەبوو، بەتایبەت کاک دڵشاد هەوڵی دەدا قسەی خۆش بکات و کەشەکە ئاسایی بکاتەوە. بەرنامە دەستی پێ کرد و پێشکەشکاری بەرنامە منی ناساند بە خوشکە مەهاباد قەرەداغی، تا ئەو دەمە (خوشکە) تەنها بۆ خوشکە گەزیزە بەکارهاتبوو، لەو بەرنامەیەدا کاک شەهاب عوسمان بە خوشکە مەهاباد ناوی دەبردم، ئیدی کە چوومەوە بۆ کفری هەر کەسێ دەیدیم پێی دەگوتم خوشکە مەهاباد چۆنی؟

پرسیاری یەکەمی لێ کردم و وەڵامم دایەوە، بەڵام زۆر قورس بوو بە لامەوە و وام دەزانی هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵەکانی خۆیانەوە تەلەفیزیۆن دەبینن لە چاوی ئەو کامیرایەوە چاویان لە من بڕیوە. بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم باشتر بوومەوە و لە دوای دە دەقیقە ئیتر تەواو ئاسایی بوومەوە. لە ناو ئەو بەرنامەیەدا دوو جار داوای شیعر خوێندنەوەی لێ کردم، یەکەمیانم لە دوای دە دەقیقەی بەرنامەکە و دووەمیان لە کۆتایی بەرنامەکەدا بوو. ئەو دوو هۆنراوەیە هەردووکیان بە ڕەمزەوە گوزارەیان لە شۆڕش و پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن دەکرد، ئەو دەم کە نەماندەتوانی ڕاستەوخۆ هەستی خۆمان دەربڕین، بۆ ئەوانە ڕەمزمان بەکاردەبرد. کە بەرنامەکە تەواو بوو، کاک دڵشاد گوتی: براڕۆ، بەخوا ئەگەر تێی بگەن هەموومان هەڵدەواسن. بەم قسەیە هەندێک ترسام، کە لە ستۆدیۆ هاتینە دەرەوە و هاتینە نهۆمی یەکەم کە ژووری بەڕێوەبەری لێ بوو، چووینە ژوورەوە و فەرمووی لێ کردین دانیشتین. بەڕێوەبەری تەلەفیزیۆنی کەرکووک کە خۆی دەنگوباسی دەخوێندەوە، دەیانگوت بەعسییەکی تۆخە، لە پشتی مێزەکەیەوە دانیشتبوو. نیوەڕۆ بوو، بەتایبەت لەبەرئەوەی وزەی دەروونیم بۆ ئەو بەرنامەیە زۆر سەرف کردبوو، بۆیە هەستم بە برسیبوونێکی زۆر دەکرد، کەژاڵیش لە ژوورەکە لەگەڵمان دانیشتبوو، گوتیان



ناردوومانە کەبابتان بۆ بێت. بەڕێوەبەر لە منی پرسی:

– مەهاباد ئەو شیعرانەت باسی چی دەکرد؟

هەندێک ڕاوەستام و گومانم کرد کە ئەمە لێکۆڵینەوە بێت لەگەڵم دەیکات و پێویستە ئاگام لە وتەکانم بێت، زۆر بە ئاسپایی وەڵامم دایەوە:

– هەرکەس لێکدانەوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شیعر، شاعیر نابێت خۆی لێکدانەوەی شیعرەکانی بە خەڵک بڵێت.

تەماشاکەی وابوو کە پێم بڵێت ئەمە وەڵامێکی شەیتانانەیە، بە زەردەخەنەیەکی پڕماناوە پێی گوتم:

– بە خەڵکی مەڵێ بە منی بڵێ.

هێشتا هەر بە ئاسپایی وەڵامم دایەوە:

– تۆش بۆ من هەر خەڵکی، من ئەمە یەکەم جارە تۆ دەبینم.

– بەڵام خۆ لە تەلەفیزیۆنەوە منت دیوە.

– کەم، چونکە سەیری دەنگوباس ناکەم.

– بۆ سەیری ناکەی، کاک سەدام حوسێن لە دەنگوباس دەردەچێ، چۆن تەماشای ناکەی!

کابرا دەیویست لە ئاوی تەڵخ ماسی بگرێت، دەیویست هەرچۆنێ بێت قسەیەک لە من دەربکات، بەڵام ئەزموونی زیندان و ژیانم فێریان کردبووم کە ئەمجارە ئاسان نەکەومە داویانەوە، چارم نەبوو دەبوو لەو شەیتانتر بم، تۆزێ بە تووڕەییەوە وەڵامم دایەوە:

– لەبەر تۆ سەیری دەنگوباس ناکەم، نەک لەبەر ئەو.

– بۆ لەبەر من؟

– هەروا و لەبەر هیچ.

دەستیان بەپێکەنین کرد و ئەویش بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئەوە چییە ئەوەندە تووڕە و شەیتانی، من گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم.

لەو کاتەدا خواردنەکەیان هێنا، بەڵام من سەرەڕای برسیبوونیش نانەکەم نەخوارد

و خواخوام بوو زوو لەو شوێنە بێمە دەرەوە. لە ڕێگەی گەڕانەوەمان بەرەو سلێمانی (شەهید) دڵشاد و شەهاب عوسمان دەیانگوت ڕەنگە بەرنامەکە پەخش نەکەنەوە، لەبەرئەوە ئەو شیعرانە دیارە پێیانەوە کە دژ بە خۆیانە. بەڵام چەند ڕۆژێ دوای ئەوە بەرنامەکە بڵاوکرایەوە. خۆم لە سلێمانی بووم و بەرنامەکەم بینی، کە بۆ سبەینێ لەگەڵ کەژاڵ جەلال چووینە دەرەوە و سواری پاس بووین، شۆفێرەکە پارەی لێ وەرنەگرتین و وتی کە شەو لە تەلەفیزیۆن منی دیوە. ئەو بەرنامەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان منی بە خەڵک ناساند، چونکە تاقە کەناڵی کوردی بوو ئەو دەمە، هەموو ماڵێک تەماشای تەلەفیزیۆنی کوردییان دەکرد، شیعرەکانیشم چونکە گوزارە بوون لە هەست و نەستی زۆربەی کورد و شۆڕشگێڕانە بوون دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوو.

***



## لە ئامێزی سلێمانیدا

سلێمانی لە زەینی مرۆڤی کورددا تەنها شارێکی جوان نییە و بەس، هێمایەکیشە بۆ بەرخۆدان و کوردایەتی، مەڵبەندێکیشە بۆ ئەدەب و هونەر و وێژە. سلێمانی شوێنێکە بۆ نەشونمای کولتووری کوردی بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی، بۆیە لای هەموومان شاری خەون و خۆشەویستییە، بەتایبەتی لای هۆزانڤانان و هونەرمەندان و ڕۆشنفکران. لای منیش ئەو هەستە چەکەرەی دەکرد و عەشقێکی وام بۆ سلێمانی هەبوو، ئێستاش هەر باڵا دەکات. شارەکانی کوردستان هەر یەکەیان بەهۆ و بەبێ هۆ هەر خۆشەویستن لە لامان، وەلێ هەندێکیان خۆیان بەجۆرێ خۆیان نومایش دەکەن کە ڕازاوەتر بنوێنن. سلێمانی لە نواندنی خۆیدا بەجۆرێ ئەو ڕۆڵە دەلەیزێ، مرۆڤ حەیرانی خۆی دەکات، کە لەئامێزت بگرێت ناتوانی فەرامۆشی بکەیت. ئەو سیحرەی کە لە ئامێزی ئەودایە مەگەر لە ئامێزی خۆشەویستدا هەبێت و ئەو چێژەی ئەو دەیبەخشێ مەگەر داهێنان بیبەخشێت.

لە ساڵی ١٩٨٦ و دروست لە ١٠ی مانگی نیساندا، بە سەرپەرشتی شەهاب عوسمان کە بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر بوو لە سلێمانی، کۆڕێکی شیعریم بۆ سازکرا لە لایەن هەردوو بەڕێزان جەمال خەمبار و دڵشاد عومەر کاکی. ئەم دوو هاوڕێییەی دوایی چەند جارێک بۆ کەرکووک هاتن بۆ لام و پێشنیاری سازکردنی کۆڕەکەیان کرد و منیش شادمان بووم کە لە شاری خەون و خۆشەویستیدا کۆڕێک ساز بکەم.

لە ٩ ی نیسانی ١٩٨٦ داوەت بووم لە ماڵی کاک جەمال خەمبار و بۆ ئەوەش بوو کە هەندێ لە بارەی ژیاننامەی منەوە بزانێ و خۆئامادە بکەین بۆ کۆڕەکە. لەو کۆڕەدا کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر بوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆری نووسەران و ئەدەبدۆستانی سلێمانی ئامادەی بوون، ١٢ شیعرم خوێندەوە، کاک خەمبار هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکان و کاک دڵشاد لێکۆڵینەوەیەکی

بۆ فۆرمی شیعرەکان کردبوو. دوای ئەوەش لە لایەن جەماوەر و نووسەرانەوە گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر شیعرەکان کرا، بەڕێوەبەری کۆڕەکەش کەژاڵ جەلال بوو کە هاوپۆلی پەیمانگام بوو، بەڵام هاوڕێیەکی نزیکیشم بوو، بەهۆی کەژاڵیشەوە کاک (غەریب پشدەری) و کاک (محەمەد ئەمین پێنجوینی)م ناسی کە یەکەمیان خزمی دایکی و دووەمیان خزمی باوکی بوو. لە ڕێگەی (جەوهەر جەلال)یشەوە کە برای کەژاڵ بوو، هونەرمەند (سمایلی ماملێ)م ناسی کە ئەودەم حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی بارەگایان هەبوو، بەهۆی سمایلیشەوە هەندێ پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)م ناسی و لە کەرکووکیش هەندێک پێشمەرگەی چریکەی فیدایی خەڵقی ئێرانم ناسی. ئیدی بازنەی ناسینی نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان و شۆڕشگێڕانم فراوان و فراوانتر دەبووەوە. من ئەودەم لە سەرەتای ئەزموونی شیعریدا بووم و ناسینی ئەو کەسانە بۆ من دنیای نوێ بوون و دەروازەی نوێیان لە بەردەم والا دەکردم و لە هەر یەکێکیانەوە فێر دەبووم و گفتوگۆکانی کە لە نێوانماندا ڕوویان دەدا ئەزموونداترتریان دەکردم.

لە ساڵی سێیەمی پەیمانگام، ساڵی خوێندنی ١٩٨٦–١٩٨٧، بەهۆی کچی پوورمەوە کە لە تازەدێ مامۆستا بوو، (عەبدوڵڵا کەریم مەحموود)م ناسی کە لە هەمان دێدا مامۆستا بوو. لەگەڵ کاک (محەمەد قەرەداغی) پێکەوە هاتن بۆ کفری و لە بارەی شیعر و ئەدەبیات و سیاسەتەوە گفتوگۆمان دەکرد. ئەم دوو کەسەش پەسنی زۆری نووسین و هەڵوێستەکانی منیان دەکرد و هانیان دەدام، لەو کەسانە بوون کە ئەو ماوەیە بەمیهرەبانی خۆیان خەنییان کردبووم.

***

**ئازادی هیچ کاتێک چاوەڕوانیمان ناکات، دەبێ خۆمان لە داواکردنی بەدڵ و گیان درێغی نەکەین، لە هیچ جێگایەک و لە هیچ مێژوویەکدا شک نابەین ئازادی و دیموکراسی ئاسان و سادە دەستکەوتبێ.**

ئیمرسۆن

***



## فایلی ڕەش

ساڵی ١٩٨٧ من پەیمانگەم تەواوکرد و گەڕامەوە بۆ کفری. کفری شوێنێکی داخراو و پەراوێزکراو بوو، بۆ من دوای ئەو سێ ساڵەی کە لە پەیمانگەی کەرکووکەوە بەرەو هەولێر و سلێمانی دەچووم و چالاکیم دەنواند، سەخت بوو دووبارە بەبێ ئەو چالاکیی و پەیوەندییان بەسەربەرم. لە کفری تەنها هاتوچۆی شادیە و جوانم دەکرد، شادیە ئەدەب دۆست بوو، خوێنەرێکی باش بوو، بەڵام جوان بۆ خۆیشی چیرۆکی دەنووسی و ئەو ماوەیە کورتە چیرۆکی زۆر باشیشی دەنووسی، وەلێ دوای چەند ساڵێ وازی هێنا، وازهێنانەکەشی هۆی ئەوە بوو لە کفری دەنگت کەس نایبیستێ و دەرفەتی چالاکی و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کتێبیشت ئەوەندە نەبوو. من خۆم دوو جار دیوانی شیعرم ئامادە کرد بۆ چاپکردن، یەکەم کۆمەڵە شیعرم بە ناوی "شنەی هیوا" ئامادە کرد و دەبوایە پێش چاپکردن بنێردرابا بۆ دایرەی سانسۆر (رقابە) لە بەغدا، کە ناردم دوای ساڵێک دەفتەرەکەم بۆ هاتەوە و لەسەریان نووسیبوو چاپکردنی ئەم شیعرانە قەدەغەیە، چونکە شیعری خوێناویین. ئەو خوێناوییە لای ئەوان بەمانای شۆڕشگێڕانە بوو، دەنا شیعرەکانی من هاندان نەبوو بۆ خوێنڕشتن تا خوێناوی بن. کتێبی دووەمیشم بە ناوی "سروودی ئاسۆ" ئامادەکرد و بەهەمان دەردی ئەوەی یەکەم چوو.

ساڵێک پێش پەلامارەکانی ئەنفال بوو، شەڕی عیراق و ئێران نزیک کۆتایی پێ هاتن بوو، ڕژێمی دیکتاتۆر کەڵبەکانی بۆ کورد تیژ دەکرد، چونکە لە کاتی شەڕدا کورد لە سەربازگەکان هەڵدەهات و نەدەچوو شەڕی بۆ بکات و دەچووە ناوچە ئازادکراوەکان و دەبوو بە پێشمەرگە، یان لە لادێکاندا دادەنیشتن بە چەکەوە و دەبوون بە هێزی بەرگری. ڕژێم پیلانی جۆراوجۆری بۆ دەستەمۆکردنی کورد و بەتایبەت گەنجەکانی کورد دادەنا، بە ناوی جیاجیاوە کوردی بۆ بەگژداچوونەوەی یەکتری ڕێکدەخست. ئەو ماوەیە بوو ژمارەیەکی یەکجار زۆر سەرۆک خێڵەکانی

کوردی بەناوی موستەشارەوە تەعین دەکرد و ڕایسپاردن فەوج پێکەوە بنێن. پارەیەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە هەڵڕشت و موستەشارەکان بە مووچە کوڕانی کوردیان هەڵدەفریواند و دەیانکردن بە جاش. هەر موستەشارێک مووچەی هەزار کەسی وەردەگرت و نیوەی ئەوەی دەدا بە خەڵک و نیوەکەی تری لە بەرکی خۆی دەنا. لە ناو شارەکاندا بە دەگمەن کوڕی کوردت دەدی لە یەکێک لەو فەوجانەدا خۆی ناونووس نەکردبێت، بۆ ئەوەی نەیانگرن ناچاربوون ناسنامەیەکی جاشایەتی بە ناوی یەکێک لەو موستەشارانە لە گیرفانیاندا بێت. هەستمان بەوە دەکرد کارەساتێکی گەورە لە ڕێگەدایە بۆ کورد، بەڵام بە تەواوی کەس نەیدەزانی چ پیلانێکی کوشندە دانراوە بۆ ئەمە. شاعیران و نووسەران دەرکیان بە نەهامەتی ئەو بارودۆخە دەکرد، هەر کەس و بە شێوەیەک لە نووسینەکانیاندا پێشبینی خۆیان بۆ ئەو کارەساتەی بەڕێوەیە لە بەرگێکی هێمائامێزدا دەردەبڕی. من تەواوی ئەو بارودۆخ و مەترسییەی خۆمم لە دوو توێی چامەیەکدا نووسی بەناوی "قەڵای دمدم بانگی شیعری ئەمشەو دەکات". کە ئەم هۆنراوەیەم نووسی دەروونم قوڵپی دەدا، پانۆرامایەکی بارودۆخی پڕ لە نەهامەتی کوردم لەو شیعرەدا جێگە کردەوە، بەتایبەتی لەسەر موستەشار و جاشەکان کە دەمزانی دەبن بە ڕووخێنەری قەڵای شۆڕشی کورد، وەک چۆن قەڵای دمدم بەدەستی خۆفرۆشانی خۆماڵی ڕووخا. باوکم یەکەمین کەس بوو کە ئەو شیعرەم بۆی خوێندەوە، فرمێسک پڕ لە چاوەکانی بوو، هەناسەی هەڵدەکێشا و دەستی بە پشتمدا هێنا و گوتی:

– ئافەرین کچم، ئەو وەزعەی کوردت باش لە ناو ئەو شیعرەدا درکاندووە.

لەو ماوەیەدا بوو، کاک مەحموود زامدار سەردانی کفری کرد و پێشنیاری ئەوەی کرد کە بۆ سێ شاعیری لاوی کفری لە هەولێر کۆڕێک بکات و منیش ڕای باوکمم وەرگرت و پێم گوت دەمەوێ شیعرەکەی قەڵای دمدم بخوێنمەوە. باوکم لە سەرەتادا دەیگوت ئەو شیعرە خەتەرە لەم وەزعەدا بخوێنیتەوە لە کۆڕێکدا و دەترسم بتگرن، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی باش هێنامە سەر ئەو باوەڕەی کە قبوڵ بکات، پێم گوت ئەوان نازانن مەبەستم ئێستایە و هەر پێیان وا دەبێت باسی قەڵای دمدمی مێژووی کورد دەکەم. بەهەرحاڵ باوکم چونکە خۆی دڵسووتاوی ئەو بارودۆخەی کورد بوو، لەو کەسانەش نەبوو ئەوەندە دەست بە کڵاوەکەی خۆیەوە بگرێت و لە لایەکی



تریشەوە ئەو هیوایەکی زۆری بە من هەبوو، هانی دەدام و دڵی نەدەشکاندم.

هەولێر سێ لاوی شاعیری کفری لەئامێز گرت، یەکێکیان من بووم و ئەوانی دی فاتیح سەلام و عومەر فارس. کاک مەحموود زامدار خۆی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد. ژمارەیەکی زۆر شیعردۆستی شاری هەولێر ئامادە بوون و لەوێدا من ئەو شیعرەم خوێندەوە و هەستم بە کاریگەرییەکەی کرد لە نێو هۆڵەکەدا. دوای ئەو کۆڕە لە دەزگای ئەمنی کفری، هێشتا خۆم لە هەولێر بووم ناردیان بە دوای باوکم دا و داوای کردبوو کە من ببینن، باوکم خەبەری بۆ ناردم نەیەمەوە بۆ کفری و یەکسەر لەوێوە بچمە بەغدا و ماوەیەک لە ماڵی مامم بمێنمەوە تا ئەو باسە لە بیر دەچێتەوە. منیش یەکسەر لە هەولێرەوە بەرەو بەغدا چووم و مانگ و نیوێک لەوێ مامەوە.

من کە بەپلەیەکی باش خوێندنم تەواوکردبوو، ئەگەر بەپلە و شایستەیی بوایە، دەبوایە بە ئاسانی لە شوێنێک دامەزرێم. بەڵام بۆ هەر شوێنێ داوای دامەزراندنم دەکرد فایلەڕەشەکەم لای بەعس دەبووە هۆی ڕەفزکردنەوە و بێ هیواکردنم. ئەگەرچی من ئەو ماوەیە زۆرترین کتێبم دەخوێندەوە و دەمنووسی، بەڵام حەزم نەدەکرد بێکار دابنیشم، لە ژیانمدا جگە لە نووسین و خوێندنەوە کارێکی ترم نەکردبوو، بەڵام چونکە هەمیشە مەیلی هونەریم هەبووە و لەدەرسی ئەندازەشدا هەمیشە باش بووم لە قوتابخانە، بۆیە بیرم لە کارێک کردەوە کە پێشتر قەت نەمکردبوو. مەکینەیەکی دروومانمان هەبوو لە ماڵەوە، قەت پێشتر لەسەری دانەنیشتبووم. جلەکانی خۆم هەمیشە لەیلای خوشکم بۆی دەدووریم. پارچەیەکم لە ماڵەوە هەبوو بۆ کراس و دەبوایە لەو ماوەیەدا خوشکەکەم بۆم ببڕێ و بیدوورێت. زۆربەی کات ئیلهامی شیعرەکانم لە شەودا بۆ دەهات و هەڵدەستام دەمنووسییەوە، ئەو شەوەیان لە جیاتی ئیلهامی شیعر ئیلهامی مۆدێلی کراسەکەم بۆ هات و هەستام و مەقەستم بەدەستەوە گرت و پارچەکەم بڕی و هەر بەو شەوە مەکینەکەم پێ کرد و دەستم بە دوورینی کرد، کاتژمێر دووی شەو لێبوومەوە. کراسەکە هێندە جوان دەرچوو کە ماڵەوەمانی سەرسام کرد و باوەڕیان نەدەکرد خۆم ئەوەم بڕیبێت و دووریبێت. بەتایبەتی چونکە بە شەو بڕیبووم و بە شەو دووریبووم و کەسیان ئاگایان لێ نەبوو، هەموویان نووستبوون. لە ڕاستیدا خۆشم باوەڕم نەدەکرد ئەوە خۆم دووریومە و باوەڕم نەدەکرد ئەوەندە جوان دەربچێت، چونکە بۆ یەکەم جارم بوو

مقەست بەدەستەوە بگرم و بۆ یەکەمین جاریشم بوو لەسەر مەکینەی دروومان دابنیشم. لەوساوە هەستم دەکرد من بەهرەیەکی ڕەمەکیم تێدایە و ئەگەر باش بەکاری ببەم دەکرێ سوودی زۆری لێ وەربگرم، هەستیشم دەکرد هێزێکی چاکە پاڵپشتمە و لەکاتی گرفت و کێشەدا فریام دەکەوێت. لە زۆر دۆخی دژواردا ئەمەم تاقیکردبووەوە و بۆم دەرکەوتبوو، بەڵام لای کەس باسم نەکردبوو. بەڵام بەڕاستی لە دۆخە دژوارەکاندا هەست دەکەم هێزێکی دەروونی چڕوپڕ دەرژێتە دەروونمەوە، دەنا دۆخی وام دیوە مرۆڤ بە شێوەی ئاسایی ناتوانێ ڕووبەڕووی ببێتەوە و بەسەریدا زاڵ بێت.

نەورۆزی خوشکم لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو، پێم گوت بە هاوڕێکانت بڵێ کە من بەرگدرووم و ئەگەر جلوبەرگیان هەبوو بیهێنن بۆ من بۆیان دەدرووم. لە سەرەتاوە دوو کچی تورکمان هاتن و کراسیان بۆ هێنام بۆیان بدوورم، مۆدێلی نوێ کە داهێنانی خۆم بوو بۆم دەکردن و زۆریان بە دڵ دەبوو، بۆیە لای کەسانی تر باسیان دەکرد و لە ماوەیەکی کەمدا کارەکەم دەنگی دایەوە و کچانی گەنج لەو مۆدێلانەیان دەویست و منیش لەو ماوەیەدا لە پاڵ شیعر ئیلهامی تەسمیمی جلوبەرگی وام بۆ دەهات کە ئارەزووی کچانی گەنجی زۆر لەسەر بوو.

ئەو پارەیەی کە لە دوورینی جلوبەرگ بەدەستم دەهێنا سێ ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێک بوو، چونکە کارەکەشم داهێنان بوو زۆر حەزم پێدەکرد و چێژم لێ وەردەگرت، بەو شێوەیە لە خۆمەوە بووم بە خەیات و لە دڵی خۆمەوە بە ڕژێمی بەعسم دەگوت: دامنامەزرێنن چاوتان دەرەهات و چش، من ئەوەتا کارم لە هی فەرمانبەران باشترە و فەرمانیش لەکەسەوە وەرناگرم.

***

**هەرگیز خراپ بیر مەکەنەوە، هەر کارێکیان پێ گوتن بڵێن بەڵێ دەیتوانین.**

کمرلندا

نیشتیمان گۆرانییە و شار درامایە، کاتێک کە تێکەڵ دەبن، چاکترین موزیکدراما **پێکدەهێنن**

لۆنگفیلۆ



## ئاگرباران

ناخۆشترین ساڵی ژیانی گەلەکەم و من، ساڵی شووم، ساڵی بەڵا و پڕ کارەساتی ١٩٨٨ بوو. ساڵی ئاگر و مەرگباران، ساڵی ڕووخاندن و سووتاندن و هەژان. دەوروبەری نەورۆز سەرەڕای قەدەغەبوونی، گەنجەکان خۆیان بۆ ئاگرکردنەوە ئامادە دەکرد، تایەی ئۆتۆمبیل کۆدەکرایەوە و لە لایەن کوڕانی کوردەوە بە نهێنی دەبرایە سەر شاخەکان بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، کچان کەمتر دەچوونە سەر شاخەکان، لە سەربان و بەرماڵانیشدا ئاگری نەورۆز دەکرایەوە. ڕژێمی بەعسیش لەو ماوەیەدا خۆی تەیار دەکرد بۆ گرتنی گەنجان و ئەوانەی کە ئاگری نەورۆز دەکەنەوە و سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێن و هەستی کوردانەی خۆیان دەردەبڕن، دەکەوتنە بەر لێشاوی تووڕەیی ئەوان. نەورۆز، سەری ساڵی کوردی و ڕۆژی نەتەوەیی گەلی کورد، لە لایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداوە قەدەغە بوو پیرۆز بکرێت، بەڵام خۆیان ناوێکی تریان نابوو، بەناوی "جەژنی دارودرەخت"ەوە ڕۆژی بیست و یەکی ئازاریان کردبوو بە ڕۆژی پشوو. بەهەرحاڵ لەو ساڵەدا کە کورد بۆ نەورۆز خۆی ئامادە دەکرد، ڕژێمیش لە ئامادەکاریدا بوو بۆ گورزێک کە لە خەیاڵی کەسدا نەبوو ئەو گورزە چەند کاریگەر و کوشندە دەبێت. من خۆم ئەو ماوەیە لە سلێمانی بووم، سلێمانی نائاسایی بوو، دەنگوباسێکی ترسناک بڵاوبۆوە و هەر خەڵک بوو لە هەڵەبجە و دەوروبەرییەوە بەرەو سلێمانی دەهاتن و باسیان لە لێدانی هەڵەبجە دەکرد، بەڵام زۆر ڕوون نەبوو ئەو لێدانە چۆنە و بە چییە و چەند زیانی گەیاندووە.

لە ١٦ی ئاداری ئەو ساڵەدا، کاتژمێر یانزەی بەیانی، تەنها شەش ڕۆژ پێش سەری ساڵ و جەژنی نەتەوەیی کوردان، شەش ڕۆژ پێش نەورۆز، شینی نەتەوەیی کوردانمان گێڕا. بە فڕۆکەی شەڕ و بە چەکی کیمیایی ڕژێمی بەعس شاری هەڵەبجەی بە ژەهری خەردەل شەهید کرد. مرۆڤ و پەلەوەر و دارودرەخت و هەموو زیندوویەکی ئەو شارە بەرکەوتن و ئەوەی کە بە ئاستەم دەرباز بوو یان خۆی

دەگەیاندە سلێمانی یان بەرەو ئێران. ئەوەی کە نەیتوانی دەرباز بێت، ئەوانە بوون پێنج هەزاریان وەک گەڵای دار و دەستبەجێ بە ژەهری کیمیایی هەڵوەرین و کەوتن. کە دوایی ئەم ژمارەیە بەرەو دە هەزار هەڵکشا. لە ناوخۆی کوردستاندا ڕژێمی دیکتاتۆر تەنانەت نەیدەهێشت هەواڵەکەش بڵاو ببێتەوە، جگە لە تەلەفیزیۆنی بەغدا و تەلەفیزیۆنی کوردی کەرکووک هیچ کەناڵێکی تر نەدەبینرا، بەڵام لە ڕێگەی ڕادیۆکانی شۆڕش و ڕادیۆکانی دەنگی ئەمریکا و بەشی عەرەبی بیبیسی و کەناڵی ئیسرائیلەوە، هێدی هێدی ئاگاداری ئەو کارەساتە بووین کە لە هەڵەبجە ڕووی دا.

کە من گەڕامەوە بۆ کفری، لە کفری تەلەفیزیۆنەکانی عیراق وەرنەدەگیرا و لە لایەن ئێرانەوە تەشویشی خرابووە سەر و تەنها تەلەفیزیۆنەکانی ئێران وەری دەگرت و لەوێشدا ئەو ماوەیە بە وێنەوە کارەساتی هەڵەبجەی پیشان دەدا و لەوێوە کوژرانی شارێکمان بە چاوی خۆمان دی. ئەگەر بزانرابا هەر ماڵێک تەماشای تەلەفیزیۆنی ئێران دەکات، ماڵەکەیان تەخت دەکرد و هەموو ئەندامەکانیشیان گوللەباران دەکرد، بۆیە بە تەواوی نهێنییەوە دەبوایە تەماشای بکەین.

هەڵەبجە برینێک نەبوو بتوانین بەرگەی بگرین، کۆستێک نەبوو بتوانین بەسەریدا تێپەڕین، هەڵەبجە ڕۆحی هەموومان بوو لە چەند ساتێکدا ژەهراوی کرا. ئێمە ئیدی نەماندەتوانی هەڵەبجە نەبین، هەر یەکەمان بووین بە هەڵەبجەیەکی ژەهراویکراو و بەدەم گیاندانەوە گێنگڵمان دەدا. ئیدی مێژوومان بوو بە دوو کەرتەوە و کەرتێکی کەوتە پێش هەڵەبجە و ئەوی تریان کەوتە پاش مەرگی هەڵەبجەوە. لەو کەرتەی پێش هەڵەبجەدا سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکان، زیندانەکان، شەهیدبوونەکان، گریان و ناڵینەکانی دایکان، وەلێ ساتی پڕ لە پێکەنین و خەندە، ساتی بەجۆش و خرۆشی نەورۆزەکان و جەژنەکانیشی تێدا بوو، بەڵام کەرتەکەی دوای هەڵەبجە، ئیدی هەموو ڕۆژێکمان بۆنی هەڵەبجەی لێ دەهات و تامی هەڵەبجەی دەدا، ئیدی چۆن دەمانتوانی جەژن بگرین و نەورۆز پیرۆز بکەین.

کە نانمان دەخوارد، کە دەنووستین، کە لە قوتابخانە، لەسەر کار، لە چێشتخانە و



چایخانە بووین، شەو بوایە یان ڕۆژ، هەموو ساتێک هەڵەبجەی ژەهراویکراو لە ناخماندا دەکەوتە ناڵین و پێوەی دەتلاینەوە. برینمان برین نەبوو، قووڵ بوو بە قەد دەریا و نەزیف بوو وەک ڕووبار. هێشتا خوێن فوارەی دەکرد و نەزیفی برینمان بە تەوژم لێی دەچۆڕا، شاڵاو دەستی پێ کرد و لە ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی ڕژێم باس باسی شاڵاوەکانی ئەنفال بوو. ئەوان وەک سەرکەوتنی گەورە ناوزەدیان دەکرد و ئێمەش نەک هەر شکستی گەورە بوو، بەڵکە مەرگی بەکۆمەڵ بوو، چاوەڕوانی مەرگی تری دەکردین.

لادێ نشینەکانمان وێنەی کاریلەی سەربڕاو پەلەقاژەی دەربازبوونیان دەکرد، بەڵام بۆ کوێ دەچوون شاڵاوی مەرگ لەوێ چاوەڕوانیان بوو. لە دۆڵی بالیسان، لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو، لە بادینان، لە شارباژێڕ و لە قەرەداغ و لە گەرمیان. شاڵاوی ئەنفال شاڵاوێکی سەربازی باو نەبوو وەک هەر جارێکی تر کە ڕووی دەدا و مێژوومانی پڕ کردبوو لە نموونە، ئەمجارەیان شاڵاو بە ڕەشەباوە بوو، ڕەشەبای کیمیا و مەرگ. هێرشی سەر گوندەکان تەنها هێرش نەبوون، تەنها تاڵانکردنی ماڵەکان نەبوو، بەڵکو تاڵانکردنیش و ڕووخاندنیشی بەسەر لادێ نشینە هەژار و دڵسافەکانی کوردستان.

گریان چ مانایەکی دەدا، نەتدەزانی بۆ کێ بگریەی، خۆ یەک دێ نەبوو بڕووخێ تا خەمی لێ بخۆی، خۆ دە و سەد و هەزار دێ نەبوو تا بڵێی باشە هی دیکەم ماوە، ڕاماڵین و داماڵین بوو پێکەوە، چوارهەزار و پێنج سەد گوندی باشووری کوردستان، هەر هەموویان بوون، هەر هەموویان. تەنها سەرباز نەبوون شاڵاویان دەهێنا، موستەشارەکان چاوساخیان بوون و لە پێش ئەواندا بۆ ڕێگەخۆش کردن دەهاتن و دوای ئەوان فڕۆکەکان بە مووشەکی کیمیاوە ئاسمانیان لێ دەگرتین. ساڵ ساڵی سڕینەوە بوو، ساڵی لەڕەگەوە هەڵکێشان.

هێشتا سەرتاپای باڵای کورد لە خومی کۆستی هەڵەبجەدا بوو، فریای هەناسەدانێکی پاش ژەهرباران نەکەوتبووین کە لرفەی لافاوێکی تری مەرگهێن هەموو کوردستانی ڕاماڵی، هەر هەمووی. ئەنفالی ناونرا ئەو شاڵاوە سامناکەی کە وەکو داسێکی ئاگرین تەمەنی لە تاک و کۆ دەسەندەوە و درەوی دەکردین. ئەنفال،

ناوێک بوو لە فەنتازیای مندا وێنەی کۆرپە کچێکی جوانی وەیاد دەهێنامەوە کە لەگەڵ دایکیدا لە زیندانی بەعقوبە لەگەڵمدا بوون و هاوژوور بووین، نەمدەزانی ئەنفال تیۆرییەکی کتێبی پیرۆزە و ماناکانی زەبروزەنگی لە فەرهەنگی خۆیدا حەشارداوە و مرۆڤی وا هەن دەتوانن ئەوەندە بێ میهرانە لە زێدەکەی مندا پیادەی بکەن. دێیەک و دووان و سیان و دە و سەدان و هەزاران، چوار هەزارو پێنجسەد گوندی سەرتاسەری کوردستان وێران کران. تێکڕای خەڵکی لادێکان بەرەو ناشوێن، بەرەو جوگرافیا زۆرەملێکان بران و بێ سەروشوێن کران. لە سەروەختی ئەو کاتاسترۆفەدا من لە کفری بووم. تێکڕای خەڵکی شار مات و مەلوول بوون و دەتگوت چاوەڕێی مەرگێکی حەتمی دەکەن. ئێواران بە دزییەوە دەچووینە سەربانەکان و دەمانڕوانییە سەر ئەو شەقامە گشتییەی کە لە کەرکووکەوە دەهات و بە ناو کفریدا تێدەپەڕی و بەرەو کەلار درێژ دەبووەوە. لەسەر ئەو شەقامەوە تانک و زرێپۆش، نە یەکێک و نەدووان و نە سیان، بگرە هەزاران تێدەپەڕین و بەرەو لادێکان دەڕۆیشتن بۆ وێرانکردنیان و گرتنی خەڵکەکان. زیل و ئیڤای سەربازی پڕ پڕ دەکران لە پیاو و ژن و منداڵ، لە پیر و لە گەنج و دەبران بەرەو ناشوێنەکانی بیابان لە باشووری ئەو وڵاتەی کە ناوی عیراقە، بەڵام لەو ساڵەوە ئیدی بە تەواوەتی لای من بوو بە دۆزەخ. لەوساوە نیشتیمانەکەم بە دۆزەخ ناودەبەم و پێم وایە خودا تەنها بەهەشتی دروست کردووە، ئەوە مرۆڤەکانن دۆزەخ دروست دەکەن.

تا کۆتایی سێپتەمبەری ئەوساڵە ئەنفال هەر بەردەوام بوو. باوکی منیش هەر لەو ساڵەدا تەمەنی خۆی پێچایەوە و دواکۆچی کرد. هێشتا زۆر زوو بوو بۆ ئەو کۆچەی باوکم، کەی مرۆ دەتوانێ بە پەنجا و دوو ساڵ ئامانج و ئاواتەکانی بێنێتە دی. باوکی منیش وەک باوکی سەدانی تر کە لە زیندانەکانی بەعس تاڵاوی مەرگی دەکرا بە گەروودا، پاش ماوەیەک لە ئازادبوونی جەستەی لاواز دەبۆوە و بە کاوەخۆیی دەتوایەوە و ڕۆحی هەڵفڕی و کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی باوکم ڕامانمی بەرامبەر بە مردن و ژیان ورووژاند. تەمەنم بیست و دوو ساڵ بوو ئەو باوکەی کە هاوڕێیانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردم و هاندەرم بوو بۆ نووسین و خەبات و تێکۆشان، لە ناکاو بە جێی هێشتم. چۆنم باوەڕ کردبا کە ئیدی هەتا هەتایە ئەو باوکە دڵسۆز و



میهرەبانە نابینمەوە. کە تەرمی باوکمیان لە کەرکووکەوە بۆ کفری هێنایەوە و لە ناوەڕاستی ژووری دانیشتندا دایان نا، وەک لە گەرمیاندا باوە ژنانی بنەماڵە بە دایک و خوشک و پوورەوە دەوریان لێدا و دەگریان و لەخۆیان دەدا. دابونەریتی پرسە لە کوردستاندا وایە و بەتایبەتیش لە گەرمیاندا وایە هەتا زیاتر سنگ بۆ مردوو بکوتی مانای ئەوە دەدا کە زۆرترت خۆش دەوێ. هەتا قەوارەی فرمێسکەکان گەورەتربێت، مانای ئەوەیە زیاترت ئەو مرۆڤە خۆش ویستووە.

لەوەتی خۆمم ناسیوە دژ بەو دابونەریتانە بووم کە لەسەر بناغەی عەیب و گلە و گازەندە و ترس وەهەم هاتوونەتە ئاراوە. هەرگیز نەمتوانیوە نومایشی شتێک بکەم کە باوەڕم پێی نەبووە، بۆیە بۆ مەرگی باوکیشم هێمنانە چەند فرمێسکێکی ڕاستەقینە لە چاومەوە هەڵوەرین و نە تێکەڵ بە کۆڕی شیوەنگێڕان بووم و نە سنگم بۆی کوتا. هەبوون پێیان وابوو بێدەربەستم لە مەرگی باوکم، چونکە بەکوڵ ناگریم، وەلێ تەنها خۆم دەمزانی بۆشاییەکی چەند فراوان و چەند قووڵ و چەند تاریک بە مەرگی ئەو مرۆڤە نایابە لە لای من دروست بوو. ئێستاش کە دەچمەوە بۆ کفری و وێنەکەی باوکم لە هەمان ژوور دەبینم کە بە تەنیا بم لە ژوورەکە چەند قسەیەک لەگەڵ باوکمدا دەکەم و لە کاروبارەکانی خۆم ئاگاداری دەکەمەوە. لەو ساتەدا هەستێکی وام هەیە کە ڕۆحی ئەو لەگەڵمدایە و گوێی لێمە و پێی خۆشە ئەو هەواڵانەی خۆمی پێ دەگەیەنم. هەندێ جار بۆ هەندێ کاروبار پرسیاری لێ دەکەم و دەنگێک لەناخەوەم کە پێم وایە دەنگی ئەو بێت گفتوگۆم لەگەڵ دەکات دەربارەی ئەو کارەی کە ڕای باوکمم پێویستە لەسەری، ڕێنومایم دەکات.

***

**بەزۆری ئێمە پەرداخ بە نیوەیی دەبینین و هەموو سەرنجێکمان لای ئەوەیە کە نیمانە و لەوەش کە هەمانە بێ ئاگاین و چێژی لێ نابینین.**

بەرنادشۆ

***

# دەمی ڕاپەڕین

هەندێ ساڵ هەن زۆر شوومن، پڕن لە تاڵیی و سوێری، چاوەڕێ دەکەین ساڵی نوێ بە کردەوە نوێ بێت و ئۆمێدەکانمان لە ناویدا شکۆفە بکەن. ساڵی ١٩٨٩ هات و چاوەڕێ بووین لە پار نەچێت، وەلێ لەو بارودۆخە سیاسییە دژوارەدا و دوای ساڵێکی پڕ لە کارەسات، چۆن دەبوو چاوەڕوانی خۆشی بکەین. ملیۆنەها مین لە کوردستان چێندران و شوێنەواری دێیەکان، شاخەکان، مێرگەکان، کانییەکان و باخەکان هەموویان کران بە کێڵگەی مین و ناویان لێ نرا ئەرزلحەرام. قەدەغە بوو مرۆڤێ، ئاژەڵێ، پەلەوەرێ، باڵدارێک ڕوویان تێ بکات. ئۆردوگای گەمارۆدراو بە هێزی خۆیان پڕ کران لە خەڵکی لادێکان و ژیانێکی وەک زیندانیان هەبوو لە ناویدا، شارەکانیش گەمارۆ دران و ئیدی هەموو شتێک و هەموو کەسێک لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو.

چەند دەستەیەک پێشمەرگە بەو کێوانەی کوردستانەوە مانەوە و دەیانویست بەو مانەوەیە بیسەلمێنن کە هێشتا بەرگری لەم خاکەدا ماوە و ئەگەرچی بەعس هەموو شتێک و هەموو شوێنێک و هەموو کەسێکی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام چەند گروپێکی یاخی لەو سیستەمە مەرگپژێنە سەرکەشانە لەگەڵ مەرگدا بەرەنگارییان کرد و مانەوەی گەلێکیان بە هەنگاوەکانی خۆیان نووسییەوە. ئەگەرچی ئەمانە ژمارەیان زۆر نەبوو، بەڵام ورەیان بڵندبوو، ئەوانەبوون کە بەزینیان لەبیرخۆیان بردبووەوە و ترس و مەرگیان لە یاد نەمابوو.

لە گەرمیانیشدا دەستەیەک پێشمەرگە مابوونەوە و سەردەستەکەیان هاوڕێیەکی ئازیزمان بوو، عوسمانی حاجی مەحموود. ئەمانە ناوی "پێشمەرگەی مەخفی"یان لە خۆیان نابوو، مەخفی بەمانای شاراوە. زۆر سەخت بوو پەیوەندی ئەم پێشمەرگانە بە هاوڕێیانی ناو شارەوە و نزیکەی هەموو پردێکی پەیوەندی نێوانمان پچڕابوون، بۆیە ئەگەر چوکلێتە نامەیەک لەمانەوە هاتبا، وەک ئەوە وابوو لە غەیبەوە هاتبێت.



من لەوساڵەوە تا کاتی ڕاپەڕین سێ چوکلێتە نامەی عوسمانی حاجی مەحموودم پێ گەیشت. لەو نامانەدا باسی لە سەختی ئەو ژیانە دەکرد کە ئەوان هەڵیان بژاردووە، بەڵام لە هەموو نامەیەکیشیدا بەتاڵێکی ڕۆشن لە هیوا و ئومێد بە پاشەڕۆژی کوردستان دڵی منی دەدایەوە. ئەو نامانەی لەوانەوە دەگەیشتنە لامان دەتگوت لە ئاسمانەوە دابەزیون، وەک ئایەت پیرۆز بوون لە لامان، نەک جارێک و دووان و سیان سەدان جار دەمانخوێندنەوە. لە نێو ئەو نامانەی کە لە هاوڕێیەکی پێشمەرگەی شاراوەی پاش کاتاسترۆفەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەوە هاتبوون، پزیسکی ئومێدم دەبینی و ورەی بڵند دەکردمەوە. ئەو دوو ساڵە زۆر سەخت بۆ کورد لە کوردستاندا گوزەرا. سیاسەتی جینۆساید پیادە دەکرا و کەس بە ئومێدی چەند ڕۆژێکی داهاتووی خۆی نەبوو. ژیان هیچ شتێکی نوێی تێدا نەبوو، هەمیشە دۆشداماو و چاوەڕوان بووین. چاوەڕوانی کارەساتێکی لەناکاو کە یان تەواومان بکات و سەرلەبەرمان ڕاماڵێت، یان کارەساتێ وەک پەرجوو ڕزگارمان بکات. ئەم چاوەڕوانییە درێژەی کێشا بەڵام بێ ئەنجام نەبوو، ئەوەی دەمانویست ڕووی دا. ئەو ڕووداوە پەرجووئاسایەی کە دوایی بوو بەهۆی ڕزگاری و گۆڕینی چارەنووسمان.

لە دووی مانگی ئاوگوستی ساڵی ١٩٩٠، سوپای لووتبەرزی عیراق چووە ناو خاکی وڵاتی کوەیت و لە شەو و ڕۆژێکدا داگیری کرد. لێرەوە ئیدی مێژووی بەعس سەرەولێژ بووەوە و هی ئێمە خۆشبەختانە بەرەو هەوراز هەڵکشا. خۆ کوەیت کوردستان نەبوو تا هیچ کەسێک لەسەر داگیرکردنی نەیەتە دەنگ، خاوەنی زۆری هەبوو، لەسەرووی هەموشیانەوە ئەمریکا. داگیرکردنی کوەیت لە دنیادا دەنگی دایەوە و دەستەی داکۆکیکاران لە هەموو دنیاوە هاوپەیمانانە بەرەنگاری ڕژێمی بەعسی عیراق بوونەوە. سەرەتا بە زمانی خۆش و تکا و داخوازی لە سەدام حوسێن کە سوپاکەی بکشێنێتەوە و وردە وردە بە توندی و لە ئاکامدا بە زۆر و بە شەڕ سوپاکەی دەرکرا، بەڵام چۆن دەرکردنێک، من باسی ئەو ڕووداوانە ناکەم چونکە سەدان کتێبی لەسەر نووسراوەتەوە و دەنووسرێتەوە، چونکە مێژوویەکی وەرچەرخێنەر بوو بۆ ناوچەکە و جیهان بەگشتی و بۆ کورستان بەتایبەتی. من تەنها ئەو شتانە باس دەکەم کە پەیوەندیدارن بە گەلەکەمەوە و لە میانەی ئەویشەوە بە خۆمەوە پەیوەندیدار دەبن.

خۆزگەم بەو کەسەی لە زەمانی بەعسدا لەدایک نەبوو، نەژیا و نەمرد، چونکە لەو سەردەمەدا نە مرۆڤ بە ئاسایی لە دایک دەبوو، نە بە شێوەیەکی ئاسایی دەژیا و نە بە شێوەیەکی ئاسایی دەمرد. هەموو شتێک نائاسایی و نایاسایی بوو. لەدایک بوون و مردن و هەموو ئەو ژیانەی نێوان ئەو دووانە بە ئاگر و ئاسن کۆنترۆڵ کرابوو.

فەرهەنگی تالان لە کاتی داگیرکردنی کوەیتدا گەیشتە چڵەپۆپە و شتومەک و کەلوپەلی دزراوی ئەو وڵاتە گەیشتە دوورترین لادێ لە عیراق. بەڵام ئەمە یەکەمین ئەزموونی تالانکاری نەبوو کە بەعس وەک وانە بە خەڵکی وڵاتەکەی دائەدا، بەڵکە کولتووری تالان لە ڕۆحی یەک بە یەکی سەرانی بەعسدا جێگیر بوو و ڕۆژانە دەیانکرد بە ڕێنومایی و پەروەردەی تالانکارییان دەکرد. لە شەڕی نێوان عیراق و ئێرانیشدا بەهەمان شێوە کە دێیەک، شارێکی دەگرت، دوای بۆردومانکردنی و کە خەڵکی ئەو شوێنە ناچاری سەرهەڵگرتن و بەجێهێشتنی هەموو شتێک دەبوون، ئەوسا سوپای تالانکاری عیراق دەهات و هەرچی بەکەڵک بوایە دەیاندزی و ئەوەشی بەکەڵک نەبوایە دەیسووتاند. تالانی و سووتان، وێرانکردن و بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی ترسناک ببووە پیشەی ئەم سوپایە.

سوپایەکی وا پەروەردەکراو هی ئەوە نەبوو گەلێکی دەستەمۆکراوی وەک هی عیراق، کە سی و پێنج ساڵ لەژێر پێڵاوی بەعسدا کەرامەتیان ڕووشێندرابوو، بەرەنگاری بکرێتەوە. هەر دەبوو سوپایەکی بەهێزتر لووتی سوپای عیراق بشکێنێ و خۆشبەختانە سوپای هاوپەیمانان ئەو ئەرکەیان ئەنجام دا و سوپای عیراقیان لە کوەیت دەرکرد و بەجۆرێک شکستیان خوارد کە جارێکی تر نەتوانن بە خۆیان بڵێن سوپا، تەفروتوونا بوون.

هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عیراق، کە ئاواتی ڕۆژێکی وایان دەخواست و چاوەڕوانی دەرفەتێکی وا بوون لە هەموو شوێنێکەوە کەوتنە خۆیان و دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. لە باشووری عیراق هێزە مەزهەبییەکان کە نوێنەرایەتی زۆربەی عەرەبیان دەکرد لە عیراق کە شیعە بوون، بەڵام کەمینە کە سوونني بوون بە ئاگر و ئاسن حوکمی ئەوانیان دەکرد و دەیانچەوساندنەوە، بە ڕۆژی خۆیانیان دەزانی و دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. لە کوردستانیش کە زمان و کولتووری داگیرکەر ناوی شیمالی



عیراقیان لێ نابوو، هەلی ئازادکردنی ئەو خاکە داگیرکراوە بۆ گەلی ئێمە هەڵکەوت و جەماوەر و پێشمەرگە ڕاپەڕین و شارەکان و شارۆچکەکانیان لە بەعس پاک کردەوە. پزیسکی ڕاپەڕین لە پێنجی مانگی ئازارەوە لە ڕانیەوە دەستی پێ کرد، ئەو شارەی کە ناوی دەروازەی ڕاپەڕینی پێ بڕا و بوو بە خاڵێکی پرشنگداری مێژووی خەڵکی ئەو شارە. لە دوای ڕانیە ئیدی لە هەر ڕۆژێکدا شارێک یان دوان و شارۆچکە و گوند و دێکان لە بەعس پاک دەکرانەوە.

لە دەی مانگی ئازار مەشخەڵی ئازادی لە شاری کفری هەڵکرا، ئەو دەم من هەر لەو شارەی خۆمدا بووم و لە چاوەڕوانی کۆدی ڕاپەڕین بووین لە ئێستگەکانەوە و لە دەنگی تەقەی پێشمەرگەوە بیبیستین. چەند ئاسوودەم کە ئەو ڕۆڵەم گێڕا کە دەبوو لەو ڕۆژەدا بیگێڕم و لە نێو شاردا بە بڵندگۆ بانگەوازی ئازادی بدەم بە گوێی خەڵک و بەوەش سەهۆڵبەندانی ستەمی بەعس لە دەروونی خەڵک و خۆمدا بتوێنمەوە. ئەو شەوەی کە تەقە دەستی پێ کرد و چەند سەعاتێکی خایاند و بەرەبەیان هەموو ئەندامانی حکومەتی بەعس یان بەرکەوتن، یان هەڵاتن و یان خۆیان دا بەدەستەوە. ئیدی تەقەکان بوون بە شێوەی تەپڵی سەرکەوتن و زانرا کە حکومەت ڕووخا و کفری کەوتە دەستی خۆمانەوە. خۆم گەیاندە نێوەندی شار و سواری ئەمبولانسی نەخۆشخانەی کفری بووم و گەڕەک بە گەڕەک و شەقام بە شەقام موژدەی ئازادیم بە گوێیاندا دەدا. گەڕەکەکان کپ و خامۆش بوون، کە گوێیان لە دەنگی من بوو، ئیتر وردە وردە باوەڕیان دەکرد و دەهاتنە دەرەوە و دەستیان بە شایی لۆغان دەکرد و سەرچۆپییان دەکێشا و ژنان هەلهەلەیان لێ دەدا. ڕەنگە هیچ ڕۆژێکی ژیانم ئەو تامەی ئەو ڕۆژەی نەبووبێت. تەنها ئەو ڕۆژە دەکرا پێی بگوترێت ڕۆژ، ڕۆژی تازەی ساڵی تازەی کورد.

وتاردانی من لە نێو ئەمبولانسەکە تا نزیک نیوەڕۆ بەردەوام بوو لە شەقام و گەڕەکەکاندا، لەو کاتەدا براگەورەکەشم (قەیس) لەگەڵما بوو، بە دووقۆڵی وتارمان دەدا، قەیس بە تورکی و بە عەرەبیش وتاری دەدا. نزیک دوانزەی نیوەڕۆ گەیشتینەوە لای گومرکی کفری و لەوێ ئاپۆڕەیەک لە سەدان کەس پێک هاتبوو بۆ سووتاندنی وێنەیەکی گەورەی دیکتاتۆر خۆیان ئامادە کردبوو. لەوێ وەستاین و بە بڵندگۆکە

بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی شیعری شۆڕشگێڕانە و وتاردان. لەناکاو فڕۆکەیەک هات و هەموو هەڵاتن و لە کۆڵان و ماڵەکاندا خۆیان شاردەوە، بەڵام فڕۆکەکە هیچی نەکرد و خەڵک لە ماوەی پێنج دەقیقەدا دیسانەوە کۆبوونەوە و ئاگرێکیان لە باڵای وێنەکەی سەدام بەردا.

لەگەرمەی وتارداندا بووم کە هاوڕێی دێرینم عوسمانی حاجی مەحموود هاتە لام و بە دیداریان شاد بووم، ئەوان دووجار چووبوونە ماڵەوە بۆ لام بەڵام من هەر لە ماڵ نەبووم و کە لەوێ یەکترمان دی، بڕیارمان دا ئەوان بچنەوە و منیش دەچمەوە ماڵەوە بۆ لایان. کە ئەوان ڕۆیشتن براکەم بە سەرسوڕمانەوە لە منی پرسی:

– ئەوە عوسمانی حاجی مەحموود چۆن دەناسی، زۆر بە گەرمی قسەتان کرد، ئەم کوڕە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازایە و بەناوبانگە، تۆ چۆنی دەناسی؟

ئەو ڕۆژە یەکەمین ڕۆژ بوو خەباتی نهێنیمان ئاشکرا بکەین و بێباکانە باسی پەیوەندی سیاسی خۆمان بکەین و سڵ لە هیچ نەکەینەوە. زۆر بێباکانە و بەپێکەنینەوە وەڵامی براکەمم دایەوە:

– کاک عوسمان هاوڕێیەکی دێرینمە، لە ڕێگەی تەتەرەکانەوە هەمیشە ئاگامان لە یەکتری بووە.

کاک حەمەڕەش مەسۆیی پێشمەرگەیەکی زۆر خوێن شیرین بوو، بە هاوەڵی کاک عوسمان هاتنە ماڵمان و پێکەوە نانێکمان خوارد. ئەگەر چی جاری یەکەمم بوو ببینم، بەڵام زۆر ئاشنایانە گفتوگۆمان دەکرد، زۆر خۆشحاڵیش بووین بەو یەکتر ناسینە. ئەوان پەلەیان بوو، چونکە ئەرکی ئازادکردنی دوزیان لەسەر شان بوو. کە ماڵئاواییان لە ئێمە کرد، بەرەو دووز کەوتنە ڕێ.

ئەو شەوە بۆ ئازادکردنی دووز دەستیان بەشەڕ کرد و بەڵام دووز بەهۆی ئەوەی هێزێکی زۆری سوپای عیراقی تێدابوو، لە چەند قۆڵێکیشەوە بەردەوام هێزی دەگەیشتێ، بۆیە وەک شارەکانی تر ئاسان نەبوو. ئێوارەی ڕۆژی یانزەی ئازار هەواڵی برینداربوونی حەمەڕەش بڵاو بووەوە، هاوکات هەواڵی شەهیدبوونی کۆمەڵێک خەڵکی دیکە کە بۆ پشتیوانی پێشمەرگەکانی دووز چووبوون و لە نێو پاسێکدا بوون. لە نێو ئەوانەدا باوک و برایەکی کاک عوسمانی تێدا بوو. ئەو پاسە



لێدرابوو هەموو ئەوانەی تێیدا بوون شەهیدبوون. ئەم هەواڵانە زۆر ناخۆش بوون کە دەگەیشتنە ئێمە. هەموو خۆشییەکانی ئازادبوونی کفری ڕاماڵی و هەر لە سۆراخی شەڕی دووز و ئازادکردنی دووزدا بووین. هێدی هێدی هەواڵەکان ڕوونتر دەبوونەوە و پشتڕاست دەکرانەوە، مەخابن حەمەڕەش شەهید بوو. لە بری ئەو هاوڕێی هێژامان کاک عوسمان بەردەوامی بە شەڕەکان دا لە شاری دووز، بەڵام شەڕ گەرم و گەرمتر دەبووەوە بەهۆی ئەوەی لە ڕێگاکانی تکریت و لە کەرکووکیش و لە بەغداشەوە هێز دەهاتن بۆ شەڕکردن لەگەڵ پێشمەرگە. لەو دەمەدا هێزەکانی بارق ناودارترین بوون بۆ دڕندەیی، بارق خۆشی بەوە ناسرابوو کە پێشمەرگەی دیل لە فڕۆکە بەردەداتەوە. بارق خاوەنی دەیان ویسامی ئازایەتی بوو کە لە لایەن سەدامەوە پێی بەخشرابوو، بەڵام سوپاس بۆ خودا لەو شەڕەدا دۆڕاندی. بارق خۆی لەو شەڕەدا نەکوژرا و هەڵات، پێ دەچوو تەنها چەند کاتژمێرێک تەمەن مۆڵەتی دابێت، چونکە کە گەیشتەوە لای سەرۆکەکەی، سەدام خۆی کوشتی.

کفریش چەند ڕۆژێکی ئازادی بەخۆیەوە دی، پاشان هێزێکی زۆری موجاهیدینی خەڵق، کە لەبەر ناڵەباری و دڕندەیییان ناونرابوون مونافیقینی خەڵق، هاتن بۆ داگیرکردنەوەی شارەکە. چەند کیلۆمەترێک لە دەرەوەی شارەوە، دروست لای دێیەکانی کارێز و قنگربان سەنگەریان لێدا و سەدان زرێپۆشیان بە تۆپ و ڕاجیمەوە لەوێ ڕاگرت و دەستیان بە بۆردومانکردنی شار کرد. کوێرانە دەیانهاویشت و بەر بە ماڵ و مزگەوت و شاخ و چەم و دۆڵەکان دەکەوت. خەڵک پەیتا پەیتا شاریان بە جێ دەهێشت و بەرەو پشتی شاخەکان دەچوون. ئێمە چەند کاتژمێرێک ماینەوە و پێمان وابوو تەواو دەبێت و پێویست ناکات بڕۆین، بەڵام کە تۆپێک بەر خانووەکەی دراوسێمان کەوت و ڕووخاندنی، دەمودەست ماڵمان بە جێ هێشت و کۆڵان بە کۆڵان ڕۆیشتین و هەموومان دایکم و خوشک و برا و منداڵە بچووکەکان ڕۆیشتین بەرەو چەمەکەی کفری، تا لەوێدا بچینە پشتی ئەو شاخانە وەکو ئەو خەڵکە. لە ڕێگادا دەیان جار دەوەستاین، چونکە دەنگی ئەو تۆپ و ڕاجیمانە کە دەیاندا لە عەرز ئەوەندە نزیک بوون، وامان دەزانی لە بەرپێی ئێمە تەقیونەتەوە. زۆر سەخت بوو ئەو ڕۆژە، زۆر مەترسیدار بوو. هەرچۆنێک بێت خۆمان گەیاندە پشتی ئەو شاخانە و کردمانە پەناگەی خۆمان.

لەوێ بۆ یەکەمجار پێشمەرگەی ئیسلامیم دی. بینیم تۆپێکی هاون دابەستراوە و پیاوێکی گەنجی ڕیش درێژ لە پاڵ تۆپەکەدا لەسەر بەرماڵە و نوێژ دەکات. نەمانزانی هی چ حیزبێکە، بەڵام دیار بوو سەر بە حیزبێکی مەزهەبییە. ئەو خۆی بە تەنیا لەسەر تۆپەکە بوو، بەڵام لە دوورتر هاوەڵی دیکەشی هەبوو، جاروبار کەسێک دەهات بۆ لای و دەڕۆیشتەوە.

زۆرمان پێ سەیر بوو کە تەنها ئەوان لەوێن و پێشمەرگەی خۆمان لەوناوە نەدەبینران، بەڵام دەمانگوت ڕەنگە ئەوان لە ناو شار بن و بەرگری لە شار بکەن بۆیە دیار نین. ئێمە لە پشتی شاخەکەوە تەماشای دوورمان دەکرد و لەوێ لە دوورەوە دەبابەکانی ئەوانمان دەدی، بە حاڵ سەرمان بڵند دەکردەوە نەوەک ئەوان پێیان وابێ پێشمەرگە لەوێیە و تۆپمان تێ بگرن. نزیکی ئێوارە دەنگی تۆپەکان کز بوونەوە و سەرنجمان دا تەواو کپ بوونەوە، خەریک بوو تەواو تاریک دابێت، هاتینەوە ناو شار و دیسانەوە گەڕەک بە گەڕەک هاتینەوە تا گەیشتینەوە ماڵەوە. ماڵی ئێمە لە گەڕەکێکی نزیک لە دەبابەکان بوو، کەمتر لە پێنج کیلۆمەتر بوو لە نێواندا. ئەو شەوە تۆپباران نەبوو، بەڵام کەس نەیدەتوانی چاوی لێک بنێت و بنوێت، چونکە مەترسی داگیرکردنەوەی کفری لە ئارادا بوو.

چەند ڕۆژێکی خایاند و بە ڕۆژ تۆپباران بوو، دەچووینە ناوشاخان، ئێواران بێدەنگ دەبوو، دەهاتینە ماڵەوە. هێدی هێدی شار چۆڵ دەبوو، وای لێ هات خەڵک خۆراک و جلوبەرگ و پێخەف لەگەڵ خۆیاندا بەرن و بەشەویش نەیەنەوە، ئەوانەی کە ناسیاویان لە سەرقەڵا و کەلار هەبوو چوونە ئەوێ. ئێمە تا ماوەیەک لە شاردا ماینەوە، بەڵام بەیانییەکی زوو هەواڵەکان باسیان لە حەتمی بوونی داگیرکردنەوەی کفری کرد بەدەستی موجاهیدین، ئێمەش ناچار شارمان بە جێ هێشت. تراکتۆرێکمان هەبوو، هەموو خزاینە نێو عەرەبانەکەی پشتییەوە و سەلاحی برام لێی خوڕی و ڕۆشتین بۆ سەرقەڵا، لەوێ ژوورێکی چۆڵمان لە قوتابخانەیەک دۆزییەوە و تێیدا ماینەوە و لە چاوەڕوانی هەواڵەکانی کفری و دووز بووین کە لە یەکەمیاندا تۆپباران و لە دووەمیاندا شەڕ بەردەوام بوو.

لە لایەکەوە هەواڵی هێرشکردنەوەی هێزەکانی ڕژێم بۆ سەر دەڤەری گەرمیانی ئازادکراومان دەبیست و لە ئێستگەی شۆڕشیشەوە ئێوارەی نەورۆز مژدەی



ئازادکردنی کەرکووک درا و لە نێو ئەو دەردەسەرییەی هەڵاتن و ترس و تاوەدا، خۆشی و هەڵپەڕکێ کەوتە نێو خەڵکەکەوە.

پێ دەچوو تەمەنی ئازادی کەرکووکیش کورت بێ و تەنها ڕۆژی نەورۆزی گرتبێتەوە، چونکە دووبارە هێرش دەکرایەوە و پێشمەرگەی ناچاری کشانەوە کرد. زۆر پەرۆشی زانینی هەواڵی هاوڕێیانی پێشمەرگە بووم لە دووز و بەتایبەتی کاک عوسمانی حاجی مەحموود، چونکە لە دوای هەواڵی شەهیدبوونی حەمەڕەش و باوک و براکەی کاک عوسمان هەواڵی دیکەمان نەبیست و لە دڵی خۆمەوە دەمگوت ئاخۆ حاڵی چۆن بێت ئەو کۆستانەی کەوتووە و لە نێو شەڕێکی ئەوەندە گەرمیشدایە. هەر ئەو ڕۆژە دەوروبەری نیوەڕۆ کاک عوسمان گەیشتبووە سەرقەڵا و بە سۆراخ جێگەی ئێمەی دۆزیبۆوە و گەیشتە لامان. کە ڕوخساریمان بینی هێندە ئاساییە و ورەی ئەوەندە بڵندە و چاوی ئەوەندە گەشە، ئەگەرچی خەمێکی قووڵیشی تێدابوو، سەرەتا نەمانویست سەرخۆشی لێ بکەین بۆ کۆستی باوک و براکەی و شەهید حەمەڕەش، گوتمان ڕەنگە هەواڵەکە ڕاست نەبێت. بەڵام کە بە ئاسپایی پرسیمان ئەویش هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە و سەرخۆشیمان لێ کرد. من پێشتریش شانازیم بەو هاوڕێیەوە دەکرد و شارەزای ڕەوشتی بەرزی بووم، بە بینینی ئەو هەڵوێست و ورە و ئیرادە پۆڵاینەشی هێندەی تر بوو بە جێگەی شانازیم. مرۆڤ لە هاوڕێی واوە فێری کۆڵنەدان دەبێت. کاک عوسمان هێشتا نەچووبووەوە بۆ ماڵەوەی خۆیان کە لای ئێمە لایدابوو، کە دایکی لە گەرمەی پرسەگێڕان بوو بۆ کوڕ و هاوسەرەکەی، ئەم لە بەرەی شەڕدا بوو، مەیدانی چۆڵ نەکرد تا دواساتی فەرماندانیان بۆ کشانەوە. خۆشەویستی بێ سنووری وڵات نەبێت، چی وا دەکات مرۆڤ هێندە سوور و بەردەوام بێت لەسەر تێکۆشان و سڵ لە هیچ نەکاتەوە. لەو ڕۆژگارە سەختەدا زیاتر ڕۆحی ئەم هاوڕێیەم ناسی و بوو بە نموونەیەکی باڵای خەبات و تێکۆشان لە لای هەموومان.

***

**باوەڕی تەواو**

**دەشێ بمانخاتە سەرووی ترسەوە.**

جۆرج ماکدۆناڵد

# کۆڕەو

تەنها سێ ڕۆژ لە سەرقەڵا ماینەوە. دوو ڕۆژ دوای نەورۆز بوو، کە هەواڵی داگیرکردنەوەی کفری گەیشتە لامان، دەمانبینی خەڵک سەرقەڵاش چۆڵ دەکات و ئێمەش خۆمان کۆکردەوە و بەرەو کەلار کەوتینە ڕێ. هەواڵەکان دەماودەم بوون، مرۆڤ نەیدەزانی کامیان ڕاستە و کامیان درۆ، بەڵام کاتێ دەتدی هەموو چۆڵیان کرد و خۆت بە تەنیا ماوی، دوای خەڵک دەکەوتی و دەڕۆیشتی. لە سمودیش لە خانوویەکی ڕووخاو دوو ڕۆژ ماینەوە، ئەوێش چۆڵی کرد و ئێمەش سواری عەرەبانەی تراکتۆرەکە بووین و دوای خەڵک کەوتین، لە کەلار دەمانبینی هەر ئۆتۆمبیلە و هەر لۆریی و عەرەبانە و تراکتۆرە دەڕوا و شار بە جێ دەهێڵێ. سەدان کەسیش کە ئۆتۆمبیلیان نییە بە پیادەڕەوی دەڕۆن و زەخیرە و پێخەفیان گرتۆتە کۆڵیان. دیمەنەکە زۆر ترسناک بوو، کۆچێکی بەکۆمەڵ بوو، دەتگوت ڕۆژی حەشرە. گەیشتینە دەربەند و لە تونێلەکەش ئاودیو بووینەوە. ڕێک لەودیوی توونێلەکەی دەربەند ژوورێک هەبوو کە پێشتر سەربازەکانی بەعس بۆ سەیتەرە بەکاریان هێنابوو، بنمیچی نەبوو، تەنها چوار دیواری هەبوو. چووینە ناو ئەو ژوورە و لەوێ ماینەوە.

چونکە سەرەتای بەهار بوو، تاو تاو بارانێکی نەرم دایدەکرد و بە کەیفی خۆی تەڕی دەکردین. هەندێ پەڕۆ و پیتاڵ و نایلۆنمان پێبوو بەشێکی سەری ژوورەکەمان پێ گرت و لە ناویدا هەڵتووتاین. ژوورەکە دەرگاشی نەبوو، چونکە سەرەڕێ بوو هەر کەسێ لەوێوە تێدەپەڕی دەمانبینی. هەر ئۆتۆمبیل بوو بەرەو سلێمانی دەڕۆیشت.

لە ڕۆژی دووەمی ئەو هەوارە نوێیەمان ئاومان لێ بڕا و براکەم چوو لە کانییەکی نزیک ئاو بێنێت، یوسفی کوڕی کە تەمەنی چوار پێنج ساڵ بوو لەگەڵی چوو. لە ناکاو بەردێک لە شاخەکە بەربووەوە و دابووی بەسەر قاچی و هاواری لێ هەستاندبوو. ئەو هەر دەگریا و کە پێڵاوەکەمان لە پێی داکەند بینیمان پەنجە



تووتەی هاڕیوە و بە حاڵ پەنجەکەی پێوە ماوە. من و دایک و باوکی بردمان بۆ خەستەخانەی دەربەندیخان بینیمان تەنها دوو برینپێچی لێیە و هەموو ئەوانی تر چۆڵیان کردووە. گوتیان دەبێت ئەو پەنجەیەی ببڕینەوە و شوێنەکەی بدوورینەوە. باوک و دایکی نەیانتوانی لەگەڵی بن و لە دەرەوە وەستان و دەگریان، من لەگەڵی بووم و تینم دابوو بە خۆم کە بەرگری ئەو ئازارەی ئەو منداڵە بکەم کە زۆرم خۆش دەویست. یوسف هەر دەیزریکاند و هاواری دەکرد و دەپاڕایەوە و دەیگوت: میمی گیان توخوا با نەیبڕنەوە. بە قوربانت بم میمی گیان مەهێڵە بیبڕنەوە. میمی گیان، حەیاتم با نەیبڕنەوە. وەخت بوو لە تاوان گیانم دەرچێ، ئارەقم کردبوو، بەڵام هەردوو دەستی یوسفم گرتبوو، برینپێچەکان خەریکی بڕینەوەی پەنجە تووتەی و دوورینەوەی شوێنەکەی بوون. هەر دەبوایە ئەوە بکرێت. ڕووداوێکی سەخت بوو کە بەسەر ئەو منداڵە بچووکە هات.

ڕۆژی دواتر ئەمجار من چووم بۆ ئەوەی ئاو پەیدا بکەم، ئاویش دەبوایە لەودیوی تۆنێلەکەوە بهێنرێت، تونێلەکەش خۆی یەک کیلۆمەترە. هەر کە گەیشتمە ئەودیوی، لە گردێکەوە بەربوومەوە و پێم شکا. ئۆف چ ئێشێکی پێم گەیاند. داوام لە ئۆتۆمبیلێک کرد بمگەیەنێتە ئەودیوی تۆنێلەکە و خێرخوازانە ئەو کارەی کرد. لەو کاتەدا زۆر زەحمەت بوو کەسێک بە ئۆتۆمبیل کەسێکی تر هەڵبگرێت، چونکە هەمووی پڕ بوو لە کەسوکاری خۆی و خێرا دەڕۆیشتن تا خۆیان دەرباز بکەن لە تۆپ و تفەنگی دوژمن. بەپێی شکاوەوە گەیشتمە لای کەسوکارم. گوتیان لە دەربەندیخان پیاوێک هەیە دەست و لاقی شکاو دەگرێتەوە، چووین و گەڕاین و نەماندۆزیوە، چونکە ئەوانیش هەڵاتبوون و شاریان بە جێ هێشتبوو.

ڕۆژی دواتر دەربەندیخانیش چۆڵی کرد، هەر هەواڵ بوو دەهات و دەیگوت ئەوەتا سوپای عیراق و موجاهیدین گەیشتنە فلانە شوێن و نزیک بوونەتەوە. هەر دوای ئەو هەواڵانە لێشاوی ڕۆیشتن دەستی پێ دەکرد. تونێلەکەی دەربەندیشمان سپارد بە یادگاری و بەجێمان هێشت. عەرەبانەی تراکتۆرەکەمان بیست و پێنج کەسی تێدا بوو، کە من بە لاقی شکاوەوە دانیشتبووم و خواخوام بوو کەس بەری نەکەوێت چونکە ئێشی زۆر سەخت بوو.

دەبوایە بەرەو سنوورەکانی ئێران بڕۆین، نزیک نالْپاریز هەندێ ناوچەی سەر سنووری هەبوون و دوای دوو کاتژمێر گەیشتینە ئەوێ ئینجا زانیمان کەس لە کوردستان نەماوە. سەدان هەزار ڕەشماڵ بە پەڕۆ و نایلۆن و پەتوو و پارچە هەڵدرابوون. هەموو خەڵکی دەڤەری گەرمیان ڕژابوونە ئەو سەر سنوورە و چاوەڕوان بوون سنوور بکرێتەوە و ڕێگە بدرێن بچنە ئەودیو، چونکە لەو دیو خێوەتگایان چێ کردبوو بۆ ئاوارەکانی وەک ئێمە. چەندان ڕۆژ بوو لەو سنوورانەوە هەزاران کەس چووبوونە ئەودیو، بەڵام وا بە ئاسانی ڕێگەی خەڵکیان نەدەدا و لەو بازگانەشدا سووکایەتی زۆریان بە خەڵک دەکرد.

مانگی ئازار تەواو بوو، بەڵام ئازارەکانمان هەر بەردەوام بوون. ئێمەش وەک سەدان هەزار خێزان لە پەڕۆ و پیتاڵ و نایلۆن هەر لەسەر عەرەبانەکە و لە تەنیشتی شوێنمان بۆ خۆمان ساز کرد و ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، بۆ ئەوەی سبەی بڕۆین بۆ ئەودیو. ئەو شەوە سەرمایەکی بێ ئەندازە بوو، بارانێکی ئەوەندە زۆر باری خۆشی نەدەکردەوە. سەرما گەیشتە کرۆکی ئێسقانەکانمان. بەتایبەتی من کە قاچیشم شکابوو ئەو سەرمایە بێئارامی کردبووم. بەڕاستی مرۆڤ سەیر و سەرسەختە، هەموو جارێ دەڵێم مادەم ئەوسا نەمردین ئیتر نامرین. ئاخر لە هەر ساتێکدا ئاواتمان بە مردن دەخواست، کەچی بۆ ئەوەی نەمرین پەلەمان بوو ڕزگارمان بێت. ئەمە دۆخێکی دەروونی زۆر ئاڵۆزە مرۆڤ تێی دەکەوێ، لە لایەکەوە دەیەوێت لە مردن ڕزگار بێت و لە لایەکی ترەوە ئاواتی مردن دەخوازێت.

چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە و سەیر و سەمەرەی دنیامان دی. ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین هاوکات کێڵگەی مینڕێژکراو بوو، هەر لە ناکاو بە کەسێک یان چەند کەسێکدا دەتەقییەوە و دەست و قاچیانی دەپەڕاند یان دەیکوشتن. کە لۆری ئازووقە دەهات بۆ ئەوەی فریای خەڵکی بخات، خەڵک ڕایان دەکرد بۆ ئەوەی نان و خۆراک وەربگرن و هەر وەک ئەوەی بۆ سەگ نان فڕێ بدەن ئاوا بۆ خەڵکیان فڕێ دەدا و ئەوەی تاقەتی ئەو شەڕەشەقەی بوایە بەری دەکەوت و ئەوانی تر هیچیان بەر نەدەکەوت. شەوی چوارەمیش تۆپباران دەستی پێ کرد و تەقەش لەملاوە، دەیان کەس کوژران و کەس نەیزانی بە تۆپ و تەقەی کام لاوە پێوەبوون.



لە پێنجەمین ڕۆژدا سەرلەبەیانییەکەی گوتیان سنوور کرایەوە و هەموو خەڵک سواری ئۆتۆمبیلە جۆراوجۆرەکانیان بوونەوە، ژمارەیەکی زۆریش بە پیادەیی دەڕۆیشتن و باری قورسیان پێبوو، جگە لەوەی دەستی منداڵی وردیان بەدەستەوە بوو بە کێشیان دەکردن لەگەڵ خۆیان. نەک هەر لە دەڤەری گەرمیان لە هەموو شارەکانی کوردستان خەڵک شارەکانیان بە چۆڵی بە جێ هێشت و سنووریان دەبڕی، هۆی ئەوە بوو ناوی لێنرا کۆڕەوی سێ ملیۆنی.

کە ڕێگەیان داین و ئاودیوی سنوور بووینەوە، لە یەکەم وێستگەدا سەرپۆشیان دەدایە ئەو کچانەی کە سەریان ڕووت بوو، نەعلیشیان دەدایە ئەوانەی کە پێڵاویان دڕابوو لەو ڕێگە دوورودرێژەی کە بڕیبوویان و بە سەدان کیلۆمەتر بوو. دوای ئەوەی سەرمانیان داپۆشی، یان چاکتر وایە بڵێین دوای ئەوەی مێشکمانیان داپۆشی، دیسانەوە ماوەیەک چووینە پێش و لە شوێنێکدا ڕەشماڵیان دابەش دەکرد و هەر ماڵەی دانەیەکی بەردەکەوت. ئیدی دەچووین بە دوای جێگەی چۆڵدا دەگەڕاین تا ڕەشماڵ هەڵدەین و تیا بسرەوین.

کە ئێمە گەیشتین سەدان هەزار ڕەشماڵی تر هەڵدرابوو. ئەو شوێنە، کە پێیان دەگوت گردەنوو، سەدان هەزار خێزانی کوردی ئاوارەی گرتبووە خۆ. نزیکترین شار لێوەی کرماشان بوو، قەسری شیرینیش نزیک بوو لێوەی، چونکە کە نەخۆشییەکی قورس دەبوو دەیانگەیاندە ئەوێ بۆ چارەسەری.

کە ڕەشماڵەکانمان هەڵدا ئیتر دەبوایە بحەسێینەوە، ماندووبوونی ئەو مانگەمان دەربکەین، بەڵام کێشەی دیکە زۆر بوو کە بێزارمان بکات. کێشەی ئاو و ئاودەست بۆ نموونە. ئەو شوێنە دووپشک و ماری زۆری لێ بوو، لەو شوێنە کێشەی ئاومان هەبوو، چونکە لە نزیکەوە کانی لێ نەبوو، بە تەنکەر ئاویان دەهێنا و تا مەنجەڵێ یان سەتڵێ ئاوت دەست دەکەوت کۆڵێ ئازارت دەچێشت. چادرەکان وەک ژووری نووستن باش بوون، بەڵام ئەی ئەو هەموو خەڵکە کە تەنگاو دەبن چی بکەن و چۆن دەست بە ئاو بگەیەنن. لە لای هەر ڕیزە ڕەشماڵێکەوە لە یەک مەتری چوارگۆشەدا چاڵێک هەڵکەندرابوو، پارچە خەیمەیەکیش بە بەرزایی مەترێک دەوری درابوو، گوایە ئەمە توالێتە. هەندێ کەس نەدەچوونە ئەو توالێتە و دەچوون لە دووری دوور هەر لەوناوە

دادەنیشتن و کاری خۆیان دەکرد، بەڵام بە ترس و لەرزەوە نەوەک کەسێک بێت و بە قوونی ڕووت بیانبینێت، بەتایبەتی ژنان زۆر دوور دەچوون. خۆراکیش دەهات و دابەش دەکرا، بەڵام لەوێش هەندێ کەس کرابوون بە بەرپرسی خۆراک دابەشکردن و هەتا دەیانتوانی بۆ کەسوکاری خۆیان و دۆست و ناسیاوی خۆیان دەیانکێشا و کەمێکیان لێ دەدا بە خەڵک. ڕێک وەک بەرپرسەکانی ئێستا کە هەتا خۆیان و کەسوکار و دۆست و ناسیاوی خۆیان وەستابێت، ناهێڵن خێر و بێری وڵات بۆ هاوڵاتی بڕوات.

من وردە وردە قاچەکەم بە شکاوی دەگیرسایەوە و دارێکم پەیدا کرد وەک گۆچان بەدەستمەوە دەگرت و دەچووم لەو ناوە بۆ خۆم دەسووڕامەوە. جانتایەکی کۆڵەپشتم پێ بوو دەفتەری شیعرەکانم و قەڵەم و هەندێ نووسینی دیکەمی تێدا بوو. جاروبار دەمبرد و دەچوومە پەنایەک و دادەنیشتم هەندێک شیعرم دەنووسی.کە لەوێ بووین بەردەوام بەدوای هەواڵ و دەنگوباسەکانەوە بووین تا بزانین چیمان لێ دێ و کەی دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. زانیمان کە پێشمەرگە هەموویان کشاونەتەوە، شارەکان هەمووی گیراونەتەوە و مفاوەزات دەستی پێ کردووە. لەو کاتەدا هەواڵەکان باسی چوونی وەفدی بەرەی کوردستانییان دەکرد بۆ بەغداد. لەو کاتەدا کە باسی مفاوەزات هاتە ئاراوە، وردە وردە خەڵکیش دەگەڕایەوە و لە سەرەتاوە تەنها تاک و تەرا دەگەڕانەوە تا بزانن بارودۆخ لە شارەکان چۆنە، دوای ئەوە دەهاتنەوە و خێزانەکانیان دەبردەوە. ئێمە سێ مانگ لەو کەمپە بووین و ئینجا گەڕاینەوە بۆ کفری.

کە گەڕاینەوە ماڵەکەمان تاڵان کرابوو، هیچمان نەمابوو، باش بوو ئەو هەندە پەتووەمان پێ بوو کە لە ئۆردوگاکە پێمان درابوو لە لایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە. هەموو شتەکانی تر بە لایەک و ئەوەی من خەمم لێی خوارد، کتێبخانەکەم بوو. کتێبەکان زۆریان دڕێنرابوون، سووتێنرابوون، وێنەکانم و ئەلبومەکانم کە سەدان وێنەی قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنم بوو، هیچیان نەمابوون. ماوەیەک پێش ئەوەی ئێمە بگەڕێینەوە هاوڕێیەکم کە ناوی جوانە، چووبووە لای ماڵی ئێمە تا هەواڵی من بپرسێت، بینیبووی کە ئێمە لەوێ نین و ماڵ تاڵان کراوە، بەڵام لە



بەردەم دەرگای ماڵمان پارچە وێنەیەکی دڕێنراوی منی دیبوو کە لایەکی دەموچاوەکەم بوو، لای خۆی هەڵیگرتبوو بۆ ئەوەی بۆ یادگاری بمێنێتەوە. منیش لەم دواییە ئەو پارچەی وێنە دڕاوەم کردە سەر بەرگی ڕۆمانی (کۆچ) و چاپی یەکەمی بیرەوەرییەکانم (ساڵێک لە دۆزەخ).

هەندێ لە شتومەکەکانی ناوماڵمان ماڵێکی دراوسێمان بردبوویان کە عەرەب بوون و لە پرۆسەی تەعریبکردندا هێنرابوونە کفری. کە زانیمان شتەکانمان لەوێن گوتم دەچم و داوای دەکەمەوە. چووم داوام لێ کردن نکۆڵییان لێ کرد، بەڵام دراوسێی دیکە شایەدییان دەدا کە ئەوان بردوویانە. لەو کاتەدا کە دەمەقاڵێ لەسەر ئەو شتانە ڕووی دا، چونکە زۆر ناخۆشە ماڵت تاڵان بکرێت و بزانی کێ هەقی خواردووی و بێدەنگ بیت. کە ئێمە قسەمان دەکرد، لە پڕ بەرپرسێکی پێشمەرگە لەولاوە هات تا بزانێ چییە و بەبێ سێ و دوو لەسەر عەرەبەکەی دەکردەوە و کەوتە لۆمەکردنی من. من لەو کاتەدا تووڕە بووم و دەنگم هەڵبڕی بۆ سەر ئەو بەرپرسەش، ئەویش ویستی قسە بکات بەڵام کەسێک چووە بندەستی و چرپاندی بە گوێیدا. دوای ئەو چرپەیە کۆڵێ داوای لێبووردنی لێ کردم و گوتی کە منی نەناسیوە و نەیزانیوە کە مەهاباد قەرەداغیم. پێم گوت با مەهابادیش نەبم و هەرکەسێکی تر بم، مادەم خاوەنی هەقم و داوای هەقی خۆم دەکەم، تۆ دەبێ پشتی هەق بگریت ئەگەر بەرپرسی، خۆ من نەچوومەتە سەر ماڵی ئەو، ئەوان ماڵی ئێمەیان تاڵان کردووە. گوتی بەخوا ڕایانسپاردووین لەبەر مفاوەزات دڵی عەرەبەکان ڕابگرین و ڕێزیان لێ بگرین و... هتد.

ئیتر بەو شێوەیە دەستمان بە ژیان کردەوە، جگە لە ماڵ کێڵگە و کارگەی مریشکمان تاڵان کرابوو، دەبوایە لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە. ئەو کێڵگەیەمان لە خزمەتی پێشمەرگەدا بوو لە ساتە زۆر هەستیارەکانی شۆڕشدا، لە کاتی کۆڕەودا ئاداری بەسەر پادارییەوە نەهێڵدرایەوە و دەبوایە هەموو شتێک لە سەرلەنوێ و لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە.

من دەستم بە چالاکییەکانم کردەوە. لەو ماوەیەدا بوو بە باو پۆستەر بۆ شەهیدان دەکرا و لە دیوارەکان دەدرا، شار هەموو بوو بە پۆستەری شەهید. کەسوکاری زۆر

لە شەهیدەکان دەهاتنە لام و داوایان دەکرد شیعری خۆمیان بدەمێ بۆ شەهیدەکانیان.

هەر لەو ساڵەدا چەند مەراسیمێکی ماتەمینی بۆ چەند پۆلێ شەهید کرا و من بەڕێوەم دەبرد یان بە شیعر و وتار بەشداریم تێدا دەکرد. چالاکییەکانیش زیاتر لەگەڵ پێشمەرگەکان و کاک عوسمان حاجی مەحموود بوون. جگە لەو چالاکییانە دوو چالاکی زۆر گەورە کرا و من بەشدار بووم تێیدا، یەکێکیان لە شازدەی ئابی ١٩٩١ کە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە کەلار ئاهەنگێکی زۆر گەورە کرا کە دە هەزار کەس زیاتر بەشدار بوون تیایدا، منیش لەو ئاهەنگەدا بە خوێندنەوەی شیعرێک بەشداریم کرد. ئەو کاتە پارتی و یەکێتی نێوانیان باش بوو، چونکە یەکێتییەکانیش بە شێوەیەکی فراوان بەشداری ئاهەنگی دامەزراندنی پارتی بوون و هیچ بارگرژییەک لە نێوانیاندا هەست پێ نەدەکرا. ئەو دەم چونکە کاتی مفاوەزات بوو، حکومەتی عیراق دامودەزگاکانی بەڕێوە دەبرد و لە کفری قایمقام و بەرپرسی ئەمن هەبوو. کە من لەو ئاهەنگەی پارتی لە کەلار بەشداریم کرد، بەرپرسی ئەمن تەلەفۆنێکی بۆ خۆشکەکەم کردبوو، چونکە خوشکەکەم لەدایرەی پۆست لەسەر بەدالەی تەلەفۆن کاری دەکرد، پێی گوتبوو:

– ئاگاداری چالاکییەکانی مەهاباد هەین، دەڵێن شاعیرێکی باشە، ئەمڕۆ لە کەلار شیعرێکی بەهێزی خوێندووەتەوە.

ئەودەمیش هەر چاودێرییان دەکردم و ئەو هەموو ساڵانە چاودێرییان کرد، دادی نەدابوون، دەیانویست دوای ڕاپەڕینیش چاودێریم بکەن. من گوێم پێ نەدان، بەڵام پێشمەرگەم ئاگادار کردەوە لەو هەڕەشەیەی، چەند دانەیەکیان چووبوون لە ناو دایەرەکەی پێیان گوتبوو:

– ئەگەر جارێکی تر بە چاک یان خراپ ناوی مەهاباد بێنی دەتتۆپێنین.

لە پایزی هەمان ساڵدا لە سەرتەکی بناری بەمۆ فیستیڤاڵی شیعر و پێشمەرگە ساز کرا و منیش بەشدار بووم و لەوێدا شیعرێکم خوێندەوە بۆ شەهید حەمەڕەش نووسیبووم. دوایی زانیم برایەکی شەهید لەوێ بووە و بەدرێژایی شیعرەکەی من گریاوە. پێم وایە کاسێتی ڤیدیۆی ئەو میهرەجانە ئێستاش لای ئەو پارێزرابێت. ئەم



فیستیڤاڵە زۆر لە نووسەرانی سلێمانیشی تێدا بوو، کاک ڕەئووف بێگەرد و کاک حەمەفەریق حەسەنم لەوێ ناسی، کە پێشتر چیرۆکیانم خوێندبووەوە.

لە نزیک کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩١ بوو کە هەواڵ بڵاوبووەوە کە مفاوەزات تێک چووە و ئەو کەسانەی کە چالاک بوون و دەیانزانی ناویان لە فایلی ڕەشدایە لە لای بەعس، دوور دەکەوتنەوە لە شوێنەکانی خۆیان. منیش فایلەکەم لە لای بەعس نەک ڕەش، بەڵکە قەترانی بوو، ناوم درابووە هەندێ لە بازگەکان و ئاگادار کرامەوە کە دەیانەوێت بمگرن. هەندێ کەس گیران و هەندێک هەڵاتن، هێزی حکومەت دەیانویست گەمارۆی شار بدەن. سەعات دوازدەی شەو بوو کە پێشمەرگە دەیانویست بکشێنەوە، چونکە ئاگادار کرانەوە کە هێزێکی گەورە بەڕێوەیە بێت بۆ کفری، هەر بەو شەوە و لە ناو شاخ و چەم و دۆڵەکانەوە بەپێ ڕۆیشتین و ڕۆیشتین تا بەرەبەیان گەیشتینە سەرقەڵا. لە سەرقەڵا وەستاین و گوتیان عوسمانی حاجی مەحموود بەڕێوەیە بە هێزێکەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ کفری بگیرێتەوە. ئێمە تازە گەیشتبووین بینیم ئۆتۆمبیلەکە وەستا و کاک عوسمان دابەزی و سڵاوی لێ کردم. من هەندێک تووڕە بووم و بە لۆمەکردنەوە پێم گوت:

– چۆن وا دەبێت، پێشمەرگە ئاگای لە شار نییە و شار چۆڵ کرابوو، بۆیە وا بە فرسەتیان زانی و کفرییان گرت.

ئەو وەک هەردەم هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆر بە جدییەوە گوتی: خەمت نەبێت، کفری بشگرن، ئازادی دەکەینەوە.

بەو قسەیە دڵنیا بوومەوە، باوەڕێکی زۆرم بە توانای هەبوو، ئەو کە هەواڵەکەی بیستبوو، یەکسەر کەوتبووە ڕێ، ئەگەرچی تەنها دوو ڕۆژ بوو ژنی هێنابوو، واتە لە مانگی هەنگویندا بوو، بەڵام بووکی بەجێ هێشتبوو هاتبوو بۆ ئەو شەڕە تا کفری ئازاد بکاتەوە. ئەو کاتە لە سلێمانی و شاری دیکەش ئەو بەزمە هەبوو کە حکومەت ویستبووی بە فێڵی ئەو مفاوەزاتە دووبارە کۆنترۆڵی کوردستان بکاتەوە، بەڵام دیسانەوە پێشمەرگە و خەڵک ڕاپەڕینەوە و ئەو ڕاپەڕینەش ناوی لێنرا ڕاپەڕینی دووەم. کاک عوسمان ئۆتۆمبیلی دابین کرد بۆ گەیاندنی من بۆ سلێمانی و کە من گەیشتمە ئەوێ لە سلێمانیش شەڕ دەستی پێ کردەوە و ڕاپەڕینی دووەم دەستی پێ

کرد و ئەمجارە بە یەکجاری هێزەکانی حکومەتیان ڕاماڵی و بەرەی کوردستانی خۆیان کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان کردەوە. لە سلێمانی لە ماڵی کەژاڵ جەلال بووم، سەردانی زۆر هاوڕێی دیکەمم دەکرد کە لە سلێمانی بوون و بەتایبەت کەژاڵ ئەحمەد کە پێکەوە لەکۆڕی شیعریدا بەشداریمان دەکرد. جارێکیان هەردووکمان بەشداری کۆڕێکمان کرد کە بۆ پشتیوانی لە مانگرتنێک کرابوو کە لەوێدا ٢٥ کەس لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی مانیان لە نانخواردن گرتبوو، هەر یەکەیان چووبوونە نێو تابووتێکەوە و دەیانگوت هەتا داخوازییەکەمان جێبەجێ نەکەن مانگرتن ناشکێنین. داخوازیەکانیشیان پەیوەست بوو بە دۆخی کوردستان و پاراستنیەوە و ئاوڕدانەوەی دنیا لە پرسی کورد. مانگرتنەکەی ئەوان پشتیوانییەکی جەماوەری بەرفراوانی لەگەڵدا بوو. ڕۆژانە و تا نیوەی شەو چالاکی جۆربەجۆری وتار و شیعر خوێندنەوە بوو، خەڵک دەستە دەستە دەهاتن بۆ سەردانی مانگرتووەکان و بەرزکردنەوەی ورەیان، بەڕاستیش کەسانێکی ورەبەرز و لێهاتوو بوون ئەو بیست و پێنج کەسە. شیعرێکم نووسیبوو بۆ ئەوان و منیش لەوێ خوێندمەوە، دواتر لە کۆڕێکی تریشدا بەشداریم کرد کە لە هۆڵێکدا کرا، کە کەژاڵیش بەشدار بوو، پێکەوە چووین بۆ کۆڕەکە. شتێکی خۆشم لەو بەسەرهاتە لەبیر ناچێتەوە ئەوەیە کە ئێوارەیەک چووم بۆ سەردانی شیرین، ئاواتیش لەوێ بوو، هەردووکیان هاوڕێی سەردەمی خوێندنم بوون لە پەیمانگای کەرکووک. دانیشتین و دایکی و چەند ژنێکی دیکەش کە بۆ لای دایکی شیرین هاتبوون دانیشتبوون، ئێمەش هەر لەگەڵ ئەوان دانیشتین.

شیرین داوای لێ کردم ئەو شیعرە بخوێنمەوە کە لە کۆڕەکەدا بەشداری پێ دەکەم، منیش دەستم بەخوێندنەوەی شیعرەکە کرد، لە شیعرەکەدا گەیشتمە ئەو دێرەی کە گوتبووم: (ئەم بیست و پێنج پێغەمبەرە)، دیارە مەبەستم لە مانگرتووەکان بوو، هەر سێ ژنەکە پێکەوە و بە یەک دەنگ گوتیان: سەڵەڵاهو عەلەیهی وەسەلەم. ئیتر ئێمە دەستمان کرد بەپێکەنین و لەبەر پێکەنین نەمتوانی شیعرەکە تەواو بکەم.

ئەم بەسەرهاتە دانەیەکی تری هاوشێوەیم بیر دەخاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩ کە ڕژێمی بەعس هێشتا لە گوڕ و تینێکی زۆردا بوو، بەپێشنیاری چەند برادەرێک لە



کەلار لە کۆڕێکی شیعریدا بەشدار بووم. کۆڕەکە لە هۆڵی قوتابخانەیەکدا کرا، منیش چووم و هۆڵەکەم دۆزییەوە، لە بەردەم دەرگای قوتابخانەکە پیاوێکی دراوسێی خۆمانم دی خەڵکی کفری کە دوکاندار بوو. لێی پرسیم:

– ئەم قەرەباڵغییە چییە؟

– ئەوە کۆڕێک لێرە هەیە مام عەلی.

– کۆڕ چییە؟

– کۆڕی شیعر خوێندنەوە، چەند شاعیرێک شیعر دەخوێننەوە. ئەوە منیش شیعر دەخوێنمەوە لێرە.

– ئەیەڵن منیش بێم؟

– ئەی بۆ نایەڵن؟

– وەڵڵا حەز ئەکەم بێم و لای تۆ دانیشم.

مام عەلی لەگەڵم هات و لە تەنیشت من لە پێشی پێشەوە دانیشت. زۆری پێ خۆش بوو، جاری یەکەمی بوو کۆڕ ببینێ. پێش من یەک دوو کەسی تر شیعری خوێندەوە، منیش شیعرەکانی خۆمم لەسەر تەپڵەکێکی بچووکدا کە لە بەردەمماندا دانرابوو. لە تەنیشتمەوە ژنێک دانیشتبوو، هەندێ پرسیاری لێ کردم و منیش وەڵامی ئەوم دەدایەوە و ئاگام لە کاک عەلی نەمابوو. نۆرە هاتە من و بانگیان کردم بچمە سەر شانۆ و شیعرەکانم پێشکەش بکەم. کە تەماشای سەر تەپڵەکەکە دەکەم شیعرەکانم نەماون، لە کاک عەلیم پرسی کوا کاغەزەکانم:

– ئەوەتا داومەتە ئەمانەی دواوە خۆیانی پێ باوەشێن بکەن.

لاپەڕەیەک بەدەستی خۆیەوە بوو، خۆی پێ باوەشێن دەکرد و ئەوانی تریشی دابوو بەوانی تر. خێرا لێم وەرگرت و ئەوانی تریشم کۆکردەوە و چوومە سەر شانۆ. پێکەنین گرتبوومی و باش بوو لاپەڕەکان ژمارەم لێدابوون دەنا هەموویانی لێ تێک دابووم. دوای خوێندنەوەی شیعرەکان و چەپڵەلێدانی جەماوەری ناو هۆڵەکە، کاک عەلی لە هەموویان قایمتر چەپڵەی بۆم لێدا و، گوتی:

– قسەی خۆمان بێ زانیم باسی چیت کرد؟

– باسی چیم کرد؟!

– کوردستان.

ئەو دەم بە ڕەمزەوە باسی کوردستان و شۆڕش و خەباتمان دەکرد، کاک عەلی لە ڕەمزەکانم تێگەیشتبوو باسی کوردستان دەکەم. ئەم بەسەرهاتە زۆر جار بیرم دەکەوێتەوە و دیمەنەکەم دێتەوە بیر، کە چۆن شیعرەکانم بوون بە باوەشێن و لەو هۆڵە گەرمەی کەلاردا خەڵکیان فێنک کردەوە.

دوای ماوەیەک چووم بۆ هەولێر، لەوێ نەورۆزی خوشکم ژوورێکی گرتبوو بە کرێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا، چونکە لە کۆلێجی ئاداب وەرگیرابوو. چووم لەگەڵ ئەودا بمێنمەوە، بینیم هەر لەو ماڵە دوو هاوڕێی خۆم کە لە پەیمانگای کەرکووک پێکەوە بووین، شیرین و ئاوات، لەوێ ژووریان گرتبوو، منیش لە هەمان ژوور لەگەڵ شیرین و ئاوات مامەوە.

لەگەڵ خۆمدا بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکم هێنابوو بۆ هەولێر کە لە هەمان ساڵدا شەهید بوو. شەهید دکتۆر ئاتیلە خاوەنی چیرۆکێکی عەشقێکی بەدینەهاتوو بوو. لە دێی بنەکە عاشقی کچە شێخێک بوو بوو کە حەوت ساڵان بۆی تێکۆشا و بۆ یەک نەبوون، لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٨٨، ساڵی قات و قڕی ئەنفال، فاتمەی دڵخوازی ئەنفال کرا و، لە ساڵی ڕاپەڕینیشدا خۆی شەهید بوو. ئەو ڕۆژەی کە ئێوارەکەی شەهید بوو، بەیانییەکەی هات بۆ لای من و دەفتەرێکی دامێ گوتی:

– ئەمە چیرۆکی من و فاتمە.

داواشی لێ کردم شیعرێک بنووسم بۆ ئەوەی بیکات بە گۆرانی و گوتی لەسەر عەشقەکەی من و فاتم بینووسە. ئەو ڕۆژە ئەو شەهید بوو لە نێو چەمەکەی کفری، منیش لە جیاتی ئەوەی بۆ گۆرانی شیعری بۆ بنووسم، مەخابن شیعرم بۆ پرسەی ماتەمینییەکەی نووسی و لە کۆڕێکدا کە لە هەفتەی شەهیدبوونەکەی سازمان دا، کە بۆ ئەو و حەوت پێشمەرگەی دیکە بوو، شیعرەکەم خوێندەوە. بیرەوەرییەکانیشم کرد بە کتێبێک بە ناوی (فاتیلە) و ئەو ماوەیە لە هەولێر بووم دەمویست چاپی بکەم، بەڵام پارەی دەویست. لەوێش فریشتەیەکم بۆ پەیدا بوو ئەو کێشەیەی بۆ چارەسەر کردم. بە بۆنەی کۆنگرەی یەکێتییەوە کە لە هەولێر دەبەسترا زۆر لە کادیرانی



یەکێتی لە هەولێر بوون. بەهۆی برادەرێکمەوە کە ناوی سەردار بوو، کاک جەلال جەوهەرم دی چونکە خزمی بوو، ئەویش داوەتی نانخواردنی کردین لە ڕێستورانتێک. هەر ئەو باسی کرد کە کاک عوسمانیش لەوێیە و بۆ کۆنگرە هاتووە، بۆ سبەینێکەی نزیک هۆڵی کۆنگرە کاک عوسمانم بینی و پرسی چی دەکەم و باسی کتێبەکەی د. ئاتیلم بۆ کرد و گوتی من پارەکەیت بۆ دابین دەکەم. لەسەر ئەرکی ئەو بەڕێزە پێنج سەد دانەم لە کتێبی (فاتیلە) بڵاوکردەوە، کە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو. ئێستاش چەندان کەس پرسیاری ئەو کتێبەم لێ دەکەن و دەڵێن زۆر سەرنجیانی ڕاکێشاوە. لەبەر دڵسۆزی ئەو مرۆڤە کە بەهۆیەوە توانیم ڕووناکی بخەمە سەر ژیانی پێشمەرگەیەک کتێبەکەم پێشکەش بە خۆی کرد.

***

**شاعیر، ڕاستگۆترین مێژوونووسە..**

جێمس ئەنتۆنی فروود

***

# زەماوەند و کۆچ

دوو مانگ بوو لە هەولێر بووم. ئاوات کە لە ژوورەکەدا پێکەوە بووین ئەندامی حیزبی شیوعی بوو، داوای لێ کردم کە ئەگەر ئامادە بم کۆمەڵەی ئافرەتان کۆڕێکی شیعریم بۆ دەبەستن. منیش پێم خۆش بوو لە هەولێردا چالاکی بکەم، چونکە لە ساڵانی هەشتاکاندا و پێش ڕاپەڕین چالاکیم هەبوو لەم شارەدا و دەمبینی جەماوەرێکی ڕۆشنبیری باشی تێدایە. کۆمەڵەی ئافرەتان ئەو کۆڕە شیعرییەیان بۆ ساز دام. ئەو ماوەیەی لە هەولێر بووم بەشداری کۆڕی سیاسی و ئەدەبیم دەکرد کە ساز دەدران. لەو ماوەیەدا دیاردەی دزێویش ڕووی دەدا و دڵتەنگ دەبووم پێی کە دەمبینی، بۆ نموونە حیزبەکان هەر یەکەیان بۆ کۆکردنەوەی ئەندام و خۆ ئامادەکردن بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و لە پێناوی ئەوەدا دەنگیان بۆ بدرێت بەرەڵاییەکی زۆر هەبوو، کۆنترۆڵیان نەدەکرد، نەوەک خەڵکیان لێ عاجز بێ و دەنگیان بۆ نەدا. پێشمەرگەم دەدی لە بەردەم ئەو بارەگایەی کە پارێزگاری لێ دەکەن خەریکی هەڵماتێن، دەمبیست بەرپرسەکانی حیزبەکان شەوانە دەچنە یانەکان و دەخۆنەوە و بە هەزاران دینار لە شەوێکدا سەرف دەکەن. دەمبینی کۆنە بەعسی و موستەشارەکان نەک هیچ سزا نەدراون بەڵکە لەوانەی کە ڕەنجیان داوە و کوردستانیان ئازاد کردووە بایەخ پێدراوترن. بەرامبەر ئەو پیاوانەش کە جاسوس و پیاوی بەعس بوون و لە گوڵێ کاڵتریان پێ نەدەگوترا، دەمانبیست ئەم ژن و ئەو ژن بە پاساوی ئەوەی کە سیخوڕی بەعس بوونە و بێ ڕەوشت بوونە دەکوژران. زۆر ئاکاری نادادپەروەرانەی لەم جۆرەمان دەدی و دەبیست. لەو سەرەتایەدا ئەو دیاردانەم زۆر بە مەترسیدار دەزانی، چونکە هێشتا تۆزی شاخ لە شانی پێشمەرگە نەتەکیبووەوە کە بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن و دیاردەی دزێو دەست پێ بکات. بەرپرسان بۆ دەبوو شەوانە هەزاران دینار خەرج بکەن بە خواردن و خواردنەوە، منداڵی شەهیدیش وەک زەرنەقوتە دەمیان کردبێتەوە و کەسێک نەبێت پارووییەکیان



بداتێ و بیانلاوێنێتەوە. لەو ماوەیەدا دزیکردن زۆر بوو بوو، حاڵەتێکی بێزاری کەسانێکی جیدی گرتبووەوە، چونکە ئێمە پێمان خۆش بوو دوای ڕزگاربوونی وڵاتەکەمان لە تاریکترین قۆناغی مێژووی خۆی، بە شێوەیەک بەڕێوە ببرێت جێگەی شانازیمان بێت. بەڵام بێ سەروبەری و نەزانی لە بەڕێوەبردندا بەهەموو لایەکەوە دیار بوو، ئومێدێک کە هەبوو ئەوە بوو ئەگەر پەرلەمان و حکوومەت دابنرێت بتوانرێت کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکات. دیاردەیەکی ناشیرین کە هەبوو کێبەڕکێی حیزبەکان بوو بە ڕەنگی ئاڵای حیزبەکانەوە کە بە ئۆتۆمبیل بەناو شاردا دەگەڕان و پارچەی سەوز و زەرد و سوور و مۆر و سپیان بەدەستەوە بوو، بە مەبەستی پڕۆپاگەندە بۆ حیزبەکانیان لە پێناوی پەرلەماندا. ڕەنگی پەڕۆی سەوز و زەرد، کە یەکەمیان هێمای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دووەمیان هێمای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە هەموو ڕەنگەکانی دی زۆرتر و چڕتر بوون و کێبەرکێکە هەندێ جار توندوتیژی لابەلایی لێ دەکەوتەوە. من پێشبینی ئەوەم دەکرد کە ئەم کێبەرکێ توندوتیژە ئەنجامی خراپتریشی لێ بکەوێتەوە، زۆر حەیفم لێ دەهات کە نرخی ئەو ئازادیە نازانرێت کە دوای ئەو هەموو مەرگەسات و کارەساتانە بەدەستمان هێنا.

لە هەولێر بووم و لەو ماوەیەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ چەند کەسێکدا پەیداکرد کە ڕۆشنبیر بوون و کاری سیاسیشیان دەکرد و ئەندامی حیزبێکی کۆمینیستی بوون و ئەوانیش بە گەرمی چالاکییان دەکرد. من ئەوسا و ئێستاش پێوەرم بۆ هاوڕێیەتی و خۆشەویستی مرۆڤانە هەرگیز نابەستمەوە بە ئینتیمای حیزبایەتی کەسەکانەوە و لای من ئەوە گرنگە چەند مرۆڤێکی باش بێت ئەو کەسە، نەک سەر بە چ حیزب و لایەنێک بێت. سەردار و سەفین و ڕزگار چەند کوڕێکی باش بوون و ئەدەب دۆست بوون، هاوکارییان کردم بۆ چاپکردنی کتێبی (فاتیله) و لەو ماوەیەدا زۆر پێکەوە گفتوگۆمان دەکرد. ئەم سیانە کۆمۆنیست بوون بەڵام وەک کەسانێکی تری کۆمۆنیست نەبوون کە ئەوپەڕ بگرن و ناکۆمۆنیستەکان بە دوژمن بزانن، بۆیە ئاسان لەگەڵیاندا هەڵم دەکرد. کە لەگەڵ ئەم چەند برادەرە دەبینرام هەندێ کەس پێیان وابوو منیش بوومەتە کۆمۆنیست، بەڵام من ئەو دەمیش هێشتا هەر ئەندامی

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم. من بێ ئەوەی کۆمۆنیست بووم لە ساڵی ١٩٩٠ کە ماوەی یەک هەفتە لە کارگەی ڕستن و چنین کارم کرد، ژیانی کرێکارەکانی و باری سەختی کارکردن و گوزەرانیان سەرنجی منی چڕ کردبووەوە و لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا زیاتر لە بیست هۆنراوەم هۆنییەوە بۆ ژیانی کرێکاران. لەو هەفتەیەدا کە من کارم دەکرد، کرێکارێکی عەرەب لە تەنیشتمەوە قۆڵی ڕاستی چووە ناو مەکینەکەوە و قوڵی پەڕی و ئەو دیمەنەی کە بە چاوی خۆم دیم زۆر کاری تێ کردم و خۆشم ئیتر نەچوومەوە بۆ سەر ئەو کارە. من بۆیە لەوێ دامەزرام چونکە چەندان جار دوای تەواوکردنی خوێندن هەوڵی دامەزراندنم دەدا و لە دایرەی ئەمن ڕێگەیان نەدەدا دابمەزرێم، کە بۆ ئەو کارە داخوازیم کرد کە وەک کرێکار کار بکەم، ئەوەیان قبوڵ کرد، بەڵام من تەنها هەفتەیەک توانیم کار بکەم و دوای ئەو ڕووداوە ئیتر نەچوومەوە.

لە هەولێر میرزا عەلی کیتابی کە ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو ناسیم و مەکینەیەکی بچکۆلەی چاپی هەبوو، داوای کرد ئەو شیعرانەم لە نامیلکەیەکدا بۆ چاپ بکات، منیش پەسەندم کرد و شیعرەکانم چاپ کرد. مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ بوو نامیلکەی (نەخشەی دوارۆژی کرێکار) م چاپ کرد بە تیراژی ٢٠٠ دانە. ئەگەرچی دووجار لە ساڵانی هەشتاکاندا دیوانی شیعریم ناردبوو بۆ چاپ، بەڵام سانسۆری بەغدا ڕێگەی لەچاپدانی نەدا، بۆیە ئەو دەرفەتە باش بوو بۆ من کە هەندێک لە شیعرەکان لە نامیلکەیەکی بچووکدا چاپ بکەم.

بە یارمەتی سەفین و سەردار و ڕزگار خەریکی چاپکردنی کتێبی (فاتیلە) بووین. دوای ئەوەی برادەرێکیان کە لەماڵەوە ئامێری ڕۆنیۆی هەبوو، بە پارە لاپەڕەکانی چاپ کرد، هەموویمان بردە ماڵی سەردار و بڕیارمان دا هەمووممان بە هەرەوەزی لاپەڕەکانی بخەینە سەر یەک و دەرزی لێ بدەین و بەرگی تێ بگرین. بۆ ئەو مەبەستەش من و شیرین و سەفین و ڕزگار چووینە ماڵی سەردار و لەوێشدا دوو برا و دوو خوشکی سەردار هاوکارییان کرد و شەویش ماینەوە تا کار لەسەر کتێبەکە بکەین. یەکی شوباتی ساڵی ١٩٩٢ بوو. کە سبەینێ عەسر من و شیرین گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان کە لە ماڵی ستی خان گرتبوومان و نزیک کۆلیجی ئاداب بوو،



ئاوات پێش ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەمان بداتەوە، گوتی:

– خانم ئەوە لە کوێن، چەند شوێنم کرد بە شوێنتانا و نەمدۆزینەوە. لە کوێ بوون؟ بۆ بە منتان نەگوتبوو دەچن بۆ کوێ.

– لە ماڵی کاک سەردار بووین، بۆ گەڕای بە شوێنماندا. چی قەوماوە؟

ئاوات دەستی کرد بەپێکەنین و ڕووی لە من کرد و گوتی:

– هیچ نەقەوماوە، ئەی بۆ باسی مستەفا گەرمیانیت بۆ نەکردبووین، ئەو لە سوێدەوە هاتووەتەوە و دوێنێ ئێوارە هاتبوو بۆ ئێرە و بە شوێن تۆدا دەگەڕا.

سەرەتا باوەڕم نەکرد و پێم وابوو گاڵتە دەکات، بەڵام بە سیمایدا دیار بوو بەڕاستێتی، جگە لەوەش ئەو لە منەوە نەیبیستبوو، کە گوتیشی لەگەڵ هیوا هاتووە باوەڕم کرد.

– بەڕاستیتە!

– ئەی خۆ درۆش ناکەم، ئێستاش لە ماڵی کاک جەمالە و حەز دەکەی هەر ئێستا دەتبەم بۆ لای.

– باشە با بڕۆین.

جەمال خزمێکی خۆیان بوو، پیاوێکی هەڵسووڕاوی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، تازە ژنی هێنابوو لە شوقەیەکی بچووکدا دەژیان کە زۆر دوور نەبوو لەو ماڵەی کە ئێمەی تێدا دەژیاین. لەگەڵ ئاوات و شیرین چووین بۆ ماڵیان و مستەفا لەوێ بوو. زۆر خۆشحاڵ بووم کە دوای دوازدە ساڵ بینیمەوە. مستەفا بە نیازی زەماوەندکردن لەگەڵ من هاتبووەوە لەسەر هەمان پەیوەندی خۆشەویستیمان کە ساڵی ١٩٨٠ بەستمان، بەڵام دوای ساڵێ دابڕاین و پەیوەندییەکەمان پچڕا. هاتبووەوە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە گرێ بدەینەوە. چەند ڕۆژێ لە هەولێر بووین، هەندێ گفتوگۆمان کرد، بەڵام هەر زوو بڕیاری زەماوەندکردنمان دا. بڕیارمان دا ئەو بڕواتەوە و کەسوکاری ئاگادار بکاتەوە کە بچن بۆ کفری و ئەویش بێتەوە بۆ هەولێر و خۆم و خۆی بە هاوەڵی چەند کەسێک لە برادەرانمان بچینەوە بۆ داخوازیکردن و شەکراو خواردنەوە. خۆم و خۆی هەموو شتێکمان بڕاندبۆوە و مابووەوە ئەوانی تر لە

کەسوکارمان ئاگادار بکەینەوە. تەنانەت چووین دوو ئەڵقەشمان کڕی و ئامادەمان کرد بۆ ئەو ڕۆژە. هەر لەو ڕۆژانەدا کە من و مستەفا پیاسەیەکمان بە لای بازاڕی قەڵا دەکرد، بە ڕێکەوت برا گەورەکەمم بینی و بانگم کرد، ئەو بۆ کاری ڕۆژنامەوانی هاتبوو بۆ هەولێر. مستەفام پێی ناساند و پێم گوت ئەوە لە سوێد هاتووەتەوە و ئێمە هاوڕێین و دەمانەوێت زەماوەند بکەین، سبەینێ دەچین بۆ کفری بۆ مەسەلەی خوازبێنی و شتی وا بەڵکە تۆش بێیتەوە. کاک قەیسی برا گەورەم گوتی:

– لە ئێستاوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم، من ئەگەر کارەکەم تەواو بوو دێمەوە، ئەگەر نا، ئەوە من ڕازیم و ئەوانی تر لە کفرین. ئەوە زانیتان کە من ڕازیم.

سەفین و شیرین لەگەڵمان هاتنەوە و تەکسییەکمان گرت و بەرەو کفری چووین. ئەو ڕۆژە بەفرێکی زۆر باریبوو، ئێمەش لە ڕێگەی کۆیەوە چووبووینەوە. شاخی هەیبەت سوڵتان پڕ بوو لە بەفر، ڕێگا گیرابوو. ئۆتۆمبیل نەیدەتوانی سەرکەوێت، ناچار هەموومان دابەزین و بە پێ سەرکەوتینە سەر شاخەکە و بە خۆخلیسکاندن خۆمان گەیاندە ئەودیوی، لەوێش ئۆتۆمبیلی ترمان گرت هەتا سلێمانی بردینی و لەوێشەوە چووین بۆ کفری. هەر ئەو ڕۆژە کەسوکاری مستەفاش گەیشتنە کفری. ئێوارەکەی هەموو دانیشتین، ئیتر نەمانهێشت بە شێوە نەریتییەکە داخوازی و شتی وا بکرێت، وەک ئەوەی باوە لە کوردەواریدا داوای دەستی کچ بکرێت. هەر یەکسەر کردمان بە گۆرانی و شایی و سەما. خۆمیش و مستەفاش بە تەنیا و بە دووقۆڵیش گۆرانیمان گوت. ئینجا ئەڵقەمان لە پەنجەی یەکتر کرد و شەکراو خورایەوە. ڕۆژی یانزەی ئازاریشمان دەستنیشان کرد بۆ زەماوەندی گواستنەوە و بڕیارمان دا لەبەر بارودۆخی ناهەمواری کفری و کەرکووک، لە هەولێر زەماوەند بکەین.

ئێمە گەڕاینەوە هەولێر بۆ ئەوەی شوێن و تەدارەکی ئاهەنگ ئامادە بکەین، سەفین و سەردار و ڕزگار و شیرین و ئاوات هاوکارییان کردین. بەڵام پێش ئەوە دەبوو بچین لە دادگا مارەمان ببڕین، بەڵام لە دادگا سەیرمان بەسەر هات. ئەوەی پێویست بوو لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ دادگا و دەبوو دوو شاهێدمان هەبێت، سەفین و سەردار لەگەڵمان هاتبوون بۆ شاهێدیدان. لە بەردەم حاکم ڕاوەستابووین، هەر نەشی وت فەرموو دانیشن، تومەز دەبوو وەک عەسکەری بەپێوە بوەستین. مستەفا دەستێکی



لەسەر مێزی حاکم دانابوو، حاکم پێی گوت: جوان ڕاوەستە، دەستت لابە لەسەر مێزەکە! دوای پرسینی ناو و نازناو و کاروبارمان، پرسی:

– پێشەکی و پاشەکیتان چەندە؟

– چەپکێ گوڵ.

– گوڵی چی، نابێت، مەبلەغی پارە دەڵێم.

– ئێمە بڕیارمان وایە مارەیی و شیربابییمان چەپکێ گوڵ بێت.

– شتی وا نابێ.

– بۆ نابێ، ئێمە بە کەیفی خۆمانە و خۆمان حەز دەکەین وا بێت.

حاکم سەیرێکی منی کرد و بە تووڕەییەوە لێی پرسیم:

– تۆ وەلی ئەمرت کوا؟

– نیمە.

– چۆن وەلی ئەمرت نییە؟

– باوکم کۆچی دوایی کردووە، دایکم و برا و خوشکەکانم لە کفرین، خۆشم تەمەنم بیست و چوار ساڵە و پێویستم بە وەلی ئەمر نییە.

– نابێ دەبێت کەسێکت بێنی.

– تەنها کچی مامم لە هەولێرە، دەتەوێ دەچم دەیهێنم.

– ئەو ژنە، ژن نابێت، دەبێ پیاو بێت.

– پیاو لە کوێ بێنم دەڵێم لە هەولێر نین.

– دە قەینا با کچی مامت بێت، بەڵام با ناسنامەکەشی بێنێت.

چووم لە گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر ماجیدەی کچی مامم هێنا و لە بەردەم حاکم ئامادە بوو، بە خۆی و ناسنامەکەیەوە. حاکم لێی پرسی:

– ئەمە کچی مامتە.

– بێ گومان.

– ئێوە ڕازین شوو بکات بەو کوڕە؟

– خۆیان ڕێک کەوتوون، بێ گومان ئێمەش ڕازین، ئەوان خۆیان گەورەن و دەزانن بڕیار بدەن.

– ئەی ئێوە ڕازین مارەیی و شیربایی نەنووسن؟

– ئێمە هەقمان بەسەرەوە نییە، ئەوە مەسەلەی ئەوانە.

– دە باشە، دەی!

دووبارە حاکم کەوتە وێزەی ئێمە و شەڕی پێ دەفرۆشتین، دەیگوت هەر دەبێ پارەیەک بنووسن، بوو بە دەمەقاڵێمان و دەرچووینە دەرەوەی ژوورەکەی. دەرگاوانەکەی بەردەرگای حاکم لە کێشەکەی پرسی و بۆمان باس کرد، گوتی:

– وەرن بابی خۆم ئێوە لۆ هەندە خۆتان ماندی دەکەن، ئەو کەللەی رەقە و ئێوەش هەر ئەوها. ئەنگۆ ناتانەوێ چەپکێ گوڵ بنووسن؟

– بەڵێ.

– ئەویش نایەوێ پارە بنووسن؟

– بەڵێ.

– با قسەی هەردوولاتان بێت؟

– چۆن، ئاخر ئێمە بڕیارمان داوە پارە نەبێت.

– کاکە یەک دینار قیمەتی چییە، ئێوە یەک دینار و چەپکێک گوڵ بنووسن.

ئەو کێشەیەی بەو شێوەیە بۆ چارەسەر کردین. بردینیە ژوورەوە و بە یەک خولەک مارە و شیربایییەکەی بە یەک دنیار و چەپکێ گوڵ بۆ بڕاندینەوە. ئەو زۆر لە حاکمەکە داناتر بوو.

ماڵی کچی مامم دوو خانوویان هەبوو، دانەیەکیان بە ئێمە دا کە تا لە هەولێرین تیا دابنیشین. یانزەی ئازار زەماوەندمان لە هۆڵی هوتێلی هەورامان کرد. یانزەی ئازار دوو بۆنەی گشتیشی بەخۆیەوە گرتبوو، یادی بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و یادی ئازادکردنی شاری هەولێر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ جگە لە خۆشی و ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنانەوە حیزبەکانی کوردستان لە کێبڕکێدا بوون بۆ دەنگ کۆکردنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان. یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لە هۆڵی



میدیا کۆبوونەوەیان دەکرد. ئەو ئێوارەیەی کە زەماوەندی ئێمە بوو لە هۆڵی هەورامان، لە هۆڵی میدیای تەنیشتیشمان مام جەلال وتاری دەدا و کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان هەبوو، کادیرەکانی یەکێتی لە ناو کۆبوونەوە بوون و پاسەوانێکی زۆری بەرپرسەکانی یەکێتی لەبەر دەرگای هۆڵەکە بوون و هەر جارەی برێکیان خۆیان دەکرد بە زەماوەندەکەی ئێمەدا و هەندێ هەڵدەپەڕین و شاباشیان دەکرد. هەر هێندەمان زانی شاباشەکان بوون بە سیاسی و ئەوانەی یەکێتی شاباشیان بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەدا و هەندێ کەسی دیکەش پەیدابوون و شاباشیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەدا. سەیر ئەوە بوو هیچ یەکێک لەوانە داوەتی ئێمە نەبوون بۆ زەماوەندەکە و خۆیان هاتبوون، بەڵام زەماوەندی ئێمەیان گەرم کرد و تیپی مۆسیقاکەشیان خەنی کرد بە پارەدان بۆ شاباشی هەردوو حیزب، پارتی و یەکێتی. جگە لەوانە من چوارسەد کەسم بانگهێشی زەماوەندەکە کردبوو، کە زۆربەی زۆریان هاوڕێم بوون و قوتابی کۆلیجەکانی زانکۆی هەولێر بوون و یان پێشتر یان لەو ماوەیەدا کە لە هەولێر بووم ناسیبوومن. بەهۆی ئەو کۆڕە شیعرانەوە کە لە ساڵانی هەشتاکان لە هەولێر کردبوومن، جەماوەرێکی باشی شیعریم هەبوو، جگە لەوەش خۆم لە کاتی ئازادمدا بەتایبەت دەچووم بۆ کۆلیجەکان و لە یانەی کۆلیجەکاندا و بەتایبەتیش ئاداب لەگەڵ زۆربەی قوتابییەکانی بووبووم بە ئاشنا. زەماوەندێکی گەنجانەی گەرم و گوڕمان بە جۆش و خرۆشی ئەو قوتابی و هاوڕێیانە گێڕا، بەڵام ئێمە بۆ خۆشمان بووک و زاوایەکی بزێو بووین. دەمانزانی یەکێک لە ئامادەبووان داوای ئەوە دەکات من شیعرێک بەو بۆنەیەوە بخوێنمەوە، بۆیە لەگەڵ مستەفادا وامان بڕیار دا ئەگەر داوایەکی وا کرا ئێمە گۆرانی بڵێین. کۆتایی ئاهەنگەکەمان بە گۆرانییەکی دووقۆڵی بوو کە لەگەڵ تیپی مۆسیقادا گوتمان و ئامادەبووانیش هەموو چەپڵەیان لێ دەدا و سەمایان دەکرد.

ئاهەنگەکەمان تا یانزەی شەوی خایاند و ئێمە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. بۆ سبەینێ بۆ بەسەربردنی چەند ڕۆژێک چووین بۆ هاوینەهەوارەکان. من ئەودەم هێشتا هەر ئەندامی کۆمەڵە بووم و لەبەرئەوەی چالاک بووم بۆ خۆپاراستن دەمانچەیەک و کلاشینکۆفێکم هەبوو لە ماڵەوە دامنابوو. چەکەکان و پارە و پاسپۆرت و بلیتی

فرۆکەی مستەفا هەر لە ماڵەوە بە جێمان هێشت و دەرگامان داخست و بەرەو مەسیف کەوتینە ڕێ. لەوێ لە هۆتێلێک ماینەوە. ڕۆژی دووەم کاک سەرداری برادەرمان هاتە سەردانیمان و پێکەوە پیاسەیەکمان کرد و گەڕایەوە. ئەودەم ماڵی کاک زاهیر ڕۆژبەیانی لە شەقلاوە بوو، ڕۆژی سێیەم چووین سەرێکمان لەوێ دا و تەنها فەوزیە خان و منداڵەکان لە ماڵ بوون و کاک زاهیر چووبوو بۆ هەولێر کاری حیزبی هەبوو نەدەکەوتە ماڵ، تەنانەت بەهۆی ئەو کارانەوە بۆ زەماوەندەکەی ئێمەش نەیتوانیبوو بێت. ڕۆژی چوارەم گەڕاینەوە بۆ هەولێر، چووینە ماڵەوە تەماشا دەکەین دەرگاکان کراونەتەوە، چووینە ژوورەکان دەبینین هەموو شتێک تێک دراوە، دز چووبووە ماڵەوە و بڕێک شتی بردبوو، لەوانە جلە کوردییە سپییەکەم کە کراسی بووکێنیم بوو، پارەکانی مستەفا کە بڕێکیانی لە ماڵەوە بەجێهێشتبوو، دەمانچە و کلاشینکۆفەکە، هەندێ شتی ناوماڵ وەک سۆپا و تەباخ و ڕیکۆردەر و شتی وا، کە هی ماڵی کچی مامم بوون و خانووەکەش هەر هی ئەوان بوو.

کە ئەمانەمان دی یەکسەر چووین بۆ بارەگای سەرەکی بەرەی کوردستانی، چونکە هێشتا پۆلیس نەبوو تەنها پێشمەرگەی حیزبەکان هەبوون لە ناو شاردا. لەوێ چووین و سکاڵامان کرد، یەکێک پرسی:

– چەند دزیتان لێ کراوە؟

– چوار هەزار دینار.

– ئەوە هەر هیچ نییە، دوێنێ شەو ماڵێک چل هەزار دیناریان لێ دزرابوو، چەند شەوێک پێش ئێستا ماڵێکی تر بیست هەزاریان لێ دزرابوو.

– باشە چۆن ئەم هەموو پێشمەرگەیە لە شار هەیە و ئەم هەموو دزییە دەکرێت؟

– کارەبا نییە و شار تاریکە، کاری خۆیان دەکەن و پێشمەرگە فریا ناکەوێت.

– ئەی ئێستا چۆنە و چی بکەین، ئاخۆ ئەتوانن ئەو دزانە بگرن؟

– نەوەڵا ناتوانین، بشزانین کێیە ناتوانین بیانگرین، ئەمر وایە کەس عەزیەت نەدەین چونکە خۆتان دەزانن کاتی ئینتیخاباتە.

– یانی ئێوە بە تەمای ئەوەن دز دەنگتان بۆ بدا و سەربکەون. بەڕاستیتانە یان



بەگاڵتە کە ئەمری وا هەبێت دز نەگرن.

– نا بەڕاستیمانە، یەک دەنگیش بۆ ئێمە گرنگە، دەنگ هەر دەنگە، با هی دزیش بێت.

– یانی ئێمە ئێستا چی بکەین؟ دەست لەوە بشۆین کە شتەکانمان دەگەڕێتەوە؟

– ئێمە ئێستا دوو پێشمەرگەتان لەگەڵ دەنێرین بۆ ئەوەی لە ماڵەوە هەموو ئەو شتانە تۆمار بکات کە لێتان دزراوە، بەڵام ئێمە ئۆتۆمبیلمان نییە و دەبێ خۆتان تەکسییان بۆ بگرن و بیانبەن، تەکسیشیان بۆ بگرن بۆ هاتنەوەیان بۆ ئێرە.

– باشە با بێن لەگەڵمان.

دوو پێشمەرگەیان لەگەڵ ناردین. لە دوای ڕاپەڕینەوە ئیدی دوو جۆر پێشمەرگە هەبوون، بەوانەی کە لە شاخەوە هاتبوون دەیانوت پێشمەرگەی دێرین، بەمانەشی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە خۆیان ناونووس کردبوو، چەکیان وەرگرتبوو دەیانگوت پێشمەرگەی تازە. تازەکان کوڕی باشیان تێدا بوو، بەڵام هی واشیان تێدا بوو کە پێشمەرگەی لەبەرچاوی مرۆڤ دەخست. مرۆڤ حەیفی لێ دەهات کە پێشمەرگە کە خۆشەویستی هەموومان بوو، بەو شێوەیە سووک و ڕیسوا ببێت.حیزبەکانی کوردستان گوێیان نەدەدا ئەمانە کێن و کێ نین، گرنگ بۆ ئەوان ئەوە بوو ببێت بەپێشمەرگەیان و دەنگێکیان بۆ زیاد ببێت. ئەوەندە ئەندامی لەو جۆرە بۆ حیزبەکان زیادی کرد، کە ئەندامە ڕاستەقینەکانی لێی دەتەکینەوە. ئەو کاتە زۆر ئەندامی دڵسۆزی حیزبەکان، کە ئەندامی دێرین بوون و دەیان جار لە لێواری مردن دەگەڕانەوە، بێزار بوون و دەستیان کێشایەوە. من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە ڕەفتاری ئەوانەم دەدی ئیدی نەمتوانی بەردەوام بم و وازم لە کاری حیزبایەتی هێنا.

کە دوو پێشمەرگەکە لەگەڵمان هاتنەوە ماڵەوە، گوایە ئەو دزییە تۆمار بکەن، یەکەم شت کە بینییان ئەو کتێبانە بوون کە چاپم کردبوون و بیرەوەری پێشمەرگەیەکی شەهید بوو بەناوی د. ئاتیلە، کتێبی (فاتیلا)یان هەڵگرت و گوتیان ئەم کتێبەمان بدەرێ. سەر و دانەیەک کتێبیان پێ درا و هەندێ شتیان نووسی کە لە ئێمە دزرابوو، ڕۆشتنەوە و تەکسیشمان بۆ گرتن تا بارەگاکەیان. باشە بۆ ئۆتۆمبیلیان نەبێت، لە کاتێکدا هەزاران ئۆتۆمبیلی ڕژێمی بەعسیان بەدەستەوە هات؟ وەڵامی ئەم

پرسیارەش هەموو هاوخەبات و هاوتەمەن و هاوزەمەنەکانی ئێمە دەیزانن. مەخابن هەرچی ئۆتۆمبیل و مەکینەی باشی ئەم وڵاتە هەبوو ئاودیویان کرد بۆ ئێران و دەیانفرۆشتن و پارەکەشی دەچووە تەنکەی باخەڵی تازە بەرپرسانەوە. خودایە چی ڕوو دەدات؟ بۆ ئەم وڵاتە وا کاول دەکرێت؟ مەخابن هەستی بەرپرسیارێتی و هەستی بەندیواری بۆ نیشتیمان لە ئاست تەماح و هەڵپەی خۆدەوڵەمەندکردنی هەندێ لە بەرپرسان هێندە نزم بوو، کە نەفسی ئەوانی نزم کردبوو. ئەم هەڵپەیە بە ئاشکرا چاوی هەندێ لە بەرپرسانی سوور کردبووەوە و ئامادەبوون هەرچییەک بکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان هەبێت و خێر و بێر لە ژێردەستی خۆیان بێت. هەموو ڕەفتار و ئاکارەکان پێشبینی ئەوەیان لە لا دروست کردم کە لەسەر دەسەڵات هەموو شتێکی ناشایستە دەکرێت و لە نێو ئەوانەدا شەڕی براکوژی و ناوخۆیی لەو دەمەوە پزیسکەکانی دیار بوو.

مستەفا وا گەڕابووەوە کە ئیدی نەگەڕێتەوە بۆ سوێد و دوای زەماوەندکردنمان هەر لە کوردستان بژین. منیش هەر بەو شێوەیە ڕێک کەوتبووم لەگەڵی کە نەچم بۆ دەرەوەی وڵات و بەو مەرجەی کە لە وڵاتی خۆمان بمێنینەوە و خزمەت بکەین، چونکە من زووخاوی زۆرم بەدەستی بەعس چێشتبوو، دەمویست چێژ لە ئازادی وڵاتەکەم وەربگرم و خزمەتی گەلەکەم بکەم، بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت کە بوار و دەرفەتەکان قۆرخ کراون بۆ ئەوانەی کە لە ناکاو هەڵتۆقین و بوون بە خاوەنی خزمەتەکانی پێشمەرگایەتی و خەباتی ئێمە و دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرت. هەر ئەو دەم دەستیان کرد بە دامەزراندنی خزم و کەسوکاری خۆیان و دروستکردنی شورایەک لە خزم و خوێش بەدەوری خۆیان بۆ پاراستنیان و پاراستنی دەستکەوتە مادیەکانیان. چەندان حاڵەتی ناشایستەمان بینی و مستەفا پێشنیاری کرد کە بڕیاری خۆمان بگۆڕین و بڕۆین بۆ سوێد، من لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو نەهامەتییانەم دەدی هێشتاش حەزم دەکرد بمێنینەوە، بەڵام وردە وردە بۆم دەرکەوت بۆ مانەوە پێویستە لەگەڵ حیزبێکدا ئەندام بیت و منیش ئیدی پێم نەدەکرا ئەندام بم و بێدەنگ بم لەوەی ڕوودەدات. بڕیارم دا لەگەڵی بڕۆم بۆ سوێد.

تویشووی سەفەرمان پێچایەوە. مستەفا لە ڕێگەی سوریاوە گەڕابووەوە، دەبوو لە



هەمان ڕێگەوە بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی من بتوانم لەگەڵی بڕۆم و ڕێگەی لە سنوور پەڕینەوە بدرێم دەبوو پارتی ڕێگەپێدانێکمان بۆ بکات و بۆ ئەو مەبەستەش چووین بۆ لقی دوو کە ئەو کاتە مەحموود محەمەد بەرپرسی لق بوو. پێشوازی لێ کردین و منی دەناسی، لەو ماوەیەدا بۆ کۆڕێکی شیعری من هاتبوو. کاغەزێکی بۆ نووسین بۆ سەرکردایەتی و بردمان بۆ مەسیف بۆ سەرکردایەتی پارتی. لە کاغەزەکەدا تەنها ئەوەندە نووسرابوو: (خاتوو مەهاباد قەرەداغی نووسەر و شاعیر بە نیازی سەفەری دەرەوەی وڵاتە، تکایە بۆ پەڕینەوە لە سەر سنوور هاوکاری بکەن و ڕێگەپێدانی بۆ بکەن). لەوێ لە بارەگای سەرکردایەتی لە ژووری چاوەڕوانی سووچێکیان جیاکردبووەوە بۆ ئافرەتان و نەیانهێشت من لە لای مستەفا دابنیشم و گوتیان تۆ بچۆ بۆ ژووری ئافرەتان. زۆر زۆرم پێ ناخۆش بوو کە لەو شوێنە جیاکراوەیە دابنیشم. من لە گەرمەی خەباتمدا بووم بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت، کەچی لە بارەگای سەرکردایەتی حیزبێکدا ژووری چاوەڕوانی ژن و پیاویان جیاکردۆتەوە و ئەو بەشەی کە بۆ ژن دایان نابوو هەر لە زیندان دەچوو. ناڕەزاییم دەربڕی، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون پێیان سەیر بوو کە بۆچی ناڕەزایی دەردەبڕم، چونکە زۆر ئاسایی بوو لە لایان کە وایە. بەهەرحاڵ من کارەکەم جێبەجێ کرا و ڕۆیشتم، بەڵام ئەوە هەر لە دڵمدا مایەوە و حەزم دەکرد لە دووریشەوە بێت بۆ ئەم مەسەلەیە خەبات بکەم. ئەمە هەڵوێستی پارتی بوو ئەو دەمە بەرامبەر بە ئافرەت، بەڵام هی یەکێتیش بەرامبەر بە ژن هەڵوێستێکی لەمە باشتر نەبوو، ئەگەرچی ئەوان بە قسە خۆیان بەپێشکەوتنخوازتر لە قەڵەم دەدا . خۆم لەگەڵیاندا کارم کردبوو، دەمزانی هەڵوێستی ئەوانیش چۆنە، هەر دوای ڕاپەڕین پیاوان هەموو شتێکیان قۆرخ کرد و ژنیان پەراوێز خست، جگە لە چەند کەسێکی خزم و کەسی گەورە بەرپرسان.

مستەفا و من لە ناوەڕاستی مانگی چوار سەفەرمان کرد. سێ ڕۆژ لە زاخۆ ماینەوە و بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی خابوور سەفەرەکەمان دوادەکەوت. تەنها بەلەمێک هەبوو بۆ پەڕینەوەی سەدان کەس کە چاوەڕوانی پەڕینەوە بوون. لە ڕۆژی چوارەم چووینە سەر خابوور و توانیمان بەو بەلەمە تاقانەیە بپەڕینەوە. لەودیوی

خابوور ئیدی حکوومەتی سوریا کۆنترۆڵی هەموو شتێکی دەکرد. جانتاکانیان پشکنی و ڕادیۆیەکیان بینی، گوتیان ئەم ڕادیۆیەمان پێشکەش بکەن زۆر جوانە، مستەفا گوتی چونکە جوانە خۆم حەزم لێیە. ناویان نووسین و بڕێک پارەیان لێ وەرگرتین و ئۆتۆمبیل هەبوو سواری بووین بۆ قامیشلی. لە قامیشلی دوو شەو لە هۆتێل ماینەوە، ڕۆژی سێیەم سواری شەمەندەفەر بووین بۆ دیمەشق (شام). لەوێش لە هۆتێلێک ماینەوە ناوی (شتورا) بوو.

چووین و لە سەفارەتی سوێدی داخوازیمان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی ئیقامە بە من بدرێت. کاتێکیان بۆ چاوپێکەوتن بۆ دانایین دوای دوو مانگ و نیو. بۆ ئەو ماوە زۆرە دەبوو خانوویەک بگرین و هۆتێل گران بوو. لە گەڕەکی (مەساکن بەرزە) کە زۆر کوردی دیکەی عیراقی لەوێ بوون و لە سەر سەفەر بوون و چاوەڕوانی ژووانی سەفارەتەکان بوون. خانوویەکی بچووکی دوو ژووریمان گرت لەماڵی پیاوێک (ئەبو عەبدە)یان پێ دەگوت کە خۆیان لە قاتی سەرەوە و ئێمەش لە قاتی خوارەوە بووین.

شام شەکرە، وڵات شیرینترە، ئەم دێرەمان هەمیشە دەگوتەوە. شام شیرین بوو، ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین دەگەڕاین و زۆر شوێنمان دەدی و وێنەمان دەگرت، لە نێو شام و لە هەوارگەکانی دەوروبەری، بەڵام بە قەد هەموو دنیا بیری کوردستانم دەکرد. لە شام بارەگای حیزبە کوردستانییەکانیش هەبوو. ئێمە کە پارتی کاغەزی پەڕینەوەی بۆ کردبووین، لە شامیش بۆ مەبەستی هاوکاریکردنمان چووین بۆ بارەگای پەیوەندییەکانی پارتی کە بەرپرسەکەی پیاوێکی زۆر زۆر ڕووخۆش و بەڕێز بوو. کاک عەلی ناو بوو، براکەشی نووسەرێکی ناودار بوو جەرجیس فەتحوڵڵا، کە من بە ناوەکەیدا وامزانیبوو مەسیحیین، بەڵام کاک عەلی گوتی وانییە. کاک عەلی دیار بوو ئارەزووی خوێندنەوەشی هەیە و بابەتی بڵاوکراوەی منی خوێندبووەوە، منی بەهۆی ئەوەوە دەناسی و بەتایبەتیش زۆر ڕێزی لێدەگرتم. لەگەڵ کاک عەلی باسی سیاسیمان دەکرد و باسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانمان دەکرد. کاک عەلی لێی پرسیم پێشبینی چی دەکەم بۆ دەنگهێنانی حیزبەکان لە پەرلەمان، منیش بە ڕێژەی سەددی پێشبینی خۆم پێ گوت کە لە سلێمانی، لە دەڤەری گەرمیان، لە هەولێر، لە دهۆک بە بۆچوونی من حیزبەکان (پارتی و یەکێتی) چەند دەنگ دەهێنن. دوای چەند



مانگێک کاک عەلی پێی گوتم: دەزانی پێشبینییەکانت زۆر تەواو بوون و ئەنجامی دەنگەکان ڕێک وابوون کە پێشبینیت کردبوو!

کاک عەلی خۆی تەمەنی لە سەرووی چل ساڵەوە بوو، لەو ماوەیەدا کە ئێمە لە دیمەشق بووین سەردانێکی کوردستانی کردەوە و لە دهۆک کچێکی بیست ساڵییان پێشکەشی کردبوو، خۆی گوتی: باوکی ئەو گوڵە جوانەی پێشکەش کردم. لەو ماوەیەدا وا باو بوو کە کچان پێشکەش بە بەرپرسان دەکران، لەهەموو دەڤەرەکانی کوردستان ئەوە باو بوو، لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە ئەمە دەستی پێ کرد. ماوەیەکی زۆریش ئەوە بوو بە باو کە خێزانەکان حەزیان دەکرد کچەکانیان بدەن بەو کوڕانەی کە لە ئەوروپاوە دەگەڕانەوە بۆ ژنهێنان، ئیدی هەر کەسێ تەنها لە هەندەرانەوە بگەڕایەتەوە و تەمەن و توانای هەرچەند بوایە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوە بوو کچەکان دەبات بۆ هەندەران و وردە وردە ئەویش یارمەتی کەسوکاری بدات بۆ دەرەوە. ئەو کاتەی کە من لە سووریا بووم سەدان هاوسەرداری لەو جۆرەم دی، کە نەگونجاو بوون و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی دەکردن.

دوای دوو مانگ و نیو وادەی چاوپێکەوتنەکەی من لە سەفارەتی سوێدی هات و کردمان. دوای چاوپێکەوتن دەبوو ئەوەندە نەبات و ئیقامەکەم دەربچێت و سەفەر بکەم، بەڵام ئەوەی من زۆر دواکەوت و نەمدەزانی هەڵەکەی لە کوێدایە. من چونکە یەکەمین جارم بوو لە کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی کوردستان دوور بکەومەوە زۆر بیرم دەکردن و ناڕەحەت بووم بۆیان، بۆیە لە مانگی حەوت و دوای ئینتەرڤیوەکەی سەفارەت بڕیارمان دا بۆ مانگێک دووبارە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. دوای دووبارە چوونەوەمان بۆ سوریا دەبوایە من بمێنمەوە و چاوەڕوانی ئیقامە بم، بەڵام مستەفا بڕواتەوە بۆ سوێد و سۆراخی ئەوە بکات کە بۆچی ئیقامەکە دواکەوتووە و هەڵەکەی لە کوێدایە، جگە لەوەش مۆڵەتی تەواو بوو بوو دەبوایە دەست بکاتەوە بە خوێندن. من مامەوە و لەو کاتەدا دوو کەسی ترمان ناسی کە پێکەوە خانوویەکیان گرتبوو، دەیانویست کەسێکی تریش هەبێت ژوورێکی ئەو خانووەی پێ بدەن و کرێکەی بەش بکەن. ئەو ژنانە یەکێکیان ناوی (ئەسمەهان) بوو خەڵکی شاری دهۆک بوو، ئەویتریان ناوی (ژیان) خەڵکی سلێمانی بوو. ئەسمەهان دەرچووی بەشی

دەروونناسی زانکۆی بەغدا بوو، شووی بە کوڕێکی هونەرمەند کردبوو وەلید ستی ناو بوو، بۆ لەندەن دەچوو. ژیانیش پزیشک بوو، شووی بە کوڕێک لە سوێد کردبوو.

لەگەڵ ئەواندا لەو خانووەدا ژوورێکمان گرت. چەند ڕۆژێک لەوێشدا مستەفام لەگەڵ بوو، ئیتر ئەو دەبوایە سەفەر بکات. دوای ماوەیەک ژنێکی تریش هات ناوی ئامینە بوو، ئەویش شووی بە کوڕێک کردبوو بە ناوی ئەنوەر و بۆ بەلجیکا دەچوو. لەگەڵ ئەواندا کاتی خۆشمان بەسەر برد. من لەگەڵ ئەسمەهان بەتایبەت زۆر بووم بە ئاشنا و لێکتر نزیک بووینەوە و ئێستاش ئەو پەیوەندییە ماوە و بە تەلەفۆن یەکتری بەسەر دەکەینەوە و سەردانی یەکتر دەکەین.

ئامینە و ژیان ئیقامەیان دەرچوو، من و ئەسمەهان ماینەوە. خانوویەکی بچووکترمان گرت لە گەڕەکی ڕوکنەدین کە گەڕەکێکی کوردەکانە لە دیمەشق، مانگێک پێکەوە بووین، ئیقامەی ئەسمەهانیش دەرچوو سەفەری کرد، من بەتەنها مامەوە. مستەفا ڕۆژانە تەلەفۆنی بۆ دەکردم. لەو کاتەدا پێی ڕاگەیاندم کە هۆی دواکەوتنی ئیقامەی من ونبوونی کاغەزەکانم بووە و لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا کاتی داناوە کە بیبینێ و وتارێکی سکاڵائامێز بنووسێت.

من لەو ماوەیەدا کە تەنیا بووم، کتێبم دەخوێندەوە و ڕەشنووسی ڕۆمانی (کۆچ)م نووسی و زۆر هۆنراوەی دیکەشم نووسی. لەو ماوەیەشدا زۆر کەسی دیکەم ناسی لە کوردەکان کە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا لە چاوەڕوانی ئیقامە بوون. ڕووناک خان ژنێکی خەڵکی سلێمانی بوو، بە خێزانەوە لەوێ بوون و شەوی سەری ساڵم لەگەڵ ئەوان و چەند کچێکی دیکەدا بەسەر برد.

مستەفا لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵم و بۆ ئەوەی دڵم تەنگ نەبێت هەفتەی یەک دوو نامەی دەنارد و هەموو ڕۆژێکیش تەلەفۆنی دەکرد. لە ناوەڕاستی مانگی یەک لە ساڵی ١٩٩٣ تەلەفۆنی کرد و دڵی زۆر خۆش بوو، گوتی: ڕاگنەر ئێریسکۆن ڕۆژنامەنووسێکە لە ڕۆژنامەی (فاگشتە پۆست) کار دەکات، لەسەر بابەتی دواکەوتنەکەی تۆ شتی نووسیوە و بەتایبەتی باسی نووسەر و شاعیربوونی تۆی کردووە و باسی ژیانی تۆی نووسیوە و دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی یەکسەر وەزیری پەنابەران تەلەفۆنی کردووە بۆ دایرەی پەنابەران و ئیقامەکەت دەرچووە. بڕۆ



بۆ سەفارەت و سبەینێ هەواڵەکە دەگاتە ئەوان و هەموو شتێکت بۆ جێبەجێ دەکەن. زۆرم پێ سەیر بوو کە وتاری ڕۆژنامەیەک لەو وڵاتە ئەوەندە کاریگەری هەبێت. قەڵەمی ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی کۆتایی بە چاوەڕوانییەکەی من هێنا و ئیقامەی سوێدم پێ درا.

پێش ئەوەی سوریا بە جێ بهێڵم حەزم کرد دیارییەک بۆ بارەگای پارتی ببەم، چونکە لەو ماوەیەدا کاک عەلی زۆر ڕێکوپێک بوو لەگەڵمان و هەر کێشەیەکمان هەبوایە پەیوەندیدار بە هاتنەوەی برادەرانمان لە ئەوروپاوە بۆ ڤیزا و کێشەی دیکەی فڕۆکەخانە، بۆی جێبەجێ دەکردین. چووم بۆ بازاڕی حەمیدیە تا دیارییەکە بکڕم، هەر لە سەرەتای بازاڕەکەوە کوڕێکی دە دوازدە ساڵی کە هەڵۆیەکی مۆمیاکراوی گەورەی بەدەستەوە بوو دوام کەوت و دەیویست هەڵۆکەی لێ بکڕم. گوتی بە هەزار و دووسەد لیرەیە، من گوێم پێی نەداو هەر دەمویست بچمە دوکانەکانەوە تا تەماشای دیارییەک بکەم و پەسەندی بکەم و بیکڕم، بەڵام ئەو کوڕە لە کۆڵم نەدەبۆوە و هەر نرخەکەی دادەشکاند بەڵکە بیکڕم. لە هەر هەنگاوێکدا هەندێک لە نرخەکەی دادەشکاند. بازاڕەکە ڕەنگە یەک کیلۆمەتر بێت، تا ئەوسەری دوام کەوت و هەزار لیرەی لێ داشکاندبوو، منیش هەڵۆکەم لێی کڕی و بردم بۆ بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە شام، کە هەر لە مەساکن بەرزە بوو. کاک عەلی زۆری پێ خۆش بوو، گوتی بەڕاستی دیارییەکی زۆر بە نرخە چونکە هەڵۆ ڕەمزی پارتییە، زۆر سوپاس بۆ ئەم دیارییە، هەر شتێکی تر بوایە وەک ئەم دیارییە مانادار نەدەبوو. ڕاستییەکەی من هەر لە بیرم نەبوو پارتی ئەو ڕەمزەی هەیە، بۆیە لە دڵی خۆمەوە بڕێک سەیرم لێ هات لەو ڕێکەوتە سەیرەی کە وای کرد من هەڵۆیەک بکڕم، کە ئەو کوڕە منداڵە لە بازاڕ ئەوەندە پێی داگرت و تەنانەت نرخی هەڵۆکەی ئەوەندە داگرت لە هەزار و دووسەد لیرەوە بۆ دووسەد لیرە تا بیکڕم، کە هیچ دیارییەک بەو نرخە نەدەکڕدرا، بەتایبەتی باڵندەی مۆمیاکراو کە نرخی گران بوو. بەڕاستی سەیر بوو، وای لێ هاتبوو ئەگەر بە خۆڕاییش بێت هەڵۆکەم بداتێ. مرۆڤ ڕێکەوتی شتی زۆر سەیر دەکات لە ژیانیدا، هەڵۆ سیمبۆلی پارتی بوو، منیش بەو شێوەیە هەڵۆم بۆ بردن بە دیاری، کاک عەلی زۆر دڵشاد بوو ئەو جارە، ئەو ماوەیەی کە لە شام بووم

زۆر جار دەچووم بۆ لای و گفتوگۆی منی زۆر پێ خۆش بوو، ئەو جارەش دواجار بوو، چونکە من دەبوایە سەفەر بکەم، ماوەیەکی زیاتر لە لای دانیشتم و بووکی تازەشی لەوێ بوو، پێکەوە دانیشتین. زۆر بە داخەوە دوو ساڵێک دوای ئەوە کە لە سوێد بووین لە برادەرێکەوە بیستمان کاک عەلی بە نەخۆشییەک کۆچی دوایی کردووە. زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئەو زۆر میهرەبان بوو، زۆر جار کە یادی سوریا و ماوەکەی مانەوەم لە شام دەکەمەوە، دلۆڤانییەکەی کاک عەلیشم بیر دەکەوێتەوە.

سبەینێ کە چووم بۆ سەفارەتی سوێد گوتیان بەڵێ ئیقامەت دەرچووەو موعامەلەکانم دەست پێ کرد و بلیتی فڕۆکەم بە نرخی بلیتی لاوان کڕی، کە نیوەی نرخەکەیان بۆ گەنج دادەشکاند. لە ٢٥ ی مانگی یەکەمی ساڵی نوێ گەیشتمە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم و مستەفا بە چەپکێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگەوە لە چاوەڕوانیمدا بوو، کاک ئەمجەد شاکەلی لەگەڵدا بوو. ماڵی ئەوان لەستۆکهۆڵم و لە گەڕەکی مێشتا، لەنزیک فڕۆکەخانە بوو، ئەو شەوە چووین بۆ ماڵی ئەوان و ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیمان لەو ماڵە گەرمیانییە ڕەسەنە بینی. کاک ئەمجەد خەڵکی شارەکەی خۆم بوو (کفری)، سوعاد خان هاوسەری کاک ئەمجەد خەڵکی خانەقین بوو، چوار منداڵی زیرەک و جوانیان هەبوو.

بۆ سبەینێ بە شەمەندەفەر بەرەو ئەو دێیەی کە ناوی (شینسکاتا بێری) بوو، مستەفا لەوێ نیشتەجێ بوو، چووین. هەموو شتێکی ئەو وڵاتە بۆ من نوێ بوو، بەراوردی لا دروست دەکردم و سەرنجمی ڕادەکێشا، هەر لە دەست لە ملانێی کوڕان و کچان لە نێو شەمەندەفەر و پاس و شوێنە گشتییەکان و ماچ و مۆچی نێودەمی یەکتر، هەتا پیاسەی پیرەمێرد و پیرەژنەکان لەگەڵ سەگەکانیان و هەتا شێوەی ڕێگا و بان و خانوو بەرە و بە کورتی هەموو شتێکی جیاواز بوو لەوانەی ڕۆژهەڵات.

بەفرێکی زۆر باریبوو، هەموو شوێنێک سپییەکی زیوین بوو، ئاوی چاوی دەبرد. تا ئەژنۆ بەفر کەڵەک بوو بوو. گەیشتینە ئەو شوێنە و چووینە ماڵەوە، کە ئیدی ئەوە ماڵی من و مستەفا بوو. مستەفا دەرگای کردەوە و چوومە ژوورەوە، بینیم بە شێوەیەکی زۆر تایبەت ماڵەکەی ڕازاندۆتەوە و هەر لە بەر دەرگاوە تا نێو ژوورەکانی هەمووی بە گوڵ ڕازاندۆتەوە و میزەلانی ڕەنگاوڕەنگی دانەوە و گوزارەی



بەخێرهێنانی لەسەر نووسیوە. ساڵێک بوو لە شام بووم و ماڵم لە نێو جانتا بوو، کە گەیشتمە ماڵی خۆم هەستم بە ئاسوودەیییەکی زۆر کرد، مستەفاش زۆر میهرەبانانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردم. لە پەنجەرەی ئاشپەزخانەکەوە دارستانێکی چڕ و پڕ دیار بوو، لە پەنجەرەی ژووری دانیشتنیشمان کتێبخانەیەکی گشتیم دەبینی. پێم سەیر بوو ئەوەی منی تێدام دێیەک بێت، چونکە دێ لە لای ئێمە دابڕاو بوو لە خزمەتگوزاری و لە ژیان، کەچی لەوێ ئەو خانووە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەوانەی لە ستۆکهۆڵم دیم. بۆ سبەینێکەی مستەفا بردمی بۆ کتێبخانە گشتییەکەی بینیم بە سەدان هەزار کتێبی تێدایە و لە ناو ئەوانەشدا سەدان کتێبی کوردی و عەرەبی و هی زمانانی دیکە. زۆر سەیر بوو بە لامەوە، لە دێیەک ئەو هەموو تواناکارییە هەبێت.

ئەو کوردانەی کە لەو دێیە بوون و دۆست و برادەری مستەفا بوون، هاتن بۆ لامان بۆ پیرۆزبایی و دیارییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کوڕێکی کورد کە ساڵانێکی زۆر بوو لە سوێد بوو، خەڵکی خانەقین بوو، ناوی حوسێن بوو، بەڵام ناوی خۆی گۆڕیبوو بەپێل و بە عەرەبی کتێبێکیشی نووسیبوو، هات بۆ ماڵمان و کوڕێکی ئەوەندە میهرەبان بوو کە خۆشمان لێ دەهات و زۆر جار بۆ نانخواردن داوەتمان دەکرد و یاری تاوڵەمان دەکرد پێکەوە. ئەو ساڵانێکی زۆر ئەندامی حیزبی شیوعی بوو، چەندان وڵاتی دیکەی کردبوو، لە سوێد گیرسابووەوە. زۆر کتێبی فەلسەفەی دەخوێندەوە و لەژێر کاریگەری فەلسەفەی بودایی و هیندۆسدا کتێبێکی بەناوی (خۆشەویستی گەردوونی)یەوە نووسیبوو. پێل هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبوو کە کوردەکانی دیکە حەزیان پێی نەدەکرد. قژی درێژ بوو تا سەر پشتی شۆڕ ببووەوە، جلەکانی لە جلی هیپییەکان دەچوو، کوردەکانی دیکە ئەم ڕەفتارەیان پێ سەیر بوو، چونکە پێل ئەودەم تەمەنی لە چل و پێنج بەسەرەوە بوو، بەڵام ئەوەندە میهرەبان و ڕۆشنبیر بوو کە پێت خۆش دەبوو لەگەڵی دابنیشی و قسەت بۆ بکات. زۆر جار دەهات بۆ ماڵی ئێمە و گفتوگۆمان دەکرد، جاروبار لەگەڵ مستەفا و من یاری تاوڵەمان دەکرد.

دوای مانگێک کاک ئەمجەد و سوعاد خان هاتن بۆ ماڵمان بۆ سەردانی، لەو

کاتەدا بیستبووم دەزگایەکی کولتووری هەیە یارمەتی نووسەران دەدات بۆ چاپکردنی کتێب و بە تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوە کردن و زانیارییان بۆ ناردبووین. من تازە بووم و نەمدەتوانی ئەو داخوازینامەیە پڕ بکەمەوە بە زمانی سوێدی، کاک ئەمجەد بۆی پڕ کردمەوە بۆ چاپکردنی کتێبی (پانۆراما) داخوازیم پڕ کردەوە و دوای دوو مانگ وەڵامەکەی هاتەوە و داواکەیان پەسەند کردبوو. بیست و سێ هەزار کرۆنیان بۆ تەرخان کردبووم و لە نێو یەکەمساڵی تاراوگەمدا بە ئاواتی چەندان ساڵەی خۆم گەیشتم و یەکەمین کتێبی خۆمم چاپ کرد، کە دیوانێکی شیعری بوو لە ۲۲۰ لاپەڕە. من تەنها دوو مانگ بوو لەو وڵاتە بووم مافی ئەوەم هەبوو یارمەتی بدرێم و ڕێز بۆ قەڵەمەکەم دابنرێت، لە کاتێکدا لە وڵاتانی خۆماندا وەک پێویست ڕێز بۆ نووسەر قەڵەمەکەی دانەدەنرا . کە کتێبی پانۆرام چاپ کرد، بیستم کتێبخانە گشتییەکان کتێب دەکڕن و منیش دوو دانە لە کتێبەکەم بۆ ناردن و ناردبوویان بۆ شارەزایەکی باوەڕپێکراوی خۆیان بۆ هەڵسەنگاندن. دوای دوو هەفتەیەک لە نامیلکەیەکدا کە هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی تێدا بوو ناوی کتێبەکەی خۆمم دی، کە فازڵ جاف زۆر بە پۆزەتیڤ هەڵیسەنگاندبوو. کتێبخانە گشتییەکانی سوێد حەفتا کتێبیان لێ کڕیم و هەر خودی ئەوانە نرخی چاپەکەی بۆ پڕ کردمەوە و دامنا کتێبی دیکەی پێ چاپ بکەم. ئەو یەکەمین هەنگاوەی یارمەتی دەزگای (کولتوور ڕۆد)ی سوێدی بوو بە هاندەرێک بۆ من کە لە نووسین و بڵاوکردنەوە بەردەوام بم و خەمی چاپکردنم نەبێت. هەر بۆ پایزی ئەو ساڵە سەردانێکی کتێبخانەی سارامان کرد لە ستۆکهۆڵم، کاک گۆران کە کوردی باکووری کوردستان بوو خاوەنی کتێبخانەکە بوو، باسی ئەوەی کرد کە سندوقی نووسەران هەیە و یارمەتی نووسەران دەدات. ژمارە تەلەفۆنێکی داینێ کە پەیوەندی بکەین و زانیاریمان لەسەر ئەو بابەتە بۆ بنێرێت. کە زانیارییەکانمان هەر بە پۆستدا پێ گەیشت، مستەفا گوتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم پیاوێکی نووسەرە و یازدە کتێبی هەیە، دەیبەین بۆی تێمان بگەیەنێت و داخوازیەکەمان بۆ پڕ بکاتەوە. چووین بۆ لای ستێچە و هاوکاری زۆری کردین و زۆر خۆشحاڵ بوو کە نووسەرێکی کوردی ناسیوە. وەڵامی ئەو داخوازییەش بە ئەرێ هاتەوە و ستیپێندیۆمێکی بیست و پێنج هەزار کرۆنیم وەرگرت. ئیدی دەستم بە



دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆمانی (کۆچ) کرد، جگە لەوەش ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەسەر ئافرەت نووسیبووم پێداچوومەوە و ئامادەی چاپکردنیم کرد، وێڕای ئەوەش کۆمەڵێ کورتەچیرۆکی د. نەوال سەعداویم وەرگێڕابوو بۆ کوردی، ئەوانیشم مشتوماڵ کردەوە. بۆ ئەوەی ئەمانە ئامادە بکەم بۆ کتێب، یان دەبوو پارە بدەم بە خەڵکی تر بۆم بنووسنەوە کە بۆ هەر کتێبێک سێ چوار هەزار کرۆن پێویست بوو، یان خۆم کۆمپیوتەرێک بکڕم و بیاننووسمەوە، بەڵام هێشتا هیچ شتێکم لە بارەی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانیەوە نەدەزانی. کتێبی پانۆراما نووسەرێکی کوردی ڕۆژهەڵات بە سێ هەزار کرۆن بۆی پیتچینی کردم بە کۆمپیوتەری خۆی. کتێبێکی دیکەشم کاک بەڕۆژ ئاکرەیی هاوڕێیانە بۆی نووسیمەوە، جێگەی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی بکەم. بۆ کتێبەکانی دیکەم، بڕیارم دا کۆمپیوتەر بکڕم و خۆم فێری بەکارهێنانەکانی بکەم. مستەفا و من چووین بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ماڵی کاک فەرهاد شاکەلی، ئەو کۆمپیوتەری هەبوو، لەگەڵی دانیشتم و فێری پێکردن و کوژاندنەوە و کردنەوەی لاپەڕە شتی ساکاری لەو جۆرەی کردم. گوتم تەواو کۆمپیوتەر زۆر ئاسانە و دانەیەک دەکڕین. کاک فەرهاد کوڕێکی دەناسی ناوی نیهاد بوو، شارەزای کۆمپیوتەر بوو، دەیگوت ئەو دانەیەکی نوێی هەیە و کۆنەکەی خۆی دەفرۆشێت. چووینە ماڵیان و ئەو کۆمپیوتەرەمان بە چوار هەزار کرۆن لێی کڕی، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر کێشەیەکمان بوو لەگەڵ کۆمپیوتەرەکە، بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ بگرین و پێمان بڵێت چۆن چاکی بکەینەوە.

کۆمپیوتەرەکەمان هێنایەوە و هەلم کرد و دەستم بەنووسین کرد. ئیدی شەو و ڕۆژ لەسەر کۆمپیوتەر بووم و هەر کێشەیەکم دەهاتە ڕێ بە تەلەفۆن لەگەڵ کاک فەرهاد و کاک نیهاد چارەسەرم دەکرد تا وای لێ هات شارەزایی باشم پەیدا کرد. بەڵام یەک دوو جار تووشی کێشەی زۆر بووم و تەواوی بەرنامەی کۆمپیوتەرەکەم سڕایەوە، جارێکی دیکەش پەنجا لاپەڕەم نووسیبوو، لە ناکاو دەستم بە دوگمەیەکدا نا و هەمووی سڕایەوە.

کە کاری نووسینم بەو چڕ و پڕییەوە دەست پێ کرد لە کاتێکدا بوو کە هاوکات لە قوتابخانە زمانی سوێدیم دەخوێند. من لە سێیەم ڕۆژی گەیشتنم بۆ سوێد دەستم بە

خوێندنی زمان کرد و لە هەفتەی یەکەمیشدا فێری پاسکیلسواری بووم و لە نێو مانگی یەکەمدا دەستم بە فێربوونی مەلەوانی کرد. مستەفا هاوکاری کردم بۆ فێربوونی پاسکیل و مەلە. ژیانێکی زۆر چالاکانەم دەست پێ کرد و بە چڕ و پڕی لە نێوان ئارەزووەکانم و نووسین و خوێندنی قوتابخانەدا کاتەکانم دابەش کردبوو. ساڵێک لەو دێیەدا ماینەوە و بۆ شارێکی گەورەتر گواستمانەوە. فالشۆپینگ شارێک بوو، برادەرێکمانی لێ بوو، کاک فەهمی کاکەیی، بەهۆی ئەوەوە لەوێ خانوومان گرت و چووینە ئەو شارە. لەوێ من و مستەفاش چووینە قوتابخانەیەکی ئامادەیی بۆ خوێندن و ئیدی من دەمویست خۆم ئامادە بکەم بۆ خوێندنی زانکۆ و دەبوایە پێشتر لەو قوتابخانەیەدا هەموو ئەو وانانەی کە پێویستن بیانخوێنم. هاوکات بەبەردەوامی وەرزشی پاسکیلسواریمان دەکرد و هەفتەی دووجار دەچووم بۆ مەلە و هەر جارەی زیاتر لە دوو کیلۆمەتر مەلەم دەکرد، لە ماڵەوەش جگە لە خوێندنی زمان و وانەکانی ئامادەیی سوێدی، خەریکی نووسینەکانم بووم، جگە لەوانە حەزم لە وەرزشی یۆگا بوو کە لە سوێد فێری بووم.

ساڵی ١٩٩٥ دەستم بە خوێندنی وانە تیۆرییەکانی ترافیکیش کرد بۆ ئەوەی گەواهینامە دەربکەم، چونکە مستەفاش گەواهینامەی لێخوڕینی نەبوو، زۆر حەزیشی بە لێخوڕین نەدەکرد و هانی منی دا من ئەوە بکەم. تەواوی ساڵی ١٩٩٥ی خایاند تا گەواهینامەکەم دەرکرد.

لەو ساڵەدا تەلەفیزیۆنێکی ئاسمانی بە ناوی مەد تیڤی دامەزرا، هێشتا بەرنامەکانی تێست بوو، تەنها سێ کاتژمێر بوو، بەڵام بوو بوو بە هیوای هەموو کوردانی دونیا، چونکە بۆ یەکەمجار بوو کەناڵێکی ئاسمانی سنووربەزێنی کوردی بکرێتەوە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا، هاوکات یەکەمین کەناڵی ڕاگەیاندن بوو باسی سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی و کوردستانی گەورە بکات. ئەو تەلەفیزیۆنە هی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، کە بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە باکووری کوردستاندا خەباتیان دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە باسی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، دڵسۆزانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە ئارەزووی هاوکاریکردنیان هەبوو بە خۆبەخشانە. لە ساڵی ١٩٩٦ دا



کە بۆ بەرنامەیەک داوەتیان کردم و چووم بۆ بەلجیکا، جێ و ڕێ و دیسپیلین و کاری ڕێکوپێکی ئەوانم دی، زۆر خۆشحاڵ بووم کورد گەیشتبێت بەو ئاستە و بە ڕێکو پێکی کار ئەنجام دەدات. لە ناو جەرگەی ئەوروپادا وەک ئەوەی لەسەر چیاکانی کوردستان بن خەباتیان دەکرد و لەخۆبووردوانە کاریان دەکرد. ئەو جارەی کە من لەوێ داوەت بووم بۆ هەمان بەرنامە هونەرمەند مەرزیە فەریقی داوەت بوو. سێ ڕۆژ پێکەوە بووین و دۆستایەتییەکی زۆر بە تین لە نێوانمان دروست بوو، کە بوو بە بناغەی هاوڕێیەتییەکی بەردەوام. ماوەیەک دوای ئەوە بۆ هەمان بەرنامە بانگ کرامەوە و چووم بۆ بەلجیکا. دوای ئەوە پێشنیاری بەرنامەیەکی کولتووریم کرد و، ئامادەیی خۆمم دەربڕی خۆبەخشانە بەرنامەیەک ئامادە و پێشکەش بکەم و دەستم پێ کرد و لە ستۆدیۆی ستۆکهۆڵمی هەمان تیڤی دوو هەفتە جارێک بەرنامەی (پانۆراما)م ئامادە و پێشکەش دەکرد.

لە ئەیلولی ١٩٩٨ دا یادی سێیەمین ساڵڕۆژی تەلەفیزیۆنیان کردەوە و ئاهەنگێکی گەورەیان کرد و زۆر کەسایەتی سیاسی و کولتوورییان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بانگهێش کردبوو. لەوێدا لەگەڵ زۆر لە سیاسەتمەدار و نووسەرانی بەشەکانی تری کوردستان ئاشنایەتیم پەیدا کرد. بەرنامەکەشم کە پێشکەشم دەکرد لێرە لە باشووری کوردستان کەناڵە ناوخۆییەکان دووبارە لە لای خۆیانەوە پەخشیان دەکردەوە و دەنگدانەوەی باشی هەبوو. زیاتر لە پەنجا بەرنامەم ئامادە و پێشکەش کرد و هەر جارەی لەگەڵ کەسێک یان دوو کەسایەتی کولتووری یان سیاسی گفتوگۆم دەکرد، کە زۆربەشیان ژن بوون. لەسەر پرسی ژن و ئازادی و مافەکانی زۆرترین دێباتمان ساز دەکرد و کاریگەری باشی هەبوو.

لەو ئاهەنگەدا لەگەڵ نووسەر و سیاسەتمەدار کاک ئیبراهیم ئەحمەد بووم بە ئاشنا. کاتی خۆی ڕۆمانی ژانی گەل کە لە نووسینی ئەو بوو لەو کتێبانە بوو چەند جارم خوێندبۆوە و کاریگەری هەبوو لەسەرم، بۆیە لەو دەرفەتەدا دانیشتم و زۆر قسەمان لەسەر ئەدەب و سیاسەت کرد و چەند وێنەیەکیشمان پێکەوە گرت. لەو ئاهەنگەدا د. مارف عومەر گوڵ، کەریم گەرمیانی، جەمال خەزنەدار، د. گوڵموراد مورادی و زۆر کەسی دیکەی نووسەر هاتبوون و پێکەوە دانیشتین. سیروان ڕەحیم و

بەکر شوانی دووان لە هاورێ ئازیزەکانم بوون کە لەو تیڤییەدا کاریان دەکرد و کە لەوێ دەبووین کاتێکی زۆر خۆشمان بە گفتوگۆ و قسەی خۆش و نوکتە بەسەر دەبرد. کوردەکانی باکوور کە لەوێ بوون پێیان سەیر بوو کە ئێمە پێدەکەنین و هەندێ جار دەیانپرسی ئەوە بۆچی ئەوەندە پێدەکەنن، ئەوان خۆیان هەر جگەرەیان دەکێشا و گفتوگۆی جیدیان دەکرد و یەک نوکتەشیان نەدەکرد، بەڵام ئێمەی کوردی باشوور کە دەکەوتینە یەک گفتوگۆی جیدیشمان دەکرد و قسەی زۆر خۆشیشمان دەکرد و پێدەکەنین.

***



## ڕووداوێکی لەناکاو

لە یەکی شوباتی ١٩٩٨ تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل هاتم. بەتەنها لە نێو ئۆتۆمبیل بووم و ئۆتۆمبیلێکی دیکە لە ناکاو لێیدام و ڕێک لە دەرگای شۆفێری دا و بەهۆی ئەوەی کە بەفرێکی زۆریش لە سەر زەوی بوو، ئۆتۆمبیلەکەی من دە مەتر پەڕی. من هەستم بە ئازارێکی زۆر لە سنگم و پشتم و ملم کرد، بەڵام نەبوورامەوە و ئاگام لە هەموو شتێک بوو. لە ماوەی پێنج دەقیقەدا دوو ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە، دووانی پۆلیس و ئەمبولانسی نەخۆشخانە ئامادەبوون. ڕووداوەکە ئەوەندە کوتوپڕ بوو، کە تووشی شۆکی کردم و سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەم، لەو ساتەدا وام هەست دەکرد ئەوە لە فیلمێکدا ڕوو دەدات نەک لە ڕاستیدا. چونکە دیمەنی وام تەنها لە فیلمدا دیتبوو نەک لە ڕاستیدا. بەهەرحاڵ منیان گەیاندە نەخۆشخانە و مستەفاش لەگەڵمدا بوو، لەوێ دەمودەست بردیانم بۆ ژووری (ئێکس ڕای) و وێنەی هەموو ئەندامانی جەستەمیان گرت تا بزانن شکانم هەیە یان نا. ئێسک شکانم نەبوو، بەڵام لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هێدی هێدی ئازاری دیکە سەریان هەڵدەدا و دەرکەوت دەمارە هەرە وردەکانی ملم بریندار بوون و هەندێکیان پچڕاون. ئەو ڕووداوە ئەگەرچی ئازارێکی بەردەوامی کردە هاوەڵم، بەڵام چاوقایمانە دەمویست کاریگەری لەسەر ژیانم دانەنات و چالاکییەکانم کەم نەکاتەوە. وەک جاران کار و چالاکییەکان و خوێندنەکانم بەردەوامی پێدا بەڵام ئازاریشم هەبوو.

لە پایزی ئەو ساڵەدا ١٩٩٨ چووم بۆ لای پزیشک و پێیان گوتم کە دووگیانم. دەستم بە کاری وەرگێڕانیش کردبوو بۆ بژێوی ژیان، بەهۆی ئەو ئازارانەی کە هەمبوو خوێندنی قوتابخانەم هەندێ کەم کردەوە لەو ساڵە، بەڵام وازم لێ نەهێنا و دەمویست بە هەر چەشنێ بێت تەواوی بکەم بۆ ئەوەی بچمە زانکۆ.

بە شاکار گیانی کچم دووگیان بووم، لەو ماوەیەدا زۆر چالاکیش بووم، دەچووم لە چەندان شار و وڵات سیمینارم دەکرد، لە ساڵی ١٩٩٩ لە مانگی سێ کە سکم شەش

مانگ بوو، سەفەری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج، لەندەن پایتەختی بەریتانیا و ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندام کرد بۆ مەبەستی سیمینار و بەشداری لە کۆنفرانس. هەر ئەو ساڵە بۆ سویسراش داوەت کرابووم، بەڵام چونکە هاوکات بوو، نەمتوانی بۆ ئەوێ بچم. لەو چەند ساڵەی پێشتریشدا لە دەیان شاری سوێد و لە چەندان وڵاتی ئەوروپا لە کۆنفرانس و لە سیمیناردا بەشداریم دەکرد. ئەو گەڕان و بینینی وڵاتانە سوودی زۆریان هەبوو، ئەزموونی منیان زۆر دەوڵەمەند کرد. جگە لەوانە فێربوونی زمانی سوێدی و خوێندنەوەی سەدان کتێبی بوارە جیاجیاکان ئەزموونی منیان دەوڵەمەند کرد.

لە ١-٦-١٩٩٩ شاکاری کچم لە دایک بوو. ئەزموونی دایکایەتی ئەزموونێکی دەگمەنە و ئەو هەستەی کە لە یەکەم ساتی جیابوونەوەی منداڵێک لە جەستەی دایک هەستی پێدەکات، هەستێکی زۆر دەگمەن و ناوازەیە. چەندان کاتژمێر ژانگرتن، بەڵام ئەو ساتەی کە منداڵەکەت لەباوەش دەگری، دەڵێی نە بات دیوە و نە باران، دەڵێی موعجیزەیەک ڕووی داوە و دنیای گۆڕیوە. خۆشی هەردووکمان، من و مستەفاش بە لەدایکبوونی شاکار بێ ئەندازە بوو. لە نەخۆشخانەی خوێڤدە لەگەڵم بوو سات بە ساتی ژانەکان و لەوێش وا باوە باوک ناوکی منداڵەکە دەبڕێ، ناوکی شاکاری بڕی و دوای ئەوە ڕۆیشت کامیرایەکی ڤیدیۆی کڕی و هاتەوە و سات بە سات وێنەی شاکارمان دەگرت.

شاکار منداڵێکی ئارام بوو، منیش شەو و ڕۆژ خەریکی بووم و گۆرانیم بۆ دەگوت و دەملاواندەوە. کە لە کوردستان بووم و لە ماڵی بابم، زۆربەی کات لەبەرخۆمەوە و بەتایبەتی لە کاتی کاروباری ناوماڵدا گۆرانیم دەگوت، کە لە سوێد بووم سەیر بوو دەتگوت گۆرانیم لە بیرچووەتەوە و ئەو خووەم نەما، بەڵام بە لەدایکبوونی شاکار خووی گۆرانی گوتنم بۆ گەڕایەوە و بۆ شاکارم دەگوتن.

تەمەنی شاکار بوو بە سێ مانگ، پایزی ١٩٩٩ لە زانکۆ وەرگیرام. ١-٩-١٩٩٩ دەستم بە خوێندنی زانکۆ کرد. هاوکات کۆرسی پەروەردە و کۆمەڵناسیشم دەخوێند. کۆرسەکانم بە شێوەیەک بوون زۆر باش دەمتوانی بە منداڵی کۆرپەوە بیخوێنم، چونکە بۆ هەر یەکەیان هەفتەی یەک جار دەچووم بۆ زانکۆ و لە ماڵەوە کارەکانی



دیکەم دەکرد. ساڵی یەکەمم بەو شێوازە تەواو کرد و لە هەردوو کۆرسەکەشدا نمرەکانم زۆر باش بوون.

لە ساڵی ٢٠٠٠ ماڵمان گواستەوە بۆ شاری ستۆکهۆڵم، چونکە لەوێ دەرفەتی خوێندن لە زانکۆی ستۆکهۆڵم فراوانتر بوو، هاوکات زۆربەی چالاکییەکانی کوردەکان لە پایتەخت بوون و دەمێک بوو پێمان خۆش بوو بۆمان بلوێ و بچینە پایتەخت.

شاری ستۆکهۆڵم شارێکی یەکجار جوان و پاک و دڵگیرە، کە چووینە ئەو شارە هەستێکی زۆر تایبەتیم لا دروست بوو، هەستم دەکرد ساڵانێکی زۆر لەم شارە ژیاوم، زۆر خۆشەویست بوو لە لام و بەتایبەتی ئەو گەڕەکەی کە تیایدا بووین، تویرەس ئوێ. لە نزیکمانەوە دیمەنی زۆر دڵڕفێن هەبوو، کە یەکجار زۆر سەرنجی منیان ڕادەکێشا. کۆشکی پاشایەکی کۆن لەو ناوچەیەی ئێمەدا هەبوو کە لە شوێنێکی ئەوەندە دڵگیر و سەرنجڕاکێش دروست کرابوو دەتگوت خودی ئەو بەهەشتەیە کە لە خەیاڵگەی هەمووماندا وایە کە خۆشترین شوێن بێت. من لەو شوێنەدا هەستم دەکرد ڕۆحم دەفڕێ و لەسەر زەوی نامێنێ. هەر میوانێکمان هاتبا دەمانبرد بۆ سەردانی ئەوێ. لە هاوڕێیانمان کاک شێرکۆ بێکەس، سیروان ڕەحیم، بەکر شوانی ئەوێیان دیوە و بردوومانن بۆ دیدەنی ئەو شوێنە. چەند دەریاچەیەکی زۆر جوانیش هەر لەو نزیکانەمان بوون، بەڵام جوانترینیان نزیکی ئەو کۆشکە بوو. زۆر جار بەتەنها دەچوومە ئەوێ و یۆگام دەکرد و دەمخوێندەوە. لەو دەریاچانەش مەلەم دەکرد و خۆم دەدایە بەر خۆر لە هاوینان.

لە ستۆکهۆڵمیش ژیانێکی ئەکتیڤم هەبوو، شاکار تەمەنی ساڵێک بوو دەمانبرد بۆ باخچەی ساوایان، دەمنووسی، دەمخوێندەوە، دەچوومە زانکۆ، چالاکی کۆمەڵایەتیم دەکرد و لە ڕادیۆ و تیڤی و ڕێکخراوە کوردییەکانی زۆر وڵاتەوە پەیوەندیم پێوە دەکرا. بەجۆرێک خووم بەو چالاکییانەوە گرت، ئیدی نەمدەتوانی بێ چالاکی ژیان بگوزەرێنم. لە ئینتەرنێت لە ژوورەکانی پاڵتاک بە شەوان سیمینارم دەکرد، بابەتم دەنارد بۆ سایتەکان و بڵاو دەبوونەوە، ئەو بابەتانەش ڕۆژنامەکانی کوردستان وەریان دەگرت و بڵاو دەبوونەوە، بۆیە کە لە هەندەران بووم بەهۆی بەرنامەکانی

تەلەفیزیۆن و نووسینەکانی ئینتەرنێت و سیمینارەکانی پاڵتاکەوە هەمیشە ئامادەییم لە کوردستانیش و وڵاتانی دیش هەبوو. هەتا زیاتریش دەناسرام بەرپرسیارێتیم زیاتر دەبوو، پەیوەندیم زیاتر پێوە دەکرا بۆ کۆڕ و کۆنفرانسەکان، بۆ بەرنامەی ڕادیۆ و تیڤی، کاتەکانم تەواو چڕ و پڕ بوونەوە.

ئێستا کە ئاوڕ لەو ساڵانەی ژیانی خۆم لە سوێد دەدەمەوە و وەبیری خۆمی دەهێنمەوە، خۆم پێم سەیر دەبێت ئەو وزە بێ پایانە چی بوو لە مندا هەبوو کە فریای ئەو هەموو چالاکییانەی ژیان دەکەوتم. دیارە ئەمەش بەبێ باج بۆ منیش بەسەر نەچووە و ماڵەکەم وەک ماڵی ژنانی ئاسای تەواو ڕێکوپێک نەبوو، لە چێشت لێنان زۆر کارامە نەبووم و جگە لە دۆڵمە خواردنی دیکەی جۆراوجۆرم نەدەزانی. بەتایبەت کە چووینە ستۆکهۆڵم زیاتر خواردنی نیوەحازرم دەکڕی کە کات کەم ببات بۆ دروستکردن، یان دەچووین لە دەرەوە نانمان دەخوارد.

کێشەکە ئەوە بوو ئەو ئەگەرچی لە سەرەتاوە کە یەکمان ناسی شاعیر بوو، دواتریش هەر دەینووسی، بەڵام لەو دواییییە وازی لە نووسین هێنابوو، بەڵام هەر دەیخوێندەوە و خوێنەرێکی باش بوو. کە ئەو نەیدەنووسی و منیش لە گەرمەی چالاکی نووسین بووم و کاتی زۆری لێ دەبردم، کێشەمان بۆ دروست دەبوو. ئەو دەیگوت خۆ من ناڵێم مەنووسە، بەڵام کاتێکی کەمی بۆ دابنێ و وەک هیوایەت بنووسە، منیش دەمگوت نووسین بۆتە بەشێکی زیندووی ژیانم و بێ نووسین هەڵ ناکەم و ناتوانم کەمتر لە ئێستا بنووسم. بەهەرحاڵ ئەو کێشانەشم زۆر پێ ئاسایی بوون، چونکە ژنێکی نووسەر کە خاوەنی ماڵ و منداڵ و مێرد بێت، ئەو کێشانەی هەر بۆ ڕوودەدەن. من لە بەرامبەر ئەوە هانی مستەفام دەدا ئەویش دەست بکاتەوە بەنووسین و خەریکی چالاکی بێت، بەڵام ئەو تاقەتی نووسینی نەمابوو، بەڵام خوێندنەوە بۆشایی کاتەکانی بۆ پڕ دەکردەوە.

***



## پڕۆژەی ژنی کورد

لە چلەی زستانی ٢٠٠١ کچێکی کورد بە ناوی فادیمە شەهێنداڵ لە لایەن باوکیەوە بە پاساوی ناموسپارێزی لە شاری ئۆپسالا، کوژرا. ئەم کچە لە منداڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی کە کوردی باکوور بوون هاتبوون بۆ سوێد و زۆربەی ژیانی لە سوێد بەسەر بردبوو، بەڵام وەک زۆر بنەماڵەی دیکەی کورد کە لە وڵاتانی ئەورووپا دەژین، دایک و باوکان چاوەڕێن تەواو وەک کچانی ڕۆژهەڵاتی ڕەفتار بکات و ژیانی کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام فادیمە کچێکی ڕۆشنبیر و چالاک بوو، کۆیلەیەتی قبوڵ نەبوو، بۆیە بڕیاری دابوو لەگەڵ کوڕێکی سوێدی ژیانی هاوبەش بژین، بۆیە لە لایەن باوک و براکانییەوە هەڕەشەی لێ کرا و لە ئاکامدا باوکی کوشتی. کوژرانی فادیمە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ڕاگەیاندنی سوێد ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرد و هەموو کوردەکانی ئەو وڵاتەش بەم کارەساتە هەژان. فادیمە چونکە کچێکی چالاک بوو، لە زانکۆش ڕشتەی کۆمەڵایەتی دەخوێند، بۆ باسکردنی کێشەکەی خۆی و کچانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ماوەیەکی کەم پێش کوژرانی لە پەرلەمانی سوێد سیمیناری کردبوو، لەوێ باسی لەوە کردبوو کە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە و ئەم جۆرە کێشانە زۆر کچی دیکەی کورد و ڕۆژهەڵاتیش لە سوێد هەیانە و دەبێ پۆلیسی سوێد بە هەند وەری بگرێت.

ئەو ژنانەی کە چالاک بوون لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژن دەیان کۆبوونەوە و کۆنفرانسیان ڕێک خست. لەو ماوەیەدا شنە هیدایەتی، کە خانمێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە شاری یۆتۆبۆرییەوە هات و بە هاوکاری کچێکی کوردی باکوور کە ناوی فەرەح بوو پەیوەندییان بە چەندان ژنی دیکەوە کرد و کۆبوونەوەیەکمان ڕێک خست. شنە چەند سەرەقەڵەمێکی نووسیبوو، داوای کرد کە کاری وا بکەین داخوازینامەی ژنی کورد دروست بکەین و بتوانین بیکەین بە بەڵگەنامەیەک و بیدەین بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردستان. لەو کۆبوونەوەیەدا

من پشتگیریم لە بۆچوونەکەی شنە خانم کرد، بەڵام زۆر بۆچوونی دژ و جیاواز دروست بوون کە نزیک بوو لەوەی ببێتە شەڕ، زیاتریش بەهۆی ئەوەوە بوو ئەو ژنانە هەر یەک دووانێکیان و سەر بە حیزبێکی سیاسی بوون و ململانێی نێو حیزبەکانیان لەو کۆبوونەوەیەدا نومایش کرد. ئەو ژنانە زۆربەیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بۆ ئەو مەسەلانە ئەوان ئەکتیڤتر بوون لە ژنانی باشوور. لەو کۆبوونەوەیەدا ژنێکی دیکە خەڵکی باشوور بوو ناوی هێرۆ خان بوو، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ژنێکی تر ناوی ڕێکپۆش بوو ئەویش خەڵکی سلێمانی بوو، فەرەحیش کوردی باکوور بوو، سەر بە پەکەکە بوو، من سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبووم، بۆیە بە تەواوی لەو ململانێیەی ئەوان تێدەگەیشتم. شنە هیدایەتی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی بوو، کۆنگرەش لە لایەن پەکەکەوە بەڕێوە دەبرا، بۆیە هەندێک پێیان وابوو شنە پەکەکەیە، بەتایبەتیش چونکە لەگەڵ فەرەح پێکەوە پێشنیاری ئەو کۆبوونەوەیان کردبوو. دوو سێ کاتژمێر گفتوگۆ کرا و بڵاوەی لێ کرا بەبێ ئەوەی بە ئەنجامێک بگەین. دوای کۆبوونەوە من بە شنەم گوت خەمت نەبێت یەکەمین کۆبوونەوە هەر وا دەبێت، من و تۆ دەست پێدەکەین و داخوازینامەکە دەنووسین و کۆبوونەوەیەکی دیکەش دەکەین. چووینە کافیتریایەک دانیشتین هەر لە ناو ستۆکهۆڵم، لەوێ گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد. شنە خان زۆر بە حەماسەتەوە دەیویست کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکات، دەمبینی زۆر جیدییە، ئەگەرچی بیروڕامان لە زۆر شتدا جیاوازیش بوو، بەڵام ئەوەم بە ئاسایی دەزانی، چونکە لەسەر ئامانجە بناغەییەکە کۆک بووین و دەمانویست داخوازینامەی ژنی کورد وەک بەڵگەیەک هەبێت و ئێمە کاری بۆ بکەین. شنە لە بنەماڵەیەکی ئاغای ناوچەی موکریان پەروەردە بوو بوو، دابو نەریتی ئاغایەتی کاریگەری خۆی دانابوو لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی، بەڵام من ڕێزی زۆرم بۆ ئەو هەڵوێستەی هەبوو کە دەیویست ئەو دابو نەریتە بشکێنێ و تێڕوانینی خۆی بگۆڕێ و بۆ پرسی ژن تێبکۆشێت. هەندێ جار بەهێمنییەوە پێم دەگوت ئەم بۆچوونە لێرەدا ئاغایانەیە و لەگەڵ خەباتی ئێمەی ژناندا ناگونجێ. ئەوەی زۆر باش بوو کە حەزی دەکرد تێبینییەکانی پێ بڵێم بەڵکە بتوانێت ئەوەی کە نەخوازراوە لە خۆیدا بیگۆڕێت.



کاتمان بۆ دیداری سبەینێ دانا و ئەو شەوە بە کۆمپیوتەر دوو لاپەڕە داخوازیم نووسی کە جگە لەو چەند خاڵەی شنە، چەندان خاڵی دیکەشم بۆ زیاد کرد و بە داڕشتنێکی ئەدەبی و بە کوردییەکی پاراو نووسیمەوە. کە سبەینێ یەکترمان بینی و شنە داخوازینامەکەی بینی زۆر دڵی خۆش بوو، بەتایبەت چونکە بە نووسراوی چاپکراو داخوازینامەکە زۆر جوان و ڕێکو پێک دەهاتە بەرچاو. دەمانخوێندەوە و قسەمان لەسەر دەکرد و بیروڕامان لەسەر زیادکردنی خاڵی دیکە دەگۆڕییەوە و تا بڕیاری چەند خاڵێکی دیکەمان دا. ئەوانیشم نووسییەوە. شنە پێشنیاری کرد پەیوەندی بکەین بە مونیرەی موفتیزادەوە کە ژنێکی کوردی چالاکە و لە لەندەن دەژی، منیش مونیرەم دەناسی و پێشتر لە لەندەن دیبووم لە مەراسیمێکی هەشتی مارسدا، بۆیە دەمزانی مونیرە دەبێتە هاوبیر و هاوڕێیەکی ئەو ڕێبازەمان و بە جیدی کارمان لەگەڵ دەکات. پەیوەندیمان پێوە کرد و چەند ڕۆژی نەبرد مونیرە هاتە ستۆکهۆڵم و هەرسێکمان کۆبووینەوە و شەنوکەوێکی تری داخوازینامەکەمان کرد. ئینجا بڕیارمان دا دیسانەوە ژنە چالاکەکانی ستۆکهۆڵم بانگ بکەین بۆ کووبوونەوە و گفتوگۆیەکی دیکە لەسەر داخوازینامەکە بکەین.

لە لای ماڵی ئێمە ڤیلایەک هەبوو بە سوێدی (ماڵە سوورەکە)یان پێ دەگوت، خەڵکی گەڕەگ بۆ ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی منداڵەکانیان و ئاهەنگی خێزانی بە کرێیەکی ڕەمزی دەیانگرت و ئەو خانووە هەر بۆ خزمەتگوزاری دانیشتوانی گەڕەک لە لایەن کۆمپانیای خانووەکانەوە دەکرا و لە هەموو گەڕەکێک ئەو خزمەتگوزارییە هەیە. بۆ ئەو کۆبوونەوەیە خانووە سوورەکەم بەکرێ گرت. ژنەکان هاتن و هەر یەکە و کۆپی داخوازینامەکە و بەرنامەی کۆبوونەوەکەم کە هەر بە کۆمپیوتەرەکەی خۆم نووسیبوو، بە هەر یەکەیانم دا. دەستمان بە کۆبوونەوە کرد و ئەمجارە کە بەرنامەکەیان دی و کە هەرسێکمان، شنە و مونیرە و من قسەمان لەسەر کرد و بیروڕای ژنانی دیکەشمان لەسەر داخوازینامەکە وەرگرت، کۆبوونەوەکە کەشێکی ئارامتری هەبوو، بیروڕاکان نزیک بوونەوە لە یەکتر. لە ڕاستیدا هەموو ئەو ژنانە هەڵسووڕاو و سیاسی و ڕۆشنبیر بوون و مرۆڤی چاک بوون، ململانێکانی پێشووش حیزبی بوون، بۆیە زۆر گرنگە مەسەلەی ژن و ململانێی حیزبەکان دوور بخرێنەوە

لەیەکتر و ئەو ژنانەی کە بۆ پرسی یەکسانی خەبات دەکەن، با سەر بە حیزبە جیاکانیش بن، پێویستە لەمەیاندا تەنها ئامانجیان پرسی ژن و یەکسانی بێت و ژنان لەسەر ئەم بابەتە پێویستە هەموو یەککگرتوو بن. جگە لەو ژنانە، چەند پیاوێکیش دەهاتن بۆ کووبوونەوەکان و هاوخەباتمان بوون. یەکێک لەو پیاوانەی کە لە ڕێگەی پرنسیپی یەکسانی و داکۆکیکردنی لێبڕاوانە لە مافەکانی ژن ناسیم کاک ئەحمەد ئەسکەندەری بوو. ئەم پیاوە لە ساڵی ١٩٩٥ەوە ناسیم و لەو پیاوانە بوو بە گیان و دڵ بۆ پرسی یەکسانی خەباتی دەکرد و دەکا، بۆیە وەک هاوڕێ و هاوڕێبازێکی خۆم هەمیشە ڕێزی بێ پایانی هەیە لە لام و خۆشم دەوێ. زۆر پیاو هەن خۆیان تێکەڵ بە پرسی ژنان دەکەن و قسەی لەسەر دەکەن و لەسەری دەنووسن و لە ناخی خۆیانیشەوە پیاوسالارانە بیر دەکەنەوە، کاک ئەحمەد لەو پیاوە دەگمەنانەیە کە بە پرنسیپ و سووربوونێکی زۆرەوە و ماندوونەناسانە کار بۆ ئەم پرسە دەکات. پیاوێکی دیکە کە بەبێ بانگەشە و بەهێمنی و ڕاستگۆییەوە هاوکاری کردبین کاک ڕێبوار ڕەشید بوو، ئەویش خۆی و کوێستان داودی کە هاوسەری یەکتر بوون وەک دوو هاوڕێی خۆشەویست جێگەی متمانەی تەواو بوون.

بڕیارمان دا بۆچوونەکانی دیکەش ڕەچاو بکەین و داخوازینامەکە دابڕێژینەوە. من لە سەروبەندی سەفەردا بووم بۆ کوردستان، دوای نۆ ساڵ دەرفەتم بۆ دروست بووبوو کە بگەڕێینەوە، تازە پاسپۆرتی سوێدیم وەرگرتبوو وەک هاوڵاتی سوێدی و دەمتوانی بە ئاسانی سەفەر بکەم، دەگەڕامەوە بۆ سەردانی کەسوکارمان. پێشنیاری ئەوەم کرد پردێک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان دروست بکەین و ڕا و پێشنیاری ئەوانیش لەسەر داخوازینامەکە وەربگرین و ببێتە پڕۆژەیەکی هاوبەشی ژنانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات. جگە لەو داخوازینامەیەش، پردێکی لەو شێوەیە زۆر پێویست بوو دروست ببێت لە نێوان ئافرەتانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات، چونکە ئەوانەی دەرەوە دەیانتوانی ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئەوانەی ناوەوە، چونکە لە دەرەوەی وڵات بوار فراوانتر و دەرفەت زۆرتر و ئازادی زیاتر هەبوو. ئەوانەی دەرەوە دەنگیان بە دنیا دەگەیشت و دەیانتوانی دەنگی ژنانی ناوەوەی وڵات بەدنیا ئاشنا بکەن. هەموو پێشنیارەکەیان پەسەند کرد. بڕیار وابوو لەو ماوەیەدا شنە بە



هاوکاری ژنانی دیکە لە سوێد، مونیرە بەهاوکاری هاوڕێیانی دیکە لە بەریتانیا و منیش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا کار لەسەر داخوازینامەکە بکەین.

من لە ١-٦-٢٠٠١، دوای نۆ ساڵ گەڕامەوە بۆ کوردستانی ئازیز. هەفتەی یەکەمی بەهۆی دیداری کەسوکارەوە کە نۆ ساڵ بوو نەیاندیبووین بواری هیچم نەبوو. بەڵام دوای هەفتەیەک پەیوەندیم کرد بەهەندێ لە کەسایەتی و ڕێکخراوەکانەوە بۆ ئەوەی کۆببینەوە و لەسەر بیرۆکەی داخوازینامە قسەیان بۆ بکەم. ناوی هەندێک لە ژنە هەڵسووڕاوەکانم وەرگرتبوو بۆ پەیوەندیکردن، یەکەم جار چوومە بارەگای حیزبی شیوعی و نەجیبە مەحموودم دی و بۆم باس کرد، گورجوگۆڵانە ئامادەیی خۆی دەربڕی کە کۆبوونەوەکە ڕێک بخات و ناوی سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنانم بیستبوو کە زۆر چالاکە. بۆ سبەینێ ئاگاداری کردمەوە کە کۆبوونەوەکەی لە سەنتەری ڕووناکبیری ڕێوان ئامادە کردووە لە لای خاتوو ڕووناک ڕەئووف. کە چووم بۆ کۆبوونەوەکە بەرپرسی زۆربەی ڕێکخراوەکان لەوێ بوون و تازە ناوەندێکی هاوبەشیان دانابوو کە نوێنەری زۆربەیانی تێدا بوو. لەو سەنتەرە کارەبا نەبوو، بۆیە ڕووناک خان پێشنیاری کرد بچین بۆ ماڵی ئەوان و لەوێ کۆبوونەوەکە بکەین. ماڵەکەیان زۆر نزیکی سەنتەرەکە بوو بۆیە چووین و دانیشتنەکەمان لەوێ کرد. مەرزیەی فەریقی بۆ سەردان و چەند کۆنسێرتێک بانگهێشی کوردستان کرابوو، بە ڕێکەوت لە سەرچنار یەکترمان بینی و پێم گوت کە بۆ کۆبوونەوەکە بێت و ئەویش هاتبوو، چونکە مەرزیەش لە دوو کۆبوونەوەی ستۆکهۆڵم ئامادە بوو لەگەڵمان و ئامادەیی هەموو ئەرک و کارێکی پیشان دا. مەرزیە قەت لە ئەرکی خۆی وەک ژنێکی خەباتکار بۆ مافەکانی ژن دوانەدەکەوت، وێڕای ئەوەش هاوڕێیەکی نزیکی من بوو، حەزی دەکرد پێکەوە هاوکاریمان هەبێت و زۆر پشتگیری یەکتریمان دەکرد لە کارە هونەری و ئەدەبییەکانمان.

لەو کۆبوونەوەیەدا مەرزیە خانیش ئامادە بوو، من لە بارەی داخوازینامە و ئەو کارانەی کە لە ستۆکهۆڵم بۆی کرابوو قسەم کرد و مەرزیەش جەختی لەسەر قسەکانی من کردەوە. ئەو دوانزە ڕێکخراوە و چەندان کەسایەتی دیکەش کە لەوێ بوون پێشنیاری خۆیان دەگوت و من هەموویانم تۆمار کرد. پێشنیارم کرد لە چەند

ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی دیکە بکرێت و شوێن و کات دانرا کە لە مەڵبەندی خانزاد بێت لە سلێمانی و ئەو کۆبوونەوەیەش کرا و داخوازینامەکە دەوڵەمەندتر بوو.

لە کوردستانی نوێ چوومە لای خاتوو کەژاڵ ئەحمەد و ئێمە وەک دوو شاعیر دەمێک بوو یەکتریمان دەناسی و بەتایبەت بۆ لای ئەو چووم. بە کەژاڵم گوت دەمەوێ کافیە خان ببینم و لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان کۆ ببمەوە. کەژاڵ گوتی ئەوە ماڵیانە لەبەرامبەرمان، من پەیوەندی پێوە دەکەم و پێکەوە دەچین بۆ لای و زۆرم پێ خۆشە ئەویش ببینی، چونکە هەندێ کێشە هەیە و ئەوانی ترت دیوە و ئەمان گلەیی دەکەن، گوتم من دەمەوێ هەموویان ببینم و ئاگاشم لە هیچ کێشەیەکی ڕێکخراوەکان نییە و حەز دەکەم هەندێکم بۆ باس کەی بۆ ئەوەی تێبگەم. کەژاڵ چەند جارێ تەلەفۆنی کرد و داخرابوو، نامەیەکی کورتی نووسی و لەگەڵ کارمەندێکی لای خۆیان ناردی بۆ ماڵیان، بەڵام خۆی لە ماڵ نەبوو، نامەکەی بۆ بەجێهێشتبوو تا دوایی خۆی پەیوەندی بکاتەوە، کەژاڵ لە نامەکەدا نووسیبووی کە مەهاباد لە سوێدەوە هاتووەتەوە و دەیەوێت بیبینێت و لەگەڵ یەکێتی ژناندا کۆببێتەوە. من ئاگاداری بارودۆخی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ژنان لە ناو خۆیان و ئافرەتان لە ناوخۆیان نەبووم و نەمزانیبوو لە نێوان کام یەک لە ڕێکخراوەکان و کەسایەتییەکان ناکۆکی هەیە و هۆکاری ناکۆکییەکان چییە، وردە وردە دەمدی و دەمبیست و ئەوانەم بۆ دەردەکەوت. دیار بوو لەو ماوەیەی پێش چوونەوەی من یەکێتی ژنان ناکۆکییان تێ کەوتبوو دابەش بووبوون و سەنتەری ڕاگەیاندن لە یەکێتی ژنان جیا ببوونەوە. من بەمانەم نەدەزانی و نەشمزانی هەستیاری ئەوە هەیە ئەگەر پێشتر بچیت بۆ لای یەکێکیان، ئەوی تریان هەڵوێست وەردەگرێت، من پێشتر چووبوومە سەنتەر و لە ماڵی ڕووناک خان کۆبوونەوەم لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە کردبوو. بەهیچ شێوەیەک بەم کێشەیەم نەزانیبوو، هەروەها هێشتا نەشمزانیبوو کە ڕووناک خانم دایکی د. بەرهەمە، کە ئەو دەم سەرۆک وەزیران بوو لە سلێمانی کاتێ ئەو کۆبوونەوەیەم کرد. چونکە بیستمەوە گوتبوویان: مەهاباد بۆیە چووتە لای ڕووناک خان، چونکە ئەو دایکی د. بەرهەمە. لە ڕاستیدا



من کە ڕووناک خانم ناسی و بینیم بەو تەمەنەوە و بەو شێواز و پرنسیپەوە کار بۆ ژن دەکات زۆرم خۆشویست و کە زانیم د. بەرهەم کوڕی ئەوە ڕێزی زۆرم بۆ د. بەرهەم دانا و حسابێکی تایبەتیم بۆی کرد. بە کورتی لە لای من حسابەکە بۆ بەرهەمی ئەو دایکە بوو، نەک دایکی ئەو بەرهەمە. ڕووناک خان لەوساوە کە ناسیومە، بە دایکێکی دڵسۆزی خۆمیشم زانیوە، چونکە دەیبینم چلۆن کار و ڕەفتار دەکات.

داخوازیم کرد کە هاوکاریم بکەن هەمان کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لە هەولێریش بکەم، چونکە ئەودەم دوو ئیدارە بوو، پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوەکانیش هێشتا ئاڵۆزی زۆری تێدا بوو. نەجیبە مەحموود وەئەستۆی خۆی گرت کە لە ڕێگەی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانەوە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە هەولێر بکرێت و کۆبوونەوەیەک ڕێک بخەن و بچین بۆ هەولێر. نەجیبە خان خۆی ئەندامی حیزبی شیوعی کوردستانی بوو. هەفتەی داهاتوو بۆ ئەو مەبەستە چووین بۆ هەولێر و لەوێش کۆبووینەوە، بەڵام وەک ڕاستییەک دەبێ ئەوە بڵێم یەکسەر هەستم کرد ڕێکخراوەکانی هەولێر وەک ئەوانەی سلێمانی چالاک نین و ناهاوئاهەنگییەک هەست پێ دەکرا لە نێوان سەرانی ئەو ڕێکخراوانە. بەهەرحاڵ کۆبوونەوەکە کرا و ڕا و بۆچوونی ئەوانیشم کۆکردەوە.

من لە هەولێر مامەوە، چونکە دەمویست کاک زاهیر ڕۆژبەیانی و فەوزیە خان ببینم، کە نۆ ساڵ بوو نەمدیبوون بەڵام بەردەوام و لە هەر دەرفەتێکدا بۆم گونجابێت نامەم بۆیان دەنارد و تا ئەو کاتە دە کتێبم لە سوێد چاپ کردبوو، کە هەموویانم بۆیان ناردبووەوە. کاک زاهیر سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات بوو. ماڵیانم پێ نەدەزانی بۆیە یەکسەر تەکسییەکم گرت بۆ ڕۆژنامەی خەبات. لە پرسگەی ڕۆژنامە داوای ناسنامەیان لێ کردم و منیش دامنێ، لە ناسنامە مەهاباد ئیبراهیم محەمەد بووم و ئەوەیان تۆمار کرد و گوتیان فەرموو دانیشە تا خەبەر بە کاک زاهیر دەدەین. کاک زاهیر ناوەکەی دیبوو، بەڵام دڵنیا نەبوو کام مەهابادە بەڵام فەرموویان لێ کردم و چووم بۆ ژوورەکەی. لەوێ ئینجا زانی ئەوە مەهاباد قەرەداغییە. ئیتر ئەوەندە شادمان بوو، ئەوەندە گەشایەوە و منیش هێندەی ئەو و زۆر زیاتر شادمان بووم.

تەلەفۆنی بۆ فەوزیە خان کرد و ئەویش هات بۆ ئەوێ، فەوزیە خان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوو. ئیدی بەهۆی کاک زاهیرەوە زانرا من لە کوردستانم و پەیوەندی دەکرا بۆ چاوپێکەوتن و بۆ کۆڕگرتن و بۆ بەرنامەی تەلەفیزیۆن، بەڵام من بۆ یەک مانگ هاتبوومەوە و نیوەی سەفەرەکەم تەواو بوو بوو، بۆیە نەمدەتوانی ئەو هەموو داخوازییانە جێبەجێ بکەم. لەگەڵ کاک زاهیر سەردانی یەکێتی نووسەرانی کوردمان کرد. کاک مەهدی خۆشناو کە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەران بوو پێشنیاری کرد کۆڕێکی شیعریم بۆبگرن و کاتمان بۆ هەفتەی داهاتوو دانا کە هەفتەی سێیەمی مانگی شەشەم بوو. هەفتەنامەی میدیا، ڕۆژنامەی خەبات و یەک دوو ڕۆژنامەی دیکە دیمانەیان لەگەڵ کردم. چوومەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە بۆ کفری و سەردانی کەسوکارمان تەواوکرد و دووبارە ئەمجارە لەگەڵ شاکار و مستەفا و دایکیشم هەر لەگەڵ بوو کە چاوی لە شاکار دەبوو ئەو ماوەیەی کە دەچووم بۆ کۆبوونەوە و چالاکییەکان. شاکار تەمەنی دووساڵ بوو، بە ئاو و هەوای کوردستان کە زۆر گەرم بوو، داهێزرا و لە هەفتەی سێیەمی سەفەرەکەمان نەخۆش کەوت. چووین بۆ هەولێر و لە ماڵی کاک زاهیر ماینەوە، هەروەها سەردانی ماڵی هاوڕێ دێرینەکەم (ڕووناک)م کرد. کۆڕەکەی هەولێرم پێنجەمین کۆڕی شیعریم بوو دەمگێڕا، لە کفری یەکەمجار، ئینجا لە کەلار، دوایی لە دەربەندیخان کۆڕی تایبەتیم گرت، لە سلێمانی لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد پێکەوە کۆڕمان گرت. لە هەولێریش بە تەنیا و لە باخچەی هۆتێلی چوارچرا یەکێتی نووسەران کۆڕەکەیان بۆ گرتم.

لە دیمانەیەکی کورتدا کە لە لاپەڕەی ئەخیری خەبات دا بڵاو بووەوە پرسیاری شاری هەولێریان لێ کردم، منیش هەستی خۆمم دەربڕیبوو، جگە لەوەش باسی پاک و خاوێنی ئەو شارەم کرد، کە لە چاو شارەکانی دیکەی کوردستان هەستم پێ کرد، مەهدی خۆشناو ئەو وەسفەی منی زۆر پێ خۆش بوو بوو، بۆیە پێشنیاری کرد ڕۆژی دوای کۆڕەکە بە ئۆتۆمبیلی خۆی بە ناو هەولێردا بمانگێڕێ و هەولێرمان پیشان بدات. بۆ سبەینێ زۆر جێگای پیشان داین، پارکی هەولێر هێشتا تەواو نەبووبوو، کۆشکی هونەر و بانکی هەرێم و چەندان تەلاری دیکەی پیشان داین کە هەندێکیان نوێ بوون و هەندێکیان خەریک بوو تەواو دەبوون. پڕۆژەی زۆر کاریان تێدەکرا و



پیشانی داین. خۆشناو جگە لەوەی کە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەران بوو، جێگری پارێزگاری هەولێر بوو لەو کاتەدا، بە تەواوەتی هەستت دەکرد ئەو پیاوە هەولێری چەند خۆش دەوێت. مەخابن کە ئەم بەڕێزە لە کارەساتی یەکی شوبات شەهید بوو.

شاکاری کچم تا دەهات بە ئاو و هەوای گەرمی کوردستان دادەهێزرا و مێش و مێشوولەش ڕەحمیان پێ نەدەکرد. کە هاتینەوە دەموچاوی دەتگوت پەڕەی گوڵێکی پەمەییە، لە کۆتایی سەفەرەکەماندا مرۆڤ بیبینیایە دڵی پێی دەسووتا. سێ کیلۆ لە کێشی دابەزی، کە خۆی هەر دوو ئەوەندە بوو، ئەو منداڵە هێمن و شیرینە وای لێ هات هەر نووزە نووزی دەکرد. کاتی گەڕانەوەمان هاتووە و بەرەو زاخۆ چووین و شەوێک لەوێ ماینەوە تا بۆ سبەینێ لە ڕێگەی ئیبراهیم خەلیلەوە بەرەو تورکیا و لەوێوە بۆ سوێد بگەڕێینەوە.

گەڕاینەوە بۆ سوێد و لە ماوەی هەفتەیەکدا شاکار دیسانەوە وەک خونچەیەک دەکرایەوە و بووەوە بە گوڵەکەی جاران و چووەوە بۆ باخچەی منداڵان. وردە وردە و لە ماوەی دوو مانگدا کێشە بزربووەکەی گەڕایەوە و وەک جاران ڕووخۆش و دەم بە خەندە یاری خۆی دەکرد. منیش گەڕامەوە سەر دەرس و دەورەکانی خۆم لە زانکۆ و چالاکییەکان و بەتایبەتیش بۆ داخوازینامەی ژنی کورد.

لە مانگی نۆ کۆبوونەوەیەکی دیکەمان کرد و من باسی کۆبوونەوەکانی کوردستانم بۆ کردن و ڕا و پێشنیارەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانم خستە بەردەمیان، ئەوانیش هەرچی کۆبوونەوەیان کردبوو باسیان کرد و داخوازینامەکە تا دەهات ڕێکوپێکتر دەبووەوە. بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٢ پەیوەندیمان بە سەدان کەسایەتی و دەیان ڕێکخراوی دیکەوە کرد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە وڵاتانی ئەوروپا و ڕای پسپۆران و سیاسەتمەداران و نووسەران و ڕووناکبیرانمان وەردەگرت بە نیازی دەوڵەمەندکردنی داخوازینامەکە. لە چەند شاری دیکەی سوێد و لە چەند وڵاتی دیکەی ئەوروپادا کۆبوونەوەمان دەکرد و داخوازینامەکەمان دەناساند. سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣، مونیرە موفتیزادە لە بەریتانیا پەیوەندی کرد بە ڕێکخراوی پڕۆژەی مافی مرۆڤی کورد و سەرۆکی ڕێکخراوەکە کەریم یولْدز کە پارێزەرێکی کوردی

باکوور بوو زۆر بە ئامادەییەوە دەستی هاوکاری درێژ کرد و ڕێکخراوەکەیان بوو بە هاوتا و هاوپەیمانمان بۆ ئەوەی لەسەر ئاستێکی فراوانتر کار بۆ داخوازینامەکە بکەین. من و شنە چووین بۆ لەندەن و هەرسێکمان لە لەندەن سیمینارمان بۆ داخوازینامەکە کرد و لەگەڵ کەریم یولدز و ئانکە ستۆک کە پارێزەرێکی بە ڕەگەز ئەڵمانی نیشتەجێی بەریتانیا بوو لە ڕێکخراوی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد کاری دەکرد، کۆبووینەوە. داخوازینامەکە لە لایەن مونیرەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و ئانکە ستۆک بە زمانێکی یاسایی هاوتای زمانی (پەیماننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت) کە بە (سیداو) دەناسرێت، داخوازییەکانی داڕشتەوە. دووبارە ئەومان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی (زاراوەی سۆرانی و کرمانجی) و زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی.

کە هەستمان کرد هەموو کارێکی داخوازینامەی ژنی کورد تەواو بووە، ویستمان بەفەرمی ڕایبگەیەنین و پێمان باش بوو دەزگایەکی گرنگ و کەسایەتی ناودار لەگەڵمان بن بۆ ئەوەی بەهێزێکی باشەوە ڕابگەیەنرێت. ڕێکخراوی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد پەیوەندی لەگەڵ چەند کەسایەتی ناودار کرد و وا بڕیار درا کە بارۆنێس هێلێنیا کێنیدی کە کەسایەتییەکی یاسایی زۆر ناسراوی بەریتانیا بوو داخوازینامەکە ڕابگەیەنێت و شوێنی ڕاگەیاندنیش لە خانەی لۆردەکانی پەرلەمانی بەریتانیا بێت. کە پەیوەندی بەو خانمە ناوادارەوە کرا، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی و داخوازینامەکەشی زۆر بەرز هەڵسەنگاند. کات و شوێن دەستنیشان کرا بۆ ٢٢– ٦–٢٠٠٤ و دەستمان بە ئامادەکارییەکان کرد. لە پرۆسەی چەند ساڵەی ئامادەکردنی داخوازینامەکەدا پەیوەندیمان بە چەند ئافرەتێکی دیکەی چالاک کردبوو، بەهار عەلی و پەخشان زەنگەنە ماوەیەک لەگەڵماندا بوون و لە چەند کۆبوونەوەیەکیش بەشدار بوون، بەڵام پاشتر بە هۆی کاروباری خۆیانەوە بەردەوام نەبوون و کشانەوە، بەتایبەتی چونکە هەر یەکەیان و لە وڵاتێک بوون، بەهار لە هۆڵەندا و پەخشان خان لە ئەڵمانیا دەژیا. لە مانگەکانی کۆتاییشدا من پەیوەندیم بە هەردوو خانمی چالاک و نووسەر د. نەزەند بەگی خانی و کازیوە ساڵح کرد و ئەوانیش ڕازی بوون کار بکەن، بەڵام لەو ماوەیەدا نەزەند کە هەمیشە چالاک بووە،



بەهۆی منداڵبوون و هەبوونی ساوای نەیدەتوانی وەک پێویست بەشداری بکات. کازیوە لە کەنەدا دەژیا و لە وەرگێڕانی داخوازینامەکە بۆ عەرەبی بەشداری کرد و سیمینارێکیشی بۆی گێڕا. لەگەڵ کازیوەدا یەکتریمان نەدیبوو، بەڵام بە تەلەفۆن زۆر پەیوەندیمان دەکرد و لە دانانی سایتێکی تایبەت بە ژنانیش بە ناوی (ژننامە) لەگەڵ کچێکی چالاک بە ناوی باران، پێکەوە کارمان دەکرد. هەموو ئەم کارانەی کە دەمانکرد خۆبەخش بوون و لە کات و پشووی خۆمان دەمانگێڕایەوە و لە گیرفانی خۆمان مەسرەفی چالاکییەکانمان دەکرد. وێڕای ژیانی سەختی ئەوروپا و کار و خوێندن و ئەرکی ماڵ و منداڵ، ئەو ژنانەمان لە ئەوروپا چالاکیمان دەکرد، مایەی شانازییە کە جێگەی دەست و کار و چالاکیمان دیار بوو.

من پێم باش بوو ئەگەر بکرێ هاوکات کە لە کۆنفرانسی بەریتانیا داخوازینامەکە دەناسێندرێت، لە دەزگا فەرمییەکانی کوردستانیشدا ئەم داخوازینامەیە ڕابگەیەنرێت و ئەگەر هاوکاری بکرێین لە پەرلەمانی کوردستاندا کۆنفرانسێک بۆ ڕاگەیاندنی داخوازینامەکە بکرێت. وا ڕێککەوتین مونیرە و شنە بە هاوکاری ڕێکخراوی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد کۆنفرانسەکەی پەرلەمانی بەریتانیا بکەن و منیش بچمەوە بۆ کوردستان و لەوێ هەوڵەکان دەست پێ بکەم، چونکە من بە حوکمی ئەوەی خۆم خەڵکی ئەم بەشە بووم و بەهۆی نووسەریتی و چالاکی سیاسیشمەوە زۆر لە بەرپرسانم دەناسی، پێم وابوو ئاسانتر ئەم کارانە لە کوردستاندا بە من هەڵدەسووڕێن.

لە سەرەتای مانگی شەشی ٢٠٠٤ گەڕامەوە بۆ کوردستان، ئەمجارە زۆر کەم لەگەڵ کەسوکار مامەوە و یەکسەر دەستم بە هەوڵەکانم کرد. جاری پێشوو کە لە کوردستان بووم سەردانی بەرپرسانی حکومی و حیزبیم نەکردبوو، تەنها لەگەڵ ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوەکاندا پەیوەندیم گرتبوو. بەڵام بەهۆی هەندێ داخوازییەوە کە گەنجانی کفری هەیانبوو، لەگەڵ هەندێ لە گلەیی و گازندەکانیان، چووبوومە لای د. بەرهەم ساڵح کە سەرۆک وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو، کە دوای ڕێزگرتنێکی زۆر بەڵێنی دابوو ئەو داخوازییانە بۆ گەنجەکان جێبەجێ بکرێت و کفری بایەخی پێ بدرێت. لە سەفەری جاری دووەمدا بەهۆی داخوازینامەکەوە لە

بەرنامەمدا بوو زۆر لە بەرپرسان ببینم و بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی حیزبەکان و حکوومەت لە ژنی کوردستان و داخوازینامەکەیان، هەروەها بۆ مەبەستی ئەو کۆنفرانسەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بە نیاز بووین سازی بدەین.

ئەگەرچی من ڕەخنەی زۆرم لە دەسەڵات هەبوو، بەنووسینیش ئەو ڕەخنانەم بڵاو دەکردەوە و پێ دەچوو نووسینەکانیشم گەیشتبێتە دەستی کەسانی ڕەخنەلێگیراو لە سەرکردەکانی حیزبی و حکوومەت و پێشیان خۆش نەبووبێ، بەڵام بە ئاساییم دەزانی بچمە لایان و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەم و چاوەڕێی ئەوەش نەبووم ئەو ڕەخنانە بدرێت بە چاومدا، چونکە گەلێ باس لە ئازادی و دیموکراسی دەکرا لە کوردستان و باس هەر بوو بوو بە باسی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوەندە سیاسی و ڕووناکبیرییەکاندا، کەواتە دەبێ ڕەخنەشیان پێ ئاسایی بێت کە لێیان دەگیرێ. لە ساڵانی شەڕی براکوژی وەک ئەرکێکی ئاسایی خۆمم دەزانی کە شاعیر و نووسەرم و پەیامی ئاشتیخوازیم هەیە هەردوو لای شەڕ شەرمەزار بکەم. ئەو دەم پارتی و یەکێتی هەردوولایان داخوازییان لە نووسەران ئەوە بوو کە لایەک بە هەق و لایەک بە ناهەق دابنێین، بەڵام من لە بەرەی ئەو نووسەرانە بووم کە هەردوولام بە ناهەق دەزانی و ڕەخنەم لە هەردوو تەرەفی شەڕ دەگرت.

دیار بوو ئەو هەڵوێستانەی من و نووسەرانی دیکەی وەک من نیشانەیەکی پرسیاری لەسەرمان دروست کردبوو لە لایان. یەکێتی نیشتیمانی کە وای دانابوو چونکە پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم و ساڵانێکی زۆر لە ڕیزی ئەواندا خەباتم کردووە، ئیدی لە شەڕەکەشدا پشتی ئەوان بگرم و لایەکەی دیکە بە ناهەق باس بکەم. بەڵام من کە لە ڕیزی ئەوانیشدا کارم دەکرد، کوردایەتیم دەکرد نەک حیزبایەتی، لۆژیکیش ئەوە بوو کە براکوژی زیان لە کوردایەتی و دۆزی کورد دەدات، بۆیە نەمدەتوانی وەک هەندێکی تر لایەکی شەڕ بگرم و لایەکەی دیکە شەرمەزار بکەم، بەڵکە لۆژیک هانی دەدام دژی شەڕی براکوژی بم، نەک دژی لایەک و دۆستی لایەکەی دی. ئیدی کە بۆ داخوازینامەی ژنی کورد پێویستم بە دیداری هەندێک لە بەرپرسانی حیزبی و حکومی بوو، بۆم دەرکەوت هەڵوێستی دژەشەڕی من و ڕەخنەکانم کاریگەرییان هەبووە و سەرەتاش لە دیدارێکم بۆ سەردانی ڕۆژنامەی



کوردستانی نوێ هەستم بەوە کرد. من بۆ دیتنی کەژاڵ ئەحمەد چووم و لە ژوورەکەیدا دانیشتبووم کە بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کاک ئازاد جوندیانی هاتە ژوورەکە و لەوێ کەژاڵ بەیەکترمانی ناساند. کە کەژاڵ گوتی ئەوە مەهاباد قەرەداغییە، کاک ئازاد یەکسەر گوتی:

– ئا، ئەوە تۆی، تۆ زۆر ڕەخنەمان لێ دەگری و شتی ناهەقمان لەسەر دەنووسی، بۆ ئێمە ناتوانین لە کوردستانی نوێ لەسەر تۆ بنووسین و قسەت پێ بڵێین، نووسەرانی کوردی ئەوروپا هەر لە خۆیانەوە قسەی بێ بەڵگەمان پێ دەڵێن، ڕەخنەکانیان هەمووی لەسەر ئەساسی باتڵ دەکەن.

من لەم هەڵوێستەی حەپەسام، پێم سەیر بوو بەم شێوەیە بیر لە ڕەخنەگرتن بکرێتەوە و بەتایبەتی کە من خۆم دەمزانی کە ڕەخنە لە پێناوی بەهێزکردنەوەی ئەوان دەگرم، چونکە زۆرم پێ حەیف بوو ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەمان، ئەم هەموو قوربانییەی چەندان ساڵ دابوومان ئەمە ئەنجامەکەی بێت. ڕاستە من ڕەخنەم دەگرت، بەڵام خۆ دوژمن نەبووم، خۆ ڕەخنەگرتن مانای دوژمنایەتی نییە، سەیر بوو بە لامەوە! ماوەیەک پێش من دوو هاوڕێی دیکەش لە ئەوروپاوە گەڕابوونەوە و کاک ئازادیان دیتبوو هەر بەهەمان تۆن قسەی لەگەڵ کردبوون، نەزەند بەگی خانی و ئەحمەدی ئەسکەندەری، ئەوانیش پێیان سەیر بوو کە بەم شێوەیە هەڵوێست لە نووسەرانی هەندەران وەربگیرێت. قسەکەی کاک ئازاد زۆر تیژ بوون و منیش نەمتوانی یەکسەر وەڵامی نەدەمەوە و پێم گوت:

– نەخێر کاک ئازاد ناتوانن ئێوەش لە کوردستانی نوێ لەسەرم بنووسن، ئەگەر بتانتوانیایە دەتاننووسی، یەک زەڕە کەموکوڕیتان لەسەر کەسایەتیم شک بباردایە و گومانتان لە هەڵوێستەکەم هەبوایە، دەتاننووسی. کاکە گیان بۆ تۆ پێت وایە تۆ لە من زیاتر خاوەنی ئەم وڵاتەی تا مافم نەدەیتێ ڕەخنە بگرم لە حیزبەکان و حکوومەتەکانی؟ تەنانەت یەکێتی نیشتیمانیش تۆ لە من زیاتر خاوەنی نیت، ساڵانێکی تەمەنم پێی بەخشیوە ئێستا بۆم نەبێ ڕەخنەی لێ بگرم! من ئەگەر دڵم بۆ وڵاتەکەم نەسووتێ و دڵسۆزی نەبم، بۆ ڕەخنەی لێ دەگرم؟ کێ ئازایە با بێت بۆم بسەلمێنێت کە لە من دڵسۆزترە بۆ کوردستان؟

ئەم قسانەم بە جیدی و تووڕەییەوە کرد و چەند ڕۆژنامەنووسێکی دیکەش لە ژوورەکەی بەرامبەرەوە ئاگایان لەم مشتومڕە بوو تەماشایان دەکرد. لەم کاتەدا کەژاڵ ڕووی لە کاک ئازاد کرد و پێی گوت: کاک ئازاد ڕەنگە مەهاباد باش نەناسیت و ئاگاداری ڕابردووی خەباتی مەهاباد نەبیت. مەهاباد سالانێکی زۆر لە ناو یەکێتی کاری کردووە و زیندانی سیاسی بووە و هتد. کە کەژاڵ برێک باسی مێژووی خەباتی منی کرد کاک ئازاد یەکسەر شێوەی قسەکانی گۆڕا و ئەمجارە بە هێمنییەوە گوتی:

– ببوورە نەمزانی زیندانی سیاسی خۆمان بوویتە و ئەندامی خۆمان بوویتە، ئەی ئەگەر وایە بۆچی بەم شێوەیە ڕەخنە دەگریت و چۆن دەبێ بەراورد نەکرێت لە نێوان ئێمەو ئەوان. نووسەرەکانی دەرەوەی وڵات بە یەک چاو تەماشای ئێمە و پارتی دەکەن و وەک یەک ڕەخنەمان لێ دەگرن، چۆن دەبێ جیاوازییەکە نەبینن. وەرە سەیری ئازادی و دیموکراتی بکە لە لای ئێمە و ئەوان، فەرقمان زۆرە.

– من زیندانی سیاسی کوردستان بووم، نووسەرانی دەرەوەی وڵاتیش، ئەوانەی ڕەخنە لە هەردوولا دەگرن دژی شەڕ و ناکۆکین، دژی براکوژی بوون، دژی دوو ئیدارەیین، تۆ تەماشا بکە چۆن هەموو شتێک دابەش بووە و کەس ددانی خێر بەویتردا نانێت. ئێمە کە ڕەخنە دەگرین دەمانەوێ ئازادی و دیموکراتی پەرە بسێنێت لە کوردستان. من وەکو خۆم ڕاستە زیاتر ڕەخنەم لە یەکێتی نیشتیمانی گرتووە، چونکە ماوەیەک کارم تێدا کردووە و زۆربەی سەرکردە و کادیرەکانی دەناسم. یەکێتی بەهیچ شێوەیەک ئەو یەکێتییەی جاران نییە کە ئێمە کارمان تێدا دەکرد، زۆر گۆڕاوە. کوا ئێوە لەوان دیموکراتترن، من ڕەخنەم لەوانیش گرتووە، کەچی پار کە گەڕامەوە کوردستان و چوومە لای هەندێ ڕۆژنامە و دەزگایان کەس ڕەخنەیەکی نەدا بە چاومدا و کەس نەیگوت بۆ ڕەخنەمان لێ دەگری، جگە لەوەش ڕێزێکی زۆر زۆریان لێ گرتم، کە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەندامیشیان نەبوومە، کەچی تۆ بەگژمدا چوویت و پێش منیش دوو هاوڕێ نەزەند و کاک ئەحمەد هاتبوونەوە هەروا بە توندی لەسەر ڕەخنەی نووسەرانی هەندەران قسەت کردبوو. دیموکراتی چۆن وا دەبێت؟!

ئەمجارەیان زۆر بەهێمنییەوە گوتی:



– من و تۆ دەبێ مونازەرەیەک بکەین و لەیەک تێبگەین، من داوەتێکت بۆ دەکەم و چەند کەسێکیش لەگەڵ خۆم دەهێنم و تۆش کێ دەهێنی بیهێنە، دادەنیشین و بە شێنەیی لەسەر ئەم بابەتانە قسە دەکەین.

سوپاسی دەکەم کە داوەتەکەی بۆ کردم و لە سلێمانی پالاس دانیشتنێکمان کرد و چەند نووسەرێکی دیکەش بەشدار بوون لەو دانیشتنەدا زۆرمان قسە کرد. بە ڕێکەوت لە بەرپرسانی حیزبی ئەوە یەکەم کەس بوو بیبینم و بەو شێوەیە ڕووبەڕووم بووەوە و تووشی شۆکی کردم، بەڵام بەو دانیشتنە هیچ لە دڵمدا نەما و ئاسایی بوومەوە، ئیدی نازانم ئەو هیچ لە دڵی مابوو یان نا بەرامبەر بە من لە ئەنجامی ئەو وەڵامدانەوەیەی ڕۆژی یەکترناسینمان.

لە ناو یەکێتیدا هاوڕێی دێرینم هەبوو، کاک عوسمانی حاجی مەحموود کە وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی بوو، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی بوو، ماوەیەکی زۆر بوو نەمدیبوو، هەر لە سوێدەوە پەیوەندیم پێوە کردبوو، پێم گوتبوو بۆ مەبەستی کۆنفرانسێکی وا دێمەوە و پێویستم بە هاوکارییانە، ئامادەیی دەربڕی هاوکاریم بکات. ئۆتۆمبیلێکی وەزارەتی ناوخۆی نارد بۆ پێشوازیم بۆ دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، تا سلێمانی هێنامیان و لە سلێمانیشەوە بۆ کفری بە ئۆتۆمبیلێکی دیکەی خۆیان منیان بردەوە. داخوازی ئەوەم کردبوو ئەو ماوەیە لەبەر کاری کۆنفرانسەکە پێویستم بە ئۆتۆمبیلێک دەبێت، جێگەی سوپاسە کە ئەوەشی بۆ دابین کردم. کاک عوسمان جگە لەوەی هاوڕێیەکی دڵسۆزم بوو، ئاگاداری خەبات و تێکۆشانی من بوو، دێر بە دێر مێژووی ژیانی منی دەزانی بۆیە بە مافی خۆمی دەزانی دوای ئەو سالانە کە دێمەوە و کارێکی لەوجۆرەم هەیە حکوومەت و حیزبەکان کارئاسانیم بۆ بکەن. من سوپاسی ئەم هاوڕێیە دەکەم کە لە چەندان بارودۆخی جیاواز سەلماندوویەتی بەرامبەر بە پرنسیپی کوردایەتی و هاوڕێیەتی دڵسۆزە.

داوام لە کاک عوسمان کرد کاتێکم لە لای دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ وەربگرێت، کە ئەودەم سەرۆک وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو، تا بۆ مەبەستی کۆنفرانسەکە و بەدەستهێنانی پشتیوانییان بۆ داخوازینامەی ژنی کورد، بیبینم. هەروەها داوام کرد

له لای مام جەلالیش کاتێکم بۆ وەربگرێت. چونکە لە بەرنامەی مندا ئەوە هەبوو بەرپرسانی هەردوو لا ببینم بە حیزبی و حکومییەوە. بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیدار بوون بە کۆنفرانسەکەوە کە مەبەستم بوو لە پەرلەمانی کوردستان بێت و هەردوولاش بەشداری تێدا بکەن. دەمویست وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەردوو ئیدارە هاوکاریمان بکەن.

ئەگەرچی شەڕی براکوژی ساڵانێک بوو ڕاوەستابوو، ڕێککەوتننامەی واشەنتۆنیش دەمێک بوو مۆر کرابوو کە تایبەت بوو بە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی، بەڵام کەشەکە هێشتا بارگاوی بوو بە دووبەرەکییەکی شاراوە. چالاکی هاوبەش نەدەکرا و هەر ئیدارەیەک چالاکی خۆی دەکرد و کێبەرکێیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو. من حەزم دەکرد ئەم چالاکییەی ئێمە ببێتە دەست پێشخەرییەکیش بۆ کاری هاوبەشی نێوان هەردوو ئیدارە. بەو ئامانجە لەگەڵیان دەدوام، بەڵام هەستم دەکرد ئەو پەندە کوردییە زۆر باش چەسپیوە کە دەڵێ: ئۆخەی ئۆخەی، هەرکەس بۆ خۆی. پێ نەدەچوو ئارەزووی کاری هاوبەش لە ئارادا بێت، بەڵام من سوور بووم لەسەر ئەوەی کارەکە بە هاوبەشی بکرێت.

کاک عوسمان کاتەکەی لە لای د. بەرهەم بۆ وەرگرتم و خۆیشی لەگەڵم هات بۆماڵیان کە ئێوارەیەک کاتژمێر هەشت و نیوی شەو بوو، د. بەرهەم پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کردم و کە باسی داخوازینامە و بیرۆکەی کۆنفرانسەکەشم بۆ کرد، پشتیوانی بۆ دەربڕیم. داوام لێ کرد کە وەزیری مافی مرۆڤ ڕابسپێرێت بۆ ئەوەی هاکاریمان بکات بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە و گوتی: بەسەرچاو، ڕایدەسپێرم هاوکاریتان بکات. گوتی لە کۆنفرانسەکەدا خۆشم بەشدار دەبم، تەنها یەک ڕۆژ پێش ئەوە تەلەفۆنێکم بۆ بکە و وەبیرمی بخەرەوە. لەو دانیشتنەدا د. بەرهەم باسی ڕەخنەکانیشمی کرد کە دەیانگرم لە حکوومەت و حیزبەکان و گوتی:

– من هەر هەموو نووسینەکانی تۆ دەخوێنمەوە و زۆرم پێ خۆشە نووسەر ڕەخنەگرانە بنووسێت، بەڵام با ئەوەش بڵێم هەندێ جار زۆر توندی لە ڕەخنەکانتدا.

کە ئەو پێشوازییە گەرمەی لێ کردم، پێم وابوو کە ڕەخنەکانمی نەدیبێت، بەڵام کە ئەوەی دەربڕی هەموو ڕەخنەکانیشی دیوە و بەتایبەتی ماوەیەک پێش ئەوسا ڕەخنەم



له خودی خۆی گرتبوو، بە توندیش بوو ڕەخنەکە و لە سایتەکاندا بڵاوم کردبووەوە، چونکە ئەو بەڵێنانەی کە لە سەفەری پێشوودا پێی دابووم کە بۆ گەنجانی کفری بیکات و نەیکردبوو. زۆرم پێ خۆش بوو کە سیاسەتمەداری وا لە وڵاتی ئێمەدا هەیە و بە سنگی فراوانەوە ڕەخنە وەردەگرن. من ئەگەرچی ڕەخنەم لە د. بەرهەم هەبوو، ڕەخنەکانیشم دەنووسی، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم کردبوو ئەم لەوانی دیکە جیاوازە و باشتر دەتوانێ بیروڕای جیاواز قبوڵ بکات، لە پرنسیپەکانی دیموکراتی گەیشتبوو.

د. بەرهەم لەو دانیشتنەدا گلەییشی هەبوو لە ڕێکخراوەکانی ژنان لەوەی کە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکن و ددانی خێر بە یەکتردا نانێن. ئەم گلەییە نەک د. بەرهەم، زۆر لە بەرپرسانی دیکەش دەیانکرد، لە سلێمانیش و لە هەولێریش. ڕاستە ناکۆکی لە نێوان ئەو ڕێکخراوانە هەبوو، بەڵام ئەو هەموو ناکۆکییەی کە لە نێوان حیزبەکان خۆیاندا هەبوو، کە کەس ددانی خێری بە وی دیدا نەدەنا، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی سەر بەم حیزب و ئەو حیزبیش ناکۆک بن بە یەکەوە، جگە لەوەش لە ناو یەکێتیدا گروپگەراییش هەبوو، ڕێکخراوەکانیش دابەش بووبوون بەسەر ئەو گروپانەدا، ئیدی سەیر نەبوو ئەوانیش ململانێ لە نێوانیاندا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی نیگەرانی بوو ژنان کە هێشتا بە مافە سەرەتاییەکانیشیان نەگەیشتوون و خەبات بۆ وەدەستهێنانی دەکەن، کەچی پرسەکەی خۆیان لە پەراوێز دابنێن و ململانێی حیزبایەتی و گروپگەرایەتی بکەن. من چونکە ساڵانێک بوو لە سوێد دەژیام، لە وردەکاری ناکۆکی نێوان ڕێکخراوەکان ئاگادار نەبووم و بۆ لای هەموو ڕێکخراوەکان چووم و پەیوەست بە داخوازینامەی ژنی کورد کۆبوونەوەم لەگەڵ هەموویان کرد. وردە وردە هەستم دەکرد ململانێکانیان لەسەر چییە و مەخابن هەندێکیان تەنها کێشەی کەسی سەرانی ڕێکخراوەکان بوو لەگەڵ یەکتریدا، لە نێو ڕێکخراوەکانیشیان ڕەنگی دابووەوە.

هەر سەبارەت بەهەمان بابەت، لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤ لە سلێمانی دانیشتم، کە سەلاح ڕەشید بوو، پێشتر ساڵانێکی زۆر لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بوو، لەو کاتەدا هاتبووەوە و کرابوو بە وەزیری مافی مرۆڤ. ئەم پیاوە ڕاستە بە قسە هەموو پشتیوانییەکی پیشان دا، بەڵام کە گەیشتە سەر کردەوە شتێکی ئەوتۆی نەکرد و بە

هەڵوێستەکانی بڕێک توورەی کردین. من بەو بەڕێزەم گوت نامەوێ تەنها وەزارەتی یەک ئیدارە، بەڵکە هی هەردوو ئیدارە و بە هاوبەشی یارمەتیمان بدەن تا ئەو کۆنفرانسە بکرێ و داخوازینامەکە ڕابگەیەنرێت، چونکە داخوازینامەکە هی هەموو ژنی کوردە و بۆ هەموو کوردستانە و دەشمانەوێ لە ناو پەرلەمانی کوردستان کۆنفرانسەکە بکرێت، تەلاری پەرلەمانیش لە هەولێرە، بەڵام پێ نەدەچوو پرسی ژن ئەوەندە گرنگ بێت بە لایەوە.

سووربووم لەسەر ئەوەی هەموو ڕێکخراوەکان ببینم و دەرفەتەکە دروست بوو لەگەڵ خاتوو کافیە سلێمانیش دانیشتم کە سکرتێری یەکێتی ژنانی کوردستان بوو لە بارەگای خۆی و لەگەڵ ستافی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، پێشوازی گەرمیان کرد و پشتیوانی خۆیان دەربڕی. لەو دانیشتنەدا کەژاڵ ئەحمەدیش لەگەڵدا بوو.

من هەمیشە چاوەڕێی کردار بووم، چونکە دەربڕینی پشتیوانی بە دەم ئاسانە و بۆ سیاسەت هەموو کەسێ بە دەم شتی باش دەڵێت، بەڵام بە کردەوە گرنگ بوو هەموو هاودەنگ بین، چونکە پڕۆژەکەی هی ئێمە نەبوو بەتەنها و بۆ هەموو مێینەی کوردستان بوو، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد هەموومان ببینە یەک دەستی بەهێز بۆ داواکردنی مافەکانی ئافرەتانی کوردستان.

تەلەفۆنم بۆ کاک عوسمانی حاجی مەحموود کردەوە و پرسیم دیدارەکەم لەگەڵ مام جەلال چی لێ هات، دەبێت یان نا چونکە دەمەوێ بچم بۆ هەولێر و بەرپرسانی هەولێریش ببینم. کاک عوسمان گوتی: بە مام جەلالم گوتووە و گوتویەتی باشە پێیان دەڵێم مەوعیدی بۆ دابنێن و تەلەفۆنت بۆ بکەن، بەڵام تەلەفۆنیان هێشتا نەکردووە، من جارێکی تریش بیری دەخەمەوە. گوتم: من پێم باش بوو ئەویش ببینم، بە هەرحاڵ سبەینێ دەچم بۆ هەولێر، من گرنگە بە لامەوە هەردوولا بەشداری ئەم کۆنفرانسە بن و پشتیوانیمان لێ بکەن، هەموو هەوڵی خۆم دەدەم، هیوادارم هەڵوێستی هەولێر باش بێت.

بۆ ئەوەی بەرپرسانی هەولێریش ببینم، بەرەو ئەوێ کەوتمە ڕێ. من لە ناو یەکێتی خەڵکی زۆرم دەناسی، بەڵام لە ناو پارتی تەنها چەند کەسێکم دەناسی کە نووسەر و



ڕۆژنامەنووس بوون. پێشتر کاک بەدران ئەحمەد حەبیبم دەناسی کە بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس بوو، سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر دیتبووم و یەکترمان ناسیبوو کە ئەودەم گەنجێک بوو پێم وایە لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی کاری دەکرد، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو ئاگاداری نەبووم. بیستبووم بەدران حەبیب ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی ئیدارەی هەولێرە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بوو، بەڵام دڵنیا نەبووم هەر ئەو بەدرانەیە کە من لە ساڵی ١٩٩٢ جارێک یەکترمان بینیوە. من لە سوێدەوە بۆ پرسیارکردن سەبارەت بە چاپی کتێبێک ئی مەیلم بۆ کاک بەدران ناردبوو، لە ڕێگەی سایتی دەزگای ئاراسەوە کە لە ئینتەرنێتەوە جاروبار دەچوومە سەری و کتێبەکانیم دەخوێندەوە. لە ئی مەیلەکەدا نووسیبووم: من دیوانێکی شیعریم هەیە و دەمەوێت چاپی بکەم، ئایا هەلومەرجی چاپکردن لە لای ئێوە چۆنە و ئایا کتێبێکی وام بۆ چاپ دەکەن. کاک بەدران وەڵامی ئی مەیلەکەی دابوومەوە و نووسیبووی: ئێمە ئەگەرچی دیوانی شیعر چاپ ناکەین بەڵام بۆ تۆ چاپی دەکەین، بەڵام دەبێ لە پێشدا بۆمان بنێری و بزانین چۆنە، چونکە هەندێ شت هەیە ڕەنگە لێرە نەکرێت و سەرئێشەمان بۆ دروست بکات. کە ئەم وەڵامەم بینی زانیم مەبەستی چییە، چونکە ئەو ماوەیە بوو کە لەسەر کورتە بابەتێکی من، هەندێ مەلای مزگەوتەکانی هەولێر کردبوویان بە هەڵا و وتاردان لە دژم، کافرانە بە کافر دایاننابووم، چونکە لە بابەتەکەی من هەر تێنەگەیشتبوون. هەر بەوەشەوە نەوەستابوون، زانایانی ئاینی چووبوون بۆ لای کاک مەسعود و کاک نێچیرڤان بۆ ئەوەی هانی ئەوانیش بدەن لە دژم. من کە ئەو هەواڵەم پێگەیشت بە نووسراوێک وەڵامی ئەوانەم دابۆوە و بڵاویشم کردەوە و لەوێدا بەو مەلایانەم گوتبوو ئەو هەڵایەتان لە چییە ئەوە ئەو کاتەی کە گەلی ئێمە ئەنفال دەکرا و وەک مەڕ سەری مرۆڤی کورد کە دروستکراوی خودایە گۆشاوگۆش سەردەبڕدران بۆ دەنگتان نەبوو، بۆ کەستان نەتانتوانی فززەیەک بکەن. زۆر شتی دیکەم لەو نووسراوە لە سەر هەڵوێستی مەلاکانی کوردستان نووسی، بەڕاستیش هەندێ مەلا هەن لە هیچ تێناگەن و هەر جارەی پەلاماری نووسەرێ یان شۆڕشگێڕێ دەدەن لەسەر شتێ کە تێی ناگەن. بەهەرحاڵ ئەو کێشەیە ڕووی دابوو لە نێوان من و ئەو مەلایانە، بۆیە دەمزانی کاک بەدران ترسی سەریەشەی هەیە لەگەڵ کتێبی من. کە

وەڵامەکەی کاک بەدرانم دی زانیم مەبەستی چییە، بۆیە ئی مەیلێکی دیکەم بۆ نووسی و پێم گوت: سوپاست دەکەم، بەڵام من بەو مەرجە شیعر نانێرم و تێگەیشتم ترسی چیتان هەیە. هەر بۆ سبەینێ کاک بەدران ئی مەیلی بۆ ناردمەوە و نووسیبووی: (دیوانەکەت بنێرە و بەبێ هیچ مەرجێ چاپی دەکەین و هیوادارم عاجز نەبیت لێمان. سەر بۆ سەریەشە نەبێت بۆ چی باشە.) دیوانەکەم هەر بە پۆستی ئەلەکترۆنی بۆ ناردن. ئەم ئاشنایەتییەم لەگەڵ کاک بەدران هەبوو، کە پرسی کۆنفرانسەکەش هاتە ئاراوە سەبارەت بە کۆنفرانسەکەش بە تەلەفۆن بۆم باس کرد کە نیازی شتێکی وامان هەیە و بیستوومە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و ئایا دەکرێ کارئاسانیمان بۆ بکەن بۆ ئەو کۆنفرانسە، گوتبووی کە دەتوانێ لە سەرۆک وەزیران بپرسێ و وەڵامم بداتەوە.

چووم بۆ دەزگای ئاراس بۆ لای کاک بەدران. پێشوازییەکی زۆر زۆر گەرمی لێ کردم و گوتیشی کە دیوانەکە لە ژێر چاپدایە. سەبارەت بە کۆنفرانسەکەش لێم پرسی، گوتی:

– بەڵێ هەر ئەوسا کە بۆت باس کردم بە کاک نێچیرڤانم گوتووە و ئەویش گوتی هەرکە مەهاباد گەیشتە هەولێر ئاگادارم بکەرەوە، دەمەوێ بیبینم. هەر ئێستا پەیوەندی دەکەم و کاتەکە وەردەگرم بۆ ئەوەی خۆت لەگەڵی باس بکەیت.

کاک بەدران دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ نووسینگەی سەرۆک وەزیران کرد و پەیامی بەجێ هێشت کە من لە هەولێرم و داوای کاتی کرد بۆ دیداری من لەگەڵ کاک نێچیرڤان. دوای ماوەیەکی کورت تەلەفۆنی بۆ کرایەوە و پێی گوتم:

– سبەینێ کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ دەچین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دیدارت لەگەڵ کاک نێچیرڤان هەیە.

سالانی شەڕی ناوخۆ تەنها ئەو قسانەمان دەبیست کە ئەندام و هەوادارانی پارتی و یەکێتی لە دژی یەکتری دەیانکرد و ناو و ناتۆرەی زۆریان لە یەکتری نابوو، سیفەتی زۆر سەیر و سەمەرەیان وەپاڵ یەکتری دەدا . نێچیرڤان بارزانی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە ڕۆژانی شەڕی نەگریسی براکوژی قسەی زۆری لەسەر گوترابوو، بۆیە ئەو دیدارە بۆ من گرنگ بوو کە خۆم لە نزیکەوە ئەو پیاوە بناسم. من



لە ژیانمدا گوێم بە قسەی کەسی دی نەداوە و قسەی ئەم و ئەوم بیستووە بەڵام نەمکردووە بەپێوەری نرخاندن، هەمیشە پشتم بە هەڵسەنگاندنی بیر و مێشکی خۆم بەستووە. بەتایبەتی ئەو قسە و قسەڵۆکانەی کە حیزبەکان لەبەر ململانێی حیزبایەتی دژ بە یەکتر دەیانکرد فەرامۆشم دەکردن و هیچم لەسەر ئەوانە بنیات نەدەنا . باوەڕی زۆریشم بە هەستەکانی خۆم هەبوو بۆ هەڵسەنگاندن، چونکە هەمیشە ڕاستگۆ بوونە لە گەڵمدا و بێ هیوایان نەکردووم. هەستەکانم دەیانتوانی لەرەی بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی ئەوانەم بۆ دەربخەن کە لەگەڵیاندا دادەنیشم و دەدوێم.

من پێشتر کارم بە کەسیان نەبووبوو، هەوڵیشم نەدابوو کەس لە سەرکردایەتی حیزبەکان لە نزیکەوە بناسم، بەتایبەتی دوای چوونم بۆ سوێد و دوای سالانێکی شەڕی ناوخۆیی و ئەو هەموو نەهامەتییەی کوردستانی گرتبووەوە و ئەو بێ هیوایییەی کە دەروونی هەموومانی داپۆشیبوو. هەمیشە بۆچوونی سیاسی خۆمم هەبووە و کار و چالاکی پەیوەندیدار بە سیاسەت و کوردایەتیم کردووە، بەڵام لە ساڵی دوای ڕاپەڕینەوە بە سەربەخۆیانە و دوور لە حیزبایەتی ئەوەم کردووە. لە دەستی حکوومەتی عیراقیش ئەوەندە تالاوم چێشتبوو، لە ڕووی دەروونییەوە هەڵوێستم بەرامبەر هەموو حکوومەتێک وەرگرتبوو بە هی کوردستانیشەوە، بەتایبەت لە سالانی شەڕی ناوخۆیی، بەڵام ئەوجارە دەبوو بیانبینم، چونکە گرنگ بوو بە لامەوە پشتیوانی لە پرسی ژنی کورد بکەن، هەروەها شەڕ دەمێک بوو وەستابوو، قۆناغێکی نوێ هاتبووەوە ئاراوە کە دەکرا ڕوانینێکی تر دروست بکەین.

سبەینێ کاتژمێر دوو و نیو چوومەوە بۆ دەزگای ئاراس و کاک بەدران بردمی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. کاک نێچیرڤان بارزانی پێشوازییەکی زۆر زۆر گەرمی لێ کردم. یەک کاتژمێری تەواو گفتوگۆمان کرد و بۆچوونمان سەبارەت بە زۆربەی ئەو شتانەی کە باسمان کرد لە سیاسەت و کولتوور و پەروەردە و پرسی یەکسانی زۆر نزیک بوو لە یەکترەوە، هەستم نەکرد ئەوە جاری یەکەم بێت بیبینم، چونکە زۆر ئاشنایانە قسەی دەکرد و هەستم کرد لەو بەرپرسانە نەبوو کە بەفیز و لاف لەمپەریان دروست دەکرد، نێچیرڤان بارزانی ساکار و کراوە و ڕووخۆش بوو،

وزەیەکی زۆر پۆزەتیڤی هەبوو بۆ هاندانی کەسانی تر. پشتیوانییەکی زۆری بۆ خۆم وەک نووسەرێک، بۆ داخوازینامەکە و بۆ بیرۆکەی کۆنفرانسەکە دەربڕی. بیرۆکەکەشی زۆر زۆر پێ باش بوو، بەتایبەت کە باسی کۆنفرانسەکەی پەرلەمانی بەریتانیاشم بۆکرد و ئافەرینی کردین بۆ ئەو هەنگاوانە. یەکەم جار بوو کوردێک ببینم ئەوەندە هانی کارێکی باش بدات، چونکە لە لای ئێمە کولتووری هاندان نییە و هەرچی بکەیت، چەند باشیش بێت هەر ڕەخنەی ڕووخێنەرت لێ دەگرن. کاک نێچیرڤان بە دەنگێکی زۆر سەقامگیر و دڵنیاییبەخش گوتی:

– مەهاباد بەهەموو شێوەیەک پشتگیریت دەکەم. پشتیوانی خۆت وەک نووسەرێک کە توانیوتە ئەوەندە چالاک بیت و ئەو هەموو کتێب و بەرهەمەت هەبێت. پشتیوانی پرس و پەیامەکەشت دەکەم کە خەباتی بۆ دەکەیت. بەڕاستی مەسەلەی ژن لە وڵاتی ئێمە کاری زۆر جیدی دەوێت و من زۆرم پێ خۆشە کەسێکی وەک تۆ هاوکاری ئێمەش بکات، بۆ کەسێکی وەک تۆ دەگەڕام لەم مەسەلەیە ڕاوێژی پێ بکەین.

لە لەرەی دەنگی و لەرەی بیرکردنەوەکەی بۆم دەرکەوت دەربڕینی پشتیوانییەکەی ئەم تەنها بە وشە نابێت و بەڕاستێتی و دەیکات بەکردەوەش، هەستم بەوەرگرتنی وزەیەکی زۆر کرد، چونکە هەر یەکسەر لە بەرچاوی خۆم ڕووی لە کاک بەدران کرد و پێی گوت:

– بەدران، هەرچی شتێک بۆ ئەم کارەی مەهاباد پێویستە بەبێ هیچ کەموکوڕییەک بیکە.

زۆر هەڵوێستێکی جیدی و کرداری بوو، شادمان بووم کە ئەو وزەیەم لەو پیاوەدا بینی و ئەو وزەیەی بە دەوروبەری خۆی دەبەخشی، گوتم:

– کاک نێچیرڤان، زۆر سوپاست دەکەم بۆ پشتیوانیت، من دەمەوێ هەردوو ئیدارە بەشدار بێت و بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ بێت و لەگەڵ سلێمانیش قسەم کردووە لەگەڵ بەرپرسان، هیوادارم ئێوەش لاریتان لەوە نەبێت.

ئەو بیرۆکەیەشی زۆر پێ خۆش بوو، گوتی:

– زۆر باشە، منیش بە وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێم هەموو هاوکارییەکتان بکات. بە د. ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان دەڵێم بە تەواوی هاوکاریتان بکات تا کۆنفرانسەکە لەوێ



بکەن. بیرێکی زۆر باشە کە کۆنفرانسەکە لە پەرلەمان دەکەن، کەی حەز دەکەی کۆنفرانسەکە بکرێت؟

هەر لەوێ بڕیارمان دا لە ١٢-٧-٢٠٠٤ کۆنفرانسەکە بکەین. دوو هەفتەمان بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکەین. کاک نێچیرڤان هەر لەوێ بۆ نانی نیوەڕۆی سبەینێش داوەتی کردم بۆ ئەوەی کاتی زیاترمان هەبێت بۆ گفتوگۆ. بۆ سبەینێکەشی هەر لەگەڵ کاک بەدران چووینەوە و لە کاتژمێر ١٢ تا سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ کاک نێچیرڤان قسە و باسی زۆرمان کرد و بوارێکی باشیش بۆ من ڕەخسا کە باشتر بیناسم و بمناسێت.

کاک بەدران بەبێ درێغی ڕاسپاردەکەی جێبەجێ دەکرد بۆ ئامادەکاری کۆنفرانسەکە. چووم بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزیری مافی مرۆڤ د. محەمەد ئیحسانم بینی. کە من چووم بۆ لای دکتۆر محەمەد ئیحسان ئاگاداری کۆنفرانسەکە بوو، چونکە کاک نێچیرڤان ئاگاداری کردبۆوە و ڕایسپاربوو کە هاوکاری تەواومان بکات و خۆیشی پیاوێکی جیدی و مێشک کراوە بوو. خۆی و ستافی وەزارەتەکەی لەو دوو هەفتەیەدا هەموو کارێکیان ڕێک خست. خاتوو نەرمین قەرەداغی و خاتوو عەدالەت عومەر، کە یەکەمیان بەڕێوەبەری گشتی و دووەمیان ڕاوێژکاری وەزارەت بوو، لەگەڵ د. محەمەد زۆر هاوڕێیانە هاوکارییان دەکردم و بەڕاستی کارەکانیان جێگەی ستایشە. هەردوو خانم نەرمین و عەدالەت خۆشیان ژنانێکی چالاک و دیار بوون لە هەولێر.

یەکەم جار بوو د. محەمەد ئیحسان بە بینین ببینم، بەڵام بە ئی مەیل و تەلەفۆن چەند جارێک پەیوەندیمان بە یەکەوە کردبوو. ئەو یەکترناسینەش لە ڕێکەوتێکی سەیرەوە ڕووی دا کە شایانی باسکردنە. نزیکەی ساڵێک پێش ئەو یەکتر بینینە، من لە سوید لە ماڵەوە دانیشتبووم و خەریکی خوێندنەوە بووم، دەمەو ئێوارە بوو، زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا و چووم هەڵم گرت:

– بەڵێ، فەرموو.

– بێ زەحمەت دەمەوێ لەگەڵ مەهاباد قەرەداغی قسە بکەم.

– بەڵێ فەرموو، من مەهابادم، کێی جەنابت؟

– مەهاباد خان من ناوم بەهارە و لە هەولێرەوە تەلەفۆن دەکەم، دایکی پێنج منداڵم و نەخۆشییەکم هەیە لە کوردستان چاری نییە و دکتۆرەکان نائومێدیان کردووم و ڕەنگە تەنها چەند مانگێکم لە ژیاندا مابێت، بەڵام نەخۆشییەکەم لە وڵاتی تر چارەسەری هەیە. من زۆر شوێنم کردووە بۆ یارمەتی و ژمارەی تۆیان پێ داوم و گوتیان تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی. نامەوێ بمرم و پێنج منداڵم سەرگەردان بێت، تکات لێ دەکەم یارمەتیم بدە.

– بەهار خان زۆر بەداخەوەم بۆ نەخۆشییەکەت، بێ ئومێد مەبە، بەڵام من چیم پێ دەکرێ بۆ تۆ، ئەگەر مەبەستت هاتنە ئەوروپایە ئەوە زۆر زەحمەتە و پارەیەکی زۆر و ڤیزای دەوێ و بەڕاستی من ئێستا قوتابیم و ئیمکانیەتی ئەوەم نییە. ڤیزاش زەحمەتە وەرگرتنی، بەڵام زۆر بەداخەوەم بۆ نەخۆشییەکەت و هیوادارم ئومێدت بە چاکبوونەوە هەبێت.

– مەهاباد خان ئەو عەمەلیاتە لە سوریاش دەکرێت، پێنج هەزار دۆلاری پێویستە، بەڵام من هیچم نییە و پێیان گوتووم تەنها تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەیت، تەلەفۆنی تۆیان پێ داوم و دڵنیایان کردووم کە تۆ دەتوانی هاوکاریمان بکەیت.

– ئەی نەچوویتەتە لای ڕێکخراوەکانی ژنان، ئافرەتان، وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ، خۆ ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن.

– زۆر شوێنم کردووە، بە داخەوە کەس یارمەتی نەداوم.

– ئێستا من لە سوێدم و نازانم لەم دوورەوە دەتوانم چی بۆ تۆ بکەم، بەڵام بەڕاستی زۆر نارەحەتم بۆت و بیرێکی لێ دەکەمەوە بزانم دەتوانم چیت بۆ بکەم.

بەبێ ئومێدییەوە خواحافیزی کرد و منیش تەلەفۆنەکەم دانایەوە. هاتمەوە و دانیشتمەوە و سەرتاپام دای لە ئازار. یەکجار زۆر نارەحەت بووم بۆی، کتێبەکەم نا بەلاوە و چاوەکانم فرمێسکیان تێ زابوو، هەر بیرم دەکردەوە چی بکەم و چۆن بتوانم یارمەتی ئەم ژنە بدەم، ئەم دایکەی کە شەش منداڵ چاویان لە دەستەکان و هەستەکانێتی. ئازارەکانی ئەو ژنە لە ناو مندا هەڵدەقولا و لە بیرکردنەوەمدا تاوتوێم دەکرد. دوای ماوەیەک بێ ئەوەی بە نیازی نووسین بم چوومە سەر کۆمپیوتەرەکەم بۆ ئەوەی تەماشایەکی ئینتەرنێت بکەم. هێندەم زانی لەباتی ئەوە لاپەڕەیەکم کردۆتەوە



و خەریکی نووسینم، نامەیەکی کراوەی کورتم نووسی بۆ ئەوەی یارمەتی ئەم ژنە بدرێت و ئازارەکانیم لە نێو نامەکەدا بەرجەستە کرد. نامە کراوەکەم ئاراستەی سەرۆک وەزیران، وەزیری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوە خێرخوازەکان کرد. یەکسەر ناردم بۆ سایتی کوردستان نێت و کاتژمێر دوانزەی شەو بە کاتی ئەوروپا بڵاوکرایەوە.

سبەینێ ئی مەیلێکم بۆ هاتبوو، کە کردمەوە بە ئینگلیزی نووسرابوو: من د. محەمەد ئیحسان وەزیری مافی مرۆڤم لە هەولێر، تکایە تەلەفۆنی خۆتم بۆ بنێرە تا قسەت لەگەڵ بکەم سەبارەت بە یارمەتیدانی ئەو ژنەی کە دایکی پێنج منداڵە. یەکسەر وەڵامیم دایەوە و تەلەفۆنی خۆمم بۆی نووسی، هی ماڵەوەش و هی موبایلیش. ئێوارە زەنگم بۆ لێدرا، دکتۆر محەمەد ئیحسان بوو. زۆر دۆستانە قسەی لەگەڵ کردم و گوتی سەرۆک وەزیرانیش نامەکەی دیوە و ڕایسپاردووم، بەسەرچاو ئێمە هاوکاری ئەو ژنە دەکەین و دەینێرین بۆ نەشتەرگەری لە سوریا. بەهار بنێرە بۆ لامان و ئێمە هاوکاری دەکەین.

بەڵام من بەهارم نەدەناسی و ژمارەی تەلەفۆنیشیم لە لا نەبوو تا ئەو هەواڵە خۆشەی پێ بگەیەنم. دەبوو چاوەڕوان بم بەڵکە خۆی تەلەفۆنێک بکاتەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئی مەیلێکم بۆ هاتبوو لە کوڕێکی ڕۆژنامەنووسەوە کە ناوی هێمن حەساری بوو، نووسیبووی: سوپاس مەهاباد خان، نامە کراوەکەتم بینی کە بۆ نەخۆشییەکەی بەهار نووسیبووت بۆ بەرپرسان، من لە ڕۆژنامەی نیشتیمان کار دەکەم و بەهار ناسیاومە، سوپاس بۆ نامەکەی تۆ بەڵام بڕواناکەم کەس یارمەتی بەهار بدات، هەوڵی زۆرمان داوە لێرە، بەڵام بێهوودە بووە.

یەکسەر ئی مەیلەکەیم وەڵام دایەوە و نووسیم تکایە با بەهار زوو تەلەفۆنم بۆ بکاتەوە. بۆ سبەینێ بەهار تەلەفۆنی کردەوە و پێم گوت: یەکسەر بچۆ بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ، بۆ لای وەزیر، ئەوان بۆ نەشتەرگەرییەکەت هاوکاریت دەکەن، بڵێ مەهاباد قەرەداغی ناردوومی. دوای دوو ڕۆژ هێمن ئی مایلێکی بۆ کردم و گوتی پێنج هەزار دۆلاریان پێ داوە و ئاسانکاری سەفەریان بۆ سوریا بۆ کردووە و لە ناو ئەم هەفتەیەدا بەهار دەچێت بۆ سوریا.

دڵم ئاوی خواردەوە و سوپاسنامەیەکم بۆ وەزیری مافی مرۆڤ نووسی و بڵاوم کردەوە. چونکە ئەوە یەکەم جار بوو نامەی کراوە بۆ بەرپرسی کورد بنووسرێ و وەڵام بداتەوە. لە نامەکەدا سوپاسی خۆی و سەرۆک وەزیرانیشم کردبوو کە بە دەنگی ئەو دایکە نەخۆشەوە هاتن. ئەو ڕێکەوت و هەڵوێستە من و دکتۆر محەمەدی بە یەکتر ئاشنا کرد. دوای ئەوەش جار جار ئی مەیل و تەلەفۆنی هەر بۆ دەکردم و قسەمان دەکرد بۆیە کە بۆ کۆنفرانسەکە چووم بۆ لای، وەک دوو ئاشنا و هاوڕێ قسەمان دەکرد.

لە هەولێر هیچ یەکێک لاری نەبوو لەوەی کە هەردوو ئیدارە بە هاوبەشی ئەو کۆنفرانسە بکەن. زۆر شادمان بووم کە بەرخوردێکی جیدی و دۆستانەم لەم هەموو بەڕێزانەوە دی، بەتایبەتی هی سەرۆکی حکوومەت کە زۆر هاوڕێیانە و ساکارانە ڕەفتاری دەکرد و هەر لە سەرەتاوە نەیهێشت هیچ دیوارێک لە نێوانماندا دروست ببێت. **زۆر شادمان بووم کە نەوەی بارزانی نەمرم بەم شێوەیە بینی**، ئەو سەرۆکەی کە لە منداڵییەوە لە مێشکی مندا جێگەی تایبەتی هەبوو، ئەو سەرۆکەی کە لە نێو زیندانیشدا مایەی دڵدانەوەم بوو، لەگەڵی دەدوام و هێزی وەبەردەنام و وزەی دەدامێ. من ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر بوو، دوانزە ساڵ بوو دوور بووم لە کاری حیزبایەتییەوە، ساڵانێکی تریش لە پێش ئەو ماوەیە نزیکەی دە ساڵێک لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکەدا (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) کارم کردبوو نەک لەگەڵ پارتی، بەڵام بۆ من (مستەفا بارزانی) هەردەم سیمبولێکی باڵا بووە و هیچ کەس جێگەی نەدەگرتەوە و ناگرێتەوە، هەستێک بوو پەیوەندی بە ڕۆح و بە دەروونمەوە هەبوو، پەیوەندی بە پەروەردەمەوە هەبوو، بۆیە کە نەوەی بارزانیم بەو ڕەوشتەوە بینی، زۆر شادمان بووم.

گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ ڕێکخراوەکان قسەم کرد و ئیدی لە ڕاگەیاندنەکانیشدا باسم کرد کە لە کات و شوێنی دیاریکراو کۆنفرانس دەگرین. لە سلێمانی چوومەوە لای وەزیری مافی مرۆڤ و باسی پشتیوانییەکەی هەولێرم کرد، بەڵام ئەو برادەرە دیار بوو بە جیدی نییە لە هاوکارییەکانی، بەڵام من گرنگ بوو بە لامەوە ئەگەر هیچ هاوکاری مادیش نەکەن، بەڵام بەشداری مەعنەوی بکەن و لە



کۆنفرانسەکەدا ئامادە بن. مەخابن لەوەشدا جیدی نەبوو، چونکە نە خۆی هات بۆ هەولێر بۆ کۆنفرانسەکە و نەنوێنەرێکیشی نارد لە جێگەی خۆی قسەیەک بکات، تەنانەت پەیامێکیشی نەنارد. ویستم دووبارە بچمەوە لای، یان بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ د. بەرهەم ساڵح بکەم، چونکە گوتبووی وەبیری بهێنمەوە تا بەشداری بکات، یان پەیامی خۆی بۆ کۆنفرانسەکە بنێرێت، بەڵام ئەو سەفەری بەغدای کردبوو، تەلەفۆنی بەغدایم دەست نەکەوت. لەو دوو هەفتەیەدا دەیان لێدوانم بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تیڤییەکان کرد. دڵنیا بووم لەوەی کە کارەکان لە هەولێر بە باشی دەکرێن و کاک بەدران و ستافی دەزگای ئاراس لە لایەک و د. محەمەد ئیحسان و ستافەکەی لە لایەکی ترەوە درێخی ناکەن، بۆیە بە دڵنیاییەوە چوومەوە بۆ کفری بۆ ئەوەی شاکاری کچم ببینم کە چەند ڕۆژێک بوو لێی دوورکەوتبوومەوە بەهۆی کار و کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسەوە.

سەرەتای مانگی حەوت بوو، دە ڕۆژێک مابوو بۆ ڕۆژی کۆنفرانسەکە کە بڕیار بوو لە دوانزەی مانگی حەوت بێت. ئەو ماوەیەی کە لە کوردستان بووم بەهۆی سەرقاڵی و میوانی زۆرەوە نەدەپەرژام تەماشای تەلەفیزیۆن بکەم، بیرێک بە مێشکما گوزەری کرد و دەنگێکی ناوەکی پێی گوتم: مەهاباد تەماشای تەلەفیزیۆن بکە! کۆنترۆڵەکەم بەدەستەوە گرت و تیڤییەکەم هەڵکرد، لەسەر کەناڵی ئاسمانی کوردستان بوو. بینیم شیرین ئامێدی، کە سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوو باس لە کۆنفرانسێک دەکات لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئاڵا تاڵەبانی پێکەوە ڕێکی دەخەن و لەسەر داخوازینامەی ژنی کورد دەبێت و بە پشتیوانی سەرۆکی حکوومەت دەبێت!! من ئەو هەواڵەم زۆر پێ سەیر بوو، هێشتا شیرینم هەر نەدیبوو، ئاڵام هەر نەدەناسی کۆنفرانسی چی دەکەن لە پەرلەمان و لەسەر داخوازینامەی ژنی کورد، کە ئەمە پڕۆژەی ئێمەیە و لەگەڵ سەدان کەس قسەمان لەسەری کردووە و لە بەریتانیاش ڕامانگەیاندووە. هەستم پێی گوتم شتێکی نائاسایی لە ئارادایە و دەبێ تێی بگەم. ئەی کۆنفرانسەکەی ئێمە چی لێ هات، ئەی خۆ نێچیرڤان بارزانی بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی بە من دا؟! پێم باش بوو یەکسەر بڕۆم و سۆراخی ئەم هەواڵە تازەیە بکەم و بزانم چ خەبەرە! بۆ بەیانی یەکسەر چووم بۆ سلێمانی و ڕێکخراوەکانی

سلێمانی گوتیان بەڵێ شیرین ئامێدی و ئالا تاڵەبانی کۆنفرانس دەکەن و ئەوەتا داوەتنامەش بۆ هەموو ڕێکخراوەکان هاتووە!!

هەستی شەشەمم زۆر جار لە کاتی پێویستدا ئاگادارم دەکاتەوە لە شتگەلێک کە بەپێچەوانەی خواستی من بەڕێوە دەچێت. هەندێ جار لە شێوەی دەنگێکی ناخەوە ئاگادارییەکەم دەداتێ و هەندێ جاری دیکەش بە ڕوون و ڕەوانی لە خەونمدا پێم دەگوترێت. کە کتێبی زەنگدانەوەم دایە چاپکردن هەستێکم هەبوو کە شتێک هەیە لە ناو ڕۆمانەکەدا پێویستە بگۆڕێت، لە خەونمدا سەرکردەیەکم دی کە ئێستا لە ژیان نەماوە لاپەڕەی کتێبەکەی دەستنیشان کرد و گوتی لەوێدا هەڵەیەکت کردووە، دێرە شیعرەکە کە تۆ نووسیوتە هی مەحوییە و تۆ بە هەڵە نووسیوتە نالی. لە خەو ڕاچڵەکیم و یەکسەر کۆمپیوتەرەکەمم کردەوە و چوومە سەر هەمان ئەو لاپەڕەیەی کە پێی گوتم، بینیم ڕاستە من نالیم نووسیوە لە جێگەی مەحوی. سبەینێ زوو تەلەفۆنم بۆ کاک ئاسۆ کرد کە سەرپەرشتی چاپی کتێبەکەی دەکرد لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، پێم گوت کاکە لە فلان لاپەڕە ئەو هەڵەیەم کردووە ئایا دەکرێ ئەوەم لای خۆتەوە بۆ بگۆڕیت، ئەویش گوتی: بەڕاستی بەختت هەیە کە لەم چەند ڕۆژەدا ئەوەندە پشوو هەبوو کە کتێبەکەت چاپی دواکەوت، بۆیە بوار هەیە و ئێستا دەیگۆڕم. دەیان دۆخی دیکە لە ساڵەکانی ژیانمدا ڕوویان داوە و پەیوەندییان بە هەستی شەشەممەوە هەبووە و ئاگاداریان کردوومەتەوە لە شتێک کە لە داهاتوومدا ڕوودەدەن، بۆیە ئەو جارەش یارمەتی دام و لەو کۆنفرانسە ئاگاداری کردمەوە، کە ئەگەر پێم نەزانیبایە کۆنفرانسەکەی ئێمە تێک دەچوو.

بەڕاستی بۆ من شۆک بوو، لە لایەکەوە کاک نێچیرڤان بەڵێنی هاوکاری بە من داوە و هەستم کرد زۆر بە جیدیش بێ لە بەڵێنەکەی، لە لایەکی ترەوە سکرتێری ئافرەتانی پارتی کۆنفرانسی لە هەمان شوێندا و دوو سێ ڕۆژ پێش کاتەکەی ئێمە بۆ ساز دەکرێت و منیش نە ئەوم دیوە و نەش ئاگادارکراوم لە کۆنفرانسەکەی ئەو. ئەی باشە چۆن لەسەر هەمان بابەت کۆنفرانس دەکات؟ لە دڵی خۆمەوە گوتم تۆ بڵێی هەستەکانی من درۆیان لەگەڵ کردبم و نەمتوانیبێت کاک نێچیرڤان بناسم و هەڵسەنگاندنەکەم هەڵە بێت بۆی؟! تۆ بڵێی نەوەی بارزانی بەڵێنەکەی ئاوها بێت؟!



دوودڵ بووم و گومانم لا دروست بوو، گازەندەم لە هەستەکانی خۆم دەکرد و گومانم دەکرد بۆ یەکەم جارە هەستی شەشەمم هەڵیخەڵەتاندبم. بڕیارم دا بڕۆم و یەکسەر چووم بۆ هەولێر و بۆ لای کاک بەدران و دەستم بە گلەیی کرد، کاک بەدران ئاگای لەو کۆنفرانسە نەبوو، زۆر بەهێمنییەوە گوتی: نا مەهاباد خان، بڕوا ناکەم کاک نێچیرڤانیش ئاگای لەوە بێت، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نییە و لە سەفەرە، لە بەختی تۆ ئەم ئێوارەیە دێتەوە. نامەیەکی بۆ بنووسە و من پێی دەگەیەنم.

نامەیەکم بۆ کاک نێچیرڤان نووسی، بەڕاستی چونکە هەستێکی بڕێک تاڵم هەبوو، پێم وایە نامەکەشم هەندێ بە گازەندە و تووڕەییەوە نووسی، چونکە شیرین خان ڕایگەیاندبوو کۆنفرانسەکەیان بە چاودێری سەرۆکی حکوومەت دەبێت، لای من گومانێکی دروست کردبوو. نامەکەم لای کاک بەدران بە جێ هێشت و خۆم هەر ئەو ڕۆژە کاتژمێر چواری ئێوارە چووم بۆ کەرکووک، چونکە لەگەڵ هەندێ ڕێکخراو و ڕۆژنامەی کەرکووک کاتم دانابوو سەردانیان بکەم و دەیانویست چاوپێکەوتنم لە ڕۆژنامەکانیاندا لەگەڵ بکەن.

دوای دوو کاتژمێر لە پاش بە جێهێشتنی نامەکە، گەیشتبوومە کەرکووک و لە بارەگای ڕێکخراوێکی ژنان و هەفتەنامەی ترووسکە دانیشتبووم کە دیمانەیەکیان لەگەڵ دەکردم بۆ هەفتەنامەکەیان. چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ دەهات و دەبڕا، دەهات و دەبڕا. دوای ماوەیەک دیسانەوە تەلەفۆن کرایەوە، شیرین ئامێدی بوو لە مەسیفەوە تەلەفۆنی دەکرد. شیرین زۆر شڵەژاوانە قسەی دەکرد و ماوەیەک قسەی کرد و هیچ لێی حاڵی نەدەبووم، هێدی هێدی بۆم ڕوون بووەوە کە لەسەر ئەو ئاکارەی سەرزەنیشت کراوە بۆیە دەیان جار داوای لێبووردنی کرد و گوتی ئەوە ئەوان کۆنفرانسەکەی خۆیان هەڵدەوەشێننەوە. جاری یەکەم بوو قسە لەگەڵ شیرین بکەم، بەڵام لە تەلەفیزیۆن بینیبووم قسە دەکات، لە ژنان و ئافرەتانی دیکەوە کە لە ڕێکخراوەکان چالاک بوون بیستبووم کە ئەو خانمە حەز ناکات کەسی دیکە جگە لە خۆی هاوکاری بکرێ و چالاکی بکات، من سەرەتا باوەڕم نەدەکرد، پێم وا بوو ئەو قسانە پەیوەندی بە ململانێی نێوان ڕێکخراو و حیزبەکانەوە هەیە. قەت وێنای ئەوەم نەدەکرد وا بێت، یان هیچ نەبێت لەگەڵ مندا ئەوە بکات، چونکە من لە نێو هیچ

ململانێیەکدا نەبووم و هەموو ئەو ماوەیەی شەڕی ناوخۆ و ساڵانێکی دوای ئەوەش لە سوێد بوومە و بە جیدی و دوور لە حیزبەکانەوە کار و چالاکی خۆمم کردووە، بۆیە گومانی ئەوەم نەدەکرد شیرین یان هەر کەسێکی دی هەڵوێستی وای هەبێت بەرامبەر بە من. پێم گوت، کێشەیەک نییە و بووراوی، بەڵام کارێکی باش نییە کار لە یەکتری تێک بدەین، ئێمە بۆ یەک ئامانج خەبات دەکەین نەدەبوایە کارمان لێ تێک بدەن، خۆ ئاساییە کۆنفرانس بکەیت، بەڵام نەک لەو کات و شوێنەدا کە ئێمە ماوەیەکە لە ڕاگەیاندندا باسی دەکەین. من ئامادەی هاوکاری ئێوەم و هەرچی کاتێ کۆنفرانستان کرد، بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لە ئێوە و لە هەموو ژنێک دەکەم.

پرسیاری ئاڵا تاڵەبانیم کرد کێیە، گوتیان خوشکە زای مام جەلالە. پێم سەیر بوو! من دەمویست مام جەلال ببینم بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکات، کەچی خزمێکی کارمان لێ تێک دەدات. لە دڵی خۆمەوە دەمگوت: تۆ بڵێی مام جەلال ئاگای لەم ئاکارە بێت؟ باشە ئەم ژنانە بۆ وا دەکەن؟ بۆ لەباتی ئەوەی هاوکاریمان بکەن، ئاستەنگ بۆ کارێکی وا دروست دەکەن کە سوودی بۆ کۆمەڵگەکەمان بەگشتی و بۆ ئافرەتان بەتایبەتی هەیە؟ بەڕاستی نیگەران بووم بە پەیوەندی ئەو ئافرەتانە، بەتایبەتی کە فاکسێکی ئاڵا تاڵەبانیم دەست کەوت کە بۆ شیرین ئامێدی ناردبوو، تیایدا باسی داخوازینامەکەی ئێمەی کردبوو و داخوازینامەکەشی لەگەڵ نامەکەدا بۆ فاکس کردبوو، لە نامەکەدا گوتبووی چۆن دەبێ حیزبەکانی ئێمە هاوکاری ئەمانە بکەن، مەهاباد قەرەداغی لە سوێدەوە ڕەخنە لە حیزبەکان دەگرێ و لێرە هەموو حیزبەکان ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگرن و هاوکاری دەکەن، با خۆمان هەر ئەو کۆنفرانسە لە پەرلەمان بکەین و با حکوومەتی خۆمان هاوکاری ئێمە بکات، با نەهێڵین کاری ئەوان سەر بگرێ.

دوای ئەو فاکسە شیرینیش یەکسەر پەیوەندییەکی بە د. ڕۆژ کردبوو کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، تا ڕێگەیان بدات لەوێ کۆنفرانس بکەن، د. ڕۆژیش پێی وابوو هەمان کۆنفرانسیان مەبەستە کە نێچیرڤان بارزانی ڕایسپاردبوو هاوکاری بکات و یەکسەر گوتبووی باشە. ئەوانیش پێش ئەوەی تەنانەت کەسانی قسەکەر و لێکۆڵەر داوەت بکەن، داوەتنامەیان بۆ ڕێکخراوەکان ناردبوو بۆ کۆنفرانسەکەیان، تا ئێمە



ناچار بین کۆنفرانسی خۆمان هەڵوەشێنینەوە! لە دڵی خۆمدا گوتم ئەمە جارێ یەک پیلان، هیواداربووم هی دیکەی بە دوادا نەیەت و نەبێت بە زنجیرە!

بەهەرحاڵ پیلانەکە هەڵوەشایەوە. هەمیشە هەستی شەشەم لەگەڵمدا ئاشنا بووە و سوپاسی دەکەم، هەمیشە هەستم کردووە خودا بێ ئەندازە خۆشی دەوێم و بەرچاوم ڕووناک دەکاتەوە و ناهێڵێ هیچم لێ شاراوە بێت، لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا هەموو شتێکی ئەو نەخشەیەی خستە ناو مشتم، بە فاکسەکەشیانەوە.

لەو ساتەوە چەند شتێکم بۆ دەرکەوت. بۆم دەرکەوت کە کاک نێچیرڤان پیاوێکی ڕاستگۆیە و خاوەنی بەڵێنی خۆیەتی و ئاگاداری ئەو پیلانە نەبووە کە بۆ تێکدانی کۆنفرانسەکە گێڕدرابوو. هەروەها بۆم دەرکەوت کە گلەییەکانی د. بەرهەم ساڵح ڕاستە سەبارەت بە ململانێی بێ مانای ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە ناوخۆیاندا. هەروەها بۆم دەرکەوت کە ئەگەرچی شەڕی گەرمی نێوان یەکێتی و پارتی وەستاوە، بەڵام هی سارد بەردەوامە، چونکە دوای گەڕانەوەم لە هەولێر و زانینی ئەوەی کە لەوێ پێشوازی گەرم و جیدی کراوم، لەم لا سارد و ناجیدی بوونەوە.

مێشکم زۆر ماندوو بوو بەدەستی ئەو ململانێیانە، چونکە من ئامانجێکی دیاریکراوم هەبوو، بۆ شەڕ و ململانێ نەهاتبوومەوە. لە ناو هەموو ئەو شتانەدا یەک شت سەیر بوو بە لامەوە، ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتی و یەکێتی هیچ کۆک نەبوون پێکەوە و بەرنامەی هاوبەشیان پێکەوە نەدەکرد، ئەی چۆن شیرین و ئاڵا، کە ئەمیان لە سەرکردایەتی پارتییە و ئەویتریان خزمی مام جەلالە، ڕێککەوتوون کۆنفراس پێکەوە بکەن!؟ چی شتێک ئەم دووانەی بە یەکەوە دەبەستەوە لەو سات و کاتەدا کە هێشتا ساردییەکی زۆر لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەبوو؟! لە دڵی خۆمدا دەمگوت، ئەم کۆنفرانسە خەریکە ئەم دوو حیزبە لە یەک نزیک بخاتەوە، هەر باشە! خۆ من ئامانجم نزیکبوونەوەیانە، ئەوەتە (ئافرەت)ێک و(ژن)ێک کە ساڵانێکە دوورن لە یەک و دوورەپەرێزن لە چالاکی هاوباش، ئێستا لە دژی من، کە بۆ مافی مرۆڤ و دیموکراتی و یەکسانی تێدەکۆشم، چالاکی هاوبەش دەکەن! لە ناخی دڵمەوە ئازارم دەچێشت کە ئەو هەموو ساڵە ئەم دوو حیزبە، پارتی و یەکێتی هێندە ناتەبا بن و

زمانێکی هاوبەش نەدۆزنەوە بۆ پەیوەندییەکانیان و بەرژەوەندی نەتەوەییمان. لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا لە هەندەرانەوە نارەزایینامەمان بۆ سەرکردایەتی هەردوو لا نارد بە ئیمزای هەشتا و پێنج ژنی کوردی دانیشتووی وڵاتانی ئەوروپا، کە پێکەوە لەگەڵ نەزەند بەگیخانی ئامادەمان کردبوو. هەمیشە حەزم دەکرد لە هەر دەرفەتێک کە پێم دەکرێت بەشدار بم لە پرۆسەی ئاشتی نێوانیان، چونکە هیچ شەڕێکی دیکەی مێژووی کورد هێندەی شەڕی براکوژی ئازاری نەداوم. پێش ڕێککەوتنامەی واشنتن، کاک عەزیز محەمەد سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عیراق ناوبژی لە نێوانیاندا دەکرد و کە دەهاتەوە بۆ سوێد بە پەرۆشەوە لە ئەنجامی هەوڵەکانیم دەپرسی. یەک لەو نامانەی کە بۆ مام جەلال و کاک مەسعودی نارد لەو ماوەیەی کە ناوبژیوانی نێوانیان بوو، بەدەست و خەتی خۆی نووسییەوە و داوای لە من کرد بە کۆمپیوتەر بۆی بنووسمەوە و سەرپشکیشی کردم لە دەستکاریکردنی، کە من بۆ ئەو متمانەیەی سوپاسی دەکەم. نامەکەم بە کۆمپیوتەر بۆی نووسی، بە ناوی خۆی و د. مەحموود عوسمانەوە بۆ هەردوو سەرۆکی نارد. هەر هەمان ئامانجی نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتی و کاری هاوبەشی نێوانیان وای کرد کە سوور بم لەسەر ئەوەی بەرگەی ئەو هەموو ململانێیە بگرم و کۆڵ نەدەم و هەردوو ئیدارە پێکەوە هاوکاری بکەن لە کۆنفرانسەکە، بەڵام کێشەکان دیار بوو زۆر لە هەوڵ و ئامانجەکانی من بەرینتر و قووڵترن.

دوو ڕۆژ پێش کۆنفرانس، واتە لە ١٠ی تەمووز چوومەوە هەولێر و شنە هیدایەتی و مونیرە موفتیزادەش گەیشتنەوە هەولێر. لە ڕێگەی تورکیاوە هاتبوونەوە و لە ئەنقەرەش سەردانی خاتوو لەیلا زانایان کردبوو کە تازە لە زیندانی تورکان ئازاد بوو بوو دوای دە ساڵی زیندانی. هەر بۆ مەبەستی پشتیوانی ئەویش لە داخوازینامەکە سەردانیان کردبوو، بڕیاریشمان دابوو وەک دۆخێکی سیمبۆلی و ڕێزلێنان لە خەباتی ئەو ژنە کوردە، کۆنفرانسەکە پێشکەش بکەین بەو تێکۆشەرە.

هەموو شتێک ئامادە کرابوو، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەولێر بەبێ کەموکوڕی کاری خۆی کردبوو، دەزگای ئاراس و خودی کاک بەدران هاوکاری تەواویان کرد. من جارێکی دیکەش کاک نێچیرڤانم بینییەوە و سوپاسم کرد بۆ هاوکارییەکانی،



داوای لێبووردنم لێ کرد کە نامەکەم بە توندی بۆی نووسیوە ئەویش داوای لێبووردنی کرد و گوتی کە ئاگادار نەبووە لەو کێشەیە و لەو کۆنفرانسەی دیکە.

ئێوارەی ١١–٧ چووین بۆ پەرلەمان و بینیمان شوێنەکان ئامادە کراون و کارەکان ڕێکوپێک ئەنجام دراون. زۆر ماندوو بووم، مانگ و نیوێک بوو شەو و ڕۆژم خستبووە سەر یەک و کارم بۆ ئەو کۆنفرانسە دەکرد. بەڵام کە بینیم کارەکان ڕێکوپێک ئەنجام دراون و لە هەولێر بە جیدی بە دەنگمەوە هاتن، هەستی ماندووبوونەکەم ڕەوییەوە، بەڵام کە لەو ماوەیەدا ئەو هەموو ململانێ خۆڕاییییەم بینی کە ژنان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکان لەگەڵ یەکدی دەیانکرد و هەندێکیان بە خۆڕایی لەگەڵ منیش کەوتنە ململانێ، ترسی ئەوەم هەبوو لە کۆنفرانسەکەشدا ئەو ململانێیە دەست پێ بکەنەوە. شنە و مونیرە باسی کۆنفرانسەکەی لەندەنیان بۆ کردم کە زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوە چووە و فیلمەکەشیان بە ڤیدیۆ هێنابووەوە، شادمان بووم و ئاواتەخواز بووین لە کوردستانیش کۆنفرانسەکەمان سەرکەوتوو بێت.

***

## کۆنفرانسی هەولێر

کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی، بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و هەندێ لە وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و ڕێکخراوەکان و زیاتر لە دوو سەد کەسی تر، کۆنفرانسەکە دەستی پێ کرد و سەتالایتی کوردستانیش ڕاستەوخۆ دەیگواستەوە. چونکە لە ڕاگەیاندنیشدا زۆرم قسە و باس لەسەری کردبوو، خەڵکێکی زۆر لە تیڤییشەوە چاوەڕوانی بوون و لە بەشەکانی تری کوردستانیشەوە و کوردانی هەندەرانیش دەیانبینی.

من کۆنفرانسەکەم کردەوە و وتاری ڕێکخراوەکەمان (پڕۆژەی ژنی کورد)م خوێندەوە و بانگهێشی سەرۆک وەزیرانم کرد بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی. وتارێکی زۆر جوانی پێشکەش کرد و تیایدا سوپاسی ئێمەی کردبوو کە کارێکی وامان کردووە و پشتیوانی خۆیشی بۆ ئێمە و دۆزی ئافرەت بەگشتی دەربڕی.

وەزیری مافی مرۆڤ وتاری خۆی پێشکەش کرد و ئینجا چووینە سەر ناوەڕۆکی بەرنامەی کۆنفرانس و هەرسێکمان شنە، مونیرە و من، دەستمان بەپێشکەشکردنی باسەکان کرد. سەرەتا من تیۆرییەکم لەسەر ئازادکردنی مێژووی کورد و ژنی کورد پێشکەش کرد، شنە سەبارەت بە داخوازینامەکە قسەی کرد و مونیرەش لەسەر کۆنفرانسەکەی لەندەن ڕایگەیاند کە چلۆن پشتیوانی کەسانێکی بایەخدارمان بەدەست هێناوە بۆ ئەو مەبەستە، چونکە ئێمە لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی ڕابردوودا لەگەڵ زۆر لە کەسایەتی سیاسی و کولتووری ئەوروپاییشدا پەیوەندیمان گرتبوو، بەبایەخەوە لە داخوازینامەکەیان دەڕوانی و پشتیوانی ئەوانمان دەستەبەر کردبوو. دوا بە دوای ئەوە دەرگای گفتوگۆمان خستە سەر پشت و وەک پێشبینیم کردبوو ڕووبەڕووی ڕەخنە و تانە و تەشەر بووینەوە.

شنە و مونیرە چونکە هەردووکیان کوردی ڕۆژهەڵات بوون، بە تەواوەتی لە ململانێ بێ ماناکانی ئەم بەشەی ئێمە ئاگادار نەبوون. سەرەتا بە ڕەخنەی ئافرەتێک دەستی



پێ کرد کە گوایە ئێمە چونکە ماوەیەکە لە کوردستان نین ناتوانین لە خواستەکانی ژنی کورد بگەین و داخوازییەکانیان دەربڕین. بە ڕای ئەو ئێمە لە ژان و ئازارەکانی ژنی کورد تێناگەین چونکە لە هەندەران دەژین. کە ئەم قسانەی دەکرد، خۆیشی تەنها سێ ساڵ بوو لە کوردستان دەژیا و پێش ئەوە بیست ساڵێک لە هەندەران ژیابوو. ڕێک ئەو کاتانەی کە ئەو خانمە لە هەندەران بوو، بەندە لە زیندانەکان بووم. چەند کەسێکی تریش ڕەخنەیان لەوە دەگرت بۆچی ئەوان ئاگادار نەکراونەتەوە لەو داخوازینامەیە، ئەمە لە کاتێکدا هەر هەموو ئەو ڕێکخراوانە، من خۆم لەگەڵیان کۆبووبوومەوە و لەسەر داخوازینامەکە ڕا و تێبینی و پێشنیاریانم وەرگرتبوو، زۆر سەیر بوو بە لامەوە ئەم هەڵویستەیان و بەتایبەتیش کە ئەو ئافرەتەی ئەو گازەندەیەی کرد بە تەمەنیش بوو. شالاوی یەکەمی ڕەخنەکان خۆم وەڵامم دانەوە. پێم سەیر بوو منێک کە خاوەنی ئەو ژیاننامەیە بم کە پڕە لە خەبات و دەردەسەری و ئازار و ئەشکەنجە لە پێناوی گەلەکەم، کەسێک بێت و بە من بڵێت تۆ هەقت نییە باسی کوردایەتی و ژنی کورد بکەیت چونکە چەند ساڵێکە لە سوێد دەژیت، بەبێ ئەوەی بزانێت من لە سوێد چیم کردووە و چۆن لەوێش درێژەم بەهەمان خەبات و تێکۆشان داوە. کێشەیەکم هەست پێ کرد کە ئەو ژنانەی کاریان دەکرد لەو بوارەدا تەنها ئاگاداری چالاکییەکانی خۆیان بوون و شتی دیکەیان نەدەخوێندەوە، چونکە من ئەگەر هیچی دیکەشم نەکردبایە، ئەو دەمەی کە هاتمەوە بیست کتێبی چاپکراوم هەبوو. من کە خاوەنی ئەو مێژووە بم کە لەم بیرەوەرییەدا هەندێک (نەک هەموو) لە خاڵە درشتەکانیم دەربڕیوە، ئیدی چۆن مافم نییە باس لە دۆزی کورد و ژنی کورد بکەم! ئیدی چۆن ڕێگە دەدەم کەسێ بە من بڵێت تۆ چیت کردووە کە ئێستا لە سوێد هاتوویتەوە و باسی کورد و ژنی کورد دەکەیت! ڕاستە من ساڵانێک لە کوردستان نەبووم، بەڵام بە ڕای خۆم باشترین بەختی من لە ژیانمدا ئەوە بوو کە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان دوور بووم و نەبوومە بەشێک لە ناکۆکییەکان و نەبووم بە قەڵەمی شەڕی ناوخۆیی و بەپێچەوانەشەوە بووم بە قەڵەمی دژی شەڕ و بۆ ئاشتی خەباتم دەکرد. ئەو ساڵانەی شەڕی ناوخۆیی کە دووربووم لە ململانێ بێ ماناکان، خۆشەویستی کوردستان و نەتەوەکەم و سیمبولە جوانەکانی کوردایەتی لای من وەک خۆیان بە پاکی و بێگەردی مانەوە. لە کۆنفرانسەکەدا بە چەند دێرێکی

کورت و کۆنکرێت بەو خانمەم گوت کە من کێم و چیم کردووە، بۆیە ئێستاش مافم لە هەر کەسێک زیاترە کە باسی کورد و ژنی کورد بکەم. بیری ئەو خانمانەی تریشم خستەوە کە ئەوان ئاگاداری هەموو وردەکارییەکن و لەگەڵ هەموویان کۆبوونەوەم کردووە و ئەو ڕەخنانەیان ناهەقن.

لە گفتوگۆکاندا کاک نێچیرڤانیش دووبارە بەشدار بووەوە و پشتیوانی دەربڕی بۆ داخوازییەکان و هەوڵیشی دا بارودۆخەکە هێمن بکاتەوە و دوای قسەکانی ئەو بە کردەوەش بارودۆخەکە هێمن بووەوە. کاک نێچیرڤان سێ کاتژمێر لە کۆنفرانسەکە دانیشت و کە پاوسی نانخواردن دەستی پێ کرد، ڕۆیشتەوە بەڵام داوەتی هەرسێکمانی کرد بۆ نانی نیوەڕۆی سبەینێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ شنەخان و مونیرە خانیشدا یەکتری بناسن.

لە بەشی پاش نیوەڕۆی کۆنفرانسەکە، بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە. توانیمان گفتوگۆ و دانوستانێکی باشتر بکەین. لەگەڵ هەموو ئەو کێشە و ململانێیەش کە ڕوویان دا، بە هەڵسەنگاندنی ئێمە کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو بوو، چونکە لە سەرتاپای کوردستاندا داخوازینامە دەنگی دایەوە و بووە جێگەی باس و خواس و هەژانێکی باشی لە مەیدانەکەدا دروست کرد. هەر ئومێدم هەبوو کە ئەگەر هەوڵ بدەین لێک تێگەیشتن دروست دەبێت و ڕێکخراوەکان لە یەکتر نزیک دەبنەوە، ئەگەرچی پێ دەچوو ئاڵۆز و سەخت بێت لە ماوەیەکی کورتدا ئەوە بکرێت. لە ڕۆژی دوای کۆنفرانس داوەتی کاک نێچیرڤان بووین لە ئەنجوومەنی وەزیران و هەر لەوێ پێکەوە نانمان خوارد و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد. پشتیوانی خۆی دووبارە کردەوە بۆ پڕۆژەکانی داهاتووشمان و ئێمەش سوپاسمان کرد.

شنە و مونیرە، چەند ڕۆژێکیان مابوو بڕیارمان دا بچینە سلێمانی و لەوێش دووبارە لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بەرپرسانی ئەوێ یەکتر ببینین. چووینە وەزارەتی مافی مرۆڤ و کاک سەلاح ڕەشید پێشوازی لێ کردین. کە دانیشتین، یەکەم قسەی جەنابی وەزیر لەگەڵ ئێمەی خەباتکاری یەکسانی ئەوە بوو:

– ببوورن، خێزانم لێرە نییە دەنا بۆ ماڵەوە داوەتم دەکردن، ژنەکەم خواردنی باش لێ دەنێت.



من و شنە و مونیرە بەسەرسامییەوە تەماشایەکی یەکمان کرد، سەیرمان پێ هات وەزیر بەم شێوەیە باسی ژن بکات، بەتایبەتی هی مافی مرۆڤ بێت و ئەمە تێڕوانینی بێت. مونیرەش وەکو من لە کاتی وادا بێدەنگی هەڵنابژێرێت، یەکسەر گوتی:

– کاک سەلاح، پێم وابوو دەڵێی ژنەکەم هاوکاریتان دەکات لە خەباتمان بۆ ناساندنی داخوازینامەی ژنی کورد. خۆ ژن جگە لە خواردن لێنان شتی دیکەش دەزانێت.

باش بوو ئەوجارە مونیرە ئەو ئەرکەی لە کۆڵی من کردەوە و ئەو لە جێی خۆی وەڵامی دایەوە. گوێی ئێمەومانان ئەو جۆرە هەڵانە قبوڵ ناکات، زمانیشمان ناتوانێت وەڵامی ئەو هەڵانە نەداتەوە. پێنەدەچوو ئەو وەڵامەی مونیرەش بەخۆداچوونەوەیەک لە لای جەنابی دروست بکات، بۆیە هەر ئاسایی بەسەریدا تێپەڕی و قسە و باسی دیکە دەستی پێ کرد. چونکە پێشتر بەڵێنی هاوکاریکردنی دابوو، وەزیر ئامادەیی دەربڕی کە میوانداری شنە و مونیرە بکات لە هۆتێلی سلێمانی پالاس. بۆ من پێویستی نەدەکرد، چونکە ماڵی خوشکم لە سلێمانی بوو، لای ئەوان دەمامەوە. لە دوو ڕۆژدا کۆبوونەوەمان لەگەڵ ڕێکخراوەکان کردەوە و بەتایبەتیش لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان دانیشتین لە بارەگای خۆیان، هەروەها چووینە لای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە سێیەم ڕۆژدا بە شنە و مونیرە گوترابوو میوانداری ئێوە لێرە تەواو بووە، ئەگەر زیاتر دەمێننەوە دەبێ خۆتان پارەی هوتێل بدەن، وەزارەتی مافی مرۆڤ تەنها دوو ڕۆژی لە ئەستۆ گرتووە. زۆرمان پێ سەیر بوو، شنە و مونیرەش زۆر سەرسام بوون و بڕێک تووڕەیش بووین لەو بەرخوردە! لە هەولێر چۆن پێشوازی کران و لێرە چۆن دەکرێت! لە پای چی و بۆچی؟! تەلەفۆنم بۆ خاتوو کافیە سلێمان کرد و یەکسەر هات و زۆر دڵی ئێمەی دایەوە و دەیویست بارودۆخەکە هێمن بکاتەوە. هاوڕێیەکی مونیرە ناوی شیرین خانم بوو، لە نووسینگەی مام جەلال کاری دەکرد، ئەویش ئاگادار کرایەوە لەم ڕەفتارە و بە هێرۆ خانی گوتبوو، هێرۆ خان یەکسەر میوانداری شنە و مونیرەی وە ئەستۆی خۆی گرت. بەڵام دڵگرانییەکەمان هەر مابوو، بەتایبەتی من چونکە ئەو وەزیرە بەڵێنی هاوکاری بە من دابوو، دکتۆر بەرهەمیش ڕایسپاردبوو،

کەچی بەو شێوەیە ڕەفتاری کرد.

کافیە خان، ئێمەی لەگەڵ خۆی بۆ هاوینەهەواری سەرسیر برد لە چوارتا تا سەیرانێکمان پێ بکات ببێتە دڵدانەوەیەکیش بۆمان، کافیە خان هەڵوێستی زۆر باش بوو لەو مەسەلەیەدا. چەند سەعاتێکمان لەگەڵی بەسەر برد و تەلەفۆنی بۆ کرا کە هێرۆ خان چاوەڕێمان دەکات بچین بۆماڵیان، لەو کاتەدا هیرۆ خان نەشتەرگەرییەکی پێی کردبوو لە ماڵێ بوو، نەیدەتوانی بجووڵێتەوە. ئێمەش لەگەڵ کافیە خان چووین بۆ سەردانی. هێرۆ خان چەند میوانی دیکەشی لە لا بوو کە بەهۆی نەشتەرگەرییەکەیەوە بۆ سەردانی هاتبوون، هەڤاڵ خەجۆش لەوێ بوو. لەو سەفەرەدا مستەفای هاوسەریشم لەگەڵمان بوو. چارەکێک بوو دانیشتبووین گوتیان جەنابی مام جەلالیش هاتەوە. مام جەلال هات و ئەویش لەگەڵمان دانیشت و باسی داخوازینامەکەشمان کرد و باسی کۆنفرانسەکەی هەولێریشمان کرد، بەڵام چونکە میوانی دیکە لەوێ بوو نەمانتوانی بەتایبەتی باسی لەگەڵ بکەین و هەر دوو کەس و سێ کەس بەیەکەوە قسەیان دەکرد. مام جەلال بە منی گوت: چەند ڕۆژێ پێش ئێستا عوسمان پێی گوتم، ئەی بۆ نەهاتیت بۆ لام، خۆ پێم گوتبوون کاتت بۆ دابنێن؟! گوتم: کەس ئاگاداری نەکردمەوە و دیارە کاتیان دانەناوە. ئەم قسەیەش ئەوەی دەگەیاند کە مام جەلال ویستبووی بمبینێت، بەڵام کەسانی دیکە لە نووسینگەکەی نەیانویستبوو! پێم گوت: دەمویست جەنابت ببینم تا بۆ مەبەستی ڕاگەیاندنی داخوازینامەی ژنی کورد پشتیوانیمان لێ بکەیت، چونکە پێمان خۆش بوو هەردوو ئیدارە بەشدار بن، سێ ڕۆژ پێش ئێستا کۆنفرانسەکەمان لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان کرد و لە هەولێر هاوکاری زۆریان کردین. گوتی: پارتی کوا مەسەلەی ژنی بۆ گرنگە؟ گوتم: بەڕاستی کاک نێچیرڤان زۆر یارمەتی داین و خۆیشی بەشدار بوو لە کۆنفرانسەکە. گوتی: ئا، ئەویان لەوانی تر باشترە.

چونکە دانیشتنەکە تایبەتی نەبوو، خەڵکی تری لێ بوو، قسەکان سەرپێیی دەکران و جیدی نەبوون، بەڵام من هەستم دەکرد هێشتا زۆری ماوە پارتی و یەکێتی دڵی ڕەنجاویان لە یەکتری پاک ببێتەوە. هەر سەبارەت بە مەسەلەی ژن مام جەلال هەندێ گاڵتەشی کرد، گوتی:



– با هەموو ژنێ لە ماڵی خۆیەوە دەست پێ بکات مەسەلەکە خۆی چارەسەر دەبێت. با هەموو وەک هێرۆ خان بکەن، ئەو مێردەکەی خۆی گۆڕیوە، هەمووتان وەک هیرۆ خان پیاوی خۆتان بگۆڕن.

کە ئەمەی دەگوت پێدەکەنی و سەیری هێرۆ خانیشی دەکرد. هەستا چووە دەرەوە و تۆزێکی پێچوو، کە هاتەوە هەموومان لەبەری هەستاین، یەکسەر گوتی:

– دانیشن، دانیشن، فێری ئەم عادەتە قۆڕە مەبن، عادەتی ئاغایانە.

تۆزێ بەپێوە وەستا و تەزبیحەکەشی هەر بەدەستییەوە دەسووڕاندەوە. هاتەوە و لە کورسییەکی تەنیشتی من دانیشتەوە و بەبێ هیچ پێشەکییەک و لە ناکاو باسی ڕەخنەی کرد، گوتی:

– ئێمە وەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕەخنە ناترسین و باوەڕمان بە دیموکراتی هەیە، لێرە پارکێک دەکەینەوە وەک ئەوەی هاید پارکی لەندەن، با هەرکەسێ ڕەخنەی لێمان هەیە بێت لەو پارکە بە هەوەسی خۆی ڕەخنەمان لێ بگرێت و جنێومان پێ بدات. هەرچی لە دڵیدایە بیرێژێت.

کە ئەمەی دەگوت تووڕەش دیار نەبوو، سیمای ئاسایی و جیدی بوو. من پێشتر ڕەخنەم لە مام جەلال خۆی گرتبوو بەنووسین و بڵاویشم کردبووەوە، بۆیە شکم لەوە کرد هیچ نەبێ یەکێ لەو ڕەخنانەی خوێندبێتەوە و مەبەستی من بێت، منیش بەپێکەنینەوە گوتم: فیکرەیەکی زۆر باشە، منیش زوو زوو دێم بۆ ئەو پارکە، منیش ڕەخنە دەگرم.

مام جەلال و هێرۆ خان هەردووکیان وەک دوو کەسی ساکار و ئاسایی ڕەفتاریان دەکرد و من ئەو ئاکارەیانم زۆر پێ خۆش بوو. وەک هەندێ بەرپرسی دیکە نەبوون کە چەند پلە لە خوارتریشەوە بوون و لاف و گەزافی زۆریان لێ دەدا. بەتایبەت ئەو کاتە من مام جەلالم وا بینی، ئیدی نازانم لەگەڵ خەڵکی تر چۆن بووە و نازانم ئێستا چۆنە کە بووەتە سەرۆک کۆماری عیراق، هیوادارم ساکارییەکەی وەکو خۆی مابێت و لەخۆی بایی نەبووبێ، چونکە کورسی بێ و لە بەغدا بێت، جێی مەترسییە. ڕەنگە هۆی ئەوەش بێ هێرۆ خان حەزی نەکردووە مام جەلال ببێت بە سەرۆک کۆماری عیراق، وەک خۆی لە دیمانەکانیدا باسی دەکات. بەهەرحاڵ نیو سەعاتێک لەوێ

بووین و ئێمە هاتینەوە بۆ سلێمانی. من پێش ئەو دیدارە یەک جاری دیکە بۆ ماوەیەکی کورت مام جەلالم دیبوو. لە سەفەری پێشووی کوردستانمدا کە هاوینی ٢٠٠١ بوو، هەفتەی کۆتایی سەفەرەکەمان بەرەو هەولێر دەچووین و لە ڕێگە لە ڕێستورانتەکەی چنارۆک لاماندا و دابەزین تا نان بخۆین، ئۆتۆمبیلی زۆری لێ بوو بە چەکی قورسەوە کە هێمای ئەوەبوون بەرپرسێک لەوێ بێت، کە دانیشتین بینیمان جگە لە ئێمە ئەوانی تر هەمووی پاسەوان و پێشمەرگەن و خەریکی نانخواردنن. ئەو شوفێرەی کە ئێمەی دەگەیاند یەکێک لە پێشمەرگەکانی ناسییەوە و قسەی لەگەڵ کرد، ئینجا هات و بە ئێمەی گوت کە مام جەلال لەسەرەوە دانیشتووە و ئەمانە پێشمەرگە و پاسەوانی ئەون. لە کاتی ڕۆیشتنەوەیان کە دابەزین ئێمەش چووینە لای مام جەلال و سڵاومان لێ کرد. کە من خۆم پێ ناساند، گوتی کە هاتیتەوە سلێمانی سەرم لێ بدە، بەڵام من لەوێوە بەرەو سوید دەچوومەوە. کامیرای ڤیدیۆمان پێ بوو، ئەو چەند دەقیقەیەمان گرت و بە کامیرای خۆشیان وێنەیان گرتین. ئێمە کە چووین بۆ هەولێر لەوێوە یەکسەر بۆ دهۆک چووین و کاتی گەڕانەوەمان بوو، بۆیە تەنها ئەو دیدارە کورتەمان هەبوو لەگەڵ مام جەلال، پێش ئەو دانیشتنە، کە هەردووکیان دیداری ڕێکەوت و نافەرمی بوون.

شنە و مونیرە مۆڵەتیان تەواو بوو بوو دەبوایە بڕۆنەوە بۆ سوێد و بەریتانیا، بەڵام من پشووی هاوینم بوو، دەمتوانی دوو هەفتەی تر لە کوردستان بم، بۆیە بڕیارم دابوو دوو هەفتەی دیکە بمێنمەوە، بەتایبەتی چونکە لەبەر کۆنفرانسەکە زۆربەی کەسوکاری خۆمم نەدیبوو، هەموویان گلەییان لێ دەکردم و دەیانگوت ئێمەش وەک ئەو خەڵکە هەر لە تەلەفیزیۆن دەتبینین، چۆن وا دەبێت. گەڕاینەوە بۆ هەولێر و شنە و مونیرەم بەڕێ خست.

هاتمەوە و خزمانم بەسەر کردەوە سەفەرەکەم بەرەو کۆتایی دەچوو. ئۆتۆمبیلەکەی وەزارەتی ناوخۆمان بردەوە کە دوو مانگ بوو بەدەستمانەوە بوو، زۆر سوپاسی هاوکاری کاک عوسمانم کرد، کە ئەویان بە وتە و بە کردەوەش یارمەتی دام. هاتمەوە هەولێر، چەند بەرنامەیەکیان لە کوردستان تیڤی سەبارەت بە ئەدەبیات و شیعر و پرسی ژن لەگەڵ کردم. دیوانەکەشم چاپ بوو بوو لە ئاراس، کتێبی زۆریشم کڕیبوو لەگەڵ خۆم بیبەمەوە بۆ سوێد.



کاک نێچیرڤان داوای کردبوو بمبینێ و منیش پێم خۆش بوو جارێکی دیکەش سوپاسی هاوکارییەکانی بکەمەوە. دوو ڕۆژ پێش گەڕانەوەم دیدارێکم لەگەڵیدا بوو. ئەو دەم هێشتا فڕۆکەخانەمان نەبوو، کوردانی هەندەران لە ڕێگەی تورکیاوە دەهاتینەوە بۆ کوردستان و لەو ڕێگەیەشدا تورکەکان زۆر ئەزیەتی خەڵکیان دەدا ئەگەر ئاڵایەکی کوردستان یان کتێبێکی کوردی پێ بێت، منیش جگە لە کتێبەکەی خۆم، زیاتر لە سەد کتێبم کڕیبوو. داوام کرد ئەگەر کارئاسانیمان بۆ بکەن بۆ گەیاندنی کتێبەکان بەو دیوی خاڵی پشکنینی تورکەکان، سوپاسیان دەکەم. کاک نێچیرڤان گوتی: خەمت نەبێت لە هەولێرەوە تا دیاربەکر خۆمان دەتگەیەنین. پێشنیاریشی کرد لەگەڵ کاک تەها بەرواری نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە سوێد پەیوەندی بگرم و یەکتری بناسین و ئەگەر لە سوێدیش چالاکیمان هەبوو لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکوومەتەوە ئامادەیە هاوکاری بکات و پشتیوانی خۆی بۆ چەندپات کردمەوە.

***

## گەڕانەوە

لە ناوەڕاستی مانگی هەشت، گەڕاینەوە بۆ ئەوروپا و گەیشتینەوە سوێد، وڵاتی دووەمم. بەڕاستی سوێد بۆ من تاراوگە نەبوو، دایەنگە بوو، بۆیە کە لێی دوور دەکەوتمەوە بیرم دەکرد. هێمنی سوێد دەتگوت کەشی پەرستگایە، بۆ داهێنەر دەبوو بە کانگای سروش، ئەگەر بیویستایە. من ویستم و سوودم لە دەرفەتەکانی سوێد بینی، سوپاس بۆ ئەو وڵاتەی لە کۆشی ئارامیدا بیست کتێبم نووسی و بڵاوم کردەوە. کە گەڕامەوە پایز بوو، جوانی ئەو وەرزە پەسنکردنی دەبێتە مەحاڵ، زیاتر لە سەد ڕەنگی گەڵای دار دەبینی و هێندەش ئاوێتەیەکی جوان لە ڕەنگی خۆیان دەبەخشنە چاو، کە هەمیشە مەست بیت بە سیحری ئەو جوانییە. لەوێوە چەند بیری کوردستانم دەکرد، لێرەشەوە هێندە بیری ئەوێم دەکرد، بەتایبەت هەندێ شوێنی کە من وەک خەڵوەتگە بۆ داهێنان و ڕامان کردبوومن بە پەناگەی ڕۆحم. ئەو دوو مانگەی کوردستان ئەوەندە ماندوو بوو بووم، دوو ڕۆژی تەواو لە ماڵ نەهاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی بحەسێمەوە. ٢٠ی ئاوگوست دەوام دەستی پێ دەکرد و دەبوایە بڕۆمەوە بۆ زانکۆ و دەست بە دواکۆرسم بکەمەوە. شاکاریش چووەوە بۆ باخچەی منداڵان و دەوامی مستەفاش دەستی پێ دەکردەوە.

دەمویست تەلەفۆن بۆ کاک تەها بەرواری بکەم، قسەی یەک دوو کەسم بیر کەوتەوە گوتبوویان پارتییە و پیاوێکی زۆر عەشایرە و دواکەوتووە و... هتد. هەندێ جار کە قسەیەکی وا لەسەر یەکێک دەبیستی وێنایەکت بۆ دروست دەبێت لە بارەی ڕەنگ و ڕوخسار و تەمەنی ئەو کەسەوە، بەپێی ئەوە وام وێنا دەکرد تەها بەرواری پیاوێکی پیر بێت و ناشیرینیش بێت. تەلەفۆنم بۆ کرد، گەنجانە و ڕۆشنبیرانە قسەی دەکرد و هیچ نیشانەیەکی عەشایەری و دواکەوتوویم تێدا بەدی نەکرد. زۆری پێ خۆش بوو کە پەیوەندیم پێوە کردووە و گوتی کە کاک نێچیرڤان باسی منی بۆ کردووە و ڕایسپاردووە بەهەموو شێوەیەک هاوکاری چالاکییەکانمان بکات. کاتێکمان دانا کە



یەکتری ببینین و یەکتری بناسین. هات بۆ زانکۆی ستۆکهۆڵم و لە کەفیتریاکەی کتێبخانەی زانکۆ پێکەوە دانیشتین و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد. کاک تەها نەک هەر عەشایر و دواکەوتوو نەبوو، بەڵکە پیاوێکی زۆر سپۆرت و ئێسک سووکیش بوو. قسە و باسمان لەسەر زۆر بابەت و دیاردەی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری کرد و لە زۆر شتدا بیرکردنەوەمان نزیک بوو لەیەکترەوە. لە دواییدا دەستم کرد بەپێکەنین و پێم گوت:

– دەزانی کاک تەها ئەوەی لەسەر تۆ بیستبووم هانی نەدەدام بتناسم، بەڵام بەڕاستی خۆشحاڵم کە پێچەوانەی ئەوەم دی و پێچەوانەی ئەوانەم بیست.

– چیت بیستبوو خانم؟

– بیستبووم عەقڵییەتێکی زۆر دواکەوتووت هەیە و خێڵەکیت و شتی تری لەم بابەتە.

– دیارە کێ ئەو جۆرە قسانەمان پێ دەڵێ.

کاک تەها پێکەنی، جگە لەوەی دیار بوو بەردەوام ڕووی خۆشە و پێکەنینێکی زۆر تایبەتیشی هەیە، هەر لەو کاتەشدا کە ئێمە دانیشتبووین پێکەوە چەند کەسی دیکە هاتن و سڵاویان لێی کرد و بەهەمان ڕووخۆشییەوە وەڵامی دەدانەوە، دیار بوو پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ خەڵکدا هەیە. لەوساوە کاک تەها دەناسم و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر بۆم دەردەکەوێت پێشکەوتنخوازە و میهرەبانیشە، دڵسۆزە بۆ هاوڕێیانی خۆی و بۆ ڕێبازەکەی و پرنسیپی مرۆڤانەی هەیە و کاری بۆ دەکات.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ شنە و مونیرە کۆبووینەوە و پێشنیاری من بوو کە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم بگرین. ئەم بیرۆکەیەمان هێنا و برد و گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر کرد. پێ دەچوو کۆڵمان نەدابێت و دیسانەوە پێمان باش بوو داوای هاوکاری و بەشداری هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بکەین بۆ کۆنفرانسەکە و یەکلایەنە نەبێت. من دڵنیا بووم کاک نێچیرڤان هاوکاری دەکات، چونکە هەر لە هەولێرەوە بەڵێنی دابوو هاوکاری بکات، دەشمزانی بەڵێنەکەی دەباتە سەر، بەڵام مەبەستمان بوو کۆنفرانسەکە گشتی بێت و هەموو کوردستان بگرێتەوە. لەو ماوەیەدا گۆڕانکارییەک ڕووی دابوو، د. بەرهەم ساڵح

نەمابوو لە سلێمانی و ببووە جێگری سەرۆک وەزیران لە بەغدا، لە جێگەی ئەو کاک عومەر فەتاح دانرابوو بە سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی. نامەیەکمان نووسی بەهەمان ناوەڕۆک و باسی پڕۆژەی کۆنفرانسەکەمان تێدا کردبوو، بۆ ئەدرەسی سەرۆک وەزیرانی هەولێر و سلێمانی بە جیا. ئەوەی کاک نێچیرڤانمان دایە کاک تەها بەرواری نوێنەری حکوومەتی کوردستان، ئەوەی کاک عومەر فەتاحیشمان دایە دەستی کاک بورهان حەبیب نوێنەری یەکێتی لە ستۆکهۆڵم. من و شنە خان هەردووکیانمان بینی و نامەکانمان دایە دەستیان. جگە لەوەش هەر هەمان داخوازی لە ١-٩-٢٠٠٤ لە ئی مەیلی خۆمەوە نامەکەم بۆ هەردووکیان ناردەوە. دوای سێ ڕۆژ، کاک تەها بەرواری تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کاک نێچیرڤان داخوازییەکەتانی ئۆ کەی کردووە و منی ڕاسپاردووە هەموو هاوکاری و کارئاسانییەکتان بۆ بکەم. ئەم وەڵامە پۆزەتیڤە دڵخۆشی کردین و هانی داین پەیوەندی بە کاک بورهانەوە بکەین بزانین وەڵامی کاک عومەر چییە، بەڵام کاک بورهان هێشتا وەڵام نەدرابووەوە. ئێمە لەسەر بنچینەی وەڵامەکەی کاک نێچیرڤان دەستمان بە ئامادەکاری کرد بۆ کۆنفرانسەکە و لە چاوەڕوانی وەڵامی ئەولاش بووین، بەڵام مانگ و دوو مانگ تێپەڕی و وەڵامیان نەبوو. ئێمە بەرنامەمان بۆ کۆنفرانس داڕشت و هێدی هێدی پەیوەندیمان بە خەڵکەوە دەکرد بۆ بەشداریکردن. بەرنامەیەکی تۆکمەمان بۆ کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژی بە زمانی کوردی، ئینگلیزی و سوێدی داڕشت و دامانناببوو لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٥دا کۆنفرانسەکە ساز بکەین. لە ئەوروپا وەک کوردستان نییە و ماوەیەکی زۆری دەوێت تا کۆنفرانسێک ڕێک دەخرێت. بەتایبەت ئێمە دەمانویست ئەم کۆنفرانسە بەشدارییەکی زۆری ژنانی هەر چوار بەشی کوردستانیشی تێدا بێت و ژنانی کوردی وڵاتانی ئەوروپاشی تێدا بێت و بەشداری لێکۆڵەر و ڕێکخراوەکانی سوێدی و وڵاتانی دیکەشی تێدا بێت. هێدی هێدی باسی کۆنفرانسەکەمان بڵاو دەبۆوە. چوار مانگ تێپەڕی بەسەر نامەکەمان بۆ سلێمانی و هەر وەڵامیان نەدابووینەوە.

لە مانگی دوانزە من سەفەری کوردستانم کردەوە و لەگەڵ ڕێکخراوی پەرەپێدانی مەدەنییەت کۆنفرانسێکم لە سلێمانی بۆ پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد ساز



کرد. لەو کۆنفرانسەدا باسیشم لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم کرد و گوتم کە ئەگەرچی دەمانویست هەردوو ئیدارە بەشداری ئەم کۆنفرانسە بن، بەڵام مەخابن سلێمانی وەڵامی نەداوەتەوە و بە هاوکاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کۆنفرانسەکە دەگیرێ و دەمانەوێت ژمارەیەکی زۆر ژنی چالاک لە کوردستانەوە بەشدار بن بۆیە تکایە لە هەر ڕێکخراوێک نوێنەرێکی خۆتان دەستنیشان بکەن و کۆپییەکی پاسپۆرتەکەم بدەنێ بۆ ئەوەی ڤیزایان بۆ وەربگرین. بۆیە ئەوەم بە دڵنیاییەوە گوت، چونکە بە کردەوەش کارمان بۆ کردبوو. لەگەڵ کاک تەها بەرواری و کاک خالد ساڵح چووبووم بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوێد و داوای پشتیوانی وڵاتی سوێدمان کرد بۆ دۆزی ژنی کورد و بەتایبەتی بۆ ئەم کۆنفرانسە. کەسانێکی پایەبەرز بەڵێنی هاوکارییان پێ دابووین کە نزیکەی پەنجا ڤیزامان بدەنێ بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان بەشداری ئەو کۆنفرانسە بن. ڤیزا وەرگرتن بۆ کورد کە پاسپۆرتی عیراقییان هەیە زۆر زەحمەت بوو بە یەک کەسیش بدرێت، بۆیە ئەو بەڵێنەی کە وەزارەتی دەرەوەی سوێد بە ئێمەی دا بۆ ئەو کۆنفرانسە بایەخی گەورەی ئەوانی پیشان دا بە پرسی ژن لە کوردستاندا و بەتایبەتی کە زانییان سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بایەخ بەم پرسە دەدات و هاوکاری ئێمەی کردووە بۆ سازدانی کۆنفرانسەکە، بەرز هەڵیانسەنگاند.

لە کۆنفرانسەکەی سلێمانیدا وۆرک شۆپێکی سەرکەوتوومان ئەنجام دا و پێشنیازی باش دروست بوو بۆ ئەوەی ببێتە پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد. هەر لەو سەفەرەمدا لێدوانی زۆرم بۆ ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامەکان دا سەبارەت بە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنی کورد لە ستۆکهۆڵم. ڕیکلامێکیشم لە کوردستان تیڤی بڵاوکردەوە کە بەسەرپەرشتی و هاوکاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی ژنی کورد لە ستۆکهۆڵم دەگیرێت. باسی کۆنفرانسەکە لە هەرچوار بەشی کوردستان و لە هەموو وڵاتانی تریش دەنگێکی زۆری دایەوە.

لە سلێمانی لەگەڵ نەجیبە مەحموود سەردانی کاک کۆسرەت ڕەسوڵمان کرد بۆ ئەوەی داوای لێ بکەین هاوکاری ئەو ئافرەتانە بکەن کە دێن بۆ کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەر بە ڕێکخراوە ناحیزبی و ناحکومییەکانی

سلێمانین و ئیمکانیاتیان کەمە. چونکە هیچ وەڵامی کاک عومەر فەتاح نەهاتبووەوە، دەمویست لە کەناڵێکی ترەوە هاوکاری بۆ ژنان پەیدا بکەم. کاک کۆسرەت پێشوازییەکی باشی لێ کردین و ئامادەیی دەربڕی بۆ هاوکاری، دیارە دواتر ئەو ژنانەی کە داوەتی کۆنفرانس بوون نەچووبوونە لای بۆ وەرگرتنی هاوکارییەکە، بەڵام بە مەزەندەی خۆم ئەگەر چووبان هاوکاری دەکردن.

لە سلێمانی خاتوو کنێر عەبدوڵڵا کە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستانیش بوو، کە من داوەتیشم کردبوو بۆ کۆنفرانس وەک لێکۆڵەر بەشداری بکات، داوای کرد بمبینێ و لە ئوتێلی ئاشتی یەکتریمان بینی. دوای باس و خواس لەسەر کۆنفرانسەکە، من گازندەی ئەوەشم کرد کە لە سلێمانی وەڵامی داخوازییەکەمان نەدراوەتەوە کە نزیکی چوار مانگە بۆمان ناردوون. کنێر خان گوتی:

– ئەی بۆ خۆت ناچی بۆ لای کاک عومەر فەتاح، من دڵنیام ئەگەر خۆت بچیت یارمەتیت دەدەن.

من بە کنێر خانم گوت:

– من چوومەتە لای زۆر لە بەرپرسان و لاریم نییە لەوەی بچمە لای کاک عومەریش، بەڵام کاتێ کە داخوازییەک چووبێتە لای و ناو و ئیمزای منیشی لەسەرە و چوار مانگە وەڵامی نەداوەتەوە، ئیتر چۆن من بچم بۆ لای، وەڵام نەدانەوە یانی بایەخنەدان. من خۆم لە هیچ یەکێک بە کەمتر نازانم، ئەو بەرپرسانەی کە چووم بۆ لایان ئەوپەڕی ڕێزیان لێگرتووم بۆیە ڕێزیان لێ دەگرم.

– ڕەنگە بەدەستی نەگەیشتبێت بۆیە وەڵامی نەداوەتەوە.

– بەدەستی گەیشتووە، لە ڕێگەی کاک بورهانەوە ناردوومانە و گوتوویەتی کە پێیان گەیشتووە. کاک بورهان لەگەڵ کافیە خانیش قسەی کردووە تا وەبیری بهێنێتەوە.

– پێم باشە بچیت بۆ لای، دڵنیام ئەگەر بچیت هەموو شتێ بە دڵی تۆ دەبێت. بچۆ بۆ لای کافیە خان.

– خۆ من سواڵ ناکەم، ئێمە داخوازییەکمان هەیە بۆ کۆنفرانسێکە و بۆ هەموو



ژنی کوردستانە. خۆ من چەند جاری دیکە و هەر بۆ سەردان چوومەتە لای کافیە خان، بەڵام بۆیە بۆ لای کاک عومەر ناچم چونکە دەبوو ڕێز لەو داخوازییە بگرێ و ئەگەر بە (نا)ش بوایە وەڵام بداتەوە. من پێشتر چوومەتە لای کافیە خان و زۆربەی ڕێکخراوەکانی تریش، کە من خۆم دەچم بۆ لای ئەوان هۆی ئەوەیە باوەڕم بە ساکاری خۆم هەیە و بە بەرنامەوە کار بۆ ئەم تەوازوعە دەکەم، دەنا من خۆم باش دەناسم و دەزانم لە کوێم.

لەگەڵ کنێرخان سەعاتێک گفتوگۆمان کرد، ژنێکی ڕۆح سووک و بەڕێز بوو، منیش وەک ئەو دەمزانی ئەگەر بچم بۆ لای کاک عومەر وەڵامی داخوازییەکەمان بە پۆزەتیف وەردەگرمەوە، بەڵام نەچووم و گوتم حەز دەکەم جارێ وەڵامی داخوازییەکەمان بەفەرمی بدرێتەوە.

کە کۆنفرانس لە هەموو شوێنێ دەنگی دایەوە و بووە باسی زۆر لە ناوەند و ڕێکخراوەکان، بەتایبەتی کە لە تەلەفیزیۆنەوە ڕیکلامەکەی زوو زوو بڵاودەبووەوە، ئینجا هاوڕێیانی هێژا لە سلێمانی کەوتنە خۆیان و وەڵامی ئێمەیان دایەوە. گوتیان نیوەی مەسرەفی کۆنفرانسەکە دەدەن و با تەنها بە ناوی یەک کەسەوە نەبێت. بەڵام مەخابن چونکە بەشدارییەکەیان کاردانەوە بوو نەک کار، لەجیاتی ئەوەی بارمان سووک بێتەوە ئەرکەکەمان زۆر قورستر بووەوە، لەبەرئەوەی زۆر هەستیار بوون ناوی کێی پێوە بێت. ئەو دەم پارتی و یەکێتیش لە ناو خۆیاندا ڕێک کەوتبوون کە ئیدارەکانیان یەک بگرێتەوە و حکوومەتێکی هاوبەش پێک بهێنن و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەت بێت، ئیدی ئەو هەستیارییە بۆ؟! زۆرترین سەریەشەش بەتایبەت بۆ من دروست بوو، چونکە هەوادارانی حیزبەکانی تر هەر لە دوای کۆنفرانسی داخوازینامەی ژنی کورد لە پەرلەمانی هەولێر مۆرکی پارتییان پێوە نابووم، ئیدی هیچ ئەندامێکی پارتیش هێندەی من دژایەتی نەدەکرا، بە نهێنی و بە ئاشکرا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە من هێشتا نەشبووبووم بە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەت، تەنها داوام لێ کرابوو.

کوردستان تیڤی زوو زوو ڕیکلامی کۆنفرانسەکەی بڵاو دەکردەوە و هەرجاری بڵاوی دەکردەوە تەلەفۆن بۆ من دەکرا و دەیانگوت: ئەی نەمانگوت ئەو ڕیکلامە

بوەستێنن، ئێمەش مەسرەفی کۆنفرانس دەکەین. پەیوەندیمان بە تەلەفیزیۆنەوە کرد و پێمان گوتن ڕیکلامەکە ڕابگرن. بەڵام پێ دەچوو ئەو بەشەی کە ئێمە پەیوەندیمان پێوە کردبوون بەشی ڕیکلامیان ئاگادار نەکردبێتەوە و چەند جاری دیکەش ڕیکلامەکە بڵاوکرایەوە و هەر جارەی بڵاو دەبووەوە بە لێشاو تەلەفۆن بۆ من دەکرا. تەواو بێزار بووم کە ئەمانە ئەوەندە هەستیارن بەو ڕیکلامە و بە ناوهێنانی یەکتری. ئێمە پێشتریش گوتبوومان کە ململانێکانتان وەلا بنێن و ئەم کۆنفرانسە لە وڵاتێکی ئەوروپییە و دەمانەوێ بە ناوی حکوومەتی کوردستانەوە بێت و لە ڕووی سیاسییەوە زۆر نەنگە باسی دوو حکوومەت بکرێت، پێویستە تەنها باس لە یەک حکوومەت بکرێ و خۆشبەختانە ڕێککەوتوون کە ببێتە یەک حکوومەت. پێشمان گوتبوون ئێمە بەبێ مەرج دەمانەوێ هاوکاریمان بکەن و نابێت دەست لە کار و بەرنامەی کۆنفرانسەکەمان وەردەن، ئێمە بە سوپاسەوە هاوکارییەکانتان لێ وەردەگرین، بەڵام خۆمان وەک ڕێکخراوی پڕۆژەی ژنی کورد بەرنامە بۆ کارەکان دادەنێین. کۆنفرانسەکەمان ڕوو لە دەرەوەیە نەک لە ناوەوەی کوردستان، لە وڵاتێکی وەکو سوێددا زۆر جێگەی بایەخ و گرنگی بوو کە سەرۆک وەزیرانی کوردستان خۆی لە پرسێکی وا گرنگدا بەشدار بێت. مەبەستی ئێمە ڕوون بوو، دەمانویست لە ئاستی جیهانیدا کار بکەین و ئەوەندە لۆکاڵ بیر نەکەینەوە. بە هەرحاڵ بەدرێژایی ئەو پرۆسەیەی کە خۆمان بۆ کۆنفرانس ئامادە دەکرد، ململانێی دوو ئیدارەیی بەتایبەتی منی وەرس کرد و زۆر خەمم پێ دەخوارد کە ئاوا ڕەفتار لەگەڵ پرسێکی گرنگدا بکرێت. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: بشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم دوو حیزبە لەگەڵ یەکتر بە دڵسافییەوە کار بکەن و حکوومەتی هاوبەش دروست بکەن؟! بەڕاستی ئەگەر بیکەن و بەڕاستییان بێت دەبێتە موعجیزەی سەدەی بیست و یەکەم، یان بە هەشتەمین عاجباتی دنیا!

هاوڕێیانی خۆشم گلەییان لە من دەکرد کە بۆچی ڕیکلامەکەم ڕانەگرتووە، چونکە تەلەفۆن بۆ ئەوانیش دەکرا و هەمان گلەییان لێ دەکرایەوە و پێیان دەگوتن مادەم ناوی نێچیرڤانتان هێناوە دەبێ ناوی عومەر فەتاحیش بێنن! ئەو هەستیارییەم زۆر بەبێ مانا دەهاتە بەرچاو، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە سەرکردایەتی هەردوولایان ڕێک



کەوتبوون ئیدارە یەک بگرێتەوە و کاک مەسعود سەرۆکی کوردستان بێ و مام جەلال سەرۆکی کۆماری عیراق بێ و کاک نێچیرڤان سەرۆکی وەزیران بێ و کاک عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان بێت، ئەم قسانەش بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتیدا بڵاو دەکرایەوە، ئیدی ئەم ململانێ و هەستیارییە مانای چییە؟!

لە کۆتایی مانگی دوانزە بوو، لەو کاتەدا بوو هەموو لایەکیش سەرقاڵی ڕیکلام و ڕاگەیاندن بوون بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق و هی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان. دوای کۆنفرانسەکەی سلێمانی چووم بۆ هەولێر و دیدارم لەگەڵ کاک نێچیرڤان هەبوو، بۆ قسەکردن لە بارەی هەندێ پڕۆژەوە کە بەرنامەم دانابوو لە کوردستاندا بیانکەم. لەو دیدارەدا پڕۆژەی دروستکردنی پەیکەری مەستوورەی ئەردەڵانی و ڤیستیڤاڵێک بۆ ئەدەبیاتی ژنانم بۆی باس کرد کە لە هەولێردا سازی بکەین. زۆری پێ باش بوو، پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕی و گوتی بەدران ڕادەسپێرم بۆ هاوکاریت. من دوای شەش مانگ لە ناسینی و دەیان دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵیدا خۆمم یەکلا کردەوە و بڕیاری خۆمم دا، هەر لەو دیدارە بوو وەڵامی کاک نێچیرڤانم دایەوە سەبارەت بەوەی داخوازی کردبوو وەک ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئافرەتان کاری لەگەڵ بکەم. بڕوای تەواوم لا دروست بوو بوو کە ئەو پیاوە بەڕاستی دەیەوێت بۆ پێشخستن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە کار بکرێت و بۆچوون و بڕواکانمان زۆر نزیک بوون لەیەکەوە. ڕێککەوتین کە وەک ڕاوێژکار هاوکاری بکەم، بەڵام نەک وەک هەر کارمەندێک، بەڵکە وەک هاوڕێ بۆ ئامانجێکی پیرۆز، چونکە من خۆمم باش دەناسی کە ناتوانم ببم بە مەرئوس و ئەمرم بەسەردا بکرێت، کاک نێچیرڤان بە کرداریش وەک هاوڕێیەکی میهرەبان ڕەفتاری دەکرد. هەر ئەو کاتە ڕێککەوتین کە کارەکەی من لە هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ڕابگەیەنرێت و بەرنامەی کاری خۆم لەو ڕۆژەدا بخەمە ڕوو، کە ڕۆژی ئافرەتانی جیهانیشە و ساڵڕۆژی تێکۆشانی ژنانی تێکۆشەرە.

دەمزانی لە نێو ئەو ململانێ زۆرەدا کە لە کوردستان لە نێوان حیزبەکان و ڕێکخراوەکان و تاکەکان هەیە، ئەو بڕیارەی کە داومە بڕیارێکی سەختە و ئەرکێکی زۆر قورسم هەڵبژاردووە و لەسەرشان ناوە، بەڵام کارکردن بۆ یەکسانی پەیام و

پرنسیپێک بوو ناخەوەمی تەنیبوو، دەیهێنا ئەو بڕیارەی بۆ بدەم. باوەڕم بە توانای خۆم هەبوو، سەرەڕای ئەوەش بەڵێنی پشتیوانی کاک نێچیرڤانیشم پێ درابوو. هەر لەو دیدارەدا کاک نێچیرڤان لێی پرسیم: مەهاباد جەنابی سەرۆکت دیوە؟ گوتم: پێم خۆشە و داواشم کردبوو بیبینم، بەڵام هێشتا دیدارم لەگەڵیدا نەبووە، خۆزگە لەم دوو ڕۆژەدا کە لێرەم ڕێک بکەوێ بیانبینم. کاک نێچیرڤان هەر خۆی کاتێکی بۆ وەرگرتم بۆ دیدار و لەگەڵ کاک بەدران چووم بۆ لای سەرۆک مەسعود بارزانی. بۆ من گرنگ بوو بەڵێنی پشتیوانی لە سەرۆکیشەوە بۆ دۆزی ژن بەگشتی و بۆ خۆشم لە کارەکەمدا کە بۆ ئافرەتان و یەکسانی دەیکەم، دەستەبەر بکەم.

***



## دیداری سەرۆک

من کە لە تەلەفیزیۆنەوە سیاسەتمەدار و سەرۆکەکانی دنیا دەبینم، جگە لە قسەکانیان سەرنجی وردی جلوبەرگ و جووڵەی دەست و هێماکانی دەموچاویشیان دەدەم، بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوەیان تێبگەم. ئەوانەی لەو پێگەیەدان هەموو شتێ بە وشە نادرکێنن، بۆیە زمانی سیاسی و دیپلۆماسی داهێنراوە و جودایە. لە دنیاشدا ئەوانەی کە لە پێگەی گرنگدان فێر دەکرێن چۆن زمانی جەستەیان بەکار بهێنن بۆ گوزارەکردن لەو شتانەی کە مەبەستیانە ڕاستەوخۆ نەیڵێن، یان نەیانەوێ ببێت بە ماڵ بەسەریانەوە.

دوای ئەوەی کوردستان تیڤی و کوردسات دامەزران، ئێمەش لە هەندەرانەوە دەمانتوانی دەنگوباسی باشووری کوردستان ببینین و لەوێوە وتار و لێدوانەکانی سەرۆک و سیاسەتمەدارەکانی کورد ببینین و لێک بدەینەوە. کە سەرۆک و سیاسەتمەدارەکانی کوردیش لە تیڤییەکانەوە دەبینم زۆر ورد چاودێری وشەکانیان و ئامرازی پەیوەندی نێوان وشەکانیان و بۆشایی پشتی قسەکانیان و مەودای نێوان وشەکانیان دەکەم.

بڕوا ناکەم سەرۆک بارزانی کۆرسی کردبێت و وانەی دادرابێت بۆ ئەوەی فێر بکرێت چی لەبەر بکات و چی و چەند بڵێت، بەڵام لەو سەرۆکانەیە کە بە وشەی زۆرکەم، زۆر شت دەڵێت و وتەکانی لێکدانەوەی جودا هەڵدەگرن، بەتایبەتی کە لە کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی عەرەبی و جیهانی دەدوێت. جگە لەوە بە زمانی جەستەش قسە دەکات، بۆ نموونە جلوبەرگە کوردییەکەی لە ناو کۆشکی سپی تەنها جلوبەرگ نەبوو، زمانیش بوو دەیگوت: من سەرۆکی گەلێکی جیام لە هی عیراق، میللەتێک کە جلوبەرگ و دابونەریت و زمانی پەیڤینی جیایە. لەباتی ئەوەی هەموو ئەمانە بڵێت، بە جلی کوردییەوە لە کۆشکی سپی دەرکەوت و بە کوردی پەیڤی. چونکە من لە ڕێگەی وتار و دیدارەکانەوە بەدواداچوونم هەبوو بۆ کەسایەتی بارزانی، دەمزانی کاک

مەسعود کەم دەدوێ، بەڵام بڕوام نەدەکرد لە دانیشتنێکی خۆماڵیشدا هەر وابێت. لە ڕێگا کە بەرەو پیرمام دەچووین بۆ بارەگای بارزانی، کاک بەدران کە هەر خۆی ئۆتۆمبیلەکەشی لێدەخوڕی و من لە کورسییەکی تەنیشتی دانیشتبووم، گوتی:

– مەهاباد خان با یەک شتت پێ بڵێم، کاک مەسعود خۆی تەبیعەتی وایە کەم قسە دەکات و زیاتر گوێ دەگرێت. ئەو لەگەڵ هەموو کەسێک وایە بەتایبەت کە یەکەم جار بێت بیبینێت، حەزم کرد ئەوە بزانی، نەوەک پێت وابێت لەگەڵ تۆ کەمدوو بووە، ئەگەر وابوو دڵت هیچ نەکات. ڕەنگە لە هەموو دانیشتنەکە چوار پێنج ئەوپەڕی دە ڕستە بڵێت.

ئەو تێبینییەم بیست و لە دڵی خۆمەوە گوتم: باشە، بەڵام بڕوا ناکەم لەگەڵ منیش وا بێت. هەستێکی وام هەبوو کە من دەتوانم زۆر لەوەندە زیاتری لێ ببیستم، وەک گوتم هەستیشم هەمیشە دەلیلێکی باشم بووە. لە ڕێگا هەندێ مات بووبووم و لە دڵی خۆمەوە دەمگوت بۆچی چییە یەک کاتژمێر کاتم لەگەڵی هەبێ و چەند ڕستەیەک قسەم لەگەڵ بکات، بەڵام زۆریش ئەو تێبینییەم نەکرد بە کێشەی خۆم.

کە گەیشتینە بارەگای بارزانی، نزیکەی دوو سێ خولەک لە ژووری سکرتێرەکەی دانیشتین کە فەرموویان لێ کردین و بینیم سەرۆک بارزانی خۆی بە ڕوویەکی خۆشەوە وەستاوە و لە پێشوازیدایە. تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم. مرۆڤ ئەگەر هەستیار بێت هەر بە تەوقەدا زۆر شتی بۆ دەردەکەوێت، چونکە وەک گوتم زمانی جەستە دەتوانێ هێمای زۆرت بۆ دەربخات لە تێڕوانینی بەرامبەرت، منیش لەم بارەیەوە شارەزاییم هەبوو، چونکە جگە لەوەی زۆر وردەکاری دەروونی لە کتێبەکاندا دەخوێنمەوە، لە کۆرسی زانکۆشدا لە سەر زمانی جەستە زۆر شتی بایەخدار فێربووبووم. بۆ نموونە تەوقەی شل، هێمای ساردی یان شەرمنی کەسێکە، تەوقەی زۆر توند هێمای بێ زەوقی کەسەکەیە، تەوقەی سەقامگیر و گەرم نیشانەی ڕێز و بایەخپێدانە. تەوقەکەی سەرۆک لە جۆری سێیەمیان بوو.

بارزانی فەرمووی لێ کردم بۆ ژووری پێشوازی میوان کە بیست مەترێک لەولاتر بوو. لە یەک دوو چرکەی ئەوەڵ هەستێکم هەبوو، سەرەتا نەمدەزانی ترسە یان شەرم، بەڵام من وەک سروشتی خۆم دەمێکە کودەتام بەسەر ترس و شەرمدا



کردووە، ئەی بۆ لە چرکەکانی ئەوەڵ هەستم کرد کاک مەسعود سامێکی هەیە لە لام، دەشێ هەستێکی وا جگە لە ترس لێکدانەوەی دیکەشی هەبێت. دوایی ئەم دۆخەم لێک دایەوە و هاتمە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەوە سام نەبوو، چونکە سامیش هەر بەمانای ترس دێ. باوەڕم وایە ئەگەر لە کەسێ بترسی قەت ناتوانی خۆشت بوێ، خۆشیشت نەویست ناتوانی بۆچوونی خۆتی بۆ دەرببڕیت، بەڵام ئەگەر لە جێگەی ئەو ترسە ڕێز و خۆشەویستی هەبێت، دیوار لە نێواندا دروست نابێت و دەتوانی گوزارە لە هەموو هەستێک و تەنانەت لە نەستیشت بۆ بەرامبەرەکەت بکەیت. ترس پێچەوانەی ئازادی و خۆشەویستییە، من ئەگەر هەست بکەم کەسێ بە ئازادییەوە لەگەڵم نادوێ، دەزانم کە بە هەر هۆیەک بێت لێم دەترسێ، کە سڵیشم لێ بکاتەوە خۆشی ناوێم، ئەمە هەقیقەتێکی دەروونناسییە و زۆر باشە هەموو کەس و بەتایبەتی سەرکردەکان بیزانن، ئەگەر بینییان کەسێ شەرم دەکا و دەترسێ قسەیان بۆ بکات، با باش بزانن ئەو کەسانە خۆشیان ناوێن. من کە ئەم قسەیە دەکەم بە جیدیمە و بەرپرسیارم بەرامبەری و گەرەنتی لایەنە زانستییەکەشی دەکەم، بۆیە گرنگە سەرکردەکان بە هەند وەری بگرن وەک پێوەرێکی زانستی بۆ هەستی دەوروبەریان.

لە کەمتر لە نیو خولەکدا هەست و نەستەکانی خۆم بە تەواوی کۆنترۆڵ و هاوسەنگ کردەوە. بڕیارم دا دیوار و بەربەست لە نێوانمان دروست نەبێت. بە شێوەیەکی زۆر سروشتی دەستم پێ کرد، چونکە دەبوایە من دەستپێشخەر بم لە قسەکردندا، یادگارییەکی زۆر کۆنم وەبیرهاتەوە سەبارەت بە کاک مەسعود و تەمەنی ئەو یادگارییە دەگەڕایەوە بۆ سی و چوار ساڵ پێش ئەو کاتە، لەوەوە دەستم پێ کرد:

– کاک مەسعود دەزانی ئەمە جاری یەکەمم نییە جەنابت لە نزیکەوە دەبینم!

سەرسامیم لە چاوی خوێندەوە، بەڵام من چاوەڕێ نەبووم شتێک بڵێت و هەر بەردەوام بووم و گوتم:

– ساڵی ١٩٧٠، من زۆر منداڵ بووم ئەو کاتە، تەمەنم چوار ساڵ و شتێک بوو، چونکە منیش لەدایکبووی شەست و شەشم وەک کاک نێچیرڤان. نازانم لە چ مانگ و ڕۆژێک بوو، بەڵام ساڵەکەیم زۆر باش لە بیرە کە حەفتا بوو، لە بیرمە هەموو خەڵکی

شاری کفری هاتنە سەر شەقامەکان و ئاهەنگێکی زۆر گەورەیان ساز کردبوو، دەیانگوت کاک مەسعود بارزانی دێت بۆ کفری. هەر لە بەیانییەوە مەراسیم دەستی پێ کردبوو لە هەموو شوێنێ، دوای چەند سەعاتێک جەنابت گەیشتی، دڵنیانیم لەوەیان بەڵام وابزانم کاک ئیدریسیشت لەگەڵ بوو، ئیدی نازانم کێی ترتان لەگەڵ بوو، بەڵام هەموو کەسێ دەیویست ئەو ئۆتۆمبیلە ببینێت کە ئێوەی تێدا بوون، لە ناو ئۆتۆمبیلێکی سپی بوون. کە گەیشتە سەر کۆڵانەکەمان من لەسەر دیواری نەخۆشخانەکە بووم، منیان خستبووە ئەوێ چونکە لەوێوە نەبوایە هیچم نەدەدی، زۆر منداڵی تریش لەسەر دیوارەکان بوون. قوتابیان و لاوانی کفری بەهەموویانەوە ئۆتۆمبیلەکەیان بەرز کردەوە تا ئاستی سەرشانیان ماوەیەک ڕایانگرت لەسەر شانیان و دووبارە دایاننایەوە. ئەو کاتەی کە بەرزکرابووەوە من ئێوەم بە باشی بینی، ئەوسا جەنابت زۆر گەنج بووی، ڕەنگە هەر بیست و چەند ساڵێ بوو بیت. ئەو دیمەنە زۆر سەیر بوو بە لامەوە، بۆیە لە بیرم ناچێتەوە. ئەی جەنابت دێتەوە بیرت ئەو سەردانەتان بۆ کفری و ئەم بەسەرهاتە؟

ڕووبەڕووی پرسیارێک بوو کە پێویستی بەوەڵامدانەوە بوو، بەڵام پرسیارێکی سادە نەبوو، پرسیارێک بوو کە زاکیرەی سەرۆکێک چالاک دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ سی و چوار ساڵ لەوەوبەر. ئیدی کاک مەسعود یادگارییەکەی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە بیر کەوتەوە و باسی ئەو سەردانەی خۆی کرد بۆ کفری و گەرمیان. لەگەڵ کێدا بووە و تەمەنی چەند بووە و چییان کردووە هەمووی ورد بۆگێڕامەوە. بە ڕوویەکی خۆش و گەشاوەوە ماوەیەکی باش لەسەر ئەو سەردانەی کفری قسەی کرد، دەتگوت بۆ کەسێ قسە دەکات سەد جاری دیکە لەگەڵی دانیشتووە، دیار بوو پێی خۆش بوو ئەو یادگارییەم وەبیر هێنایەوە و هەموو شتێکی ئەو ڕۆژەی لە بیر بوو وەک ئەوەی دوێنێ ڕووی دابێت. لە ڕاستیدا منیش زۆرم پێ خۆش بوو بزانم ئەو بەسەرهاتە دێرینە کە لە یادی من بە زیندوویی مابووەوە و دڵنیام لای هەموو کەسێکی خەڵکی کفری بە زیندوویەتی ماوەتەوە، لای سەرۆک خۆی چۆنە و ئایا شتی وای لە بیر دەمێنێت؟! ئەو کاتەی کە ئەو هاتبوو بۆ کفری ساڵێکی گرنگی مێژووی کوردیش بوو، ساڵی بەیاننامەی یانزەی ئازار بوو، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ئەو



دەمە لە کوردستان لە دوای خودا مستەفا بارزانی لە لای زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە پیرۆزییەکانیان بوو، بۆیە ئەوەی کە کردیان بۆ کوڕی بارزانی هەڵقوڵاوی ناخی دڵ و ڕۆحیان بوو. پێم خۆش بوو بزانم ئەو خەڵکەی کە بۆ کوڕی ئەو سەرۆکە وایان کرد، ئایا ئەویش کە ئێستا خۆی سەرۆکە و ساڵانێکی زۆریش بەسەر ئەو یادەدا تێپەڕیوە هەڵوێستی ئەو خەڵکەی لە بیر ماوە؟ دەمویست پێوەرێکم بێتە دەست زاکیرەی سەرکردەکانی کوردی پێ بپێوم بۆ وەفا و تێکۆشانەکانی گەلەکەیان.

لەو کاتەدا تەماشایەکی کاک بەدرانیشم کرد کە لەولایەوە دانیشتبوو، بە سەرسامییەکەوە گوێی دەگرت و بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای منی کرد، تێگەیشتم چی دەڵێت، دیار بوو پێی سەیرە کاک مەسعود بەو شێوەیە قسەم بۆ دەکات. کە ئەو باسە تەواو بوو، نۆرەی من هاتەوە، لەو کاتەدا سەرنجی موبێلیات و شتومەکەکانی نێو ژوورەکەم دابوو، ئاڵا یەک گۆشەکە لە نێوانماندا هەبوو، گوتم:

– کاک مەسعود من ڕەخنەیەکم هەیە، بەنووسینیش جارێک دەرم بڕیوە و بڵاویش بۆتەوە نازانم دیوتانە یان نا، ئەگەر ڕێگەم بدەن ڕەخنەکەم باس دەکەمەوە.

دەستی بەپێکەنین کرد و گوتی: فەرموو، ڕەخنەی چیت هەیە، بێ گومان ڕێگەت دەدەین؟

– کاک مەسعود، من هەموو وتار و دیدارەکانی جەنابت دەبینم و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە تەلەفیزیۆنەکانی عەرەبی و بێگانەوە دەکرێت. دیارە دەزانن لە پێگەی ئێوەدا وشەکان و جلوبەرگ و تەنانەت دیکۆری شوێنەکەش سیمبولین و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. زۆر جێگەی شانازییە کە جەنابت لە کاتی دیدارەکاندا بە ناوی هەموو کورد و بە ناوی کوردستانەوە قسە دەکەیت نەک تەنها بە ناوی حیزبێکەوە، بەڵام دەبینم تەنها ئەم ئاڵا زەردە لێرە دانراوە کە ئاڵای پارتییە. لە دیدارەکانیشدا زۆر جار هەر لێرە دادەنیشی و ئەم ئاڵایە دەبینرێت، دیارە زۆر ئاساییە کە ئەم ئاڵایەش هەبێت چونکە جەنابت سەرۆکی پارتیت، بەڵام دەبوایە ئاڵای کوردستانیش لێرە بێت، چونکە تەنها سەرۆکی پارتی نیت سەرۆکی کوردستانیشی، خۆشبەختانە ئەوە بە ڕەسمیش وای لێدێت و بڕیارتان داوە کە مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراق و جەنابت سەرۆکی کوردستان بیت.

وەک سەرنجێک ئەو دەم هێشتا ئیدارە جیا بوو، بەڵام قسە و باس لەسەر دابەشکردنی پلە و پۆستەکان کرابوو، کە سەرۆکایەتی کوردستان بۆ کاک مەسعود بێت. سەرۆک دەستی بەپێکەنین کرد و گوتی:

– ڕەخنەکەت زۆر لە جێگەی خۆیەتی، ڕاستە دەبوایە ئەم برادەرانەی لێرەن بیانکردایە. زۆر سوپاس بۆ ئەو تێبینییە.

یەکسەر بە سکرتێرەکەی گوت کە لەولای کاک بەدرانەوە دانیشتبوو، کە هەر لە ئەمڕۆوە ئاڵای کوردستان لە جێگەی ئەم ئاڵایە دابنێن. بە کردەوەش وا ڕووی دا و ئیدی لەوساوە ئاڵای کوردستان لەوێ و لە هەموو شوێنێکی دانیشتنی سەرۆک دانراوە. ئەو کاتەی من سەرۆکم بینی سەروبەندی هەڵبژاردنەکان بوو بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، وا بڕیار بوو کە پارتی و یەکێتی بە لیستی هاوبەش بەشداری بکەن، من لەو بارەیەشەوە ڕەخنە و بۆچوونم هەبوو، لەسەرۆکم پرسی:

– کاک مەسعود، هیوای هەموو کوردێکە دوای ئەو هەموو کێشە و شەڕ و نەهامەتییانە پارتی و یەکێتی ڕێک بکەون و حکوومەتی هاوبەش دابنێن، بەڵام ئایا پێتان وا نییە کاتێ پارتی و یەکێتی بەلیستی هاوبەشەوە بەشداری هەڵبژاردن دەبن، کاریگەری سلبی لەسەر پرۆسەی دیموکراسی هەبێت کە لە کوردستاندا پێویستمان پێیەتی؟

– دەزانی مەهاباد ئەمە ڕاستە، بەڵام بارودۆخی ئێمەی کورد جیاوازە، ئێمە پێویستمان بە خیتابی هاوبەش هەیە، ئێمە هێشتا کێشەمان لەگەڵ خەڵکانێک هەیە ددان بە مافەکانمان نانێن، بۆیە دەبێ بەرژەوەندی حیزبی وەلانێین و پێکەوە و بە یەک دەنگ قسەیان لەگەڵ بکەین. پارتی چییە؟ پارتی تەنها وەسیلەیە، گرنگ هەدەفەکەیە، کوردایەتی بۆ ئێمە هەدەفە. ئێمە دەبێ لە پێناوی ئەو ئامانجەدا کار بکەین. باوەڕمان وایە ئێمە بەو شێوەیە و بە یەکگرتوویی دەتوانین داخوازییەکانی خۆمان وەک کورد بخەینە ڕوو. بۆ هەموومان واباشترە تا ماوەیەکی زۆر بە هاوبەشی کار بکەین.

بەڕاستی بەتایبەتی ئەو ڕستەیەم زۆر لە لا گرنگ بوو کە گوتی: (پارتی چییە،



پارتی تەنها وەسیلەیە، ئێمە ئامانجمان بۆ گرنگە و ئامانجیش کوردایەتییە)، چونکە ئا ئەمە کرۆکی ڕێبازی بارزانی نەمر بوو(کوردایەتی)، کە لە ماڵەکانی زۆربەماندا پێی پەروەردە و گۆش دەکراین، منیش بە منداڵی بەو پرنسیپە پەروەردەکرابووم. زۆرم پێ خۆش بوو کە بینیم ڕێبازەکەی بارزانی لە دەستێکدایە دەیپارێزێ. ئەم هەڵوێستەم لە ڕەفتارەکانی کاک نێچیرڤانیش هەست پێ کردبوو، پێوەری متمانەش لای ئەمان ئەوە بوو کوردێکی دڵسۆز بێت، کەسیان بە منیان نەگوت پارتیت یان ببە بە پارتی کە پێشوازی گەرمیان لێ کردم.

ئینجا دەستم بە باسی ڕەوشی ئافرەت لە کوردستان کرد و پێویستی گۆڕان و پێشکەوتن و ڕەوشی دنیا و کاریگەری بەسەر ئێمەوە وەک کورد و هتد. ماوەی نزیکەی چارەکێک من قسەم دەکرد و کاک مەسعوود زۆر بە خۆشییەوە گوێی لێ دەگرتم، لە چاویدا ئەوەم دەخوێندەوە کە زۆری پێ خۆشە گوێی لەو قسانە دەبێت و گوێی لە ئافرەتێکی کوردە بەم شێوەیە قسەی بۆ دەکات، لەوە دەچوو تا ئەوساتە کەس لەسەر ڕەوشی ئافرەتی کورد بەو ئازادی و ڕاشکاوییەوە قسەی بۆی نەکردبێت. من بەبێ ترس و بەبێ شەرم، بە خۆشەویستی و ڕێزەوە قسەم بۆی دەکرد. باسی داخوازینامەی ژنی کوردم بۆی کرد و داوام لێ کرد کە پشتیوانیمان لێ بکات بتوانین گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی ژنان لە کوردستاندا بکەین و ڕامگەیاند کە دێمەوە و لەگەڵ کاک نێچیرڤان بۆ ئەو ئامانجە دەست بەکاردەبم و دەخوازم پشتیوانیم لێ بکات.

کاک مەسعود جگە لەوەی پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیم، بۆ دۆزی ئافرەت بەگشتیش پشتیوانی دەربڕی. دەستی بە گێڕانەوەی چەند یادگارییەکیش کرد کە گوزارە بوون لە قارەمانێتی و لەخۆبووردوویی ئافرەتی کورد و بەشدارییان لە شۆڕشەکاندا. یادگارییەکی گێڕایەوە لەسەر دایکی شەهیدێک کە تەرمی کوڕەکەی لە باوەشی بووە و چەند بە جەرگانە قسەی کردووە. لەو کاتەدا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک کە باسی ئەو دایکەی دەکرد، ئافرەتی کوردی بە پیرۆز دەزانی کە ئەوەندە بەجەرگ و لەخۆبووردوون و ڕێزی زۆری پێشان دا و بەرز هەڵیسەنگاندن. کاک مەسعود ئەوەشی گوت کە ئەو ئامادەی هەموو هاوکارییەکە، بەڵام ئافرەتان دەبێ خۆیان هەوڵ

بدەن، ڕەخنەی ئەوەشی هەبوو هەندێک لە ئافرەتان کە هاتوونەتە لای زیاتر داواکاری شەخسییان بۆ خۆیان هەبووە، نەک بۆ ئافرەتان بەگشتی. کە ئەم ڕەخنەیە مەخابن لە چەند سەرکردە و بەرپرسی دیکەشەوە بیستم لەو دیدارانەی کە لەو ماوەیەدا هەمبوو لەگەڵیان.

لە کۆتاییدا من گوتم:

– جەنابی سەرۆک ڕەخنەی ئەوەشتان لێ دەگیرێت کە ئافرەتی چالاک لە نێو بنەماڵەدا نییە و لە سەرکردایەتی پارتیش ئافرەت نییە. من پێش ئەوەی بێمە خزمەتت لەگەڵ کاک بەدرانیش ئەم ڕەخنەیەم باس کردووە، کاک بەدران بەگاڵتەوە گوتی جا چییە تۆ زۆر چالاکی، وەرە تۆ ببەرە کچیان.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– جا تۆ هەر کچی ئێمەیت، بەڵام کێ ڕەخنەمان لێ دەگرێت، ئەوە نییە سەرکردایەتی پارتی ئافرەتی تێدایە. حیزبەکانی تر هیچ ئافرەتیان تێدا نییە. پارتی دایمەن ئافرەتێکی تێدا بووە، ڕاستە کەمە بەڵام ئەوان ئەوەشیان نییە.

بەهەرحاڵ دیدارەکەی ئێمە کۆتایی هات، ئەمەی باسم کرد چەند ڕستەیەک بوو لە یەک کاتژمێر گفتوگۆی گەرموگوڕ لەگەڵ سەرۆکی کوردستان، کە من لای خۆمەوە زۆر بە پۆزەتیڤ هەڵمسەنگاند. لەو یەک سەعاتەدا نیوەی کاتەکە قسەی کرد و زۆر ساکار و دۆستانە دەپەیڤی. ڕاگەیاندنی نووسینگەی بارزانی گرتەیەکی بچووکیان بە کامیرای ڤیدیۆ لەو دیدارەمان گرتبوو، بە کامیرای فۆتۆش وێنەیان گرت. لە خۆمیان پرسی ئایا ئەم دیدارە لە ڕاگەیاندن بڵاو بکەینەوە. گوتم:

– بێ گومان، ئەی دیداری ئەو هەموو سەرۆک خێڵ و عەشیرەتە لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بڵاو دەکرێتەوە، هی ئافرەتێکی نووسەر و خەباتگێڕ بۆ بڵاو نەکرێتەوە کە باسی بابەتی زۆر گرنگمان کردووە، بەڵێ با بڵاو ببێتەوە.

کە هاتینەوە کاک بەدران هەر پێدەکەنی و دەیگوت بەڕاستی قەت نەمدیوە ئەوەندە زۆر لەگەڵ میواندا قسە بکات، بەتایبەت ئەگەر یەکەم جار بێت بیبینێت، خۆ هەموو یادگاری خۆی بۆ گێڕایتەوە، زۆر زۆرم پێ سەیر بوو لەگەڵ تۆ ئەوەندە قسەی کرد. منیش گوتم: ئاخر لەگەڵ من یەکەمجاری نەبوو، ئەی نەمگێڕایەوە بەتەمەنی چوار



ساڵیش دیومە، ئەوە دووەم جارمان بوو. دواتر بیستمەوە کە جەنابی سەرۆک لە بارەی منەوە بەکاک نێچیرڤانی گوتووە: ئەمە چ بەڵایەکە! پرسیم: جارێ پێم بڵێن لای بارزانییەکان (بەڵا) بەمانای چی دێت؟ گوتیان بەمانای (زیرەک) دێت. گوتم: دە باشە سوپاستان دەکەم کە بە بەڵام دەزانن.

هەواڵ لەسەر ئەو دیدارە لە کوردستان تیڤی و ڕۆژنامەی خەبات بڵاو بووەوە. ئیدی وەک ئەوەی خەتا و کفری هەرە گەورەم کردبێت نەیارانی پارتی پەلاماریان دژی من دەستی پێ کرد و دەستڕێژی ڕەخنە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. وێنەی منیان بە جامانەی سوورەوە دەکرد و جنێوی سەیر سەیریان پێ دەدام و لە سایتەکان بڵاویان دەکردەوە. ماوەیەک جنێودان بە من بوو بە کاسبییەکی باش بۆ هەندێ کەس، پەکوو، لەو نەیارانە، چەند بێ ئەدەب بوون!!!

ئەز لەو کەسانەم کە مەلە لە تەنکاودا ناکەن و حەزم لە ئاڤژەنی دەریایە، لەگەڵ ئەو پەندەدام کە دەڵێت گۆم هەتا قووڵ بێت مەلەی خۆشترە، بۆیە لەگەرمەی ئەو پەلامارانەی کە ئەوان دەیاندام، خۆشم لەسەر ئەو دیدارەی سەرۆک ڕاپۆرتێکی کورتم نووسی و لە سایت و ڕۆژنامەکان، کە تەنها چەند دێرێکی پەیوەندیدار بە پرسی ئافرەت لە قسەکانی سەرۆکم بڵاوکردەوە. گوتم با هەرچییان هەیە بە جارێک بیڕێژن و ببڕێتەوە. ئیدی ئەو زاتانەی کە ڕەخنەیان دەگرت، دەتگوت بەنزینم پێداکردوون، بە یەکجاری ئاگریان تێبەربوو، ئەوەی دەیانگوت نەیاندەگوتەوە.

بەڕاستی سەیر بوو! ئەگەرچی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتبوون پێکەوە لە لیستێکدا لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، ڕێککەوتبوون حکوومەتی هاوبەشیان هەبێت، ڕێککەوتنی زۆریان لە نێواندا هەبوو، بەڵام سەردانی من بۆ لای کاک مەسعود و هەروەها بڵاوبوونەوەی هەواڵی بوونم بە ڕاوێژکاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کەسانێکی هێندە تووڕە کرد کە سەدان وتاری دژایەتی پڕ لە جنێوی بێ مانایان لە دژی من بڵاو کردەوە، کە من لە سەرەتادا برێک پێی نارەحەت بووم و دواتر بەزەییم پێیان دەهاتەوە کە ئەوەندە تەسک بیر دەکەنەوە و لە قاڵب دراون.

کارکردنم وەک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران ئەزموونێکی جیاواز و نوێ و پڕ

وردەکارییە. لە قۆناغێکی سەختدا، وەک ئەرکێکی قورس بە بڕواوە ئەو کارەم هەڵبژارد. ئەگەر کاک نێچیرڤان سەرۆک وەزیران نەبوایە، دەشیا قەت کارێکی وا لەگەڵ حکوومەت نەکەم، بەڕاستیش ئەو ڕای منی بەرامبەر بە حکوومەت گۆڕی. ماڵئاواییم لە سوێد کرد و ڕۆژنامەکانی سوێد لە چەندان چاوپێکەوتن و تەلەفیزیۆنێکی سوێدیش (کەناڵی چوار) لە دەنگوباسی خۆیدا ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە و ڕادیۆش بەهەمان شێوە لەم بارەیەوە دیداری لەگەڵ کردم. بایەخی زۆریان بەم هەنگاوە دا کە سەرۆکی حکوومەتی کوردستان ناویەتی و نووسەرێکی فێمینیست کە هاوڵاتی سوێدیشە بۆ پرسی ژن ڕاوێژی پێ دەکات. منیش هەروا نەهاتمەوە و (سیاسەتی یەکسانی)م بۆ حکوومەتی کوردستان داڕێژا و لەگەڵ سەرۆک وەزیراندا تاوتوێم کرد و بەو دەستپێشخەرییەش کوردستان بوو بە یەکەم وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی حکوومەتدا سیاسەتی یەکسانی ڕابگەیەنێت.

بێ گومان وردەکاری بیرەوەرییەکانی لەمەودوام سەرنجڕاکێشتر دەبن لەوانەی پێشووم، چونکە باسی قۆناغێکی نوێ دەکەن لە ژیانم کە لە ترۆپکی دەسەڵاتی کوردی و لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتدا دەستم بە کار کرد. من بیرەوەری لە پێناوی بیرەوەریدا نانووسم و بە هەناسەی مێژوونووسێکەوە ڕووداوەکان دەخەمە ڕوو، بە هەناسەی دەروونناسێکەوە وردەکارییەکانی بیرکردنەوەکان و ئاکارەکانی خۆم و کەسانی دی دەردەبڕم، بە هەناسەی کۆمەڵناسێکەوە لە پەیوەندییەکانی نێوانمان دەدوێم، بە هەناسەی نووسەرێکی فێمینیستەوە ڕەخنەکانم لە حیزبەکان و سیاسەتمەدارەکان و بۆچوونەکانیان لەسەر پرسی ژن دەخەمەڕوو، بە هەناسەی شاعیرێکیشەوە دژی شەڕ و ناکۆکی دەنووسم و پێ لەسەر ئاشتی دادەگرم. بیرەوەری مێژوویەکی ڕاستگۆترە لە کتێبەکانی مێژوو، چونکە ئەوەی کە بیرەوەری دەنووسێ، خۆی لە ناو مەیدانی مێژوودایە و ڕووداوەکانی دەنووسێتەوە و تەنها تەماشاکار نییە.

لێرەدا ئەم بەشەی بیرەوەرییەکان تەواو دەبێت، بەڵام چونکە ڕووداوەکان تەواو نەبوون و مەیدانی خەبات و تێکۆشانی منیش لەوەودوا گەرمترن، بۆیە بەڵێن دەدەم





کە لە بەشی داهاتووی بیرەوەرییەکان لەو ئەزموونە سیاسییەوە دەست پێ دەکەم کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ دەستم پێ کرد و گەڕامەوە کوردستان بۆ کارکردن، کە بەڕاستی ئەزموونێکی ڕەنگین و سەنگین و سەرنجڕاکێشە و ئەوە دەهێنێ بە تاسە و تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بیت.

لەگەڵ خۆشەویستیمدا

مەهاباد قەرەداغی

***

**ئێمە ئەوانە بە کامەران دەزانین کە لە ئەزموونی ژیانیانەوە فێری ئەوە بوون کە بەرگەی ئازارەکانی بگرن، بێ ئەوەی لە ژێریدا بنەوێن.**

جۆڤیناڵ

**لە نێوان ویستی من و هەموو خراپەکارییەکاندا، بەربەستێک لە ئارامی هەیە.**

شکسپیر

**ئەوەی شیعر بنووسێ، ڕاستگۆیی لە دوو لێوی ژەهراوی ژیان دەمژێ..**

ویلیام ڕۆزبینیت

**من بەساڵا دەچم و هەر ڕۆژەی فێری شتێکی نوێ دەبم..**

سۆلۆن

# پاشبەندی بیرەوەرییەکان

## پاشبەندی یەکەم

**داخوازینامەی ژنی کورد**

داخوازینامە بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و ژنانی کورد لە هەندەران لەمەودوا بە (د. ژ. ک) ناو دەبرێ پرۆژەی ژنی کورد و پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد، بەتێبینی ئەوەی کە یاسا بناغەی دادپەروەری و یەکسانی و ئاسایشی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووری و ئابوورییە و بەرگریکاری پاراستنی مافەکانی تاکە، لەسەر ئەو بڕوایەی کە بنچینەی سەقامگیر بۆ کۆمەڵگەی نوێ لە هەرێمە کوردییەکان، تەنها لە ڕێگەی دیموکراسی و یەکسانی دێتە ئاراوە، لەسەر ئەو بڕوایەی کە تەنها جیایی ئاین لە دەوڵەت دەتوانێ مسۆگەر کۆمەڵگەیێک ئازاد و دیموکراتی بێت.

بە ڕەچاوکردنی بایەخی گۆڕین و دانان و پیادەکردنی یاسا لەسەر بنەما گەردوونییە گشتگرەکانی مافەکانی مرۆڤ لە پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لەسەر مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە، بڕیارنامە، جاڕنامە و ڕاسپێرییە پەسەندکراوەکانی تر، بەنیگەرانیی لەوەی کە ئاین زۆر جار کەڵکئاوەژووی لێ وەردەگیرێت بۆ مەبەستی ڕەوایەتیدان بەپێشێلکردنی مافە مسۆگەرکراوەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا و زەمینە خۆشکەری هەلاواردنە دژ بە ژنان، بەهۆشیاری لەوەی کە گۆڕانکاری لە ڕۆڵی نەریتی پیاوان و ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کورد و لە ناو خێزانی کورددا پێویستییەکە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی تەواوی ژنان و پیاوان، بەسووربوون و پێداگرتن لەسەر پیادەکردنی بەندەکانی پەیماننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژ بە ئافرەتان CEDAW و بانگەوازی نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژ بە ژنان، ئێمە بەپێویستی دەزانین داخوازییەکانی ژنی کورد بۆ یەکسانی بخەینەڕوو، بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ هەموو ژنان



لە هەرێمە کوردییەکان و لە کۆمەڵگەی کورد لە هەندەراندا، ئەم داخوازییانەی خوارەوەمان هەیە:

خاڵی ١

هەر دامودەزگایەکی یاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا، هەموو شێوەیەکی هەلاواردن دژ بە ژنان بەتاوان دابنێت و قەدەغەی بکات. وەک لە CEDAWدا هاتووە دەستەواژەی "هەلاواردن دژ بە ژنان" بەمانای هەموو جۆرە جیاکاریی، بێ بەشکردن و سنووردارکردنێکە کە پیادە دەکرێت لەسەر بنەمای توخم "جنس" کە ئاکام یان مەبەست بێ بایەخکردن یان بەتاڵکردنەوەی ئاگاداریی، بەهرەمەندیی یان توانای بەکاربردنە لە ژناندا، بێ ڕەچاوکردن هاوسەرداریێت یان چۆنیەت ژیانی جنسییان، لەسەر بنەماکانی یەکسانی پیاو و ژن، لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بواری سیاسی، ئابووری، کولتووری، مەدەنی و بوارەکانی تر.

خاڵی ٢

ژنان نابێت ڕووبەڕووی هەلاواردن ببنەوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی گشتیی لە کۆمەڵگەی کورددا، بەتایبەتیش پێویستە بەهرەمەند بن لە:

ئا- مافی یەکسان لە بەرانبەر یاسادا، بۆ نموونە مافی یەکسان لە گەواهیداندا.

بێ- مافی دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکان و خۆپالاوتن بۆ هەموو دامودەزگا گشتییە هەڵبژێردراوەکان؛

پێ- مافی بەشداریکردن لە ناوەندەکانی بڕیاردا چ لەسەر ئاستی ناوچەیی و چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی؛ وەک پەرلەمان، حکومەت و پارتە سیاسییەکان.

تێ- مافی بەشداریکردن لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا؛

خاڵی ٣

هەموو هەوڵ و تواناکارییەک بخرێتە کار بۆ بەربەستکردن و بنبڕکردنی

هەڵاواردن دژ بە ژنان لە هەموو پەیوەندییەکانی خێزان و لە ژیانی هاوسەرێتیدا، بەتایبەت:

ئا- ڕەوایەتی نەدرێت بە هاوسەرداری بەبێ ڕەزامەندی تەواوی هەردوولا و هیچکامیان تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت؛

بێ- ئەرک و مافی یەکسان بۆ هەر دوو هاوسەر هەبێت، چ لە ماوەی پێکەوەژیانی و چ لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوسەرێتیدا؛ بۆ نموونە مافی بەرهەمهێنانی نەوە.

پێ- مافی یەکسان لە بڕیاردانی ئازادانە لەسەر ژمارەی منداڵ، بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوون و ڕووناکبیریی، بەدەستهێنانی ئامرازە سەرەکییە پێویستەکان بۆ یارمەتیدانیان لە بەکارهێنانی مافەکانیاندا؛

تێ- مافی یەکسان لە میرات و خاوەنێتی و موڵکداریدا؛

جێ- قەدەغەکردنی نەریتەکانی وەک فرەژنی، هاوسەرێتی کاتیی و مارەیی.

خاڵی ٤

هەموو جۆرە هەوڵ و تواناکارییەکی پێویست بخرێتە کار بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری کارکردن و دامەزراندن لە کاردا، بەتایبەت:

ئا- مافی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە کار و دامەزراندن لە کار و مووچە و هەقدەستی یەکسان؛

بێ- قەدەغەکردنی لە کار دەرکردن لە سۆنگەی زگپڕیی یان مۆڵەتی منداڵبوون و گۆشکردنی منداڵ؛

پێ- دانانی ماوەی مۆڵەتی باوکایەتی بە مووچەوە؛

تێ- دابینکردنی کۆمەکی پێویست و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وەک دایەنگە و باخچەی ساوایان، تا دایکان و باوکان بواری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ژیانی خێزانی و کارکردن و هەروەها دەرفەتی بەشداریکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ بڕەخسێت؛

خاڵی ٥

١- دەستەواژەی" توندوتیژی دژ بە ژنان" بەمانای هەموو جۆرە ڕەفتارێکی



توندە کە لەسەر بنەمای ژێندەر پیادە دەکرێت کە دەبێتە، یان "ڕەنگە ببێتە"، هۆی زیان و ئازاری سێکسی، فیزیکی و دەروونی ئافرەت. هەروەها هەڕەشەی ئەو کردەوە ئازارئامێزانە، زۆر لێکردن یان بێبەشکردن لە ئازادی چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و چ لە ژیانی تاکییدا.

٢- بەگەڕخستنی هەموو جۆرە هەوڵێک بۆ بنبڕکردن و بەتاوانداناني توند و تیژی دژ بە ژنان و ڕەچاونەکردنی هیچ جۆرە دابونەریت یان ڕێسا و ڕوانینێکی ئاینی کە بە مەبەستی خۆلادان لەم ئەرکە لە ئارادایە، بەتایبەت:

ئا- بەربەستکردن، لێکۆڵینەوە بەپێی یاسا هەمووارەکان، تەمبێکردنی کردەوەی توندوتیژیئامێز دژ بە ژنان، جا ئەو کردەوانە لە تاکێکی کۆمەڵگە رووبدات، یان لە لایەن دامودەزگای حکوومەتەوە بێت؛

بێ- گەشەپێدانی سزاکان بۆ تاوانی جەزایی، مەدەنی و تاوانەکانی تر لە یاساکانی ناوخۆییدا بەمەبەستی تەمبێکردن و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، بۆ نموونە"کوشتنی ژنان بە پاساوی پاراستنی شەرەف" بە تاوانی کوشتنی بە مەبەست دابنرێت و پەناگا و کۆمەکی پارێزگاریی بۆ ئافرەتان و منداڵەکانیان دابین بکرێت.

پێ- بنبڕکردنی هەموو جۆرە بڕیارێکی زاڵمانە، نامرۆڤانە و سووککاریی وەک بەردباران کە بەتایبەتی بەرەوڕووی ژنان دەبنەوە و پیادە دەکرێن.

خاڵی ٦

بەگەڕخستنی هەموو هەوڵ و توانایەک بۆ بەربەستکردنی کەڵکئاوەژوو وەرگرتنی سێکسی و بازرگانی و سەودا و مامەڵەکردن بە سێکسی ژنان و کچان.

خاڵی ٧

هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی پێویست بۆ بەربەستکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری خوێندن و فێربوون دا بکرێت بەتایبەت:

ئا- پێدانی دەرفەت و سازکردنی هەلومەرجی یەکسان بۆ کچان و کوڕان لە

بواری خـوێندن و پـەروەردەی پیـشـەییدا . پێشنیـاری نۆ سـاڵ خـوێندنی بەزۆر و بەخۆڕایی بۆ منداڵان دەکەین؛

بێ- هـەمـوو جۆرە بـۆچوون و تێڕوانینێک کە زەمینە بۆ هەڵاواردن دەسـازێنێ سـەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرک و مـافـەکـانی ژنـان و پیـاوان لە سـیـسـتـەمی پەروەردەدا نەمـێنێت و بـەتایبـەت پەرتووکی خـوێندنی فـێرگـەکـان دەبێت سـەرلەنـوێ دابـهێنرێنـەوە و چاپ بکرێنەوە بەجـۆرێک کە ئەرکی مـێژوویی ژنان لە کۆمەڵگەدا لە ناویاندا ڕەنگ بداتەوە.

پێ- سـازاندنی دەرفـەتی یەکـسـان بـۆ ژنان بۆ ئەوەی بتـوانن وەک پیـاوان لە قۆناغی خوێندنی باڵادا سوود لە یارمـەتییەکان وەرگرن بۆ گەشەپێدانی خۆیان؛

خاڵی ٨

١- هەوڵ و تەقەلای پێویست بدرێت بۆ نەهێشتنی هەمـوو جۆرێکی هەڵاواردن لە بواری سـەرپـەرشـتی تـەندروسـتی و بە مـەبەسـتی دەسـتـەبەرکـردنی خزمـەتگوزاری لەبواری سەرپـەرشتی تەندروستیدا، بۆ نموونە لـەوانەدا کە پەیوەندی بە پلانی بەرنامەی خێزانەوە هەیە.

٢- ئاکـارە نەریتـیـیـەکـانی وەکو خـەتەنەکـردنی مێینە بەپێی یاسـا قـەدەغە بکرێن.

خاڵی ٩

هەوڵ و کـۆشـشی لێبـڕاوانە بۆ نەهێـشـتنی هـەمـوو جـۆرە هەڵاواردنێک لە بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەت:

ئا- پێدانی دەرمـاڵەی تایبـەت بە خـێزانەکـان، بۆ نموونە بە ژنانی ئەنفـال، منداڵان، خێزانە ئاوارەکان و خێزانە زیان لێکەوتووەکان؛

بێ- دابینکردنی کۆمەکی تـایبەت بۆ ژنان بۆ پرسـەکانی تایبەت بە ڕێنومـایی و ڕاوێژی یاسایی لە پەیوەندی بە هەڵاواردنی پیادەکراو دژ بە ژنان.

***



## پاشبەندی دووەم

### سیاسەتی یەکسانی ٨ی مارسی ٢٠٠٥

پێشەکی:

پێ بەپێی ئەو پێشڤەچوون و گۆڕانکارییانەی کە لە جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بـەتایبـەتی لەم چەند سـاڵەی دواییـدا ڕوویان داوە و بەردەوام ڕوودەدەن، هەلومـەرجێکی لەبار و گونجاو بۆ وڵاتی ئێمـە و کۆمـەڵگەی ئێمـەش هاتووەتە ئاراوە. ئەگەر بمانەوێ سوود لە دەرفـەتەکان وەربگرین و کات و وزە و تواناکارییەکانمان لە پێناوی گەشـەسـەندن و گـۆڕانکاری پۆزەتیڤ بەکاربهێنین، ئێـستـا بە گونجـاوترین قـۆنـاغی مـێـژوویی دەزانین بۆ هەنگاونـانی پراکـتـیکی و جـیـدی بۆ چاندنی تۆوی کـولتـووری دیموکـراتی، گـەشـەپێـدانی ئاشـتی و بنیـاتنانی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی لە کوردستاندا.

بۆ ئەوەی بناغەیەکی زانستی بۆ سترکتووری کۆمەڵگەیەکی مەدەنی Civil Society لە کوردسـتـاندا دابنێین، پێش هەمـوو شتێک پێویستـمـان بە سـیستـەمێکی سیاسـی دیموکراتییە وەک مۆدێلێکی مۆدێرنی بەڕێوەبردنی وڵات، کە ماوەیەکە لە کوردستاندا هەوڵی بۆ دەدەین و دەکرێ بڵـێین هـێـشـتـا لە سـەرەتای ئەو پرۆسـە گـرنگەداین. کارەکتەری سیستەمی دیموکراتیش وایە کە یاسا سەروەر بێت لە ناویدا، واتە یاسا بەڕێوەبەرە و هەمـووان لە کـۆمـەڵگەدا چوونیـەک پابەندەی یاسـان. بێ گـومـان لە کۆمەڵگەی سـیڤیلدا یاسـاکانیش لەسەر بنەما گەردوونییەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننـامـە و جـاڕنامـە کـۆپەسـەند و بڕیاربۆدراوەکـان دادەڕێژرێن و هەڵاواردن لە نێـوان مـرۆڤـەکـاندا نـاکـرێت. کـەواتە یەکـسـانی یەکـێکە لە پایە هـەرە پتـەوەکـانی کۆمەڵگەی مـەدەنی و ئەم پایەیەش پێویسـتـە لە لایەن سیسـتـەمـی سـیـاسـی وڵاتەوە بنچینە و پلـە و پایەی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی هەنگاوەکان یەک لە دوای یەک و گونجاو

بن و بە پرۆسەیەکی پراکتیکی و جیدی تێبپەڕێت تا لە ئاکامی کاردا بە ئامانجەکانی سیاسەتی یەکسانی بگەین. بۆ ئەم مەبەستە بەپێویستی دەزانین لەم قۆناغەدا ئێمە وەک حکوومەتی کوردستان کە ئەرک و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی وڵاتمان لە ئەستۆدایە سیاسەتی یەکسانی بکەین بە بناغەی کۆنکرێتی ئەو پایەیە.

کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەیەکی کراوەیە و توانا جۆراوجۆرەکان لە ناویدا گەشە دەکەن. کۆمەڵگەیەکە دامەزراوەی جۆراوجۆر ڕۆڵی سەربەخۆیانەی خۆیان دەبینن لە گەشەدان بە سەرخان و ژێرخانی ئەو وڵاتە. حکوومەت و دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا دەبێت و ئامانجیش بەرزکردنی ئاستی ئەو کۆمەڵگەیەیە لە ڕووی کولتووری، زانستی، هونەری و ئەدەبییەوە، بڵندکردن و بەرجەستەکردنی ستاتووی ئەو وڵاتەیە لە ڕووی سیاسیی و ناسنامەی سیاسییەوە، بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و ستانداردی ئابووری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

لە کۆمەڵگەیەکی وادا تەواوی هاوڵاتیان بە ئافرەتان و پیاوانەوە هەمان ئەرک و ماف و بەرپرسیارێتییان هەیە. هەردوو توخمی نێر و مێی مرۆڤ دەبێت وەک کارا چاو لێبکرێن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و بەرامبەر ئەو ئەرکانەی کە دەیکێشن، بەهەرەش لە مافەکانی خۆیان وەربگرن و لەبەر هیچ هۆیەک لە مافەکانیان دانەشکێندرێ لە بەرژەوەندی کەسانی دی، بەڵکە ئەوانیش وەک هەموو ئەوانی تری کۆمەڵگە پێویستە گەشە بکەن و پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن.

ئێمە پێمان وایە بۆ گەیاندنی ئاستی کۆمەڵگەی کورد بە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکانی دنیا و کردنی بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێویستمان بە هەبوونی سیاسەتی تایبەتە بۆ هەر یەک لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی گەشەسەندنێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و سیستەماتیکی و ڕێکوپێک ڕووبدات و بتوانین بە شێوەیەکی ژیرانە و زانستییانە کۆنترۆڵمان لەسەر پەرەسەندنەکانی بوارە جیاوازەکاندا هەبێت. ئێمە بۆ نموونە پێویستمان بە سیاسەتی کولتووری، سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەیی هەیە کە بە شێوەیەکی عەقڵانی داڕێژرابێتن و بە ئەزموونەکانی دنیا بەهرەمەند بووبێتن و



تایبەتمەندێتی سیاسی و کولتووریی نەتەوەیی کوردیشیان ڕەچاو کردبێت. بۆ هەر یەک لەم سیاسەتەناش پڕۆژە و پلانمان هەبێت.

ئێمە پێمان وایە سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی بەبێ داڕشتن و ئینجا پیادەکردنی سیاسەتی یەکسانی، مانای تەواوی خۆی نادات بەدەستەوە. سیاسەتی یەکسانیش بەبێ پڕۆژەی جۆراوجۆری یەکسانی مانا نادات، بۆیە لەم قۆناغە نوێیەدا و هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، یەکێک لە بەرنامە گرنگەکانمان بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەکەمان، سیاسەتی یەکسانییە، کە دەیکەین بە پڕۆژەیەکی هەمەلایی و بە ناوی (پڕۆژەی یەکسانی (Equality Projects) مانیفێستی ئەم سیاسەتە نوێیە بە ڕای گشتی دەگەیەنین و هێدی هێدی لەهەموو ئاستێکی ژیانی کۆمەڵگەی کورددا هەوڵی پراکتیزەکردنی دەدەین.

دیارە گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە، واتە یەکسانکردنەوەی کۆمەڵگە لە هەموو ئاستەکاندا، کارێکی ئەوەندە سانا نییە تا چاوەڕوانی ئەوە بین لە ماوەیەکی کورت و پێوەریدا جێبەجێ ببێت. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و پەروەردەییەوە کە لە کوردستاندا هەیە، پێویستمان بە هەناسەی درێژ و پشووی درێژە، پێویستمان بە خەباتی بێ وچان و تێکۆشانی ماندوونەناسانەیە، پێویستمان بە وزە و هەرەوەزییە.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە تا ئێستا ئافرەتانی کورد هەوڵی خۆیان داوە و خەباتیان کردووە لە پێناوی کەمکردنەوەی مەینەتی و کێشەکانی خۆیان، هاوکات خەباتی نەتەوەییشیان درێژە پێداوە. ژنانی کوردستان شایستەی ئەوەن بەبێ جیاوازی و هەڵاواردن بەهەموو مافەکانی خۆیان شاد بن. ئەم سیاسەتی یەکسانییەی کە دامانڕشتووە تەواوکار و بەردەوامیی ئەو خەباتەیە و لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە کە تێکڕای گرووپ و ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان تێدەکۆشن بۆیان.

## مەبەست لە (پرۆژەی یەکسانی) چییە؟

لۆژیکێک لە زانستی ماتماتیکدا هەیە دەڵێت: یەک یەکسانە بە یەک. لەم هاوکێشە ساکارەدا ئێمە هاوسەنگی دەبینین. جگە لەم ئەنجامە ئەم هاوکێشەیە هیچ ئەنجامێکی تر قبوڵ ناکات، چونکە نرخی یەک تەنها یەکسانە بە نرخی یەک. بە هەر شێوەیەکی تر هاوکێشەکە دابنرێت هەڵەیە و ناهاوسەنگە.

ئەم لۆژیکەی کە لە زانستی ماتماتیکدا هەیە، هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤیش دەگرێتەوە و لە هەموو ئاستێکیشدا دەتوانرێت کاری پێ بکرێت. لە ژیاندا ئێمە باس لە بەهای مرۆڤ دەکەین. لە ڕووی بەهای مرۆڤایەتییەوە، یەک مرۆڤ یەکسانە بە یەک مرۆڤی تر و تەنها بەم شێوەیە هاوسەنگی هەیە و تەنها لەگەڵ ئەو هاوسەنگییەدا دەشێت دادپەروەری بێتە ئاراوە. لە ڕووی بەهای مرۆڤایەتییەوە بۆ نموونە، پاشایەک یەکسانە بە گەدایەک، پێسترەشێک یەکسانە بەپێستسپییەک، ئیسلامێک یەکسانە بە جوویەک و کرستیانێک، ئافرەتێک یەکسانە بە پیاوێک. هەر لە بەندی یەکەمی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا باس لەم دۆخە دەکات و دەڵێت: هەموو مرۆڤێ بە ئازادی لە دایک دەبێت و لە ڕووی بەها و مافەکانەوە چوونیەکن. هەموو بە عەقڵ و ویژدان تەیارن و پێویستە بە ڕۆحێکی خوشک و برایانە ڕەفتار لەگەڵ یەکتردا بکەن.

ئەگەرچی ئەمە لۆژیکێکی سەلمێندراوە و جاڕنامە و پەیماننامە گەردوونییەکانیش کە لە پێناوی مافەکانی مرۆڤدا هاتوونەتە کایەوە، هەمان بەها و لۆژیکیان کردۆتە پێوەر بۆ نرخاندنی مرۆڤ و پێگەی مرۆڤەکان، بەڵام دەبینین هێشتاش لە هەموو دنیادا لەو لۆژیکە لادەدرێت. دەبوایە ستانداردێک بۆ ژیانی مرۆڤایەتی پێکبهێنێت کە هاوسەنگی تێدا بێت، کەچی دەبینین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەڵاواردنی زەق لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند، ڕەشپێست و سپیپێست، مێینە و نێرینەی مرۆڤدا دەکرێت و هاوکێشەی ژیان هەمیشە لاسەنگە و نادادپەروەری و چەوساندنەوە و خۆسەپاندن بوونەتە سیماکانی ژیانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی.

بۆ هاوسەنگکردنەوەی هەر یەک لەو لاسەنگییانەی کە لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤدا ڕوو دەدات، پرۆژەی عەقڵانی و مرۆڤانە پێویستە. ئەو لاسەنگییەی کە لە نێوان هەردوو توخمی نێر و مێی مرۆڤ لە گێتیدا هەبووە، هەوڵ



دراوە بە بەرنامەوە کار بۆ هاوسەنگکردنەوەی بدرێت. لە وڵاتانی جیاوازدا بەپلەی جیاواز لاسەنگی لە هاوکێشەکەدا هەیە و بە میتودی جیاواز هەوڵی هاوسەنگکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە دراوە. لە بڕێک لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا هەنگاوی یەکجار زۆر و گەورە نراوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڵاواردنە، بەڵام ئامانجی کۆتایی نەهێشتنی هەڵاواردنە. واتە یەکسانی نێوان ئەو دوو توخمە.

لە هەندێ وڵاتی تردا، لاسەنگییەکە ئێستاش تا ئەو ڕادەیە لۆژیکبەدەرە کە یەک یەکسان کراوە بە دوو، یان سێ و چوار و زیاتریش. بۆ نموونە کە لە دادگادا دوو شاهێدی ژن یەکسان بێت بە یەک شاهێدی پیاو، یان لە میراتدا دوو کچ یەکسان بێت بە یەک کوڕ، هاوکێشەکە دەبێتە یەک یەکسانە بە دوو، واتە لاسەنگە. کە پیاوێک بۆی هەبێت هاوکات چوار هاوسەری هەبێت، لاسەنگی ئەو هاوکێشەیە لەو ڕێژەدایە کە یەک یەکسانە بە چوار، واتە زۆر لاسەنگە.

مەخابن زۆر کۆمەڵگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەو ئاستەدا نادادپەروەری پیادە کردووە و دەکات. بۆ ئەوەی ئەم لاسەنگییە چارەسەر بکەین، پرۆژەی یەکسانی دەبێتە پێویستییەک. بە خاڵێکی گرنگیشی دەزانین بۆ کۆمەڵگەی کورد و حکوومەتی کوردستان کە ئەم دەستپێشخەرییە لە داڕشتنی سیاسەتی یەکسانیدا ئێمە خاوەنی بین و سەرمەشقی ئەو گۆڕانکارییە بین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ درەنگ یان زوو بێتە ئاراوە و مێژووش ئەم خاڵە بۆ گەل و وڵات و کۆمەڵگەی ئێمە تۆمار دەکات و ئەم شانازییە بەر ئێمە دەکەوێت.

## ئامانجەکانی پرۆژەی یەکسانی:

بە پرۆسەیەکی کار و خەباتی بەردەوام لە ئێستاوە تا ئەو کاتەی هەموو ئامانجەکانی سیاسەتی یەکسانی بە ئەنجام دەگات، لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری و زانستیدا، پێویستە بە پرۆگرامەوە کار بکرێت. ئامانجەکانی سیاسەتی یەکسانیش دەیەوێت:

* لە هەموو ئاست و بوارەکانی ژیاندا بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ پیادە بکرێت.

* بەرەنگاری هەموو جۆرێکی توندوتیژی و هەڵاواردن لە نێوان توخمی نێر و مێی مرۆڤ لە کوردستاندا بکرێت.
* ئافرەت و پیاو وەک یەک دەرفەتیان بۆ چێ بکرێت و تواناکاری ئەوەیان بۆ دابین بکرێت کە وەک یەک سوود لە دەرفەتەکانی هەموو بوارەکانی ژیان وەربگرن.
* ئافرەت و پیاو وەک یەک و بەبێ هەڵاواردن لەسەر بناغەی توخم، ئەرکەکانیان پێ بسپێردرێت و ئەنجامی بدەن، وەک یەک بە مافەکانیان سوودمەند بن.
* ژنان و پیاوان لە بەردەم یاسادا وەک یەک مامەڵەیان لە تەکدا بکرێت و بەهۆی جیاوازی توخمییەوە جیاوازی لە پلە و پایە و پێگەیان نەکرێت.
* هەڵاواردنی پۆزەتیڤ لە بەرژەوەندی ئافرەت بۆ قەرەبووکردنەوەی زۆر دەرفەتی لەدەست چوویان کە مافی ڕەوای خۆیان بووە و لێیان زەوت کرابوو، بکرێت. هەڵاواردنی پۆزەتیڤ Positive Discrimination لە سەرەتای ئەم پرۆسەیەدا بە ڕەوا دەزانرێت تا ئافرەتان دەکەونە سەرپێی خۆیان و بە تەواوی هێزی خۆیانەوە کێبڕکێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ ئەویدی دەست پێدەکەن.
* پلە بەپلە بەشداری ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا بەرز بکرێتەوە. ئێستا کە ٢٥٪ لە یاسادا چەسپاوە، سیاسەتی یەکسانی حکوومەت و خەباتی ئافرەتان ئەو دەرفەتانە دروست بکەن کە لە ئاکامی پرۆسەدا ئەم بەشدارییە یەکسان بێت.
* پەرە بە خۆشنوودی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی ئابووری بدرێت کە زەمینە بۆ گەشەسەندنی خێزان و کۆمەڵ بەگشتی و بۆ ئافرەتان بەتایبەتی ساز دەکەن. ژنانی کۆمەڵگە لە لادێ و لە شارەکانیشدا ببن بەهێزێکی بەرهەمهێنەر و کاریگەر.

## میکانیزمەکانی وەگەڕخستنی پرۆژەی یەکسانی:

بۆ وەگەڕخستنی پرۆژەکانی پەیوەست بە پرۆژەی یەکسانی کە بنەمای پیادەکردنی سیاسەتی یەکسانی حکوومەتە لە کوردستاندا، هەموو ڕێگەیەکی گونجاو و بیرۆکەیەکی گونجاو کە دەشێ ڕەوڕەوەی پرۆسەی یەکسانی بۆ پێشەوە بەرێت، پێویستە بگیرێتە بەر. ئەوەی پێشوەخت بیرمان لێ کردۆتەوە دەکرێ بۆ نموونە ئەمانە بن:



* پێکهێنانی کۆمیتەیەکی تایبەتی و پسپۆڕ و چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ بۆ چاودێریکردنی یەکسانی لە خودی وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی سەر بەو وەزارەتە، بۆ ئەوەی چاودێری هەموو جۆرێکی هەڵاواردن و نواندنی توندوتیژی بکەن.
* دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆمیتەیەکی چاودێری یەکسانیان هەبێت. جگە لەوەش ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەکتیڤ بکرێتەوە لە پرۆسەی یەکسانکردنەوەدا چ لە ڕووی دانانی پلان و پرۆگرامی نوێی پێشکەوتنخوازانە و چ لە ڕووی گەشەدان بە کولتووری مرۆڤدۆستانە و کولتووری ئاشتی و دادپەروەری، کە تەنها لە نێو کەش و کولتووری وادا پرۆسەی یەکسانی دەتوانێت بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت.
* گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەدا بەو ئاراستەیەی کە ڕۆڵی کارای خۆی ببینێت لە دروستکردنی کەسایەتی باوەڕبەخۆ، ئازاد و هۆشیاردا. لە پلانی پەروەردەییدا بنەماکانی مافی مرۆڤ پەیڕەوی بکرێت و لەو سەرەتایانەوە منداڵ فێری ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەر، لە توخمی بەرامبەر، لە مافی بەرامبەر بگرێت.
* سەنتەری جۆراوجۆر بۆ چالاکی جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکاندا دابنرێت و بەهۆی ئەو ناوەندانەوە بەهرە شاراوە و کەڵەکبووەکانی ئافرەتان بدۆزرێنەوە و گەشەیان پێ بدرێت.
* شەڵتەر و خانەی پاراستن بۆ ئافرەتانی بەر زەبر و توندوتیژی کەوتوو، ئافرەتانی گیرۆدەی هەر جۆرێکی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی، لە هەموو شوێنەکاندا بکرێنەوە.
* هەڵمەتێکی گەورەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکرێت و هاوکات یاسای نۆ ساڵ خوێندنی بەخۆڕایی و بە زۆر دابنرێت، تا لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئاستی خوێندەواری لە کوردستاندا بگات بە ١٠٠٪.
* ئەو دابونەریتانەی هەڵاواردنیان تێدا بەدی دەکرێت و زیان بە توخمی مێینە دەگەیەنن، بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی بەربەست بکرێن و نۆرمی نوێی مرۆڤانەیان لە جێگەدا دابنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ نموونە تیمی ڕاهێنراو و تەیارکراوی گەڕۆک بەرەو شارۆچکە و لادێکان بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە بچن.

* بایەخ بە ڕۆڵی ڕووناکبیران بدرێت کە بۆ ئەم مەبەستە هەنگاو دەنێن و پرۆژەیان بۆ کاڵکردنەوەی دابونەریتی ناشایستە و داڕێژانی نۆرمی نوێ و شایستە هەیە.
* دروستکردنی دەرفەت لە بەردەم ئافرەتدا بۆ بوون بە خاوەنی کاری خۆی و ئابووری سەربەخۆی خۆی، لە ڕێگەی دەستگیرۆییکردنی لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە.
* دروستکردنی دەرفەت بۆ کۆمەڵایەتی بوونی ژنانی منداڵدار لە ڕێگەی کردنەوەی دایەنگە و باخچەی منداڵانی زۆرەوە لە هەموو شار و شارۆچکە و دێهاتەکاندا تا منداڵەکانیان لە لایەکەوە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا باربهێنرێن و خۆشیان لە لایەکی ترەوە سوود لەو کاتە وەربگرن بۆ چالاکی هەمەجۆر و کۆمەڵایەتیبوون.
* سووککردنەوەی باری شانی خێزان لە ڕووی ئابوورییەوە لە ڕێگەی پێدانی کۆمەک بۆ منداڵەکان.
* ئەمانە و دەیان میکانیزمی دی کە هەر یەکەیان دەتوانن لە پنتێکەوە گۆڕانکارییەک دروست بکەن، دەکرێ لە پرۆژەی یەکسانیدا جێگەیان ببێتەوە و خزمەت بە سیاسەتی یەکسانی بکەن.

## پێگەی ژن لە کوردستاندا:

لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری ئێمە لە ڕووی بەهای مرۆڤایەتی توخمی نێر و مێی مرۆڤەوە هێشتا هاوکێشەی ئەرک و ماف زۆر لاسەنگە و مەخابن پەیڕەوی هەلاواردن دەکرێ و لە ناو خێزان، قوتابخانە کۆمەڵگە و دامودەزگاکانیشدا پیادە دەکرێ.

کۆمەڵگەی ئێمەش ئەگەرچی بەپێی بۆچوونی هەندێ ڕۆژهەڵاتناس کە لە دوو سەدەی ڕابردوودا بە کوردستاندا گوزەریان کردووە و لە ڕواڵەتەکان ڕاماون، پێیان وابووە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جیاواز بووە لە ئافرەتانی کۆمەڵگەکانی دەوروبەری و بە چاوی ڕێزەوە تەماشا کراوە. ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەک ڕاست بێت، وەلێ تێڕوانینی زانستی خۆمان لە ڕووی کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە و بەهۆی فاکتەرەکانی داگیرکراوی کوردستان و بەکۆیلەکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن وڵاتانی دەوروبەر و دەسەڵاتدارانی دەوروبەرەوە و ئەو ستەمە مێژووییەی کە



لە کورد بەگشتی کراوە، دەمانهێننە سەر ئەو بڕوایەی کە تیۆرییەکانی پێشووی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر ئێمە تێڕوانینی ڕواڵەتی بوون و ناشێ تەنها ئەوانە بکەین بە خاڵی شانازی خۆمان، بەڵکە پێویستمان بەوەیە لە دەردی خۆمان بکۆڵینەوە و لەو ڤیرۆسانە بگەڕێین کە کەسایەتی مرۆڤی ئێمەیان شێواندووە. تێڕوانینێکی ڕیالیستییانەی زانستیمان پێویستە بۆ بینینی دیاردەکان و شیکردنەوەی عەقڵانیمان پێویستە بۆ فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردانە. ئەوەی کە ڕیاڵیتەی کۆمەڵایەتی ئێمە لە بارەی پێگەی ئافرەتەوە دەیخاتە پێش چاو لە چەند ئاستێکدایە و ڕەنگە بەپێی هەر یەکێک لەو ئاستانەش کەموکوڕییەکان جیاواز بن و شێوازی مامەڵەکردنیش لەگەڵیاندا جیاواز دەبێت. بە ڕامانێکی ورد و تێڕوانینێکی سۆسیۆپۆلیتیکانە، ئێمە لای خۆمانەوە ئەم ئاستانەمان وا پۆلێن کردووە :

### یەکەم: ژنانی باڵادەست

دەستەیەک لە ژنانی کوردستان "کە ڕێژەیەکی زۆر کەمن لە چاو ڕێژەی گشتیدا"، خاوەنی پلە و پایەی بەرزن و لە ناوەندەکانی بڕیاردا جێگەیان گرتووە. ئەمانە خاوەنی پلەی بەرزی خوێندەواری و هۆشیارین، ئەگەر فاکتەرێکی زاتی لە ئارادا نەبێت ناتواندرێ بچەوسێندرێنەوە. بەپێچەوانەوە پێویستە ئەم دەستەیە لە ئاستێکی بڵنددا هەوڵی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی گشتی ژنانی وڵات بدەن. ئەوەی هەتا ئەم ساتە لە ئارادایە و دەبینرێت، ژنانی دەستەی باڵا ئەگەرچی هەوڵی خەباتکردنیان هەبووە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئافرەتان، بەڵام لە ئاستێکی پێویستدا نەبووە، فاکتەرەکانی ئەوەش بە بڕوای ئێمە بریتین لە:

١- نەبوونی ڕوانگەیەکی ژنانەی ڕوون لە نێو بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردستاندا بەگشتی و ژنانی دەستەی باڵا هێشتا وەک پێویست نەبوونەتە خاوەنی ئەو ڕوانگەیەی کە چلۆن دەسەڵاتی خۆیان ژنانە بەکار بهێنن یان بە واتایەکی تر چلۆن سیاسەتێکی ژنانە بەکار ببەن. وەک چۆن حکوومەت پێویستی بە سیاسەتی یەکسانی هەیە، ئاواش ژنانی ناو ناوەندەکانی بڕیار پێویستییان بە داڕشتنی سیاسەتێکی ژنانە هەیە لە پرۆسەی کاری سیاسی و ئیداری خۆیاندا.

٢- ژنانی دەستەی باڵا لە کوردستاندا " تا ئەم ساتەش" بەهۆی خزم و پیاوانی

خێزانەوە جێگە و پێگەیان دراوەتێ لە نێو حکوومەت و پەرلەماندا، بۆیە ئەوانیش پابەند و وابەستەی سیاسەتی پیاوان بوون.

**دووەم: گرووپی کارا یان خەباتکار**

بەشێکی تریان " کە ڕێژەیەکی برێک زیاترە لەوەی یەکەم"، لە کەشی گشتی کۆمەڵگەدا کار دەکەن و خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیانن، خاوەنی هۆشیارییەکی گشتین. ژنانی خاوەن هۆشیاری کەمتر ستەمیان لێ دەکرێت، یان ڕاستتر بوترێت کەمتر ستەم قبوڵ دەکەن. لە پەیوەندی بە پرسی ژنەوە جۆرێکی تری هۆشیاری پێویستە ئەویش هۆشیاری توخمییە. وەکو توخمی مێینە ئاشنابوون بە مافەکانی خۆ و پێداگرتن لەسەر مافەکانی خۆ هۆشیارییەکی تایبەتی گەرەکە. ئەو هۆشیارییەش لە خۆڕا دروست نابێت و قووڵبوونەوە و لە خۆ ڕامانی پێویستە. چاویلکەیەکی تایبەتی پێویستە بۆ وردبوونەوە لە بەهاکان و مافەکان و ئەرکەکان و ڕێکخستی پەیوەندییەکان و پرۆگرامیزەکردنی هەنگاوەکان.

**سێیەم: توێژی خوێندەواری ناهۆشیار**

بەشێکی تری ژنان "کە ڕێژەیەکی زۆرن" ئەگەرچی خوێندەوارن و لە کەشی گشتیدا کار دەکەن بەڵام لە وابەستەیی خۆیان ڕزگار نەکردووە و ئەوەش پەیوەندی بە ئاستی هۆشیارییانەوە هەیە. خوێندەواربوون بەتەنها بەس نییە، ئەگەر هۆشیاریی گشتی و هۆشیاری تایبەتی لەگەڵدا نەبێت. لە وڵاتی ئێمەدا سیستەمی پەروەردە ئەرکی فێرکردنی تا ڕادەیەک بەجێ هێناوە و ڕێژەیەک لە خەڵکی کردووە بە خوێندەوار، بەڵام ئەرکی پەروەردەکردن و هۆشیارکردنی نەبینیوە و مرۆ ئەگەر خۆی ئارەزوومەندی هۆشیاربوونەوە نەبووبێت و بە دوای سەرچاوەکانی هۆشیارکردنەوەدا نەگەڕابێت، قوتابخانە ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە. ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کورددا بە چەند هۆیەک بەشداری پرۆسەی خۆهۆشیارکردنەوە نەبوون، کە لێرەدا هەندێکیان دەستنیشان دەکەین و دەخەینە ڕوو:

١- وابەستە کراون بە دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە، دابونەریتیش هانی ژن دەدات بۆ ماڵی بوون و چوونە نێو چوارچێوەوە. دابونەریتەکان وایان کردووە لە ڕووی



دەروونییەوە وا لە ئافرەت بکەن تەنها لە نێو ئەو چوارچێوانەدا هەست بە دڵنیایی بکات.

٢- ئارەزوو نەکردن لە فراوانبوونەوەی فەزای مێشک و تێگەیشتن لە دەوروبەر. ئەمەشیان بەهۆی ئەوەی کە سیستەمێکی باوکسالار ئەرک و ڕۆڵەکانی دابەش کردووە و بەشی ئافرەت لەو ئەرکانەدا بریتی بووە لەو کارانەی کە فیکر و لێکدانەوەی عەقڵانی و شیکردنەوەی پێویست نەبووە و بە هەڕەمەکی بەڕێوە چووە. کە ئەمەش هۆیەکە وای لە ژن کردووە بۆ نموونە توخنی کاری سیاسی و بواری پۆلیتیک نەکەوێت.

٣- نەبوونی دەرفەت، خەریکبوون بە کاری لاوەکی و خزمەتکردنی ئەوانی دی دەرفەت و کاتی لە بەردەمدا ناهێڵێتەوە بۆ خۆپەروەردەکردن و پێڕاگەیشتن بۆ خۆ هۆشیارکردنەوە.

٤- فەراهەم نەبوونی سەرچاوەکانی خۆ پەروەردەکردن و ئامرازەکانی پەیداکردنی زانیاری و هۆکارەکانی گەشەکردنی فیکری و ڕووناکبیری لە نزیکییەوە.

٥- بایەخ پێ نەدانی لە لایەن دەسەڵات و لایەنە فەرمییەکانەوە و هێشتنەوەی لە پەراوێزدا، کە ئەمە کەموکوڕییەکی گەورەی سیستەمی دەسەڵات بووە لە ڕابردوودا و پێویستە لەمەودوا وا نەبێت.

**چوارەم: توێژی نەخوێندەواری ناهۆشیار یان "گرووپی پێشێلکراو"**

ئەم توێژە لە ئافرەتانی کوردستان بریتین لە بەشێک کە ڕەنگە سێیەکی ڕێژەی گشتی پێک بهێنێت کە لە خوێندەواری بێ بەشن، لە هۆشیاری بێ بەشن و لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان وەک مرۆڤ بێ بەشن. ئەم توێژە لە کۆمەڵگەدا زۆرترین ئەرک دەخاتە سەر پرۆژەی یەکسانی و چڕترین کارەکانی پرۆژە دەبێت بۆ ئەم بەشەی کۆمەڵگە بێت.

**پلانی پرۆژەی یەکسانی بۆ هەریەک لە ئاستەکان:**

پرۆژەی یەکسانی بۆ هەر یەک لەم ئاستانە پلان و پرۆژەی تایبەتی خۆی هەیە و لە داهاتووشدا سوود لە هەر پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی تر دەبینێت کە دەچنە ناو

چوارچێوەی هەر یەک لەو ئاستانەوە و کاریگەری لەسەر ئەو ئاستە دروست دەکەن. لە هەر یەک لەو ئاستانەدا پرۆگرامی تایبەتی پێوست دادەڕێژێت تا بتوانین پلە بەپلە و سیستەماتیکییانە بەو ئامانجانە بگەین کە مەبەستمانە و پەرەسەندنەکان خۆماڵی و سروشتی بن.

کارکردنی پرۆژەی یەکسانی لە ئاستی چوارەمدا زۆر جیاوازترە لە کارکردنی لە ئاستی سێیەم و دووەم و یەکەم. پرۆژەی یەکسانی پلە بەپلە بۆ ئاستەکان ناچێت، بەڵکە هاوکات لە هەموو ئاستەکاندا و بۆ ئافرەتانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کار دەکات. لە هەر یەک لەم ئاستانەشدا میکانیزمی جیاواز پێویستن بۆ پراکتیزەکردنی پلان و پرۆگرامەکانی و سەدان و بگرە هەزاران کەسی هۆشیار و پسپۆر و چالاک پێویستن بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان.

بۆ نموونە بۆ ئاستی چوارەم کە بە ژمارە زۆرترین و لە ڕووی پلەی چەوساندنەوەشەوە ستەملێکراوترین توێژی کۆمەڵگەن، بۆیە بەرنامە و پرۆژەی زۆرتر و چڕتر و هەمەلایەنەتر پێویستە، کات و ئیمکانیات و کەسانی چالاکی زۆرتر پێویستە. پێمان وایە ئیشکردن لەم ئاستەدا قورسترین و گرنگترین بەشی پرۆژەی یەکسانی دەبێت.  لە ئاستی چوارەمدا ئێمە لەگەڵ توێژێکی کۆمەڵگەدا کار دەکەین کە ئەگەر لە ژێر خاڵی سفردا نەبن لە ڕووی هۆشیارییەوە، لە خاڵی سفردا جێ دەگرن و دەمانەوێت پلەبەپلە ئەم ئاستە بڵند و بڵندتر بکەینەوە و ئاکام یەکسان بەوانی تری بکەین لە ڕووی ماف و ئەرکەوە.

لە ئاستی سێیەمدا کێشەی خوێندەواریمان نییە و تەنها کێشەی هۆشیاریمان هەیە، پرۆژەی هۆشیارکردنەوەمان پێویست دەبێت.کە دەڵێین هۆشیاری مانای گەشەپێدانی توانای فیکری ئەو توێژەیە بۆ لە خۆ ڕامان و هەستکردن بە بایەخ و ڕۆڵ و پایەی خۆی و، بەهێزکردنی لە ڕووی دەروونییەوە و چالاککردنەوەی لە ڕووی فیزیکییەوە.

لە ئاستی دووەمدا کێشەی خوێندەواری و هۆشیاریمان نییە، تەنها پێویستمان بەپرۆژەکردنی ئەو هۆشیاری و خوێندەوارییە دەبێت و پێویستمان بە کەنالیزەکردنی خەباتی ئافرەتانی هۆشیارە. لەم ئاستەدا ژنان خۆیان ئۆرگانیزە کردووە و



پێویستییان بە کۆمەکی فیکرییە بۆ ڕوونتر بینینی ڕێبازی خەباتی خۆیان و خستنەگەڕی توانا و وزەکانیان لە پێناوی ئازادکردنی ناسنامەی ژن.

لە ئاستی یەکەمدا تەنها پێویستمان بە خستنەگەڕی توانا و هۆشیاری و دەسەڵاتی دەستەی ژنانی باڵایە بۆ هەوڵدان و کارکردن بۆ ئافرەتان وەک ئەرکێکی تری سەرەکی لە پاڵ ئەرکەکانی تری خۆیان. چۆن ژنانی ناو پەرلەمان و حکوومەت کە ئەرکی سەرەکی تریشیان هەیە لە نێوەندەکانی بڕیارداندا، بتوانن فراکسیۆنێکی ژنانە چێ بکەن و هاودەنگییەکیان هەبێت لەمەڕ هەموو ئەو پرس و کێشانەی کە تایبەتە بە ئافرەت و خێزان و منداڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

***

# پێڕست


پێشەکی ..... 7

**پەڕتووکی یەکەم** – ساڵێک لە دۆزەخ ..... 11
پێشواژەی کتێبی یەکەم ..... 13
خەوزڕان ..... 21
بەڵای ناگەهان ..... 36
ژووری سێدارە ..... 44
پرسگەی مردن ..... 55
زیندووبوونەوە ..... 66
وێنە و ئاوێنە ..... 79
قۆناغی دۆزینەوە ..... 91
من و ئەنفال ..... 101
هێماکانی شەڕ ..... 111
لە مەیدانەوە بۆ زیندان ..... 122
کورسی مەترسی ..... 128
کڵاوڕۆژنەیەک ..... 140
زیندانی زەعفەرانیە ..... 149
عەشقێکی هەمیشەیی ..... 157
دادگای دۆزەخ ..... 161

**پەرتووکی دووەم** - چلچرا ..... 173
بەردەوامی و گۆڕان ..... 175
ڕاپەڕینی قوتابیان ..... 193
هەنارستانی هەزارکانی ..... 209
خۆشی و نەخۆشی ..... 217
دەروازەیەکی تر ..... 223
ناسینی هەڵۆیەک ..... 228





لە ئامێزی سلێمانیدا ..... 236
فایلی ڕەش ..... 238
ئاگرباران ..... 242
دەمی ڕاپەڕین ..... 247
کۆڕەو ..... 255
زەماوەند و کۆچ ..... 267
ڕووداوێکی لەناکاو ..... 290
پڕۆژەی ژنی کورد ..... 294
کۆنفرانسی هەولێر ..... 327
گەڕانەوە ..... 335
دیداری سەرۆک ..... 344

**پاشبەندی بیرەوەرییەکان** ..... 355
پاشبەندی یەکەم ..... 357
پاشبەندی دووەم ..... 362